**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢

١٩٩٢ ـ بەرگی دووەم

چاپی یەکەم ١٩٩٧

لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان - ١٩٩٢/ بەرگی دووەم

*چاپی یەکەم: ١٩٩٧

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٢ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٦ ——— ل٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٧ ——— ل٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٨ ——— ل١٠٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٠ ——— ل١٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١١ ——— ل١٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٧ ——— ل٢٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٨ ——— ل٢٣٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٩ ——— ل٢٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٢٤ ——— ل٢٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١ ——— ل٢٨٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢ ——— ل٤٠٧


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٧ ——— ل٤٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٨ ——— ل٤٥١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١٤ ——— ل٤٦٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٢) ——— ل٤٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٢ ——— ل٤٨٣



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٧)

چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٧)
## چوارشەممە ریکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٢

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممەی ریکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، (١٧)یەمین دانیشتنی یەکەم خولی ئاسایی، یەکەم سالی خۆی بەست.***
***لە سەرەتاوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە چەسپێنرا وئەوسا بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***
***بەرنامەی کار: دانیشتنێکی کراوە بۆ پرس و را گۆرینەوە.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وەکو دەزانن دانیشتنەکەمان کراوەیەو هیوادارین ئەو پرس ورایانەی کە دەخرێنە بەرچاو مەوزوعی وسوود بەخش بن و، چاکتریش وایە کە بەنووسین پێشکەش بکرێن. وەک دەشزانن ئەم دانیشتنە کراوەیە لەسەر پێشنیاری سەرۆکی هەردوو گرووپە پەرلەمانیەکە بریاری لەسەر درا، بەلام وادەردەکەوێ کە بەرێز د.کەمال فوئاد نەهاتووەو بەرێز د.رۆژیش بەهۆی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەهاتووە. ئەگەر چی کاک سعدی لەجێگەی کاک د.کەمال فوئادە وەکاک فەلەکەدینیش لەجێگەی کاک د.رۆژە، بەلام باشتر وابوو سەرۆکی گرووپەکان خۆیان ئامادە بوونایە.

**بەرێزسەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بریار وایە کاک د.کەمال فوئاد بێت، بەم زووانە دەگات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر باشە، هەتا ئەو دەگاتە ئێرە، ئێمەیش پرسیارەکان لە برایان ئەندامانی ئەنجومەن وەردەگرین.

**بەرێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دیاردەی چەکداری و دروست بوونی گیروگرفت لەشارەکاندا دەگەرێتەوە بۆ بوونی بارەگاکانی پێشمەرگە لەو شوێنانەدا هەرکاتێکیش کە باسی باشکردنی وەزعی کوردستان دەکەین باسی بنبر کردنی ئەو گیروگرفتانە دەکەین کە لە ناوچە جۆرە جۆرە بە جۆرەکانی کوردستان روویان داوە، باسی

زۆر بوونی بازگەکانی گومرگ دەکەین. کەواتە پێویستە بە زووترین کات دەستێ بەسەر بازگەکاندا بهێنین وبارەگای هەموو حزبەکان ودیاردەی چەکداری لە ناوشارەکان نەهێڵین ئەمانەش هەمووی بەندە بە یەکختنی هێزی پێشمەرگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت یەکخستنی پێشمەرگەوە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام بەنیسبەت بارەگاکانەوە، ئەنجومەنی نیشتمانیی بڕیارێکی دەرکردووە و لەرێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسەڵاتی بە وەزارەتی ناوخۆ داوە، تا ئیشوکارەکانی بەباشی بەڕێوە ببات، حاڵی حازر هەموو بازگە رەسمیەکانیش لەژێر رکێفی وەزارەتی ناو براودایە.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابزانین بۆ پێشمەرگە چییان کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەرنامەی وەزارەتەکەی بەدەستەوەیە وهێشتا تەواویان نەکردووە، پێرێ ئێمە بڕیارمان لەسەر بەرنامەی ئەنجومەنی وەزیران دا. لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیارو تێبینییانەی ئەندامانی ئەنجومەن پێشکەشیان کرد، بەرنامەکە دەسکاری دەکرێ و، دادەرێژرێتەوە، پاشانیش بەرنامەی وەزارەتەکانیش یەکە بە یەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بوو ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی شتێکمان ئامادە کردبوو، بەڵام داوای دواخستنیمان کرد، پاشان لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئەوقاف کۆبووینەوە، لەسەر ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەبوو رێککەوتین، تەنیا چەند خاڵێکی ماوەتەوە، پەیوەندی بەکۆمیتەکانی ترەوە هەیە. ئەگەر بەڕێزتان رێ بدەن، دەیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی تێبینیەکانتانی لەسەری دەر ببڕن، تاکۆتایی بە راپۆرتەکەمان بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەیەکی کراوەیە کە بۆ لێکۆڵینەوەی هەندێ گیروگرفت تەرخانمان کردووە،ئەگەر بەڕێزان بەپەسەندی دەزانن دەنگی لەسەر دەدەین و دەیکەینە خاڵێک لەبەرنامەکەماندا.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئاخری کۆبوونەوەکەدا فەرمووت راپۆرتی کۆمیتەکان دوا دەخەین، وەکو جنابتان ئاگاردارە خوێندنی باڵا هیچ دامەزراوێکی نییە، وەزارەتی نییە.. دووخاڵی زۆر بەپەلە هەیە.. هی ئەوە

نییە دوابخرێ، پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە، یەکەم رژێم دەستی کردووە بە دابەشکردنی ئەنکێت(استمارە)بەسەر قوتابییە دەرچووەکاندا و دەڵێ:ئەم ساڵ (٤٠٪)لە ساڵانی رابردوو زیاتر وەردەگیرێ(بەنیسبەت قوتابیانی کوردستانەوە)ئەمەش وای لە قوتابیان کردووە بکەنەوە حاڵەتێکی دەروونیی خراپەوە(تووشی دوو دڵی ببن)لەبەر ئەوە وای بە پەسەند دەزانم داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ، چونکە زانکۆی سەلاحەدین سەربەوە، ئەنکێت بەسەر قوتابیاندا دابەش بکات، تا ئارام ببنەوە، دووەم ئەوە ساڵێک زیاتر بەسەر راپەرین تێدەپەڕێ کەچی نەبەرەی کوردستانی و نە پەرلەمان و نە ئەنجوومەنی وەزیران هیچ بڕیار وئیجرائاتێکیان وەرنەگرتووە بۆ گێڕانەوەی ئەو قوتابی و مامۆستایانەی کە لە زانکۆکانی تری عێراقدا بەهۆی کوردایەتی دەرکراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارەکەی تریش باسی خوێندنی باڵامان کرد، پرسیارەکە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، تابۆمانی روون بکەنەوە.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە(٤٨)رۆژە پەرلەمان کۆ دەبێتەوە، بێگومان زۆر نامە و برووسکەمان لە دەرەوە وناوەوە بۆ هاتووە، تەنها بروسکەکەی کۆنگرێسی ئەمریکی وبازاری هاوبەشی ئەورووپی خوێندرایەوە، کورتەیەک لەو برووسکانەمان بۆ بخوێننەوە نەک لە خەڵکەوە ببیستین.

دووەم زۆر خاڵ دەخرێتە روو کەچی گفتوگۆ ناکرێ، حەق وایە لەبەرنامەی کار جێگیر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە برادەرانی گرووپی ئێمە پێشنیاریان هەیە، با بزانین چین بۆ ئەوەی بە نووسراوی پێشکەشی جەنابتانی بکەین. هەروەها پێشنیارەکەی بەڕێز سەید حەسەن سەبارەت بە پەیوەندی پەرلەمان بە دەرەوەی وڵاتەوە گرنگە. لەبەر ئەوەی زۆر لەو خاڵانەی کە هەردوو گرووپ پێشکەشی دەکەن هاوبەشن، پێویستە لەبەرنامەی کاردا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گرووپی پارتی داوا دەکەن کە ئایا پێشنیارەکان وەکو گرووپ پێشکەش بکەن یان بە شەخسی؟ بۆ ئەوەی لەبەرنامەی کار جێگیر بکرێت وگفتوگۆیان لەسەر بکرێت، هەندێ پێشنیاریان بە نووسین بۆ ناردووین، ئایا ئێوە هیچ پێشنیارتان حازر کردووە یان نا؟.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئێمە هەندێ شتمان بە نووسراو ئامادە کردووە وپێشکەشی دەکەین، پێویستی بە

لێکۆڵینەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕۆژنامەی ڕۆژی یەک شەممە بڵاو کرابووە کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق، وەڵامی پەرلەمانی ئەورووپی داوەتەوە لەبەر ئەوەی پیرۆزبایی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کردووە. داوا دەکەم وەڵام بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خەریکی حازر کردنی ئەو وەڵامەین، با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، کۆمەڵێ پێشنیارمان پێشکەش کراوە پێویستی بە یەکخستن هەیە.

برادەرانی گرووپی پارتی پێشنیارێکیان بەدوو خاڵ پێشکەش کردووە، هیوادارم برادەرانی گرووپی سەوزیش شتێکی وامان پێشکەش بکەن، تا ئەوان ئامادەی دەکەن، حەز دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە دەڵێن برووسکەو شتی ترمان بۆ هاتووە. جگە لەو دوو بroووسکەیەی کە خوێندمانەوە و ئەو برووسکانەی کە لە حزبە کوردییەکانی کوردستانی سوریاوە هاتووە، کە وەڵامیان درایەوە، هەروەها لەرێکخراوەکانی دەرەوە و، فیدراسیۆنی کورد لە دەرەوەو برا ئاشورییەکان لە کەنەدا و ئوسترالیاو هەروەها لە زاخۆشەوە بروسکەیان بۆ ناردووین هیچ برووسکەی ترمان بۆ نەهاتووە و، وەڵامی هەمووشیان دراوەتەوە.

ئاگادار کراینەوە کە پەرلەمانی نەمساوی بانگهێشتنی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، نامەیەکیان بۆ ناردووین، هێشتا نەکراوەتە کوردی، ئاگاداریش کراوینەتەوە کە هەندێ پارەیان بۆ زانکۆی سەلاحەدین ئامادە کردووە، هەروەها هەندێ پارەی تریش وەکو یارمەتی، لەگەڵ (١٠٠)مایکرۆفۆندا وەکو دیاری بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**پاشان بەڕێز سەعدی ئەحمەد دەقی نامەکەی پەرلەمانی نەمسای خوێندەوەو یەکسەر تەرجەمەشی کرد، ئەمەش دەقی نامەکەیە:-**

## بۆ/ بەڕێز کاک جوهر نامق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

**بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی**

وا ئێستا لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی دانیشتووم، باسی وەزعی ئێوە دەکەین، باسی ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسییە دەکەین کە لەلای ئێوە پیادەکراوە، هیوادارم لە ئەرکەکانتاندا سەرکەوتووبن، نرخێکی زۆر بۆ ئەو هەنگاوەی ئێوە دادەنێم ودەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە من ئامادەم و، هەرچی لە توانامدا بێ بۆتانی مسۆگەر دەکەم بۆ ئەوەی لەو وەزعە ناخۆشە رزگارتان بێ ونەو هاوکاری کارەش دیارە کە بە گۆڕینەوەی زانیاری دەبێ لە رێگای یەکتر بینینی هەردوو پەرلەمانەوە، دەبێ بەردەوام زانیاریمان بۆ بنێرن تا لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانتان بین لە رووی تەکنیکییەوە با هەردوو لامان بکەوینە ئیش کردن بۆ سازدانی ئەو چاوپێکەوتنانە ئیتر زۆر

سوپاس. بەهیوای سەرکەوتنتان.

هەروەها پاش خوێندنەوەی برووسکەکە بەڕێز سەعدی ئەحمەد ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە «د. هانز فیشەر» (سەرۆکی پەرلەمانی نەمساوی)ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ یارمەتی دانی مەسەلەی ئیداری وتەکنیکی ئەگەر پەرلەمانی کوردستان داوایان لێ بکەن دەوراتمان بۆ بکەنەوە لە بابەت مەسەلەی ئیشوکاری پەرلەمانی وئیشوکاری کۆمیسیۆنەکان وشارەزایی بوون لەو ئیشوکارانەو، ئیشوکاری زانستگاکان و، مەسەلەی ئاسایش وبەرگری وبازرگانی ورۆشنبیری و راگەیاندن و بەڕێوەبردنیش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر لەو پێشنیارو پرسیارانەی کە هاتوون تەئکید لەوە دەکەنەوە کە وەزارەتی دارایی چی کردووەو، مەسەلەی سەر ژمێری چی لێهاتووە،کاروباری پێشمەرگە و، وەزارەتی ناوخۆ چییان کردووەو، کێشەی کشتوکاڵ بەچی گەیشتووە. بۆیە داوا لەئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە سەرجەمی پرسیارەکان بە راپۆرتێک وەڵام بداتەوە، یان هەر وەزارەتەو، چی کردووە راپۆرتێک لەم بارەیەوە بنووسێ و لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتە، حەفتەی ئایندە تەرخان دەکەین بۆ وەڵامدانەوەی هەرچی پرسیارێک کە ئاراستەی وەزارەتی دارایی وئابووری کراوە، یان با وەزیری دارایی خۆی بێت وراستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. بەپێی بەرنامەی دانیشتنی داهاتوومان وەزیرێک یان دوو وەزیر قسەبکات و، ئەوەش دیاری دەکەین لە کوێوە دەست پێ بکەین. ئەمە دەکەین بە بڕیارێک وبۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی دەنێرین تا رۆژی یەک شەممە لە حەفتەی ئایندە جەنابی سەرۆک وەزیران وجێگرەکەی ئامادە بن، یان هەر رۆژێکی تر کە خۆیان دیاری دەکەن..

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە دەست بەرزکاتەوە.. بەگشتیی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

لەبارەی ئەو وەزعەی کە ئێستا لە ئارادایە پاش دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیران وسەردانەکەی مەدام میتران، وڵاتە دراوسێکان دەنگی ناڕەزاییان دەربڕیوەو داوای روون کردنەوە دەکەن لەم بارەیەوە جا چ لە پەرلەمان بێ یان لە ئەنجوومەنی وەزیران بێ. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە بۆیە داخوازییەکە رووبە رووی ئەوان دەکەینەوە تا بۆیانی روون بکەنەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیە و، پێویستە روونی بکاتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکا، چونکە هەموومان خۆمان بە بەرپرسیاری یەکێتی خاکی عێراق دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەمەی باسمان لێوە کرد پەیوەندی بە هەڵوێستی دراوسێکانەوە هەیە (ئێران، تورکیا، سوریا) ڕۆژنامەکانی ئێران بە ناڕەحەتی باسی سەردانی خاتوو مەدام میترانیان کردووە، هەروەها (تشنج) دەربارەی سەردانەکەی مەدام میتران و پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران قسەیان کردووە. بە بۆچوونی ئێمە ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە، ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران لێدوانێک، یان بەیانێک دەربکا بۆ ئەوەی دراوسێکان لە سەردانەکەی مەدام میتران و دروست بوونی ئەنجوومەنی وەزیران دڵنیا بکا. ئەگەر ئێوە ڕازین بابەتەکە دەکەینە بڕیارێک و ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، تکایە ئەوەی ڕازیە دەست بەرزکاتەوە .. دەست بەرزکرایەوە و بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.
پێش ماوەیەک دەربارەی پێویستییەکان یاداشتێکمان بە کورتی نووسی وبەچاپمان گەیاند، ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە بەرنامەی ڕۆژی یەکەمی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەلیاتەکانی خۆماندا و وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی. بەسەر ئەو کەسانەدا بڵاوی بکەینەوە کە سەرمان لێ دەدەن. هەروەها بەسەر پەرلەمانەکانی دەرەوەش دابەش بکرێ. ئەگەر ڕازین لیژنەیەک دەست نیشان بکرێ بۆ داڕشتنی بانگەوازەکە یان بەیانەکە، ئەو کات وەکو پەرلەمان یان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەی پەرلەمان وحکومەتەکانی جیهانی دەکەین، لەبەر ئەوە دەبێ بە وردی بزانین چیمان پێویستە وچیمان پێویست نییە، ئەمە وەکو پێشنیارێک بوو ئەگەر ڕازین دەیکەین بە خاڵێکی بەرنامەکەمان.
**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەرچاوخستنی پێداویستیەکانمان بۆ گەلانی دونیا، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە خراپی لە دابەش کردنەکەدایە، ئەو یارمەتییانەی بۆمان دێت هەتا ئەو ڕێکخراوە بچووکانە دابەشی بکەن هەروا دەمێنێتەوە، پێویستە کۆتایی بەم وەزعە بهێنرێ وبە شێوەیەکی مەرکەزی دابەشی بکەین، چونکە لەم حاڵەتەدا ڕەنگە ناوچەکانی (کانی ماسی) لەماوەی ساڵێکدا دەجار ئازووقەی بەسەردا دابەش بکرێ، بەڵام ناوچەی (قەڵادزێ) جارێک بەری ناکەوێ.
خاڵی دووەم. ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی بانگەوازێک دەربکەین شتێکی باشە، بەڵام دەرکردنی ئەو بانگەوازە دەبێ بە تەنسیق کردن بێ لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندی مرۆڤایەتی وهاوکاریدا، دەبێ پلانێک بۆ وەزارەتەکە دابنرێ کە چۆن بجوڵێتەوە. ئەمە پەیوەندی نییە بەوەی ئێستا بانگەوازێک دەربکەین، چونکە تائێستا بانگەوازی زۆر دەرکراوە، بەڵام پێم وایە چۆن خەڵک گرنگی بە پەرلەمانەکەمان داوە دەبێ خۆشمان بە جدی وەری بگرین، چونکە ئێستا نەمسا وەفدێکی پەرلەمانی بانگهێشتە کردووە لە ئایندەی نزیکیشدا پەرلەمانی بەلجیکاو هۆڵەندە بانگهێشتەی وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان دەکەن. ئەگەر پەرلەمان نەکەوێتە خۆ

وئیشوكارەكانی خۆی ئەنجام نەدا، مەكتەبی سیاسی حزب وڕێكخراوەكان ئیشوكارەكان بەڕێوەی دەبەن، ئەو كات خۆمان پەرلەمانەكەی خۆمان دەستە پاچە دەكەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با پێشنیاری یەكەم تەواو بكەین ئینجا دێینەوە سەر ئەو باسە.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با لە گفتوگۆی بابەتێك بێینەوە ئەوجا بچینە سەر باسی بابەتێكی تر، چونكە هەر بابەتێك سروشتێكی جیاوازی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو بابەت لە ئارادایە، یەكێكیان دەربارەی مەسەلەی كۆمەكە و ئەویتریان دەربارەی ئەو تێبینیانەیە كە بەرچاوخران سەبارەت بە نادروستی وناعەدالەتی دابەش كردنی ئازوقە. لەمەولا ئێمە هەوڵ دەدەین عەدالەت لە دابەش كردندا هەبێ. لەراستیدا ئەوەی بەرچاومان خست شتێكی ترە، لەكۆتایی مانگی حوزەیراندا ئاژانسی كۆمسیۆنی بەرزی یارمەتی مرۆڤایەتی لە نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری پەناهەندەكان، كۆتایی بە ئیشەكەی هێناو. ئێستا ئەو شتومەكانەی كە بۆ كوردستان دێت لەسەر سنووری(عێراق-توركیا)رادەگیرێ، چونكە كۆمیتەی موقاتەعەی دەولی رێگا نادات. پشت بەستن بە وەزارەتی مرۆڤایەتی بۆ هێنانی نەوت بۆ زستانی داهاتوو واتای ئەوە نییە دەست لەئیشوكاری وەزارەت وەربدرێ، بەڵكو دەمانەوێ بەناوی پەرلەمانەوە بێ و،داوا لە پەرلەمانەكان بكەین با وەزارەتەكانیش لە رێگای كەناڵەكانی خۆیانەوە دەست بەكار بن، هەروەها حزبەكانیش. ئێمە دەڵێین بە ناوی پەرلەمانەوە بێ، چونكە لەگەڵ ئەوەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن پێشنیار كردو پەسەند كرا، دەبێ بكرێت بەیەك ورێك بخرێ. هەروەها وەكو دەزانن مەسەلەی ئابڵوقەی سووتەمەنی لەسەر كوردستان توندتر دەبێت و(كۆمەكیش)كەم دەبێتەوە ورەنگە دوو مانگی تر زیاتر هەستی پێ بكرێت، چونكە زۆربەی فەرمانبەرەكان عەرەبن وخەڵكی لوبنان وفەڵەستینن تا ئێستا عێراق رێگایان پێ نادات لەناو عێراق كار بكەن بێگومان ئەمەش كار دەكاتە سەر ئیشوكارەكانی یونیسێف لە عێراقدا بۆ دابەش كردنی كۆمەكەكانی لە كوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی پێشنیار كراوە ئەوەیە كە بانگەوازێك بۆ پەرلەمانەكانی جیهان بنێرین دەربارەی پێداویستییەكانی كوردستان، ئەگەر رازین شتێكی وا بنووسرێ تا لیژنەی پەیوەندییەكان راسپێرین بۆ ئەوەی بانگەوازەكەمان بۆ ئامادە بكا، پاش ئەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران راوێژ دەكەین بۆ پەرلەمانەكانی دەنێرین، ئەگەر رازین دەست بەرزكەنەوە..دەست بەرز كرایەوە

وپەرلەمان بەگشتی دەنگ پێشنیارەکەی پەسەند کرد.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیرخەرەوە نییە، رەنگە بەیانێک یان(تصریحێک)بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باله نەتەوە یەکگرتووەکان داوا بکرێ گەلی کورد له رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا کردنی چاودێری له رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسنووری ئیشوکاری ئەنجومەنی وەزیراندایە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم هێڵی(٣٦)بکرێتە هێڵی(٣٥)نەک له شێوەی بانگەواز، بەڵکو دەبێ بەناوی پەرلەمانەوە بێ بۆ ئەوەی وەڵامێکی دیاری کراو وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەیوەندییەکان با مەسەلەی هێڵی(٣٦)لەلای خۆیان جێگر بکەین، چونکە له چوارچێوەی ئەو پێداویستانە دەبێ کەپێویستە پشتگیری لێ بکرێ. بەنیسبەت لابردنی ئابلوقەی(جزئی)یش لەسەر کوردستان دەبێت شتێک بکەین مادام عێراق پێش دوو رۆژ بەرله ئێستا کەوتووەتە جموجۆڵ وداوای له دەزگا نێودەوڵەتییەکان کردووە که ئابلوقەی لەسەر هەڵبگیرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە بەڕێزان سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی له دانیشتنی داهاتوودا ئامادەبن، چونکە زۆربەی پرسیارەکان رووبەرووی ئەوان دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە لەمەولا ئەو برادەرانەی که قسە دەکەن هەڵسنە سەر پێ ئەوجا قسە بکەن. هەروەها بۆ ئامادە بوونی ئەنجومەنی وزەیران سەعاتێکمان بۆیان دیاری کردووە، ئێستاش بۆیە نەهاتوون کۆبوونەوەیان هەیە، بەڵام نامەکەیان ناردووە داوای ئەوەیان کردووە که کاتیان بۆ دیاری بکەین،

به نیسبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە.. بابێینەوە سەر ئەو باسانەی کە پەیوەندی بە ئیشوکاری خۆمانەوە هەیە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو دەزانن لە رۆژانی رابردوودا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەرنامەکەی خۆی بە پەرلەمان پێشکەش کردو لێرە بە گشتی دەنگ پەسەندکرا.. هەموو ئەو مەسەلانەی گرتووەتە خۆ کە ئێمە دەمانەوێ باسی لێوە بکەین وچارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مووچەی فەرمانبەرانەوە هەیەو، ئەوەی پەیوەندی بەژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیەو، ئەوەی پەیوەندی بە دیاردەی چەکدارییەوە هەیەو، ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی سنوورەکان وگومرکەوە هەیەو، ئەوانە هەمووی لە بەرنامەکەدا هاتوون، پێشنیارەکان وپرسیارەکانمان رووبە رووی ئەوان دەبێتەوە بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە لێیان بپرسین چییان کردووە؟ چ هەنگاوێکیان ناوە؟ ئەگەر گیروگرفتیان هەیە چۆن دەتوانین چارەسەری بۆ دابنێین ویارمەتیان بدەین؟ وبزانین چ هەنگاوێک بنێین بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارە سەرەکیەکان ئەمانەن: ـ

١- گومرکەکان بخرێنە ژێر رکێفی وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە وبزانین چییان کردووە وچەندیان کۆ کردووەتەوە؟.

٢- بڕیارێکمان دا کە هەرچی بازگە(سیطرە)هەیە بخرێنە ژێر رکێفی وەزارەتی ناوخۆوە..بزانین لەم بارەیەوە چییان کردووە وچ گیروگرفتێک هاتۆتە بەردەمیان؟..لەوانەشە هەموو شتێکیان نەکردبێ، چونکە دوو سێ رۆژە ئەم بڕیارەمان دەرکردووە.

٣- بڕیارێک هەبوو دەربارەی سەرژمێری(احصاء)،بزانین چییان کردووە و چییان نەکردووە؟.. داوا لە حکومەت بکەین لیژنەیەک بۆ سەر ژمێری پێک بهێنێ ولێیان بپرسین چییان کردووەو چییان نەکردووە؟.

ئەم سێ پرسیارە کۆنکرێتین ودەتوانین داوای وەڵامیان لێ بکەین.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی ئێمە فریای جێبەجێکردنی بەرنامەکان نەکەوتوونە، مادام ئەوان لە کۆبوونەوەدان و، بۆ ئەوەی تەنگاونەبن با پێشنیارەکەمان بە نووسراوی ئاراستەیان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی من بەم جۆرەیە، ئایا وەزیری دارایی وئابووری بۆ ئەو پارەیەی کە لە حیساب

قەیدکراوە و پێوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە..چی کردووە؟،بۆ ئەوەی لیژنەی دارایی وئابووری ولیژنەی یاسایی لە ناو پەرلەماندا بتوانن بنچینەی یاسایی ودارایی دابرێژن تا چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، کە داوامان کردووە سەعات(١٢)ئامادە بێت، تکایە ماوەکەی یەک سەعاتە ئاگادارین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەیی خۆیان پیشان داوە کە بێن بۆ ئێرە وچ پرسیارێک هەیە لێیانی بکەن و وەڵام بدەنەوە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر نییە کە ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراوەو، بەڵام دەتوانین ئەگەر هیچ نەبێ بزانین چییان کردووە وچییان نەکردووە وچ گیروگرفتێکیان روو بەروو بووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با پێش وەخت لەسەر هەندێ خاڵ رێک بکەوین، چونکە پرسیار زۆرە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گیروگرفتانەی کە روو بەڕووی جەماوەر دەبێتەوە، وەک دیاردەی چەکداری مەرج نییە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەری بکات، چونکە ئەو مەسەلانە رۆژانە دووبارە دەبنەوە، دەبێ لە ئەنجامی گفتوگۆ کردنەوە چاسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە پەیوەندییان بەوەزعی لایەنە سیاسیەکانەوە هەیە و دەبێ لەسەری رێک بکەون،لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیرەکان دار عەسای سیحریان پێ نیە بتوانن ئەم دیاردە وکێشانە چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام حکومەتی هەرێمان هەیە، ئەوا بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لە ئەنجوومەندا پەسەندمان کردووە، کەواتا لە (کرۆک ـ صلب)ی ئیشوکاری ئەواندایە کە لەو شتانە بکۆڵنەوە، ئێمە هیچ کاتێک نابینە بەدیلی دەسەڵاتدارێتی جێبەجێکردن.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە بایەخ بدەین بە وەزارەت ولیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، چونکە بەراستی هەر بابەتێک پەیوەندی هەبێ بەکاروباری رامیاری و ئابووری وئیداری وکۆمەڵایەتییەوە، ئەگەر بێتو زانایانی ئاینی ئیسلامی لەسەر مینبەر ومیحرابەکانەوە رایبگەنن زیاتر خەڵکی کوردستان

متمانەی پێ دەکاو زووتر جێگیر دەبێ. یان ئەگەر دوژمنانی کورد بیانەوێ بەناوی ئیسلامەوە کوردستانەکەمان کاول بکەن وبوختانی کفرو ئیلحادمان بۆ هەڵبەستن، ئەوە دەبێ زانایانی ئایینی کورد لێیان بێنە جواب وبەدەرۆیان بخەنەوە، ئێستاش ئەم پێشنیارانە دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان، بۆ لێکۆڵینەوە وبڕیاردان لەسەری ئەویش کە دەبێ بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی راوێژی بەردەوام بێ لەگەڵ لیژنەکەماندا، ئەوەش لەپێناوی خزمەت کردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وگەلی ستەمدیدەی کوردستان..

جا ئەگەر روخستەن دەدەن ئەوا بەڕێز شێخ موحسین راپۆرتی لیژنەی کاروباری ئیسلامی لەپەرلەمان، بخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابەڕێز شێخ موحسین بفەرمووێت.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**خاڵی یەکەم:** لیژنەیەک پێک بهێنرێ، بەناوی (دەستەی باڵا) بۆ فەرمان دان بە چاکە وبەرگری کردن لەخراپە وهەروەها سەربەست بن لە ئامۆژگاری کردنی تێکڕای میللەت ولەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان وشیار کردنەوەیان بەخوو رەوشتی پەسەندی ئیسلامی وپاکردنەوەیان لە بیرو بۆچوونی ساختەو فاڵ گرتن وجادوگەریەتی ودەجل وشەعوەزەو خرافیات کە لەناو کوردستاندا جێگای خۆی کردووەتەوە..حەق وایە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە میللەتی کوردمان وە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش لەو مەبەستە خراپ و ناهەموارانە رزگار بکەین..

**خاڵی دووەم:** بەپێویستی دەزانین پەرلەمان بڕیارێک دەربکات کە نوێنەری باوەڕ پێکراوی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان)بێت ، و لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوە باوەڕ پێ کراوەوە گرنگی بە پەروەردەی ئاینی ئیسلام بدرێت بۆ بلاوکردنەوەی وشیاری ئیسلامی. دووەمیشیان کردووە بە راپۆرتێک ولەلایەن مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامیەوە ئەو پێشنیارەش پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی وئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پسپۆڕ کراوە..ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ڕێگامان بدات دەقی بەیانەکە بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر حەز دەکەن لەدواییدا بەیانەکە بەسەر برادەرانی گرووپەکاندا بلاو دەکەینەوە.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سێیەم: پێشنیار دەکەین کە یەکێتی زانایان ئاینی ئیسلام لە کوردستان دابنرێت بەیەکێک لە ڕێکخراوە گشتییە سوود بەخشەکان(المنظمات ذات المنافع العامة)...

چوارەم: گرنگیدان بەوانەی پەروەردە وئایین وەبەرەسمی دانانیان لە هەموو قوتابخانە و قۆناغەکانی خوێندن دا کە پسپۆڕوخاوەن بڕوانامە بیلێنەوە.

پێنجەم: چاوگێڕانەوەک بە پڕۆگرامی قوتابخانەکانی کوردستاندا بۆ ئەوەی گونجاوتر بێت لەگەڵ وانەی ئایینی میللەتەکەماندا وە پێشنیار دەکەین، ئەم وانانە(دەرسانە)بە ڕەسمی بەپێی قوناغەکانی خوێندن بووترێتەوە..وەک قورئان و فەرموودەکان کە هەیە، هەروەها شەریعەت ودەرسی عەقیدەش بووترێتەوە و گرنگیشیان پێ بدرێ.

شەشەم: کۆنترۆڵ کردنی قوتابخانە ئیسلامییەکان وە هەوڵ دان بۆ دابین کردنی ژیانی قوتابی ومامۆستاکانی و،چاودێری کردن وگەشەپێدانی ئەو قوتابخانانەی کەسەر بە مزگەوتەکانن.

حەوتەم: داوا دەکەین لیژنەیەکی ئیسلامی لە پەرلەمان دیار بکرێ بۆ پەیوەندی کردن بەجیهانی ئیسلامییەوە، بۆ روونکردنەوەی کاروباری ئیسلامی ناو کوردستان لەروانگەی واقیعی موسڵمانانی میللەتی کوردەوە و، ناساندنی بەگەلانی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ بەرپەرچ دانەوەی پروپاگەندەی ناپەسەند کە دژ بەگەلی کوردمان کراوە.

هەشتەم: زۆر بە پێویستی دەزانین کە بڕیارێک دەرچێت بۆ کردنەوەی کۆلیژی شەریعە لەزانکۆی سەلاحەدین و هەر زانکۆیەکی تریش کە لەمەودوا بەرەسمی دەکرێتەوە.

نۆیەم: پێشنیار دەکەین کە رۆڵی زانایانی ئیسلامی بەتەواو بوونی ماوەی یاسایی لەوەزیفە کۆتایی نەیەت و، لەسەر داوای خۆیان نەبێت خانەنشین نەکرێن.

دەیەم: بەشدار کردنی نوێنەرانی لیژنەکانی لقەکانمان، ئەو لیژنەیەی کە پێشنیارمان کرد (الهيئة العامة للامر بالمعروف والنهي عن المنكر). لە لیژنەی راگەیاندن ورۆشنبیری وپەروەردەیی یاسایی پارێزگاکان بۆ ئەوەی تەنسیقێک هەبێت وبتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.

یانزدەم: پێشنیار دەکەین کە بەشێک تەرخان بکەن لە لیژنەی راگەیاندن ورۆشنبیری بۆ نوێنەری لیژنەکەمان لە بواری راگەیاندن ورۆشنبیرییە تا چالاکیی ئایینی خۆیانی تیا بڵاو بکەنەوە.

دووانزدەهەم: داوا دەکەین ئەو ئیجازەنامە عیلمیانەی کە زانا بەرزەکان لە مزگەوتەکاندا دەیدەن بە مامۆستا ئاینییەکان، دانی پیابنرێ وشەهادەکەیان بۆ حیسابی بکرێ وەکو دەرچوانی ئامادەیی.

سیادەهەم:داوا لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەکەین کە بەوردی چاوبگێڕێتەوە بەهەموو ئەو یاسایانەی کە دژە لەگەڵ یاسای پەروەردگاران بەتایبەتی یاساکانی ئەحوالی شەخسی.

چواردەهەم: داوا دەکەین هەموو هێزێکی سوپایی زانایەکی ئایینی تیابێ، بەپلەی ئەفسەر بۆ جێبەجێ کردنی کارو فەرمانی ئایینی.

پانزەهەم: لەبەر هەندێ بابەتی شەرعی وەک(نکاح، وصایة، میراث..شتەکانی تر)پێویستە چارەنووسی خێزانی(انفال)کراوەکان بزانین، بۆیە پێشنیار دەکەین، کە لیژنەیەکی کاتی لە پەرلەماندا دامەزرێ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ(un)ومافی مرۆڤەوە، کەفشار بخەن سەر عێراق، بەسەر هاتی ئەو خەڵکە ئەنفال کراوانە روون بکرێتەوە و، ئێمەش بتوانین بەدڵنیاییەوە حوکمی تایبەتی بەرامبەر ئەو خێزانانە دەربرین..ئیتر سوپاس وخوا لە پەنای هەموومان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە چەند خاڵێک بوو لەلایەن لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیەوە خوێنرایەوە.. بەپێی پەیوەندی خاڵەکان بۆ لیژنەکان رەوانەی دەکەین، تاهەر یەک لەو لیژنانە لێی بکۆڵنەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن و، لە رێی خۆیانەوە ئاراستەی وەزارەتەکانی بکەن بۆ ئەوەی پێرەوی بکەن، ئەگەر تێبینیەکی تری لەسەر نەبێ.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف دەکەم، بەڵام بۆ وشەی زانایای ئیسلامیان بەکار هێناوە ؟، خۆی ئەسڵی وشەکە(مەلا)یە کە لەوانەیە لە(مەولاوە) هاتبێ و،بە رای من بەکار هێنانی وشەی مەلا چاکترە لە زانایانی ئایینی، چونکە زانایانی ئایینی وەرگێرانی (عالمی دینی)یە، هەروەهاپێشنیار دەکەم کە خوێندن لە مزگەوتەکاندا بە کوردی بێ و، شێوازی خوێندنیش بگۆڕن چونکە ئەو شێوازە هی بەعسیەکانە، هەروەها بایەخ بدەن بە دانانی دەزگاو کتێبخانەی ئایینی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (مەلا) عەرەبییە، زانا کوردییە، ئێمە مەبەستمان لە بەکار هێنانی زانای ئایینی، عالمی دینییە، سوپاس.

**بەڕێزد. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا عەلائەدین سجادی دەڵێ وشەی مەلا لە(لاما)ی تورکی و مەغولییەوە وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەكـیم:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

ئێـمـە لە دووەم كۆنگرەی یەكـێـتی زانایانی ئایینی ئـیسـلامی بڕیارمـان لەسـەر بەكـار هێنانی وشەی(زانای ئاینی) داوە و، گفتوگۆی لەسەر كراو،ئەگەر بۆمانی بسەلمێنن كە وشەی مەلا ڕاست ترە ئێـمـە لە كۆنگرەی سێـیەمـدا، ڕەچاوی دەكـەین، هەروەها داوای ئەوەمـان كـردووە كـاتێ كـە لەشكر دادەمەزرێ(مـەلا)بەشێوەی ئەفسەر(امام طابوری)لە ناوهێزی پێشمەرگەدا دابمەزرێ، بۆ ئەوەی ئەركی ئایینی لەناو هێزی پێشمەرگەدا بەجێ بهێنن، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

ئێرە جێگای(مناظرە)نیـیـە چ وشـەیەك ڕاسـتـە چ وشـەیەك لەجێـی خـۆی نـیـیـە، تـەنیـا وەڵامی پرسیارەكـان بدرێتـەوە، ئەگـەر شـتـێكی تری وا هەیە، سـمیناڕێكی بۆ ببەستن، تكایە ڕاستەوخۆ بچنە ناو بابەتەكەوە.

بەنیسبەت بابەتەكەوە، ئەو خاڵانەی كە پێویستە بە لیژنەكەی دەدەین.

**بەڕێز مـەلا موحسین خـالـیـد مـسـتـەفـا موفـتـی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

ئەو خـاڵانەی ئێمە باسمـان لێـوەكرد تـەنیا ئەوانەمان لەم قـۆناغـەدا بۆ جـێـبـەجێ دەكـرێ، ئەوەی ئێـمـەش پێـمـان نەزانیـوە چۆن ئێـمـە بۆ لیـژنەكـانی تر پێـشـنیـارمـان كـردووە، لیـژنەكـانی تری ئەنجوومەنیش بۆیان هەیە لەم بارەیەوە پێشنیارمان بدەنێ ئێمەش سوپاسیان دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن حـەمـیـد ڕەحـیـم:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیار دەكەم لە مزگەوتەكاندا سەنووقی پیتاك بۆ شەهیدان ولێ قەوماوان دابنرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

ئەوە ئیشوكاری وەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئیسلامییە.

**بـەڕێز شـێـروان نـاسح حـەیدەری:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

یاسـای ڕابەر، وا خـەریكە مـاوە یاسـاییـەكـەی كـۆتایی پێ دێت، لەم بارەیەوە ڕاتان چییـە، ئایا لیژنەی یاسایی، یاسایەكە تەعدیل بكات ولەكاردابێ،(ساری المفعول)، یان ئەنجومەن بڕیاری لەسەردەدا؟ سوپاس.

**بـەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

با مەسەلەی هەڵبژاردن ویەكخستنی هێزی پێشمەرگە بەیەكەو ببەسترێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرنگ نییە ببەسترێتە یەکەوە یان نەبەسترێ.. ئێمە یاسایەکمان هەیە و کاری پێ دەکەین، هەندێ مەوادی تیایە، پەیوەندی بەئیشوکاری ئێمەوە هەیە، پێشنیارەکە ئەوەیە ماوەکەی زیاد بکرێ، چونکە ماوەکەی تەواو دەبێ، تەنیا ئەو مەسەلەیە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

پێشنیارەکە ئەوەیە کەوا بدرێ بە لیژنەی یاسا.کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..کێ دژە؟..

ئەندامانی ئەنجومەن بەتێکرایی دەنگی ئامادە بووان پێشنیارەکەیان پەسەند کرد..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١ـ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە چی کردووە؟.

٢ـ چی بۆ مامۆستایان دەکرێ؟، چونکە ئێمە بەڵێنمان پێیان داوە کە یارمەتی زوو بەزوویان بدەین.

٣ـ بۆ مەسەلەی هێمن کردنەوەی هاوسێکان (لێدوان ـ تصریح)ێک بدرێ، چونکە ئەوان بە هاتنی مەدام میتران وپێک هێنانی ئەنجوومەنی وەزیران سەغڵەت بوونە.

٤ـ بریارێک هەبوو هەموو بازگە(سیطرە)ەکان لەژێر رکێفی وەزارەتی کاروباری ناوخۆ دابن..

أـ دەبێ بزانین سەبارەت بەلابردنی بازگە ناشەرعیەکان چییان کردووە؟.

ب ـ چییان بەدەستەوەیە بیکەن بۆ دابین کردنی ئەمن وئاسایش؟.

٥ـ أـ کاتی خۆی بریاردرا گومرک یەکبخرێ ولەژێر رکێفی وەزارەتی دارایی وئابووریدا بێ، فەرمانبەران وپۆلیسی گومرک سەر پەرشتی بکەن و، بزانین لەم بارەیەوە چی کراوە، تائێستا داهاتمان چەندە وچۆن کۆکراوەتەوە؟.

ب ـ بۆ یارمەتی مووچە خۆران چی کراوە وچی بکەین؟.

ج ـ بەنیسبەت پارەی قەڵب کە ئێستا بازرگانی پێوە دەکرێ بەناو ئەوەی(تزویر)ە، ئەگەر پارەیەک قەڵب بێ، چۆن لە ١٥٪ دینار کەمتر دەکەوێ ومعامەلەی پێوە دەکرێ، دەبێ بریارێکی پێوە دەربکەین و، چارەسەرێکی بۆ دابنێین.

٦ـ پرسیارێکی ترمان هەیە پەیوەندی بە ئازووقەوە هەیە.. دەمانەوێ راپۆرتێک لە پەرلەمانەوە بەرز بکرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە چەند ئازووقە لە عێراق وەردەگیرێت و، چەند لە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی ترەوە بۆ کوردستان دێ؟.ئێمە لە(کۆمپانیای مەوادی غذائی)داوامان کردووە لەو بارەیەوە راپۆرتێکمان بۆ بنووسن، کەچی ئەوان پشت گوێیان خستووە، لەکاتێکدا زانیاری تەواومان دەربارەی سووتەمەنی پێداون. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی تیایە، بۆیە ناچارین داوای ئەو زانیاریانە بکەین، دەبێ هەر پارێزگایە بەجیا لەم بارەیەوە سەر ژمێری تەواومان پێ بدەن بۆ ئەوەی لەبەر دەستدا بێ چونکە جاری وا هایە پێویستمان پێی دەبێ.

٧- پرسیارێکی تر هەیە ئەویش دەربارەی کار کردنی ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکانە لەکوردستاندا..
ئێمە لەپەرلەماندا چەند لیژنەیەکمان هەیە، بۆ موتابەعە کردنی ئەو ئیشوکارانە لەبەر ئەوە پێویستمان بە بڕیارێک هەیە، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە بکەین، چونکە لەراستیدا ئەو ڕێکخراوانە، گیروگرفتیان بۆمان دروست کردووە، زۆرجار لەیەکێک لەوڵاتەکانی ئەوروپا زەلامێک دێت ودەیەوێ نووسینگەیەک بکاتەوە،نازانین سەر بەکام ڕێکخراوە و چەندی بۆ تەرخان کراوە وچۆن؟، لەم بارەیەوە حەقە بڕیارێکی روون وئاشکرامان هەبێ وبەحکومەتی هەرێمی کوردستانی بدەین، ڕێکخراویش هەیە لە ڕێگەی رەسمییەوە بۆ کوردستان دێ، لەمەوە بۆمان ئاشکرا بووە کە دوو جۆرە ڕێکخراو لە کوردستاندا کار دەکەن.
أ - هەیانە پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە ڕێگەیان پێ نادا، لەگەڵ حکومەتدا هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام دەتوانن لەگەڵ ڕێکخراوەی نا رەسمیدا هەڵسوکەوت بکەن.
ب - بەڵام ڕێکخراوی واش هەیە کە پێڕەوەکەی ڕێگەی پێ دەدات هەڵسوکەوت لەگەڵ حکومەت بکا، حکومەت دەتوانێ سەرپەرشتی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بکا.
سەبارەت بەوانەی کە پێڕەوی ناوخۆیەکەیان ڕێگەیان پێ نادات لەگەڵ حکومەت هەڵسوکەوت بکەن با پەرلەمان بڕیار بدا لیژنەیەک دروست بکرێ بۆ ئەم مەسەلەیە و راستەوخۆ پەیوەندییان پێوە بکات ولەم بارەیەوە زانیاری بە وەزارەتی هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی وئەنجوومەنی وەزیران بدا، دەبێ ئاگاداری هەموو شتێک بن وپەرلەمانیش لەرێگەی ئەوانەوە ئاگاداربێ.
٨- پرسیارێکی تر سەبارەت بەدامەزراندنی وەزیری داد (عدل) و وەکیلی وەزارەتەکان و پارێزگاکان کراوە. وەزیری داد تا ئێستا دا نەمەزراوە، بەنیسبەت وەکیلی وەزارەتەکانەوە لەتەواوبووندایە.
٩- پرسیارێکی تر دەربارەی خانووەکانی ئەنجوومەنی وەزیران وپەرلەمانە، وەکو ئێمە دەزانین ژمارەی خانووەکان (١٠٦) خانووە، بەشێکی سەربە (المجلس التنفیذی) بووە، هەندێکیشی سەربە (تشریعی) کۆن بووە، ئێستا خەڵکی تیایە و داوا دەکرێ چۆڵ بکرێ.. بۆ ئەوەی برایان ئەندامانی ئەنجوومەن کە دانیشتوی شارەکانی سلێمانی وکەرکووک و دهۆک-ن. تێدا نیشتەجێ بن، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بەو برا ئەندامانە بدرێ کە نیشتەجێی هەولێرن وخانوویان نییە، وەهەندێکیشی بە فەرمانبەران بدرێ، رایەکی تر هەیە دەڵێ: لیژنەیەک لە پەرلەمان پێک بهێنرێ بۆ ئەوەی بەجیدی متابعەی بکات و بە زووترین کات ئامادەی بکەن، چونکە پێویستیان بە چاککردنەوە هەیەو، وەزعی ئەندامەکان لە رادەبەدەر ناخۆشە.. ئەمە گشت ئەو پرسیارانە بوون کە بەرچاو سەرۆکایەتی ئەنجوومەن خرابوون.. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیار وایە سەعات (١٢) بێن بۆ ئێرە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس.. پرسیارەکان هەموو بەجێن، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرن پێشنیار دەکەم..سەرۆکایەتی ئەنجومەن تەنها لە هەر فراکسیۆنێک بواری یەک کەس بدا، تا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ چارەسەرێک بۆ قوتابییە دابڕاوەکان دانراوە؟، چ وەڵامێک هەیە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن تاقیکردنەوەی قوتابیان دووبارە بکرێتەوە؟.. چونکە چەند جار لەم بارەیەوە یاداشتمان بۆ هاتووە، ئەگەر لاریتان نییە، ئەم دووپرسیارەشی دەخەینە سەر.

**بەڕێز شەمائل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم، مادەیەک لەیاسای ئەنجومەنی وەزیران زیاد بکرێ، بۆ زامن کردنی نوێنەرایەتی کەمەنەتەوایەتیەکان لە وەزارەت ودامودەزگاکانی حکومەت، چونکە هێشتا یاساکە بەچاپ نەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا پێویستی بە دووپات کردنەوە هەیە؟..بڵێین کەمەنەتەوایەتیەکان لە وەزارەتەکاندا نوێنەریان هەبێ، چونکە لەیاسای ژمارە(١)دا لە جارێک زیاتر ئەمەی دووپات کردۆتەوە، هەروەها لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانیشدا ئەمە دووپات کراوەتەوە،سوپاس.

**بەڕێز شەمائل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسای ژمارە(١)دەقێکی ئاشکرای تیا نییە، ئاماژە بە بابەتەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ مادەیەکی تر بۆ یاساکە زیاد بکرێ، چونکە پەسەند کراوە.. بەڵام(دە)ئەندام بۆیان هەیە لەم بارەیەوە پێشنیاری(تعدیل)کردنی یاساکە پێشکەش بکەن، ئەوکاتە بابەتەکە شیاوی گفتوگۆ کردن دەبێ.. هەروەها لەبەر نەبوونی یاسای ژمارە(١-٢) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنیشدا پێشنیار دەکەم چاپ بکرێ و بەسەر ئەنداماندا دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک(د. محەمەد فازڵ)مان راسپاردووە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، کوردییەکەی تەواو بووە، تەنیا عەرەبییەکەی ماوە، بە شێوەی نامیلکە بەچاپی دەگەێنین، تەنانەت بەڵێنی ئەوەشیان پێ

داوین کە وەربگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزیش، گرنگ ئەوەیە ئەنجام بدرێ، چونکە زۆر کەس سوودی لێ وەردەگرێ، قسەکانی کاک سید حەسەن-یش روون وئاشکرا بوون ئەگەر شتێکی وەها هەیە دەیکەینە پێشنیار.

**بەڕێز شەمائل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ پێویست بوو ئاماژەی بۆ بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین(٣٢)ساڵە میللەتی کورد خوێنی دەڕژێ، پێشنیار دەکەم، پەرلەمان پرۆژەی بڕیارێک پێشکەش بکا بۆ دەست بە سەراگرتنی ماڵ ومولکی ئەو کەسانەی کە خیانەتیان دەرحەق بە میللەتەکەیان کردووە و دابەشی بکەن بەسەر هەژارو نەداراندا، سوپاس.

**بەڕێزعەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەقسەکانی مەلامەحمود دەکەم، ئەبێ بە یاسا چارەسەر بکرێ ولێبوردنیشیان بۆ دەرنەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەم پێشنیارە دەکەم، بەڵام واچاکترە بۆ ماوەیەک لێبوردنیان بۆ دەربکرێ، ئەگەر نەهاتنەوە ئەوسا ئیجرائاتیان دەرهەق بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت زانکۆوە، خوێندکاران ئەوانەی لەتاقی کردنەوە دەرنەچوونە، داوایان کردووە لە دەوری دووەم جارێکی تر تاقی بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک وەفدێکمان چووە دەرەوەی وەڵات، بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی کارگەی جگەرە لە کاغەزو فیلتەر، ئایا لە سەر کرینی رەزامەندی دەربڕاوە، یان نا؟، ئەو پارەیەی بردوویانە هێنایانەوە یان نا؟، چونکە خەڵک پرسیار دەکا دەبێ وەڵامیان بدەینەوە.

هەروەها وەکو دەزانین بایی چەند ملیون دینار(شت)بە ئەقساط بەخەڵک فرۆشراوە، پێشنیار دەکەم ئەو پارانە لە خەڵک وەربگیرێتەوە بۆ خەزینەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.فؤاد کاغەزێکی بۆم ناردووە.. دەڵێ من و کاک د.ڕۆژ، یان یەکێ لەوەزیرەکان کە داوای دەکەن ئامادەبین بێین بۆ ئەنجومەن ، بەڵام ئێستا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، منیش لەوەڵامیدا پێیانم ڕاگەیاند کە سەعات(١٢)ئامادەبن بۆ ماوەی یەک سەعات تا وەڵامی پرسیارەکانتان بدەنەوە، ئەوەیشی وەڵامی نەدرایەوە بۆ دانیشتنی ئاینده هەڵی دەگرین.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی حەز دەکەین وەڵامەکانیان بزانین، بەتایبەتی سەبارەت بەبازگەکان وگومرکەکان و بزانین کە چی کراوە لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە پرسیارەکان بەپەلەن، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندنیان بە بازگە وگومرکان ودیاردەی چەکدارییەوە هەیە، چونکە حەز دەکەین ئەو وەزیرانەی ئەوکاروبارانە بەرەو ڕوویان کراوەتەوە لێرە ئامادەبن، تا پرسیارەکانیان لێ بکەین، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ حەز دەکەین بزانین چییان کردووە؟، ئەگەر گیروگرفتیان هەیە تا یارمەتییان بدەین، وئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن بتوانین پەرلەمان بکەین بە دەزگایەکی سیاسی، لەباتی ئەوەی ئێمە پەنابەرینە بەر سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی وسەرکردایەتیی حزبەکان..بەپێی یاسا تەمەنی وەزارەتەکانیش بەتەمەنی پەرلەمانەوە بەستراوەتەوە هەرکاتێ پەرلەمان نەما وەزارەتیش نامێنێ..دوێنێ مانشێتێکم بینی لە ڕۆژنامەی حزبێکدا بڵاوکرا بووەوە دەڵێ بەمەرجێک لەوەزارەتدا بەشداری دەکەین سەرژمێری وهەڵبژاردن بکرێتەوە.. هەروەها کاک شێروان داوای ئەوە دەکا یاسای ژمارە(٢)کە ماوەکەی تەواو دەبێ، یان درێژ بکرێتەوە، یان پوچەڵ بکرێتەوە..ئایا هەڵبژاردن لە١٥/ ١٠دا دەبێ کە دەڵێ مەرجمان حەل کردنی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی یاساییەوە، تەمەنی پەرلەمان وەکو لەیاسای ژمارە(١)دا هاتووە تەمەنی(٣)ساڵە، دوای ئەو سێ ساڵە هەڵبژاردن دەکرێتەوە، لەجیاتی ئەو ڕێککەوتنە دەبێ تەعدیلی یاسایەکە بکرێ، ئەگینا ئێمە لەسەر ئەو یاسایە دەڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وتم ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی هەیە، ئەمە مەعنای ئەوە نییە، بڕیارەکانی ئێرە بەوێوە بەستراوەتەوە، تەنها هەندێ مەسەلە ماوەتەوە وموعەلەقە و دەمانەوێ یەکلای بکەینەوە و، بڵێین بەرەی کوردستانی کاری ئێوە سیاسەتەو هیچ پەیوەندیتان بەکاری دەوڵەتی وئیداری ودارایییەوە نەماوە، دەبوایە ئەمە لە(٦/١)ەوە وای لێ بێ، بەڵام کرا بە(٦/١٦)، دەمانەوێ ئەمڕۆش دووبارەی بکەینەوە کە لەمەولا بەڕێوەبردن ودارایی وخزمەت گوزاری سەر بە بەرە نەبێ، کاری ئەوان دروست بوونی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بوو، ئەوەش کۆتایی پێ هات،

لەمەولا هەرکارێکیان هەبێ دەبێ پرسیارەکانیان بەرەو رووی پەرلەمان بکەنەوە، وابزانم بەڕێز د. عیزەدین بە هەڵە لە من گەیشت. بە نیسبەت ئەوەشی کە لە رۆژنامەکەیاندا نووسیویانە گوایە بەمەرج بەشداریان لە وەزارەتدا کردووە(مەرجی حەل کردنی پەرلەمان وهەڵبژاردنی نوێ)، وا بزانم ئەوە رای حزبەکە خۆیەتی و..ئەو بڕیارە پێویستە لەلایەن ئەو دەزگایانەوە وەڵام بدرێتەوە کە بەرەو روویان دەبێتەوە..ئەگەر ئەو حزبە بەو مەرجە خۆی ببەستێتەوە وابزانم خۆی بڕیاری لێ داوە ولەلایەن کەسەوە پەسەند نەکراوە.. ئەوانەی بەشدارییان کردووە بە هیچ مەرجێک نەهاتوونەتە ناو وەزارەتەوە..بەڵام ئەوانەی مەرجیان هەیە، ئەنجوومەنی وەزیران مەرجەکانی رەت کردەوە و، ئەنجوومەنی نیشتمانیش ئەم بڕیارەی لەبەر بەرژەوەندی گشتی داوە، چونکە هەموو لایەک پێمان خۆش بوو هەموو لایەنەکان بەشداری لە پێکهێنانی وەزارەتەکەدا بکەن، بەڵام بەبێ مەرج، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

روون کردنەوەکەی د.کەمال لە جێی خۆی بوو، هەر حزب ورۆژنامەیەک هەرچی دەنووسێ ئێمە کارمان بەسەریانەوە نییە..ئێمە بەپێی یاسا کاردەکەین، هەموومان دەزانین یاسای هەڵبژاردن چی بۆمان دیاری کردووەو تاکەی؟ ..ئەگەر بەرەی کوردستانی بڕیاری ئەوەی داوە پاش هەڵبژاردن لە(١٠/١٠/١٩٩٢)دا جارێکی تر هەڵبژاردن بکرێتەوە، ئەوا هەر کاتێ هاتینە سەر ئەو خاڵە بڕیاری لێ دەدەین کە هەڵبژاردن بکرێتەوە، یان دوا بخرێ، وەکو لەیاساکەشدا ماوەکەی بە(٣)ساڵە دەسنیشان کراوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو برادەرەشی کە ئەو بابەتەی نووسیوە، دەڵێین: بۆ بەشدار بوون لەئەنجوومەنی وەزیراندا، مەرجی کەس قبوڵ نەکراوە، بەڵکو تەنیا لایەنەکان دەعوەت کراون بۆ بەشداری کردن لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، کە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش تەشریفیان هێنا چەند پرسیارێکی دیکەی دیاری کراویان رووبەروو دەکەینەوە، ئەوانی تریش بۆ دانیشتنی ئایندە دوادەخەین..

کاک سەعید یەعقوبیش پرسیارێکی کردووە سەبارەت بەکردنەوەی نووسینگەیەک یاخود مەرکەزێک، ئەمە پێویستی بە بڕیاری پەرلەمان، یان ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، کە پێوەندیی بەیاسای (کۆمەڵ ـ الجمعيات)وە هەیە.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لەوحزبانەی کە بەشداریان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دا نەکردووە دەیانەوێ گێرە شێوێنی دروست بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خوا یار بێ گێرەشێوێنی دروست نابێ، یاسای حزبەکان یان لەلایەن وەزارەتی داد، یان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ، هەرکاتێکیش ئەو یاسایە دەرچوو ئەو گیروگرفتانە چارەسەر دەکات.

**لەو کاتەدا بەڕێزان سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران و بەڕێزان وەزیری پەروەردەو دارایی و پێشمەرگە و ئەوقاف، تەشریفیان بۆ هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان هێنا، بۆ وەڵامدنەوەی پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجوومەن.**

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو پرسیارانەی کە بەرچاوخراون، وەزیری پسپۆڕ وەڵامی هەریەکەیان دەداتەوە، بەڵام رەنگە لەبەر هەندێ(ئیعتباراتی)ئەمنی نەتوانین بەدوور ودرێژی باسی هەندێکیان بکەین، بەکردەوەش هەندێ کەس دەستگیر کراون بەڵام ناتوانین بڵێین ئەوانە کێن وکێ نین؟.

کاک د.رۆژ زانیاری وردتری لاهەیە، بەنیسبەت وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە ئێمە پێش بینی ئەوە ناکەین لەماوەی(٢٤)سەعاتدا هەنگاوی عەمەلی هاوێشترابێ بۆ یەکخستنی پێشمەرگە چونکە بەرنامەکەی پێرێ پەسەندکرا، ئەوجا هەریەکە لە بواری ئیش کردنی خۆیدا هەنگاو دەنێ بۆ ئەوەی ئیشوکاری خۆی جیبەجێ بکات، ئەمڕۆش سەر کردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆ دەبێتەوە بۆ دانانی کۆمیتەیەک تا هەر یەکە لەو حزبانەی کە لە دەرەوەی پەرلەماندان بەشداری بکەن لە دانانی پلانێکدا بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە. بەنیسبەت مەسەلەی گومرکەوە، بەڕێزد. سەلاحەدین حەفید بە دووروودرێژی سەبارەت بە مەوزوعەکە قسەتان بۆ دەکات، بەڵام ئەوە نییە بووترێ رۆژانە چەندمان دەست دەکەوێ وبیهێنینە ئێرە و، بزانین پارەکە چی لێ هات..لەگەڵ رێزمدا بۆ برادەران پرسیار وا ناکرێت، بەڵام بەم شێوەیە دەکرێت، بەتەمای چین وبەرنامەتان چییە؟..

جگە لەوەش برادەران هەر یەکە لە بواری خۆیدا وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەرکی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر ئەستۆی پۆلیس، لەبەر ئەوە واچاکە باسی ئەوە بکەین چی کراوە و چی بکەین، توانامان چەندە؟ ئەگەر واقیع بینانە سەیری وەزعی پۆلیسی کوردستان بکەین، وەزعیان باش نییە نە لە رووی ژمارەوە، نە لە رووی تەکنیکییەوە ونە لە رووی تواناوە، هەروەها لە بارەی هاتووچۆشەوە وەزعیان خراپە، کەچی ئێمە ئەرکێکی گەورەو گرانمان خستووەتە سەرشانی پۆلیس وداوایان لێ دەکەین جێبەجێی بکەن وهەروەها ئیشوکاری هیچ وەزارەتێک بەرێوە ناڕوات ئەگەر پۆلیس نەیپارێزێ، لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کرد دەبێ پشتگیری لە دامو دەزگاکانی پۆلیس بکرێ و، بەرنامەیەکی رێکوپێکی بۆ دابرێژرێ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆبوونەوە کراوەو ئەنجامەکەیمان بە ئەنجوومەنی وەزیران راگەیاندووە.

بەنیسبەت ئەو تەقینەوانەی کە ئەنجام دەدرێ، جیهازی تایبەتیمان نییە چاودێری وموتابەعەی بکات.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پارێزگای سلێمانی ودهۆک رووبیان داوە چەند شتێکمان دۆزیوەتەوە کە جێگای دڵ خۆشییەو، توانراوە لە سلێمانیدا چەند کەسێک کە پەیوەندیان بەتەقینەوەکەی بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکانەوە هەبوو دەست گیر بکرێن، هەروەها لێتۆژینەوەش دەکرێ لە مەسەلەی تەقاندنەوەی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە بۆ لەناوبردنی مەدام دانیال میتیران ساز درابوو، چەند تاوانبارێک وگومان لێ کراوێک کەشف کراون.. هەروەها بەنیسبەت ئەوەی دهۆکەوە تاوانبارەکە تەسلیمی(حلفاء)کراوە، لەبەر ئەوەی جیهازی پسپۆڕمان نییە، بەچاکمان زانی ئەو ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی..

بەنیسبەت دابەشکردنی پۆلیسەوە، پاش دیراسەکردنی وامان بە باش زانی کە:

١- بژاربکرێن. ٢- ئەوانەی تەمەنیان تۆزێ گەورەیە لەشوێنێکی گونجاو دابنرێن وەکو گومرگ و حیراساتی تایبەتی.

پاش رێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان گەیشتنە ئەوەی بۆ سلێمانی و هەولێر هەریەکەیان (٥٠٠ )پ.م وەبۆ کەرکووک ودهۆکیش هەریەکەیان(٢٥٠ )پ.م بۆ تەرخان بکرێ. نیازیشمان وایەکە:

- عەفوویەکی گشتی دەرکەین بۆ ئەو ئەفسەرو پۆلیسانەی کە ئێستا ئیش ناکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەرکارەکانی خۆیان.
- داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە بکەین، بارەگای پێشمەرگەکان ببەنە دەرەوەی شارەکان.
- داوا لە هەموو حزبەکان بکەین چی تر بازگە(سیطرة)لە سەر رێگاکان دانەنێن.
- کردنەوەی بەندیخانەیەکی مەرکەزی لە سپیلک لە پارێزگای هەولێر وکردنەوەی گرتووخانە یەک لەسلێمانی و کەرکووک ودهۆک.

- داوا لەحزبەکان بکەین بەزووترین کات(مخفر)ی پۆلیسەکان چۆڵ بکەن.
- داوا لەحزبەکان بکەین کە ئۆتۆمبیلی دامودەزگاکانی پۆلیس بگێڕنەوە.
- بازگەکانی خەتی رژێم پێشمەرگە وپۆلیس تیای دا هاوبەش بن.
- مووچەی پۆلیس زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمەد رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باحەرەسی حزبەکانیش پۆلیس بن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونکردنەوەکانی د.رۆژ لەجێی خۆی دا بوو، تکامان وایە پەلە بکەن بەتایبەتی لە مەسەلەی بازگە و گومرکان، بەهاوکاری پێشمەرگە، بۆ دڵنیابوونیش ئەمە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی بەڕێزد.رۆژ هەموو لە جێی خۆی بوو بەلام:-

١-دەبێ یاسایەک دابنرێ بۆ دیاردەی چەکداری لەناو شارەکاندا، بارەگاش بۆ پێشمەرگە دروست بکرێ.

٢-راستە دەزگای پۆلیس نەماوە، بەلام پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەڵێنیان داوە کە هەر لایەنێکیان(٥٠٠)پێشمەرگە بە چەکەکانیانەوە بۆ ئەم دەزگایە بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت گومرکەوە لەو رۆژەوە بڕیار دراوە بکەوێتە ژێر دەسەلاتی وەزارەتەکمانەوە، ئیجرائات وەرگیراوە، لەسەردەمی رژێمدا ئەم دەزگایە فەرمانبەری کەم بووەوتەنیا(٦)فەرمانبەری هەبووە کە(٣)یان ئافرەت بوون، بەلام ئێمە لیژنەیەکمان بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوە و ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە بێ ئیشوکارنەمان لە گومرک دامەزراندووە و، لەلایەن فەرمانبەرێکی ژمێریاریەوە پارەکە وەردەگیرێ ودەخرێتە بانکەوە، بەنیسبەت سلێمانیەوە رۆژانە دەخرێتە بانکی سەلامەوە، لە هەولێر بانکی ئاراس ولە دهۆکیش بانکی دهۆک.. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دزو جەردە هەیە کە بەناوی حزب یان کەسانەوە بازگەی گومرکیان داناوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پارەیەی کە وەری دەگرن پسولەی تایبەتی هەیە؟.

**بەڕێ سەلاحەدین محەمەد حسەن حەفید زادە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لە چاپخانەی زانکۆ ژمارەیەکی زۆر پسولەمان دروست کردووە، ئیستمارەی یەکگرتوومان هەیە، بەڵام ئەوە ماوەی(١٠)ڕۆژە سنوور داخراوە و داهات کەم بووەتەوە.
سەبارەت بە دهۆک یەک(خاڵ)هەیە ئەویش لە(ابراهیم خلیل)ەو، لیژنەیەکی بۆ نێردراوە، بەڵام لیژنەکە ئیلتیزاماتیان لە نێواندا هەیە لەگەڵ بەرەی کوردستانی دهۆک، بەرەی کوردستانی لە دهۆک دەڵێن دەبێ ٥٠٪ی داهاتەکە بەرن، چونکە ئیلتزاماتیان هەیە وە،(١٧)ملیۆن دینار لەبانک بووە لەلایەن بەرەوە وەرگیراوە، ئەمە سێ چوار ڕۆژە (٥) ملیۆن دینار کۆکراوەتەوە، هەر وەکو خۆتان ئاگادارن خەرجی وەزارەتەکان لەسەر بناغەی ئەبواب و بەش و بڕگەکانەوەیە، داوایان لەوەزارەتەکان وپارێزگاکان کردووە کە زیاتر گرنگی بە مووچە بدەن تا لەبەردەستماندا بێ وە(بەشە)ەکانی تر کە پەیوەندییان بەکڕینی شتوومەکەوە هەیە رایان بگرن، دووەم شتیش کڕینی گەنمە(دانەوێڵە)ئێستا لە دهۆک هەزار تەن گەنم و دووهەزار تەن جۆکراوە؟! بەڵام بەنیسبەت شاری هەولێر وسلێمانیەوە هیچ نەکراوە، چونکە خەزێنە خاڵییە..جگە لەداهاتی گومرگیش داهاتی ترمان هەیە وەکو باجی خانووبەرە و کارەبا وئاو وقەرزی بانکی زەراعی وقەرزی بانکی عەقاری، هەروەها ئیجرائات بەرامبەر بەپارەی قەڵپ وەربگیرێ وچارەسەری بۆ دابنرێ، دوێنێ لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکان کۆبوومەوەو نیازمان هەبوو باسی مەسەلەی پارەی قەڵب بکەین و تا بڕیارێکی پێ وەربگرین..بۆ ئەوەی مامەڵە بەوپارەیەوە بکرێ، پێویستی بەسەنەدی قانونی نییە، چونکە لەناوسنووری دەوڵەتدا مامەڵەی پێوە دەکرێ، ئەوەی وەریشی نەگرت سزا بدرێ،سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەکانی د. سەلاح قسەی ترم هەیە، ڕاستە تائێستا سەرچاوەی دەسکەوتەکان لە ژێر دەسەڵاتی بەرەو چەند حزب دا بووە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە ئەرکی پێشمەرگە وماڵە شەهیدەکانیان لە ئەستۆدا بووە، نابێ تەنیا مووچەی فەرمانبەر حیساب بکەین وپێشمەرگە پشت گوێ بخەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە دراوی تر بە کاربێ؟ هیوادارین مووچەی فەرمانبەرانیش خەرج بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەترسی لە بەکارهێنانی دۆلار هەیە.

**بەڕێزد. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ باسی ئەوا کرا لەسەر سنوورەکان مامەڵە بەلیرەی تورکی و دۆلاری ئەمریکی بکرێ، هەروەها لەدهۆک پرسیاری ئەوەیان کرد ئەگەر ڕێمان پێ بدەن شتومەک لەتورکیاوە بۆ ئێران دەبەین بەناو خاکی کوردستاندا بەرامبەر بەوە دۆلارمان پێ بدەن. هەروەها لەبازاڕی شێخەڵڵا مامەڵە بە دۆلارەوە دەکرێ، زەحمەتیشە ئیجرائات بەرامبەر بەبازاری ڕەش بکرێ، چونکە ڕۆژانە پارەی قەڵپ دەهێنن ودولاری پێ دەکرن، بەڵام هەوڵ بدرێ کەم بکرێتەوە وەپارەی پاشەکەوت بە دۆلار بێ، چونکە نرخەکەی جێگیرە، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەکار هێنانی دراوی تر لە بازاڕی خۆماڵی دا بەپلەی یەکەم دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی دیناری عێراقی، بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر ئاستی گوزەرانی مووچە خۆران، وەرگرتنی هەر بڕیارێک لەم بارەیەوە دەبێ بەجدی وەربگیرێ، چونکە مامەڵە کردن بە دراوی جۆراوجۆرەوە کاردانەوەی خراپی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رەنگە وەزیری دارایی وئابووری باشتر بزانێت کە دەرەنجامی سلبی زۆر خراپی هەیە لە سیستەمی پارەگۆڕینەوەدا، چونکە پارەی خراپ جێگەی پارەی باش لەق دەکات: (العملة الردیئة تطرد العملة الجیدة) ئەم راستییەش لەکوردستاندا بەرچاو دەکەوێ.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

روون کردنەوەکە سەرنجی بۆ ئەوە راکێشام کە پارەی قەڵب بەپارەی ئەسڵی یەکسان بکەن، دەستیش بەسەر بازاڕو بازرگانەکاندا بگرن. لەراستیدا بازرگانەکان چاو چنۆکن وتەنها خەمی پڕکردنی گیرفانی خۆیانە، بەڵام حکومەتی هەرێم خەمی جەماوەریەتی، ئەوان ملیۆنەها دۆلار بەبیرە و کەمالیات ئەدەن لەکاتێکدا جەماوەر پێویستی بەشتی بناغەیی هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە باشتروایە، دەسەڵاتێکی ناوەندی هەبێ بۆ کردنەوەی فرۆشگا لەشارەکاندا و، هەروەها یەکسان کردنی پارەی قەڵب بە ئەسڵی دەبێتە هۆی ئەوەی نرخ لەسەر کڕیار هەرزان بکا، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو باسم کرد، لەپێشا دەبێ گرنگی بەمووچە بدەین، بەڵام ئەگەر ١٠٠٪ مووچە بدەین، هیچ پارەمان بۆ کڕینی گەنم نامێنێتەوە، چونکە زۆربەی فەرمانبەران چوار مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، تەنیا داهاتیش گومرکە، لەبەر ئەوە دەبێ بیرلەوە بکەینەوە داهاتمان زیاد بکەین، وەفدی حکومەت وپەرلەمان بۆ دەرەوە بڕوات ولە دۆستەکان داوای قەرز بکەن، کوردەکانیش هەڵمەتی پێتاک کۆکردنەوە بدەن، چونکە نزیکەی(٤٠٠)هەزار کورد لەدەرەوەیە و، هەروەها لەگەڵ ژووری بازرگانی کوردستان کۆبووینەوە و، دەربارەی چۆنیەتی یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم دووایین، ئەوان وتیان ئەگەر ڕێگە بدرێ بازرگانمان هەیە دۆلار دەکڕێ وشت لەدەرەوە دەهێنێ وە(گرنگی)بەمەوادی خواردەمەنی بدرێ، ئێمەش پێیانمان گوت ناوەکان بێنن تا ڤیزەیان پێ بدەین وکارەکانیان بۆ ئاسان بکەن و،گومرکیش لەمەوادی خواردەمەنی وەرنەگرین. لەکاتێکدا ئێستا لە سنوورەوە تا ناوهەولێر لە(١٠)شوین زیاترگومرکیان لێ وەر دەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسیح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پرسیار ئاراستەی ئێمەکراوە یەکەمیان بەنیسبەت قوتابیە دابڕاوەکانەوەیە کە لەپلەی زانستگاو خوێندنی باڵادان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم قوتابیانە هیچ نەکراوە، چونکە تاکو ئێستا لیژنەی فێرکردنی باڵا لە ئەنجوومەنی وەزیران دانەمەزرێنراوە.
سەبارەت بە قوتابیانی پۆلی شەشی سەرەتایی وسێی ناوەندیش بڕیار وابوو لە ئەنجوومەنی وەزیران باس وچارەسەر بکرێ، چونکە ڕژێم بڕیارێکی ئیستسنائی دەرکردووە،بۆ ئەوەی بچنەوە لای ڕژێم تاقیکردنەوە بدەن، ئایا ئەوەی لەلای ڕژێم ئیمتیحان دەداتەوە مافی ئەوەی هەیە لێرە لە پۆلێکی تر دەوام دەکات؟ ئەمە پێویستی بەبڕیارێک هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی سەبارەت بەو قوتابیانەی زانکۆ کە ئەمساڵ لەخولی یەکەم دەرنەچوونە؟.

**بەڕێز د. ناسیح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە پەیوەندی بەلیژنەی باڵاوە هەیە، بەڵام بەنیسبەت قوتابیانی شەشی ئامادەییەوە بڕیارێکی حکومەت هەیە هەموو عێراق دەگرێتەوە، چونکە بڕیارەکە گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئێمە تاقیکردنەوەکان نەکەینە دوو بەشەوەو ناچار نەبین بڕیاری ڕژێم جێبەجێ بکەین، چونکە سوودی خوێندن دادەبەزێ، ئەوانەی لەساڵی(١٩٥٨)بە(زەحف)دەرچوون تاکو ئێستا لە ئەوروپادا باوەڕ بەشەهادەکانیان ناکەن. ڕژێم ئەو بڕیارەی دەرکردووە بۆ ئەوەی خەڵک پەنای بۆ بباتەوە، خوێندنیش زۆر بە ڕێکوپێکی ڕۆیشتووە تاقیکردنەوەکان دژی قوتابیان نەبووە، بەڵام ئەوە هەیە بوار نەدراوە قۆپیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێزد. ناسیح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بیرو بۆ چوونم هەیە، مەسەلەکە پێویستی بە بڕیارێکی پەرلەمان هەیە.. پێویستیشە بڕیارێکی تایبەتی دەرچێ بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی شەهادەکەیان تەعادلی پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوانەی دوورخراونەتەوە یان خانەنشین کراون، هی وا هەیە دەساڵە خانەنشین کراوە یان دەساڵە دەرکراوە بەبێ ئەوەی قۆناغەکانی پلەو پایەی بەشێوەیەکی ئوسوڵی بڕیبێ، ئێستا بێین بیکەین بە عەقد لەجێی خۆیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێزد. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێی ئەوەی کە لە موفاوەزات لەگەڵ حکومەت داوامان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو جۆرە نووسراوم لەبەر دەستدایە کە دەست بکەین بە ڕوتبەدانان، ئەم دوو نووسراوەش لە پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆمان هاتووە، دوو ئەفسەر کە یەکێکیان سەر بە پارتییەو ئەوی تریان سەربە یەکێتییە و، دەستوورو قواعدیان بۆ گێڕانەوەی ئەو ئەفسەرو پلەدارانە داناوە و، هەردووکیان چوون یەکن وهیچیان لەیەکتری زیادو کەمتر نییە، لەو بڕوایەدام هیچ گیروگرفتێک لەم ڕووەوە نابێ، لە دانوستانیشدا لەگەڵ حکومەتدا داوامان کرد ئەوانەی کە لەسەر کوردایەتی دەرکراون ودوورخراونەتەوە چ ئەفسەرین و، چ

مفەوەزبن بە گوێرەی مافی خۆیان وەکو هاوکارەکانیان کەلە(مسلك)دابوون و ،روتبەیان پێ بدرێ، تەرفیع بکەن.. بەڵام دەبێ هەندێ قەواعد رەچاو بکرێ کە پۆلیس وسوپا پێشنیاریان لەو بارەیەوە پێشکەش کردووەو، لە رووی یاسایییەوە وەک یەکن وهیچ جیاوازییەکیان نییە، مەسەلەی تەمەن ولیاقەی بەدەنی ولێهاتووییش دەبێ رەچاو بکرێ ، ئەمەش لەشوێنی خۆیدا دەتوانرێ لیژنەیەکی بۆ پێک بهێنرێ وبڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی روونکردنەوەکەی کاک د.رۆژ ئاشکرابوو کە ئێمە لە گەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکاندا مفاوەزاتمان کردووە و ،یەکێک لەو خاڵانەی کە باسی لێوە دەکرا گێڕانەوەی ئەو خەڵکانە بووە کە بەهۆی کوردایەتییەوە دەرکراون، بۆ مەبەستی مووچەو پلە بەرزبوونەوەو خانەنشین کردن،دەبێ ئێمە پێشوازی لە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بکەین کە بڕیارێکی وایان وەرگرتووە، چونکە ئێمە لە حکومەتی عێراق داوای ئەوەمان دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەڵامەی کە د.رۆژ باسی کرد شتێک بوو پێویستی بە بڕیار هەبوو، ئێمەش دامان ڕشتووە، ئەو ئەفسەرو پلەدارانەی کە لە ناو سوپاو پۆلیسدا لەکار دوورخراونەتەوە لەسەر کوردایەتی و بەشێکیان دەرکراون وبەشێکیان خانەنشین یان گوێزراونەتەوە بۆ شوێنێکی تر،ئایا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەسەڵات دەدا بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دابین کردنی گەڕانەوەیان بۆ ئەو پلەو پایانەی کە حەقی خۆیانە؟ ئەویش بە پێی ئەو پێڕەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ کارمەندەکانیان دای دەنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینییەک هەبێ وابزانم مافی خۆمانە پەلیژنەی یاسای بدەین بۆ ئەوەی تەماشای بکاو بۆمانی روون بکەنەوە.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوانەی دوورخراونەتەوە یان خانەنشین کراون، هەندێکیان(١٠)ساڵ زیاتر دوورخراونەتەوە، یان خانەنشین کراون، قۆناغەکانی خۆیان نەبڕیوە تا بکرێن بەعەمید یان عەقید، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی ئەوەی لە دانوستان لەگەڵ حکومەتدا داوامان کردووە پلەو پایەیان پێ دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدانوستنان لەگەڵ حکومەتدا داوامان کرد ئەوانەی کە لەسەر کوردایەتی دەرکراون چ ئەفسەربن چ مفوض بن بەپێی حەقی خۆیان روتبەیان پێ بدرێ وەکو برادەرەکانیان کە دەوامیان کردووە..بەڵام دەبێ هەندێ(ضوابط وقواعد)دابنرێ، وەزارەتی ناوخۆ و، کاروباری پێشمەرگە لەم بارەبەوە بیریان لێ کردۆتەوە و پێشنیارێکیان پێشکەش کردووە، کە چوون یەکن ولەرووی یاساییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییەو، مەسەلەی تەمەن، لیاقە بەدەنی ولێهاتوویش رەچاو دەکرێت..بەنیسبەت ئەمانەوە هەرکەسە لەشوێنی خۆیدا لە دائیرەی خۆیدا دەتوانرێ لیژنەیەکی بۆ دروست بکرێ وبڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەکەی کاک د.رۆژ ئاشکرایە، ئێمە لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان باسی ئەو خاڵەمان کردووەو دەبێ ئەو خەڵکانە بۆ خزمەت بگێردرێنەوە و ئەو ساڵانەشیان بۆ بە خزمەت حیساب بکرێ، کە بەهۆی کوردایەتییەوە لێی بێبەش بوونە بۆ مەبەستی سەرمووچە(علاوة) وپلە بەرزبوونەوەو خانەنشینی، وابزانم شتێکی زۆر سروشتییە لەپەرلەمان دا پێشوازی لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بکەین کە بڕیارێکی وایان وەرگرتووە، چونکە ئەگەر ئێمە لە حکومەتی عیراق داوا بکەین ئەمە پیادە بکا چۆن دەبێ خۆمان دژی بوەستین. بەڵام دەبێ(ضوابط) بۆ دابنرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو(ضوابط)انەی کەدانراون بەپێی یاسا هەندێ لە(مفوض)ەکان دەبن بەنەقیب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام پێشنیارەکە لەگەڵ یاسادا دژ یەک نین، ئەوا پێویستە وەکو پێشنیارێک بیخەینە دەنگدانەوە، یاخود بیکەینە یاسا، جا با لیژنەی یاسا گەلاڵەی بکا.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پڕۆژەیەی کە لەلایەن بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگری سەرۆک وەزیران

پێشکەش کرا، بۆ ئەوەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ڕەزامەندی خۆیان لەسەر دەبڕن و، دەسەڵاتیان هەبێ ئەو بەرنامەیە پیادە بکەن، ئەوجا ئێوە دەسەڵات بە وەزیری ناوخۆ دەدەن یان نا؟ تاکو ئێستا ئەو بیرۆکەیە نەبووە بەیاسا.

من وکاک د.ڕۆژ لەئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەوەمان دەکرد لە هیچ یەکێک لە ئێمە مافی ئەوەمان نییە(مخاطبة)ی وەزارەتەکان بکەین، چونکە یاسامان نییە، ئەوەش پێویستی بەرەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باپرۆژەی یاسای وەزارەتەکانتان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر یاسا نەبوو دەبێ ڕەزامەندی ئێوەی پێ وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو ئاشکرایە، هەمووشتەکان بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ دەگەڕێتەوە، چ گومرک چ پاراستنی بێگانەکان و،چ پاراستنی دایەرەکان، باشە چۆن پۆلیس دروست دەکرێ ئەگەر هەیکەلێکی بۆ دروست نەکرێ، هەیکەلیش پێویستی بە ئەفسەر و پلەدار هەیە، ئەگەر چی کاتییش بێ دەبێ سەرچاویەکمان لابێ بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکەین، تاوەکو یاسا جێگیر دەبێ وهەمووشتەکان دەست نیشان دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو مەبدەئێک پەسەند کراوە، بەڵام یاسایەک نییە ئێوە پیادەی بکەن، ئێوە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەی یاسایەک گەڵاڵە دەکەن وپێشکەشی دەکەن، یان وەزارەتی ناوخۆ پرۆژەکە بە ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەش دەکاو ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاری لەسەر دەدا، پاشان بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەدرێ تا پەسەندی بکا.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم تا چ رادەیەک پێویستی بە یاسا هەیە، بەکورتی ئەم کێشەیە بەو شێوەیە بەرچاو دەخرێ، ئەو ئەفسەرانەی لەسەر کوردایەتی دوو خراونەتەوە بگێڕدرێنەوە شوێنی خۆیان، هەر وەزارەتێک خۆی قەواعدی دانانی روتبەکانیان بۆ دادەنێ وەکو هاو خزمەتەکانیان، پەرلەمان بەم شێوەیە

دەتوانێ بڕیاری بۆ دەربکا وپێویستی بە یاسا نییە، بەڵکو پەرلەمان دەسەڵات بە ئەنجوومەنی وەزیران بدا خۆمان دەتوانین شێوەیەکی بۆ بدۆزینەوە، ئەو ئەفسەرانەی بەهۆی کوردایەتییەوە دەرکراون یان خانەنشین کراون وەکو هاوڕێکانیان کە لە مەسلەک دان روتبەیان پێ بدرێ، وەبەپێی (قواعد) کە وەزارەتە پسپۆڕەکان دایدەنێن،ئیترکێشەکە ئەوەندە ئاڵۆز نییە، تاکو پێویستی بەو هەموو گفتوگۆیە هەبێ، یان لیژنەی بۆ دروست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە با یاساناسەکانمان لەم بارەیەوە قسە بکەن بۆ ئەوەی گیروگرفت دروست نەبێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەوەی د. فوئادو د.رۆژ باسیان کرد، لەجێی خۆیەتی و دەتوانین پشتگیری لێ بکەین، هەر ئەمڕۆش دەتوانین بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نووسراوە (لەسەر کوردایەتی)، باشتروایە بنووسرێت لەسەر بیرو باوەڕ، چالاکیی سیاسی، چونکە هەیە لەسەر دژایەتی کردنی دیکتاتۆریەت دەرکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وردی بکەینەوە لەوەیە زۆرشت بگرێتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە باسی کوردستان دەکەین، ناتوانین کوردایەتی لەفیکرو ئایدیۆلۆجیەت دەرهاوێژین، کە دەڵێین لەسەر کوردایەتی بووە ئەشێ سەر بەهێزێکی ئیسلامی یان شیوعی بووبێ، بەڵام مەسەلەکە لەسەر کوردایەتی وکوردستان بووە، هەرچی لەسەر کوردستان بووە چ شیوعی بێ چ ئیسلامی بێ کەلەسەر ئەنجامی هەڵوێستێکی سیاسی، کوردایەتی بێ ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەگەر بەو وردەکاریە دیقەتی بدەین هەموو شتێک دەبێ بژمێرین هەر کەسێکیش لە کوردستاندا لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی نەبێ حەق نییە خەباتەکەی بەو شێوەیە بۆ حیساب بکەین، چونکە کەسێک لە کوردستاندا ژیانی بێ وهەستی لەگەڵ کوردا نەبوو بێ وابزانم وەزعەکەی جیاوازە لەبەر ئەوە وشەی کوردایەتی گشتیە، تورکمانیش دەگرێتەوە، شیوعیش دەگرێتەوە، هەموو ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە لە کوردستاندا بوون و وەزعیان بەدەست رژێمەوە باش نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق/وەزیری هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من هەرشتێک پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدا دەبێ بەیاسا، بڕیار بۆ حکومەتە و، یاساش بۆ پەرلەمانە،بەرای من ئەو پڕۆژەیەی برادەران لێرە ئامادەیان کردووە نەدەبوایە بە لیژنەی یاسا بدرایە تا گەلاڵەی بکردایەو ئەوجا بەرچاو ئەنجوومەن بخرایە تا بڕیاری لەسەر بدا، هەروەها پێویست بوو ئەوەشی بخرایەتە سەر کە وەزارەتەکان بۆبان هەیە جێبەجێی بکەن، چونکە هەندێک لەو ئەوفسەرو پلەدار وپۆلیسانە کە لەسەر ئیشەکەیان لابراون، ئێستا سەر بەدەوائری ترن، لەبەر ئەوە دەبێ جۆرە ڕێککەوتنێک لەو بارەیەوە لەنێوان دایەرەکاندا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی کاروباری ناوخۆ ئیستیمارەیەکیان دەرکردووە وتیایدا نووسراوە لەسەرچی دەرکراوە، ئەوەی لەسەر نیشتمان پەروەری وکوردایەتییە ئاشکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە دەیخەینە دەنگەوەو ئەوەی لەگەڵ پێشنیارەکەدایە تکایە بادەست بەرز بکاتەوە. دەست بەرزکرایەوەو ئەنجوومەن بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

بەم شێوەیەش کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆک** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٨)

یەک شەممە رێکەوتی ٢٦/٧/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٨)

## یەکشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی یەک شەمە رێکەوتی١٩٩٢/٧/٢٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی یەکەمی خۆی بەست.***
***لەپێشدا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا وئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلەوە دانشتنەکەی دەست پێ کرد.***
***بەرنامەی کار:***
***بەدواداچوونی کاروبارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەخێر هاتنی کۆمەڵێکی خەباتگێری کوردستانی تورکیا دەکەین کە ئەمرۆ بەسەردان هاتوونەتە کوردستانی ئازاد، وپێیان خۆش بوو لە نزیکەوە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان ببینن، ئێمەش بەناوی ئێوەوە جارێکی دیکە بەخێر هاتنیان دەکەین وهیوادارین ئەم دانیشتنە وئەم چاو پێکەوتنانە سوود بەخش بن وجارێکی تریش بەخێر بێن. لە دانیشتنی پێشوودا ئەوە بوو هەندێ پرسیارمان سەبارەت هەندێ کێشە هەنووکەیەکان ئاراستەی بەرێز سەرۆک وەزیران وبەرێز جێگرەکەی وژمارەیەک لە وەزیرەکان کرد، ئێستا پاشماوەی ئەو کێشانە لەگەڵ بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی و وەزیرە بەرێزەکاندا بەسەر دەکەینەوە، هیواداریشین وەکو جاری پێشوو لەهەر گرووپێک چەند کەسانێک بیرورا دەربرن بۆ ئەوەی کات بەفیرۆ نەروات، هەتا پێشمان بکرێ لەم کۆبوونەوەیەدا لە کاروبارەکانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی وئابووی دەکۆڵینەوە، فەرموون.

**بەرێز د.کمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە بەلامانەوە واباشە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر باسێک کاتێک دیاری بکرێت، ولەوکاتەدا لە هەر گرووپێک چوارکەس رێگای قسەکردنیان پێ بدرێ، ئەگەر مەسەلەیەکی زۆر پێویست هاتە پێش وبە پێویستمان زانی بەردەوام بین لەسەر باسەکە، ئەوا سەرۆک کوتلەکان لەکاتی خۆیدا ئاگادارتان دەکەنەوە، وابزانم برایانی کوتلەی زەردیش لەم بارەیەوە هەمان رایان هەیە، ئەگەر چ بیرورای تر هەیە بابیلێن، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـــۆ تۆمــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمـە پشـتـیـوانی لەم پێشنیـارە دەکەین وئەوە بوو دانیـشـتـنی پێشوو بڕیارمـان دا، کە هەر کوتلەیەک یەکێک قسە بکات وبەهەر حاڵ چوارکەس باشترە وەکو کلک، د. کمال فەرمووی، چونکە لەوانەیە مەوزووعەکە دەوڵەمەندتر بکرێ وزۆر ڕێکوپێکتر وباشتربێ، سوپاس .

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەمرۆ بۆ یەکەم جارە تەلەفزیۆنەکانی کوردستـان ئەم کۆبوونەوەیەمان بۆ دەگوێزنەوە، هیـوادارم سەرکەوتووبن، چونکە تاقی کردنەوەیەکی نوێیەو وابزانم یەکەم جارە شتی وادەکەن.

**بەڕێز نەهلە مـــحــــمـــد ســـەعـــدوڵلا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا باسی سووتەمەنی زستانمان کرد، ئێستا بابزانین ئەنجوومەنی وەزیران چ هەنگاوێکی ناوە بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ زستان؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پرسیـارەکە پتر ئاراستەی کاک ئەمین مەولوود وەزیری پیشـەسازی و وزە دەکرێ، کە ئێستاکە ئامادە نیـیـە، بەڵام لە ئەنجـومـەنی وەزیران ئەم مـەسـەلەیە بـاس کـراوە هەندێ چارەسـەریشی بۆ دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەناوی وەزارەتی ناوخۆ ولەسەر داوای پارێزگاکان بەرەسمی داوامان کردووە کە بەشی حزبەکان لە ٥٠ ٪کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحــــمـــد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من سێ پرسیارم هەیە ئاراستەی وەزیری ناوخۆی :

١ـ دەکەم لە زاخۆوە تاوەکو هەولێر زیاتر لە (١٠)بازگە هەیە، هەمووشیان بێ سەروبەرن.

٢ـ هەوڵ بدرێ پردی قـەندیل چاک بکرێتـەوە، چونکە لە ڕووی سـتـراتـیـجـیـیـەوە گرنگە و، زستانیش لە پێشمانە وپرسیار دەکەم، ئایا وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن ئاگاداری ئەم پردەیە؟.

٣ـ ئەو کارگەی بەردو زیخ وچیمەنتۆیەی کە لە قەندیلە خەریکە دەفرۆشرێت و، ئەم کارگەیە زۆر گرنگە بەنیسبەت کاروباری ئاوەدان کردنەوە و،نابێ بوار بدەین کە بیفەوتێنن و، پرسیار

دەکەم ئایا هیچ شتێک کراوە کە ئەم کارگەیە چاک بکرێتەوە ونەفرۆشرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

بەنیسبەت زۆر بوونی بازگە، دیاردەیەکی نائاسابیە لە کوردستاندا و بەشێکی زۆری ئەم بازگانە نارەسمین و، ئێمە بە مەبەستی پاراستنی ئەمن وئاسایش وگومرکەوە ئەم بازگانەمان دەسنیشان کردووە، ئەوانەی کە رەسمین وهەر بازگەیەکی تر هەبێ جگە لەمانە رەسمی نین و،بەڵکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیارێکیان دەرکردووە کە هەر بازگەیەک جگە لە بازگە رەسمیەکان هەبێت بۆ ئیشی خراپەکاری و دژ بەیاسا ودژ بە ئاسایش و ئەمنی هاووڵاتییان دانراون، دەبێ محاسبە بکرێن. ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ نووسراوێکی رەسمیمان ناردووە بۆ هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، وئەو حزبانەش کە لە دەرەوەی بەرەی کوردستانیدان و،داوامان کردووە کە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوی بکەنەوە و لەو نووسراوەدا ئیشارەتمان بەوەداوە کە ئەم بازگانە نارەسمین ونایاسایین ودژ بەئەمن وئاسایش وڵاتەکەمانن و کێشەیەکی گەورەیان دروست کردووە وفشارێکی زۆریان خستۆتە سەر هاووڵاتییان، لەبەر ئەوە لەم ساتەوە تەنیا ئەو سەیتەرانە بەرەسمی دادەنرێن، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرک ودەزگای ئاسایشەوە دەست نیشان کراون و، هەر سەیتەرەیەکیش نایاسایی بێت، ئێمە ئازادین پاش حەوت ڕۆژ لەگەیشتنی نووسراوەکە، ئیجرائاتیان بەرامبەر وەربگرین، چونکە تەعلیمات وایە کە پاش حەوت ڕۆژ ئیجرائاتی توندیان بەرامبەر وەربگیرێ. لەوەوە دەست پێدەکات کە ئەوانە هەموو دەگیرێن وچەک دەکرێن وچەکەکانیشیان زەوت دەکرێ، ئەمە سەبارەت بە مەسەلەی بازگەکان. سەبارەت بە پرسیارەکانی تر ئەگەر برادەران ئامادەن وەڵامی بدەنەوە وهەرچەندەش پرسیارەکانی ئەمڕۆمان بە پلەی یەکەم لەبارەی بابەتی کاروبارەکانی وەزارەتی ناوخۆ ودارایی وەن، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

لەبارەی سووتەمەنییەوە، وەزیری ناوخۆ ڕوونی کردەوە، کە ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی نوێ ڕێک دەخرێتەوە، حەز دەکەین، لەوبارەیەوە روون کردنەوەیەکی زیاترمان پێشکەش بکات و، ئایا مەبەستی لەبەشی حزبەکان چی بوو؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک، وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومــــــــەن.**

پێش ئەوەی پەرلەمان پێک بێ، لە هەر شارێک دا کارگێری بەرەی کوردستانی رۆڵی دەسەڵاتی تەنفیزی دەبینی، بۆیە بەنزین و سووتەمەنیش هەر لە لایەن ئەوانەوە دابەش دەکرا، بەڵام گیروگرفتی زۆر وای کرد کە خۆیان لەو کارە بکێشنەوە و ئەوسا هەر حزبەو بەنزینخانەیەکی

تایبەتی بۆ خۆی دامەزراند، ئەوانیش خۆیان چەندیان پێویست بوو بۆخۆیانیان دەبرد و، ئەگەر لێی بمایەتەوە ئەوسا دابەشیان دەکرد. بەڵام ئێستا شتەکە ماوەتەوە بۆ پەرلەمانی بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدا، ئێمەش ملکەچین بۆ فەرمانی پەرلەمان و، وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی جێبەجێ کردنی هەموو بڕیارێکین کە پەرلەمان لەو بارەیەوە بیدا، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە کوردستاندا، هەموو شتێکی گرتەوە، سووتەمەنی ،خواردەمەنی، داودەرمان، ئەو سووتەمەنیەی کە جاران دەی نارد بۆ شارێکی وەکو هەولێر بوو بە ١٢٪ ،بۆ سلێمانی گەلێک لەوە کەمتر بوو،کاتێ کە باسی سووتەمەنی وبەنزین نەوت دەکەین دەبێ بزانین کە تەئسیرێکی ئێجگار زۆری هەیە لەسەر مەسەلەکە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاردەی چەکداریی هەموو لایەنە سیاسییەکان دەگرێتەوە ومن تێبینی یەکم هەیە، نەک هەر سووتەمەنی وبازگەکان لە ئەحزاب وەربگیرێتەوە، بەڕاستی دەبێ بەشە گومرکەکانیش لەحزبەکان بسەنرێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەکرا با بەشەکەیان لە ٢٪ یا ٣٪ زیاتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین حەفید/وەزیری دارایی ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت گومرک وەکو جاری پێشوو روونم کردەوە، ئێستاکە گومرک وداهاتی گومرک لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە وەردەگیرێ، وبۆ ئەم مەبەستەش فەرمانبەری گومرک پارەکە وەردەگرێ بۆ ماوەیەکی کاتی، لەبەر ئەوە پۆلیسی گومرک ژمارەکەی تەواو نەبووە، جگە لەو کەسانەی حیمایەی پارەکە دەکەن، بۆ ئەوەی رۆژانە ئەو پارەیە بێتە ناو بانکەوە.بۆیە پێش هەمووشتێک دەبێ دیاردەی چەکداری قەدەغە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمو ایە حکومەتی هەرێم دەبێ لە پێشا دوا خاڵەکانی گومرکی سەر سنوورە نێودەوڵەتیەکان کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەوەی گومرکی وەزارەتی دارایی لەوێ کاری خۆی بکات، دوای ئەوەش بگەڕێنەوە سەر بازگە ناشەرعیەکانی سەرە رێگاکان و، ئیتر بە ئامۆژگاری بێت، یا بە زۆری یاسا وردە وردە قەدەغەیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک لەبارەی پردی قەندیلەوە کراوە، وەک هەمووتان دەزانن نێوان دهۆک ونەینەوا ونێوان

هەولێر تەقریبەن سێ ڕێگامان بەدەستەوەیە. ئێستا ئەوەی یەکەم (مێرگەسور ـ بارزان ـ بالندە) ئەوەی دووەمیان (سپیلک ـ ریزان بۆ بالندە). سێیەم هەر ئەو ڕێگەیەیە کە بۆ ئاکرێ دەڕوا. ئێستا ئێمە خۆمانمان ئامادە کردووە بۆ دروست کردنی پردی قەندیل ، ئاسن وهەموو ئامێرێکی پێویستیمان گەیەندراوەتە شوێنەکە و دەستمان کردووە بەئیش کردن. لەماوەی دوو مانگی داهاتوودا یان لەوانەیە کەمتریش کارەکە تەواو بکرێ. دەعمێکی تایبەتیش لە ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکانەوە بۆ ئەم پرۆژەیە هاتووە. (ان شاءالله) لەم نزیکانە ڕێگای چوارەمیش دەست پێدەکەین کە ڕێگای کەڵەکە، ئەگەر چی جارێ روونیش نییە، بەڵام لەوانەیە لەم ڕۆژانە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئاوارەکانی ئێمە لە تورکیا وئێران چارەنووسیان چییە وچیان لێ هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی مەسەلەی پەناهەندەکانی تورکیاوە، پێشتر پەیوەندیی بە (UNCHR)ی جنێف کراوە. (UNCHR)لە جنێفەوە پەیوەندییان بە مەرکەزی خۆیان لەئەنقەرە کردووە و، هێزی ئەنقەرەش بڕیاری داوە کە داوەتنامە ئاراستەی پەرلەمان بکات، کە وەفدێکی سێ کەسی بچێت و ئەم وەفدەش بڕۆن بۆ ناو ئۆردووگاکان، یانی وەفدە پەرلەمانییەکە بەناو ئۆردووگاکاندا بگەڕێ وقەناعەت بەو پەناهەندانە بێنێت تا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەرامبەر بەوەش (UNCHR) ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە ئازووقەی دوومانگی بدات بە هەموو خێزانێک کە دێتەوە وبڕێکیش پارە لە سنووری(٥٠) دۆلار، یا زیاتر بدات بە هەرنەفەرێک لەو خێزانانە، وهەندێک کەرەسەی خانوو وبەرەشیان بداتێ و،خەرجی هاتنەوەشیان بداتێ، ئنجا ئەگەر بێتو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەم پێشنیارە پەسەند بکات، وەفدێکی سێ کەسی بنێرێ بۆ تورکیا، ئەوا بەتەئکید ئەوانە ئەتوانن هەندێ لەکێشەی ئەو پەناهەندانە چارەسەر بکەن، وبەو قیاسەی کە (UNCHR) و (نەتەوە یەکگرتووەکان) بڕیاری داوە کە یارمەتییان بدات، ئەتوانن ژمارەیەکی زۆر لە وانە بگەڕێننەوە، ئەمە لەلایەک ولەلایەکی تریشەوە بەگەڕانەوەی ئەمانە بڕێکی دیکەی پارە کە تەرخان کراوە بۆ پەنابەرەکانی تورکیا، ئەمێنێتەوە (UNCHR) کە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەگەڕانەوەی پەناهەندەکان، ئەو مەبلەغەی کە دەمێنێتەوە لە پرۆژەی تەندروستی لە کوردستاندا خەرجی بکەن، پێم وایە ئەو کێشەیە بەئاسانی جێبەجێ دەبێ وچارەسەر دەکرێ، ئەگەر ئەو وەفدە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناتوانم بڵێم زانیارییەکی دیاری کراو هەیە لەسەرگەڕانەوەی پەناهەندەکان، بەڵام دەبێ هەر هەوڵ بدەین و هانیان بدەین بۆ گەڕانەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە گەڕانەوە هەندێک پێویستی خۆی هەیە،وهەوڵ بدرێت هەموو لایەکیان بۆ جێبەجێ بکەین، وەک ئەوەی کە بتوانن خانووەکانی خۆیان دروست بکەنەوە. بەڵام هەندێک لەوانە کە شوێنەکانیان هێشتا لە ژێر دەستی حکومەتی بەغدادایە، ئەوانە زۆریان لەوێ ماونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تۆفیق/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو پەناهەندانەی ئێران، ئێرانییەکان تا ئێستا چەند جارێک ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کەوا پێشوازی لە وەفدی پەرلەمان دەکەن، بە رای من ئەگەر پەرلەمان وەفدێک پێک بێنێ وبینێرێ بۆ ئێران لەگەڵ خۆیدا پرۆژەیەک بەرێت لەوانەیە بەرپرسانی ئێرانیش ئامادەبن بۆ ئاسان کردنی گەرانەوەی پەنابەرەکان، جا بۆیە بێجگە لەو وەفدەی تورکیا، پەرلەمان دەبێ وەفدێکی تریش ئامادە بکات تاکو بچێ بۆ ئێران ولەو مەسەلانەی کە باس کران بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوالخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باش نییە کە تەنها چەند کەسێک لە هەردوو کوتلە قسە بکەن ئەمە رێی قسە کردن لە هەندێکیان دەگرێ، با بازگەکان پۆلیسی لە حزبەکانی تر تێدا نەبن، با رێگە لە چەکداری ئەو حزبانە بگرین کە لە بەرەی کوردستانیدا ئەندام نین، هەروەها پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد هەندێ شت بکەن بۆ زامن کردنی ژیانی حاکمەکان کە هەندێکیان لەسەر ئیشوکارەکەیان لە سەردەمی بەرەی کوردستاندا کوژران. مەسەلەیەکی تریش هەیە کە مەسەلەی کەم ئاوەیە لە هەولێر ولە چەمچەماڵ و لەشوێنانی تریش دەبێ ئەویش چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین لەدانیشتنێکی دوو سەعاتیدا بوار بە(١٠٥)ئەندامی پەرلەمان بدەین کە لەسەر یەک بابەت قسە بکەن و،ئەگەر یەکێکیش هەڵسێت وەکو جەنابت (٥تا٦) پرسیار بکات و،هەر پرسیارە و وەزیرێکیش وەڵامی بداتەوە ئەوە قەت ناگونجێت ئەگەر زەوابتێک دانەنرێت. ئێستاش پاشماوەی پرسیارەکان ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین با وەڵاممان بداتەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە زۆر جار دووبارەم کردۆتەوە کە داوا لە پ.د.ک ولە ی.ن.ک دەکەین بەشێوەیەکی

تایبەتی پشتگیریمان بکەن بۆ بەهێز کردنی پۆلیسی کوردستان، بەتایبەتی داوا لەوانە دەکەین لەبەر دووهۆ. یەکەمیان: ئەوانە لە حزبە بەتواناکانی کوردستانن. دووەمیش هەر ئەو دوو حزبەن ئەرکی گەورەی بەشداریی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان کەوتۆتە سەر شانیان، بۆیە لەوان را دەبینین کە ئەو شتانەی لەسەری ڕێک کەوتوون وبە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن و لەو شتانەی دێنەپێشەوە پشتگیریی وەزارەتەکە بکەن، بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی، ئەمەش بەس مانای ئەوە نییە کە ئەم دەرگایە لە حزبەکانی تر داخراوە، بەپێچەوانەوە دەرگا لە بەردەمیان کراوەیە، بەڵام یەک دوو خاڵ هەیە حەزدەکەم لێرەشدا روونیان بکەمەوە ئەوانەش بە نیسبەت حزبە گەورەکان وبەنیسبەت حزبەکانی تریشەوە، ئێمە کە دەڵێین داوایان لێ دەکەین کەیارمەتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی نییە کە ژمارەیان و ژمارەی چەکیان زیاد بکەین. مەبەستمان ئەوە نییە ئەو تەشکیلاتەی کە لە بەرەی کوردستانی هەبووە، بێین هەمان تەشکیلات وبنەما بگوێزینەوە ناو پۆلیسی هەرێمی کوردستان،چونکە ئەوسا هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ، کە وەکو پێشمەرگە تا ئێستا پێمان کراوە، بە هەمان شێوە ئیش دەکەینەوە ودەگەینەوە هەمان ئەنجام، لەبەر ئەوە پێش وەخت دەڵێم نابێ ئەوە بکەین کە وتمان پۆلیسی هەرێمی کوردستان، دەبێ پۆلیس بەمانای یاسایی بێ، دەبێ مەسلەکی بێ ودەبێ فەرمان لە مسئوولی مباشری خۆی وەرگرێ، نەک چاوەڕێ کا تاکو لیژنەی محەلی پ.د.ک بڕیاری بۆ دەردەکات یا کەرتی ڕێکخستنی یەکێتی یا لیژنەی محەلی فلان حزب. لێرە کە پۆلیس وەردەگیرێ وەکو فەردێک وەردەگیرێ، بەڵام حزبەکەی تەزکیەی دەکات کە پێشمەرگەیەکی چالاکە وخەباتی کردووە، ئەو وەختە بەپێی خوێندەواری وچالاکی پلەی پێ دەدرێ وحیسابێک بۆ خەبات وپێشمەرگایەتیشی دەکرێ، بەڵام کاتێک کە بەپۆلیس وەرگیرا ئەو وەختە دەبێ وەکو ئەندامێکی مولتەزیم بەیاساکانی پۆلیسی هەرێمی کوردستان ئیش بکات وئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، ئەو کاتە ئیتر فەرمانی راستەوخۆ لە جێگەی خۆیەوە وەردەگرێ، بۆیە ئێمە ئەم روونکردنەوەیە دەکەین، لێرە شتێک نییە بڵێین بەشی دەکەین لەنێوان ئەو حزبەو ئەم حزبە، بەڵکو دەرگاکە کراوەیە، بەس لە هەمان کات ئێمە مەترسی ئەوەمان هەیە، کە خەڵک نەبێ ببێت بە پۆلیس، هۆی ئەمەش زۆرە، یەکەم: مووچەیان کەمە. دووەم: بڕوایان بە خۆیان کەم بۆتەوە، خەڵک بەقسەیان ناکات وچەکدارێکی زۆر هەیە. سێیەم: ئیش وئەرکەکانیان تا بڵێی گرانن وزەحمەتن. چوارەم: تا ئێستا پشتگیرییەکی وایان نەبووە بڵێین پشتیان دەگرین وناهێڵین خەڵک تەعەددایان لێ بکات وئەزیەتیان بدەن یالە قسەیان دەرچن، ئەمانە هەمووی هۆن بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە نابن بە پۆلیس، بۆیە ئێمە داوا دەکەین کە ئەم دوو حزبە ومەبەستیشمان ئەوە نییە کە بڵێین ئێمە ئەفزەلییەتیان پێ دەدەین. بەڵکو ئێمە داوامان لە هەموو حزبەکان کردووە کە زەخت بخەنە سەر ئەندام وپێشمەرگەی خۆیان تاکوبن بە پۆلیس وئەم ئەرکە قورسە بخەنە سەر شانیان. ئێمە وەکو پ.د.ک ئەگەر ژمارەیەکی گەورە لە ئەندامانی خۆمان ناردە ناو هێزی پۆلیسەوە، ئەوا

له رووی ئەدەبییەوە ناچار دەبین پشتگیری ئەو دەزگایەش بکەین و وابکەین کە ئیشوکارەکانیان بەسەرکەوتووی بڕوات بەڕێوە وبگاتە ئەنجامێکی باش.
بەنیسبەت پێشمەرگە تائێستا کە بە بازگەکاندا تێدەپەڕین تەنیا یەک دوو پۆلیس دەبینین ئەوباقی پێشمەرگەیە، هۆی ئەمەش زۆرە و چارەسەرکردنەکەشی کاتی دەوێ، ڕاستە ئەو پێشمەرگانە ئێستاکە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن وسەر بە پۆلیسی هەرێمی کوردستانن، بەڵام پێویستە هەیکەلێکیان بۆ دانێین، دەبێ بەپێی ڕێسایەک وسیستەمێک ڕێک بخرێن، وبخرێنە سلکی پۆلیسەوە وپلەیان بۆ دابنرێ وئەمەش ماوەی دەوێ، جگە لەوە پێویستیان بە جلوبەرگی پۆلیسە ولەراستیشدا ئەوەندە توانایەمان نییە، بێین لەماوەی یەک دوو ڕۆژدا جلوبەرگیان بۆ دابین بکەین، بەڵام هیوادارین لەماوەی ئەم چەند مانگەدا بتوانین ئیشەکانمان بەشێوەیەکی ئاسایی بگەیەنینە سەر.
سەبارەت بە ئیستمارەی ئەنفال کراوەکانەوە، ئەوە پێشنیارێکی زۆر چاکە ئێمە لەوانەیە بە زوویی داوا لە ئیدارات بکەین لە پارێزگاکان بە تایبەتی ئەو پارێزگایەی کە تازە دادەمەزرێ،وەکو پارێزگای کەرکووک، ئیستمارەی تایبەتی دەرکەن بۆ ئەنفال کراوەکان وسەرژمێر بکرێن وبزانرێ لە کوێ بوون وژمارەیان چەندە؟ و ئەو ئیستمارەیە پڕ بکرێتەوە بەکورتەیەک لە مێژووی ژیانیان وهەر زانیارییەکی دیکە لەلای حزبەکان هەیە سوودی لێ وەربگیرێ و،ئەمە بخرێتە بەر دەستی پارێزگاکان ولەلای وەزارەتی ناوخۆش هەبێ ولەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەبێ، وهەروەها بخرێتە بەر دەستی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی وهاوکاری بۆ ئەوەی لە دەرەوە سوودی لێ وەربگیرێ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ئەنفال کراوانە و، ئەوانیش یارمەتی کەسوکارەکانیان بدەن وئەمە پێشنیارێکی چاکە، خوا یاربێ جێبەجێی دەکەین. سەبارەت بەو مەحکەمانەش کە هەبوون تا ئێستا، نووسراو کراوە لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوە دەپرسێ باری ونبووەکان چۆنە؟ و ڕۆژێ هەزارەها عەریزە بۆ وەزیرەکان دێت وبۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی دێت کە فلان کەس ون بووە وفلان کەس فلان حزب بردوویەتی یان فلان حزب ئیعدامی کردووە، ئایا چارەنووسی چییە؟ زنجیرەی ئەم گرفتانە ئەو ڕۆژە رادەوستێ کە دەزگاکان ئیشی خۆیان بە شێوەیەکی ئاسایی بەر دەست و،لیژنەیەکیش پێک هێنراوە لە وەزارەتی ناوخۆ ولە وەزارەتی دارایی وئابووری ولە وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری بۆ ئەوەی ئەوراقی مەحکەمەکانی بەرەی کوردستانی سەیر بکەن وبزانن چیان کردووە وهەر وەرەقەیەک سەربە چ وەزارەتێک وچ لایەنێکە وبەپێی ئەوە عائیدیەت هەمووی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی وهەڵبگیرێن وسجلاتی دیکەیان بدەنێ تاشوێنی کێشەکانی خۆیان بکەون، وئەمە بڕیاری دراوەو ، لیژنەش پێکهێنراوە وبەم زووانە دەکەوێتە ئیشوکاری خۆی.
سەبارەت بەکێشەکانی ئاوەدانکردنەوەش، هەرچەندە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان سەر بە ئەشغال

ونیشتەجێکردن وسەر بە وەزارەتی شارەوانی وزۆر دەزگای دیکەشن، بەلاّم تاکو ئێستا دەزگای ئاو وئاوەڕۆکان سەربە وەزارەتی ناوخۆیە،گرفتی ئاویش دیارە کە گرفتێکی گەورەیە ونەک هەر گوندەکان، بەڵکو لەناو شارەکانی کوردستانیشدا ئاو کەمە وکەرەستەی پاک کردنەوەیش نییە، دەبێ دراسەیەکی تەواوی ئەم کێشانە بکەین ورەنگە بەشێوەیەکی تەندروستی بتوانین ئاو بۆ شارەکان تەئمین بکەین وهاوکلرییەکی تەواویش لە لایەن رێکخراوە مرۆڤایەتییەکانەوە بکرێین و، بەهۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە بتوانین شار ودێهاتەکانمان پرۆژەی رێکوپێکی ئاویان تێدا بکەینەوە وبیری ئیرتیوازییان بۆ لێ بدەین وپرۆژەی ئاویان بۆ جێبەجێ بکەین، هەروەهاکەرەستەی پاک کردنەوەی ئاویان بۆ دابین بکرێ.

لەبارەی ئۆردووگا زۆرەملێیەکانیشەوە، رژێم بۆ ئەوەی بوو کە میللەتەکەمان لە ناوبەرێت وناوی کورد بسرێتەوە، وبۆ ئەوەی بوو پێشمەرگە نەتوانن لە کوردستاندا بمێنن وبژین، جووتیارەکانمان کە لەجێی باب وباپیرانیانەوە راگوێزکراون بۆ ئەوە ئۆردووگا زۆرەملێیانە، مەبەستی رژێم هەر دوور خستنەوەیان بووە وبە هیچ جۆرێک بیری لە ژیان وگوزەران وپرۆژەی ئاوی خواردنەوەیان نەکردۆتەوە، ، بۆیە پێویستە ئێستاکە بیرلەوە بکرێتەوە کە پرۆژەی ئاویان بۆ دابین بکەین وپەلەی لێ بکەین وئەو لایەنانەی کە بۆ ئاوەدان کردنەوە دەچنە ئەو ئۆردووگا زۆرەملێیانە، پێش هەموو شتێک تەئکید لەسەر پرۆژەی ئاو بکەنەوە، ئنجا نەخۆشخانە وقوتابخانەیان بۆ بکەنەوە،سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بڕیار گرنگ نییە، گرنگ لێرەدا کردەوەیە ، بۆ نموونە ئەو بۆرییە ئاوەی کە دێ بۆ سەرچنار لە دۆکانەوە، جۆرەها فیشەکی پێوە دەنێن، کێشەی ئێمە، نە ئاوە، نە ئاوارەییە نە دەربەدەرییە، بەڵکو لەبەر تەسکی حزبایەتی خۆمانە، ئەوە لەبەر یەکێتی وئەوە لەبەر پارتی ئێمە ناوێرین هەڵسوکەوت بکەین، دەبینین چەند رۆژێکە ئۆتۆمبیل ئەبەن وکوشت وکوشتارێکی گەورە بووە لە پێنجوێن و پاسەوانەکان پارتی ویەکێتی بوون، کابرای سۆشیالست دەڵێ: هەر دەبێ‌ ( ٥ )کەسیان کوشتووە، ئەمە بەڕاستی لەناوخەڵکدا دەبینین، بەتایبەتی لە نەخۆشخانەکاندا ئێمە ناتوانین هیچ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قسەکانی جەنابی وەزیری ناوخۆوە وا دەردەکەویت کە رۆژی چوارشەممە باسی ئەوە بکەین کە هێشتاکە کەموکوریمان زۆرە لە مەوزووعی پۆلیسدا، چونکە ئەو ئەرکانە لەسەر شانی پۆلیسە وبەوان سپێردراوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئیجرائات پێویستە وتا ئیجرائات نەکرێ خەڵک لەخراپە ناگەڕێنەوە، بەڵام ئەوکاتە ئیجرائات دەکرێ کە هەردوو لا لەسەری ڕێک بن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

مەعەسکەرەکان زۆر زەوی یان داگیرکردبوو گەیشت بووە هەزاران دۆنم بۆ تەنیا فڕۆکە خانەی هەولێر، دەڵێن ٤٠هەزار دۆنم زەوی داگیرکردووە و، ئەو خەڵکانە زیاتر زەویان لە جیاتی وەرگرتووە یان پارەیان وەرگرتووە، کەواتە ئەو زەویانە موڵکی دەوڵەتن وئێستا موڵکی حکومەتی کوردستانە نەک هەر کەسێ بچێ وچەند دۆنمێک بۆ خۆی دابڕێ وبیبات، بەوناوەی موڵکی حکومەتە، موڵکی بەعسە وبەنیشتمان پەروەریش بۆی حیساب بکەین، لەوکاتەی کە هەزاران جووتیارمان هەیە کە بێ زەوین وبەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری ئایا ئەو جۆرە زەویانە دەستیان بەسەرداگیراوە؟ ئەگەریش نا باچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیزحمە ئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سەبارەت بە زەوی مەعسکەرەکان ئەوە خەڵکێکی زۆر دەچێ ودایان دەبڕن وئێمەش ئیجرائاتمان وەرگرتووە بۆ مەسەلەی وەها، پۆلیسیشمان ناردووە وداوامان کردووە چووەتە سەر ئەو زەویانەش وئێستا خەریکین دەست بەسەر ئەو زەویانەدا دەگرین و، بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر ئەوانەی کەکاتی خۆی لێیان وەرگیراوە دابەشیان دەکەین، بۆ ئەوەی هەرکەس بەئارەزووی خۆی نەیبا ودەستی بەسەردا نەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

فڕۆکەخانەی هەولێر، بەپێی عائیدییەت بەموڵکی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دادەنرێ و وابزانم پەیوەندی بەکشتوکاڵەوە نییە ،سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان پەناهەندەکان لە ئێران بەشێکیان لە ساڵی١٩٧٥وە لەوێن، کاتی خۆی ئەوانەی کە پەیوەندییان بەپارتییەوە بوو، هەولیان دا هەندێکیان دابمەزرێنن وکاریان بۆ پەیدا بکەن وجێنشین بن تا ڕادەیەکیش وەزعیان خراپ نەبووە وگوزەرانیان کرد تاکو شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی١٩٧٩دا ڕووی دا، دوای ئەم بارە نوێیە بەشێکی زۆر لەوپەناهەندەکان بوون بە پێشمەرگە لە ڕیزی شۆڕش وئێستاش هەر پێشمەرگەن، ئەوانە وەزعیان زۆر باش نییە، وبێگومان

پاش١٩٧٩ژمارەیەکی تری پەناهەندە هاتنە ئێران وپاش ١٩٨٨یش ژمارەیەکی زیاتر لەکاتی ئەنفالەکان ئاودیو بوون وئێستاش ئەوانە لە ئێران ماونەتەوە، بەشێکیان لەم دواییەدا لەبەر وەزعی ئابووری ئێران، یان لەبەر هەرهۆیێکی تر لەکاردەرکران وروویان کردۆتەوە کوردستانی عێراق وئێستا لێرە زۆربەیان بێ کارماونەتەوە، بۆیە داوا لە ئەنجومەنی وەزیران، بەتایبەتی لە وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی وهاوکاریی و، ئەو وەزیرانەی کە پەیوەندییان بە دامەزراندنی ئەو پەناهەندانەوە هەیە، کارێک بکەن کە ئەوانە بە خۆیان بگەڕێنەوە وئیشوکاریان بۆ بدۆزنەوە وداوا لە پەناهەندەکانی تریش بکرێت بێنەوە وهەندێکیان دوورن لەسنوور، ناتوانن لەسەر حیسابی خۆیان بگەڕێنەوە، بۆیە (un) ئامادەیی پێشان داوە بۆ گواستنەوەیان ئۆتۆمبیلیان تەرخان کردووە وهەندێ یارمەتیشیان دەدەنێ بەمەرجێک ئەوانە بگەنە سەرسنوور، کە دێنەوەش پێویستە لێرە جێگەیان بۆ دابین بکرێ، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لەساڵی ١٩٧٠وە تاکو ١٩٧٩ئاوارە بوون پاش شەڕی عێراق وئێران وهەموو ئەم کێشە وئیشوکارانە بەرەو رووی ئەنجومەنی وەزیران دەبنەوە ویەخەگیری وەزارەتەکان دەبنەوە وبەپێی عائیدیەت وئومێدەوارین لە داهاتوودا بتوانین کێشەکەیان چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی هەر پرسیارێک دەکرێ پێویستە بزانرێ ئاراستەی کام وەزیر دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو وەزیرە ئامادە بێ وئەو پرسیارەی کە دەکرێ وەڵامی بداتەوە، ئەگەر وەزیرەکە ئامادە نەبوو، دوا دەخرێ بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، تا وەزیری تایبەت بتوانێ راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران وبەڕێز کەمال مفتی دەکەم لەبارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و،دەڵێم تا ئێستا چ کراوە بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە؟ من لەو بڕوایەدام کە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بەرادەی یەکەم ئەرکی سەرشانی برادەرانی پارتی ویەکێتییە وتاکو ئەو یەکخستنە ورێکخستنە نەبێ، ئیشوکاری وەزارەتی ناوخۆ وکاروباری پێشمەرگە بە رێکوپێکی ناڕوا. پرسیارێکیش ئاراستەی د.سەلاح دەکەم لەبارەی ئەوەوە کە ئەو رۆژە باسی (١٧)ملیۆن دیناری کرد، گوایە بەرەی کوردستانی لە دهۆک دەستی بەسەردا گرتووە، نازانین چارەنووسی چییە؟ وەڵامەکەشمان تا ئێستا وەرنەگرتۆتەوە، پرسیارێکی تریش ئاراستەی وەزیری ناوخۆ بەڕێز د.رۆژ دەکەم ئایا تا ئێستا چ هەنگاوێکی ناوە بۆ دانانی وەکیلی وەزارەت وپارێزگاکان وئیدارات لە کوردستاندا؟، پرسیارێکی تریشم هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران وەدەڵێم: بەنیسبەت زانکۆ چیان کردووە بۆ وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی کە شەشیان تەواو کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکاتان لێ دەکەین باپرسیارەکان دیاری بن ونەبن بە یەک ودوو وسێ وچوار، چونکە ئەگەر هەربرادەرێک بێت وپرسیارێک بکات بە چوار پرسیار وەکو گوێتان لێ بوو، ئەوە کاتێکی زۆر دەبات، ودەبێ ئاگاتان لەماوەکە بێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە وچەند شتی تر، دوێنێ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەنجام درا ولەوکۆبوونەوەیەدا باسی ئەو کێشانە کرا کە ئەمڕۆ هەنە و،پێویستییان بە هاوکاری کردنی هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی هەیە،ئەوانەی نوێنەریان هەیە لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی دا، لە ئەنجامدا ڕێککەوتین کە کۆمیتەیەک دروست بکرێ وئەو کۆمیتەیە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا دانیشن بۆ دانانی پرۆژەی یەک بوونەوەی هێزی پێشمەرگە، نازانین ئەو برادەرانەی کە نوێنەری لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانین بیرو بۆچوونیان چییە دەربارەی ئەو یەکبوونە ڕەچاوە بکرێ وئەو کۆمیتەیە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا باسی لێوە بکەن؟، هەروەها حەز دەکەم بڵێم کۆبوونەوەکەی دوێنێ چەند شتی تریشی تێدا باس کرا، دەربارەی گواستنەوە لەو دۆخەوە کە بەرەی کوردستانی کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد بۆ قۆناغی ئەمڕۆ کە وەزارەت پێکهاتووە و، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم لە ئەستۆی ئەودایە و، رەنگە دوای چەند رۆژێکی تر کۆبوونەوەی تریش هەبێ وئەنجام بدرێ، هەر لەم بارەیەشەوە چەند کۆمیتەیەکی تر هەیە کەتایبەتن وکاتێک کە کۆ دەبنەوە لە پرۆژەکانی خۆیان دەکۆڵنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەداهاتی دهۆک وهەروەها بەنیسبەت شوێنەکانی تریشەوە، بڕیارەکەی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی وئەنجومەنی وەزیران، ئاشکرایە لە١٦/٦/١٩٩٢دا دەوروتەسلیم لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا دەکرێ و، هەرچی داهاتی گومرک هەیە دادەنرێ بەداهاتی خەزینەی دارایی کوردستان و،بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەکان بەردەوامن لەدەورو تەسلیم کردن، بەنیسبەت دهۆکەوە جارێکی تر لیژنەمان ناردووە وچاوەڕوان دەکەم، ئەمڕۆش برووسکەیەکم پێگەیشت کە لیژنەکە دەگەڕێتەوە ویەکێ لە نوێنەرەکانی بەرەی کوردستانی لە دهۆکەوە دێت، لەکۆتایی دا من راپۆرتێک دەدەم بە ئەنجومەنی وەزیران تێیدا روونی دەکەمەوە کە وەزعەکە چۆنە وئەو کاتە لێرە باسی لێوە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ١٧ملیۆن کرا، ١٧ملیۆن دینار چی لێهات؟ هەرچەندە بەشی گومرک لەلایەن حزبەکانەوە دابەش دەکرا، هەرئەویش دابەش کراوە لەنێوان حزبەکانی بەرەی کوردستانیەوە، وا دەزانم تا ئێستا بیرێکی وا هەبوو کە لە ٥٠٪ی ئەو داهاتە بمێنێ تا ئێمە کاری خۆمانی پێبکەین، ئینجا ٥٠٪ئەوانیش لە دهۆک لەسەر ئیشوکاری پێشمەرگایەتی خەرجی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لەبارەی دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکان وپارێزگارەکانەوە چیمان کردووە؟ سەبارەت بە بریکاری وەزارەتەکان ئەوە سبەینێ نووسراوێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەنێرین و ناوی بریکاری وەزارەتەکان وپارێزگارەکانی تێدا پێشنیار دەکەین، بۆ ئیداراتیش ئەوە نەخشەیەکی دووورودرێژمان لەو بارەیەوە هەیە، یەکێک لەوانە مەسەلەی بایەخدانە بە کەرکووک وەک پارێزگا کە هەموو لەسەری کۆکین، هەروەها دەمانەوێ ئەو قەزاو ناحیانە زیندوو بکەینەوە کە رژێم هەڵی وەشاندبوونەوە، بۆیە قایمقام ومدیر ناحیە وئەوانەی کە پلەی تایبەتیشیان دەدرێتێ دەبێ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەسەر ناوەکانیان رێک بکەوین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی ئاوی ئوردوگای گردەچاڵ وئۆردوگاکەی تەنیشتی چەندین ملیۆن دیناری تێچووە بەڵام ئێستا هەندێ چەکدار چوونەتە سەری خەریکە هەڵیوەشێننەوە ئایا وەزارەتی ناوخۆ چی کردووە بۆ ئەوەی ئەو کارە تێکدەرانەیە رابگیرێت؟ سەبارەت بە دائیرەی سەرژمێریش لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەپرسم ئەو دائیرەیە هەیە یا نییە وئەگەر هەیە سەر بە کوێیە؟ و، تا ئێستا چی کردووە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری سەرژمێری، هەروەها سەبارەت بەپارەی تەزویریش روونکردنەوەیەکمان لە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەوێ، هەروەها مەسەلەی گەنم کرینەکە چی بەسەرهات؟، هەروەها مەسەلەی خەڵک کوشتن وسەیارە دزینیش پێویستی بەچارەسەرە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە مەسەلەی سەرژمێری زۆر گرنگە و راستەوخۆ بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەستراوە، ئێمە نووسینگەی ئیحسامان هەیە، بەڵام تا ئێستا پەیوەندیەکەمان هەندە بەهێز نییە هەرچەند لەگەڵیشیاندا دانیشتووین وئەوانیش پرۆژەیەکیان بۆ سەرژمێری پێشکەش کردووە کە دەبێ

ئێمەش پارەیان بۆ تەرخان بکەین، بۆ ئەوەی ئەم پشووی هاوینە بتوانین سەرژمێرییەکە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی پارەوە جاری پێشوو باسمان کرد کە کۆبوونەوە لە گەڵ بەڕێوەبەری بانکەکان داکراوە، منیش لە راستیدا لەو بڕوایەدام کە ئەمە تەنیا لایەنێکی هونەری و، پارە نییە، بەڵکو لایەنێکی سیاسیشی هەیە جا بۆ ئەم مەبەستە بڕیار دراوە کە لیژنەیەک پێک بێت وەندێ پسپۆڕی دارایی تێدا بێت بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە بڕیارێک وەربگیرێ و بڕیاری لیژنەکەش دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات.

بەنیسبەت گەنمەکەش راستە هیچ نەکراوە لە هەولێر وسلێمانی و، هەموو مەسەلەکەش نەبوونی پارەیە، پارە لە دهۆک هەبوو، گەنمیان کڕیوە تەنی بە (٢٨٠٠و٣٠٠٠)دینار ئێستا نزیکەی (١١)هەزار تەن لە دهۆک کراوە، نیازیش وایە بەیانی لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری کۆبینەوە وهەندێ بنەما دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین نەختێک پارە تەرخان بکەین بۆ کڕینی گەنمەکە. ئەمەوێ لێرە روونی بکەمەوە کە خەزینەی دەوڵەت، واتە: خەزینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاڵییە وخۆتان دەزانن داهاتی سەرەکی گومرکەکەیە، چونکە ئەوانی تر داهاتی ضریبەی دەخل وضریبەی عەقاری وپارەی ئاو و کارەبا ورسوم لەسەرانسەری کوردستان هەمووی ئێستاکە ناگاتە (٧)ملیۆن دینار، بەڵام مووچەی فەرمانبەران نزیکەی (٤٥)ملیۆن دینارە، بێجگە لە پێشمەرگە وئازووقەی پێشمەرگە، ئەم گیروگرفتانە بوونەتە کۆسپی سەرەکی لەبەردەم کڕینی گەنمەکە ولە سەرووی هەمووشیانەوە نەبوونی پارەکە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەیانی هەوڵ دەدەین وهەندێ پارە بۆ کڕینی گەنمەکە دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم پەرلەمان هەموو بەرنامەکانی وەزارەت رابگرێ تاکو چارە سەری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەکات، وەکو کاک د.ڕۆژ وتی گوایە شتێکیان کردووە کە بارەگای پێشمەرگە لە ناو شارەکان نەهێڵن وهەموو بارەگای پێشمەرگە ولقە سیاسییەکان لە شار دووربخرێنەوە، بەڵام هەموو ماڵێک خۆی لە خۆیدا بارەگای پێشمەرگەیە و، پرسیارەکەم ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە یەک بخرێ. پرسیاری دووەمیشم بەنیسبەت هەیکەلی رێکخستنی ئیدارەی پۆلیسە کە دەبەسترێت بە وەزارەتی ناوخۆوە، ئایا تا ئێستا چ هەنگاو نراوە کە ئەو پۆلیسانەی لەمەوپێش پێشمەرگایەتیان کردووە شتێکیان بۆ بکرێ؟ تاکو بتوانرێ سەیتەرە لەسەر وەزعەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەوزووعی ئاوی گردەچاڵ و ئۆردوگای جەژنیکان، ئێمە ئاگادار کراوین لە ڕۆژی(٧/١٦)ەوە دەست کراوە بەتێکدانی ئەو پرۆژەیەی گردەچاڵ، هەروەها کۆمەڵە کەسێکی تر خەریکن لە جەژنیکان ئەو پرۆژەیە تێک دەدەن وشیشەکان دەردێنن وتەنیا لایەنێک لایەنێک خەریکی ئەم مەوزووعەیە کە هەڵی دەوەشێنن، پێشمەرگەی سەربە لایەنێکن ولایەنەکەمان ئاگادار کردووە، لە کۆبوونەوەی بەرە ولە کۆبوونەوەی دوو قۆڵیشدا کە پێشمەرگەکانی خەریکی ئەوەن وداوامان لێ کردوون کە ڕای بگرن بۆ ئەوەی شتەکە تەشەنە نەکات ولایەنەکە خۆی بەڵێنی داوە خەریکی ئەو مەوزووعە بێت، لێرەشدا داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین ئەو پرۆژانەی کە موڵکی حکومەتی کوردستانن، ئەوانیش دەورێکیان هەبێ لە پارێزگاری کردنیان وبیناکانیان تێک نەدەن، چونکە لە ڕاستیدا پۆلیس پێی ناکرێ حەراسەتی هەموو ئەو دەزگایانە بکات واتە تەنانەت لە ڕووی ژمارەشەوە پۆلیس ئەوەندە نییە کە بتوانن هەموو شوێنێک بپارێزن. بۆ مەسەلەی چەکداریش ئێمە واخەریکین کارێکی وابکەین کە هیچ بارەگایەکی پێشمەرگە لەناو شارەکاندا نەمێنن، بۆ پۆلیسە کۆنەکانیش ئەوانەی کە لەسەر کوردایەتی دوورخراونەتەوە ئەوانەش هەر یەکە وبەپێی پلەی خۆیان دەیانگێڕینەوە سەرکاروباری خۆیان و، بەپێی هەیکەلێک کە بڕیاری لەسەر دەدرێ دابەش دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەیەکە چەند کەسانێک هەن کەسەر بەلایەنێکن، دەستیان کردووە بەدەرکردنی تراکتۆر ولۆری وشۆفڵ بەبیانووی ئەوەی کە بەشیان لەگومرک نەماوە، تکایە چارەسەرێک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە تەئکیدی لەسەر کراوە کە هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە دەدرێ ..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دابین کردنی سووتەمەنی، پێشنیارێکم پێشکەش کردووە بەنووسین، لەوانەیە پێشنیارەکە هەندێک سەیر بێت، ئەوەیەکە هەندێ لەو دەوڵەتانەی کە دارستانیان زۆرە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەو دارستانانە دەبڕن بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ خەڵک هەر وەکو

ئەو دەوڵەتانەی کە نەوتیان نییە، ونرخی نەوت لەوێ گرانە، من ئەو پێشنیارە پێشکەش بە وەزیری کشتوکاڵ لەگەڵ وەزیری پیشەسازی و وزە دەکەم کە حەملەیەکی داربڕین بکرێ، بەڵام بەسەرپەرشتی حکومەت بێ و بەرێگایەکی زانستی رێکوپێک بێت بۆ دابین کردنی سووتەمەنی ئەم زستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ مەسەلەی سووتەمەنی وەڵام درایەوە، بەڵام مەسەلەی داربڕین ئەوا لەلایەن بەڕێز وەزیری کشتوکاڵەوە وەڵام دەدرێتەوە کە لێرەیە.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەد ئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکاتێکدا داوا دەکەین کە داربڕین قەدەغە بکرێ ودارستان بپارێزرێ، لەوانەیە ئەو بۆچوونە بەدیلێک بێت، بەڵام لە رووی عەمەلییەوە بەئاسانی نابینین، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داربڕینەوەی کوردستان تابڵێی خراپە، کوردستان خۆی لە خۆیەوە داری کەمە، پێویستی بەوە هەیە کە سروشتەکەی بپارێزین و بە جوانی بیهێڵینەوە و بە پاک و تەمیزی رای گرین، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی بیر لەو بەدیلە بکەینەوە، دەبێ زۆر هەوڵی دابین کردنی بەدیلی تر بدەین و بە رای من بەدیلی دیکە زۆر لەمە باشتر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعێک هەیە حەز دەکەم روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لە برادەران هەڵدەستن و رەخنەمان لێ دەگرن، کە ئێمە رێگەیان نادەین قسە بکەن. ئێمە بۆ هەموو لایەکی روون دەکەینەوە کە دانیشتنەکانمان کراوەن و، هەر برادەرێک بۆی هەیە بیروڕای خۆی دەربڕێ، بەڵام دەبێ ئەوەش رەچاو بکەین کە لەم پەرلەمانەدا هەر ئەندامەو سەر بە کوتلەیەکەو دەبێ حیسابێک بۆ ئەوە بکرێ کە یەکێک لە کوتلەیەک قسە دەکات، لە کوتلەکەی تریش یەکێکی دی بۆی هەیە قسەبکات و، دەبێ ئەو نیسبەیە رەچاو بکەین بە مەرجێک پرسیارەکان دووبارە نەبنەوە.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای دامەزرانی حکومەتی هەرێم هەندێ کەس و رەنگە لایەنیش دژی حکومەت دەدوێن وبوختان بۆ وەزارەتی ئەوقاف هەڵدەبەستن ولەسەر مینبەری مزگەوتەکانیشەوە ئەو کارە دەکەن،

ئایا هیچ کراوە بۆ بەربەست کردنیان؟، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کە بەرپرسیارێتی وەزارەتی ئەوقافمان وەرگرت ودەست بەکار بووین، پاش چەند رۆژێک هەندێ ئامۆژگاریمان دەرکرد، کە هەستمان دەکرد لە مزگەوتەکان خەڵک هەیە خەتیب نین لە خۆیانەوە دەچنە سەر مینبەرو قسەدەکەن وهەندێکیان دەوام ناکەن وهەتا دزی لەناو مزگەوتدا دەکەن، ئەم شتانە هەمووی هەبوو لەو بێ مەسئوولیەتییەی کە ماوەی ئەم ساڵە لە کوردستاندا هەبووە، ئەویش وەکو هەموو شتەکانی تر، تەنانەت دزی مزگەوتەکانیشی گرتۆتەوە، پاشان تەعلیماتمان دەرکرد بۆ هەموو ئیمام وخەتیبەکان کە ئەمانەن:

١ـ خیتابە، تەنیا خوتبەی هەینی بۆ ئەوکەسانەیە کە لە ئەوقافەوە ئەمریان هەیە کە وەک خەتیب قسە بکەن، وەکو ئەمرێکی وەزاری بە هەموو ئیمام وخەتیبەکان دراوە.

٢ـ دەبێ هەموو ئیمام وخەتیبێک دەوام بکەن، هەرکەسێ لە شوێنی خۆی لەکاتی نوێژدا خادم وموئەزنیش لە مزگەوتەکان دەوام بکەن وهەر دزییەک بکرێ یا هەرشتێک لەناو بچێت ئەوان بەرپرسیار دەبن لێی.

ئێمە ئەو بڕیارەمان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا دوو رووداو قەوماوە: یەکەمیان: لە مزگەوتی (عەلائەدین سجادی)، مەلایەک بەو ناوەی کە خەتیبی مزگەوتەکەیە زانیاریمان پێ گەیشتووە کەوا وتوویەتی ئەو حکومەتەی کە دامەزراوە، حکومەتێکی (صەلیبی)یە، لەدوامان ناردو هات وخۆم شەخسیەن بانگم کردو قسەم لەگەڵدا کرد وپرسیارم لێ کرد، ئەویش دانی بەوەدانا کە شتێکی وای وتوە، بەڵام وتی: نەم وتوە حکومەتی سەلیبییە گوتوومە ئومێدمان وایە ئەم حکومەتە رەفتارەکانی (صەلیبی) نەبێت، تەبیعی من لێم پرسی سەلیبیەت لەکوێ وئێمە لەکوێ، ئێمە میللەتێکی مەزڵوومین، وسەلیبییەت کاتی خۆی داگیرکەر بوون، ئەمە رەدێک نییە، ئەوەی جەنابت وتووتە نە لەگەڵ مێژوو دەگونجێ، نە لەگەڵ دین دەگونجێ، من نازانم چۆن تووشی ئەم هەڵەیە بوویی؟، من وەکو مەلایەک نەم ویست زۆر توندیی لەگەڵ بەکاربێنم وئەویش لە قسەکەی گەڕایەوەو وتی من وتوومە بۆنی لێ دێ نەک سەلیبییە وەعدەیشی دا کە جارێکی تر شتی وا دووبارە نەکاتەوەو، وەکو بیستوومە سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامییە، ولە هەینی رابردووش یەکێکی تریان هەیە وابزانم مەلاش نییە و دەرچووی پیشەسازییە، خۆی کردووە بە مەلا گوایە خوتبەی داوە لە مزگەوتی (برایەتی) دەڵێن ناوی منیشی هێناوە وگوتوویەتی: لەسەردەمی بەعس یەک تەلەفزیۆن هەبووە بۆ رەوشت تێکدان، بەڵام ئێستا لەسایەی ئەو پەرلەمانە وحکومەتەی کوردستاندا (چوار) تەلەفزیۆنیان داناوە بۆ تێکدانی رەوشت، ئەمرۆکە لەدوامان نارد کەبێت، ئەو بەرپرسی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیە لە هەولێر ومن نایناسم، وتیان بەرپرسەو بارەگاشی هەیە ونایەت بەتەئکید، ناردم بۆ مزگەوتیش، بۆ

ئەوەی ئەو مەلایەی لەوێ بەرپرسە بێت، بەڵام تا دەوام کۆتایی هات بوو نەهاتبوو، لەوێ نەبووە، بەراستی نەمزانی بۆ؟ بەڵام من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەم کێشەیە وئەمە بە تەنیا بە وەزارەتی ئەوقاف ناکرێ، هەولێر خۆتان دەزانن، نەک هەر هەولێر بەتەنیا، بەڵکو هەموو شارەکانی کوردستان مزگەوتیان زۆرە، لەشارێکی وەکو هەولێر ڕۆژانی هەینی(٨٥)خوتبە دەدرێ لەیەک سەعاتدا، ئەمە دەبێ لەلایەنی ئەمنیەوە وەزارەتی ناوخۆ هاوکاریمان بکات، ئەگەر نا، ناکرێ ئەم دیاردە وزێدە گۆییە هەروا دەمێنێ، ئامۆژگاریەکیشمان بۆ مەلاکان دەرکردووە کە لەمەودوا هەر مەلایەک ماوە بدات یەکێکی تر بێت لەجێی ئەو خوتبە بدات ئێمە بەپێی یاسا سزای ئەوکەسە دەدەین کە خوتبەکەی داوە وئەوەی کەماوەیشی داوە، من ڕام بەرامبەر ئەوانە بەتایبەتی بەرامبەر بەو کەسەی کە مەلا نییە و بە درۆ خۆی کردووە بە مەلا ئەوەیە کە سزای یاسایی بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە لەگەڵ ئازادی بیرو باوەڕ و بۆچوون ورادەربریندایین، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا قبوڵ نەکرێ ئەوەیە کە هەندێ کەس دەیانەوێ بۆ هەندێ هۆی سیاسی مینبەری مزگەوتان بەکاری بێنن، چونکە بە ڕاستی هەندێ لایەن، یان هەندێ کەس دەستیان پێ کردووە ئەو مینبەرە نەک بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵک، بەڵکو زیاتر بۆ پروپاگەندە وکاروباری ڕێکخستنی حزبەکەی خۆی بەکاری دێنێ، کە لەم ڕۆژەدا بە هیچ جۆرێک قبوڵ نییە هێرش ببەنە سەر وەزیری ئەوقاف، یا بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەمەبەستی حزبایەتی بەر تەسکی خۆیەتی، لێرەشدا ئەو ئیجرائاتەی کە ئەوقاف دەیکات، پێویست بە پۆلیس ناکات، هەر ئەوەیە، ئەو مەلایەی کە ئەو جۆرە قسانە دەکات، پێویستە بانگ بکرێ وئەگەر جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە لەو شوێنەی نەقڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پرسیارمان هەیە، یەکێکیان پەیوەندیی بەپەروەردەوە هەیە، ئەوی تریان بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ من دوو پرسیارم هەیە، یەکێکیان پەیوەندیی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە وئەوی تریان پەیوەندیی بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بەداخەوە لەم کۆبوونەوەیەدا وەزیرە بەڕێزەکان ئامادە نین، پرسیارەکەم بۆ وەزیری پەروەردەیە وبۆ ئەو کۆمیتەیە کە لەپەرلەماندا دانراوە بۆ خوێندنی باڵا، حەز دەکەم بزانم لەبارەی دەرچووانی ئەم ساڵەوە ئەوانەی لە ئامادەیی خوێندنیان تەواو کردووە چیان بۆ کراوە بۆ وەرگرتنیان لە زانستگا ولە پەیمانگاکاندا؟، چونکە

کات دەڕوات وحەزدەکەین لەو بارەیەوە ئاگادارمان بکەنەوە وئەگەر گیروگرفت هەیە با باسی بکەین تاکو بتوانین لێی بکۆڵینەوەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا خوشکە گەلاوێژ، پرسیارێکی هەیە و دەڵێ: لەبارەی گوزەرانی مامۆستایانی کەرکوکەوە کە هاتوچۆ دەکەن بۆ چەمچەماڵ، راپۆرتێکمان پێشکەش بە وەزیری پەروەردە کردووە، ئایا چ هەنگاوێک نراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە؟، بەتایبەتی مووچەکەیان، چونکە زۆربەیان داوا دەکەن کە تەنسیب بکرێن بۆ کەرکووک، ئەگەر ئەمەش رووبدات، ئەوە ئەبێ قوتابخانەکانی چەمچەماڵ دابخرێن، چونکە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە ماڵیان لە چەمچەماڵە تەنیا دوو قوتابخانە پڕ دەکەنەوە، وابزانم دەربارەی ئەو مامۆستایانەی لە چەمچەماڵ وانە دەڵێنەوە کە ژمارەیان دەگاتە (١٥٠)مامۆستا وداوایان لێ کردین کۆڕێکیان بۆ ببەستێن وچارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، ئەگەرچارەیەکی ئەو مامۆستایانە نەکەین، دەبێ قوتابخانەکانی چەمچەماڵ دابخرێن.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مامۆستایانە، یان مووچەیان بدرێتێ، یاخود پارەی هاتووچۆیان لەنێوان (٢٠ـ٣٠)دینار بدرێتێ تاکو قوتابخانەکان دانەخرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەو مامۆستایانە جێگەی رێزن، ومایەی سەربەرزیی میللەتن، بۆیە پێویستە چارەسەرێکی تایبەتیان بۆ بکرێ، ئەو خوشک وبرا مامۆستایانەی کە رۆژانە لەم بارودۆخەدا لە کەرکوکەوە دەهاتن و دەشگەڕانەوە بەبێ ئەوەی یارمەتی بدرێن، یا مووچەکەی خۆیان پێ بدرێت بەراستی جێی رێزن، بە تایبەتیش ئافرەتەکان کە ئێمە داوامان لێ دەکردن دەوام نەکەن، چونکە سەیتەرەکانی رژێم زۆری ئازار دەدان رۆژانە، کەچی ئەوان سوور بوون لەسەر تەحەدا کردن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین وپەیمانگاکان، ئەوە کتێبێک ئامادە کراوە بەناوی (دليل الطالب ـ رێبەری خوێندکار) هەروەها ئیستمارەش ئامادەکراوە، رەنگە لە ماوەی دووسێ رۆژی داهاتوو بڵاو بکرێتەوە بەسەر خوێندکاراندا، یانی مەسەلەی وەرگرتنی ئەو خوێندکارانە مەسەلەیەک نییە پشت گوێ خرابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری مووچەی دەستەی تەعلیمیمان لێ دەکرێ، ئێمە ئەو مەسەلەیەمان خستۆتە بەر چاوی پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران، ئەوە بوو بڕیاری لەسەر درا کە ئەفزەلیەت بدرێت بە مامۆستایان، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێستا مووچەکە بە تەواوەتی دابین نەکراوە، وهەروەها سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە لە کەرکووکەوە هاتوچۆ دەکەن بە داخەوە نەمان توانیوە تاوەکو ئێستا هیچیان بۆ بکەین، سەبارەت بە دەرچووانی ئەم ساڵیش بەڕێز د. فوئاد وەڵامی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێکی دیکە هەیە، خوشکە شەفیقە پرسیار دەکات و دەڵێ: ئەو (٣٥ )زەمالەیەی کە ڕاگەێنراوە چۆنتان وەرگرتووە ولەچ ڕێگایەکەوە وەرگیراوە؟.

ببوورە ئێمە نە، زەمالەمان وەرگرتووەو، نە ئاگاداری زەمالەشین.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ڕۆژە لەچاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا باسی ئەو زەمالانەمان کرد کە لە ڕاستیدا نازانم سەرچاوەکەی کێیە وچۆنە؟بەس ئەوندە دەزانم سەرۆکی کوتلەی سەوز بەڕێز د.کەمال فوئاد ئەو بانگی ئێمەی کرد ولەگەڵ من ئەو مەسەلەی باس کرد کە (٣٥) زەمالە هەیە لە ئیتالیاوە بۆ ئەو قوتابیانە هاتووە کە بە یەکەم دەرچوون لەتاقی کردنەوەکانی ئەم ساڵدا ئێمەش پاش گفتوگۆ لەگەڵ یەکتریدا پاش ئەوەی دانیشتین ومەسەلەکەمان باس کرد(٤٦) ناومان ئامادە کردووە بۆ ئەو(٣٥) زەمالەیە، بۆچی(٤٦)؟ چونکە لەوانەیە لەناو ئەو(٣٥)ەی کە ئێمە دەسنیشانیان دەکەین هەبن ئامادە نەبن بڕۆن، لەبەر هۆی جۆراوجۆر بۆیە بڕیارمان داوە سبەینێ بانگەوازێک، یا ئاگادارییەک لە هەموو ئێزگەو تەلەفزیۆن وڕۆژنامەکاندا بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی پێنج شەممە سەعات١٠ی سەرلە بەیانی لە وەزارەتی پەروەردەدا ئەو (٤٦) ناوە ئامادە بن بۆ چاوپێکەوتن، ئەو کاتەش دەتوانین مەرج چییە لەگەڵ ئەوانەدا باسی بکەین وئێستا هیچ شەرت وشروتێکمان نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت، ئەوانەی کە بەپلەی یەکەم خوێندنیان تەواو کردووە وئەوانەش کە موعەدەلیان لە نێوان (٩٩,٥تاکو ٩٦,٥) دایە دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم ساڵ بەتایبەتی لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیتالیا وکۆمیتەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا کە پەیوەندیی بە یارمەتی دانی خوێندکارانەوە هەیە لەو وڵاتانەی کە پێی دەگوترێ جیهانی سێیەم، لەوێوە ئاگاداریان کردووین پاش هەوڵوکۆششی خۆیان، پاش ئەوەی

ئەو خوێندکارانە لەوێوە زۆر هەوڵیان لەو بارەیەوە داوە، ئاگاداریان کردووین کە ئامادەن بۆ وەرگرتنی( ٣٥ )قوتابی ورەنگە زیاتریش، ئەوانە بیروڕایان وایە کەوا ئەمە وەکو دیارییەک بێ بۆ دەرچووانی ئامادەیی ئەم ساڵ، نەک بۆ ساڵانی رابوردوو، بێگومان ئەمەش مانایێکی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو دان پێدانانێکە بەتاقی کردنەوەکانی ئەم ساڵ کە لە قوتابخانەکانی کوردستان کراون وکە رژێم پێشانی داوە کەوا ئەو قوتابخانە وئەو تاقی کردنەوانە ئوسوڵی نین وداوایان کردووە کەوا بچن لە شوێنی تر تاقی کردنەوە پێشکەش بکەن، بەڵام ئەمە ئەوە دەردەخا کەوا ئەو تاقی کردنەوانە بەرێکوپێکی ئەنجام دراون وجێگەی باوەڕن لەلای زانستگا ناسراوەکانی جیهانیشەوە، هەرواش بەباش زانراوە کە ئەم زەمالانە پێشکەش بەو کەسانە بکرێت کە نمرەکانیان لە پێشەوەیە، ئێمە (٤٦) ناومان پێ گەیشتووە، لەلایەن کۆمیتەی تاقی کردنەوە وئەو (٤٦ )کەسە بانگ دەکەین رۆژی پێنج شەممە ولەگەڵیان کۆدەبینەوە وئەوانەی لەو رۆژانە نەهاتن بێگومان ناویان دەسڕینەوە ولەو (٤٦ )کەسە لەوانەیە هەر (٣٥) کەس بمێننەوە یا ئەوپەڕی( ٤٠ ) کەس بمێننەوە، ئەوکاتە ئێمە هەوڵ دەدەین، بەڵکو ئەو ژمارەیەی کە لێرە ئامادە دەبن وبڕیاریان لەسەر دەدرێ، هەموویان وەربگیرێن، مەسەلەکە بەو شێوەیە، وهیواداریین بتوانین ئەم کارە بە ئەنجام بگەێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دەبوایە بزانین ئایا ئەم زەمالانە بۆ پەرلەمان، یان بۆ ئەنجومەنی وەزیران، یا بۆ وەزیری پەروەردە هاتوون، دەبێ بشزانین کە کێ وچ لایەنێک ئەو قوتابییانە دەپاڵێوێ بۆ ئەو زەمالانە؟.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمێکە ئەوەم لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بلاوکردۆتەوە، پاش ئەوە یەکسەر پەیوەندیم بە بەڕێز وەزیری پەروەردە کرد، وەکو وتم: ئەو زەمالانە دیارییەکە پێشکەش بەوقوتابیانە کراوە کە ئەم ساڵ خوێندنیان تەواو کردووە، لە رێگەی ئەو خوێندکارانەی کە لە ئیتالیا دەخوێنن وهەوڵیان بۆ دراوە، پاشان ئەوانیش بەرەو رووی ئێمەیان کردووە و بە ناوی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوەیە، بەڵام مەرجەکە ئەوەیە، کە پێویستە بۆ ئەو قوتابییانە بێت کەوا ئەم ساڵ خوێندنیان تەواو کردووە، لە رێگای رێکخستنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە لە ئیتالیاوە بەرەو رووی ئێمە کراوەتەوە وئێمەش هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وا بە ئەنجام بگات کە ئەوان داوایان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەد ئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خۆشمان پێشنیارمان کردبوو، کە ئەمڕۆ رێگەمان پێ بدرێت لەو پێشنیارەمان بدوێین کە لە بارەی کشتوکاڵەوەیە و بۆ مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار ویاسای ژمارە

( ٩٠ )كاری پێ بکرێ بەشێوەیەکی کاتی، ئەوەبوو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێی وابوو کە دۆخی ئێستا ڕەچاوە بکرێ وکار بەو تەعلیماتە بکرێ کەکاتی خۆی دەرکراوە، ئێستاش ئەم مەسەلەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەمان بۆ دروست دەکات کە چیتر قابیلی دواخستن نییە، بۆیە ئەمڕۆ ئێمە پێشنیار دەکەین، کە لەم کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەک پێک بهێنرێ لە وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ولە لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان ولە یەکێتی جووتیارانی کوردستان وئەنجوومەنی وەزیرانیش نوێنەری هەبێ، ئەوە باشترە بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە زیاتر کۆببێتەوە وئیستیمارە ئامادە بکەن ودوا رای خۆیان بنووسن واتا لیژنەکە ڕاپۆرتێک بنووسێ سەبارەت بەو مەسەلەیە وچی تر دوا نەخرێ، کە ئایا ئێمە بەکردەوە کار بە یاسای ژمارە ( ٩٠ ) بکەین؟ کاری پێ دەکەین بەدەستکارییەوە، یاخود بەو تەعلیماتانەوە کەکۆن هەبووە؟یاشتێکی تازە لەو بابەتە ئامادە دەکەین، تائێستا وەزارەتی کشتوکاڵ ویەکێتی جوتیاران هیچ شتێکیان نییە تاکاری پێ بکەن ولەسەری بڕۆن ومن داوا دەکەم کە پێشنیارەکەم ئێستا قبووڵ بکرێ وئەو لیژنەیە بە زووترین کات پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پشتگیریی لەم پێشنیارە دەکەین، کە بەراستی مەسەلەی کێشەی زەویوزار، کێشەیەکە تادێ گەورە دەبێت ، وکێشەکەش لەوەدایە، هەریەکە هێزێکی چەکداری لەگەڵ دایەو، دەترسین ببێتە مایەی ئاژاوەیەکی گەورە وئەو جۆرە بڕیارانەش، یاخود دانانی یاسا ودەستکاریی یاساش پێویستە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک بێت کە هەموو لایەنێک بەشداریی تێدا بکات، بۆیە ئەگەر بکرێ کۆمیتەیەک دابنرێ لە وەزارەتی کشتوکاڵ لەکۆمیتەی کشتوکاڵ لە ئەنجوومەنی نیشتمانی وپسپۆڕی تریشی تێدا بێت ونوێنەری جووتیارانیشی لەگەڵ دابێت، بۆ ئەوەی بتوانین لەماوەیەکی کەمدا، لە چەند ڕۆژێکدا بتوانین بگەینە پرۆژەی بڕیارێک ،یا پرۆژەی یاسایەک ولێرەش گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چونکە ئەم مەسەلەیە تا دوابکەوێ کێشەکە زیاتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی زەویوزار زۆرگرنگ وحەساسە، ئەو پێشنیارەی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ کردیان کەوا لیژنەیەک لە ئەندامانی ئەم لیژنەیەی ناو پەرلەمان کە لایەنێکی تەشریعییە لەگەڵ جووتیارانی وەزارەتی کشتوکاڵ وابزانم ئەمە شتێکی نایاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی شکڵیەوە راستە وایە، بەڵام زیاتر مەبەست ئەوەبوو شتەکە راستەوخۆ چارە بکرێت وهەموو پێکەوە دانیشن وئەگەر بێتە سەر لایەنە یاساییەکەی وفکرەکەی وەکو کاک عەدنان وتی: پێویستە وابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین حەمید عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی کێشەی زەویوزار خاڵێکی زۆر گرنگە و، بەپێویستی دەزانم کۆنگرەیەکی بچووکی بۆ بگیرێ و، بە شێوەیەکی زانستی لێیێ بحوڵرێتەوە و، بابەت ولێکۆڵینەوە زانستی تێدا پێشکەش بکرێ، لەسەر بنچینەی ئەوەی کە بنەمای بنەڕەتی ئابووری کوردستانە و، لەسەر ئەو بنچینەی کە ئەنجوومەنی وەزیران دەسنیشانی کردووە کە کوردستان بازاڕێ ئازادە، لەسەر ئەو بناغەیە بەراورد بکرێ لەگەڵ یاسا باوەکانی ناوچەکەدا، بە رای من بەلیژنەیەکیش ئەم ئەرکە جێبەجێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من کێشەی زەویوزار بەکۆنفرانسێک چارەسەردەکرێ، ئەگەر لیژنەش پێکهات.

پێشنیار دەکەم کە نوێنەری وەزارەتی ئەوقافیشی تێدا بێت، چونکە وەزارەتی ئەوقافیش کێشەی زەویوزاری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی کێشەی زەویوزار ئێستا لەپشدەر خەریکە شتەکە بتەقێتەوە وکێشەی گەورە تری لێ پەیدا بێ، لەبەر ئەوە با دوانەکەوێ بە لیژنە و کۆنفرانس، ولیژنەیەکی دەسبەجێی بۆ پێک بێت و، چارە سەرێکی کاتی بۆ بدۆزرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کەوا لیژنەی کشتوکاڵ لەگەڵ لیژنەی یاسادا کۆبێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژەیەکی یاسایی تازە بۆ کشتوکاڵ، واتە: وەکو لیژنەیەک راوێژ بەکەسانێک بکەن کە شارەزا بن لەمەسەلەی کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەد ئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی لێرەدا، مەبەستمان دانانی یاسایێکی تازە نییە، راستە ئەمە پێویست دەکات

کۆنگرەیەکی بۆ ببەستین، وپێویست دەکات زۆر لە شارەزایان تیایدا ئامادەبن و ئەمە کاتیشی دەوێ، ئەوەی ئێمە بە راستی زۆر بەپەلەیە، ئێمە دەمانەوێ ئەو لیژنەیە پێک بێت، نەک بۆ یاسایەکی تازە، بەڵکو ئەگەر بکرێت بۆ پێداچوونەوەی یاسای ژمارە( ٩٠ ) کە ئایا توانای ئەوە هەیە بەشێوەیەکی کاتی کاری پێ بکرێ، یاخود دەسکاری بکرێ؟ ئەگەر نا لەسەر تەعلیماتێکی تازە، کە لە گەڵ دۆخی ئێستای ئێمە بگونجێ، ئەو لیژنەیە پرۆژەی ئەو تەعلیماتانەمان بۆ ئامادە بکات و، لێرەدا بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەوسا ئێمە دەتوانین وەکو یاسایێکی تازە کاری پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە هەیە، دەڵێ: وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەیەک ئامادە بکات وپێشکەشی بکات بە لیژنەی یاسا تاکو دراسەتی بکات و، تۆزێ پەلەشی لێ بکرێ، دەشێ ناوی لێ بنێین یاسا، یا هەر شتێکی تر، با بزانین ئەو پرۆژەیەی ئێوە ئامادەی دەکەن و لیژنەی یاسا تەماشایەکی دەکات کە نوێنەرانی لیژنەی کشتوکاڵیشی تێدا دەبێ ئەوکاتە بەیەکەوە ئەو پێشنیارەی کاک ئەکرەمیش دەگرێتەوە...ئێستاکێ لەگەڵ ئەم رایەیە؟...کێ دژیەتی؟... کەواتە بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بوو، دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوە بوو وئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانیش پێک هاتووە، لەبەر ئەوە بارودۆخ لە کوردستان گۆڕاوە وڕێکخستن وئەرکەکانی سەرشانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیش گۆڕاوە، لیژنەیەک پێک هاتووە، بۆ پێداچوونەوەی پێڕەوپرۆگرام وبەرنامەی بەرەی کوردستانی ، من وکاک سەعد نوێنەری هەر دوو حزب داوامان کرد تا بزانین ئەرکی ئەو لیژنەیە چییە؟ ئەرکی تازەی بەرەی کوردستانی چی دەبێ؟ داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی وئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، بۆمانی روون بکەنەوە کە پەیوەندیی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئێوەدا چۆن دەبێ؟ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە ناو پێڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانیدا خۆمان بگونجێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک هەیە لە بارەی وەزارەتی دادەوە کە بۆ تا ئێستا چارەنووسی دیاری نەکراوە؟ پرسیارێکی دیکەش هەیە وناوەڕۆکە کەی ئەوەیە کە کۆمەڵێکی فەرمانبەر لە دەوائیری جیاجیا هەن و سەر بەرژێم بوونە، ولەوانەیە هەندێکیان کە لێرەن، هێشتا پەیوەندییان بە رژێمەوە مابێ

وهەندێکیشیان خەریکی بەرتیل خواردنن، ئایا چارەنووسی ئەوانە چی دەبێ؟ پرسیارێکی تریش ئەوەیە، ئەڵێ:وەکو بیستوومانە پەرلەمانی ئەوروپی (٤٠) ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئایا راستە یان نا؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەزیری داد، ئێمە بەردەوامین لەسەر هەوڵوکۆشش بۆ ئەوەی کە بە زووترین کات وەزارەتەکە پێک بێت. ئەمڕۆ لەگەڵ بەڕێز د.ڕۆژ و هەندێک لە حاکمەکان دانیشتین بۆ ئەو مەبەستە وئومێدەوارین بە زوویی بگەینە ئەنجامێکی باش، چونکە ئەو مەرجانەی کە بە رای هەردوولامان پێویستە لە وەزیری داد دا هەبێ، شتێکی زۆر ئاسان نییە، وەزیری داد شوێنێکی تایبەتی هەیە و، ئەرکەکەی ئەرکێکی گرنگە، لەوانەیە لەو چەند رۆژەی داهاتوودا بگەینە ئەنجامێکی تەواو وباش، ئەوکاتە ناوی وەزیری داد رادەگەینرێت، بۆ ئەو کارمەندانەشی کە لە دەوائری جیاجیان وسەر بەرژێم بوونە، ئێستاش رەوشت وکردەوەیان باش نییە، تکامان وایە ئەوە بۆ ئێمە بەجێ بێڵن، تاکو ئەو کاتەی دەست بە ئیجرائات دەکەین وئەوکات ئێوەی بەڕێزیش ئاگادار دەکەینەوە. بەنیسبەت (٤٠)ملیۆنەکەی کە بۆ پەرلەمان هاتووە لەپەرلەمانی دەرەوە ئێمە ئەو پرسیارە بەرەو رووی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بببوورن شتی وامان گوێ لێ نەبووە وشتێکی وامان تاکو ئێستا بۆ نەهاتووە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو پرسیارەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ لەبارەی بەرەی کوردستانییەوە کردی، دوێنێ کۆبوونەوەیەکی بەرەی کوردستانی کراوە. ئەمە یەکەم کۆبوونەوە نەبوو، بەڵکو تەواوکەری یەکەم کۆبوونەوە بوو، دوای ئەوەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێک هات ودوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دوو کۆبوونەوە کراوە، تائێستا ئەو کۆبوونەوانە کە پێویست بوون بکرێن، بۆ ئەوەی هەڵوێست لە پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران روون بکرێتەوە، وحەقیشە ئێمە نموونەیەک لە راپۆرتی ئەو کۆبوونەوەیە بدەین بە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن، لەبەر ئەوە من پرسیارەکە زۆر بەجێ ئەزانم و ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە کراوە کە هەڵوێستی بەرەی کوردستانی بەرامبەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی پیشان بدرێ کە چۆنە؟ وهەروەها پەیوەندیی لەنێوانی هەردووکیان دیاری بکرێ و، ئەو شتانەی کە ئێمە سووربووین لەسەری، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەنجومەن بەشداربوون، ئەوەبوو کە پاش ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بەشەریعەتی شوورا بوو بە دەسەڵاتی یاسا دانان وجێبەجێ کردنیش بوو لە هەمان

کاتدا، هەروەها یاسای رابەربشی دەرکرد وهەر خۆی بە خۆی شەرعیەتی تەسلیم بە دیموکراتیەت وپەرلەمان کرد، بۆیە لەو ساتەوە کە پەرلەمان دامەزراوە، ئەو چیتر دەسەلاتی یاسادانان وجێبەجێ کردنی نەماوە، وەک بلێی سەرکردایەتی، یا کارگێڕیی، یا هەر لایەنێکی تر بێ، تەنیا وەک لیژنەیەکی بالا دەمێنێتەوە بۆ ئیشوکاری جەماوەر وکاری سیاسی ولەکاتی پێویستدا ئەگەر مەسەلەی گرنگ هاتە پێشەوە وەکو لیژنەیەکی بالا لە نێوان حزبە کوردستانییەکان کاروباری رێکخستنی هەڵوێستی سیاسی هەڵسوڕێنێت، یا پێشنیار پێشکەش بکا، ئەمەیان پێ راگەیاندرا، هەروەها ئەوەشم پێ راگەیاندن کە لەمەودوا ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان دەسەلاتی راپەڕاندنە لە کوردستاندا، هەرشتێک کە بکرێ و پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە و بە بەرێوەبەراتییەکانەوە هەبێ، بەشێوەیەکی گشتی ئیتر رووبەرووی ئەوان نابێتەوە، بەڵکو رووبەرووی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا لیژنەیەک دانرا بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیانە دیاری بکات، پەیوەندی سەرکردایەتیی سیاسی بەرە لەگەڵ پەرلەمان ولەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە بە لەسەرخۆیی و روونیەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دایەوە، هەروەها سوپاسی ئەو برایانە دەکەین کە پرسیارەکانیان چ بە خۆیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردووە، یاخود بەنووسین پێشکەشیان کردووە.
دەمێنێتەوە دوو خاڵ: خاڵی یەکەم: مەوزووعی پشوودانی مانگی هەشت ئەگەر حەز دەکەن باسی بکەین ئێستاکە، یا خود دوای خەین بۆ سبەی؟.
خاڵی دووەمیش: ئەوەیە کە داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە بۆ دانیشتنی داهاتوو بەڕێزان وەزیری تەندروستی وکۆمەلایەتی و، وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار ئامادەبن بۆ وەلامدانەوەی هەندێ پرسیاری پێویست.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وابوو هێشتا زوو بوو، وەزیرەکان دەبوو ماوەیان پێ بدەین، کە ماوەیەکی زۆر ئیش بکەن وکارەکانیان ئەنجام بدەن ودوای ئیش کردنیان، ئینجا پرسیاریان لێ بکەین، ئێستاکە هەندێکیان وەزارەتیشیان نییە ،جێگاشیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەلام ئەمە پرسیاری خەڵکە، ئەندامانی ئێمەش دەچنە ناوخەڵک، خەڵکی پرسیاریان لێ دەکەن و ئەمەش حەقیکی سروشتی خۆیانە کە دوای سێ مانگ لە دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنەوە ئەوە

مانگێکیشە ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراوە، حەقێکی زۆر رەوایە ئەو خەڵکە پرسیار بکەن و وەڵامەکانیشان بزانن.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەق وایە وەزیری کاروباری پێشمەرگەش سبەی ئامادە بێت و،چەند پرسیارێک هەیە لە بارەی کاروباری پێشمەرگەوە لێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەک ئەنجوومەنی وەزیران بەراستی لەو رۆژەوە بەرپرسارین کە بەرنامەی کارەکەمان پەسەند کرا، ئەم پرس وراگۆڕینەوەیەش شتێکی سوودمەندە، بەڵام یەک تکامان هەیە ئەویش ئەوەیە کە وا نەزانن هەر لەوەتەی کە دەس بەکار بووینە ئیتر هەمووشتمان لەبەر دەستا بووە وئەگەر کارێکیشمان نەکردبێ ئەوە کەمتەرخەمیەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ژمارەی قوتابییە دەرچووەکانی ئەم ساڵ زۆرە، جابۆیە لیژنەی فێرکردنی باڵاراپۆرتێکیان ئامادە کردووە وداوایان کردووە کە هەندێ بەش لە کۆلیجەکان بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ژمارەیەک زیاتر لە قوتابیان وەرگیرێن و، من پێشنیار دەکەم کەوا پاشکۆیەک بۆ رابەری خوێندکار دابنرێ بۆ ئەو بەشە تازانەی کە کراونەتەوە لە زانکۆکان، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەو جۆرە شێوەی قسەکردنە بە شێوەیەی بابەتی نازانم، کە هیچ جۆرە تەعقیبێک لەسەر بابەتەکان نەبێ، سوپاس.

**عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەزیرێک لە ئاستی خۆیەوە وەزارەتی خۆی رێک دەخات ودایدەمەزرێنێ بەبێ ئەوەی سەیری ئەوە بکات کە هەمان دەزگای کۆنی رژێمی هێناوە و وەزیفەی بەسەریاندا دابەش کردووە، من قەناعەت بەوە ناکەم کە وەزیرێک وەڵامێکی کورتم دەداتەوە و، ئەم جۆرە وڵامانە تینوێتی من وخەڵکەکە ناشکێنێ ودەڵێین: ئەو هەموو پێشمەرگە وخەباتگێرانە خراونەتە لاوە وهیچ ئیشێکیان پێ نەسپێردراوە کەچی پیاوانی رژێم کاریان بەسەردا دابەش کراوە، چۆن ئەو خەڵکە تووشی نائومێدی نابن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێکی تر بەم جۆرەیە، دامودەزگای کۆن چۆن چارە سەر دەکرێ وچۆن ئالوگۆڕ دەکرێ؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت قوتابییانی دهۆکەوە، لە پرۆگرامی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە کە کۆلیژ لە دهۆک بکرێتەوە، ولە دهۆک برادەرانی پسپۆڕیش هەیە، ئەو قوتابیانە ژمارەیان چەندە وئایا کۆلیژی پزیشکی وکشتوکاڵ ئەم ساڵ لە دهۆک دەکرێتەوە یا نا؟، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئامادە بوونی سەرۆک وەزیران وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی پێکەوە کۆببینەوە، بۆ ئەوە نییە کە لە ئێستەوە لێیان بپرسینەوە چیان کردووە؟ بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئێمە روون کردنەوەی زیاترمان دەست بکەوێ، لەبارەی ئەو بەرنامەیەی کە خۆیان دایانناوە، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو وەزارەت هەیە رەنگە لە داهاتووشدا بەپێی ئەو ئەرکەی کە کەوتووەتە سەرشانیان وئەو مەسئولیاتەی پێیان سپێردراوە بکەونە بەر رەخنەی خەڵکەوە، ئەو دوو وەزارەتە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی وئابوورییە، بەپێی ئەو کارەی خۆیان هەردووکیان رەخنەیان دێتە سەر، هەرچەندە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەش دەکەوێتە بەر رەخنەوە، بەڵام زۆربەی رەخنە وتێبینییەکان بەخەگیری ئەو دوو وەزارەتە دەبن، لێرەدا ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەوڵ بدەین کە لە دەزگای راگەیاندنی حزبەکانەوە رای گشتی ئامادە بکەین بۆ پشتگیریی ئەم وەزارەتانە وپشتگیریی ئەو یاسایەی کە دایدەنێن و،ئەو رێنمایانەی کە دەری دەکەن بۆ پێش خستن و چەسپاندنی وەزعەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم هیچ تێبینی نەما، تەنیا کاک د.فوئاد نەبێ کە چەند روون کردنەوەیەکی هەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بیر خستنەوەو چۆنیەتی قسەکردن لە ناو کۆبوونەوەکاندا رێک بخرێ وەکو پرۆگرامی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فــــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بەوەی کە دەڵێن گوایە پەرلەمانی ئەورووپی (٤٠)ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، باوەڕ ناکەم پەرلەمانی ئەورووپی ئەو پارەیەی هەبێ کە بتوانێ ئەم مەبلەغە زۆرە بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕەوانە بکات، ئەگەر داوا لە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپی بکات کە ئەو پارەیەی بداتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

کە دەڵێین لە سلێمانی ودهۆکدا زانکۆ بکرێتەوە، بەراستی دەبێ زانکۆ بن، مەسەلە هەر ئەوە نییە وشەیەک بەکار بەرین، زانکۆ مامۆستا وتوانای ماددی دەوێ، لەم ڕۆژانەشدا چاوم بەهەندێ کەسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کەوت و ئەوان داوای پێشمەرگەیان لە ئێمە دەکرد، ئێمەش گوتمان ئێوە مامۆستای زانکۆتان لەگەڵە کە لەتاران ودیمەشق ودەرەوە دەژین با بێن لە زانکۆکانی کوردستاندا وانە بڵێنەوە، هەندێ قسەڵۆکی تریش هەن گوایە خەڵکی خراپمان دامەزراندووە، بەڵام حکوومەت تائێستا کەسی دانەمەزراندووە و،ئەو کارمەند وفەرمانبەرە کۆنانەشی کە ماونەتەوە هەندێکیان خاوەن پسپۆڕی وتوانان وناتوانین دەست بەرداریان بین ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بۆ بەرنامەی سبەی، وتمان وەزیری تەندروستی و، وەزیری شارەوانی و، وەزیری ئاوەدان کردنەوەش ئەگەر بتوانێ لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری بێن، ئەو چوار وەزیرە ولەگەڵ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە بن، ئەوا زۆر کاری ئێمە ئاسان دەبێ، داواشم لە هەردوو فراکسیۆن ئەوەیە کە پرسیارەکانیان دیاری بکەن وڕێکیان بخەن بۆ ئەوەی سوود لەکاتەکە وەربگیرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بە راستی ئێمە هەموو ڕۆژ دەوامان هەیە، لەسەعات (٨)ەوە لەوەزارەتەکانین تاکو سەعات(٢)ی پاش نیوەڕۆ یەک دەقیقە دواناکەوین ویەک دەقیقە زووتریش ناڕۆینەوە بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکانیش چاو لەئێمە بکەن، بەڵام دەوامی پاش ئەو ماندوو بوونە بەراستی تووشی ماندوو بوونی زیاترمان دەکا ودەبێ حیسابێکیش بۆ ئێمە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لەبەر ئەوەی دانیشتنەکە دانیشتنێکی کراوەیە ئەتوانین کاتژمێر (٦)ی ئێوارە دەستی پێبکەین.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو پیاوی دەوڵەمەند وفەقیر، چەند لە باخەڵماندا هەیە هەر ئەوەندە قسە دەکەین، هێشتا باری کوردستان باش نەبووە، یەکێ باسی زانکۆی سلێمانی دەکات ویەکێکی تر باسی زانکۆی دهۆک دەکات، کە سێ سەعات مناقەشەیەکی بەلاشی لەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو ئەندامێک بۆی هەیە پرسیار بکات و، بۆشی هەیە گفتوگۆی لەسەر بکات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەیانیان با زوو بێین، لەجیاتی سەعات(١٠)با سەعات(٨ یا٧)ی بەیانی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کاتی خۆی لەسەر ئەوە رێککەوتین وگوتمان سەعات (١٠) بەیانیان کۆبوونەوەدەکەین، بەیانیان بکرێ مەودای زۆر دەبێ، هەندێک لە سەلاحەدینەوە دێن، هەندێک لە شەقلاوەوە دێن وناتوانین هەر رۆژەش بریارێک دەرکەین، بەم جۆرەش کۆتاییمان بە دانیشتنی ئەمڕۆ هێنا وسوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٩)

دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٩)

## کۆبوونەوەی یەکەم/دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٧

**کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، وبەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(١٩)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی یەکەمی خۆی بەست.**

**سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە و بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەسپێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**بەدوادا چوونی کاروباری وەزارەتەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان تەرخانە بۆ پرسیار و وەلام لەگەڵ بەڕێزان وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزارو، وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی و، ئێستاش لە بەڕێز وەزیری ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدانەوە دەست پێ دەکەین، تکایە باپرسیارەکان پوخت وچڕ بن وئێستاش کێ پرسیاری هەیە بابفەرمووێت.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد /وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامان هەرچی پرسیارێکیان هەیە من ئامادەم بۆ وەلام دانەوەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری ئەوەدانکردنەوە ئامادەیە بۆ وەلام دانەوەی پرسیارەکان، کێ پرسیارو تێبینی هەیە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەودو گەشەپێدان با بفەرمووێت ناوی خۆی بنووسێت.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمانەوێ بزانین وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە لەبارەی ئاوەدان کردنەوەی هەلەبجە وپێنجوێن وقەلادزێوە چیان کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارە دەمێکە کراوە سەبارەت بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی نیشتەجێ کردن وای تێ دەگەم ئیشی هەردوو وەزارەتەکە بەیەک وەزارەت دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارە پەیوەندی بە وەزارەتی ئیشغال ونیشتەجێ کردنەوە هەیە، پەیوەندی بە ئاوەدانکردنەوەوە نییە، جا تکا دەکەم پرسیارەکان تحدید بکەن، تەنها ئەو پرسیارەی پەیوەندی بە ئاوەدانکردنەوە وە هەیە، باسی بکەن.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم لە وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئەوەیە، کە هەنگاوی چیی نراوە بۆ گێڕانەوەی خەڵک بۆ دێهاتەکان، دووەم پەیوەندی وەزارەت لە گەڵ ڕێکخراوە مرۆییەکان کەلێرەن چۆنە؟، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئەگەر ئاوەدان کردنەوەی کوردستان ئەرکی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بێت، ئەی وەزارەتی نیشتەجێ کردن ئەرکی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کاتی خۆی کە وەزارەتەکانمان دانا دەنگدانمان لەسەر ناوەکانیان دا، هەر وەزارەتێک موکەلفە بە بەرنامەی کاری وەزارەتەکەی خۆیەوە، هەر کاتێک ئەنجوومەنی وەزیران بینی لەوێ تعاروز هەیە لە ئەرک و وبەرژەوەندی وەزارەتەکاندا، چارەسەری دەکات، بەڵام ئەگەر پێی نەکرا دەیهێنێتەوە بۆ ئێرە، لێرە لیژنەی یاسایی هەیەو دەشێ هەمواری بکەینەوە.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ هەموو شوێنەکانی کوردستان دەستی ئاوەدانکردنەوەی پێ بگات، بەتایبەتی گەرمیان کە ناوچەیەکی فراوانە و بەتایبەتی کەلارو کفری و دەربەندیخان و ئۆردوگای سموود کە زیاتر لە ٣٠٠ـ٤٠٠ دێ روخاوە وتائێستا دێیەک ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئایا وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوچەی گەرمیان کە تا ئێستا دەستی ئاوەدانکردنەوەی پێ نەگەیشتووە، و خەڵک هەر لە خۆیانەوە خانوویان کردووە و، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش هیچ نەخشەیەکی بۆ نەکێشاوە، ئایا

هەروا ئەمێنێتەوە یا نەخشەی بۆ ئەکێشرێ؟ یا هەروا دەڕوات و ئایا ئەمە زەحمەتێکی بێ هودە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ ناوچە ئاوەدان کراوەتەوە لەگەرمیان و بناری بەمۆ، دێیەکانی تر ئەوانە سەربەخۆ چوون و لەسەر حسابی خۆیان خانوویان کرووە، لەکاتێکدا لە جێگاکانی تر یارمەتییان بۆ دیاری دەکرێت، بۆچی لەوێ وایە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکم ئەوەیە لەسەر ئاستی چی هەوڵ دراوە بۆ رێکخراوە و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان، ئایا چ هەنگاوێک نراوە بۆ ئەم مەبەستە و، پێشنیارەکەشم ئەوەیە کە یاسایەک بۆ ئەم رێکخراوانە دابنرێت، پرسیارێکم هەیە، ئایا هیچ تەنسیقێک هەیە لە نێوان وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە و وەزارەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری، سوپاس.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاندانی خەڵک بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر دێهاتەکانیان و، ئایا لە رووی راگەیاندنەوە چی کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تەنسیقێک لە نێوان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ومرۆڤایەتی وهاوکاریدا نییە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە دەمانەوێ بزانین وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە چی کردووە بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو هەموو (مین)ەی کە لە کوردستاندا نێژراون، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دێهاتەکانی کەرکوک، ئایا وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە ئەتوانێ بکا لەگەڵ UN چی بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی خۆیان، چونکە ئەودێهاتانە بەردەوام تۆپ باران دەکرێن لەلایەن رژێمەوەو هەندێکیاشیان وەکو گوندەکانی ناوچەکانی قەرەحەسەن و هەندێ لادێی ناوچەی جەباری و ناوچەی زەنگەنە لە دەوروبەری قادر کەرەم و گوندەکانی ناوچەی بناری گل و زۆربەی دێهاتەکانی داودەو شێخان و ناوچەی شوان وساڵەیی، کە خەڵکەکانی ئاوەرکراون و تا ئێستا رێگەی گەڕانەوەیان پێ نادرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد / وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین کە وەزارتی ئاوەدانکرنەوەوگەشەپێدان، وەزارەتێکی تازەیە پێش ئێستا نەبووە بۆیە دەبێ لە سفرەوە دەست پێبکەین و، هاوکاری لە نێوان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو

وەزارەتی نیشتەجێ کردنیشدا هەیە لە رووی ئامێرەوە، هەیکەلی وەزارەتەکەشمان دارێشتووە و یاسای وەزارەتیشمان وەک پرۆژە ئامادە کردووە، بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستانیش ئێمە نەخشەی ئاوەدان کردنەوەی هەموو کوردستان دادەرێژین وبەگوێرەی ئەو توانایەی کە دەخرێتە بەردەستمان بایەخ بە هەموو شوێنەکان دەدەین، ئەوەش دیارە کە هەڵبجە لەپێش هەموویەوە دێت. هەروەها دەبێ بایەخ بەو خێزانە ئاوارانەش بدەین کە لەتورکیا وئێران دێنەوە، زۆر جاریش لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکاندا هاریکاری دەکەین بۆ ئەوەی هەندێ گوندو ناوچە ئاوەدان بکەنەوە، لەگەڵ وەزارەتەکانی تری خۆشماندا هاریکاری دەکەین، بۆ نموونە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ دروست کردنی قوتابخانەو وەزارەتی تەندروستی بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەو، ئیتر ئاوا بەپێی عائیدیەت. گرفتی گەورەش ئەوەیە کەتا ئێستا ئامێری کارکردن بۆ ئاوەدان کردنەوە دەچێتە دەرەوەی کوردستان وسنووری بۆ دانەنراوە، هێشتاش لەسەرەتای کاردایین وبەتەئکید باشتریش دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک لەبارەی ئەوەوە کرا کە ئایا دەتوانین شێوەیەکی یاسایی بۆ ئەو رێکخراوە خێرخوازانە دانێین کە لە کوردستاندا کار دەکەن؟.

**بەڕێز مەئموون نور محەممەد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاردەکەم کەیاسایەک بۆ ئەو رێکخراوانە دەربچێت وهیچ نەبێ بۆ (تدقیق)ی ئەو رێکخراوانە، ورێکخراوەکان خۆیشیان ئێستا داوای مۆڵەتی کار کردن دەکەن. دەبێ هەڤاڵان ئەوەش بزانن کە رێکخراوەکانی(UN) بە ناوی کۆمەک کردنەوە هاتنە کوردستان، نەک بۆ ئاوەدانکردنەوە، سەبارەت بە هەڵگرتنەوەی (مین)یش ئەوە لەسەر ئاستی (UN)دەبێ کاری بۆ بکرێ وئەوە بە پسپۆڕی شارەزا دەکرێ کە لێرە نیمانە. بۆئەوەش بەڕێز فەوزیەخان لەبارەی دێهاتەکانی کەرکووکەوە پرسیاری کرد، ئەوەش مەسەلەیەکی سیاسیە ودەبێ لەسەر ئاستێکی بەرزتر قسەی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فەرەنسۆ هەریریش پرسیارێکی لەمەڕ تێکەڵاوی کاروبارەکانی هەردوو وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو وەزارەتی ئەشغاڵ ونیشتەجێ کردنەوەی کردبوو.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی.**

ئێمە ئامێرو فەرمانبەرو کارمەندەکانی ئەشغالمان بەبێ گرفت گواستەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، کاروباری هەردوو وەزارەتەکەش روونن وهەرکاتێکیش بزانین کە تێکەڵاوی لە کاروباری دوو وەزارتەدا هەیە، ئەوا وەزارەتەکان دەخەینە سەریەک و وەزارەتێکی تریان لێ

دروست دەکەین، بەڵام بۆ ئەمڕۆ ئەو هەردوو وەزارەتەی باسمان کردن بەپێویستی دەزانین بۆ ئەوەی بەگوێرەی پێویست بایەخ بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بدەین لە هەموو روویەکەوە.
سەبارەت بە بەڕێز وەزیری تەندروستیش بەداخەوە لێرە نەبوو تا ئاگاداری بکەینەوە ورەنگە سبەی بێتەوە، ناچاریشین کە بە وەزیرەکان بڵێین لەمەودوا سەفەریان کرد دەبێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداربکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکی تر هەبوو کە دێهاتە نزیکەکان هەر(٤و٥)گوندێک بکرێن بەیەک، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەمەم پێ باش نییە، چونکە کێشەی لابەلای زۆری لێ دەکەوێتەوە کە پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە تەواو و، گەیشتینە چەسپاندنی دوو خاڵیش کە ئەمانەن:

١- دەرکردنی یاسایەک بۆ مۆڵەت پێدانی ئەو رێکخراوە خێرخوازانەی کە دەیانەوێ لەکوردستاندا خزمەت پێشکەش بکەن.

٢- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کاروباری ئەو رێکخراوانە و بەسەرکردنەوەی حیساباتیان، ئێمە لەپەرلەماندا لیژنەی پەیوەندیمان هەیە کە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی،سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو رێکخراوانە دوو جۆرن هەندێکیان لەکوردستان دروست بوونە، ئەوانە پێویستە ئیجازەیان هەبێت کە ئیجازەش وەردەگرن دەبێت دوای ئەوە بێت بەرنامەو پێڕەوی خۆیان پێشکەش بکەن و، بوودجەیان چەندە و مەبەستیان چییە بە وردی ئەو شتانەی خۆیان پێشکەش بکەن، ئەو کاتە مۆڵەتیان پێ دەدرێت ئێستا ئەوانە کە دروست بوون لەبارودۆخێکی تایبەتی دروست بوون، ئەمانە دەبێ کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵدا بکەین ولە کارەکانیان بکۆڵینەوە، بۆ رێکخراوەکانی دەرەوەش بەڕاستی دیسان ئەویش پێویستە ئەوانەی کەیارمەتیمان دەدەن ئێمە زۆر سوپاسیان بکەین، بەڵام بزانین ئەو یارمەتیانە لەکوێوە دێن و چۆن دێن، بوودجەکەیان چەندە، نەک لەوێش فێڵێکمان لێ بکرێت، چونکە هەندێ گومان هەیە بەنیسبەت هەندێکیان بوودجەکەیان زۆر بێت، بەڵام ئەوەی کە بۆ کوردستان خەرج دەکرێت ئەوە بەو شێوە نییە وترسی ئەوەمان هەیە هەر وەک وکالەتی وەهمی لێرە هەیە هەندێک پرۆژەی وەهمیش هەبێت ولەوێ پارەکەشی خەرج کرابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە بۆچوونی ئێمەش ئەوە شتێکی دروستە کە لەیاسا پێشنیارکراوەکەدا لەکاروباری سەروشتی ئەو ڕێکخراوانە بکۆڵێنەوە، کە دوو جۆرن هەندێکیان ئامادە نین لەگەڵ لایەنە ڕەسمیەکاندا هاریکاری بکەن، دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانیش پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەیاندا بکا کە هاریکاری حکوومەتی هەرێم دەکەن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم /سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە ئیشوکاری خۆمانەو دەتوانین راپەڕێنین ئەوکات ئەنجامەکەشی دێنینەوە ئێرە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

ئەی بۆپێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پشکنینی ئەو ڕێکخراوانە، وابزانم ئێمە لیژنەیەکمان هەیە لەناوەوەی پەرلەماندا ئەگەر بەڕێزان لارییان نییە، با ئەو لیژنانە لێکۆڵینەوەی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی چی هەیە و چی نییە بەتەنسیق لەنێوان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پسپۆردا، چ تێبینییەکان لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە، ڕوونی بکەنەوە وپێشکەشی بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە لیژنەیەک پێک بێت بۆ پشکنینی حیساباتی ئەو ڕێکخراوانەو، پێشنیار دەکەم کە لیژنەکە لە نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی (ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان)و (یارمەتی مرۆڤایەتی)بن و بە سەرۆکایەتی نوێنەری لیژنەی دارایی لە پەرلەماندا کاربکات، شتێکی تریشم هەبوو لەسەر یاساکە شتێکی زۆر پێویستە، بەڵام دەبێ ئەو ڕێکخراوانەی کە لە زووەوە لەکوردستاندا کار دەکەن وەک ئەوانە تەماشا نەکرێن کە تازە داوای مۆڵەتی کار کردن دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەش هەر لە مەیانەی ئەو پلانەیە کە جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە باسی کرد.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تا دەکرێ با لیژنە هەمیشەییەکان ئەو کارە ئەنجام بدەن باشترە، هەتاوەکو لیژنەی پسپۆر دروست دەکرێت، ئەگەر ئیشێکی تایبەتی هەبوو ئەوکاتە لیژنەی کاتی دروست دەکەین، یان لیژنەیەکی چوار پێنج کەسی دروست بکەین بەیارمەتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان هەیە لە گەڵیاندا، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی هاوبەشە ئەو ڕۆژە برادەران سەرنجێکیان پێشانداو وتیان: ئەوەی پەرلەمان هی پەرلەمان بێت، ئەوەشی هی ئەنجوومەنی وەزیرانە با هی ئەوبێت و، ئەو لیژنانەی کە لێرە

مافی تەواوی خۆیانە هەموو شتێک بپشکێنن و بەدوای هەموو شتێکدا بچن و، بزانن ئەو بوارەی کە کۆمیتەکەی بۆ دانراوە ئایا ئیشەکان چۆن دەڕوات؟ کەموکوڕییەکان چییە دەسنیشان بکرێ و بێن باسی بکەن، ئەمجا ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە با ئەو بۆ خۆی هەوڵ بدات لەلایەن خۆیەوە ئیشەکانی بکات و، وە ئەوەشی پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانی و کۆمیتەکانەوە هەیە، ئەوە مافی تەواوی خۆیانە کە هەموو ئەو جۆرە شتانە بەسەر بکەنەوە تاوەکو دەگەنە ئەنجامێک، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ڕێکخراوە مرۆییانە، ئەوە دەبێ بەپێی یاسای حزب وڕێکخراوەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕێکخراوانەی دەرەوە هەندێ ڕێسای خۆیان هەیە بۆهاوکاری و ، ئاڵگۆڕی ئەو شارەزاییەی کە هەیانە، بە هەرحاڵ پێویستی بە یاسایەکە ئەو یاسایەش ئەبێ ئەو پەیوەندییانە دیاری بکات و، چۆنییەتەکەشی بۆ خودی لیژنەکە بەجێ دەهێڵێن.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکخراوە بیانیەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ هەندێ کەسدا دەکەن هەڵوێست لەگەڵ ئەوانەدا چۆن دەبێ ؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنەیەی ک ئەو پرۆژەیە ئەبێت لەکاتی دانانی ئەو پرۆژەیەش ئەوەش رەچاو بکات.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیرکاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە بۆ وەزارەتەکەی باسی پلانێکی کرد، بەڵام ئایا لە پێشدا گرنگی بەکام چین، یا توێژی کۆمەڵایەتی بدرێت وئایا ئەم پلانە لێرە باسی بکەین لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، یا بیهێڵین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەوێ باسی بکەن، یا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دای دەنێت و پاشان لێرەباسی دەکات؟، چونکە ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە وبێگومان دەبێ ئاوارەکان بایەخی زۆریان پێ بدرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بەپێی ئەو پرۆگرامەی کە ئەنجومەنی وەزیران دایناوە و، پەسەندکراوە، ئەبێت یەکسانییەک هەبێت لە نێوان جێگر کردنی ئاوارەکان لە هەمان کاتیشدا ئەو ئاوەدان کردنەوەیەی خزمەتی بووژاندنەوەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری و باری ئابووری و باری پیشەسازی هەمووی بکات،واتا بگونجێ لەگەڵ دامەزراندنەوەی ژێرخانی ئابووری لەکوردستاندا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەناو وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێداندا باسی ئەوە کرا کە فکرەیەکی وا هەیە کۆنفرانسێک بکەن وئەو پسپۆڕانەی کە پەیوەندییان بەئاوەدانکردنەوە هەیە بەشداری تێدا بکەن، ئەوەش لە ئەنجوومەنی وەزیران حەقە باس بکرێت وە ئەگەر پێشنیارێکی وا هەبوو باپێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش بیدەین بەلیژنەی تایبەتی تا ئەوان لێی بکۆڵنەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسەیەی کە ئێستا ئەیکەم تەنها پەیوەندی بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە نییە، بەڵکو وەکو پێڕەوێکە کە ئێمە خۆمانی پێ رابهێنین و هەوڵ بدەین کەوا جێبەجێی بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لێرە ئەرکی سەرشانی پەرلەمانە کەوا هێڵێکی گشتی بکێشین بۆ ئەو بڕیارانەی کەوا ئەدرێن، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی و بۆ وردکردنەوەی پێویستە بەرەو رووی ئەو کۆمیتە تایبەتیانە بکرێتەوە کە ئێمە چوار کۆمیتەمان هەیە لەناو پەرلەماندا وە هەروەها بەرەو رووی وەزارەتە تایبەتییەکان بکرێتەوەو، هەریەک بە پێی ئەرکی خۆی جێبەجێی بکات، لێرە ئێمە زۆر نەچینە تەفسیلاتەوە باشە هێڵە گشتییەکە بکێشین بەنیسبەت ئاوەدانکردنەوە و، یا هەر مەسەلەیەکی تر دێتە پێشەوە کە هاتین وردمان کردەوە ئەوە با بەرەو رووی ئەو دەزگایانە بێتەوەتا لەو بارەیەوەو لێکۆڵینەوەیەک بنووسن و بڕیاری لەسەر بدەن و ئەوکاتە دەست بکەن بەجێبەجێ کردنی. مەسەلەیەکی تریش هەیە بەنیسبەت ئەو رێکخراوانەوە هەتا وەکو ئێستا خەریکی ئاوەدانکردنەوە بوون و پەیوەندییان لەگەڵ هەندێ رێکخراوی دەرەوە هەبووە و، یارمەتیان لێ وەرگرتوون ئەو پرۆژانەی ئێستا دەستیان پێکردووە، ئێمە ناتوانین پێیان ببچڕێنین، پێویستە لە سەر بەرنامەی خۆیان بەردەوام بن هەتاکو ئەو پرۆژەیە تەواو دەکەن و کۆتایی پێ دەهێنن، بێگومان ئەنجوومەنی وەزیران هەریەکە بەپێی ئەو ئەرکەی بەرەو رووی دەبێتەوە و، پێویستە ئاگاداری ئەو پرۆژەیە بێت، زانیاری تەواو لەو بارەیەوە کۆبکاتەوە وبزانێ کە لە کوێوە هاتووە، چی خەرج کراوەو، چۆن جێبەجێ کراوە وچ کەموکورییەکی هەیە و هەوڵ بدەین بەباشی کۆتایی پێ بهێنین، ئەو پرۆژانەی کە دەست کراوە بەجێبەجێ کردنیان پێویستە بەردەوام بن تا تەواو ئەبن، بەڵام لەمەولا پێویستە پێڕەوێک دابنرێت لەلایەن پەرلەمان و، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بۆ ئەوەی کە بزانرێت ئەو پرۆژانە چین و، چ رێکخراوێک جێبەجێی ئەکات وە لەلایەن چ رێکخراوێکەوە یارمەتی وەردەگرن، پێویستە ئەو مسەلەیە بەگشتی لە نێوان خۆماندا باسی بکەین، مەبەستم لەوەیە کە پەرلەمان بڕیارێک لەو بارەیەوە بدات، ئیتر بەرەو رووی ئەو کۆمیتە تایبەتییانە بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ لیژنەی پشکنین، ئەوا لیژنەی پەیوەندیی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەو دەسەڵاتەی هەیەو ئەتوانن پەیوەندیی بکات بە هەر وەزارەتێکەوە کە پەیوەندیی بە ئیشوکارەکەوە هەبێت و

زانیاری لێ وەربگرێت و هاوکاریی بکات.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە بادەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە وئەنجوومەن پێشنیارەکەی بەگشتی دەنگ پەسەند کرد..کێ دژە؟ کەس نییە دژ بێت، سوپاس. ئێستاکەش دێینەوە سەر وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزارو، با بزانین پرسیارەکان چین؟.

**بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چەند پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار:

١ـ لە داهاتی هاوینەهەوارەکانەوە پارەیەکی باش دەست دەکەوێت، ئایا چ کراوە لەم بارەیەوە؟.

٢ـ بۆ چارەسەرکردنی کردنی کێشەی ئاو لە ناوشارەکاندا چ کراوە؟.

٣ـ بۆ بە بەردەوامی یاسا لە شێخەڵڵادا پیادە نابێت؟، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مەلا خالید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە سالێکە ئێمە رزگار بوینە، بەڵام شارەکانی کوردستان تا ئێستا روخسارێکی تەعریبیان پێوە دیارە لە هەمووشارەکانی کوردستاندا بە قەزا و ناحیەکانیشەوە، مەبەستم لە نووسراوەکانی سەر دوکان و شەقامەکانە، کە هەتا ئێستا عەرەبییە و رۆژ لە دوای رۆژیش زیاتر دەبێت، بێجگە لەوە ئێستا ئێمە هانی سیاسەتی تەعریب دەدەین لەکوردستاندا و، خۆمان وەکو کورد ئەگەر یەکێک بمرێت ئەو لافیتەیەی لە بەردەرگای مزگەوتەکان دەدرێت تەنانەت ئەویش بە عەرەبییە، ئایا وەزارەتی شارەوانی چ پلانێکی داناوە بۆ ئەو مەسەلەیە؟ مەبەستم گۆڕینی ناوەکان و تابلۆکانە. پێشنیاریش دەکەم کە وەزارەتی شارەوانی رۆژێکی هەبێ جا ناوی هەفتەی راچەنین بێت، یا هەرشتێک بۆ ئەوەی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بەیەک رۆژ لە ماوەی هەفتەیەکدا بتوانین ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکێ تر لەگرفتە هەرە گەورەکان ئەو قەرەباڵغییە کە لەناوەندی شارەکاندا هەیە، عەرەبانەی دەستی ئەوەندە زۆر بوونە وکارێکی وایان کردووە، لە رێگاکاندا تەنانەت رێگای تاکە کەسیش نییە پێیاندا بڕوات، ئایا شارەوانیی چییان کردووە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گیروگرفتە بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو ئەنجوومەنانەی کە لە گەڕەکەکاندا هەڵدەبژێردرێن و، لە دێهاتەکاندا هەن ئەمانە لەکوێوە شەرعیەت وەردەگرن؟ تکایە ئەگەر روونکردنەوەیەک لەم بارەیەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عـــەلی عـــەبدوڵلا ئەحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ڕێگاوبانەکانی کوردستان خراپن بەتایبەتی شارەکان، ئایا وەزارەتی شارەوانی چ نەخشەیەکی هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە؟، هەروەها تەجاوزات لەسەر زەویوزارەی شارەوانی زۆرە، چ هەنگاوێک دەنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە؟ هەموو ساڵێ لەلایەن شارەوانیەوە عەلوە و گەراجەکانیش بەکرێ دەدرێن، تا ئێستا بەرەی کوردستان سەرپەرشتی کردووە لەشارەکاندا، ئایا بیر لەوە ناکرێتەوە، بەپێی بریارێکی تازە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شارەوانیەوە و داهاتەکەی کۆنترۆڵ بکرێت بۆ خەزینە؟، پرسیارێکی تریش هەبوو بۆ ئەوەی ممتلەکاتی دەوڵەت هی هاوینەهەوارەکان نەبرێت، ئایا وەزارەت چ نەخشەیەکی هەیە بۆ ئەو مەبەستە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لەشارەکاندا تەجاوزات زۆر کراوە وەدەکرێت،دەبێت شارەوانی هەر لە ئێستاوە ئەو دیاردەیە قەدەغە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

وابزانم هاوینەهەوار شوێنێکی زۆر گرنگە ئەگەر بێت و وەکو پێویست سوودی لێ وەربگرێت و، رژێم ئوتێلێکی زۆری دروست کردووە بۆ هاوینەهەوارەکان، ئێستاش هیچی وەکو خۆی نەماوە، جا نازانم چی کراوە بۆ پارێزگاری کردنیان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

شارەوانی هەر چەندە یەکەیەکی خزمەتگوزاریە، بەڵام یەکەیەکی ئابووری زۆر گرنگیشە، ئەگەر باش سوودی لێ وەربگرێ، بەتایبەتی ئەگەر چاوێک بە شارە گەورەکانیشدا بخشێنین، بەپێی بریاری (٥٢٩)رژێم چەند پارچە زەویەکی دابوو بە دەست وپێوەندەکانی، ئەگەر وەزارەت چاوێک بەو مەسەلەیەشدا بگێرێتەوە باشە، هەروەها دەبێ شارەوانی بیرێکیش لە مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی ئاویش بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

راستە هاوینەهەوار سەرچاوەی داهاتێکی باشە، بەڵام پێشتر هاوینەهەوارەکان سەر بە پارێزگاکان بوون هەر یەکە لە سنووری خۆیدا، وەک دەزانن لە راپەرینیشدا هاوینەهەوارەکان زیانی زۆریان پێگەیشت وزۆربەی خانووبەرەکانیشی ئێستا خەڵکی ئاوارەی لێ نیشتەجێ بوونە، بە هەر حاڵ ئێمە لە پرۆژەی یاسایی وەزارەتدا لە دانانی هەیکەلی ئیداریدا رەچاوی دەکەین، بۆ مەسەلەی

دابین کردنی ئاویش پێش هەموو شتێک داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە کە پۆلیس بۆ پاراستنی ئاوی ئیفرازی هەولێر دابین بکەن و، لەلایەکی تریشەوە هەوڵمان داوە لەرێی رێکخراوە خێرخوازەکانەوە مەزخەی ئاوی گەورە وپارچەی یەدەگ بۆ مەزەخەکانی ئاوی ئیفرازی هەولێر پەیدا بکەین کە هەندێکیان ئیتاڵی وهەندێکیان ئەڵمانین، بۆ مەسەلەی ئاو و ئاوەڕۆش ئەوە هەروا بووە کە پەیوەندیی بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەبێت، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا رژێم ئەوانەی بەهەندێ دایەرەی بەغداوە بەستبوو ئەوانیش بەپێی سیاسەتی رژێم نەیان ویستووە بایەخ بەم کارانە بدەن، ئێمە لەپرۆژەی یاسایی وەزارەتی شارەوانیدا داوامان کردووە کە سەر لەنوێ بخرێنەوە سەر وەزارەتی شارەوانی.گرفتێکی دیکەشمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئۆتۆمبیلەکانی شارەوانی کە بۆ ئەرکی دیاری کراو دروست کراون لەکاتی راپەرینەوە نەماون، وئەوانەشی کە ماون هەندێکیان تایەو پارچەی یەدەگیان نییە و پەکیان کەوتووە، بۆیە ناتوانین کارەکانی پاکوخاوێنی شارەکان وەکو پێویست راپەڕێنین بۆ ئەمەش هەوڵ دەدەین سوود لەو برە داهاتانە وەربگرین کە بۆ وەزارەت تەرخان دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو ئامێرانە وەگەڕ بخەینەوە.
بۆ مەسەلەی قەرەباڵغی هەندێ جادە وشەقام وشوێن وعەرەبانەی دەسگێڕیش ئەوە بووەتە دیاردەیەکی زۆر باوو بەئاسانی چارەسەر ناکرێ ئەویش لەبەر بێ کاری خەڵکەکە، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوانە لەگۆڕەپانی تایبەتدا جێ بکەینەوە و رێگەی ناوشارەکان لەو دیاردەیە رزگار بکەین. بۆ ئەنجومەنی گەرەکیش ئەوە پێویستە یاسایەکی بۆ دەربکرێ. مەسەلەی عەلوە وگەراجەکانیش ئەوە بەپێی یاسا لەمەودوا دەدرێن بە کرێ وپارەکەی بۆ داهاتی حکومەت دەبێت. بۆ قیرتاوکردنی شەقامی ناوشارەکانیش، ئێستا توانای مادی ئەوەما نییە رێگای نوێ، یا سەرلە بەری شەقام قیرتاو بکەینەوە، بەڵام ئەو چاڵ وچۆڵیانەی کە هەنە پڕیان دەکەینەوە.
مەسەلەی تەجاوزیش ئەوە تەعلیماتمان بۆ هەموو شارەوانیەکان دەرکردووە کە قەدەغەی بکەن وئەوەی کراویشە هەڵی دەوەشێنینەوە لەو شوێنانەشی کە رژێم شارەوانی لێ نەهێشتبوو داوامان کردووە کە لیژانی لێ پێک بێت ئیشوکاری شارەوانی راپەڕێنێ ونەهێڵن تجاوز بکرێ هەتا ئیداراتی ئەو شوێنانە دەگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمە دەرگای پرسیارمان داخست، چونکە وەختەکە تەواو بوو ئەگەر هەر شتێکی تریش هەبوو با بە نووسین بدرێت بە لیژنەی خزمەتگوزاری، ئەوانیش لە رێگای خۆیانەوە لێی دەکۆڵنەوە و دەیدەن بە وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار،
بەم جۆرەش کۆتایی بە کۆبوونەوەی سەرلەبەیانی ئەمڕۆمان دێنین وکۆبوونەوەی سەرلە ئێوارەی ئەم دانیشتنەش بۆ پێداچوونەوەی باری سیاسی تەرخانە کە هیواداریـن لەکاتی خۆیدا ببەسترێت.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

## كۆبوونەوەی دووەم/ دووشەممە ڕێكەوتی١٩٩٢/٧/٢٧

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كۆبوونەوەی ئەم ئێوارەیەمان تەرخانە بۆ باس كردنی بارودۆخی سیاسی گشتی، ئێستاش بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر بارودۆخی سیاسی قسەمان بۆ دەكات، هەر پرسیارێكیش هەبوو ئەوە بەڕێزی، یا وەزیرە بەڕێزەكان وەلامی دەدەنەوە، بەلام با وەلامەكان چڕو پڕ بن ودوور بن لە دووبارە كردنەوە، فەرموو بەڕێز د. فوئاد..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم /سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بارودۆخی كوردستان ئەمڕۆ كە بێین بەراوردی لە گەڵ ساڵێك پێش ئێستادا بكەین، بەراستی جیاوازییەكی زۆری هەیە، تەنانەت ئەگەر باسی كاتی ڕاپەڕینەكەش بكەین و بەراوردی بكەین لەگەڵ ئێستا دیسان جیاوازییەكی زۆری هەیە، ڕاپەڕینەكە هێزو توانایەكی كوردی هەبوو، بەڵام ئەو هێزو توانایە و جێ دەستەدیارەكانی بەشێوەیەكی ڕێكوپێك ئەبوو، ئێستا ئەوە لەكوردستاندا ئیشوكارەكان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك دەڕوات، شێوەی یاسایی بەخۆیەوە دەبینێ، جاران ئێمە سیفەتێكمان نەبوو كە بەو سیفەتە ڕەفتارمان لەگەڵ بكرێت، یا پەیوەندیی لەگەڵ لایەنێك بكەین، زۆر جار حەساسیات پەیدا دەبوو، لایەنێكی بیانی پەیوەندیی لەگەڵ حزبێك هەیە، حسابی ئەوەی دەكرد كە حزبەكەی تر مەسەلەكە بەحەساسیەتەوە وەرئەگرێت، بەڵام ئێستا ئەوە دەزگاكان دروست بوون و، ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، وەزارەت كە هیچی هی حزبێكی دیاری كراو نییە، بۆیە شێوەیەكی یاسای هەیە بۆ پەیوەندیی كردن لەگەڵی و هەروەها حەساسیەتیش نابەخشێ بە ولاتان، چونكە دروست كردن وهەڵسوكەوت كردن لەگەڵ لایەنێك كە بڕوای بەخەباتی چەكداری هەبێ، ئێمە ئەوەی كە هەندێ جار باسی دەكەین شەرعیەتێكی شۆڕشگێڕی بوو، بەلام ئێستا شەرعیەتی یاساییە، جا بۆیە كە تەماشای وەزعی خۆمان دەكەین ئێمە بەرەو نیزام دەڕۆین، بەرەو یاسا دەڕۆین بەرەو شێوەیەكی وەها دەڕۆین كە لایەنە بیانیەكان ئەگەر پەیوەندیشیان لەگەڵماندا هەبێ ببێتە شتێكی زۆر ئاسایی، ئەوجا كە دێین تەماشای بارودۆخی ڕژێمی عێراقیش دەكەین بەراوردی دەكەینەوە لەگەڵ پێشوو و، دەبینین زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ جاران، جاران ڕژێمێكی بەهێزی خاوەن دەسەلاتێكی فراوان وتوانایەكی مادی زۆر و هێزێكی یەكجار گەورەی سەربازی بوو، خۆی وادادەنا كە هێزی پێنجەمە لەجیهاندا، ئەوەش لەكاتێكدا كە دەوروبەر هەمووی دژ بە ئێمە بوو هەرچەندە لە هەندێ كاتدا لە گەڵ ئێران پەیوەندییەك پەیدا دەبوو، بەڵام ئەو پەیوەندییە ئەوەندە نەبوو كە ئومێدمان پێ هەبێ، یاخود شتێكی بۆ دوا ڕۆژ لێ چاوەڕوان بكەین، هەمیشە ئەوانەی دەوروبەر ئامادەبوون

که پێکەوە هاوکاری بکەن، بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردایەتی، چونکە بزووتنەوەی کوردایەتیان مەترسییەکی راستەوخۆ دادەنا لە سەریان، بۆ نموونە لە دوای کودەتای ئیسلامی لە ئێران چوومە لای(خامەنەئی)کە نوێنەری ئیمام خومەینی بوو لە لیژنەی بالای بەرگری، زۆر باسی کێشەی کوردی عێراقمان کرد، بەلام ئەو یەک رای هەبوو کە بزووتنەوەی کورد یەک پارچەیە و یەک شتە و جیاوازی لە نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ئێران وعێراق وتورکیادا ناکرێت. دەولەتەکانی سنوور هەموو بەوچاوە تەماشای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکەن، بۆیە هەموو بۆ لێدانی لە ناو یەکدا رێکن. ئەوە بوو تورکیاش لەگەل عێراقدا رێککەوتبوون هەرکاتێک بیانویستایە سنووری عێراقیان دەبەزاند و دوای کوردەکانی تورکیا دەکەوتن لە ناو خاکی عێراقدا و، جارێک بەکرێ گرتەی سۆڤیەت وجارێک بە چلکاوخۆری ئەمەریکاش تاوانبار دەکراین، بەلام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە ئێستا سوپای رژێمی بەغداش ئەوەی جاران نەماوە کە بتوانێ هەرکەی بیەوێ پەلامارمان بدات و،یا چەکەکانی پێشووی لە دژمان بەکار بەرێت، هەروەها لەرووی پەیوەندیی نێودەولەتیشەوە تووشی گۆشەگیری کراوە، لە رووی جەماوەریشەوە ئەو توانایەی نەماوە کە خەلکی پارچەکانی تری عێراق لە دژی گەلی کوردستان بوروژێنێ، تاپەیوەندیشی لەگەل جەماوەر کزبێت وتا لەگەل کۆمەلگەی نێودەولەتیشدا دوورە پەرێز بێت ئەوەندە لە قازانجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددایە، کە تەماشای دوورتریش دەکەین کە باری ئابووری وسەربازی وپەیوەندییە نێودەولەتیەکانی عێراق هێشتاش روو لە داڕووخانی زیاترە نەک لە چاک بوونەوە، ئەمانەش هەموو خالێن لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا، ئەوجا کە دێینە سەر دەوروبەر جاران تورکیا وەکو دیوارێک بوو لە پێشمان، هی ئەوە نەبوو بتوانین درزێکی تێ بکەین و سوودی لێ وەربگرین، ئێستا ئەوە یەک دوو سالێکە وەزعی تورکیا زۆر گۆڕاوە نەک هەر بەرامبەر بە کوردی عێراق، بەلکو بەرامبەر بە کوردی ناوخۆشی، جاران لەپەرلەمانی تورکیادا کەس نەدەوێرا بلێ من کوردم، ئەگەر شتێکی دەربڕیبا کە کوردایەتی تیادابا، ئەوە دووریان دەخستەوەو دادگایی دەکرا، چەندین لەو خەبات گێڕانەی تورکیا کە هەر ئەوەندە کە تۆزێک قسەی ئاشکرایان کردبێ، هیچ شتێکی تریان نەکردبێ، لەوە زیاتر کە وتوویانە ئێمە کوردین، مافی میللەتی کوردمان دەوێ لەتورکیا لەناو براون، ئێستا پێشبرکێ لەنێوان حزبە گەورەکاندا هەیە کە کامیان زیاتر دەری بخات لەگەل مافی میللەتی کوردە لە تورکیادا، ئۆزال و دیمیرێل، کە هەردووک دژ بەیەکن، بەلام کە تەماشای دەکەین دەبینین هەردووک بەرامبەر بە کورد وەکو پێشبرکێیە لە نێوانیاندا کە کامەیان زیاتر وا نیشاندا کە لەسەر کورد دەیەوێت بکرێتەوە، دەیەوێت بەرگری لە کوردستانی تورکیا بکات، بۆ یەکەم جار لەو ماوەیەدا، ئێستا باسی وەسیەتنامەکەی مستەفا کەمال دەکەن کە وەختێ خۆی کە کێشەی موسل لەگۆڕێ بووە وتویەتی با موسل، یا کوردستان لەگەل عێراقدا بمێنێتەوە ئەوان دەگەن بە شێوەیەک لە نێوان خۆیاندا فیدرالی، یا کۆنفیدرالی، ئەوکات ئەشێ ئێمە لەگەلیان رێک

بکەوین، جاران شتی وا هەر بزر دەکرا، ئێستا ئەوە خۆیان ئەو بۆچوونانە دەردەبڕن جا ئەگەر ئەوە رەنگیش نەداتەوە لە هەڵوێست و لە سیاسەت هەنگاوی نەهاویشتبێ لەتورکیا، بەڵام ئەوە شتێکە حسابی بۆ دەکرێ و شتێکە دەبێ بەهەندبگیرێ، جاران تاقە رێگا لەپێشی ئێمە ئێران بوو، کورد هەرجارێک کە زروفێکی تۆزێک باشی بۆ رێککەوتووە لە ئێران دوور کەوتۆتەوەو، وتوویەتی جارێکی تر تۆبە من بەرەو ئێران بچمەوە، بەڵام هەر ناچاری ئێران بۆتەوە، بۆ؟ چونکە تاکە رێگا بووە، هیچ شتی ترمان نەبووە، ئێستەش ئەوە تورکیا هاتۆتەپێش واتا ئەوە نییە تەنها هەر تورکیامان هەبێت، یا تەنها ئێرانمان هەبێت، ئێستا توانای هەڵبژاردنمان هەیە، ناڵێین دەرگاکەیان کراوەیە بۆ ئێمە، بەڵام زروفی ئەمرۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ جاران، بۆ نموونە، سەرەک کۆماری تورکیاو سەرەک وەزیرانی تورکیا کە لە دوو حزبن، بڕوایان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نییە، لەگەڵ ئەوەش دێن پێشوازی لە بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال دەکەن وبە ئاشکراش لە بەردەم رۆژنامەکاندا موجامەلەی زۆریان دەکەن و دڵنەوایی کوردی عێراق دەکەن کە ئەوە جاران نەدەکرا، هەروەها کە تەماشای دەوڵەتەکانی ئەوروپا دەکەین کە لەوانەیە کاتی خۆی بزووتنەوەی کوردایەتییان بە بزووتنەوەیەکی سەر بەیەکێتی سۆڤێت وکانگای مارکسیەت زانیبێ لەناوچەکە، کەچی ئێستا بەشێوەیەکی تر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا دەکەن ورێکخراوەکانیان دەنێرنە کوردستان ویارمەتی خەڵک دەدەن و، کار بۆ خەڵک دەکەن ، ئەوەش بەئاگاداری حکومەتەکانیان، وتەماشا دەکەین ئەمرۆ ئێمە لەم هۆڵە دانیشتووین لە ئەنجامی ئەو پارێزگارییەی کە ئەوان لە ئاسمانی کوردستان و لە کوردستاندا دەیکەن، جا بۆیە کە تەماشای هاوکێشەکە دەکەین لە کوردستان کە تەماشای زرووفی خۆمان و بارودۆخەکە دەکەین، تەماشا دەکەین وەزعمان زۆر گۆڕاوە و بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام یەک شت هەیە دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت، هەموو ئەمەش واتای نییە ئێمە بەرەو ئەوە دەچین کە سەربەخۆیی وەربگرین، واتا ئەو پشتگیریەی لە ئێمە دەکرێ ئەمرۆ، لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەڵکو ئەنجامی هەڵوێستێکە بەرامبەر رژێمی عێراقی، دەبێ ئێمە ئاگامان لەو هەلە بێت دەبێ ئەو هاوکێشەیەمان لێ تێک نەچێت، چونکە تا ئێستا قەناعەتێک پەیدا نەبووە، نە لە ئەوروپا، نە لە ئەمریکاو نە لە هیچ وڵاتێکی تر کە ئێمە ببینە دەوڵەت، لەوانەیە هەندێ لە سیاسییەکان، لە هەندێ قسە و را دەربڕیندا باسی ئەوە بکەن کە کورد وەکو ئەوانی تر حەقیانە ببن بە دوڵەت و گشت پارچەکانی ببن بەیەک، بەڵام ئەوان کە ئەو قسانە دەکەن، نەک وەک سیاسەت مەدارێک، بەڵکو وەک موفەکرێک و، رۆشنبیرێک ئەوقسانە دەکەن، ئەوجا بۆیە دەبێ شتەکان تێکەڵاوی یەکتر نەکەین، بەڵام بەو واتایەش نا، ئێمە هەروا بزانین کە وەکو جارانین !! نەخێر نەوەک جارانین و، نەواش بزانین کە رێگامان دراوە بەرە و پێکهێنانی دەوڵەت خۆمان بڕۆین، جا بۆیە دەبێ لە نێوان ئەم دوو هێڵەدا بزانین چی دەیکەن و بزانین چیمان دەوێت، یەکەم شت دەبێ حساب بکەین ئێمە لە چوارچێوەی عێراقداین، راستە ئموحاتی هەمووومان و هەر کەسە لە دڵی

خۆیدا ئاواتی سەربەخۆییە، وابزانم کەس نییە نەیەوێت کوردستان ببێت بە دەوڵەت، چونکە زۆر میللەت هەیە، زۆر دەوڵەت هەیە زۆر ژمارەیان لە ئێمە کەمترە زۆریش لە ئێمە هەژارترو کەم توانا ترە، کەچی بووە بە دەوڵەت و ئێستا لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا نوێنەریان هەیە، بەڵام هەر وڵاتە زروفی خۆی هەیە ئەوجا بۆیە کە ئێمە زانیمان لە کوێین و، دەوروبەر و ناوەوەی خۆمانمان هەمووی هەڵسەنگاند، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین لە زرووفی ئەمڕۆدا ئێمە چیمان دەوێت، ڕەنگە چاکترین شێوەش بۆ ئێمە ئەوە بێ کە لێرە باسی کرا، (یەکێتی ئارەزوومەندانە)، چونکە لە چوارچێوەی عێراقدایە و،کەس لاریی لەسەر نابێ، هەر بۆیە لە(کۆنگرەی ڤییەنا)دا دەڵێین مافی چارەنووس لە چوارچێوەی عێراقدا کە ئەوە بەڕاستی یاری کردنە بە وشەو، دەڵێ مافی چارەنووس، بەڵام کە دەڵێ لە ناو عێراقدا ئەتبەستێتەوە، بەڵام لەئەنجامدا هەر هەنگاوێک بوو بەرەو پێشوە چوون، چونکە مافی چارەنووس لە عێراقدا واتا (یەکسانە) بە یەکێتی (ئارەزوومەندانە) وەکو ئێمە دەمانەوێت، بەڵام لەوانەیە وەکو لایەنەکانی تری عێراق ئەوە ناگەیەنێت، ئەو ئارەزوومەندانەی تێدا نەبێت، هەر بۆیەش بەشداری کورد، یا بڵێین بەرەی کوردستانی، یا لە مەودوا بڵێین پەرلەمان و حکومەت، کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسۆنی عێراقیش بۆ ئێمە قازانجی تێدا هەیە، چونکە ئەوە دەسەلمێنی کە ئێمە بیر لەوە ناکەینەوە کە لە عێراق جیا بینەوە، ئێستاکە ئەوە بۆ ئێمە قازانجی تێدا هەیە و هەندێ لە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش حساب بۆ ئەوە دەکەن، تەنانەت هەندێکیان پێیان خۆشە کە گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا کراوە، دەڵێن واتا ناتانەوێ جیا ببنەوە، ئەوەش لەلایەن ئەوانەوە وا بۆمان تەفسیر دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە پێویستە هەموو بیزانین ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی زۆر دواکەوتووە بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی و بەرامبەر داوای میللەتی کورد، تا ئێستا لە ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا تەوژمێکی فکری نییە کە بەقەناعەتەوە دانی نابێ بە مافی گەلی کورد، زۆریان هەر ئەو ماوەیەیە کە ئیشیان بە کورد هەیە، هەندێ دڵنەوایی دەکەن، ئەویش بۆ دڵ ڕاگرتن نەک وەکو هەڵوێست، بەڵام دوای ئەوە کە هەلی بۆ هەڵکەوت ئەوە دێت لە هەمووی بەشیمان دەبێتەوەو، بەڕاستیش شۆڤینیەتێکی بە هێزی عەرەبیش لە عێراقدا هەیە بەرامبەر بەکورد، هەروەکو ئەو شۆڤینیەتەی کە لە سوریا هەیە. ئەوجا هی عێراق درێژەی ئەوەی سوریایە، یا بەپێچەوانەوە، بەکورتی هەروەک یەک سەرچاوەیان هەیە ئەمەش نەک لەوەتەی کە بەعس لە سەر حوکمە، بەڵکو لەپێش حزبی بەعسیش، بۆیە دێمەوە ودەڵێم ئێمە ئەمڕۆ کوردستان وگەلی کورد زرووفێکی زۆر باشی هەیەو، دەبێ سوودی لێ وەربگرین لە هەموو ڕوویەکەوە، چ لەناوەوە بەنیسبەت خۆمان، چ بەرامبەر دەوروبەر چ بەرامبەر بەدراوسێکانیش، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئێمە لە چوارچێوەی عێراقین و، زۆربەی هەڵوێستەکانیش کە لە دەرەوە هەیە بەرامبەر بە ئێمە، لەبەر ئێمە نییە، بەڵکو دژ بەحکومەتی عێراقە، دەبێ ئێمە ئەوەمان ئاگا لێ بێ و، سوود لەوە وەربگرین و تووشی هەڵەیەک نەبین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ هەرچی بۆمان

دەکرێت لەو چوارچێوەیە لە دەستی نەدەین و بە سەر فرسەتی خۆماندا بازنەدەین ، ئەوە بوو کە بەکورتی باس بکەین، ئەوەی تر دەهێڵمەوە بۆ برادەران، جا ئەگەر مۆڵەت هەبێ یەک دوو خاڵی تریش هەیە باسیان بکەم و بەراستی ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانیش دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبووە لە دەرەوە و لە دەزگاکانی راگەیاندنی دەرەوەدا ئەوانەی دۆستی کوردن، پەرلەمانەکانیان، حکومەتەکانیان لە قسەی خۆیاندا باسیان کردووە، بەڵام هەندێ کەس دەپرسێ، ئەی بۆ دانمان پێدا نانێن، ئێمە دەوڵەت نین تاداوای دان پێدانان بکەین ، ئێمە حەقی ئەوەمان نییە داوا بکەین لە وڵاتان و بڵێین دانمان پێدا بنێن، چونکە ئەوە کاتێک داوای دەکەین کە ببین بە دەوڵەت ئەوکات دان پێدانی نێودەوڵەتیمان پێ دەوێ، بەڵام ئەوان کە پیرۆزبایی دەکەن بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە دەڵێن لە ناوڕۆکدا ئەوە واتای دان پێدانانی هەیە، بەڵام دان پێدانان بەرەسمی، ئەوە تەنها بۆ دەوڵەتانە، نەک بۆ هەرێمێک وەک هەرێمی کوردستان عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو باسە، ئێستاش دەرگای گفتوگۆ بۆ برادەران دەکەینەوە، فەرموون.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە کە هەلومەرجێکی باش بۆ کورد رەخساوە، بەتایبەتی کە دەڵێ ئەم هەلومەرجەش لەبەر پێشکەوتنی مەسەلەی کوردەو، ئەو وڵاتانەی کە پێش ئێستا دانیان بە مافی کورددا نەدەنا، هەر چەندە بە رەسمی، یا بە ئاشکرا دان بە مافی کورد نانێن، بەڵام بەشێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەکەن کە ئەمە بۆ خۆی شتێکی گرنگ و پێشکەوتنەو، بەڕێز سەرۆک وەزیران داکۆکی کرد لە سەر خاڵێکی زۆر گرنگ وگوتی: هێشتا مەسەلەکەمان (مەسەلەی کورد) لە چوارچێوەی عێراقدایە، ئەوەش مەسەلەیەکە زۆر بەوردی بەسەر چوو و، ئەبێ بایەخێکی زۆر بەم لایەنە بدەین، چونکە ئەو بایەخەی ئەمڕۆ بە مەسەلەکەمان، یا دەدرێ بەوەزعی کوردستانی عێراق، هەندێکی یا زۆربەی لەبەر ئەوەیە کە دژی عێراقن، زیاتر لەوەی کە لەگەڵ مەسەلەی کوردن، بۆی دەبێ زۆر بەوردی بیر لەم خاڵە بکەینەوە، گومان لەوەدا نییە کە خەباتی میللەتی کورد بەقوربانی دان و راپەڕین لە دوای راپەڕین و، شۆڕش لەدوای شۆڕش ، لەسەرانسەری کوردستاندا کارێکی وای کردووە کە مەسەلەی کورد بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆی بسەپێنێ بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هەرچەندە تا ئێستا وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو باس نەکراوە و نەخراوەتە سەر خشتەی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان، یا کۆمەڵگای جیهانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی بە سەر رای گشتی جیهانیدا بڕیوە و، ئەو وڵاتانە کە کوردی تێدایە

و تا پێش چەند ساڵێک بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون، دان بەوەدا بنێن کە کورد هەن، ئێستا کەم و زۆر لەو وڵاتانە هیچ نەبێ مافێکیان هەیە، ئەگەر مافی رۆشنبیریش بێت بەشێوەیەک لە شێوەکان جێگای کراوەتەوە، بەڵام هێشتا زۆر زۆر کەمترە لەوەی کە میللەتی کورد دەیەوێت ولە ئاواتی کورد زۆر کەمترە و، میللەتی کورد ئەوەتا خەباتی بۆ دەکات، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ وەکو وتم کە باسی کرد ئەوەیە کە، مەسەلەکە هێشتا لە چوارچێوەی عێراقەو هەر لەبەر ئەوەش وەکو ئیشارەی کرد بۆ (کۆنگرەی ڤییەنا) و بایەخ دان بە ئامادە بوونی لایەنە کوردەکان بەتایبەتی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بابڵێین پارتی و یەکێتی لەو کۆنگرەیەدا بەو حسابە درایە قەڵەم کە هێشتا بزووتنەوەی کورد مەسەلەکەی لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر دەکا، یا وەکو ئەوان دەڵێن نیازی جیا بوونەوەی نییە، هەروەها ئێستاش لەم رۆژانەدا بەرێز مام جەلال و بەرێز کاک مەسعود لەگەڵ وەفدێکی ئۆپۆزیسیۆندا، رەنگە چاویان بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بکەوێت وەکو تا ئێستا ئاژانسەکان کە باسی دەکەن، رەنگە دیسان باسی ئایندەی عێراق بکەنەوە وئەمە، ئەوە دەگەیەنێ کە لە داهاتووشدا مەسەلەی ئێمە، مەسەلەی کورد عێراق بەستراوە و، چارەنووسی وەزع لە عێراق، شێوەی چارەسەرکردنی حوکم بۆ ئایندەی عێراق، بۆ دیموکراتی و تا سەرکەوتنی دیموکراتی و بەشێوەیەک لەشێوەکان رزگار بوون لە دیکتاتۆر، یا ئەو رژێمە و، یا چارەسەری لە چوارچێوەی عێراقدا لەگەڵ ئەم رژێمە واتا دوو رێگا لەپێش کورد ماوەتەوە، رێگایەکیان ئەوەیە کە لە گەڵ ئەو رژێمە پێک بێین وەکو تا ئێستا لەپۆرگرامی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا هاتووە بەئەنجام نەگەیشتووە، رێگەکەی تر ئەوەیە کە ئاڵوگۆرێک لە عێراقدا ببێت، لەو ئاڵوگۆڕەشدا ئەگەر کورد بەشداربێت تێیدا وبەشی هەبێت و بەشێک بێت لەو گۆڕانە لە عێراقدا و ئەو وەزعە سیاسییەی کە دوای ئەو رژێمە دێتە ئاراوە ئامادە بێت، یا دان بەو حاڵەتەدا بنێت کە لەکوردستاندا هەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە وەزعی داهاتووی عێراق، یا رژێمی داهاتووی عێراق چارەسەر بکرێت، بەهەر حاڵ رەنگە ئەمە پێشبینییەکی زۆر بێت و، هێشتا نەتوانین پێشبینییەکی تەواوی بۆ بکەین، بەڵام وا پێ دەچێ رووداوەکان بەرەو ئەو ئاسۆیە بچن کە دەبێ لە ئێستەش بەدواوە بزووتنەوەی کورد بیر بکاتەوە بە هاوکاری هەموو گەلی عێراق و لە چوارچێوەی عێراقدا مەسەلەکەی چارەسەر بکات، بە کورتی بارودۆخی کوردستان زۆر ناسکە ودەبێ زۆر بەوریایی سوود لەم دۆخە ناسکە وەربگرین، ئەم بارودۆخەی ئەمرۆی کوردستان دوژمنانی گەلی کوردی تەنگاو کردووە ودەبێ وابکەین کە رژێمەکانی دەوروبەر بەگژماندا نەچن، چونکە هەرچۆنێک بێ هێشتا ئەوان لە ئێمە بەهێزترن، راستە باری ئابووری وژێرخانی ئابووری هەرێم وێرانە ولەدوو لاوە ئابڵوقەشمان لەسەرە، ئەمانەش وا دەکەن کە بارودۆخی کوردستان لەگەڵ هەر رووداوێکدا بگۆرێ، بۆیە دەبێ بە وردی حیساب بۆ شتەکان بکەین، چونکە لەوانەیە ئەم بارودۆخە هەتا سەر ئاوا نەمێنێتەوە لە بەرژەوەندیی گەلی کورد، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پەرلەمانە دەبێ بەکردەوە دەسەڵاتی بدرێتێ، نەک هەر بەرواڵەت و،زۆر شت هەبوو کە دەبوایە تا ئێستا بچەسپایەن، بەڵام وا دیارە ئێمە هێشتا چاوەڕوانی سەرکردەی حزبەکانی بەرەی کوردستانین لەگەڵ رێزمدا بۆیان، بەڵام ئایا ئێمە لێرەدا رۆڵمان چییە؟! با وەک برادەرێک دەڵێ ئێمە لە کۆمەڵێک دەچین کە شەڕیان راگەیاندبێت، بەڵام بڵێین ئێمە شەڕ ناکەین، بەهەر حاڵ رژێم لەکاتێکدا کە پەنجە بە هەموو داوای بیانیەکاندا بنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی مافی خۆمان وەدەست بێنین، ئایا هەروا راوەستین وچاوەڕێی رای دراوسێکان ورای دەوڵەتانی بین؟، یا ئەو هەقە بە خۆمان بدەین ونەخشەی بۆ بکێشین وەکو پەرلەمان و، ئەنجوومەنێ وەزیرانیش جێبەجێی بکەین؟ بە رای من ئەمە ئەرکی پەرلەمانە ودەبێ ئەم بڕیار بدات وئەنجوومەنی وەزیرانیش جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە رێگا بە ئەندامان بدرێت کە لەم کۆبوونەوەیەدا بیروڕا و بۆچوونی خۆیان بەتێرو تەسەلی باس بکەن، هیوادارم کات یارمەتیمان بدا کە برادەران قسەی خۆیان بکەن، ئێوە ئەتوانن کاتێکیان بۆ دیاری کەن لەو کاتەدا چی ئەڵێن با بیلێن، بەڵام ماوەیەکیان بۆ دابنێن، بڵێن تا پێنج دەقیقە، یا حەوت دەقیقە ئەتوانن قسە بکەن، ئەوکاتە وابزانم هەموو کەسێ نۆرەی دێت و هەرکەسێک ناوی نووسرابێ، با مافی قسەکردنی هەبێت ویەکجار قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵام ئێمە بەراستی کەتمان دیاری کردووە وهەر کەسێک دەتوانێ تەنها (٧)دەقیقە قسە بکات.
**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر دەستەیەکی سیاسین، ئەبێ دروشمی خۆمان هەبێ، راستە ئەندامان لەم پەرلەمانەدا دوو کتلەن ، سەوز و زەرد، بە حزبی و بە بێ لایەنەکانەوە، بەڵام ئێمە وەکو کوتلەیەکی سیاسی لە پەرلەماندا، لە وەزارەتدا دروشمی روخاندنی رژێمی بەعس هەڵدەگیرێ ئەویش بە هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، بە هەموو لایەنەکانەوە، ئێمە ئیش ئەکەین بۆ هێنانی حکومەتێکی دیموکراتی و، ناتوانین لەو رژێمە دیموکراتییەدا دەسەلاتمان هەبێت، چونکە ئەو کات ئەفسەرێک دێت و کودەتایەک دەکات و، پێمان دەڵێن ئێوە دانیشن، چونکە رووبەڕووی بەعس هیچتان نەکرد ئەبێ ئێمە رۆڵی کاریگەری خۆمان هەبێت، راوەستان لەم کاتەدا زیانی زۆری هەیە، دەبێ

بچین بۆ لای دراوسێکان وتێیان بگەیێنین کە ئەوان هەقیان بەسەر عێراقەوە نییە، هەندێ دراوسێش وتوویانە چیتان بۆ بکەین، ئێمە نەچووین بڵێین کوا چیمان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز محەممەد عەبدولقادر ئەحمەد/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها یەک دووخاڵم ماوە کە لێرە ئەیڵێم، ئەویش بە بۆچوونی من مەوزووعی ئێران دەبوایە بەتێروتەسەل تر باس بکرێت، چونکە ئێمە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیمان هەیەو، ئەم پەیوەندیە مایەی مانەوەمانە ولەلایەکیش مایەی شکستمان بوو، بەرای من دەبێ ئەمە لە دانیشتنێکی ئەنجوومەنی وەزیراندا باس بکرێت، دوای ئەوەش لە پەرلەماندا باس بکرێت، چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە ئێستاش دەبینین دەزگاکانی ئەوان لەناو کوردستاندا زۆر بە ئازادانە دەسوڕێنەوە، جا ئەوە باسی لێ نەکرا، چونکە مەسەلەی میللەتێکە، ئابڕوی هەمووی لایەکمانە لەسیاسەتدا، ئەبێ سیاسەتەکەمان، بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەش، ئێمە هەرچەندە دەوڵەتێکی ناوخۆین دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین، بەڵام کیانمان بۆ خۆمان دروست کردووە و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانمان دروست کردووە، یان ئەمە هەیە، یان نییە ئەگەر هەیە حەقی ئەوەمان هەیە هەمووشتێک باس بکەین ، چونکە خوانەخواستە لەشکستیدا هەموومان بەرپرسیارین و لەسەرکەوتنیشدا هەمووومان بەشدارین، لەبەر ئەوە حەقە هەمووومان ماوەمان هەبێت ئەم شتانە زۆر بەدرێژی وبەتیروتەسەلی باس بکەین، دەبێ مەسەلەکانی سنوور، مەسەلەی پەیوەندیمان لەگەڵ دراوسێکاندا پێویستە زۆر بەوردی لێی بکۆڵینەوە بەتایبەتی کە ئێستا ئەبینین دامودەزگای هەندێ لەوانە لە ناو کوردستاندا زۆر ئازادانە کاردەکەن ئەم ئازادییەی ئەوان و بەشێوەیەکە کە ئێمەش نازانین چیمان بۆ دەکەن، دەوریان چیبە و جۆری پەیوەندیمان چییە لەگەڵیان، بەرای من دەبوایە سەرۆک وەزیران زیاتر لەم لایەنەوە باسی کردبا ئەمە خاڵێک . خاڵێکی تریش کە دەبوو بەڕێز سەرۆک وەزیران زۆرتر بایەخی پێ بدات مەسەلەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە چەندین ڕێکخراو دامەزراون و هەمووش هاریکاری سیاسیان لە نێواندا هەیەو، دەبوایە پتر باسی لێوە بکرێ، ئامانجی ستراتیژیشمان بەراستی روون نییە، هەن داوای سەبەخۆیی دەکەن، هەن باسی فیدراڵی وکۆنفیدراڵی ومافی چارەی خۆنووسین و، هەشن داوای یەکێتی ئارەزوومەندانە دەکەن ، من ئەڵێم بیر لەوە بکەینەوە دوژمنەکانی ئێمە و دۆستەکانی ئێمەش رەحمان پێ ناکەن، دۆستەکانمان ئەوەی دەیکەن، دەیکەن، ئەوەندە دەکەن لەوە پتر ناکەن، چ سەربەخۆیی داوا بکەین، چ لامەرکەزی داوا بکەین ، هەر ئەوەندەیە کە هەیە، دوژمنەکانیشمان پێیان خۆشە نینۆکمان نەبێ خۆمانی پێ بخورێنین، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی رابگەیێنین لەکوردستاندا، بەڵام ئەوەشی تێدا بهێڵینەوە، کە ئامادەبین کە یەکێتییەکی فیدراڵی لەگەڵ یەکێک لەو دەوڵەتانەدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خۆمان بەچارەسەرێکەوە بەستۆتەوە کە پێی دەڵێین (یەکێتی ئارەزوومەندانە)، ئەم یەکێتی ئارزوومەندانەیەش یەکێتییەکی تازە نییە، ئەوە لە ساڵی ١٩٥٨دا لە رۆژنامەی خەباتدا و لەساڵەکانی ١٩٦٠دا لەرۆژنامەکاندا، هەمووی نووسراوە، هەمووی کە لەکاتێکدا کە ئەو حکومەتانەشدا لە گفتوگۆ و دانیشتن دا بوون، باسی (یەکێتی ئارەزوومەندانە) کراوە، کەچی لە کۆنگرەی ڤییەنادا مافی چارەنووس بەستراوە بەوەوە کە کورد نابێت جیا بێتەوە لەعێراق، بەڵام ئیمە لایەنێک بووین لەکۆنگرەی ڤییەنا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا دانیشتوین، بەڵام لێرەدا ئێمە خۆمان نازانین ستراتیجی خۆمان چۆن دابرێژین یانی نابێ ئەگەر ئێمە داوای مافی چارەنووس بکەین لایەنەکەی تر رازی نەبێت، بۆیە نابێ ئێمە هیچ بکەین، ئەو مەسەلەیە لەوە دەچێ هەتا یەکێتی ئارەزوومەندانە، کە ئێمە ئەوەمان دەوێت، بەڵام دەڵێین (حكم من طرف واحد)،چونکە لایەکی تر یەکێتی ئارەزوومەندانەی بۆ ئێمە قبووڵ ناکات، هەتا بە هێزە دیموکراتییەکانەوە، بەشیوعییەکانەوە، بەقەومی و بەئیسلامیەکانەوە پێیان وایە کە ئێمە ئەوەمان هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوە هیچ نییە، وەکو دەڵێین دروشمێکی لاستیکیەو راکێشراوە، لەم سەردەمەدا، لەو ئاڵوگۆڕانەی جیهاندا، لەو بارەی ئێستەی بزووتنەوەی کوردیدا، کە ئێستە لەجیهاندا سنوورەکان بە پیرۆزی نەماون و، سەردەمی ئەو نەتەوانەیە کە خۆیان بچەسپێنن و لەو واقیعەی خۆیان رزگاریان ببێت داواکانیان بە میللەتان رابگەیەنن، چونکە نابێ میللەتان داواکەی تۆ بەرزبکاتەوەو ئەبێت تۆ خۆت، خەڵک لە دەوری دورشمەکەت و هێز لە دەوری دروشمەکەت و، دۆستەکانت لە دەوری دروشمەکەت کۆبکەیتەوە، دەشڵێم لەدەوری ، نەک ئەوان لەپێش تۆوە هەڵیگرن، ئێمە لەسەردەمێکداین سەرکردە سیاسییەکانمان لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی جیهاندا دادەنیشن، کە چوارساڵ لەمەو پێش بە هەزارحاڵ باسی مەسەلەی کوردیان دەکرد، ئەگەر ئێمە ئەم هەلە نەقۆزینەوە ئەی کەی دەیقۆزینەوە، هەموو کوردستانمان لەبەر دەستایە، هێزەکانی خۆمانمان تارادەیەک رێکخستووە، ئەی با ستراتیجییەکی روون و ئاشکراشمان هەبێت، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا ئێمە خۆمان بەیەکێتی ئارەزوومەندانەی یەک لایەنەوە ببەستینەوە؟، یاخۆ بڵێین: عێراقیش دەمێنێت و دەوڵەتی کوردیش دادەمەزرێت، یاخود ئەتوانین لە هاوپەیمانێتی تردا خۆمان بدۆزینەوە؟ ،سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد لە ئارادا نییە، ئەوەی کە هەشە بەقسەی خۆیان بۆ ئەقلیەتی کورد لە عێراقدایە، کەسیش نکوڵی لەوە ناکات، ئەوەی کە هەیە لەسایەی سەری (سەدام حسین) دایە و، هەرکاتێک (سەدام حسین) کە فاکتەرێکی یاریدەدەرە بۆ ئەوە ئەو

هەلومەرجەی کە هەیە بۆ کورد برەخسێن، هەر کاتێک ئەو فاکتەرە یاریدەرە نەما ئەوا ئەم هەلومەرجەش لە دەست کورد دەچێت و نامێنی، من زۆرم لا سەیرە کە کورد چاک بیر لەوە ناکاتەوە لە جیاتی ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەو فاکتەرە یاریدەرە کە هەیە، ئەم زرووفە لە بارو چاکەی بۆ رەخساندوە، ئەگەر دوورە پەرێزیش نەبێت بۆ محاولە بکات ئەو فاکتەرە یاریدەرە نەمێنێت، من دڵنیام هەرکاتێک (سەدام حسێن) نەمێنێت ئەم بارودۆخە و هەلومەرجەش کە بۆ کورد هەڵکەوتووە لەناو دەچێت، ئەمە یەک، باسی ئەوەش کرا کە وەفدی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئێستە لە واشتنۆنە و رۆژی چوارشەممە (بیکەر) پێشوازی لێ دەکات، ئەویش روونە کە بۆ مەبەستی خۆیەتی وبۆ خاتری چاوە رەشەکانی کورد نییە، و هیچیشیان پێ نییە بۆ کورد، ئەگەر هەیە تا ئێستە بۆ باسی کوردی ئێران ناکەن، بۆ باسی کوردی تورکیا ناکەن؟! ئەگەر بە رای من بوایە کاک مەسعود نەدەرۆیی، ئەگەر رای من وەرگیرابا من لەگەڵ ئەوە نەبووم لەو بارودۆخەو، پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەوەی بۆش، تورکیاش وەکو ئەسپی عەرەبانە وایە ئەم لاو ئەولای چاوی گیراوە، کورد بە دیدەی (P.K.K) دەبینێ. تا پەکەکە لە ئارادا هەیە محاولە دەکات هەوڵ دەدا کە پێشوازی لە نوێنەرەکانی کورد بکات وهەوڵ دەدات بەکورد سنوورێک بۆ (P.K.K)دابنێت، هەرکاتێکیش مەترسی( P.K.K) نەما لەتورکیا، تورکیا دوژمنترین ناحەزی کوردە وئەبێ پشتی خۆمان بەوان گەرم نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەنگاوی زۆرمان ناوەو، پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانمان پێکهێناوە و قۆناغێکی تازەمان لەبزووتنەوەی کوردایەتیدا بریوە، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر ورد بین بەرامبەر دۆستانمان هەروەها بەرامبەر بە دوژمنانیشمان، ئێمە بەکردەوە ممارەسەی فیدراڵیەت دەکەین لەکوردستاندا، لەبەر ئەوە بە رای من دەبێ ئەو جار بەوردی روونی بکەینەوە بۆ نوێنەرانی عێراقی و، بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و، بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دنیادا، بە رای من دەبێت پەرلەمان کە دەزگایەکی دەستورییە ئەبێ رایەکی وا توندی هەبێت لەو بارەیەوە بۆ ئەوەی نەک دوژمنان و ئۆپۆزیسۆنی عێراقی بە هەڵە هەڵوێستمان لێک بدەنەوە، ئێمە گشتمان بڕوامان بەوە هەیە کە گۆڕانکاریەکی زۆر بووە لە ناوچەکە، هەروەها لە عێراق و کوردستانیشدا، لەبەر ئەوە بە رای من وایە، ئەبێ پەرلەمان زۆر بە توندی هەڵوێست دەربڕێ، هەرچەندە ئێمە ممارەسەی دیموکراتی و فیدراڵیەت دەکەین لەکوردستانی عێراقدا، بۆیە دەبێ بیکەین بەدەستورێک بۆ ئەوەی ڕێگا بگرین لەتورکیا، یا لە ئێران و لە سوریاش هەروەها لە (هاوپەیمانەکان)یش هەتا بە دنیا بگەیەنین کە ئێمە چیمان دەوێت ئەگەر وتمان فیدراڵیەت واتای وایە لە چوارچێوەی عێراقدا بۆ ئەوە ڕێگا دەگرین لە دوژمنانی کورد کە مەسەلەی ئێمە بە هەڵە تەفسیر بکەن، بە رای من ئەو لایەنە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەم پەرلەمانە،دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانیش لەو چوارچێوەیەدا

تەخویل بکرێ بۆ ئەوەی لە گەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێداو لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکاندا لەسەر ئەو بناغەیە هەڵسوکەوت بکەن، لە هەمان کاتدا دەبێ بایەخ بە دۆستایەتی تورک وعەرەب وفارس وحکومەتەکانیانیش بدەین ودەبێ زۆر بەوردی هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکەماندا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم سەیرە کێشەی میللەتەکەمان ئاوا لە چوارچێوەی عێراقدا گیربدەین، باری ناوخۆمان زۆر باشە، پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا زۆر باشەو، ڕۆژەکەش ڕۆژی ئەمری واقعیە و پەرلەمان وحکومەتیشمان پێکهێناوە ودۆستانمان لێ نەڕەنجاون، ئەبێ بیر لە ئاوەدان کردنەوە و پەرەپێدان بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها داوای یەک شت دەکەم، ئایا ئایندەی میللەتی کورد چۆن دەبێت؟، واتا پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەو رژێمە، یا دوای ئەوە چۆن ئەبێت، ئایا یەکێتی ئارەزوومەندانە، ڕێگەی پەیوەندیی ئێمەیە لەگەڵ ئەم حکومەتی عێراقدا، یا دوای ئەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ بزانم هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە بەرامبەر تورکیاو بۆمبباران کردنی کوردی بێ چەک کە دەبێتە هۆی کوشتن و بریندارکردنی دەیان خەڵکی ناوچەکە؟، هەروەها کەی خەڵکی سیدەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر شوێنی خۆیان؟ ، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من کورد و هەموو عێراق لە بەردەم بارودۆخێکی تازەدایە، ئایا بەرنامەی حکومەتی کوردستان چییە بۆ ئایندە، ئەگەر ناوچەی ئارام بە شێوەیەک لە شێوەکان و ایان کرد کە بیخەنە خوارووی هێڵی (٣٦)ەوە و، ئێمە چۆن خۆمان ئامادە کەین بۆ ئەو ئەگەرانەی کە هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەحمود فندی عەبدوڵلا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەوڵەتانی ئەوروپا وئەمریکا وجیهان راستە کە گەمارۆی ئابووریيان خستۆتە سەر عێراق، بەڵام کەسیان، تەنانەت کوێتیش پێیان خۆش نییە عێراق پارچە پارچە بکرێت. پرسیارێکیشم هەیە ئەوەیش ئەوەیە کە ئایا گفتوگۆ لەگەڵ دوژمنێکی بێ هێز ولاواز باشتر وئاسانترە، یا لەگەڵ

دوژمنێکی بەدەسەڵات وبەهێز؟ هەروەها دەبێ پلە بۆ دوژمنەکانیشمان دابنێین، چونکە هەموو لە یەک ئاستدا نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک هەیە کە بەڕێز حەسەن حەمید نووسیویەتی ئەوە یەکێکیانە، ئەوەی تر خۆت بیڵێ کاک حەسەن.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من نە سەدام رۆیشتووە و نەئەشرواوات، عەرەبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش هاتنە کوردستان ودوو رۆژ ئێمەیان هێناوبردو، هەرچەندیان دەکرد ودەکۆشان نەیاندەتوانی دان بەمافەڕەواکانی گەلی کورددا بنێن. بۆ یەکخستنی هێزەکانیشمان دەبێ زۆر پەلەی لێ بکەین، با خۆمان بۆ ئایندەی عێراق ئامادە بکەین، با حزبەکانی خۆشمان زەبت بکەین، چونکە نیوەی سلێمانی بووەتە ئێرانی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یا من لە وتەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نەگەیشتووم، یان بەوردی نەیوت کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسی نییە لە دەرەوەدا بە سیاسەتی تێ ناگەن، چونکە ئەگەر کێشەیەکی سیاسی نەبێت، هەردوو حزب لە ئەمریکادا داوا ناکەن دەبێ بزانین مەوقعی ئێستامان لە رووی یاساییەوە چییە؟ ئەگەر باشە ئیتر فیدراڵی و کۆنفیدراڵی چین بۆ دەوڵەت رانەگەێنین؟! ئێستە ئێمە وەزارەتمان داناوە کە وەزارەتێکی سیاسیە، پەرلەمان سیاسیە، قۆناغی ئێستامان، دانانی دەستورێکە، چونکە لە چوارچێوەی عێراقدا زۆر لە دەوڵەتانی دنیا وەک ئەڵمانیای فیدراڵی، وەکو یوگسلافیا، وەکو یەکێتی سوڤیەتی پێشوو، ئەوانە هەر هەرێمێکیان دەستورێکی خۆی هەیە بێ ئەوەی لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە دەرچووبێتن،واتا ئێستا ئێمە ئەگەر بیر لە دانانی دەستورێک بکەینەوە، کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا دەرناچین و، هەر گۆڕانێکیش لەعێراقدا هەبێت ئێمە ئامادەترین، حەزدەکەم ئەوە وەک پێشنیارێک بێت ئەگەر پەرلەمان بەباشی زانی خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی مابوو، زۆر بەئاشکەرا دەڵێم کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش سەبارەت بە نەتەوەی کورد زۆر لە دوای سەدامن و، پێویستە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەنگاوێکی گەلێک لەوە گەورەتر و بەهێزتر بهاوێژێت، ئینجا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بکات لە ڤیینا، ئەو دروشمەی کە دایان ناوە کە مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی عێراقدا لە

گەڵ یەکێتی خاکی عێراقدا، لەگەڵ یەکێتی میللەتی عێراقدا، لەگەڵ چەندی یەکێتییەک و بۆ ئەم چارەی خۆنووسین و، لەم چوارچێوەیە، ئەوەش چەواشە کردنی مافی میللەتی کوردە وەبەرە و پێش بردن نییە، دیسان تەئکید دەکەم با ئۆپۆزسیۆنی عێراقی گوێیان لە من بێ، زۆر لە دوای سەدامن لەگەڵ ئەو کەموکوورییەشی کە هەیەتی، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئاوارەن و لە ئێمە دەربەدەرترو خراپترن ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تورکیا و ئێران ئایا هەڵوێستمان چی بێت؟! دەبێ ئێمەش هەڵوێستی سەختمان بەرامبەریان هەبێ، ئێمە پەرلەمانمان هەڵبژارد و، حکومەتمان پێکهێنا، ئەوانیش ئێستا یەک وەرەقەی زەختیان بەدەستەوە هەیە، کە دوو بەرەکی بخەنە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە، بارێی ئەوەیان نەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی کاتەکەمان خەریکە کۆتایی دێت، ئایا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چی هەیە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی کران؟، چونکە ئەویش پێویستە کاتێکی هەبێت بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوە کرا کە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ مەرکەز چۆن دەبێت، یاخود بلێین هەڵوێستمان چ دەبێت؟ وابزانم هەموومان و خەڵکی کوردستان ئەوەمان دەوێت کە ئەو حاڵەتەی ئێستا بۆ خۆمان دروستمان کردووە، ئەوە بمێنێت،واتا رژێم دان بنێت بەو واقعەی ئێستەی ئێمەدا کە حەقمان هەبێت ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆمان هەبێ و، بە ئازادانەش هەڵیبژێرین، ئەوە دەکاتە یەکێتی ئارەزوومەندانە نەک هەموو شتێکمان حەواڵەی مەرکەز بکرێت، هەموو بڕیارێک لە مەرکەز بدرێت، ئەمڕۆ باسی ئەوە کرا ئاوەڕۆ لە کوردستاندا حەواڵەی وەزارەتی ناوخۆ مەرکەز کراوە و پەیوەندیی بێرەوە نییە، جا هەر بۆیە رژێم لەو گفتوگۆی ئەو جارەدا لە کاتی ئێمەش، یەکێتی کە لە ١٩٨٤دا لەگەڵ رژێم گفتوگۆمان کردو هەروەها لەوەی ١٩٧٠دا دەیانگوت کورد داوای حوکمی زاتی دەکات، بەڵام ئەو بەرنامەی پێشکەشی دەکات هی (فیدراڵ)یە، جا بۆیە کە تەماشای هەموو گفتوگۆکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکەین لەگەڵ بەغدا، لەشەستەکانەوە کەتەماشای داواکان دەکەین هەموو هی فیدراڵین نەک هی حوکمی زاتی، جا بۆیە بە رای ئێمە ئەوەی ئێستە هەیە حکومەت ئیعترافی پێ بکات، ئەوجار پەیوەندییەکە لەگەڵ مەرکەز بەو شێوەیەی کە هەیە ئەو دەسەڵاتانە بۆ کوردستان بمێنێتەوە، ئەوی تر پەیوەستی ئەو

بێت ، وابزانم ئەوە یەکێتی ئارەزوومەندانەیە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام هەتا ئێستاش هیچ بوارێک هەڵنەکەوتووە، ئەوەی تێدا باس بکرێ و، پاشان چوارچێوەیەکی بۆ دابنرێت و، داواکان دەسنیشان بکرێت، برادەرێک وتی گفتوگۆ لەگەڵ رژمێکی بێ هێز باشترە وەک لەگەڵ رژێمێکی بەهێز، بەراستی بەوشێوە نییە و، هاوکێشەکە بەو شێوەیە پێش چاو ناخرێت بڵێین رژێمی ئەمڕۆی عێراق بێ هێزە لە هەموو روویەکەو، لەوانەشە کە دان بە مافەکانی ئێمەدا بنێت، بەڵام رژێمێکی تر دێت کە ئەو بەهێز ترەو، بە بڕوای من بەو شێوەیە نییە، گفتوگۆ لەگەڵ دیکتاتۆرێک، یابڵێین گفتوگۆ لەگەڵ (پرۆژەی) دکتاتۆرێک، گفتوگۆ لەگەڵ دکتاتۆر زۆر زەحمەتە، باوەڕ ناکەم رژێمی عێراق لە ئەمڕۆ لاواز تر بێت لەو رۆژەش لاواز تر بێت کە گفتوگۆ دەستی پێکرد و،بەڕێز کاک جوهر نامق ومن ئەندام بووین لە وەفدی گفتوگۆ و رۆژانە کە لەگەڵیاندا دادەنیشتین و ئەو ئەقلیەتەی کە ئەوان هەیان بوو، هی ئەوە نییە کە خۆیان بەلاواز دەزانن، دەیانەوێ رێک بکەون، بۆ وێنە هەر ئەو رۆژە کە ئینقلابەکە لەسەر (گۆرباچۆف) کرا وایان هەست کرد کە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئەوان، بەسەر ئێمەدا خۆیان گیف دەکردەوە، بەڵام دوای چەند رۆژێک کە دۆخەکە گۆڕا، ئیتر ئەوکات وامان دەزانی ئێمە سەرکەوتووین لەوەدا کە گۆرباچۆف دەرباز بوو و، ئینقلابەکە سەرنەکەوت،واتا ئەبێ ئێمە بڵێین گفتوگۆ لەگەڵ دکتاتۆرێک، یا فەریکە دکتاتۆرێک، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەک هەست دەکات پێویستی بەخۆ ئامادە کردن هەیە.

راستیشە ئەوەی ئەمڕۆ کە بۆ کورد رەخساوە شتێکی سیاسیەو، هەر ئینسانی نییە بەتەنها، بێگومان کە بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال دەچنە واشنتۆن بۆ داوای یارمەتی ناچن، بۆ ئەوە دەچن بیر لە بەدیلێکی رژێمی عێراق بۆ عێراق بە کوردستانەوە بکەنەوە ودەبێ ئەوەش بزانین کە ئەوان بۆ گەنم و جۆ و یارمەتی ئینسانی نەچوون، شتەکەمان شتێکی سیاسیە، بەڵام مەبەستەکەم ئەوە بوو کە رەئیمان هەبێ لە چوارچێوەی عێراقدا نەک لە دەرەوەی چوارچێوەی عێراقدا، ئەنجا ئەو برادەرەی وتی بافشار بخەنە سەر تورکیا و ئێران دەڵێین: فشاریش پێداویستی خۆی هەیە، کە ئێمە نیمانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی ئەوە بدەین بەرژەوەندی هاوبەش هەبێت لە نێوان ئێمەو ئەوانداو لە رێگای ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەوە بتوانین پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکەین و، هەوڵی ئەوە بدەین کە بڕوا بە یەک هێنانێک لە نێواندا پەیدا ببێت، دەنا ئەگەر بڵێین ئێمە فشار دەخەینە سەرئەوان، ئێمە هیچ شتێکمان نییە بۆ زەغت کردن و، ئەگەر هاتوو ئەمریکا لە کۆتایی هاوکێشەکەدا بەراورد بکات لە نێوان ئێمەدا و لە نێوان تورکیادا، ئەوە بێگومان ئێمە ئێستا هیچ توانایەکی فشارمان نییە وئێستە (PKK)ش

نابێتە وەسیلەیەکی فشار بەکاری بێنین لەسەرتورکیا، ئێران ،یاخود لەسەر سوریا، بەڵام بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئێمەو تورکیاو، لە نێوان ئێمە و ئێراندا ئەگەر هەبێ دەتوانین بڵێین وەکو لە چەندین چاوپێکەوتن باسکراوە سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق هەمووی لە گەڵ کوردستان و نەوت لەکوردستاندا دەچێتەوە تورکیا، کە شتێکیش لەتورکیاوە دێت بۆ عێراق هەمووی بە کوردستاندا دێت، ئەوە دەبێتە بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانماندا ، دوای ئەوە دەمانەوێ کوردستان ئاوەدان بکەینەوە ، ئەو ئاوەدانکردنەوەیەش پێویستی بە هەندێ کۆمپانیا هەیە ئەگەر بدرێ بەوان، ئەوانە خاڵی هاوبەشن لە نێوانماندا وا بەو بەرژەوەندییە هاوبەشە دەکرێ لەسەری رێک بکەوین و، لێک نزیک بینەوە و، پرسیارێکی تر هەبوو ئایا پەیوەندیی، یا بەشداری کردن لەو چالاکیانەی دەرەوە ئەوە هی بەرلەمانە، یاهی بەرەی کوردستانییە؟ بەراستی ناتوانین سنوورێک دابنێین بڵێین ئەوە هی ئەوە و، ئەوەش هی ئەوە ، بۆ نموونە کۆبوونەوە لەگەڵ پەرلەمانییەکان، ئەوە هی ئەنجوومەنی نیشتمانییە و، پەیوەندیی لەگەڵ وەزیرەکانی دەرەوە و تەنسیق بۆ هەندێ ئیشوکار ئەوە هی وەزارەتە، بەڵام کۆنگرەی ڤییەنا ئەوە هی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو، پێویستە بەرەی کوردستانی تێیدا بەشدار بێت، ئەو چاوپێکەوتنەی ئێستا لە ئەمریکا هەیە هی ئۆپۆزیسۆنی عێراقییە کە بەرێزان مام جەلال و کاک مەسعود و عارف عبدالرزاق و وابزانم د. ئەحمەد چەلەبی تێدا بەشدارن، نەک هەر شیعە و کورد، ئەوە لەسەر ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیە و، ئێمە لە ناو خۆماندا ئەو پلانمان نەکێشاوە کە بڵێین ئەویش دەبێت لەمەودوا نوێنەرایەتی گەلی کورد تەنها پەرلەمان بیکات، نەخێر با بەرەی کوردستانیش بیکات، چونکە بەنیسبەت خۆمان گرنگ ئەنجامەکەیە، بەڵام ئەوەی لامان گرنگە ئەوەیە کە بەرێوەبردنی ئیدارات تەنها حکومەت دەیکات و ئەوەی چاودێریشە بەسەریەوەو رێبازەکەی بۆ دادەنێ ئەنجوومەنی نیشتمانییە کە موتابەعەی دەکات. لێرەشدا پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوەی لێرە هۆڵێک تەرخان بکرێت، هۆڵێکی گەورە بۆ ئەوەی هەر کتلەیەک، یاخود هەر لیژنەیەک ویستی بتوانێت سیمینارێک بکا، یا دەعوەتی هەندێ کەس بکات و، ئەگەر ویستیان موحازەری تێدا بڵێنەوەو بتوانن بانگی ئەو کەسانە بکەن، و ئەوکاتە زۆر لەو موناقەشانەی کە دەیکەین ئازادتر دەبێ و، ئەوە قەت بەو شێوەیەی ئێرە نابێ، چونکە بەراستی دەبێت لێرە حساب بۆ وەخت بکەین و، هەر کەسە لە سنووری ئەو وەختەی کە بۆی دەسنیشان کراوە تێپەڕ نەبێت ، بەڵام لەو سیمینارانەدا دەتوانین قسە و وتوویژی زۆری تیا بکەین، لە پەرلەمانانی دەرەوە ئەو هۆڵانەیان هەیەو، کوتلەکان و، لیژنەکان دەتوانن دەعوەتی خەڵک بکەن و، خۆیان لە نێوان خۆیاندا کاتی سیمینارەکان رێکی بخەن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزدەکەم لەپێشەوە بڵێم هەندێ جار پێشنیار دەکرێت نازانم ئەو پێشیارانە ئەنووسرێت و لەپاشان موتابەعە دەکرێت یان نەء؟ پێویستە پێشنیارەکان دەنگیان لەسەر بدرێت بۆ ئەوەی ببێ بە بڕیار و لەپاشان جێبەجێیان بکەین، ئێستا بەڕێز د.فوئاد پێشنیاری ئەوەی کرد کە چەند هۆڵێک تەرخان بکرێت بۆ سیمینار، زۆر پێشنیارێکی باشە و لە جێگای خۆیدایە، خەڵک هەن لە ناو پەرلەماندا و لە دەرەوەی پەرلەماندا سیمیناریان بۆ رێک بخەن و ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێت لەم سیمنارانەدا بەشداربن و، هەروەها ئەمڕۆ پێشنیارێکی تریش کرا، وابزانم لەبارەی ئەوەی وەفدێک بنێردرێت بۆ وڵاتانی دەرو دراوسێ ئەگەر لەسەر ئەوەش دەنگدان بکرێت، کە بەراستی پێویستە وەفد بنێردرێت بۆ وڵاتانی دەوروپشتمان، وەک ئێران و سوریا و تورکیا، بەڵام نەک هەر لە خۆیانەوە بچن هەوڵ بدەین کەوا دەعوەتێکیان بۆ بێت، حەزیشم کرد لە بارەی بۆ چوونێکەوە قسە بکەم، لە بارەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە گوترا کە زۆر لەپاش سەدام حسێنەوەن، بەراستی وابزانم غەدر لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکەین، ئەگەر ئەوقسەیە بکەین، لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا لایەنی زۆر باش هەیە، بەڵام ئێستا ئەوانە کەم دەسەڵاتن، یا دەسەڵاتیان بەدەستەوە نییە، نازانین ئەگەر هاتنە سەر حوکم ئەو مەسەلانە چۆن بەڕێوە دەبەن و، هیچ یەکێک لەو هێزانە کە ئێستاکە خۆیان لە ئۆپۆزسیۆندا دەبینن، ئەگەر بەسەریەکەوە کاریان بەدەستەوە گرت، یا بەتەنیا هاتنە سەر کار، نەختێکیش لەو تاوانە گەورانە بکەن کە تا ئێستا رژێمی پیاو کوژی سەدام بەرامبەر بەنەتەوەی کورد کردوویەتی، ئەو هێزانە لەوانەیە دان نەنێن بە مەسەلەی کورددا، بەڵام باوەڕ ناکەم بگەنە ئەو ئاستەی کە ئەو تاوان و خراپەکاریانەی کە تا ئێستە لەلایەن رژێمی بەغداوە کراوە، ئەوانیش بەرامبەر بەنەتەوەی کورد، زۆر جار ئێمە کە لە دەرەوە بووین پرسیاریان لێ دەکردین بۆ ئەو تەرکیزە هەیە لەسەر عێراق، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بۆ لەسەر تورکیا، یا لەسەر ئێران، یا لەسەرسوریا نییە؟. بۆچی ئەو هێرشە ئەکرێتە سەر عێراق کە چی بەرامبەر بەوان هیچ نییە، ئەی لەوێ بارودۆخی کورد چۆنە؟.وەڵامی ئێمە بۆ ئەوە بوو کە کورد لە تورکیا لە ئێران و، لە سوریا ئەچەوسێنەوە و بێ بەشن لە مافەکانیان، و هیچ مافێکی نەتەوەیی و رۆشنبیریان نییە و، دووچاری چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوون، بەڵام لە عێراقدا کورد بەرەنگاری شەڕی لەناوبردن دەبێت، جا ئێمە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەم دووشتە لەنێوان شەڕی لەناوبردن و شەڕی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بێگومان هەردووکیان خراپن، بەڵام خراپ و خراپتر هەیە، شەڕی لەناوبردن واتە لەناو بردن، وەکو رژێمی ئەوەی

ئێستەی عێراق کە بەرامبەر بە میللەتی کورد کردوویەتی، کە چی بەسەر ولاتەکەماندا هێناوە چ رەفتارێکی بەکار هێناوە وبۆ ئەوەی میللەتەکەمان لە رەگوریشەوە دەربهێنێت، پێویستیش ناکات لەسەری برۆین، هەمووتان بەچاوی خۆتان بینیوتانە.

لە بارەی وەزعی ئێستەی کوردستانی عێراق، بەراستی من حەزدەکەم ئەوە دووبارە بکەمەوە، تا ئەو تەلیسمی جیا بوونەوەیە دەشکێنن، تکام وایە لە هەمووماں کە هەوڵ بدەین لەلای خۆمان و لەلای خەڵکیش ئەوەندە لە مەسەلەی جیابوونەوە نەترسین جاریّ هیچ پێویستیش ناکات بە بۆنەو بێ بۆنە بڵێین جیابوونەوە خوازین، ئێمە جیابوونەوەمان ناوێت و هەروەختێک ئەو پرسیارەمان لێ کرا دەتوانین وەڵامی خۆمان بدەینەوە، بەوەی کە ئێمە بێگومان لەناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا کە رێز لە مافی مرۆڤ بگرێت، مافی نەتەوەیی کوردی تیا پارێزراو بێت، دەتوانین بژین، بەڵام لەگەڵ عێراقێکی دکتاتۆری نادیموکراتی ، بکوژدا وابزانم هیچ رێگایەکی تر نییە ئەگەر مافەکەمان جێبەجێ نەبوو داوای جیا بوونەوە بکەین، ئەو مەسەلەیەش نابێت وا بە موتڵەقی وەربگرین و، لە بارەی دەرو دراوسێشەوە، دیسانەوە ئێمە ئەو سیاسەتەی بەکاری دەهێنین پێویستە سیاسەتێکی وا بێت کە بەرژەوەندی مەسەلەی کوردی تێدا بێت و ،هەوڵ بدەین کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەواندا بەشێوەیەک بپارێزین کە مەترسی دروست نەکات، بەرامبەر ئێستەی کوردستانی عێراق، نابێت ئەوە لەسەر حسابی نەتەوەی کورد بێت لەو ولاتانەدا، حەزم کرد شتێکی تریشتان بۆ باس بکەم، ئێمە کە دێین باسی سیاسەت دەکەین جاری وا هەیە بەپێی بۆ چوونی خۆمان بەپێی لێکدانەوەی خۆمان، یا بەپێی تێگەیشتنی خۆمان حوکمێک ئەدەین، بەڵام جاری وا هەیە هەندێ بەڵگەمان لەبەر دەستدایە دەتوانین حوکمەکانمان باشتر بێت، من نموونەیەکتان بۆ دەگێرمەوە پار مانگی حوزەیران لە ناوەراستی مانگی حوزەیران کۆبوونەوەیەک بوو لەڤییەنا هی هەندێک لە رۆشنبیرانی عەرەب بوو ،کە لە عێراق ولە میسر ولە سوریا لە باکووری ئەفریقیا ولە فەلەستینەوە هاتبوون، لە راستیشدا ئاستی کۆنفرانسەکە زۆر بەرز بوو، لەو کۆنفرانسەدا ئێوارەیەک تەرخان کرابوو بۆ مەسەلەی کورد کە من قسەی تێدا بکەم، پاش ئەوەی ئەو ئێوارەیەی کە دایان نابوو بۆ کاتی قسە کردنی من لە رۆژانی یەکەمدا نەبوو ولە رۆژ دووەم، یا سێیەمدا بوو، بەڵام کە من سەیرم کرد ئاستی کۆنفرانسەکە زۆر بەرزە، ئەوانەی لەوێ دانیشتوون بەراستی رۆشنبیری عەرەبن و گەلێکیان تیا بوو لە پیاوی گەورە و ناسراو و سیاسیەکانی میسر کە لەوێ ئامادە بوون، هەندێ بەڵگەشم پێگەیشتبوو لە بارەی هەڵوێستەوە لەلایەن رژێمی عێراقی بە باشم زانی لەوێ پێشکەشیانی بکەم ، هەروا بە قسە پێشکەشم کردن، ئەو شتانەی لەبەر دەستم بوون بۆم خوێندنەوە، ئەو بەڵگەنامانە بریتی بوون

لەتۆماری کۆبوونەوەیەک لە نێوان بۆش و یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپای رۆژئاوا لەوێ پاش ئەوەی من ئەو زانیارانەم پێشکەش کردن هەموو بەیەک دنگ وتیان لەسر روشنایی ئەو زانیارانەی کە ئێستە پێمان گەیشتووە، ئەبێ ئێمە کۆنفرانسەکەمان سەر لە نوێ ببەستینەوە، چونکە ئەو قسانەی کە کردومانە هەمووی تەخمینات بوو، بەلام ئێستاکە بەڵگەمان لەبەردەستدایە، پێویستە سیاسەتەکەمان لەسەر ئەو بناغەیە دابمەزرێنین، بەکورتی بەڵگەنامەکانیش ئەوەبوون کەوا سیاسەتی ئەمریکا و ئەوروپایی رۆژ ئاوا کە بهیچ جۆرێک و هیچ رۆژێک لەرۆژان ئامادەنین جارێکی تر پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ رژێمی عێراق دووبارە بکەنەوەو، بەهیچ شێوەیەک جارێکی تر یارمەتی نادەن کە بێتەوە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە هیچ جۆرێک رازی نابن هەتا صدام لەسەر حوکم بێت ئابڵوقەی ئابووری لەسەر عێراق لابەرن و هەموو هەوڵێکیش ئەدەن کە ئەو رژێمە هەرەس بهێنێ ، یاداشتەکان زۆر دووروودرێژ بوون ئەنجا بۆئەوەی لەباس کردنی سیاسەتدا، ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین لە رووی شیکردنەوەی سیاسی و لێکۆڵینەوەی سیاسی هەوڵ بدەین زانیارییەکانمان وەربگرین و لەسەر بناغەیەکی واقعی بڕیاری لەسەر بدەین، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستە دوو، سێ خاڵمان هەیە ئەبێ بڕیاری لەسەر بدەین، وەکو پێشنیار کران.

١ـ وەفدێک بڕوات بۆ وڵاتانی دراوسێ.

٢ـ وەفدێ پێک بێت و بڕوات بۆ وڵاتانی دەرەوە.

٣ـ گوندەکانی سەر سنوور ئاوەدان بکرێنەوە.

٤ـ هەروەها پێشنیارێکی ترمان بۆ هاتووە ئەڵێ بۆ ئەوەی گەلی کوردستانی عێراق مافی دەستوری هەبێت و، بۆ ئەوەی بناغەیەک دابنرێت بۆ شێوەی فیدراڵی بۆ دیاری کردنی دەسەڵاتی دەستوری هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی پیادەکردنی کاروباری دەزگاکانی یاسا دانان وجێبەجێ کردن وقەزائی، پێشنیار دەکەین کە پەرلەمان کاتێک تەرخان بکات بۆ گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە وبۆ باسکردنی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان. ئەگەر روخسەت هەبێ ئەوا بەڕێز د.فوئاد ـ یش پێشنیارێکی هەیە ئەڵێ: هۆڵێک تەرخان بکرێت بۆ سیمینار، لێرە ئەوە پەیوەندیی بە خۆمانەوە هەیە ودەستەی سەرۆکایەتی بزانین چ دەڵێن، ئێستاش یەک بەیەک خاڵەکان بەسەر دەکەینەوە.

بۆخاڵی یەکەم ودووەم، ئەوە بڕیاری پێش وەختمان هەیە وهەر ئەوە ماوە کە وەفدەکان پێک

بهێنین، بەڵام بەراستی هیچ دەعوەتێکمان لەو شوێنانەوە بۆ نەهاتووە. بۆ دانانی دەستووریش ئەگەر پێتان باشە ئەوە ڕۆژێک بۆ باس کردنی ئەم بابەتە تەرخان دەکەین، هەروەها ئەو بابەتەشی کە بەڕێز حەسەن حەمید باسی کرد کە هەندێک لە حزبەکان خەڵکی ئێرانی دێننە ناو کوردستان وهەندێ کاری ناشیاو لەوانەوە ڕوویداوە، ئەوا ئەو گرفتە ڕووبەڕووی وەزارەتی ناوخۆ دەکەینەوە کە چارەسەری بکات وسنوورێکی بۆ دابنێت. جا ئەمڕۆ هیچ شتێکمان نەما بۆ سبەینێش دانیشتنێکمان هەیە کە پەیوەندیی بە وەزارەتی کاروباری تەندروستی و وەزارەتی ڕۆشنبیریی و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە هەیە، بڕیار وایە لە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی کۆبوونەوەکەمان دەست پێبکات، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٨

***کاژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٢٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا ، دانیشتنیی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی خولی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بە ناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار: بە دواچوونی کاروباری وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و، تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و، کاروباری پێشمەرگە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆشمان تەرخانە بۆ بەدواچوونی کاروبارەکانی وەزارە تی ڕۆشنبیری و وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.. ئێستا با بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری هەرێم بفەرمووێت ئەگەر دەیەوێ قسە لەسەر کاروباری وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم بکات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو ڕوونکردنەوەیەدا پرسیاری ئاراستە بکرێ.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق عەبدوللا بێکەس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێ ناگەم لە دێری یەکەم بەناوی خۆشەویستی هاوکاری و پێخۆشحاڵم ئەمڕۆ لە بەردەستاندا ڕوو بەڕوو هاتووم بۆ ئەوەی دەربارەی کاروباری ڕۆشنبیریی و پرۆژەو و پێشنیارەکانمان و ئەو هەیکەلەی بۆ کارکردن دامان ڕشتووە بدوێم و دوا تریش ئەگەر بەڕێزتان پرسیارێکتان هەبێ وەڵامتان بدەمەوە، پێشم خۆشە یەکسەر بچمە ناوەڕۆکی باسەکەوە و بڵێم ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق تاقە حکومەتێکی ئەم سەرزەمینە بێت کە دەزگاکانی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن ئێستگە و ئاژانسی دەنگوباسی نەبێت، هەڵبەتە ئەم پرسیارانەش پەیوەندیی بە بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە هەیە، هەمووشمان بنەماو ئەنجامەکانی لە بەرچاومانە وئەزانین بۆ وایە، حکومەتی بێ ڕاگەیاندن لە پیاوی لاڵ ئەچێت ئەمەش خۆی بە خۆی بەشێکی ترە لە ستراتیژییدا و لە ڕۆشنبیری گەلەکەمان، من لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٦ دەست بەکار بووم لە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، ئەم وەزارەتەش وەک دەزانین شوێنی ئەمانەتی ڕۆشنبیری و لاوانی و

سەردەمی بەعسی گرتۆتەوە کە لە بواری راگەیاندنیدا بەپێی پلانی سیاسەتی ناوەندی بەغدا هیچ دەسەڵاتێکی گەیاندنی وەک رۆژنامە و تەلەفزیۆن ئاژانسی دەنگوباسی سەربەخۆی پێ رەوا نەبینراوە، لەبەر ئەوە من هاتوومەتە سەر دەزگایەک کە هیچی دوای خۆی بەجێ نەهێشتبێ و، لە سەرەتای دەست بەکار کردنیشەوە ئێمە لای خۆماندا بەچاو برینە پاشەڕۆژیشەوە واتا لە سەر ئاستی پلانێکی لێ وەشاوە بۆ ئێستاو ئایندە سەر لەنوێ هەیکەلێکی ئیداریی و هونەری بەر فراوان و چڕوپڕمان دارشتەوە و سەرجەم لایەنە جۆراوجۆرەکانی کلتوری لە کوردستاندا بگرێتەوە، هەر لە دەزگاکانی ئێستگە و شانۆ و تەلەفزیۆن و ئاژانسی دەنگوباسی کوردستانەوە تا دەزگای رۆشنبیری منداڵان و وەرزش ومەڵبەندەکانی هونەری و تەشکیلی مۆسیقاو هەڵپەڕکێ ومۆزەخانە و تەواوی چالاکییەکانی تر کە ئێستا ئەو نەخشەیە لەبەر دەستدایە و ئەگەر بتانەوێ ئامادەیە بۆ ئەوەی تەماشای بکەن، لێرەدا پرسیارێک بەرەو روومان دەکرێتەوە ئەویش ئەوەیە، ئایا چیتان کردووە، یان چی ئەکەن بۆ ئەو خواستە میللیە جەماوەریەی کە لە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە بەسەر زاری ووردودرشتی خەڵکی کوردستانەوەیە؟ واتا هێنانەدی راگەیاندنێک لە پاڵ یەک دارایی و یەک لەشکری یەکگرتووی کوردستاندا، ئەوەی راستی بێت مەسەلەی یەک راگەیاندن و توانەوەی هەموو دەنگە جیاجیاکان لەیەک بوونەکەدا هەروا کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر بواریش نەبێت ئەمەش دیارە پەیوەندیی بە جیاوازی بیرکردنەوەی سیاسی ئایدیۆلۆژیەوە هەیە وبنەمای قووڵی مێژووشیان لە پێشەوەیە، بەڵام رێگای یەکگرتنەوە هەر هەیە ونەبەستراوە و نابەسترێت، من لەلای خۆمەوە بە نیازی روون کردنەوەی ئەوبابەتە نییم بەمەبەستی دروست کردنی یەکە یەکەی راگەیاندنم، پرۆژەیەکی هەنگاو بە هەنگاو کێشراوم خستە پێش چاوی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان کە پوختەکەی بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- لە سەرەتادا لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی هەردوو حزبی گەورەی پەرلەمان و حکومەت پێک هێنەرەوە دەست پێبکەین واتا پارتی و یەکێتی.

٢- پلانەکە هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ بکرێ، لە پێشدا رۆژانە و لە کاتێکی دیاری کراودا با بڵێین سەعاتێک هەردوو شەپۆلەکانی ئێستگە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەو دووسەعاتەدا بە تێکەڵاو بوونی بێژەر و هونەرکارەکانەوە یەک بگرنەوە کە ئەتوانرێت ئەو بەرنامەیە بە تایبەتی لایەنە سیاسیەکان پشت بە چالاکییەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ببەسترێ.

٣- ئەگەر لە مانگی یەکەمدا ئەو تاقی کردنەوەیە روو لە سەرکەوتن بوو، ئەوا ماوەی بڵاو کردنەوە و بینین لە سەعاتێکەوە بکرێت بە دوو سەعات، بەرە بەرە ماوەکە زیاد بکرێت.

٤- ئەتوانرێ بەرنامەکانی ئەم پرۆژەیە لە ئێستگەدا ناوی ئێستگەی حکومەتی کوردستان و لە تەلەفزیۆنیشدا ناوی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستانی لێ بنرێ، هەڵبەتە خستنەکاری ئەم پرۆژە جگە لەوەی ئاواتێکی خەڵکی کوردستان دەهێنێتە دیی، لە هەمان کاتیشدا لە

لایەنی ئابوورییەوە فەرقێکی زۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بیروبۆچوونی تر هەبوو کە بریتی بوو لەوەی دەبێ ئێمە دەزگایەکی خۆمان هەبێ وهەموو رۆژێ بە تۆمارکراوی بەرنامەکانی راگەیاندراوی حکومەت بدەین بە هەموو کەناڵەکانی و ئیتر حزبەکان ئەوانیش لای خۆیانەوە بەشی راگەیاندنی حکومەت بڵاو بکەنەوە، دیارە ئەمەش هەر شتێکی دەگمەنە کە حکومەتێک بە تکا کاری راگەیاندن مەیسەر بکات، ئەوەی راستی بێت لەلایەکی تریشەوە ئەم کارە پراکتیکی عەمەلی نییە، چونکە یەکەم پرۆگرامی مردوو دەردەچێ و، دووەم ئێمە وەسیلەی گەیاندنەمان وا نییە کە بتوانین لە رۆژێکدا هەموو شارەکان بەسەر بکەینەوە، خۆ ئەگەر ئەمانەیش نەبێ ئەبێ بڵێین حکومەت هەرخۆی راگەیاندنی مەرکەزی تەلەفزیۆن و ئێستگەی خۆی هەبێت، ئەبێت ئەوەشتان لەبیر نەچێت کە جێبەجێ کردنی ئەمەی دواییان گیرفانێکی یەکجار پڕو داراییەکی یەکجار دەوڵەمەندی گەرەکە، جێبەجێ کردنیشی لە رووی پەیدا کردنی ئامێرو ستۆدیۆ و کادری هونەرییەوە زیاتر کاری پاشەرۆژێکی تۆزێک دوورە نەک ئەمڕۆ کە پێویستە دوانەخرێت لە گەڵ ئەوەشدا با ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئێمە تا ئێستا یاسای حزبەکان و یاسای کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکانمان نییە بەو شێوەیەی کە هەر هەموو راگەیاندنە جۆراوجۆرەکان بە کۆمەڵێ یاسای گشتی و تایبەتیەوە ببەستێتەوە، ناشزانین ئەو بنەمایانە چین کە پێویستە رەچاو بکرێن! جارێ وەک بیروبۆچوونی ئەوەندەی من لەلای خۆمەوە لەلایەن سیاسەتمەدارانی خۆمانەوە هەستم پێ کردووە ئەوەیە کە هەمووشمان ئەوەمان بەلاوە باشە کە رێگا لە هیچ جۆرە راگەیاندنێکی جۆراوجۆری واتا حزبەکان نەگیرێت ئەم ئازادی و دیموکراتیە لە قاڵب نەدرێت، بەڵام لە چوارچێوەی قانونیشدا بن و رەنگی یاسایان بۆ برِێتری بۆ ئەو کاروبارە ئاڵۆزە و لە هەمان کاتدا بەرەڵلاش نەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی، ئێمە وەک وەزارەتی رۆشنبیری بە خۆمان و رووناک بیرانی گەلەکەمانی رائەگەیەنین ئەگەر بێت و میزانیەیەکی تێرو تەسەلمان بۆ بێتە بەردەست کە لە هەرکاتێکدا بێ ئەوا تەواوی ئەو پڕۆژانەی لەسەر کاغەزن ئەتوانین بیان خەینە مەیدانی کارەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵبژادەیەکی باش لە رووناک بیرانی کوردستان هاوبەشی بکەن و، تا ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی کورد بەشداری تێدا بکەن باس کردن لە دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە، یان هەفتانەش کە زمانی حاڵی ئەم حکومەتە بێت ئەکرێ و ئەوەندەش کارگێڕو بەهرەی بە توانا هەن کە بتوانن وەک سەرئەنجام روومان سپی بێت و لەم بوارەدا دەستمان رەنگین بێت، دیسان ئەڵێم، بەڵام چونکە راپەڕینی ئەم کارە پارەوپولێکی واتە دەسەڵاتێکی ماددی بە هێزی دەوێت، بۆ ئەوەی تەمەنی بەردەوام بوون بەم کارە ببەخشین، منیش وەکو ئێوە دەزانم نانەواخانەیەک ئەکەوێتە پێش چاپخانەیەک و شوشەیەک دەرمان پێش فتبۆلێک و تەنەکەیەک نەوت پێش چاپ کردنی نامیلکەیەک، بەکورتی لە هەموو بوارەکانی رۆشنبیری و راگەیاندنەوە پارەوپولی دەوێت،

ئێمە لای خۆمانەوە ئەتوانین رێگای هەفتەیەک بە رۆژێک ببڕین، هەروەها ئەم وەزارەتە وەک دەزانن لق وپۆپی زۆری لێ بۆتەوە وبە دەستی کورتیشەوە هیچ ناکرێت، جگە لەوەیش کە لە ئێستاوە ئەو هۆڵانەی کە چالاکی رۆشنبیری و هونەرییەکانی تیا ئەنجام دەدرێت چ لێرە و چ لە سلێمانی و چ لە دهۆک پێویستیان بە دەست پێداهێنانەوە سەرپەرشتیەکی بەردەوامی دەوێت و کۆی ژمارەی ئەم کەسانەش لەو وەزارەتەدا کاردەکەن ( ١٠٧٠ ) کەسن بە هەموو دامودەزگا جۆراوجۆرەکانیەوە، لەلایەکی تریشەوە ویەکێک لەو دەزگا گرنگانەی کە لە بواری راگەیاندندا دەبێ هەبێ و نابێ نەمان بێ بگرە ئەبێت دەست و بردی لێ بکەین دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستانە و، من لەم رووەوە راپۆرتێکی دوورو درێژم ئامادە کردووە لە بارەی چۆنێتی دامەزراندن و ئەرکەکانی و پێداویستیەکانی و ژمارەی ئەو کارگێرانەی کە پێویستە کاری تیا بکەن و، ئێستا لە جێگای خۆیدا بڵێم داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم و هەروەها لە پەرلەمانیش داوا دەکەم بۆ ئەوەی دەربارەی رێکخستن و پێک هێنانی بەشی راگەیاندنی ئەم حکومەتە هەر رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و ئاژانسی دەنگوباسە و دەبێ چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە ولایەنە بەرپرسەکانی ئەم حکومەتەش لە نزیکترین دەرفەتدا توانایەکی مادی وامان بخەنە بەردەست کە هیچ نەبێ بتوانین لایەنی کەمی ئەم پرۆژانە بخەینە مەیدانی کارەوە.

بەڕێزینە لە کۆتایی ئەم راپۆرتەشدا ئەمەوێ بەکورتی باسی سەرنجی خۆم دەربارەی باری سیاسی و ئابووری و هونەری حکومەتی کوردستان و پەرلەمانی هێژا بخەمە پێش چاو بەم جۆرە:-

منی شاعیری سیاسەت نەکردوو بەپێشەولێ تێ ئەگەم میللەتەکەمان خەریکە تووشی نائومێدی ببێ، ئەگەر نەبووبێ، ئەبێ ئەوە بزانین لە ئەمڕۆوە لێرەدا جوانترین و باشترین و رازاوەترین قسە دادی ئەم ئازادیە برسیە نادات، جێگای یەک تیکە نان بۆ ئێمە ناگرێتەوە، ئەم پەرلەمانە و ئەم حکومەتەی ئێمە لە تەشکیلا لە بایەکی تووش دەچێت ئەگەر بەرەو رووی دڵنیایی رووی وەرنەگێڕین تێ دەچێ و کەسیشی لێ دەرناچێ، ئێمە زۆر بە کاوەخۆ وەک ئەوەی گیروگرفتەکان نەنێبینە ناو خەو زڕاندن هەڵسوکەوت دەکەین، کات ئەڕواو ئێمەش بە خاو خلیەکی هەنگاو ئەنێین، ئەم کارانە شەونخونی هەمووومانی پێویستە، من خۆم بە خۆم پێم وایە گروپی ئەم گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە ئابووریە و چەکداری فەرهەنگیانە لە بنەڕەتدا بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد دەگەڕێتەوە، گومانم نییە لەوەی ئەگەر ئەو سەرکردایەتیە بەرژەوەندییە حزبیەکان بخەنە خوار بەرژەوەندی میللەتەوە ئەوا بەجدی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکگرتوو بن لەگەڵ راگرتنەوە سەبارەت بە موجامەلەی سیاسی بیکەنە یەکێتیەکی سیاسی لە دوو دەنگ و سێ دەنگ و چوار دەنگەوە بەیەک دەنگ بدوێن، بە جدی لە پشتی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بگرین، من دڵنیام کارەکانمان مەیسەر دەبن، جا دیاردەی چەکداری لە ئەنجامی ئەم پاشا گەردانەیەدایە کە ستوندەی یەکەمی چەقینی نەچوونە پێشەوەیە. چەکدار کێن هی خۆمان

نین؟ تۆ بلێی جلەوەکەش لە دەست خۆماندا نەما بێت، یا بە ئاشکرا و بێ پەردە تەواوی تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی تەبایی و نا تەباییمان بە خەڵکی کوردستان رابگەیەنین، ئێمە سێ چوار مانگ و هیچی ترمان لە بەردەمدا نییە بۆ ئەوەی کێشە ئابووریەکانمان چارە سەر بکەین خۆ زمانیش بە ئێمە راناگیرێ برسیەتی و ئارامیش و ئێش دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێت تا ئەو کاتە نانێکی تاڵیش هەبێ سەربەستیمان دان بە خۆبدا دەگرێت گەلی کوردیش لە سەرو هەموومانەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش ئەو برادەرانەی تێبینیان هەیە تکایە با ناویان بنووسن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە کە ئیشارەتی بدەمێ ئەویش ئەمانەن:-

١-ئایا هیچ هەنگاوێک نراوە بۆ دامەزراندنی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانی عێراق؟.

٢-وەکو پێشنیارێک دەڵێم پێویستە دەزگای راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستگەیەکی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو راپۆرتە چروپڕەی هونەرە جوانەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری کە تێکرا هەموو لایەنەکانی گرتبۆوە و تەنها سەرنجم بۆ ئەوە بوو کە ئەگەر تەلەفزیۆنیش بوار نەبێت، بەڵام رادیۆ ئەتوانرێ، بەڵام ناتوانین پشت ئەستوور بین بە تەلەفزیۆنی حزبەکانەوە، مافی خۆشیانە کە حزبەکان دامودەزگای خۆیان هەبێت بۆ هۆیەکانی راگەیاندنیان لەبەر ئەوە وەکو سەرەتایەک دەبێ. دووەم وابزانم گۆڤاری (کاروان) ئەگەر ناوەکەی خۆشی بمێنێتەوە خراپ نییە، چونکە ئەو ناوە بەشێکە لە کەلەپوری نەتەوەکەمان وەکو چۆن ئەڵێین (گەلاوێژ) کەوا هەر چەند لە سەردەمی پاشایەتی و سەردەمی زۆر دواکەوتوو دەرکراوە، بەڵام شانازی پێوە دەکەین و رۆژێ لە رۆژان ئەگەر دەرچێتەوە بۆ ئێمە پیرۆزە، هەروەها چۆن جارێکی کە (رۆژی کوردستان) سەری هەڵدایەوە بەیادی سەردەمێکی ترەوە لە بەر ئەوە بۆ ناو گۆڕینەکە بەم ناوە بمێنێت و کەلەپور و ناو نیشانێکی پیرۆزە و ئەو یاسانەش پەلەی لێ بکرێت، چونکە هۆیەکانی راگەیاندن پێویستە و تیپ و دامودەزگاکان بە تایبەتی تیپ و یەکێتییە هونەرییە رۆشنبیریەکان، ئەبێ یاسای تایبەتی بۆ دەربکرێ، کەواتە دوو جۆرە یاسا دابنرێت وەکو جەنابی مامۆستا شێرکۆ بێکەس ئاماژەی بۆ کرد و، لە باری رۆشنبیریدا ئێمە نابێ برا ئاشووریەکانمان و لایەنی تربشمان بێ بەری بکەین ئەوانیش لەم کوردستانەدا هاو بەشانن و لە رۆشنبیری ئەم نەتەوەیەدا ئەبێ جێگایەکی تریان بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برای بەڕێز وەزیری رۆشنبیری پەنجەی راكێشا بۆ ئەو گیروگرفتانەی كەوا بەرەنگاری ئەبنەوە لە لایەن وەزارەتەكەیانەوە، حەزم كرد ئەو پرسیارەی لێ بكەم كە ئایا لە بارەی داخوازییەكانیانەوە لە بارەی كەموكوڕییەكانیانەوە و لە بارەی پێویستیەكانیانەوە، هەتا ئێستا هیچ یادداشتێک، یا نامەیەكیان ناردووە بۆ سەركردایەتیی سیاسی لایەنەكانی بەرەی كوردستانی؟ ئەگەر نەیان ناردووە و نەیان كردووە، من پێشنیار دەكەم كەوا نامەیەكی وا پێشكەش بكەن بە تایبەتی بۆ ئەوەی ئەم دامودەزگایانەی كە پێویستیان بە بڵاوكردنەوە هەیە بۆیان جێبەجێ بكەن وداوایان لێ بكەن كەوا یارمەتییان بدەن، چونكە بەراستی پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری ببێتە دەزگای راگەیاندن بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان وهەروەها لەو بارەیەوە ئەگەر بتوانن یادداشتێک بنێرن بۆ هەندێ لایەنی دەرەوەش كە لەوانەیە ئەویش سوودمەند بێ، بە كورتی جێبەجێ كردنی دەزگاكانی راگەیاندن، وەكو ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن كارێكی زۆر پێویست و پەلەیە. هیوادارم كە وەزارەتی رۆشنبیری لەو بارەیەوە هەنگاوی بە پەلە بنێ و، بەناوی كتلەی سەوزەوە دەڵێم بۆ جێبەجێ كردنی ئەم پێویستیانە ئێمە ئەوەی لە دەستماندا بێت بە خۆشییەوە جێبەجێ دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتی وەزیری رۆشنبیری هیچ باسی شوێنەوارەكانی نەكردووە، پێشنیار دەكەم كە بایەخ بە شوێنەوار بدەن، چونكە حكومەتی بەعس بایەخی پێ نەداوە، لەو لایەنەش كورد مەغدورە، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو هەموومان دەزانین منداڵانی كورد زۆر مەغدورن هیچ شوێنێكی یاری و رابواردنێكیان نییەو، ئەكرێ زۆر بە شێوەیەكی ئاسان شوێنێكیان بۆ پەیدا بكرێت یاری تێدا بكەن، نازانم هیچ بیر لەوە كراوەتەوە وابزانم لە هیچ شوێنێكی كوردستاندا هەتا یاری تۆپی پێ كە هیچ توانایەكی وای ناوێت بایەخی پێ نادرێ وئەگەر بمانەوێ بە هۆی راگەیاندن داوا لە هەموو حزبەكان بكرێت، هەر حزبە لە شوێنێكدا گۆڕەپانێک دروست بكات بۆ منداڵان، ئەو هەموو رێكخراوە مرۆڤایەتییانە هەیە لە كوردستاندا ئەوانیش دەتوانن هەر یەكەیان لە شوێنێكدا شتێكیان بۆ دروست بكەن بەهۆی ئەوەوە لام وایە منداڵانی زۆر لایەن رزگاریان دەبێت، جگە لەوەش شوێنێک دەبێت بۆ حەوانەوەیان و پارەیەكی ئەوەندە زۆریشی ناوێت، خاڵی دووەمیش وەكو پێشنیارێک، ماوەیەكە كەس ئیشی نەبووە و زۆر بێ ئیشوكاربوون خەڵک وای لێ

هاتووه هەر لە سەر جادەکان ئەسوڕێتەوە حەزی لە ئیش نییە لە بەر ئەوە ئەکرێ بە هۆی ڕاگەیاندنەوە وەکو داواکاری کورت بۆ ئەوەی خەڵکەکە و گەنجەکان هان بدەن کە ئیش بکەن واتا مەرج نییە بیر لەوە بکاتەوە کە فەرمانبەر بێت لە دائیرەیەکدا، ئەتوانن چەند کۆمەڵە گەنجێک کێڵگەیەکی بچووک دروست بکەن، زۆر شتی بچوک بچوک هەیە گەنجەکان دەتوانن پێکەوە بیکەن لە بەر ئەوە پێویستیان بە هاندانە، هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری بیر لەوە بکاتەوە تا گەنجەکان وایان لێ بێت حەز لە ئیش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستە هەموو کەلێنەکان پڕ بکاتەوەوگرنگی بە هەموو لایەنەکان بدات، ئایا لە پڕۆژەی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا چ گرنگییەک بە ڕۆشنبیری ئیسلامی دراوە کە میللەتی کوردی موسڵمان هەست بکات لە دەزگای ڕەسمیدا گرنگی بە شوێنە پیرۆزەکانیان ئەدرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەکەم، دەبێ بەرنامەیەک بە هاوبەش هەموو لایەنەکان پێشکەش بکرێت وماوەکەشی زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی گۆڤاری (کاروان) هەیڤێکی کوردییە هیوادارم ناوی کاروان وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم (ڕەقابە) دابنرێ لە سەر تەلەفزیۆن ولە سەر هەموو بەرنامە و فلیمەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە لە لایەن کاک (تارق محەمەد سەعید) دەڵێ پێویستە انساتمان هەبێت بۆ ئەوەی دەنگوباسی گەلی کوردستان و ئەوەی پەیوەندیی بە گەلەکەمانەوە هەیە تۆمار بکرێ و بگاتە دەستمان.

هەروەها کاک ئەیادیش دەڵێ: من وەک بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر ئامادەین هەموو ڕۆژێ لە ماوەی بەرنامەکانماندا بۆ ماوەی یەک، دوو سەعات بەرنامە و هەواڵەکانی کوردستان پەخش بکەین.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر حکومەتەکەی ئێمە مەحایدیش بێت ئەبێ ڕادیۆ و ڕۆژنامەیەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایق عەبدوللا بێکەس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەوێ زۆر بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە کە برایانی خۆشەویست کردیان، بۆ ئەوەی دەرفەتیش بۆ وەزیرە بەڕێزەکانی تریش بڕەخسێنین ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن.

لە پێشەوە دەربارەی درووست بوونی (لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان) چی کراوە، بێگومان تا ئێستا هیچ نەکراوە، چونکە هەر لەناو وەرزشکارەکان خۆیاندا بە تایبەتی لە شاری هەولێردا چەند بەشێکن ئێستا ئێمە هەوڵ دەدەین کە یەکیان بخەینەوە ئەبێ هەوڵ بدەین بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی لە شاری هەولێرەوە، ئینجا لە شارەکانی تری کوردستاندا. دەربارەی (ئێستگە) کە زۆر لە برادەران باسیان کرد ئێستگەیەکی کاتی کە پێویستە بێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، بەڵام بۆمان بڕەخسێنن و بۆمان دابین بکەن تا ئێمەش دەست بەکاربین و کەسانی کارمەند و هونەر گێڕی بۆ کۆبکەینەوە. دەربارەی مەسەلەی ناوی گۆڤاری (کاروان) ئەمە تەنها پێشنیارێکە ئەو پێشنیارە تەنها قابیلی ئەوەیە کە قسەی لە سەر بکرێت وەک ئەو باری سەرنجە هەیە کە پێویستە کاروان ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە و، یا بگۆڕێت هەروەها باری سەرنجی تریش هەیە و ئەمە ئێستا دنیای دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ە و ڕۆشنبیری کوردی لە ئاستێکی تر دایەو ئەگەر ناوەکەشی نەگۆڕێت پێم وایە شتێکی سەیر نییە، بەڵام قابیلی ئەوەیە کە موناقەشەی بکرێت و بۆ ئەوەی بگەیەنە ئەنجامێک، یا ناوەکە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، یا ئەگۆڕێت من لە ڕاپۆرتەکەی خۆم تەنها ئەوەم وەکو پێشنیارێک خستە پێش چاو. دەربارەی مەسەلەی (ڕۆشنبیری برا ئاشوورییەکان و کەمەنەتەوەیەکەمان ) لە هەیکەلی ڕێکخستن ئێمە وەکو نەخشە کێشاومانە بەشی تایبەتی ڕۆشنبیری برا ئاشورییەکان وەک تورکمان وەک عەرەب بە جیاجیا کردومانەتەوە هەتا تەنانەت بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئیزگەشمان بۆ دەسنیشان کردوون. مەسەلەی ئەوەشی کە ئایا لە بارەی داخوازییەکانی ئێمەوە هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکمان لە لایەنەکانی بەرەی کوردستانی گیراوەتەوە یان نا؟ نەخێر ئێمە لەم بارەیەوە هیچ ڕاپۆرتێکمان بۆ بەرەی کوردستانی نە نووسیوە و ئەو پێشنیارەشی کە د.کەمال کردی زۆر بەجێیە و ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئەوپێداویستیانە دەخەینە پێش چاو و زۆر سوپاسیشیان دەکەین ئەگەر بەزوویی بۆمان جێبەجێ بکەن. دەربارە شوێنەوارەکان و بایەخ پێدانی، لە هەیکەلی ڕێکخستنی وەزارەتی ئێمەدا بایەخی زۆری پێ دراوە. دەربارەی مەسەلەی ڕاگەیاندنیش ئەوە هەرکاتێک کە ئەو ڕاگەیاندنانەی کە مەرکزی بوون و کەوتنە دەست ئێمە، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە دریغی ناکەین کە کۆمەڵێ ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەربارەی ئەو پێشنیارانەی کە خوشکە هێرۆ کردی لای خۆمانەوە جێبەجێ بکەین، بەڵام ئێستا ئێمە هیچ کەناڵێکی ئێستگە و تەلەفزیۆنمان نییە تا ئەو پێشنیارە بێنینە دی، ئومێد دەکەین کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی کوردستان و ئێستگەکانی تر ئەم پێشنیارە پەسەند بکەن. لە بارەی ڕۆشنبیری ئیسلامی، یان ئایینی، یان هەر ڕۆشنبیرەییەکی تر، ئێمە بە

تایبەت دەستمان نەخستۆتە سەر جۆرێک لە رۆشنبیریی ئیسلامی، یا غەیری ئیسلامی، بێگومان لە پرۆگرامی خۆماندا دەبێ بایەخی تایبەتی بەم لایەنە بدەین و نەیخەنە پشت گوێ. هەروەها دەربارەی (رەقابە)و دەربارەی ئەو شتانەی دیکەش کە باس کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها پێشنیارێکی تر ماوەتەوە کە کاک ئەحمەد سالار داوا دەکات کە دەزگایەکی تایبەتی هەبێ بۆ هەڵگرتنی دیکۆمێنت وببێتە ئەرشیفێک بۆ بەیاخدان وپارێزگاری کردنی کلتوورو کەلەپوور وکۆکردنەوەیان.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەبوو نارد بووم بۆ بەڕێز کاک شێرکۆ نازانم وەڵامی داوەتەوە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز شێرکۆ فایەق عەبدوڵلا بێکەس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەختێک میزانیەمان بۆ تەرخان کرا ئێمە چ یەکێتی نووسەرانی کورد و چ ئەو کۆمەڵە هونەری و وەرزش کاریانەی کە هەنە لە یادمان ناچن کەوا بودجەی تایبەتییان بۆ تەرخان دەکەین، هەروەختێک دەزگایەکی وا دروست بێت إنساتیش لە گەڵدا دەبێ، چونکە ئەویش بەشێکی گرنگە لە دەزگای راگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ زووە کە بتوانم بەرنامەی کاری وەزارەت پێشکەش بکەم، چونکە وەزارەتێکی خزمەتگوزارییە، دەزگای زۆرە ومنیش لە ١٩٩٢/٧/٦دەست بەکاربووم وهێشتا نەم توانیوە گەشتێکی مەیدانی ئەوتۆ بکەم کە بتوانم لەشارەزاییەوە قسە لەسەر کاروبارەکانی وەزارەت بکەم، دەبێ ئەوەشتان بە بیر بخەمەوە کە تاکە وەزارەتیشە کە تا ئێستا پەیوەندیی بەرژێمەوە مابێ، لەرووی ژمارەی فەرمانبەریشەوە سێیەم وەزارەتی عێراق بووە بۆ بەعس کردنی کارمەندەکانی کە تائێستا دەستیان دەڕوا.

ئێستا ئێمە (٥) کۆمیتەمان پێکهێناوە:

١- لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی یاساو کارنامەی وەزارەت.

٢- لیژنەیەک بۆ تۆمار کردنی مومتەلەکاتی وەزارەتەکە.

٣- لیژنەیەک بۆ تۆمارکردنی دەرمانخانەکانی وەزارەت.

٤- لیژنەیەک بۆ جەردی عیادەی دکتۆرەکانی هەولێر.

٥- لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەدزین ومەسەلەی بازاری رەشی دەرمانفرۆشی.

هەروەها لەرووی ئالییاتەوە، (٩٥) ئۆتۆمبیلی وەزارەت دزراوە، زۆر لەکارمەندەکانیش دەزانن

که ئەو سەیارانە لای کێن، بەڵام ناوێرن ناویان بدەن، نەمانی ئەو هەموو سەیارەیەش بێگومان کارێکی سلبی زۆری کردۆتە سەر چالاکی دەزگاکانی وەزارەتەکەمان وئێستا تەنها یەک دانە سەیارەی (ئیسعاف)مان هەیە، ئەوجا بە خۆتان بەراوردی بکەن. ناتەواوی زۆرمان لەدەرماندا هەیە، بەتایبەتیش بۆ نەخۆشیەکانی دڵ و (تخدیر) و (فنی)، دەرمانیشمان لەلای رژێمەوە بۆ دێت، ئەویش لەرێی دوو کەناڵەوە: یەکێکیان بۆ فرۆشتنە وبەسەر دەرمانخانەکاندا دابەش دەکرێ، ئەوی تریش بۆ خەرجی نەخۆشخانەکانی وەزارەتە. رێکخراوە خێرخوازەکانیش برێکی دیاری کراو داودەرمانمان پێشکەش دەکەن و، وەزارەتیش لیستێکیان بەو دەرمانانە ئامادە کردووە کە پێویستن بۆ ئەوەی بتوانین لە دەرەوەی وڵاتەوە بیان هێنین. وەزارەتەکەشمان بەهۆی پارەی بلیت وداهاتی پەیمانگە کۆمەڵایەتیەکانەوە برێک داهاتی پارەی هەیە و، هەندێ دەزگاش کە بەهۆی تاڵانەوە لەکارکەوتوون، پێشنیارمان کردووە کە بفرۆشرێن و، بەداهاتی ئەوانە ناتەواویەکانی تر پڕ بکەینەوە، هەروەها سەیارەیەکی زۆری سکرابیشمان هەیە کە دەتوانین سوود لە فرۆشتنی ئەوانەش ببینین بۆ دابین کردنی هەندێ پێویستی دیکە، بڕیاری ئەوەشمان لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرتووە ولیژنەیەکیشمان بۆ جێبەجێ کردنی لە وەزارەت پێکهێناوە. بۆ هەیکەلی وەزارەتیش پێشنیارمان کردووە کە ئەو هەیکەلە بگۆڕێ کە جاران بۆ (امانە عامە) دانراوە.

هەندێ کارمەند وفەرمانبەریش دەبێ بگۆڕدرێن وکەسانی خاوەن خزمەت وخاوەن رابردووی پاکیان بخرێتە جێ. لەرووی کەرەستەو ئامێرو دەزگایشەوە پێم وایە کە بەبێ یارمەتی بیانی بە خۆمان بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێ. گیروگرفتی چەکداری لە نەخۆشخانەکاندا بەزەقتر بەرچاو دەکەوێ ودەبێ ئەوەیش بنبڕ بکرێت ودەبێ پۆلیس جێی ئەو چەکدارانە بگرنەوە. بەراستی گیروگرفت زۆرن وهەمووی هی ئەوەنین کە لێرەوە باس بکرێن، بەڵام دەبێ ئێمە هەوڵی چاک کردنی بارودۆخەکە بدەین ولە ئاستی ئەو بڕوایەدابین کە پێمان دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کات زۆر کەم ماوە، بەڕێز وەزیری تەندروستیش دەبێ کاتێکی هەبێ بۆ وەڵام دانەوە، هێشتا وەزارەتێکی دیکەیش ماوە، کەچی (١٩) کەس ناوی خۆیان بۆ گفتوگۆ نووسیوە، بۆیە داوا لەکوتلەکان دەکەم ، کە خۆیان چەند کەسێک دیاری بکەن بۆ گفتوگۆ کردن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم هەمووی برێتییە لە پرسیار باوەڕ ناکەم زۆر بخایەنێ پرسیارەکانیش جۆر بە جۆرن، ئەوەشی کە دەبینێ پرسیارەکەی دەکرێ، با ئەویش دووبارەی نەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێوستە چاودێری نەخۆشخانە ئەهلیەكان بكرێت، چونكە كەموكوورییان تێدایە ، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند پرسیارێكمان هەیە ،

**یەكەم:** بەنیسبەت خزمەتی تەندروستی لە ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لەسەر سنووری دوژمنن وەكو كەلارو كفری وباوەنوور چەمچەماڵ خزمەتی تەندروستی بریتییە لە چەند دكتۆرێك وچەند برین پێچێك، چونكە دكتۆریان نییە ناوچەكە پێویستی بەمەركەزێكی جیراحی هەیە ، ئەگەر بریندارێك لە ناوچەكەدا بوو هەتا دەگاتە سلێمانی سێ چوار سەعات دەخایەنێ لەوانەیە لە ڕێگا لەناو بچێت.

**دووەم:** دەربارەی مانگی سووری عێراقی وەك جەنابی وەزیر فەرمووی ئیشی خۆی زیاد كردووە لە كوردستاندا، لە گوندەكاندا، كەچی جاران هیچ دەوری نەبوو جا هەنگاوی وەزارەت چییە بۆ دروست كردنی مانگی سووری كوردستان؟.

**سێیەم:** نەقابە ئیشوكاری دكتۆران ڕێك دەخات و لیێی ئەكۆڵێتەوە لە.پلەی پسپۆڕییان و ئێستا لەو بوارەدا پێویستمان بە یەكێتی پزیشكانی كوردستان هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی بەنیسبەت وەزیری تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی كرێكارانی بەجارێك پشت گوێ خست، كرێكارانی كوردستان لەم بارودۆخەدا زۆر مەغدورن، دەبێ وەزارەت لەبارەی كرێوە مافیان بپارێزی، هەروەها سنوورێك بۆ چەوسانەوەیان دابنێت بەدەست ئەو خاوەن كارانەوە و، دەبێ یاسای كار بەتەواوەتی جێبەجێ بكرێ لەبەرژەوەندییان، چونكە لەزۆر كارگەدا تەنانەت پتر لە (٨) سەعاتیش كاری پێدەكەن، هەروەها لەبارەی كۆمەڵایەتییەوە داوا دەكەم وەزارەت بزووتنەوەی سەندیكای كرێكاران بجوڵێنێ ولیژنەیەكیش پێك بێت بۆ ئامادە كردنی پرۆژەی یاسای كارێكی دیكە بۆ كرێكارانی كوردستان، چونكە ئەوەی هەیە زۆر بڕگەی بۆ بارودۆخی كوردستان ناشیاوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حسێن بەفری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند پرسیارێكم هەیە:

١- دەربارەی تەدەرجی دكتۆرەكان وەكو ئاشكرایە ئێمە لە كوردستاندا پێویستمان بە دكتۆر وكادری تەندروستی هەیە، ئێستاش لە كوردستان دائیرەی تەندروستی سەر بە وەزارەتە

واتا ئەو دکتۆرانەی کە ئیقامە تەواو دەکەن ئینفکاکیان پێدەکەن و دەبێ بچن بۆ عەسکەری بۆیە ئێستا زۆربەی دکتۆرەکان فەسڵ کراون و بێ ئیشوکار دەسوورێنەوە، جا تکا کارم لە وەزیری تەندروستی چ چارەیەکیان هەیە بۆ ئەمە؟.

٢- لە ناوچەی گەرمیان، شوێنێکی وەکو شاری کفری تا ئێستا تەنها دکتۆرێکیان هەیە، لە بەر ئەوەش کە ناوچەیەکی سنوورییە پێویستی بە مەڵبەندێکی تەندروستی ویەکێکی تری جەراحی هەیە.

٣- هەروەها دەربارەی (تەعقیم کردنی) ئاو لە قەزاو ناحیەکاندا، هیچ نەوترا!.

٤- لەبارەی کردنەوەی عیادات لە ناحیەو قەزاکاندا هەتا فەراشی خەستەخانەکانیش دوکانیان کردۆتەوە و ئیشی پزیشکی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک جۆرێ یاری بە ناو دوکان و کۆڵانەکاندا بڵاو بۆتەوە وەکو فیشەو بلیاردو ڤیدیۆ کە هەندێ فیلمی خراپ پیشان ئەدات کەبۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی فەساد کە دەبێتە هۆی دروست کردنی کارەساتی ناشیرین، ئایا وەزارەتی تەندروستی چ هەنگاوێکی بۆ ئەمە هاوێشتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برین پێچ ومعاون توبیەکان لەزۆر لەگەڕەکە میللییەکان عیادەیان کردۆتەوە وەکو دکتۆرەکان پارە وەردەگرن، دەرزیش لێ ئەدەن وهەر لە عیادەکەی خۆیان دەرمانیش دەدەن، پێویستە وەزارەت سنوورێک بۆ ئەمە دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنە سیاسیەکان زۆربەیان خەستەخانەو شتی وایان هەیە، جا پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا تا ئێستا وەزارەتی تەندروستی چ پەیوەندییەکی کردووە بەو دەزگا تەندروستیانەوە لەوانە دەزگای تەندروستی کوردستان کە هەیکەلەکەی بریتییە لە هەشت کۆمیتەی تەندروستی و هەشت نەخۆشخانە و حەوت بنکەی تەندروستی سەرەکی و(٥٥) بنکەی سەرەتایی، کە ئەوانە زۆربەیان لە دەرەوەی شارەکانن و نزیکەی (٧٠) نەخۆشخانەیان هەیە. خاڵەکەی ترمان ئەوەیە مانگی سووری عێراقی پەداخەوە بەرەی کوردستانی رێگەی بۆ کردنەوە کە هەتا ناوەوە بێن، ئێمە بەڕاستی لە کاتی خۆیدا وەکو لایەنێکی سیاسی دژی ئەو مەسەلەیە بووین کە مانگی سووری عێراقی بێتە ناوەوە بەو ناوەی کە کۆمەک بە خەڵکی ئاوارە و لێ قەوماوی کوردستان بگەیەنێت، هەتا تەنانەت هەندێک رێکخراوی بیانیش هەیە لە رێگەی مانگی سووری

عێراقییەوە دێنە ناوەوە و یارمەتیمان دەدەن بۆ نموونە: ڕێکخراوی نەرویجی و دانیمارکی، بەڕاستی لە سەر وەزارەتی تەندروستی پێویستە سنوورێک بۆ مانگی سووری عێراقی دابنێت کە وەک خۆی دەڵێ لە ڕێگای ئەوانەوە پەیامنێرەکانی گۆڤاری (الف باء) دێنە ژوورەوە و ریپۆرتاژ ئەنووسن. مەسەلەی دکتۆرەکان بەڕاستی پارەی (بطاقەو فەحس) و شتی تریان زۆر زیاد کردووە، هیوادارم سنوورێک بۆ ئەوەش دابنرێ. پرسیارێکی تریش ئەوەیە ئایا تا ئێستا ڕژێم مووچە بەفەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی دەدات یان بڕاوە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە دەربارەی نەخۆشخانە گشتییەکان، ئەم نەخۆشخانە گشتیانە زۆربەیان هۆڵی عەمەلاتیان هەیە و بە تایبەتی بە شێوەیەکی زانیاری دروست کراون و هەموو پێویستیەکی پزیشکی و نەشتەرگەری تێدا ئامادە کراوە زۆربەیان عەمەلیات ناکەن بە هۆی ئەوەی بەنجیان نییە لە نەخۆشخانەکاندا زۆربەی هاوولاتییان عەمەلیاتەکانیان لە نەخۆشخانە تایبەتییەکاندا دەکەن و رادەی باری ژیانی ئەمڕۆش زۆر سەختەو بەشی زۆری هاونیشتمانیانمان گوزەرانیان زەحمەتە و پێویستی نەخۆشخانە تایبەتیەکانیش زەحمەتە، جا داوا دەکەم دەرمانی بێهۆشی لە خەستەخانەکاندا پەیدا بکرێت وەهر ئەوانەی کە توانای پارەیان هەیە لە خەستەخانەی تایبەتی عەمەلیات بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی نەخۆشخانەکان بە ڕێکی ئەڕۆن ،بەلام هەر ئەبێ وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و لەش ساغی لیژنەیەک پێک بهێنێ بۆ دابین کردنی یاسای کارکردن لە کوردستاندا، چونکە هەر بە بریاری پەرلەمان لە وەزارەتدا یاسای عێراقی ئیشی پێ ناکرێت کە یەکێکە لە یاسا هەرە نائاساییەکان کە روخساری ئیشی کرێکارانی شێواند کە کردنی بە فەرمانبەر و سروشتی کرێکاری لە سەر لابردنی و شتی تێدایە کە لە دکتاتۆر سەدام حسێن خۆیەوەیەتی، ئەبێت گورج ئەو یاسایە لابرێت و تەماشای ئەوەش بکرێت کە لە کوردستاندا چینێکی سەرمایەداری مشەخۆر (طفیلی ) دروست بووە کە ئەمە لە سەرمایەدارەکانی تر زۆر خراپتر کرێکاران و زەحمەتکێشان دەچەوسێنێتەوە، بۆیە دەبێ زوو فریای ئەوە بکەوین، هەروەها سەبارەت بە نەخۆشخانەی فێرکردنی سلێمانی پاش راوێژ کردن لەگەل زانستگاو پزیشکەکاندا بیکەنەوە بە نەخۆشخانەی (تەعلیمی)، چونکە سروشتی تەعلیمی پێوە نەماوە، ئەمانە زۆر پێویستن بۆ خوێندنی بالا لەمەو دواش کوردستان چ لە هەولێر و، یا لە سلێمانی بۆ ئەمسالیش پێویستە وەدەمانەوێت خوێندن زۆر لەو سیفەتە بگرێتەوە کە لە نەخۆشخانە پسپۆرەکانی سلێمانیدا هەبوو ، سوپاس.

**بەڕێز تەها محەممەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی ئەوەی کرد کە تا ئێستاش لە دائیرەکانی تەندروستیدا دزی دەکرێ، ئایا چی کراوە بۆ راگرتنی. هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتیەوە باسی کەسوکار و خێزانی ئەنفال کراوەکانی گەرمیان نەکرا کە لە کێشەی کرێکاران گەورەترە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری تەندروستی هیچ بایەخێکی بە لایەنی کۆمەڵایەتی نەداو، من سێ پرسیارم هەیە:

١ـ ئاشکرایە منالی هەتیو ئەگەر لە ناوخێزانەکەی خۆی بەخێو بکرێت زۆر چاکترە بۆ زۆر لایەنی سایکلۆجی بۆ بەندەکانی تری ژیان و دەرامەتی خێزانەکەی وای لێ دەکات کە روو بکاتە رێگای دیکە، ئایا هەنگاوتان چییە بۆکەم کردنەوەی ئەو دیاردەیە؟.

٢- پلان چییە بۆ منالە بێ دایک و باوکەکان لە بارەی وەرگرتنیان لە خانەی منالە هەتیوەکان بە تایبەتی ئەو منالانەی کە هەویەی ئەحوالی مەدەنیان نییە وەکو ئەنفالەکان؟.

٣- ئایا ئێوە لە گەڵ ئەوەدان کە ئەو رێکخراوە مرۆیانە خانە بکەنەوە بۆ ئەو منالە بێ دایک و باوکانە، یان بە باشی دەزانن خانەی منالە هەتیوەکانی سەر بە وەزارەتەکان فراوانتر بکرێت و ئەو ئەرکە لە سەر شانی وەزارەتی تەندروستی بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بەڕێز وەزیری تەندروستیشم گوتووە کە ئێستا لە سنوورەکانی تورکیا وئێرانەوە بەشێوەیەکی ترسناک (مخدرات) دێتە کوردستانەوە، دەبێ چارەیەکی بەپەلەی کاریگەری بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارێکم هەیە:-

١ـ داوا دەکەم بایەخ بەخانەی چاودێری نەوجەوانان بدرێت.

٢- کەرەستەی ئەشیعە لە خەستەخانەکاندا نەماوە پەیدا بکرێ.

٣- هەرچەندە وەزارەتەکە تازەیە وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر، بەڵام ئایا نەخشەیەکیان هەیە بۆ کۆمەک کردنی کەم ئەندامەکان کە پێشمەرگە بوون لە پێشمەرگایەتی سەقەت بوون و پێویستیان بە چارەسەرە، ئایا هیچ بیرێکیان لەم کەم ئەندامانە کردۆتەوە وهیچ نەخشەیەکیان بۆبارمەتیدانیان هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نەخۆشخانەکاندا ئەڵێن دەرمان نییە، بەڵام لە بازاڕدا هەیە و، لەبەر نەبوونی دەرمان و دکتۆر تاوەکو نەخۆشێک لە کفری ،یاخود کەلارەوە دەگەیەنرێتە سلێمانی نەخۆشەکە دەمرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە لە جادە و شەقامەکان هەیە وەکو دەرمان فرۆشتن کە پێویستە بەزووترین کات نەمێنێت، چونکە دیاردەیەکی ناشرینە.

٢- پێویستە چاودێری چێشتخانە و قەسابخانەکان بکرێن بۆ ئەوەی بە پێی پێڕەوی تەندروستی کار بکەن.

٣- دەرمان لە دەرمانخانەکاندا نییە، بەڵام کە دەچیە بازاڕی رەشەوە بەکارتۆن هەیە و لەوێش بەکەیفی خۆیان دەیفرۆشن.

٤- بایەخدان بە منداڵە هەتیوەکان.

٥- بایەخدان بە ژیانی پەک کەوتووە سەقەتەکان چ لە رووی مووچەوە، یا لەرووی ئازووقەوە و یارمەتی دانیانەوە.

٦- چاودێری کردنی خواردن و خۆراکی بە ندکراوەکان بەگشتی و بە پێی یاسا.

٧- بایەخدان بە ژیانی ئەو منداڵانەی تووشی گرتووخانە، یان هەتیو خانە دەبن و کردنەوەی قوتابخانەی (الأحداث للاصلاح) ئەوە زۆر پێویستە ئەو منداڵانەی دەدرێنە دادگا کە هێشتا نەگەیشتوونە تەمەنی(١٨) ساڵی ئەوانەش پێویستە بایەخیان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند پرسیارێک هاتووە لەلایەن بەڕێز عەدنان نەقشبەندییەوە لەبارەی ئەو ئیسعافانەی کە چەند رێکخراوێک داویانە بە نەخۆشخانەی (تەق تەق)ی سەر بە قەزای کۆیە، بەڕێزی دەپرسێ ئایا ئەو سەیارانە ماون، یاخود فرۆشراون؟ وئایا وەزارەتی تەندروستی، یاخود دیوانی وەزارەت هیچ ئاگادارییەکیان لەسەر ئەم سەیارانە هەیە کە ماون یاخود نە؟ .

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا لە سەرۆکی ئەنجومەن دەکەم کە سەرنجی قسەکەران بۆ ئەوە رابکێشێ کە ناوی شەخسی وەزیرەکان نەهێنن وهەر ئەوەندە بەسە کە بڵێن وەزیری پەروەردە، یا وەزیری تەندروستی نەک بەناوی شەخسی خۆیانەوە بانگیان لێ بکەن، چونکە لێرە لە پەرلەمان قسە دەکرێت و، پێویستە بەو شێوەیە پرسیارەکان ئاراستەی وەزیرەکان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوای ئەمە وزۆرشتی دیکەمان لە ئەندامان کردووە، بەڵام وادیارە بە ئاسانی پەیڕەوی لێ ناکەن ودووبارە کردنەوەی شتیش بەم شێوەیە نا بەجێیە، بۆیە دەبێ لە کوتلەکاندا لەسەر ئەم ئوسولانە رایان بێنن.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ وەزارەت بایەخ بە وشیار کردنەوەی تەندروستیش بدات، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پتر لە (٣٣) پرسیار کراوە، ئێمە زۆربەیان وەک پێشنیار وەردەگرین وئەو دوایشیان بەکورتی وەڵام دەدەینەوە:

١- راستە بارودۆخی تەندروستی لەگەرمیان زۆر کەموکورتی تێدایە، بەڵام ئێوە توانای ئێمەش دەزانن.

٢- مەسەلەی شەرعییەت و نا شەرعییەتی ئەو عیادانەی کە هەن و، ئەو خانانەی کە وەردەگیرێن ئەوە بوو گوتمان لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ بەسەر کردنەوەیان.

٣- باس لە بەنگ وحەشیشە ومخەدرات کرا کە دەبێ قەدەغە بکرێ، ئەوە پەیوەندیی بە وەزارەتێکی دیکەوە هەیە.

٤- زۆر جاریش کۆڕمان بۆ دکتۆر وکارمەند وفەرمانبەران ساز کردووە بۆ بەرزکردنەوەی وشیاری وئاگاداری کردنی دەزگا وئامێرەکان وئەوەشی بزانین دەستی لە دزین و، تێکدانیاندا هەیە بەپێی یاسا سزا دەدرێت.

٥- لە گەڵ رێکخراوە خێرخوازەکاندا هەوڵی تەنسیق دەدەین وپەیوەندیمان هەیە بۆ ئەویە هەمووشتێک مەرکەزی بێت وبەپێی نەخشەی وەزارەت جێبەجێ بکرێ.

٦- مەسەلەی تێکدانی رەوشت ئەوە ماوەیەکی دوورودرێژە دەزگاکانی رژێم هەوڵیان بۆ دەدا وئێستا بەپەلە پەل وبەکۆششی تەنها وەزارەتی تەندروستی راست ناکرێتەوەو، دەبێ وردە وردە بەپێی پلان کاری بۆ بکەین.

٧- بۆ مەسەلەی بوونی مانگی سووری عێراقیش ئەوە مەسەلەیەکی سیاسیە ودەبێ بریاری لەسەر بدرێت کە لە کوردستاندا هەبێ یان نەء؟، مووچەی کارمەندانیش لەلایەن رژێمەوە ئەوە دوومانگە راگیراوە، یەک وەجبە دەرمانیش هات و، وا ئێستا چوون وەجبەی دووەم وەرگرن، بۆ مانگی سووری کوردستانیش ئێمە خەریکی ئامادە کردنی پرۆژەیەکین هیواداریـن بە زووترین کات تەواو بێت وبریاری لەسەر بدرێ.

٨- پێکهێنانی نیقابەی پزیشکان، ئەوە رێکخراوێکی پیشەییە وپەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە.

٩- ئێمە (خانەی هەتیو) و( خانەی کەم ئەندامان) و( خانەی پەککەوتە ـ بەساڵاچوان)مان هەیە، بەڵام بەداخەوە نا تەواوییان زۆرە و ڕێکخستنەوەیان پێویستی بەپارە هەیە، پەیوەندیمان بە ڕێکخراوە خێرخوازەکانیشەوە کردووە لەم بارەیەوە.

١٠- لەسەر چاوەدێری گۆشت فرۆش وچێشتخانەکان هەوڵێکی باشمان داوە وتائێستا چەندین کەسیش دراونەتە دادگا لەسەر کەمتەرخەمی.

بۆ یاسای کاریش، ئەوا لیژنەیەکمان بۆ داڕشتنی یاسای وەزارەت پێکهێناوە، هەر ئەو لیژنەیەش پرۆژەی یاسای کارێک ئامادە دەکەن، هەروەها دادگای کاریش پێویستە، چونکە پێشێل کردنی مافی کرێکارانیش زۆر کراوە ئیتر چ لەرووی کرێوە چ لەرووی سەعاتەکانی کارکردنیشدا، بەڵام هەموو ئەمانە کاتیان دەوێ، چونکە مەسەلەی ئابووری وئەخلاقین، بۆ مەسەلەی تەدەروجی توییش ئێمە ئێستا ناوی (٨٠٠) دکتۆرمان لایە کە لەبەر ئەوەی نەچوون بۆ سەربازی لەلایەن ڕژێمەوە مووچەیان بڕاوە، ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی چارەسەری ئەم کێشەیەمان کردووە، بەڵام تا بوودجە نەبێ چارەسەریەکە وەکو پێویست نابێ.

بۆ مەسەلەی ڤیدیۆ وفلیم وئەو شتانەی تر کە مەسەلەی ڕەوشتن ئەوە ڕژێم چەند ساڵێک بوو بەپێی بەرنامە پیادەی دەکرد، ئێستاش دەبێ وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆو، وەزارەتی رۆشنبیریی هەوڵ بدەین کە سنوورێکی بۆ دابنێین. بۆ فرۆشتنی داو دەرمانیش لە بازاڕی ڕەشدا ئەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆودا قسەمان لەسەر کردووە وئەگەر پێشمان قەدەغە نەکرێ بەتەواوەتی ئەوا ئەکید سنوورێکی بۆ دادەنێین. هەوڵ وکۆششمان بۆ وەدەست هێنانی (بەنج) بەردەوامە چ لەسەر ئاستی دەرەوە وچ لە ڕێی عێراقەوە. بۆ مناڵی هەتیویش ئێستا لەدهۆک (٢٠) مناڵ لە ماڵان لە گەڵ خێزانی دیکەدا دەژین، نازانم تا چەند دەکرێ ئەم بۆچوونە پیادە بکرێ، چونکە ئەوە پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە وناتوانین لەسەر ئەم شتە زۆر لە خەڵک بکەین، بەڵام ئەگەر پارە هەبێ لەوانەیە بتوانین هەندێ خێزان بۆ کاری وا هان بدەین، بۆ مەسەلەی پێشمەرگە کەم ئەندامەکانیش لیژنەیەکی پسپۆڕمان پێکهێناوە بۆ ئەوەی لە ڕاپۆرتە پزیشکییەکانیان وتوانای چارەسەر کردنیان ویارمەتی دانیان بکۆڵێتەوە وئەگەر لێرەش چارەسەر نەکران ئەوانە ببرێنە دەرەوە، بەڵام هیچ وڵاتێک، تا ئێستا رووی ئەوەی نەداوە. نەشمان زانیوە کە لێرە (تەوقیف) هەیە، بەڵام ئەوە شتێکی دیکەیە ولەسەر وەزارەت نییە، بەراستی دەبێ کێشەکانیشیان زوو یەک لایی بکرێتەوەو، ئەوەی ئازاد دەبێ ئەوە هیچ وئەوەشی کە حوکم دەدرێ ئەوە وەزارەت حیسابی بۆ دەکا. بۆ مەسەلەی دابەش کردنی خواردەمەنیش لەڕێی وەکیلەکانەوە، ئێمە تائێستا ئەوەی پێویست بووە ولەتوانادا بووە کردوومانە، بەڵام وەک بۆمان دەرکەوتووە لەو وەکیلانە (١٠٧) یان وەکیلی وەهمین ولەوانەشە کە لەڕێی ئەوانەوە بێت کە ئازووقە دەگاتە بازاڕی ڕەش، بۆیە وامان نیازە کە دووبارە بەسەر وەکیلەکاندا بچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین و، تەنها پێشنیارێک لە بەڕێز مزهرەوە هاتووە ئەڵێت: بەڕاستی خاڵێکی گرنگ ماوەتەوە پێویستە باس بکرێت وجێبەجێ بکرێت ئەویش دامەزراندنی شێتخانەیەکە لە کوردستاندا.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم بەکورتی باسی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەتان بۆ بکەم:

١ـ تا ئەم ساتەش وەزارەتی ئێمە بارەگایەکی نییە واتا دائیریەکمان نییە ستافێکی هەبێت بتوانێ کاروباری خۆی ئەنجام بدات.

٢ـ وەک روونیشە کە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە یاسایەکی نییە کەکاری پێ بکات وهیچ دەزگایەکیش ناتوانێ بەبێ یاسا کاروباری خۆی راپەڕێنێت، بۆیە داوا دەکەم کە پەلە بکرێ لەسەر بڕیار دان لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەت، هەروەها دەبێ بوودجەیەکی کاتیش بووە بۆی دابین بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆژانەمان بەدەستەوەیە:

١ـ ئێمە کۆمەڵێ یاسا ونیزام وتەعلیماتمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ئاراستەی هێزەکانی بکەین بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن.

٢ـ پرۆژەی یاسایی وەزارەتەکەمان ئامادە کردووە لەسەر تیشکی ئەرکەکانی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران وپێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کراوە بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

٣ ــ هەروەها هەیکەلی وەزارەتەکمان ئامادە کردووە وەکو لەم وێنەیەدا دیاری کراوە، بێگومان بەشێوەیەکی کورت بریتییە لەدیوانی وەزارەت، سەرۆک ئەرکان، کە بێگومان بەپێی بارودۆخ وپێویستی دەگۆڕدرێن.

٤ـ بەرەسمی داوامان لەلایەنە سیاسیەکان کردووە کە زۆر بەپەلە نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی بەشدار بن لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ودەستمان کردووە بە ئامادە کردنی چەند یاسایەک کە پەیوەندیی هەیە بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە، وەکو ئەم یاسایانەی خوارەوە:

أـ یاسای شەهید وپەک کەوتوو و خێزانی پێشمەرگە.

ب ـ یاسای خانەنشینی پێشمەرگە واتا (یاسای تەقاعدی).

جـ ـ یاسای بەرگری.

د ــ پرۆژەی سزاو تاوانی سەربازی.

هـ ــ پرۆژەی یاسای ئوسولی دادگایی کردن.

هەروەها کۆمەڵێ یاسا کە پەیوەندیی هەیە بە پێشمەرگەوە وەکو یاسا ونیزامی تەکریم وکرامات ونیشان و، پێوانەی جل وبەرگ وئازووقە ویارمەتی وکۆمەڵێک پرۆژەی تر کە بۆ

بەڕێوەبردنی ئیشوکار ئامادە کراون. کێشەی بە پەلەشمان ئەوەیە کە ئازووقە ویارمەتی بۆ پێشمەرگەی سەنگەرەکانی پێشەوە پەیدا بکەین، کە لە قۆرەتووەوە دەست پێدەکات تا ئاسکی کەڵەک ولەوێشەوە تازاخۆ بڕ دەکا. بۆ بە دواداچوونی ئەم کارەش داوامان کردووە لیژنەیەک لە (٢) ئەندام ونوێنەرانی هەردوو حزبی سەرەکی پێک بێت ولە ئەنجوومەنی نیشتمانی و، ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا لیژنەی هەمیشەیی بۆ ئەم کارە پێک بهێنرێن.

٥ـ لەبەر ئەوەی ئێستا دوژمن خۆی کۆ دەکاتەوە هێز ئامادە دەکات بۆیە پێویستە زۆر بایەخ بدەین بەو پێشمەرگانەی کە لە بەرەکانن وئازووقە ونەسریەیان بۆ ئامادە بکرێت تا بتوانین بەکاری خۆیان هەڵسن ئێمە لەلای خۆمانەوە بە پێی هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتەکەمان فەرماندەییەکی گشتیان بۆ دروست ئەکەین وبۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان.

٦ـ لە هەمان کاتدا ئێمە بەردەوامین لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئەنجوومەنی نیشتمانی وبەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دروست کردنی یەکەی نیزامی وەکو لە هەیکەلی تەنزیمی وپرۆژە ویاسای وەزارەتەکەماندا دیاری کراوە.

٧ـ ئێمە بۆ تەخمینی بوودجە، پرۆژەیەکمان هەیە وبە وردی باسی پێویستییەکان وچەندایەتی تێدایە واتا ئێمە ئێستا پرۆژەمان ئامادە کردووە بۆ دیاری کردنی چەندایەتی ئازووقە ونەسریە، یارمەتی وقیاسی جل وبەرگ و کەل وپەل وهەروەها شتی تر ونموونەی شتەکان هەمووی ئامادە کراوە وئاراستەی هێزەکانی ئەکەین. من هەر ئەم چەند خاڵانەم هەبوو بۆ ئەوەی کە درێژەی نەدەمێ وئامادەین بۆ هەر پرسیارێک ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئەوەی دیسان ناوەکان زۆرن و ماوەکەش کەمە جا تکامان وایە کە ئاگاداری پرسیارەکان بن با چڕوپڕ بن بۆ ئەوەی کاتمان هەبێت گفتوگۆیان لەسەر بکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە داوا لە وەزیری پێشمەرگە بکەن، ئایا چ نەخشەیەکیان هەیە بۆ بەرگری کردن لە کوردستان کە لە زۆر شوێندا دوژمن (١٠) کیلۆمەتر کەمتر لێمانەوە دوورە وچ نەخشەیەکیشیان هەیە بۆ یەک خستنی هێزی پێشمەرگە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فەتاح ڕەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

میللەتی کورد لەسەر هەموو ئاستێک باسی یەکگرتنی پێشمەرگە ئەکات، بە ڕای من دەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود ومام جلال کۆنگرەیەک ببەستن هەتاکو بزانین ئەم کۆنگرەیە بڕیار لەسەر یەکخستنی پێشمەرگە دەدا وچەند دەسەڵاتی هەیە لەسەر چەکدارەکانی خۆی وتوانایان چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز عـومـەر سـەيد عـەلی حـسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەنگاوی عەمەلی چییە لەلایەن ئێوەوە وەکو ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسوپایەکی یەکگرتووی هاوچەرخدا وبۆ نەمانی دیاردەی چەکداری؟ سوپاس.

**بەڕێز مـولازم یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سوپاسی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشی کرد، بەڵام زیاتر پەیوەندیی بە ئاییندەوە هەبوو، ڕاستیشە هەندێک شت پێویستی بەتوانای مادیی هەیە، بەڵام هەندێ شتی دیکەش هەن کە هەنووکەیین ودەبێ زوو ئەنجام بدرێن، چونکە میللەت وەک چۆن داوای نان دەکا هەر ئاواش داوای ئەمن وئاسایش دەکا، وەکو مەسەلەی هەڵگرتنی بارەگای پێشمەرگە لەناو شارەکاندا و قەدەغە کردنی دیاردەیچەکداری، ئەمە دەبێ دەسبەجێ بکرێ وخەرجێکی ئەوتۆیشی پێ ناوێ، جگە لەوەش دەبێ وەزارەتی پێشمەرگە خۆی بەشێوەیەکی مەیدانی بە بەرەکاندا بچێتەوە ولە سەنگەرەکانی پێشەوە دڵنیا بێت، چونکە پێشتر لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە سەرپەرشتی دەکران ودووریش نییە ئەو پێشمەرگانە هەر ناوبن ولەسەر کاغەز کرابن بەلیست، سوپاس.

**بەڕێز سـیروان مـحـەمـەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لەبەر دەم گەورەترین تاقی کردنەوە داین ومن پێم وایە تاهێزی پێشمەرگە یەک نەخرێت بەرنامەی هیچ وەزارەتێک لە ٢٠ ٪ی جێبەجێ ناکرێت، لەبەر ئەوە داوا دەکەم بەرنامەیەکی کتوپڕ بۆ یەکخستنی پێشمەرگە دابنرێت وپشتگیری پێشنیارەکەی کاک ئازاد دەکەم ودەبێ بریارێک دەربکرێت لەلایەن یەکێتی وپارتییەوە کە ئەو هێزە بکەن بەیەک هەروەکو وتویەتی (نان وئەمان) دیاریشە کە ئەمانەکە لە پێش نانەکەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشمەرگەی قوتابیی شەشی زانستی وئەدەبی هەن کە چەندین ساڵ خزمەتیان کردووە جا داوا لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم کە کارێکی وا بکەن بۆ ئەوەی ئەو قوتابییانە بە (ئیستیسنا)ی مەرجی تەمەن لە کۆلیژەکان وەربگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز حـسـەن حـەمـیـد ڕەحـیم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرای من سێ جۆر پێشمەرگەمان هەیە:

١- هەندێکیان زۆر دڵسۆزن.

٢- هەندێکێشیان بارودۆخی راپەڕین کردوونی بەپێشمەرگە، ئێمە وابکەین بژارێکی هێزەکانمان بکەین کەرۆژێک دابنێین لەناو پەرلەمان نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدا بێت بزانین لەپێش دەمی خەڵک چی ئەڵێن وە رای خۆیان چییە بەرامبەر جەماوەر وهێزەکانی خۆیان تەسلیمی یەک وەزارەت بکەن وبڵێن قیادەی عامە دەکرێت بەیەک.

٣- وابکەین هەموو سکرتێری حزبەکان، کە هەشت سکرتێرمان هەیە ئەم سکرتێرانە پێویستیان بەچەندی پێشمەرگە هەیە، بۆیان جیا بکرێتەوە لەجلی پۆلیسا بێت، یا لە جلی عەسکەریا بێت بۆ ئەوە حیمایەیان بکەن، ئەگەر ئێمە بژاری بکەین لە (٥٠٠٠٠) پێشمەرگەیا کۆی بکەینەوە، چونکە پێشمەرگەی ناوچەی پێنجوێن وحاجی ئۆمەران زۆر جیاوازیان هەیە لەگەڵ پێشمەرگەی کەلارو کفری وتەق تەق ئەمانە کە لە نزیک سنوورەکانەوەن، هەروەها خۆم چووم هەموو بەرەکان گەرام حزبی وا هەیە لە هەموو بەرەکان دوو پێشمەرگەی نییە ئەمەش ئەبێت حیسابی بۆ بکرێ تا ئەوانەی ئامادەنین با روون بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـلامـحـمـود فندی عـەبدوڵلا دێرشـەوی:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی دوو پێشنیار دەکەم:

١- دەربارەی یەکگرتنی پێشمەرگە، چونکە هەمووتان دەزانین خۆ گرتنی کورد بە پێشمەرگەوەیە و، ئەبێ یەکگرتن هەبێت ئەگەر یەک گرتن نەبێت ئێمە ناتوانین بیبەینە سەر وهیوادارین وەزیری پێشمەرگە خەمی ئەوە زۆر بخوات.

٢- پێشنیار دەکەم ئەو پێشمەرگەیەی کە لە ١٩٦١وە تا ئێستا پێشمەرگەیە بایەخی تایبەتیان پێ بدرێت ئیتر بەشێوەی مەعنەوی، یا مادی بێت بۆیان دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.عـیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـول:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

برا پێشمەرگەکانمان قسەیان کرد ئەبێ دوای ئەوان قسە نەکەین، بەڵام بەم گیانە پیرۆزەوە برا پێشمەرگەکانی هەر دوولا کە هەر هەموویان مێژوویان دیارە ورۆڵیان لە پێشمەرگایەتی وئازایەتیدا دیارە داوای یەکگرتن دەکەن، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە جارێک دووبارەی کردەوە کە ناردوومانە بەلای لایەنە سیاسیەکاندا وابزانم لە جیاتی ناردن بەلایاندا ئەبێ هەر هەموومان خۆمان بچین وداوایان لێ بکەین، مەسئوولیەتی گەورە کە ئێستا میللەت داوای دەکات رێکخستنی پێشمەرگەیە، با ئاشکرا بێت کە کێ ئەیەوێت پێشمەرگە یەک بگرێت وکێ نایەوێت بەرامبەر پەرلەمان ومیللەت با روون بێتەوە، وابزانم ئەمەیان هەنگاوی عەمەلی تری ئەوێت ،لە رۆژی ٤ی تەمووزەوە تا ئێستا دیارە شتێکی راستەقینە لەم بارەیەوە نەکراوە، کارەکانی وەزیر کە هەیکەلی وەزارەتەکەی رێکخستووە، بەڵام ئاشکرا باخەڵک بزانن کێ ئەیەوێ هێزی پێشمەرگە یەک بخات، با رابەرە سیاسیەکانمان گوێ لەو پێشمەرگە ئازاو و

نەبەزانە بگرن کە لێرە قسەیان کردوو دەنگی ئێمەش لەگەڵ هەموویانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە دەبێ لێرە بڕیارێکی ئازایانە ویەک لاکەرەوە بدەین وپێشمەرگە هەموو لەیەک وەزارەتدا کۆبکەینەوە، هەروەها سنوورێکیش بۆ حزبایەتی دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا یاسا ڕێمان دەدا لە هەیکەلی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا سەرۆکایەتی ئەرکان دابمەزرێنین؟، سوپاس.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم:

١- هەر پێشمەرگەیەک، یا هەر بەرپرسێک کە لە حزبێک لەسەر تاوانێک دەردەکرێ ئەوا دەبێ هیچ لایەنێکی تر نەیگرێتە خۆی.

٢- دڵنەوایی کردنی ئەو کەسانەی کە پێشتر لەگەڵ ڕژێمدا بوون ولەکاتی ڕاپەڕیندا بەرعەفوو کەوتوون.

٣- دانانی لیژنەیەک بۆ چاوەدێری وئاراستە کردنی پێشمەرگە وڕۆشنبیر کردنیان، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکاری من ئەوەیە پەلە بکرێت لە پەسەند کردنی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بکەوێتە کاری خۆی، داواکاری دووەمم ئەوەیە پەلە بکرێت لەیەکگرتنی پێشمەرگەی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشمەرگە لەکاتی ئاشتیدا و لەکاتی جەنگدا پێویستی بەخزمەتی پزیشکی هەیە و، ئەبێتە مایەی دڵنیایی لەهەر بەرەیەکدا، ئەگەر برین پێچێک، یا دکتۆرێکی لەگەڵدا بێت ئایا بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە ئەو ڕاستیەی خستووەتە بەرچاوی؟ پرسیاری دووەم ئەو برین پێچ ودکتۆرانەی تەدەروجی تویان تەواو کردووە چارەڕوانن کە بچنە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە و لەوانەیە هەندێکیان بە ئارەزووی خۆیان نەچن، بەرای من لە جیاتی ئەوەی ئەوانە بێ ئیش وبێ کار بمێننەوە، پێویستە لە هێزی پێشمەرگایەتی سوودیان لێ وەرگرن، تەبعەن ئەوەی کە (تطوع) بکات و ئەیەوێت بچێت ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی یەکخستنی پێشمەرگە داوای هەموومانە، وای پێشنیار دەکەم کە بۆ بەدی هاتنی ئەم داوایە حزبەکان کۆنفرانسێک ببەستن چاکترە، هەروەها داوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئەمنی نەتەوایەتی دەکەم. دوا پێشنیاریشم ئەوەیە کە رۆژنامەیەکی تایبەت بەکاروباری پێشمەرگە وپێشمەرگایەتیەوە دەربکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چەکی گەورە لەکوردستاندا زۆر بووە، ئایا وەزارەت چی کردووە وچی بەدەستەوەیە بۆ دەست بەسەر دا گرتنی ئەو چەکانە؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کویستانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەوڵ دەدەن هێزەکانی خۆیان گەشەپێ بدەن، خۆشتان ئەزانن زۆربەی توانای داراییمان لە فیشەک وتەقەمەنیدا خەرج دەکرێت ئەمەش خاڵێکی سەلبیە بەسەر هەمووماندا دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە پێویستە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی سەرف بکەین بۆ ئەو شتانەی سەرف دەکەین، خاڵی دووەمیان: هەر یەکێک لە هێزە سیاسیەکان ئێستا ململانێیانە لەسەر ئەوەیە خەڵک رازی بکەن وبیان هێنن بۆ لای خۆیان لە سەیارات ولە فیشەک ولەتەقەمەنی بەهەزارانیان بۆ خەرج دەکەن، خاڵی سێیەم بریتییە لەوەی زۆربەی زۆری هێزە سیاسیەکان دەتوانم بڵێم لایەنی پارتی ولایەنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەجیاتی ئەوەی کە کێشەکەیان لەناوپەرلەمان، یان لەناو وەزارەتدا چارەسەر بکەن، بە لەشکرو هێز چارەسەری دەکەن، هەر تەقەیەک لە شوێنێک بکرێت هێزێک کۆ ئەکەنەوە وبۆ ئەو شوێنەی ئەینێرن، ئینجا تکای برایانەم ئەوەیە کە پەرلەمان کارێکی وا بکات کە لە ناو خەڵکدا کێشە بە هێز چارەسەر نەکرێ. لەلایەکی تریشەوە شەرەفی پێشمەرگایەتی شەرەفێکی گەورەیە، بەڵام چەند کەس تا ئێستا بەرگی شەرەفی کردۆتە بەری لەپێناوی ئەوەدا کە خۆی لەلایەن و هێزە سیاسیەکان بپارێزێت بەتایبەتی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و، یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا ولە ژێر سێبەری ئەوانەوە دزی ئەکات، راووڕووت ئەکات، جەردەیی ئەکات، جاسوسی بۆ حکومەتی عێراق دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکەی کاک کەسال ـ یش هەر ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت. کاک عەبدولخالقیش دووپێشناری هەیە کە ئەمانەن:

١ – پێکهێنانی سوپای کوردستان بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان دوور لە حزبایەتی لەو

لاوانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٨ تا ٢٠) ساڵە.

٢- لە پێشمەرگەی حزبەکانی کوردستان ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨تا٢٦) ساڵە و خۆیان بەشێوەیەکی ئارەزوو مەندانە دێنە پێشەوە.

پێشنیارێکی تریش هەیە لەلایەن کاک تارقەوە داوا دەکات کە ڕۆژێک دابندرێت بەناوی ڕۆژی شەهید، بۆ ئەمەش پێشنیاری ڕۆژی ١٦ ئازار دەکات کە ڕۆژی کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهیدە، خوشکە گەلاوێژیش پێشنیارێکی هەیە ئەڵێت: پێشنیار دەکەم هەر لایەنێک ئامادەیی خۆی دەرنەبڕی بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە ئەو لایەنە ڕووبەڕووی جەماوەر بکرێتەوە، کاک ئەکرەم عاشوریش شتێکی نووسیوە هەرچەندە لەوانەیە زۆر پەیوەندیی بە ئیشی پێشمەرگەوە نەبێت، بەڵام ئەیخوێنینەوە ئەڵێ ڕۆژی یەک شەممە نارنجۆکیان خستۆتە بارەگای برادەرانی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لەشەقلاوە وپێنج برادەر بریندار بوونە وپێش (٤٠) ڕۆژیش پێشمەرگەیەکیان شەهید کراوە وهەتا ئێستا ئەوانەی کە هەستاون بەو کارە نەگیراون و کاک ئەکرەم دەڵێ (هیوادارم کە بەسووک نەڕواننە ئەم کێشانەو چارەسەریان بۆ دابنرێت). کەس بەسووک لەم مەسەلانە ناڕوانێ و وەزارەتی ناوخۆ دەبێ لێیان بکۆڵێتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من بەنووسراوێ پێشکەشم کردن، بەڵام ئێستا ئەم پڕۆژەی بڕیارەتان دەخەمە پێش چاو ئەگەر بڕیاری لەسەر بدرێ. (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەی نیوەڕۆی ١٩٩٢/٧/٢٨خۆیدا بڕیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی داو، هەر لێرەدا لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢٩دا ولیژنەیەک بۆ ئەو یەک خستنە دانرێت بە مەرجێک کە ماوەکەی لە مانگێک زیاتر نەبێت ودەسەڵاتی تەواوی بدرێتێ بۆ یەکخستنی کاروباری پێشمەرگە و، ئەو لیژنەیە لە چەند ڕۆژێکدا پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستاندا دەکات داوا لە هەموو حزبەکان ئەکات کە بەگیانێکی پڕ لە مەسئولیەتەوە ئەو کارە بەجێ بهێنن، پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە کە کۆمیتەی پێشمەرگە لە پەرلەماندا تەماشای پێشنیارەکان بکەن و کۆیان بکەنەوە و پاک وپوختیان بکەن ولە بەردەمی پەرلەماندا دای بنێن تا ڕای خۆی لەسەر بدات وببێ بە بڕیار وجێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش پێشنیارمان کردووە کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا و لە ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا لیژنەی تایبەتی بۆ ڕێکخستن ویەکخستنی کاروباری پێشمەرگە پێک بێت و، دەشبێ کە هەموو لەسەر ئەوە کۆکبن کە ئەم کارە بەبێ ڕێککەوتنی هەردوو حزبە سەرەکییەکە ئەنجام نادرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پەرلەمانداندا لیژنەیەکمان هەیە بە ناوی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەکوردستاندا، بەڵام ئایا ئەم لیژنەیە جێی ئەو لیژنەکەی تر ناگرێتەوە؟.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو لیژنەیە بۆ ڕێکخستنەوە دەبێ فراوانتر بێت وباشتر وایە کە خەڵکی بێ لایەنیشی تێدا بێت وهەردوو حزبی سەرەکیش ڕێک وتەبا بن لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویستە ئەم پێشنیارە بخرێتە بەردەم لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئەوانیش وەڵامێکیان بدەنەوە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ یەک بوونی پێشمەرگە پێویستە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، چونکە گەورەترین دەسەڵاتەکە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ماوە بدەی ئەوە لە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانیدا چەند ڕۆژێک لەمەوپێش کۆبوونەوەیەکی وا کرا بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لە پەرلەماندا نین نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ لیژنەیەکی تایبەتی کە لە وەزارەتی پێشمەرگەدا پێک دەهێنرێ ولەگەڵ ئەواندا باسی کاروباری خۆیان بکەن، جا نازانم چ پێویستە لیژنەیەک بخەینە سەر لیژنەیەک؟! من پێم وایە کە لیژنە لەسەر لیژنە نابێت، ئێمە لیژنەی کاروباری پێشمەرگایەتیمان هەیە موتابەعەی ئەو مەوزووعە دەکا، هەروەها تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەشدا دەکا ئەگەر پێویستی بوو، بەڵام ئەگەر ببێت بە(٣) لیژنە ئیشەکەمان لێ ئاڵۆز دەبێت.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منش داوای ئەو لیژنەیەم نەکرد، بەڵام وتم فراوانتر بکرێت، چونکە ئەو لیژنەیە لیژنەیەکە کە کاروباری پێشمەرگە ڕێک دەخات لە ناوپەرلەماندا، بەڵام ئەم لیژنەیە ئەگەر هەر هەمان لیژنە بێت فراوانتر بکرێت ئەوە باشتر، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من جەماعەتی زەحمەتکێشان وناشووری وحزبی شیوعی و هەرچی هێزی خۆشمان هەیە لە شارەکان بهێنە دەرەوە ونەوەی لەناو شارەکاندا مایەوە ئەوەی کە غەیری شەرعین ئینجا با لە

خۆمانەوە دەستی پێبکەین، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس نییە دژ بەوە بێت کە پێشمەرگەی کوردستان یەک بخرێت، چونکە ئەمە ئاواتی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان وهەموو جەماوەرە، بەڵام ئێمە ناتوانین بەو ئاسانییە بڵێین پێشمەرگە یەک دەخەین، بەڵکو دەبێ هەموومان بیربکەینەوە چۆن پێشمەرگە یەک بخەین؟ نەک یەک خشتە کە بچێتە شێوەیەکی ترەوە خوانەخواستە زەرەری بێت، کەس دژ بەوە نییە هەموو لەگەڵ ئەوەین کە پێشمەرگە ڕێک بخرێت، بەڵام دەبێ بزانین هەموو لایەنەکان پڕۆژەیان چییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش ڕێکی بخەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لیژنەی هەمیشەی هەبێت لەناو پەرلەماندا، بەڵام لیژنەیەکی تازەش دروست بێت تا کۆ بینەوە لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەو لەگەڵ لێپرسراوان لە دەرەوە و وەکو کۆنفرانسێک لەوێ بڕیاری کۆتایی بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ لە پەرلەماندا بڕیارێک دەربکەین، یان لایحەیەک دەربکەین وزۆر بە روونی داوای یەکخستنی پێشمەرگە بکەین، ئینجا ئەو حزبانەی ئامادەن بیکەن با بیکەن و،ئەوانی تریش بادانیشن، داوا دەکەم لەم دانیشتنەدا بەلاغی یەکخستنی پێشمەرگە دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ چەکدار لەپێشمەرگە جیا بکرێنەوە، چی کۆنە موستەشار وئامیرمەفرەزە و ئامیر فەوج وئامیر سریەی کۆن هەیە هەموو لەناو هەردوو هێزە سەرەکیەی کە جێی خۆیان کردۆتەوە، بەرەی کوردستانی عەفووی کردوون، خۆزگە پەرلەمانیش ئەو عەفوەی دەکرد بە یاسایەک وئەوانەوە دەچونەوە ماڵی خۆیان وئەوەی کۆیان کردۆتەوە بۆخۆیان دەیانخوارد ولە ریزەکانی پێشمەرگە دوور دەکەوتنەوە، بەراستی هەرچی کێشە هەیە ئەوانە لێی بەپرسیارن، چونکە ئەوانە دروستیان دەکەن ئەوانیش بوون کە لە کاتی ڕاپەڕیندا ماڵی خەڵکیان تاڵان کرد، وەزارەت ودامودەزگاکانیان تاڵان کرد، ئێستاش جاروبار رامان دەکێشن بۆ شەڕی ناوخۆ، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوانە بە یاسایەک عەفو بکرێن وبچنەوە ماڵی خۆیان لێی دانیشن وئەو دوایی کە پێشمەرگەن یەک بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر ڕێگا بدەن پێشنیارەکە بەو شێوەیە لێ بکەین.

(بڕیار درا هێزی پێشمەرگە ڕێک بخرێت ولیژنەیەک پێک بێت بۆ پشتگیری لە ئەنجامدانی ئەم بڕیارە وتەنسیق کردن لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک بوونی پێشمەرگە بەو ئاسانیە نییە کە برادەران بەو شێوە سۆزاویەوە سەیری دەکەن، ئێستاش هیچ ڕۆژێک نییە عەسکەر کێشی بۆ سەر یەکتر نەکرێت، ئەبێ واقیعیانە بیربکەنەوە ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە دروشمەکانمان یەک بێت تا ئێستا ئێمە لەسەر شتی سادە ڕێک نەکەوتووین، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان داوە خانووەکان چۆڵ بکەن وحزبەکان ئامادە نین خانووەکان چۆڵ بکەن، من دژی بڕیارەکە ناوەستم وتەئیدی دەکەم ئەگەر بڕیارەکە دەربچێت، بەڵام پێم وایە بڕیارەکە لە جێی خۆی نابێت وناتوانین بەم زووانە ئەم کارانە جێبەجێ بکەین، ئەگەر هەوڵ نەدرێت لەسەر دروشمەکە بەتایبەتی دروشمی مەرکەزیمان کە ئەبێ لەسەری ڕێک بکەوین، ئەبێ لە رووی سیاسیەوە لەیەکتر نزیک بین، ئەبێ بۆچوونمان وەک یەک بێت، ئێمە کە نەتوانین خانوو بۆ وەزیرەکان چۆڵ بکەین چۆن ئەتوانین بەو ئاسانیە بڕیاری ئەوە بدەین کە پێشمەرگەکانمان یەک بخەین؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپەرلەماندا لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و(١٤) لیژنەی دیکەشمان هەیە، پێشنیار دەکەم کە لە هەر لیژنەیەک لەو لیژنانەی تر یەکێک بچێتە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و وەک شێوە کۆنفرانسێک هەرچی بەباش دەزانن لەسەر مەسەلەی یەکختنی پێشمەرگە بیکەنە پرۆژەی پێشنیارێک بۆ پەرلەمان وئەوجا لەسەری گفتوگۆی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام کە هێزی پێشمەرگە بکرێت بە یەک، بەڵام شێوەی جێبەجێ کردنەکەی ئەبێ جیاوازی لەسەر بێ، بەلای منەوە یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر ئاسان نییە، یەکگرتن مەفروزە بە هەنگاو بێت و، ئەگەر یەکگرتنەکەش نەکرێت ئێمە زیاتر زەرەر ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێ نوێنەرانی هەموو حزبەکان، با هەر یەکە مەسئولە عەسکەرییەکانیان بێن بۆ

وەزارەتی پێشمەرگەو پرسیکیان پێ بکەین وبزانین تاچ رادەیەک ئامادەیی ئەوەیان هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەرلەمان جێگای جێبەجێ کردنی بریار نییە، ئەم لیژنەیە، یا لیژنەی پێشمەرگەی ناو پەرلەمان ئیشوکاری هەوڵدانە بۆ پشتگیری ئەو بۆچوونەی پەرلەمان کە پێویستە هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت، جا ئەگەر ئەتانەوێ ئەمە بەو شێوەیە تەسلیمی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بکەین، لەگەڵ ئەو پێشنیارانە هەمووی بۆ ئەوەی دیراسەتێکی بکەن.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان هەر باس کردنێک لەرێکخستنی پێشمەرگە کارێکی پیرۆزە وابزانم هیچ جیاوازییەک نییە دەربارەی ئەو بۆچوونانەی هەردووکتلە لە رووی مەبدەئەوە، ئەوەی ماویشە ئەوەیە ئێمە لە پرۆگرامی ئەنجومەنی وەزیراندا دەربارەی پێشمەرگایەتی بریارمان لەسەر داوە کە هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت وهەمووی لە ژێر فەرمانی یەک سەرکردەدا بێت، بەڵام ئەبێ بیرمان نەچێت پێشمەرگەکان پێشمەرگەی حزبین وحزبەکان خۆیان ئەمانیان دروست کردووە بەگیانی حزبایەتی گۆش کردوون، ئێستا ئەمانەوێ بیان کەین بەپێشمەرگەی میللەتی کورد ئەوەش ئەوە نییە کە بە رۆژێک چارەسەر بکرێت، دەربارەی ئەوەش کە باس دەکەن بە کۆنفرانسێک چارەسەری بکرێت، حەز دەکەم برادەران شتێکی مێژووی کورت بزانن، لەمایسی ساڵی ١٩٨٧دا حزبەکان دانیشتن و باس لە یەکخستنی پێشمەرگە کرا پاشان لە ئایاری ١٩٨٨ کە پەیمانی بەرەی کوردستانی مۆرکرا دیسان باسی ئەوە کرا وچەندین کۆنفراس بەسترا پێش راپەرین، هەروەها زۆربەی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی کۆنفرانسێک بووە، ونەبێ هەوڵ نەدرابێ ئێستاش دیسان ئەتوانین بەکۆنفرانسێک، یا چەند کۆنفرانسێک چارەسەر بکرێت، چونکە مەسەلەکە لایەنی سیاسی تێدایە، لایەنی فیکری تێدایە، وکۆمەڵاتیشە وەکو باسکرا مەسئولیەتی ژیانی هەندێ خەڵکە کە رەنگە لە رێگای پێشمەرگایەتیەوە ژیانی خۆیان بەڕێوە بەن، بە هەر حاڵ کۆسپ زۆرە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەهەر شێوەیەک بێت چەند دووبارەی بکەینەوە بۆ یەکخستنی پێشمەرگە شتێکی زۆر زۆر پیرۆزە وبۆچوونمان ئەوەیە، بەڵام ئایا ئەکرێ، یا ناکرێ زوو، یا درەنگ؟ لەوەدا جیاوازیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بڕوام وایە هەر شتێک زانیاری تەواوی لەسەر پەیدا بکەین وکاری جیدی بۆ بکەین، دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەناو هەیکەلی وەزارەتدا لیژنەیەک هەیە بۆ یەکخستنی پێشمەرگە، ئەو لیژنەیە ئەرکی ئەوەیە کە لەو بابەتە بکۆڵێتەوە وپێشنیار وپرۆژەی بۆ ئامادە بکات، ئەو دوایی پێشنیارەکانی دیکەش کە ئێستا باس کران هەموو سوودیان لێ وەردەگرین لە پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە وای لێهات: (بڕیار درا کە بە زووترین کات هێزی پێشمەرگە ڕێک بخرێت ولیژنەیەک پێک بێت بۆ پشتگیری وئەنجامدانی ئەم بڕیارە، بە تەنسیق کردن لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ولایەنە سیاسیەکانی تر). ئایا هیچ دەسکاریەک هەیە لەم پێشنیارە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بە ناوی پەرلەمانەوە شتێکی وا بڵاو بکرێتەوە ولە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەمڕۆ، یا سبەینێ ئەوە کارێکی باش دەبێت، لەم بارەیەشەوە کۆمەڵێ هەنگاو نراوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بکرێت بەیەک ولەدوا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا داواکرا هەربەکێک لەلایەنە حزبیەکان یەکێک بنێرێت و کۆمیتەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە قسە بکەن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە چ هەنگاوێک بنێن بۆ یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە؟ ئێستا لێرەش ئەو بڕیارە بدەین وئەو کۆمیتەیەی کە لە پەرلەماندا هەیە چەند پێشنیارێکی هەیە زۆر پێشنیاریش پێشکەش کرا بۆ ئەوەی ئەو کۆمیتە پاک بکرێنەوە وبڕیارێکی لەسەر بدرێ وبڵاوبکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بانگەوازێک وبڕیارێک بەو شێوەیەی کە پێشنیارمان کردووە نەختێک لێی کەم بکرێت ،یا لێی زیاد بکرێت ئەوا لە مەسەلەکە ناگۆڕێت ئەگەر بەو شێوەیە بڵاوبکرێتەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دڵخۆش کەر دەبێت بۆ کۆمەڵانی خەڵک، حەز دەکەم ئەوە بخرێتە بەردەمی پەرلەمان وبڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەرووی یاساییەوە هەر بڕیارێک لە پەرلەمانەوە دەربچێت دەبێ یەک لاکەرەوە بێت، جا بڕیاری یەک لاکەرەوەش وردەکاری و تەفاسیلی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی ئێمە دەسەڵاتی جێبەجێ کارنین بۆیە گوتم (هەوڵدان)، چونکە ناتوانین ئێستاکە بڕیارێک بدەین کە هێزی پێشمەرگە ببێت بەیەک، ئێمە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەمان هەیە، ئەنجوومەنی پێشمەرگەمان هەیە، کە ئەو ئەرکە جێبەجێ ئەکەن ئەرکی ئێمەش لەو مەسەلەیەدا

تەنها پشگیریە، دەنا وەک لەسەرەتایشەوە گوتمان ئێمە بڕیارێکی روونمان لەم بارەیەوە هەیە وئەنجوومەنی وەزیرانمان بەو کارە راسپاردووە ومەسەلەی یەکخستنی پێشمەرگەش، ئەرکێکە لەئەرکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە وئێمە هەر دەتوانین بڵێین: هەوڵ دەدەین.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وام پێ باشە کە پەرلەمان ئەوە نەکات بەیاسا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بڕیارەکە دەربچێت وئەو حزبەی کە پەیڕەوی ناکات با پەرلەمان ئیدانەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن لە بیریانە، یان نا، لەکاتی هەڵبژاردندا بەڕێزان مام جەلال وکاک مسعود لەسەر سێ خاڵی سەرەکی تەئکیدیان کرد: یەکەمیان سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکە. دووەمیان دامەزراندنی پەرلەمان، سێیەمیان رێز گرتنی وجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان. جوان نییە کە ئێمە لێرەدا بڕیار بدەین، بەڵام جێبەجێ نەکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم بە ئامادە بوونی بەڕێزان کاک مسعود ومام جەلال گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە پێشنیار بکرێت کە بەڕێزان کاک مەسعودو مام جەلال دەعوەت بکرێن بۆ ئێرە وئینجا قسە لەسەر ئەم بابەتە حەساسە بکەین کە پەیوەندیی تەنها بە ئێمەوە نییە؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە وەزیری پێشمەرگە پێشنیاری کرد، ئێمە داوا دەکەین کە پەرلەمان داوا لەلایەنە سیاسیەکان بکات کە هاوکاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بکەن لە یەکخستنی پێشمەرگەدا، نەک یاسای لەسەر دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش مەبەستم لەشێوەی داوایە، نەک لێرە بڕیار بدەین، چونکە ئەگەر بڕیاریش بدەین ئەوە ئەبێ لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە ئەو مەسەلەیە بگات بە ئەنجام، بەڵام ئێمە وەکو داخوازیەک بڵاوی بکەینەوە ئەوە شتێکی دڵخۆش کەرە بۆ خەڵکی وهەروەها داواکردن لە هەموو هێزەکان کە ئەو مەسەلەیە بە زوویی جێبەجێ بکرێت، پێشنیارەکەی من هەر پاک سازیە لەو بیروڕایە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دیسان دووبارەی دەکەمەوە هەندێک لە برادەران لە دڵسۆزیانەوە زۆر بەسۆزەوە سەیری شتەکە دەکەن، ڕێزیشم بۆکاک سیروان هەیە کە دەڵێ: ئێمە توانیومانە لە گەرمیان پێشمەرگە یەک بخەین، بەڵام ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو بکەین ئەو کێشەو پێک دادانەی لەو ناوچانەدا لە نێوان پێشمەرگە ڕوویدا بێ لە ناوچەکانی تر ڕووی نەداوە نازانم ئەوە چۆن یەکخستنێکە ؟! ئەو برادەرانەی کە لە ڕاگەیاندن ولەسەرکردایەتی سیاسی یەکێتی نیشتمانی ئیشیان دەکرد زۆر چاکیان لەبیرە لە دوای ١٩٨٨دا لە ئاخری ئەو ساڵەدا و ساڵی ١٩٩٠ وەتا ساڵی ١٩٩١ ، چونکە سیاسەتمان نزیکی یەک بوو پێشمەرگەکانمان وەک حزب ئیشمان دەکرد هیچ کێشە وهیچ شتێک لە نێوانمان نەبوو تادوا قۆناغی گفتوگۆ لەگەڵ میری لە ناوگفتوگۆ هەندێ شت هاتنە پێش ئیتر لەیەک ترازاینەوە ئەبێ ئەو خەڵکە دڵسۆزی کە حەز لە یەکێتی ڕیزەکانی گەل دەکات هەوڵ بدات یەکێتی بیروباوەڕمان نزیک بکاتەوە، بۆچوونمان لێک نزیک بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا کوێستانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاک فەرەنسۆ دەکەم، ڕاستە کە ئێمە لە ئێران بووین چەندین پڕۆژەیەک لە نێوان ئێمە وبرایانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرا، بەڵام بەداخەوە پڕۆژەکە هەر نەش خوێندرایەوە، ئێمە وەکو یەکێتی وپارتی ئەگەر بمانەوێ هێزی پێشمەرگە یەک خەین یەکی دەخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو گفتوگۆکانی پەرلەمان تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەبێت هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت پڕۆژەکەش هەیە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگایەتی و لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمان هەر خەریکی ئەو مەسەلەن ولایەنە سیاسیەکانیش دەعوەت کراون بۆ ئەوەی بزانین هەڵوێستیان چییە ؟ ئێمە ئاگاداری ڕاگەیاندن دەکەین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەوڵ دەدات بەزووترین کات هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت.

**بەڕێز ئەبو بەکر سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئیزافەیەکی بخەینە سەر وبڵێین: (جەیشی نیزامی) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پەیوەندیی بە لیژنەکەوە هەیە وپاش گفتوگۆ کردن دەتوانین هەمواری بکەینەوە، ئێمە بڕیارمان داوە کە هێزی پێشمەرگە ڕێک بخرێت، چونکە ئەمە لەبەرنامەی حکومەتدا دەنگمان

لەسەر داوە چیتر ناکرێت، ئەمەش تەنها تەئکیدە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەئەنجوومەندا رای هەردوو کتلە زۆر لێک نزیک بوون ئەگەر بڕیار بدەی بڵاوبکرێنەوە، ئەوە دڵی خەڵک زۆر خۆش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەو پێشنیارە پاش ئەوەی رێک دەخرێت وەکو بانگەوازێک بڵاو بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش لەسەر ئەوە ئەڵێین: با بەرنامەکە بگاتە دەستمان.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیرو وەکیل وەزیری داد چی لێ هات وگەیشتنە کوێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەنیسبەت بریکاری وەزارەتی داد بەیانی رادەگەیەنرێ، بەڵام بۆ وەزیر تا ئێستا وەڵاممان وەرنەگرتووە ئەونجوومەنی وەزیران هەوڵ ئەدەن بە باشترین شێوە چارەسەری بکەن.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف وەکو لە جەنابی وەزیرەوە پێمان گەیشتووە تەواو بووە، بۆچی رۆژێکی بۆ تەرخان ناکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، بەم شێوەیەش کۆبوونەوەی ئەمڕۆ کۆتایی هات. سوپاس

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی** |
| | | **کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

دووشەممە ڕێکەوتی ١٠/٨/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢١)

## کۆبوونەوەی یەکەم/ دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٠

*کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢١)ی خولی یەکەمی، ساڵی یەکەمی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

**بەرنامەی کار:**

**١ـ لیژنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەر یەک بەپێی پسپۆڕی خۆی پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتەکاندا بکەن و، لە ماوەی یەک هەفتەدا ڕاپۆرتەکانیان پێشکەش بکەن بەدەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی .**

**٢ـ داوا لە وەزارەتەکان بکرێت لە ماوەی دوو هەفتەدا یاساکانیان ئامادە بکەن.**

**٣ـ داوای ڕاستکردنەوەی مادەی (١٨)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بکرێت.**

**٤. باس کردنی (تفرغی )ی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کاروباری ئەنجومەن بەپێی یاسا.**

**٥. پێشنیار کردنی دانانی وەزیری داد.**

**٦. جەخت کردن لەسەر دامەزراندنی هەیکەلی ئیداراتی کوردستان، ودامەزراندنی پارێزگارەکان، قائیمقامەکان، بەڕێوەبەری ناحیەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیوادارم ئەم چەند ڕۆژەی کە هەریەک لە جێگی خۆی بووە سوود بەخش بوویێ بۆ تێکەڵ بوونتان لەگەڵ ئەو خەڵکە لە نزیکەوە، چەند خاڵێکمان هەیە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئەگەر هەر پرسیارێکی تر، یان پێشنیارێکی تر تان هەیە بفەرموون.

**بەڕێزد. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئایا چییان کردووە بۆ چۆڵ کردنی ئەو خانووانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی وئەنجومەنی وەزیران؟ کەوا لەلایەن هەندێ کەسانی ترەوە تاکو ئێستا داگیر کراوە وپێشنیارەکەم ئەوەیە کە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ئەو خانووانە چۆڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرسیارە دەکەینە خاڵی حەوتەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا.

**بەڕێز عەبدوڵلارەسول عەلی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا پەرلەمان بڕیارێک دەرکات بۆ ئەوەی هەر خانوویەک لە پاش راپەڕینەوە بەوەکالەت فرۆشرابێ، دەبێ پوچەڵ بکرێ وئەنجومەنی نیشتمانی دابەشی بکات بەسەر خەڵکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وەکو پێشنیارێک، خانووبەرەی ئەوانەی کۆن لەدامودەزگاکانی میری بوون وئێستاکە لەکوردستان جێ ماوەن لە پاش راپەڕین و، ئەوانەی کە فرۆشراون بەوکالەت هەموو پوچەڵ بکرێنەوە .

**بەڕێز عەبدوڵلارەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی کە خەڵکی ئێرە نین و لێرە ئەرزیان وەرگرتووە خانووەکەشیان بە خەڵک کردووە ئێستا خانووەکە ماوەتەوە، دۆست و ناسیاویان هەیە وەکالەتێکی تایبەتی هێناوە لێرە خانووەکەشی دەفرۆشن، پێشنیار دەکەم هەرچی خۆی ئامادە نەبێ وکالەتە تایبەتییەکان پوچەڵ بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە وەزیری وزە لێرەیە وپرسیارەکەم ئاراستەی جەنابی دەکەم، ئایا لەبارەی سووتەمەنی بۆ زستان چی کراوە وئەو قسانەی کە لە سەر نەوتی زاخۆیە راستە و چی بۆکراوە ؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی وەزیران بەیانێکی توندی دەرکردووە دژ بە پ.ک.ک لەبەر ئەوە ئەمە مەترسیەکی تیایە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە دەربارەی بارودۆخی ئێستا کوردستان کە ڕەنگە ئەم پێشنیارانەی من یاری دەرێک بن بۆ چاک کردنی گوزەرانی خەڵک ئەویش:

١- ناردنی وەفدێک بۆ دەرەوە بۆ پەیدا کردنی هەر موساعەداتێک بێت.

٢- هەوڵ بدەین کەب ەتایبەتی سووتەمەنی دابین بکەین وپێشمەرگە بەرەسمی چەکدار نەمێنێ لەناو شارەکاندا و هێزی پێشمەرگەش یەک خرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خاڵانەی من خوێندمەوە چەند خاڵێکی تری هاتە سەر، یەک لەو پێشنیارانەی کە هاتووە وبرایانی تر پشتگیریان لێ کرد لەسەر مەسەلەی خانووبەرە بوو، یاخود مومتەلەکات ئەگەر ناحیەی یاسایی تەواو نەبێت.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز عەبدولڵلا ڕەسول لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام پێویستی بە یاسایەکی تایبەتی هەیە کە دەزگاپسپۆڕییەکان یاسایەکی بۆ دابنێن بۆ ئەوەی کە مەغدور نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مومتەلەکاتی کاربەدەستانی ڕژێم کە لە کوردستانی ئازاددا بە جێ ماوە، پاش ڕاپەڕین هەندێ ئیجرائاتیان لەگەڵدا کراوە.

**بەڕێز عەبدوڵلارەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە بکرێ بە موڵکی دەوڵەت، بەڵام نەفرۆشرێ هەندێ هەڵسوکەوتی نابەجێیان کردووە ئاگاداری هەموو دائیرە مەحەلیەکانمان کردووە، وتمان بە بێ ئامادە بوونی شەخسی هیچ شتێک مەکەن، بەڵام هەندێ لە مەسئولینی بەرە هەن وەرەقەکانی مۆری لێ دەدرێت وناویان بۆ دەوائرەکان سوودی لێ وەردەگیرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ساغ کردنەوەی ئەو ماڵوموڵکانە، چۆڵ کردنی خانووەکانی هەردوو ئەنجوومەن، دابین کردنی سووتەمەنی، نەهێشتنی دیاردەی چەکداریی، ئەم خاڵانە هەموو وەکو پێشنیار خرانە بەر چاو، ئێستا ئەگەر ڕازین با هەموویان بخەینە بەرنامەی کارەوە..؟..ئەوەی ڕازیە با دەست بە بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە و، پێشنیارەکان بە زۆربەی دەنگ پەسەند کران.

ئێستاش دێینە سەر ئەوەی کە لیژنە پسپۆڕەکانی ناو پەرلەمان ڕابیژێرین، بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتە خاوەن پەیوەندییەکاندا پێداویستی هەموو وەزارەت ودامودەزگاکانی تر دەستنیشان

بکەن و، بە هاریکاریی ئەنجوومەنی وەزیران، هەوڵی چارەسەر کردن وپڕکردنەوەیان بدرێ..ئێمە تا ئێستا تەسەورێکی روونمان لەسەر کەموکورتی وپێداویستی وەزارەتەکان نییە..ئەگەر رازین با لەم بارەیەوە بڕیاری پێویست بدەین.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا،وەزارەتی داد نییە کە بچین دادگاکانیان ببینین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەو لیـژنانەی کە هەندێ کـێشـەیان هەیە دەتوانن هەوڵ بدەن لە رێگەی ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە هاوکاری بکەن.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لەبەر ئەوەی کە بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێ کردنی تا ئێستا ماوە، بۆتە هۆی گیروگرفتێکی گەورە و، ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان کاری خۆیان نابینن وداوا دەکەم کە چارەیەک بۆ ئەوەش دابنێن وەکو خاڵێک، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە مـــحـــەمـــەد ســـەعـــدوڵڵا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەنیسبەت هەفتەیەک زۆر کەمە و بەنیسبەت لیژنەی خزمەت گوزاریی ئێستا سێ وەزارەتی هەیە شارەوانی و پیشەسازی و رێگاوبان و جگە لە گەشەپێدان، چۆن چوار وەزارەت دەتوانن بە یەک هەفتە ئیشەکانیان بکەن ؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

جـا ئێـمـە بە هەفـتـەیەک دیاری دەکـەین، ئەگـەر زیاتریشی ویست ئەو کـاتە لیـژنەکـە داوای درێژکـردنەوەی مـاوەکە بکات و، پەیوەندیی بە دەسـتـەی سـەرۆکـایەتی بکات، کێ رازیە لەسـەر پێشـنیـارەکە با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کـەس، کـەواتە بەگـشـتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

دەربارەی یاسـاکانی وەزارەت، لە ٦/٤ تاکو ئێـسـتـا حکومـەت دانەمەزراوە و هیچ وەزارەتێک یاسای نییە، جا پێشنیارەکە ئەوەیە پەلەی لێ بکرێ و ماوەی (١٠) رۆژ دانراوە بۆ ئەوەی بگات بەدەستەی سەرۆکایەتی ولیژنەی تایبەتی.

**بەڕێز فـــــرەنـــــســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

وەزارەتەکان خۆیان ئامادەی دەکەن، یا لیژنەیەک پێک دێ، کێ بەم کارە هەڵدەستێ؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئیشی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانە و هەریەکە لە ڕێگای وەزارەتی خۆیەوە یاسای خۆی ئامادە دەکات و، هەر وەزارەتێکیش پێی ناکرێ با ڕێگا بە ئەنجومەنی وەزیران بدات بۆیانی ئامادە بکەن، ئەگەر هەرپێیان نەکرا با ئاگاداری ئەنجومەنی نیشتمانی بکات بۆ ئەوەی ئێمە تەکلیف لە لیژنەی یاسا بکەین، ئەگەر رازی دەبن لەسەر ئەم پێشنیارە بۆ ئەوەی بچەسپێت و بیکەین بە بڕیارێک، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەس نییە، کەواتە بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

مادەی (١٨) مان هەیە لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران، کە پەیوەندیی بە دیاری کردنی یارمەتی وەزیرەکانەوە هەیە، پێشنیارەکە ئەوەی کە هەموار بکرێ و، یاخود چارەسەر بکرێ و بە بەتاڵی نەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت یاسای ئەنجومەنی وەزیران ئومێد دەکەین لە ماوەی ئەم(٤،٣) ڕۆژەی داهاتووە دا ئامادە بکرێ و، ڕۆژی چوارشەمەش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا باسی لێ دەکەین ئیتر دوای ئەوە پێشکەشی دەکەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەویش بەپێی ئوسوڵی ڕەوانەی لیژنەی تایبەتی بکات، ئەوجا دەکرێ ئەو هەموار کردنە و یارمەتی وەزیرە بەڕێزەکان پێکەوە ئەو بۆشاییەی کە هەیە بەیەکجار پڕبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەم هی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، کە داوای دواخستنی دەکات، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دوای خەین با دەست بەرزبکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەس، کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، واتا دوای دەخەین.

خاڵی چوارەم: پرسیارێک هەیە دەڵێ (تفرغ) واتا چی بۆ ئەندامی پەرلەمان؟، چونکە لە یاسادا گوتراوە کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەبێت (متفرغ) بێت، پێشنیارەکەش ئەوەیە کە لیژنەی یاسا پرۆژەیەک دەربارەی ئەم مەوزوعەوە گەڵاڵە بکات وبیخاتە بەردەم پەرلەمان، ئەگەر چی رایەکی تر نییە با ئەویش وەکو پێشنیارێک تۆمار بکەین.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناکۆکی لە نێوان یاسا و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هەیە، یاساکە دەڵێ ئەندام دەبێ ڕۆژی سوێند خواردن ئیستقالە بکات، ئینجا ئێمە دەڵێین، یان یاساکە هەموار بکەن، یا پێڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەمە کێشەیەکە ولەم کۆبوونەوەیە باس کراوە و دەبێ بڕیارێکی لەسەر بدەن، جا بڕیارەکە ئەوەیە کە لیژنەی یاسا تەماشایەکی ئەم بابەتە بکاو پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکات، لە زمنی ئەویش بڕیارێکی لەسەر بدەن، ئەگەر ڕازین لەسەری با بیکەین بە بڕیارێک.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای نیشتمانی (قانون وطني)کەموکوڕی تێدا هەیە کە پێویستی بەگۆڕین هەیە، با ئەمە بە یەکجاری بکرێ، و لەبارەی (تفروغ)ی ئەندامان لە پەرلەماندا مانای ئەوەیە کە بەتاڵ بێتو هیچ ئیشی نەبێ و، لاریمان نییە ئەگەر دەیکەنە پێشنیار ئێمە هەموار ی دەکەین (يعتبر مستقيلا) بگۆڕێت، یا پێشنیارەکانی تریش ئەوەی هەمواری ئیدارییە بە یەکەوە بگۆڕین وپەرلەمان چ بڕیارێک دەدات ئێمەش لەگەڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە دەربارەی مەسەلەی (تفروغ)ە بەتەنها، جا باشتر وایە کە پێشنیارەکە دراسەت بکەن وپرۆژەیەک ئامادەکەن لەوم و دەوە پاشان ئێمە ئەیدەینە ئەنجومەن تاوەکو بڕیاری لەسەر بدات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی یاساکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئەندامی پەرلەمان (متفرغ)ە، بۆیە لێی داوا دەکەین دەبێ ئیستقالە بکات، ئێستا (تفرغ) ماناکەی دیارە چییە، یانی هیچ ئیشێ ناکات تەنیا وەزیر نەبێ کە لە پایەکەی خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە پرۆژەیەک ئامادە بکەن لە لیژنەی یاسا، چونکە هەندێ پێشنیار هەیە کە دەبێ هەموار بکرێ و دیراسەتی بکەن وبیدەن بە ئێمە تاوەکو بڕیاری لەسەر بدەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژە تازەکەی ناو یاساکە زۆر ڕوونە و مانای ئەوەیە کە ئەندامی پەرلەمان هیچ ئیشوکاری نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی لەگەڵ لیژنەی یاسادا باسمان لە هەندێ حاڵەت کرد وەکو مامۆستایانی زانکۆ و پزیشکەکان وئەو بەڕێزانەی کە کادیری پێشکەوتوی حزبەکانن، بۆ ئەوەی(تفروغ)یان پێنەکرێ، با ئەو لیژنە پێشنیار کراوە لە هەموو ئەو حاڵەتانە بکۆڵێتەوە کە بۆ (تفرغ) دەشێن،

یا ناشێن، با لێرە نەچینە نێو تەفاسیلەوە، با لیژنەکە هەموو شتەکان ساغ بکاتەوە..ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە..کێ رازیە با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە وئەنجوومەن بەگشتی دەنگ بڕیارەکەی پەسەند کرد.
ئێستا ماوەتەوە ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ پەلە لە دانانی وەزیری داد و، دانانی دەزگای(تمییز)دا بکرێ؟ یا با ئەندامێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ئەو کارە تەکلیف بکرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێک ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە ئایا چ کۆسپ هەیە لەسەر رێگای دیاری کردنی وزیری داد کەوا تا ئێستا دانەنراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرەتاوە کاتێ کە ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرا پێشنیارەکە وابوو کە لایەنێکی تری سیاسی بەشداری بکات لە ئەنجوومەنی وەزیران وئەو لایەنە وەزارەتی دادی هەڵبژارد بۆیە وەزارەتی داد دوا کەوت، چونکە ئەو لە سەرەتادا وابوو کە پاڵێوراوێکی تایبەتی خۆی هەبێ، دوای ئەوە پاڵێوراوی خۆی هێنا هەندێ ناکۆکی هاتە پێش ناکۆکیەکە لەوە بوو کە ئەو کەسە پسپۆڕیەکەی لەگەڵ وەزارەتەکەدا نەدەگونجا بەتایبەتی لەناو دادوەرەکاندا بوو بە موشکیلەیەک قسەمان لەگەڵ کردنەوە کە یەکێکی پسپۆڕ دابنێن، چونکە وەزارەتی داد وەزارەتێکی گرنگە، ئەوەش دیسان کاتێکی تری خایاند تاوەڵامیان داینەوە وتیان جگە لەو کەسە ئێمە کەسی ترمان نیبە، خۆتان بیری لێ بکەنەوە دوای ئەوە پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێ لە دادوەرەکان کرد بۆ ئەوەی یەکێ دەسنیشان بکرێت کەشایستەی ئەو پلەیە بێت ولە هەمان کاتدا لەئەنجوومەنی نیشتمانیش پەسەند بێت لە ناو دادوەرەکانیشدا، ئەوەش لەبەر گرنگی ئەو وەزارەتەو گرنگی دادگا چەند پێشنیارێک هاتە پێش، یەکیان ئەوەبوو کە دەعوەتی دادوەرە دەرەجە یەک و دووەکان بکەین لەگەڵ دەعوەت کردنی دادوەرە خانەنیشینەکانی دەرەجە یەک، بەڵام ئەوەش لەسەر بیروبۆچوونی هەندێ دادوەرەکان وتیان ناکۆکیان بۆ دروست دەکات، ئەگەر بێتو ئێوە خۆتان لە ئەنجوومەنی وەزیران یەکێک دابنێن هەموو پابەندی دەبن، بەڵام ئەگەر مەسەلە هاتە سەر ئەوەی کێ لایان باشە؟!بە تەئکید هەموو رێک ناکەون لەسەری جا بۆیە مەسەلەی هەڵبژاردنی وەزیری داد بەراستی لەبەر ئەوە تا ئێستا ماوەتەوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسمان کرد وە لە دیتنی لایەلاش شتێکی وابکەین هەر لە ئەنجوومەنی وەزیران یەکێک بەکاتیی سەرپەرشتی وەزارەتی داد بکات وەدەزگاکانی بکەونە ئیش تا وەکو یەکێک هەڵدەبژێرین بۆ ئەو وەزارەتە و ئیشەکانی دوا نەکەوێ ئەمەش هۆیەکەی بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادامەوایە ئێوە بڕیارێکتان هەیە کە وەزارەتی داد تەسلیم بکەن بەیەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، ئەو پێشنیارەش بەو شێوەیەیە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی دایەوە، ئەمێنێتەوە ئەو خاڵەی کە دادگای (تمییز) پەلەی لێ بکرێت و دابمەزرێت، چونکە وابزانم دادگای (تمییز)مان نییە لە کوردستاندا، چونکە ئەوەش پێویستی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەیە کە بکرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەنگاوی دووەم دوای ئەوە کە وەزارەتی داد یەکێک لە ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی دەکات ئەوکاتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە دادگای (تمییز)ی دابنرێ، چونکە پێویستییەکی زۆر ئەمڕۆ لەکوردستان هەیە بە دادگای (تمییز)، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەکیلی وەزیرەکان، وەکیل وەزیری کشتوکاڵ دانەنراوە تا ئێستا هۆی چییە؟ وهەروەها وەکیل وەزیری تەندروستی کە پسپۆڕی نییە بەراستی داوا دەکەین کە ئەمەش روون بکرێتەوە هۆی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانانی بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و بریکاری وەزارەتی تەندروستیش ئەبێ دکتۆرێک بێت، چونکە وەزیری تەندروستی دکتۆر نییە، ئەمە دوو پێشنیارە بەیەکەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فئواد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، راستە وەکیلی وەزارەتی کشتوکاڵ دانەنراوە، بەڵام وا نییە کە ئیشوکاری لەسەر ئەوە پەکی کەوتبێ وەستا بێ، ئێستا یەکێک هەیە کە ئیشوکارەکانی وەزارەت بەڕێوە دەبات لە وەزارەتدا ئەویش لەوانەیە چەند رۆژێکی تر دابنرێت. سەبارەت بە وەزارەتی تەندروستیش راستە وەزیر پایەیەکی سیاسییە، وەکیلی وەزارەت پێویستە پسپۆڕیەکی تێدا هەبێ، بەڵام ئەوەمان ئاگا لێ بێ کە ئەوە وەزارەتە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتییە، یانی دوولایەنە لەبەر بارودۆخی تایبەتی کوردستان هەندێ لە وەزارەتەکان لێک دراون. پێشنیارێک هەیە هەندێک دەڵێن ئەو شوێنانە با دوو وەکیل وەزارەتی هەبێ، بەڵام بەراستی لەبەر بارودۆخی ئابووری کوردستان ئەوە زەحمەتە بکرێ، بەڵام بەنیسبەت دکتۆرەکان ئەوانیش ئیدارەی خۆیان هەیە سەرپەرشتی ئیشوکاریان دەکەن، وئیشەکانیان بەپێی ئسوڵی دەڕوات هیچ کێشەیەکیان نەهاتۆتە پێش، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکانی کاک د.خەسرەو دەکەم وهەر چەندە ئێمە بە رایەکەی کاک د.فوئاد رازین کە کاروباری کۆمەلایەتی هی وەزیر بوایە، چونکە دکتۆر نییە،سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادگای.(تمییز) نابێ وا دابنرێ، ئێمە پێویستمان بە یاسایی دامەزراندنی فەرمانبەر هەیە،پیادا چوونەوەیەک لە هەیکەلی قەزایی پێویستە، چونکە هەندێ دادگا لابراوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەبێ وەزارەتی داد بیکا، بەمەش خالی (٥)نیوەی وەلام درایەوە، ئەوەشی ماوەتەوە دەمێنێ هەتاکو وەزارەتی داد دادەمەزرێ و وەزیری داد دادەندرێ بۆ ئەوەی لە ڕێگای خۆیەوە دەسنیشانی بکات، بەلام پرسیار لە کاک د.فوئاد و برادەرانی لیژنەی یاسا دەکەین ئایا پێویستە ئێستا بڕیارێک وەربگرین بۆ دامەزراندنی دادگای (تمییز) یان نا؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ ئەمە لە ماوەی هەفتەیەکدا بێت ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران وەکالەتی دانا وئێمەش هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتی دادمان هەیە جا ئەو کاتە پێشکەشی دەکەین بە وەکیل وەزیر ، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دادگای (تمییز) ئەوە دیارە زۆر پێویستە وئیشێکی زۆر لەسەری دوا کەوتووە ئێمە هەوڵ دەدەین لەو چەند ڕۆژە داهاتوودا رای دادوەرەکان وەربگرین، رەنگە بۆ دادگای (تمییز) چ کێشەیەکی وامان نەبەتە پێش و، دەکرێ ناوەکان لە نێوان خۆماندا باس بکەین ولە ئەنجوومەنی وەزیران دوایی ئەوە بهێنین بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێ لەماوەی یەک هەفتەدا بریکاری وەزارەتی داد دەسنیشان بکرێ..کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە با دەست بەرز بکاتەوە، کەواتە بە تێکرای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

خالی (٦) داوا دەکرێ هەیکەلی دائیرەکان هەر لە باریزگاوە تاکو قائمقام ومدیر ناحیە و، هەیکەلی ئیداری کوردستان پەلەی لێ بکرێ کە دەبێ لەماوەی دوو هەفتەدا ئەنجام بدرێ، چونکە ئەوە دوو مانگ زیاترە ئێمە تا ئێستاکە هەیکەلی ئیداریی کوردستانمان نەچەسپاندووە بۆ

ئەوی بیکەینە بڕیارێک، کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەیە با دەست بەرزبکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە..
کێ دژە؟ کەس نیبە، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
دێینە سەر خاڵی (٧) پرسیارەکە ئەوەیە کەی خانووەکانی هەردوو ئەنجوومەن چۆڵ دەکرێن؟
ئەوەی ئێمە ئاگادارین نووسراو کراوە بۆ هەموو ئەوانەی لەو خانووانەدان وابزانم (٢٥) یان
(٢٦)ی مانگ ئەبێ چۆڵ بکرێن .

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەمە دەبێت بخرێتە شتی عەمەلیەوە بە رای من لیژنەیەک دابنرێ لە حکومەتدا سەرژمێری بکات بزانین ئەو خانووانە کێی تێدایە؟ چونکە هەندێک لەو خانووانە فەرمانبەری تێدایە ئەوانیش لەپێشا وەریان گرتووە ئێستاش ئەو فەرمانبەرانە دەربکرێن لەوانەیە کێشەی لێ دروست بێت، بەڵام هەندێ خانوو هەیە کە خەڵکێک چووەتە ناوی کە نە بەڕێوەبەرن ونە فەرمانبەرن یانی یەکێک بچێ بزانی ئەو خانووانە کێی تێدایە؟ ناوەکانیان بنووسێ وئەو لیژنەیە سەرژمێرییەک بکات ئەوکەسانە لەسەر چ حزبێک هاتوونەتە ناو ئەو خانووانە و چۆڵی بکەن، ئەوانەی ئەمێنێتەوە کە فەرمانبەری تێدایە حکومەت با بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەنیسبەت ئەم خانووانە جەرد کراوە لیستەکە ئامادەیە لەسەر ئەو ئەساسە ئاگادار کراون کەوا دەبێ تا رۆژی ٨/٢١ ی ئەم مانگە چۆڵی بکەن، سوپاس.
**بەڕێز عەبدوڵلارەسول عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێستا نەک بڵێین تەنها برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی تێدایە، پێموایە هی حزبەکانی تریش تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەنیسبەت ئەم مەوزوعە بانووسراوێک ئاراستەی پارتەکان بکرێ و دەسنیشان بکرێ کە هەر حزبەی لە رێگای خۆیەوە ئەو خەڵکانە ئاگادار بکەن و، خانووەکان چۆڵ بکەن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەڕێز د. رۆژ ئەم پێشنیارەی کرد ئایا بیکەین بە بڕیارێک یا نە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو پێشنیار ئەو پێشنیارانە وەربگرین ودەست بکرێ بەچۆڵ کردنی ئەوخانووانە کەلەلایەن حزبەکانەوە داگیر کراون، پێویستە ئیجرائاتی تر وەربگیردرێ، بەنیسبەت ئەو خانووانەی کە لەلایەن خەڵکی ترەوە وەرگیراوە وەک فەرمانبەرەکان دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە ئایا حەقی هەیە بمێنێتەوە تیادا یا نە؟ بەڵام ئەوی کە ئێستا زۆر پەلەیە هی ئەنجوومەنی وەزیران وپەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ژمارەیان(١٠٦) خانووە و پەیوەندییان بە هەردوو ئەنجوومەنەوە هەیە، زۆرتریش سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانن.

**بەڕێز عەبدولڵا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم (١٠٥)خانووە کە یەکێکی تەملیک کراوە، ماوەتەوە (١٠٤)خانوو لەو خانووانە (٣٥)خانوو تەرخان کراوە بۆ ئەنجوومەنی تەنفیزی وتەشریعی لەبەر گرنگی ئەو دوو دەزگایە، (٦٩)خانووش دراوە بە فەرمانبەرانی ئەم دوو دەزگایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی ئەنجوومەنی تەشریعی زۆر پێویستیمان بەم خانووانە نەبوو، بەڵام ئێستا ئێمە پێویستییەکی زۆمان بەو خانووانەیە و پێشنیارەکەمان روونە و دەبێ ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن.

**بەڕێز عەبدولڵا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەوخانووانە بکرێت بە موڵکی حکومەتی کوردستان، یان بدرێتە دەزگای شەهیدان، وەبریارێک بدرێت کە ئەو خانووانە معامەلەیان لەسەر نەکرێ، وئەوەی معامەلەشی لەسەر کراوە هەڵوەشێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بریار بدرێت هەموو معامەلەیەک لەکار بخرێ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربارەی ئەوخانووانە، هەروەها پرۆژەیەک ئامادە بکرێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خانووانەدا.

**بەڕێز عەبدولڵا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم ئەم معامەلاتانە هەمووی هەڵبوەشێتەوە کە دوای راپەرین کراوە، چونکە هەندێ معامەلە کراوە خۆیان لێرە نەبوونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا لەم پڕۆژەیە بکۆڵێتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک لەو معامەلاتانە بەروارەکەی دیاری کراوە کە لە راپەڕینەوەیە، بەلآم وا نییە و لە لایەن چەند لێپراسراوێکەوە ئەمە کراوە دەبێ لێپرسینەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا ئیبراهیم عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم باخچەو زەویەکانیش بگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتمان ممتەلەکاتی عام دەگرێتەوە، پاشان برادەرانی یاسا بۆمان دائەرێژن.

**بەڕێزمحەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی لە دەزگای ئاسایشی رژێم کاریان کردووە ناوەکانیان بخرێتە لیستی رەشەوە، ناوەکانیان بلآو بکرێتەوە بەسەر دائیرەی تاپۆ و ئەملاک وپارێزگا بۆ ئەوەی بتوانرێ مولکومالیان دەستی بەسەردا بگیرێ ومعامەلاتیان بۆ نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو قۆناغە ، هەلوەشاندنەوەی ئەو معامەلاتانەی پاش راپەڕین کراون ولە کار خستنیان و، دانانی پڕۆژەیەک لەلایەن لیژنەی یاساوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با تەرکیز لە سەر بڕیاری (٥٣)خێرا بکەن، چونکە ئەوانەی رەفیق حزبی بوون، یا ئەمن بوون، یا ئەفسەر بوون وکاربەدەستی رژێم بوون بە هۆی ئەو بڕیارە زەویان وەرگرت وبەتایبەتی هەندێکیان زەوی تجاریان وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا با وەکو (مبدأ) بیچەسپێنین، کێ تێبینی لەسەر ئەم مەبدەئە هەیە؟ هەلوەشاندنەوەی هەرچی موعامەلەیەک کە کراوە لە پاش راپەڕین لە بارەی مومتەلەکاتی ئەو جۆرە کەسانەوە لەگەلّ تەجمید کردنی هەموو ئیجرائاتیک تا ئەو پڕۆژەیە ئامادە ئەکرێ.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لەگەڵ دەرچوونی ئەو بڕیارە بڕیارێکی تریش دەرکرێت بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی رژێم ماڵوملکیانی داگیر کردووە، بۆیان بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لەبەر زۆری بابەتەکان وهەمە جۆرییان لیژنەی یاسا پڕۆژەیەک دابنێ بۆ ئەو بابەتانە، ئەوجا دەنگی لەسەر بدرێت لە ئەنجوومەن، بۆ ئەوی بکرێت بە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەت کردنەوەی هەر ئیجرائاتێک کراوە پاش راپەڕین وئەو معامەلاتانە لەکار بخرێن کە لەلایەن حکومەتەوە کراون ولیژنەی یاسا پڕۆژەیەک ئامادە بکات کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم جۆرە موعامەلاتانەدا بکرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو خانووانەی کە موعامەلاتیان تەواو بووە و، بەنیسبەت ئەوانەیشەوە دەقێکی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی ئەو موعامەلاتانە لەکار بخرێت وفرۆشتن ورەهنی لەسەر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەم مومتەلەکاتانە خەتی تەلەفۆنیش بگرێتەوە کە لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری رژێمەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پڕۆژەیەک ئامادە بکرێت، هەر وەزارەتێک بە وردی هەموو داواکارییەکانی خۆی بخاتە روو، ئەگەر تێبینی ترمان نییە بابیکەین بەبڕیار.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاکو خانووەکان دیاری دەکرێ وەکالات هەمووی قەدەغە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەجمید هەموو شتێک دەگرێتەوە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیرکاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم هەندێک کەس هەن کە لەسەر حیسابی میللەت بوون بەخاوەن موڵکوماڵ وتا

ئێستاش هەر لێرەن بە شێوەیەکی تایبەتی بڕیارێک دەرچێت لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی، یان ئەنجوومەنی وەزیران مولکەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم لەسەر قسەکەی بەڕێز د.ئیدریس هەیە، لەسەر ئەو خانوو وتەلەفۆنانە کە دراوە بەخەڵکی تێکۆشەر، بەڵام با پیاداچوونەوەیەک بکەن لەسەر ئەو تەلەفۆنانەی کە خەڵکی وا وەری گرتووە وشایەستەی نییە، ئەمە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو خانووانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە لێرە ماونەتەوە، ئەوانە بەپێی لێ بووردنی گشتی ئێستا تەواوی مافیان هەیە، ئەمە شتێکی روونە، ئەگەر هیچ روون کردنەوەیەکی تر نییە با بیکەین بە بڕیار، کێی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە ؟ کەس نییە ، کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو مۆڵەتی چەکانەی کە لەلایەن حزبەکانەوە دراون هەمووی هەڵبوەشێتەوە، لەلایەن حکومەتەوە بڕیارێک دەربچێت کە تەنیا ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێ ئەو جۆرە مۆڵەتانە بدات بە خەڵک، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک پێشنیارم هەیە بۆتانی دەخوێنمەوە:

١ـ ئاورێک لە گوزەرانی ئابووری خەڵک بدرێتەوە.

٢ـ کێشەی ئاوارە چارەسەر بکرێت.

٣ـ باری ئاسایشی خەڵک چاک بکرێت.

٤ـ هەڵ گرتنی، یان کەم کردنەوەی گومرک لەسەر سوتەمەنی وخواردەمەنی.

٥ـ دابین کردنی سوتەمەنی بۆ خەڵک.

٦ـ کەم کردنەوەی بازگەکان.

٧ـ بایەخدان بەکارگەکانمان.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لە ٨٠٪ بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگ لە ژێر

دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا چارەسەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیـم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

ئەمانەی کە باسمان کرد هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هێزی پێشمەرگە هەرچی نانیزامی ونا قانوونی دەکرێ مەسەلەکە پێشمەرگەیە ئەگەر ناتوانین هێزەکانمان بکەین بە یەک ئێمە وەکو پارتی و یەکێتی با یەک هێز دروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئـەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

پێشنیار دەکەم بۆ چارەسەرکردنی نەهێشتنی دیاردەی چەکداری کە دێهاتەکان ئاوەدان بکرێتەوە، چونکە کەسانێکی زۆر کە ئیمڕۆ چەک هەڵدەگرن لە بێ ئیشیانە و دێهاتەکانمان ژێر خانی ئابووری وڵاتەکەمانە، هەروەها ئێمە پێویستمان بە پاوان کردنی هەندێ چالاکی ئابووری هەیە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بکەوێتە سەر کار، سوپاس.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

زۆری دانیشتنەکەمان بە لێکۆڵینەوەی لابەلا ئەکوژێن زۆر مەسەلەی گرنگ هەیە، کێ بەرپرسە لە پ.د.ک و ی.ن.ک؟ دوای هەڵبژاردن لایەنەکانی تر رەنگە لە ژێر باری ئەم بەرپرسیاریەتییە دەرچووبن. هەردوولامان بەرپرسیاربن لەو مەسەلەیە مەسەلەکەش پەیوەندیی هەیە بە هێزی پێشمەرگە لەلایەک ومەسەلەی چەکدار لەلایەک، پێشمەرگە جیایە و چەکداریش جیایە ومن زۆر بە روونی قسە دەکەم هەرچی خەڵکانی مستەشارو ئامر فەوج وئیستخبارات وکە لەشکرمان بەدستیانەوەیە ئەوانەمان جێگا کردۆتەوە مەقەڕیان بۆ ئەکەینەوە، ئازووقەیان ئەدەینێ کردوومانن بە حاکمی ئەم میللەتە هەر ئەوان دزی دەکەن جەردەیی دەکەن ومیللەتەکەمان تالان دەکەن، بوون بە دەسەڵاتی سیاسی ئەمە والێک دەدەینەوە بنکەکە هی ئێمەیە دەنگ بۆ ئێمە ئەدا چارەسەری ئەم مەسەلەیە نەکەین هەردوولامان بەجدی چارەیەکی نەکەین مەسەلەکان لە دەست ئێمە دەردەچێ ولە دەست ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێ ولە دەستی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەردەچێ و دوژمن سوودی لی وەردەگرێ ، دەبێ رادەیەکیان بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـــــەبدوڵڵارەســـــول عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەنجوومەنی نیشتمانی بریارێک وەربگرێت بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تیایدا ژمارەیان دیاری بکرێت و دیاری بکرێت لە ماوەی ئەوەندە رۆژدا دەبێ ئەم کارە ئەنجام بدرێت، لە ماوەی مانگێک، یان دوومانگ دیاری بکرێت ئەو کاتە فرە لەشکری نامێنێ وبەرەی کوردستانی مەجبورە پابەندیی ئەم بریارە بێت و بازگەکانیش نامێنێ

ودیاردەی چەکداری نامێنێ ئەگەر پێشمەرگە یەک نەخرێت هیچ شتێک چارەسەر ناکرێت، یانی ئەو فرسەتەی بۆ کوردستان و بۆکوردیش هاتۆتە پێشەوە لە دەست دەچێ لەوانەیە ماوەیەکی زۆری پێ نەچێت شۆڕشێکی تری بوێت ئەمە ماندووبوونی زۆری دەوێ تاکو شتەکە دەگەڕێتەوە، ئینجا بڕیار بدرێت چ حزبێک پابەندی نەبوو ئەو بەرپرسە و رووبەڕووی جەماوەر دەکرێتەوە، جاران خەڵک هەر ئاواتی بوو بمان بینێ، ئێستا بێزێ لێمان دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی تێکەڵوپێکەڵە لەوانەیە ئێستا مەفرەزەی ئیستخبارات دێتە ناوشار و دەگەڕێ شت دەکا، دەڵێ من پێشمەرگەی فلانە کەسم، بازگە شت دەپەڕێنێتەوە دەڵێ من سەر بەفلانە کەسم و، دوژمنەکەمان زۆر لێمان نزیکە ودەیەوێ سومعەمان بشکێنێ، دەیەوێ باوەڕی جەماوەر بەسەرکردەکان نەیەڵێ، بارودۆخەکە ئاڵۆز بکا، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر جدی بین ولێرە بڕیار بدەین چ حزبێک جێبەجێی نەکرد، من ئێستا وەکو پێشمەرگە وەکو کوردێکی دڵسۆز حەزم دەکرد هەموو حزبەکانی کوردستان لەناو پەرلەماندا بوایە و، ئیشی حزبەکان لە پەرلەماندا بوایە، سەرۆکی پەرلەمان کاک مەسعود بوایە و مام جەلال سەرۆکی وەزیران بوایە ئەو کاتە لیژنەش نەمابا لەسەر رابەر وهەموو قورسایی خەڵک بخرابایەتە سەر حکومەت، ئەو پەرلەمانە بۆ ئەوەی موەفق بێ دەبێ وەکو بەرەی کوردستانی لێ بکەین وکارگێڕی لێ بکەین بە راستی ئێمە جارێکی تر نایەینەوە سەرمایەی خۆمان ئەوە کارگێڕی نییە، ئێستا ئێمە ساڵێک پڕوپاگەندەمان بۆ کرد کە پەرلەمان هەڵ بژاردنێکی دیموکراتی، تاقی کردنەوەیەکی دیموکراتیە لە رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا ، مانای فەشەل یانی هەموومان پێکەوە تێ دەچین، ئەوە نییە فلان حزبی لێی دەرباز دەبێ، فلان کەس دەرباز دەبێ، لێرە با بڕیاری لێ بدەین پێشمەرگە دیاری بکەین ومواسەفاتی پێشمەرگە دانێین وئەوخەڵکەش کە شارەزبیان هەیە لەپێشمەرگایەتی لە عەسکەری ئەوانە بکرێت بە لێپرساوی پێشمەرگە و دووربخرێنەوە لەشارەکان، باشترین رێگەیە هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات چ ئابووری چ ئاسایش، بەڵام بەو رێگەیە ئەم مانگە تادوومانگی تر حکومەت بەرەوە خراپی دەڕوات وخەڵکیش باوەڕی پێ نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من مەسەلەی چارەسەرکردنی دیاردەی چەکداری لە دەستی خۆمان دایە، ئەگەر حزبەکان بیانەوێت چارەسەری دەکەن وهێزی پێشمەرگەیەک دەخەن، سوپاس.

**بەڕێزعەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە بە زووترین کات فریای پۆلیس وئیدارات بکەون، هەروەها هەیکەلی ئیداری پۆلیس و پەلە بکرێ لە دروست کردنیدا، چونکە بە رای من کە ئەمە تاکە رێگەی چارەسەر کردنی کێشەکانی ئێمەیە، بەڵام بەنیسبەت دەنگ دانەوەی دروست بوونی پەرلەمان وحکومەت لە

ناو خەڵکدا، بەشێکی زۆر لە خەڵکەکە رای وایە کاتی بەری کوردستانی باشتر بووە تاوەکو ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم کەوا هێزی پێشمەرگە یەک بخرێ، واتا بڕیارێکی بە پەلە بدرێت بۆ یەک بوونی هێزی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوار رۆژ لەمەو پێش وەزیری پێشمەرگە بەیانێکی دەرکردووە و لەتەلەفزیۆن بڵاوی کردۆتەوە کە لە شارو شارۆچکەکاندا پێشمەرگە نەمێنێ، من پرسیار دەکەم لە وەزیرەکان ،یا لەسەرکردە ساسیەکان ئێستا (٣) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لێرەن، (٢)ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لێرەن ئەمانە چیبیان کردووە ئەو بەیانە کە دەرچووە بۆ جێبەجێ نەکراوە؟ وبڕیار لە ئەنجومەن دەرچوو لەگوندەکان هیچ نەکراوە هەندێک بەزەییتان بەم میللەتدا بێت، ئەم حزبایەتییە تەسکە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە لە کۆبوونەوەکانی تردا بەتێرو تەسەلی باسی لێوەکراوە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆچوونی خۆی پیشان داو هەنگاوەکانی حکومەت بۆ ئەم کارە دەسنیشان کراوە، بڕیارێکمان هەیە کە لیژنەیەک لەلایەنەکانی تری دەرەوەی پەرلەمانیش بەشدارییان کردووە لەو کۆبوونەوەیەدا وتا ئێستاش بەردەوامن وبا رێگە بدەینە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ روون کردنەوەی دوا شت کە کراوە وچی چاوەڕوان دەکا لەم رووەوە و با بزانین وەزارەتی کاروباری ناوخۆ چی بەدەستەوەیە و دوا بڕیاری چییە؟ ئەگەر پاش ئەوە تێبینییەک نەبوو ئەوا ئەگەڕێینەوە بۆ هەمان خاڵ، هێزی پێشمەرگە ئەبێ یەک بخرێ و ئەو کەموکوڕیش نابێ بمێنێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ ئێمە لەکوردستاندا لە حاڵەتێک داین، کە زۆرلەو کێشانەی ئەمڕۆ برادەران دەسنیشانیان کرد، هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوە وهەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوە، ئەوەی کە پەیوەندیی بە دەرەوە هەیە ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە کە هەندێ وڵات هەن مومکینە حەز ئەکەن ئەو تاقی کردنەوە دیموکراتییەی کە لە کوردستاندا هەیە سەرنەکەوێ و کێشەی جۆراوجۆرمان بۆ دەخوڵقێنن و زۆر کێشە دێتە پێشمان هەندێکیان بێگومان لە دەسەڵاتی خۆمان دایە [illegible] چارەسەری بکەین ومەبەستی منیش ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانییە و هێزە ساسییەکانی کوردستانە، بەڵام هەندێکی لە دەست خۆماندا نییە پێویستی بە هەوڵدان هەیە بۆ

ئەوەی بتوانین بەسەری دا زاڵ بین، ئەو کێشانەیە کە کەوتوونە پێشمان پەیوەندیی بە خۆمانەوە هەیە، ئەمڕۆ باسی چەند شتێک کرا، باسی سووتەمەنی کرا، باسی دیاردەی چەکداری کرا، باسی مەسەلەی ئیدارات و نەبوونی پۆلیس کرا، بەنیسبەت سووتەمەنییەو رۆژی ٨/٤ یاداشتێکمان ناردووە بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش و بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن لێرەدا باسی ئەوە کرا کە حکومەتی عێراق وازی لە ئیلتیزاماتی خۆی هێناوە کە کاتی خۆی دابووی بە لیژنەی هەماهەنگی عەسکەری(m.c.c)کە لەکوردستاندا کشایەوە، بەڵام ئیلتیزامی هەیە بەوەی کە سووتەمەنی و داوودەرمان و خواردەمەنی ئەوانە هەمووی بنێرێ بۆ کوردستان ئێستا نیسبەتەکەی زۆر کەم کردۆتەوە و بەونیسبەیەی هەندێ شت بەتەواوی وەستاوە داوای تەدەخولمان کردووە ئێستا دوێنێ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا، بۆ مەسەلەی سووتەمەنی، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە یاداشتێک بنێردرێ دیسان بۆ هەمان شوێن ودوو وەزیری بەڕێز کە کاک ئەمین مەولود و کاک محەمەد تۆفیق رەحیم دەسنیشان کران بچن دانیشن لەگەڵ لیژنەی هەماهەنگی و ئەو یاداشتنامەییان لە رێگای ئەوانەوە بنێردرێ ونوسخەیەکیان پێبدرێ وداوای چەند شتێکمان کردووە لێیان، داوامان کردووە کە فشار بخەرێتە سەر رژێمی عێراقی بۆ ئەوەی کە ئەو کەمیەتەی کە پێویستمانە لە سووتەمەنی بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان بینێرن بۆ کوردستان، یا ئەوەتانێ ئەوان بۆمان بکڕن بەو پارەیەی کە هەیە (مەبەستی اموال مجمدەی عێراقە لەدەرەوە)، یان بێن لەکەرکووک ئەو نەوتە بە بەرهەم بهێنن خۆیان بە سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشی پێویستییەکانی لێ بدرێ و ئەوی تریشی ساغ بکرێتەوە بەشێکی لەو پارەیەی کە هەیە دابنرێ و تەرخان بکرێ بۆکوردستان بۆ ئەوەی چیتر پێویستی بەدەرەوە نەبێ ودەست درێژ نەکەین بۆ رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان، هەروەها لە هەندێ بەشی کوردستانیشەوە لە هەندێ ناوچەی کوردستانیشەوە بیری نەوت هەیە، دەتوانن ئەوان یارمەتیمان بدەن، بەڵام ئەو پێویستی بەکاتە، هەردووکیان سبەی دەچنە زاخۆ بۆ ئەو مەبەستە.

بەنیسبەت باری ئیداراتی کوردستان ئەویش ئێستا خەریکین هەوڵی بۆ ئەدەین وئومێدەوارین لەوماوەی کە بڕیارتان لێ دا بەشێک لەو ئیشوکارانە تەواو بکرێ، بەڵام کێشەی هەرەسەرەکی ناوخۆمان ئەوەیە مەسەلەی دیاردەی چەکداری وئەو خەڵکەیە کە هەمووی خۆی ناونووس کردووە بەپێشمەرگە، بێگومان ئەو پرۆژەی کە هەیە ئەگەر بێتو هەوڵ بدەین ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بێت، ئەوە بەشی زۆری ئەم موشکیلانە چارەسەر دەکات،من پێشنیار دەکەم لەم رووەوە با کاک د. رۆژ بە درێژی قسەی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک، وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم ئەکرد هەموو پرسیارەکان بکرایە تا دوایی بۆ ئەوەی بتوانم رای خۆم لەو بارەیەوە دەربڕم،

چونکە هەندێ بابەت نامەوێ دووبارە بێتەوە، هەندێ بابەتی دیاری کراو هەیە لەوانەیە پێشکەشی بکەم لەبەر ئەوە چاوەڕوانی بەڕێزان دەکەم بۆ ئەوەی هەموو قسەکانیان تەواو بکەن، سوپاس.

**بەڕێزمەلامحەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی حزبەکان ڕێنومایی ئێمە دەکەن، ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەبێ ئەوە بکەین، پێشنیار دەکەم کە ڕۆژێک دابنرێت بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال هەردووکیان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران ولەگەڵ پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن و، بڕیارێک وەربگیرێت بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، بەڵام بڕیارەکە عەمەلی بێت، نەک هەر بەقسە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە هەموو پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکانی دونیاشدا هەروەها باوە کە ئەندامی پەرلەمان بەرگری لە سیاسەتی حزبەکەی بکات و، زۆریش ئاساییە کە هەوڵی جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئەو حزبە بدات کە نوێنەرایەتی دەکا ولە سەر لیستی ئەو خۆی هەڵبژاردووە، پەرلەمانی ئێمەش لەو رئسایە بەدەر نییە.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لێرە پەرلەمان تەنها بریتییە لە قسەو پێشنیار کە کاتێ ئێمە نەتوانین پێشمەرگە بکەین بە یەک چۆن دەتوانین حزبەکان بکەین بە یەک، با لێرە لیژنەی پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە هەموو ڕۆژێکی یەک شەممە کۆبوونەوەیەک بکەین ودیاری بکەین واتا ماوەیەک دیاری بکرێت کە بڕیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی تیا جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە هانی خەڵکی بدەین ڕێگایان بۆ خۆش بکەین بۆهێنانی سووتەمەنی لە وڵاتە دراوسێیەکانەوە و، ئەویش بەوەرنەگرتنی باج لێیان، هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بە ژینگە (المنظمات البيئيه)بکرێت، چونکە ژینگەی کوردستان لەتێکچوون دایە بەهۆی بڕینی دارەوە ئەویش لەبەر نەبوونی سووتەمەنییە، هەروەها هەوڵدان بۆ دەرهێنانی ئەو نەوت وخەڵوزەی کە لە کوردستاندا هەیە، وابزانم لەم بارەیەوە چەند تاقیکردنەوەیەکیش کراوە لە ناوچەکانی زاخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر پێشنیار کرا هەمووی بەجێ بوون، بەڵام دەبێ خەڵکی بزانێت کە ئێمە هاتووینەتە سەر وڵاتێکی وێران ولە سفرەوە دەستی پێدەکەین و، بابزانن کە ئێمە دەستمان کردووە بەشتێک و ڕانەوەستاوین بە ڕای من ئەو پێشنیارەی کەوا کراوە عەملی نییە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێمە و، تەنها ڕێگە چارەیەک هەر ئەوەیە کە فشار بخرێتە سەر ( un ) بۆ ئەوەی ئەویش لەلای خۆیەوە فشار بخاتە سەر ڕژێم بۆ ئەوەی ئەم ئابلۆقەیە لەسەر کوردستان لاببات، بەتایبەتی ئەوەی کەوا پەیوەندیی بە سووتەمەنییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەبێ زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن بکرێت، چ بە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە بێت چ بە ڕێگای ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت، هەریەک لەلای خۆی و لەناوچەی خۆیەوە کە چاوی خەڵک بکەنەوە لەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ و گومرکی، دەبێ خەڵک ئامۆژگاری بکرێن کە ڕێگە لەو دزو جەردانە بگرن کە پارە بۆ ڕێگای گومرک ئەبەن و، هەروەها بەنیسبەت خواردەمەنییەوە ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان ئاگاداریان کردینەوە کە لە کۆتایی مانگی (١٠)ئیتر چی دی خواردن ناهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی بڕیارێکی دیکەمان هەبووکە ڕادەیەک دابنرێ بۆ ئەو پارەیەی کە ئێستا ناویان ناوە مزەوەر، بەڵام لە بازاڕیشدا کاری پێ دەکرێ. نازانم لەو بارەیەوە چ تێبینیەک لەو بارەیەوە هەیە؟..فەرموون.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجام دا لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکان وهەندێ پسپۆڕی ئابووری لەکۆلیجی بەڕێوەبردن وئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین ولەگەڵ نوێنەری بازرگانەکان لە ئەنجام دا گەیشتینە ئەوەی کە بڕیارێک بدرێت ئەو پارەی کە پێی دەوترێ مزەوەر مامەڵەی پێ بکرێ ئەگەر ئەم سێ مەرجەی تیابوو:

١ـ فسفۆر. ٢ـ دار خورما. ٣ـ خەت.

هەروەها بەدائیرەکانی خۆشمان بڵێین کە ئەو پارانە هەمووی وەربگرن، وەک دائیرەی ئاوو کارەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گومرکەکانی حکومەتی هەرێم پارەی گومرک بە (٥٠)دیناری و(١٠)دیناری وەردەگرن، بەڵام لە بانکەکانەوە، کە پارە بۆ خەڵک خەرج دەکرێ، بە پارەی (مزەوەر) خەرجی دەکەن. پاکانەتان بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟!.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێکۆڵینەوەمان کرد لەوباسە، بەڵام راست نییە و راستی ئەوەیە کە ئەو پارەیەی بەو شێوەیە هاتووە، بەپارەی ئەسڵی کە پێی دەڵێن بەتانی و لە سەدا پەنجای ئەو (٢٥)یەی وپەنجاکەش بەشێوەکانی تر هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پارەیە کە پێی دەوترێ مزەوەر لە دائیرە رەسمیەکاندا وەری ناگرن، ئایا خەڵکی چۆن وەری بگرن وتەعامولی پێوە بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە سورانەوەی ئۆتۆمبیلی ئێرانی لە ناو بازاڕی شارەکانی کوردستاندا قەدەغە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با مزەکەرەیەک بەرز بکرێتەوە بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان و پەرلەمانەکانی ئەوروپا لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مانگی (٧)دا پەرلەمان موزەکەرەیەکی داوە بەو لایەنانە بە گشتی و، موزەکەرەیەکی تریش لە ٨/٤دا پێشکەش کراوە و، لەم رۆژانەشدا موزەکەرەیەکی تر بە دەستەوەیە کە تەلیمی لیژنەی تەنسیق بکەن لەگەڵ رژێمدا، لەسەر مەسەلەی سووتەمەنی.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو واجیباتانەی لەسەر شانمانە چارەسەرکردنی دیاردەی چەکدارییە، بازگەکان، گومرک، کوشتن

و کوشتارەکان، کە زۆر بڵاو بۆتەوە لەکوردستاندا. بۆ ئەم مەبەستانە شاراوە نییە هەم دیسان کە دەزگایەکی پۆلیسی بە هێزی پێویستە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەم شتانە بکات، من ئاماژە بە نووسراوەکەی پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی دەکەم کە لەم بەینەدا پێمان گەیشتووە ئەویش لێمان پرسیوون ئایا ئێوە چۆن ئەتوانن وابکەن کە پۆلیس بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات لەناحیەی ژمارەوە؟ وەڵامیان بەم شێوەیە کە دەڵێن: ئەم پۆلیسانە کە ئێستا وەرگیراون لە ڕیزی پۆلیسدا هەروەها بەپێی ئەو نووسراوەی کە داواتان کردووە لە حزبەکان کە ژمارەی پۆلیس زیاد بکرێ هەریەکی هەزار پێشمەرگەی بۆ بێت چ لە سلێمانی، یا لە هەولێر ئەو کاتە ئێمە دەتوانین وەکو پۆلیس هەموو ئەرکەکانی سەرشانمان جێبەجێ بکەین، بەنیسبەت ئەم سێ خاڵەوە کە لە نووسراوی پۆلیسی سلێمانییەوە هاتووە لە وەزارەتەوە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان تەعلیماتی تایبەتی دەرچووە بۆ ئەوەی ئەو ئەفسەرانە کە گەڕاونەتەوە، یان لەسەر کوردایەتی و لەسەر سیاسەت بەگشتی لە١٩٧٤ تائێستا دوورخراونەتەوە لەسلکی پۆلیس، خانەنشین کراون وکاروبار بەردەوامە هەندێکیان گەڕاونەتەوە، بەڵام لەم بارەوە زۆر مەسائیل هەیە کە تەگەرە ئەخاتە ئیشوکارمانەوە، تەگەرەکە لەوانەیە لەلایەن خۆمان بێت، یا لە وەزارەتەوە، یا لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت، یا ئەبێ هەندێ لە حزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان بێت وای دادەنێین بڕیارەکە تایبەتە بە ئەفسەرەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لە١٩٧٤ هەرچەندە بڕیاری پەرلەمان روون بووە کە ئەم بڕیارە لەراستیدا بۆ هەموو ئەوانە بووە کە لەسەر سیاسەت دوور خراونەتەوە، یا بۆ نموونە وا بڵاوی دەکەنەوە کەتەنیا داوا لەپارتی و یەکێتی کراوە کە پێشمەرگە بنێرن، بەڵام بەتایبەتی ئاراستەی یەکێتی وپارتی کراوە، چونکە ئەوان گەورەترین هێزن لەکوردستاندا وتوانای ئەوەیان هەیە کە ئەو ژمارەمان بۆ بنێرن بەنیسبەتێکی زۆر و بەپەلە کە پێویستمان پێیەتی، جگە لەوەش شاراوە نییە کە ئێمە داوامان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگەی گومرگ تەئمین بکەین ئەو راوو رووتەی کە لەسەر جادەکان دەکرێ نەمێنێ وبتوانین لە حاڵەتی پێویستدا دەست بوەشێنین، پێویستمان بە هێزێک هەبوو باوەڕ دەکەم باسم کردووە لەپەرلەماندا کە ئەو هێزەمان داوا کردووە بە شێوەیەکی باشتر لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان کە بەنیسبەی هەولێرەوە(١٠٠٠) پێشمەرگەیەو سلێمانی (١٠٠٠)،بەنیسبەت دهۆکەوە(٥٠٠)و، هەروەها کەرکوکیش (٥٠٠) و هەمووی بەچەکەوە بنێرن، بەڵام بەداخەوا تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، تەنیا وەڵامیم لەیەک لایەنەوە بۆ هاتووە کە لە هەر یەک لەم پارێزگایانە هێزێکیان بۆ دیاری کردووین طەبیعی ئەمە هەر لایەنێکەو لایەنەکی تر تا ئێستاهیچی بۆ نەکردووین، بۆیە لەوانەیە بەو هێزەی ئەو لایەنە تەرخانی کردووە ئەگەر لایەنەکەی تر هێزمان بۆ نەنێرن مەجبورین دەست بەئیش بکەین، ئێمە حزبەکانمان هەموو تەرخان کردووە لایەنەکانیشمان ئاگادار کردۆتەوە کە تەنیا ئەو بازگانەی رەسمین کە حکومەت دیناون ئاگاداری پارێزگاکان و بەڕێوەبەری پۆلیسمان کردۆتەوە بێجگە لەوانە هەرکەسێ بچێتە

سەرجادە و خەڵک راگرن بازگە دابنێن ئەمە لادانە لە یاسا وەحەقی خۆمانە ئیجرائات بەرامبەریان وەرگرین ، لەوانەیە ئێمە پێویست بکات لەم زووانە هەندێ کار لەم بارەیەوە بکەین کە هەوڵ بدەین ئەم بازگانە چارەسەر بکەین ئەگەر هێزی تر نەیێت لەلایەن حزبەکانی ترەوە مەجبورین ئەو کارە بە ناوی وەزارەتی ناوخۆ وبە ناوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و، بە ناوی حکومەت جێبەجێی بکەین لەبەر ئەوە لێرە تکا دەکەمەوە کە ئەو بارەی کە کراوە لایەنەکەی تر بە زووترین کات هێزمان بۆ بنێرێ، بێجگە لەم تاوانانە هەمووی دووبنەوانی ئاسایش دروست کرا یەکێکیان لە هەولێر و یەکێکیان لە سلێمانی کە ئیشوکاری ئەویش وەکو دەزگایەکی هەمیشەیی نییە ، ئەمە کاتی خۆی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە هێزی ئاسایش وهێزی هاوبەش کە لە سلێمانی هەبوو ئەمانە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت و ئەو هێزە بەپێی ئەوتەشکیلاتە کە هەیەتی، ئەم هێزانە کاتی خۆی سەر بە بەرە بوون لەو تەشکیلاتە ئێمە ناوکێکی دەزگای ئاسایشمان دامەزراندووە وهەروەها لە وەزارەتدا ئێستا وردەوردە ئەم دەزگایە پڕ بکەینەوە بە کادری لێهاتوو کە ئیشیان بێ لە مەسەلەی ئاسایش، ئێمە خەریکی ئەوەین، پێویستە ئێمە دەست بکەین بەکارێک لە رادەی قووەتمان دا بێت وزیاتر تێ نەپەڕێت، هەرئیشێک بیکەین تەنیا بەپێی ئەو توانایە بێت کە هەمانە، لەبەر ئەوە لەپێشدا بڕیاری ئیشی گەورە ئەدەین دەتوانین ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەین، یانی هەتا لەپەرلەمانیشدا، ئەگەر بیر لەوە کراوەتەوە هەندێ ئیش بکەین یانی هەندێ کار ئەنجام بدەین ئەبێ رەچاوی ئەوە بکرێ بۆ نموونە بەنیسبەت چەکەوە هیچ جۆرە چەکێکمان بۆ نەکراوە هەر ئەو چەکانەمان بەدەستەوەیە کە پێش هەڵبژاردن بەدست پۆلیسەوە بوو بەنیسبەت ئۆتۆمبیلەوە ئەو ئامێرانەی کە پێویستە بۆ پۆلیس هیچی بۆنەکراوە تاکو ئێستا بەنیسبەت دەزگای بێ تەل و راگەیاندن کە ئامێرێک هەبێت بتوانێ فەوڕەن بمان گەیەنێت بە سلێمانی، یا بە گومرکی حاجی ئۆمەران، یالە هەرشوێنێک، وەکو حکومەت ئەو جیهازانەمان نییە، نەک وەکو پۆلیس، یا وەکو وەزارەتی ناوخۆ. باسی جلوبەرگیش بکەین تەبیعی ئەو هێزی ئاسایشە گەورەمان گرتووە، راستە لە رووی ژمارەوە تارادەیەک باشە، هەروەها ئەم پۆلیسانە پێویستیان بە بەهێز کردن هەیە، چونکە ئەگەر بەراوردێکیان بکەین لەگەڵ پێشمەرگەدا ،یا پۆلیس بەرامبەر بەوان لاوازترە دەبێ لە رێگای راگەیاندنەوە چ لە تەلەفزیۆن وچ لە رۆژنامەکان و هەموو بابەتەکانی تری راگەیاندن بایەخێکی زۆر بدرێت بە باس کردنی هێزی پۆلیس وپشتگیرییان لێ بکرێ و، بەنیسبەت پارێزگارەکان و قائیمقامەکان وبەڕێوەبەری ناحیەکانەوە تائێستا هەر بەکاتی دانراون ئەبێ بەزووترین کات بچەسپێنرێن و، ئەمەش دەبێ لە رێگای سەرکردەی هەردوو حزبەکەوە بێت.

سەبارەت بە هاتووچۆکردنەوە ئێمە لەگەڵ ئەو توانا کەمەیەی خۆماندا توانیومانە هەندێ (تحركات)دەستیشان بکەین کە لە وانەیە هی دوژمن بێت، یادەستی (تخریب )ی تیابێت و ،داوای یارمەتیمان لە پارتەکان کردووە بۆ ئەم مەبەستە وتوانیومانە سوودیان لێ وەربگرین و

داوا دەکەین بەزوترین کات ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانی رای لەسەر بێت وبتوانین هەرچی ئێرانی هەیە نەهێڵین بمێننەوە، یانی بەلانی کەمەوە ئەوانەی شکیان لێ دەکرێ. ئەگەر رەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی لەسەر بێت لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران زۆر شتی تریش هەیە کە بکرێت وەکو ئەوانەی باسم کرد هەمووی بەندن بەوەوە کە ئێمە تواناو هێزمان هەبێت لێرە ئەبێ بەقەناعەتی من ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێک دەرکەن داوا بکەن لە حزبەکان کە بەتایبەتی پشتگیری وەزارەتی ناوخۆ بکەن.

هەروەها دەبێ ئەنجوومەنی نیشتمانی رەزامەندی خۆی دەرببڕێ لەسەر ئەوەی کە هەندێ دەسەڵاتی ئیستسنائی بدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ دەست بکەینەوە و توانای ئەوەمان هەبێت کە تۆزێک بەتوند تر ئیش بکەین وتۆزێک خێراتریش ئیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا ئێستا زۆربەی خاڵەکانی بە تێرو تەسەلی قسەیان لەسەر کرا، ماوەتەوە بڕیاری پێویستیان لەسەر بدەین.

دەربارەی پارەی مزەوەریش دەبێ ماوەیەک دیاری بکەین بۆ ئەوەی دوای ئەوە سەرپێچی کاران سزا بدرێن، وەزارەتی ناوخۆیش بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، ئەگەر پێویستی بە بڕیاری نا ئاسایی هەیە، ئەوا گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم وشەی (طواری) زۆر پێویستە وەکو لیژنەی یاسا کە ئەتوانین شتی وابکەین کەوا ئەو یاسایانەی کە هەن بەو هێزە نین کە بتوانین ئەوکارانەی وەزارەتی ناوخۆ دەیەوێ پێی جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بائێمە داینەنێین ئەوان دەسەڵاتیان هەیە وئەنجوومەنی وەزیران یاسا ناسیان هەیە کە بتوانن پرۆژەیەک دانێن و پێویستیان بە چ هەیە دای بنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزارەتی ناوخۆ بۆی هەیە لەرێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، یاراستەوخۆ داوا بکات پرۆژەیەک ئامادە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەوکەموکورییەی کە هەیە و پاشان رەزامەندی لەسەر وەربگیرێت. بەنیسبەت دیاردەی چەکداریشەوە دەبێ بڕیارێک وەربگیرێت ناوەرۆکەکەی ئەوە

بێت کەچەک هەڵگرتن قەدەغە بکرێت لەناو شارەکاندا، تەنانەت ئەوانەش بگرێتەوە کە چەکی خۆیانیان پێیە و ئەم بڕیارە وەکو پڕۆژیەک دابنرێ و لەلاین حکومەتەوە ئامادە بکرێت، وەکو بڕیارێک ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت بۆ ئەوەی دوایی لیژنەی یاسا چاوی پیا بخشێنێتەوە و دراسەتی بکات و، دوایی بڕیاری پێویستەشی لەسەر بدرێ.

لێرەشدا ئیتر کۆتایی بە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەم دانیشتنەمان دێنین بەو ئومێدەی کە هەر ئەمڕۆ سەر لە ئێوارە کۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنەکە دەست پێبکەینەوە.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

## کۆبوونەوەی دووەم/ دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٠

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە کۆبوونەوەی ئەم بەیانیەدا دوو خاڵی گرنگمان باس کرد:

١ـ دەرکردنی یاسایەکی نا ئاسایی بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

٢ـ مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی پارەی مزەوەر بوو، کە هیوادارم لەم کۆبوونەوەیەماندا بڕیاری لە باریان لەو بارەوە بدەین.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم پێشنیار کراوە کە حکومەتی هەرێم لە ماوەی هەفتەیەکدا پڕۆژەی یاسایەک لەو بارەیەوە ئامادە بکات وبۆ بڕیار لەسەردان بیخاتە بەردەم پەرلەمان.

بۆ مەسەلەی پارەکەش ئەوا پێویستە داوا لە وەزارەتی دارایی وئابووریی بکرێت کە هەرچی پێویستە بیکات بۆ ئەوەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا کار بەو پارەیە بکرێت وئەوەشی سەرپێچی کرد سزای یاسای بدرێت.

جا کێ لەگەڵ ئەم بڕیارانەدایە با دەست بەرز بکاتەوە..دەست بەرز کرایەوەو ئەنجوومەن بە تێکڕای دەنگ هەموو بڕیارەکەی پەسەند کرد.

لە کۆبوونەوەی ئەم ئێوارەیەشماندا باس لە مەسەلەی پێکهێنانی وەفدێک دەکەین بۆ سەردانی کردنی لیژنەی تەنسیق لە زاخۆ وباس کردنی مەسەلەی دابین کردنی سووتەمەنی لەگەڵیاندا.

پێشنیارکەش وایە کە وەفدەکە لە بەڕێزان وەزیری هاوکاری ویارمەتی مرۆڤایەتی و، وەزیری پیشەسازی و وزە پێک بێت، پێشنیاری ئێمەش ئەوەیە کە دوو ئەندامی لیژنەی پەیوەندیەکانی پەرلەمانیش بخرێنە سەر وەفدەکە. جا کێ بەم پێشنیارە رازیە با دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە وئەنجوومەن بە زۆربەی دەنگ بڕیارەکەی پەسەند کرد.

**بەڕیز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەفدەکە سبەینێ دەڕۆن ئەگەر ئەو دووکەسە دەستنیشان بکرێن بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن ودوا نەکەون، سوپاس.

**بەڕیز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم چوار کەس بن نەک دووکەس، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە تەنیا ئەوە نییە موزەکەرەیەک پێشکەش بکرێ، بەڵکو مەسەلەکە بەو شێوەیەیە کە ئەم وەفدەی دەچێتە ئەوێ و داواکارییان هەیە، دەبێ داوای وەلامیش بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارە ئەگەر وەفدەکە چوون بۆلای لیژنەی هەماهەنگی بۆ زاخۆ سەردانی تورکیاش بکەن وبچنە ئەنقەرە بۆ ئەوەی لەگەڵ لێپرسراواندا دەربارەی بارودۆخی ئەو ڕێگایە قسە بکەن کە کامیۆنەکانی تورکی قەدەغە کراون پێیدا بێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست بوو پێشتر ئاگادارتان بکردینایەتەوە دەربارەی ئەو وەفدە کە دەچێت بۆ ئەنقەرە بۆ ئەوەی بە چاکی بیری لێ بکەینەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادانراوە ئەو بڕیارە پەیوەندیی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، بۆیە لەگەڵ ئێوەدا باسی نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەفد بۆ دەرەوە ناردن وابزنم پەیوەندیی هەیە بە ئیشوکاری ئەنجومەنیشەوە، بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتێکی تر وابزانم ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێ ئاگادار بکرێ لە بڕیارێکی وا، چونکە ئەمە پەیوەندیی هەیە بە وڵاتێکی ترەوە پەیوەندیی نییە بەناوەوەی خۆمان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران باس کرا پەیوەندیی بەوەوە هەیە، چونکە بڕیار درا وەفدێکی تر بڕوات بەهەمان شێوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست ئەو وەفدەیە کە بۆ ئیشی پەناهەندەکان دەستنیشان کراون، ئەوە وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی خستیە ڕوو و بڕیاری لەسەر وەرگیرا، ئەگەر وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی نوێنەرایەتی حکومەت ناکات ئەوە شتێکی ترە، هەروەها ئەندامانی وەفدەکە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەدا دەسنیشان کراوون، چونکە مەسەلەی دانوستاندن لەگەڵ وڵاتێکی تر پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو وەفدەی کە دەسنیشان کراون بچن بۆ زاخۆ دەسکاری نەکرێت، ئەگەر بڕیار درا دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی تورکیدا بکرێت ئەوە ئێستا ئێمە وەفدێکمان لەتورکیایە و پەیوەندییان لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی بەوکارە هەڵسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بڕیارمان لەسەر دا کە ئەم دوو ئەندامەی لیژنەی پەیوەنییەکان لەگەڵ وەفدەکەدا هەتاکو زاخۆ بڕۆن ئەوی تریش ئەگەر حکومەت سوور بوو لەسەر رای خۆی بۆ ئەوەی وەفدەکە بڕواتە تورکیا بۆ دانوستاندن. ئەوە پاشان قسەی لێ ئەکەین، چونکە پێویستی بەپیاداچوونەوە هەیە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتێکی تایبەتی هەیە بۆ یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری وئاشکرایە کە ئەو وەزارەتە چیبە وپێویستە ئەو هەڵوێستە روون بکرێتەوە، ئایا پێویستە هەموو سەفەرێکی دەرەوە و پەیوەندییەک بە دەوڵەتانی ترەوە رەزامەندی پەرلەمانی لەسەر بێت؟، چونکە ئەوە لەوانەیە تەگەرە بخاتە هەندێ لە ئیشەکانمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ شت هەیە وەکو دانوستاندن لەسەرمەسەلەی سنوور ئەوانە کێشەی گەورەن.

ئێستا ئەو خاڵانەی کە ماونەتەوە ئەمانەن: بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری دەسنیشان بکرێ، وەزیری تەندروستی ئەبێ دکتۆر بێت، تێبینییەکەی کاک عەبدولخالق دەربارەی ئەو روون کردنەوەیەی کە لەلایەن حکومەتەوە دەرچووە دژ بە (پارتی کرێکارانی کوردستان).

ئێستا بابێینە سەرکاروباری وەزاەتی کشتوکاڵ وئاودێری ، جەنابی سەرەک وەزیران ئەگەر تێبینییەک هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ ناوەکەی هەڵبژێردراوە وهیوادارم لەم دوو سێ رۆژەدا ناوەکەی بدرێ بە ئەنجوومەنی نیشتمانی ، بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتییەوە وابزانم زۆر تر پەیوەندیی بە کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە نەخۆشخانەکاندا گلەیی زۆر هەیە لەلایەن دکتۆرەکانەوە لەسەر دانانی وەزیری تەندروستی، چونکە بریکارەکەشی هەر دکتۆر نییە، (معاون طبي)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەزیرێک بەپێی پسپۆڕی خۆی و بریکارەکەی، دووەم کە باسی بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵم کردووە هیوادارم بریکارەکەی وەکو هی تەندروستی لێ نەیەت، ڕێزم بۆ کاکە قادر هەیە، چونکە وابزانم پسپۆڕی لەکشتوکاڵدا نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر و بریکار مەرکەزی سیاسین، ئەوکتلەی کە ئەو خەڵکە دادەنێ ئەو بەرپرسیارە و بریکاری وەزارەتی تەندروستیش لێ هاتووە، (معاون طبي)ش نییە، بەڵکو وەکو سیاسییەک کردوومانە بە بریکاری وەزارەتی تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قەناعەتم بەقسەکانی بەڕێز سەرۆک وەزیران وکاک فرەنسۆ نییە، بە رای من هۆی کێشەکە سەوز و زەردەکەیە، ئێمە زۆر خەڵکی شۆڕشگێڕمان هەیە کە دکتۆرن وخەباتیان هەیە، هیچ نەبێ دڵنەوایی لایەنە دەروونییەکەی بکەن، سوپاس.

**بەڕیز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە فراکسیۆنی زەرد بریکاری وەزارەتی تەندروستی لەخۆیان بێ، بەڵام دکتۆر بێ ولە فراکسیۆنی زەرد بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئێمە ناتوانین ئەو کەسانەی کە دایدەنێین لە ١٠٠٪ پسپۆڕ بن لەو وەزارەتەدا، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین کە هاوسەنگییەک دروست بکەین، هەندێ جار لایەنە سیاسییەکە گرنگترە وهەندێ جاری تر لایەنە پسپۆڕییەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نامانەوێ دەرگای مناقشە بکەینەوە، ئەگەر پێشنیارێک هەبێت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنێک ئەوە کاتێکی تر باسی دەکەین.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر بناغەی سەوز و زەرد ئەم مەسەلەیەم نەخستە روو، چونکە من ئەو برادەرە ناناسم کە دانراو بۆ وەزارتی تەندروستی ، بەڵام بە رای من باشتر وایە پسپۆڕ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەوەی وەزارەتی كشتوكاڵ وەڵام درایەوە و، ئەوەی وەزارەتی تەندروستیش ئەخرێتە ژێر باس ولێكۆڵینەوە وە.

ئێستاش دێینە سەر مەسەلەی پ.ك.ك، كە لە برادەرانەوە یەك دوو پێشنیارمان بۆ هاتووە، وای بۆ دەچم كە حكومەت روون كردنەوەی دەركردووە دەربارەی ئەم حزبە و پێویستی بە باس كردن هەیە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بە راستی ئێمە خەریكین دارشتنێكی یاسای وەردەگرین، دەبی لەو روانگەوە هەڵسوكەوت بكەین، بەنیسبەت مەسەلەی پ.ك.ك دوە بەئاشكرا و لەناو وڵاتەكەی خۆماندا دژایەتی ئێمە دەكەن چ لە رێگەی راگەیاندنەوە بێت چ لە رێگەی دروست كردنی جۆرەها گیروگرفت بۆمان، وەك ئەوەی بوونەتە هۆی داخستنی رێگای بازرگانی نێوان ئێمە و توركیا، خۆشتان ئەزانن تاكە دەروازەی ئێمە لەسەر جیهان توركیایە، هەروەها لەبارە ئابوورییەكەوە ئێستا نرخی هەموو شتێك بەرز بۆتەوە، دەچن دێهاتەكانمان بۆردومان دەكەن، بەڕاستی ئێمە ئەمە قەبوڵ ناكەین وبۆ چەند دروشمێكی بریقەدار تاقی كردنەوەكەمان لە دەست نادەین و نەوەكانی دوای ئێمە رخنەمان لێبگرن.

هەروەها پ.ك.ك لەجیهاندا بە رێكخراوێكی تیرۆریست لە قەڵەم دراوە، ئێمە ئامادە نین خۆمان بكەین بەدوژمنی ئەو وڵاتانە كە لە گەڵ ئێمەدا هەڵوێستیان باش بووە لە بەرخاتری پ.ك.ك ئەمانە هەمووی وزۆرشتی تر وامان لێ دەكات سووربین لەسەر هەڵوێستی خۆمان بۆ دەركردنی ئەو بەیانە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من نارێك نیم لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران دەربارەی كردەوەكانی پ.ك.ك و ئەو زیانانەی كە بە ئێمەی دەگەیەنن، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران نابێ خۆی بكات بەلایەنێك بەو شێوەیەی كە بەیانێكی سیاسی دەربكات، بە رای من دەبوایە ئەم مەسەلەیە لە پەرلەماندا باس كرایە بۆ ئەوەی كۆمەڵێك مەسائلی تریش بگەرێتەوە وباس كرایە شتێكی گشتی بووایە، بۆ نموونە شمولی حكومەتی عیراقیشی بكردایەتەوە، چونكە ماوەیەكە ئابڵوقەیەكی ئابووری زۆر توندی خستۆتە سەر كوردستان و، دەتوانرا بەشێوەیەكی تریش چارەسەر بكرێت ئەویش بەشێوەی گفتۆگۆ كردن لەگەڵیاندا هەرچۆن گفتوگۆ لەگەڵ جەماعەتی دیموكراتی ئێراندا كرا، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

كرداری پ.ك.ك لەگەڵ پێرەوی سیاسی ئەمرۆی جیهاندا ناگونجێ، ئەوان دەستیان پێ كرد

لەگەڵ ئەوانەی نیشتمان پەروەبوون لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاگامان لەو مەترسیبە بێ کە لە سێ لاوە یارمەتی پ.ک.ک ئەدەن بە ئاشکرا، ئێران وسوریا وعێراق، ئەوانە لە (سهل بقاع)ەوە دێن بۆ خاکی کوردستانی عێراق ولێرەش ئێمە پشتمان نەگرتوون تابڵێین پشتیان گیراوە پیلانەکە ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ ئاگاداری شەڕی براکوژی بین لە کاتێکدا کە دراوسێکان بە تایبەتی ئێران وسوریا هەڵوێستێکی دۆستانە لەگەڵ ئێمەدا نیشان دەدەن، ئێستا من باوەر ناکەم خۆیان بەو جۆرە لەیەکی بدەنەوە، یا لە مەسەلەکە گەیشتبێتن کە دەمێکە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی تورکیا چۆڵە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبوایە هەنگاوی یەکەم گفتوگۆکردن بوایە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باوەرمان بە دیموکراتیەت زۆرە، بەڵام هەڵسووکەوتی پ.ک.ک لەسنوور دەرچووە.

پ.ک.ک رێگای لە خەڵکی (٢٢)گوندی ئێمە گرتووە لەناوچەی سیدەکان کە لەگوندەکانن ئیرادی کشتوکاڵیان زۆرە وخەڵکی ئەو گوندە داوا دەکەن بچنەوە سەر گوندی خۆیان ئەوان نایەڵن، هەروەها هەرەشە لە شۆفێرە تورکەکان دەکەن کە ئازووقە بۆکوردستان دێنن، ئەمانە هەموو تەبریری ئەو بەیانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە هەندێ جار ئیستقراری دەوڵەتی تورکیا گرنگە، بەڵام قسەی وا دەکرێ کە لەگەڵ واقعی ئێرەدا ناگونجێ راستە تورکیا حەقی خۆیەتی، خۆ ئێمە نەچووین شەڕ بکەین وتانە مەعقول نییە میوان هەرەشە لە خاوەن ماڵ بکات،ئێمە خۆمان خاوەن ماڵین خۆ ئێمە نەچوینەتە کوردستانی تورکیا، باشە بۆ ناچن بە حزبی بەعس بڵێن بۆ وا ئەکەن؟ ئەزانن ئەمە سوودی خەڵکی کوردستانی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئێمە جیهازی ئەمنی قومی دابمەزرێنین بۆلێکۆڵینەوە لەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد حەمەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە دوو مەسەلەی جیاواز هەیە بوونی پ.ک.ک لە کوردستانی عێراقدا وماوەیەکە لە ساڵی١٩٨٨ تاکو ئێستا وبارەگاشیان هەبووە تاکو ئێستا چەندەها بڕیار وەرگیراوە کە بۆ

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وتا ئێستا نەگەیشتوینەتە ئەنجام، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا سیاسەتی ئەوان دەگونجێ لەگەڵ ئێمە ئەو شتەی کە ئێستا مولیحە کە پ.ک.ک کردوویەتی ئەوەیە کە قەدەغەی شۆفیرەکانی کورد لە کوردستانی تورکیا کە شت بێنن بۆ کوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

کـاتی خۆی زۆر بڕیار وەرگیرا لە کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی کەتیایدا هاتبوو ئەبێ پ.ک.ک چالاکییەکانی خۆیان نەهێننە کوردستانی عیراق وهەموو برادەرانی بەرە ئەم مەحزەرەیان ئیمزا کردووە، ئێستاش ئەو جۆرە ئیشانە لە ناوەڕۆکی ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیرانە وئێمە دەبێ وەکو پەرلەمان پشتگیریان لێ بکەین.

ئێمە کاتی خۆی لەساڵی ١٩٨٥دا کە من بەرپرسی لقی دوو بووم زۆر یارمەتی (پ.ک.ک) مەم داوە چ بەئازووقە بێت وچ بەچەک من هیچ پەشیمان نیم، چونکە بەکوردم دەزانین، زۆر بەنەرمی ئێمە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکردن، هەروەها ئاگادارتان دەکەمەوە لەیەک شتی تر ئێستاکە پ.ک.ک دۆشکەیان داناوە لەناوچەکانی خواکورک روویان کردۆتە کوردستانی عێراق نەک تورکیا، ئێمە هیچ بیرمان لە شەڕی براکوژی نەکردۆتەوە، بەڵام ئەوان نزیکەی ساڵێکە زیاتر هەوڵ دەدەن بەجەیشەوە بەپیلانی مخابەراتی ناوچەکە رامان بکێشن بۆ شەڕی براکوژی، بەڵام ئێمە نامانەوێ شەڕ براکوژی بکەین ئێمە بەڵگەمان هەیە کە ئەو کارانەی پ.ک.ک دیکات بەتەنسیق و هاوکاری لەگەڵ ئەمن وموخابەراتی عێراق وناچاریش دەبین لەم چەند رۆژەدا نامەکانی خۆمان زەنگۆگرافەکانی چاپ دەکەین ، بڵاوی دەکەینەوە دیارە خەڵک هەیە هەتا ئێستا بڕوا ناکات، سوپاس.

**بەڕیز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بە راستی ئەم بابەتە کێشەیەکی زۆرگەورەیە بێگومان ئەم روداوانەی کە تائێستا روودەدات دەست کردی حکومەتی عیراقییە و بە (پ.ک.ک)ەی جێبەجێ دەکەن، ئامانجیشیان لەوەدا ئەوەیە نەیەڵن ئازووقە بێت بۆ ئێرە و،بەگرنگی دەزانم بۆمەسەلەی (پ.ک.ک) وەفدێک بەئاشکرا، یان نهێنی بیبان بینێ بۆ ئەوەی نەک لە دووڕیانی رێگا تووشی شەڕی براکوژی ببین، سوپاس.

**بەڕیز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پێشنیار دەکەم:

١ـ ژمارەی ئەو گوندانە بکرێت بە(٥٠)گوند، چونکە بەباوەڕی من لەوەندەش زیاترە.

٢ـ بەنیسبەت ئەو بەیانەی ئەمڕۆ وبەیانی کە لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمانەو بڵاو کرایەوە بەئاگاداری ئەنجوژنەنی وەزیران، داوا دەکەم باوەڕلەو ئەندامە بکێشرێتەوە، چونکە بەیانێک کەلەلاینە پ.ک.ک دوە دەرچوبێت ولە ناو هۆڵی پەرلەماندا بڵاو بکرێتەوە ئەمە دەبێ باس ولێکۆڵینەوەی لێبکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەمەوێ ئەم مەسەلەیە روون بکەمەوە، ئەوبەیانە من بەدەستمەوە بوو، یەکێک لە وەزیردکان داوایان لێ کردم، منیش چەند نوسخەیەکم لێ دەرکرد بەبێ هیچ مەبەستێک بە رێکەوت نوسخەیەکم دا بە کتلەی سەوز ویەکێک بەکتلەی زەرد ، وابزانم ئەمە کفر نیبە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەنیسبەت بڵاوکردنەوەی هەر بەیانێک ئەبێ پێش وەخت دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار بکرێتەوە، چونکە ئەوە پەیوەندیی بەرێکخستنی ئیشوکاری ئەنجوومەنەوە هەیە، هیوادارین جارێکی تر ئەمە دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داواکارم کاک فرەنسۆ قسەکەی خۆی بکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەرەتاوە ئەم مەسەلەیە بەنیەت پاکی حیسابی بۆ دەکەین، بەڵام بۆئاییندە بۆ هەرئەندامێک لە ئەنجوومەندا لە چوارچێوەی ئەم بینایەشدا کە پێی دەوترێت ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەرشتێکی وابوو ئەبێ پێش وەخت ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکرێتەوە بۆ ئەوەی بریارێکی لەسەر بدات وچیتر شی کردنەوە نەکەوێتە بابەتەکەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەرەتاوە کە هاتم کۆمەڵێک بەیانم بەدەستی کاک حسێنەوە بینی نەک یەک بەیان من گلەییم لێ کرد وتم حەق نیبە ئەمانەت پێ بێ، بەڵام ئەو بەرگری لەبەیانەکە کردو وتی من لە گەڵ پ.ک.ک نیم، بەڵام خۆزیاربووم کە لەگەڵیاندا بوومایە، سوپاس.

**بەڕێزعەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەکە هەرچی بێت، وابزانم بەم جۆرە تۆقاندنی هزری(فکری) دێنێتە پەرلەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس باسی تۆقاندنی هزری نەکردووە، بەڵام وەکو وتمان دەستەی سەرۆکایەتی هەیە و ئەبێ لەو جۆرە شتانە پێش وەخت ئاگادار بکرێتەوە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە لە ئاستی ئێمەدا نییە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا کەسێ ناچار بکەین بڵێ من بێ تاوانم وبە هیچ نیازێک ئەوەم بڵاو نەکردۆتەوە ئەبێ ئەنجوومەن گوێ لە رای جیاجیا بگرێت، من بەش بە حاڵی خۆم بەتوندی رەدی قسەکانی کاک فرەنسۆ دەدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راستە ئەندامی پەرلەمان ئازادە، بەڵام ئەو ئازادییە بە پێی سیستەمێکە ئەبێ هەموومان رەچاوی بکەین، بەراستی ئەوە بە ئازادیی دانانرێ کە ئەندامێ بێت بەیان بەسەر کوتلەکاندا بڵاو بکاتەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم بارەیە زۆر قسە کرا، دەتوانین کورتی بکەینەوە بەچەند خاڵێک ئەویش بریتییە لەوەی

١ـ هەوڵ بدەین جارێکی تر بەم جۆرە بەیان بڵاو نەکرێتەوە، پێش ئاگادارکردنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی.

٢ـ هەڵوێست وەربگیرێت بەرامبەر بە پ.ک.ک و، سنوورێک دابنرێت بۆ هەڵسوکەوتیان، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئێمە رەئیمان ئەوەیە کە سەربەخۆی نەتەوەیی ئامانجێکی زۆر پیرۆزە وچەوتیمان لەسەر ئەوە نییە، بەڵام پێویستە هەندێک روون کردنەوە بکەین دەربارەی رێکخراوەکانی پ.ک.ک وهەڵسوکەوتیان لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، پ.ک.ک لەساڵی ١٩٨٤دەستی کردووە بەخەباتی چەکداری دژی حکومەتی تورکیا وتا پێش ئەوەی وەزعێکی تریان هەبوو پاش راگەیاندنی خەباتی چەکداری دەرکەوت کە ئەوان بێتو دەست بکەن بە بزووتنەوەی کوردی لەکوردستانی عێراق ئەبێ ئەوان بێن بە ئەلتەرناتیڤی هەموو حزب ولایەنەکانی تر لەگۆڕەپانەکەدا ئەمە بۆچوونی ئەوانە، لەبەر ئەوە لە١٩٨٤دا کەوتنە نانەوەی گیروگرفتێ کە زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق کە لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو وەکو ناوچەی بادینان و زۆر گیروگرفتیان بۆ دروست کرد بە تایبەتی بۆ پارتی، لە هەمان کاتدا وەکو حزبێک پ.ک.ک زۆر قارەمانیان دروست کرد کە لە زیندانەکانی تورکیادا نموونەی قارەمانێتیان نواند، هەتا

هەندێکیان شەهید بوون لە ئەنجامی مانگرتنیان لە خواردن، لە خەباتی چەکداری دا قارەمانن، ئەمە راستیەکی نەشاراوەیە، بەڵام لە روانگەی ئایدیۆلۆجییەوە من وای دادەنێم کە ڕێبازێکی چەوتیان گرتۆتە بەر، ئەو ڕێبازە وای کرد بێ کە ئەوان یەکەم هەنگاوییان ئەوە بێت بڵێن ئێمە خەباتی نەتەوەیی دەکەین مەبەستم پ.ک.ک. وپارتی و ،یا یەکێتی و ،یا بەرەی کوردستانی ،یا ئەنجوومەنی بەرەی نیشتمانی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لە کوردستانی عێراقدا و وەکو دەڵێن بە عەرەبی هەڵوێستێکی (قطر)ی کە پارچەی ،یا ناوچەیە بکرێ. ئەم مەسەلە زۆر گرنگ وحەساسە دەبێ ئەوەندە ووردبین لە مەوزووعەکە وانەبێ رۆژێ لە رۆژان دژی جوڵانەوەیەکی سەربەخۆیین چەند تەحلیلمان هەبێ ورەنگە بۆچوونەکان ئەساسی بن، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بێگومان من لەگەڵ ئەوەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کرد تەعلیماتێک، یانیزامێک هەبێت بۆ بڵاو کردنەوە ورەنگە باشتر بێ وریکوپێک تر بێت وابزانم حەق نەبوو بەڕێز فرەنسۆ بەوشێوەی بڵاو کردنەوەی بەیانەکە لەلایەن حسێن عارف یانی تا رادەیەک حەق نەبوو زیاتر ووردبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باسی ئەوە کرا کە پەرلەمان بە بڕیارێک پشتیوانیی لە ئەنجوومەنی وەزیران بکات لە مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکانی هەرێم وئاوەدان کردنەوەی گوندەکانی سەر سنووری وپارێزگاریی کردنی گیانی هاووڵاتیان، ئەگەر تێبینی تر هەیە، فەرموون.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکە ئەگەر نەختێک بەهێز تربێ بەلای منەوە بەروون وئاشکرایی بڵێین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانی لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات کە دەری کردووە ، هەروەها پشتیوانی لە هەموو ئیجرائاتێک دەکات بۆ بەربەست کردنی خۆ تێهەڵقورتاندنی پ.ک.ک لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراقدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئیشوکاری حکومەتی کوردستانە کە ئیجرائات بکا بۆ کۆنترۆڵی سنوورەکان و، ئێمە پشتگیری خۆمان نیشان دەدەین بۆ ئەو ئیجرائاتانەی کە تا ئێستاکە حکومەتی کوردستان کردوویەتی وبۆ ئەو مەسەلەیە داوا لە هیچ لایەنێک ناکەین تەنها داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای من ئەو پشتگیری پێویست نییە، چونکە لەزرووفی ئەمنی یەک لە واجباتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە کە پارێزگاری لە هەموو سنوورەکان بکا، دوای ئەمە کە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو

بەیانەی دەرکردووە بێ دەنگی ئێمە رازی بوونە، بۆچی دووبارە داوا بکەینەوە دوایی هەموو ڕێککەوتبووین کە ئەمانە بەسراونەتەوە بە موخابەرات، یەکێک ئەگەر پشت بە موخابراتی عێراقی پێویستە بەئاشکرا دژی بین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاک دکتۆر لەجێی خۆیەتی کاک عدنان دەڵێ بێ دەنگی ئێمە مانای پشتگیرییە، ئێمە بێ دەنگ نەبووین ئەگەر بێ دەنگ بووینایە ئەوشتە باس نەدەکرا یانی قسە هەیە بۆیە ئەبێ باسێکی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی بەڕێز د.کەمال پەسەندە و، ئێمەش پشتیوانی لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەکەین لەو کارەیدا.

**بەڕێز ئەحمەد حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئابلۆقەی ئابووری چ بکەین بۆ ئەوەی کە لە سەر کوردستان هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ئابلۆقەیە، ئێمە قەناعەتمان هەیە ئەمە لەنیەتێکی باش بێت، یان گەر نیەتێکی خراپە دەستی پ.ک.ک ی تێدایە، ئێستا تورکیا ڕێگەی پیرو تەلەعفەری دۆزیوەتەوە، مەسەلەکە ڕێککەوتنە لە نێوان سوریا وتورکیا ئەو ڕێگەیە لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بەکار دێنن وەک فشارێک بەکاری دێنن لەسەر ئێمە.

ئێمە دەبێ بیر بکەینەوە لەگەڵ کوردستانی سوریا شتێک بەشتێک بکەین وئەو کوردانەی سوریا ئامادە بکەین وتێیان بگەیەنین ئەم ڕووداوەی کە لەوێ کراوە بۆ ئەوە کراوە کەکوردستانی پێ بخنکێن، یانی ئەوانیش دەورێک ببینن نەک ئەو ڕێگایە بەئاسانی خەڵکی پیا بڕوا، چۆن ئێستا تووشی ئەوە ناکرێ کە خەڵک لە نسیبین ولە جزیرە و لە سلوپیا بێتەوە زاخۆ ئەو کاتە ئێمە وابکەین هەوڵێکی سیاسی بدەین کە برا کوردەکانمان لە سوریا لە هەمان کاتدا دەوریەیەک دابنێن کە بە ئاسانی ئەو ڕێگەیە نەکرێتەوە، کەببێتە هۆی ئابلۆوقەیەکی توند تر، لەوەمان زیاتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەبێ خەڵک لەکوردستانی عێراق وتورکیاش هۆشیار بکەینەوە لە هەڵسوکەوتی پ.ک.ک، ئێمە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین ڕێگە بە حزبێکی وەک پ.ک.ک، یان هەر

کەسێکی تر بدەین کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم تاقی کردنەوەیەمان لە دەست بڕوات سنووری هەیەو کە لایەنێک بە نا مەسئولیەت بەکار بێنێ بەرامبەر وەزعێکی وا ببێتە دار دەستی دوژمنانی میللەتەکەمان چ بەئاگاداری و چ بەبێ ئاگاداری هەڵسوکەوت بکاو چ بە هۆشیاری، چ بەبێ هۆشیاری حەقە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دژی بوەستێت پشتگیری لە ئیجرائاتی حکومەتی ساوای خۆی بکات، چونکە ئەگەر ئێمە پشتگیری نەکەین و دوو دڵ بین لەوەی کە پشتیوانیی لە ئەزموونەکەمان بکەین، ئەوا هەموو شتێکمان لە دەست دەچێت.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با (چالاکی) لاببرێت و بکرێت بە (گێرە شێوێنی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە کاروباری ناوەوەی کوردستانی عێراق ئەو چالاکییە زیان بەخشە و دەبێ رابگیرێ، جا ئەوە وەکو بڕیارێک، کێی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟تەنها بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە دژ بوو. کەواتە بە زۆربەی دەنگ بڕیارەکە پەسندکرا.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من وەفدێک بچێت بیان بینێ، هەرچەندە ئەمە هیچ ناگۆڕێت لە هەڵوێستی ئەوان وقەت چاک نابن، بەڵام هەروەکو هەڵوێستێکی سیاسیی بۆ ئێمە تۆماردەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزنم لەلایەن سوکر دایەتیی بەرەی کوردستانی کەوا بەیانێکی واهەیە وەفدێک بنێرن بۆ قسەکردن لەگەڵیاندا، بەڵام بە زیادی ئەزانم کە پەرلەمانی کوردستان، یا ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان ،یا بە رادەیەی وەفد بنێرێ بۆلای ئەوان شتی هاوبەرامبەر نین، یان باشتر وایە ئەوکارە لە لایەن کۆمەڵە رێکخراوە سیاسییەکان ئەمڕۆ لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا کۆبوونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ پێشنیاری وەفدەکە نیم، چونکە تائێستا دانیان بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیراندا نەناوە، کێ دەڵێ لە ناوەڕاستی رێگە ئێمە پێشوازییان ناکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پ.ک.ک دەیانەوێ ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی لە مەنفادا دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی ببێتە بەدیلی ئەم

پەرلەمانە هەڵبژاردەیەی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەمەش دوژمنکاریەکی بێ پاکانەیە.
بەڕێزان، ئەمڕۆ ژمارەیەک لە وەزیرە بەڕێزەکان باسی چالاکی وەزارەتەکانی خۆیان بۆ ئەنجوومەن کردوو، وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێزیشیان دایەوە، هیواداربن بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بەڕێزان وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و، وەزیری کاروباری پێشمەرگەش ئامادەبن بۆ ئەوەی قسە لەسەر کاروباری ئەو وەزارەتانەش بکەین.
ئێستاش کۆتایی بەم دانیشتنەمان دێنین بەو هیوایەی کە کۆبوونەوەی داهاتوومان لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا ببەسترێت.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا<br>سکرتێری ئەنجوومەن | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا<br>جێگری سەرۆک | جوهر نامق سالم<br>سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/٨/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١١

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.**
**سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- راپۆرتی بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.**
**٢- راپۆرتی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە.**
**٣- لێکۆڵینەوە لە کێشەو ڕووداوەکانی کەلار و چەمچەماڵ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمرۆش کۆبوونەوەکەمان کراوەیە و برایان وەزیری گواستنەوە و وەزیری کاروباری پێشمەرگە لە بارەی ئەوەی کە تا ئێستا کراوە، یان ئەنجام دراوە،لەم کۆبوونەوەیەدا قسەمان بۆ دەکەن.
پاشان هەر پرسیارێکێتان هەبێ دەربارەی ئیشوکاری ئەو وەزارەتانە دەتوانن ئاراستەیان بکەن و ئومێدەوارین بتوانین لەم دانیشتنەدا ئەم ئیشە ئەنجام بدەین، ئێستاش جەنابی وەزیری گواستنەوە ئەگەر ئامادەیە با بفەرمووێت دەست پێبکات..

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن کە پشنیارێکم هەیە پێش ئەوەی بەڕێزان وەزیری گواستنەوە وگەیاندن و وەزیری پێشمەرگە راپۆرتەکانیان پێشکەش بکەن، وەکو دەزانم چەند کێشەیەک هەیە لە ناوچەکانی گەرمیان لە کەلار و لە چەمچەماڵ، ئینجا ئەندامانی پەرلەمانی ئەو ناوچەیە کە لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکەن پێشنیارێکیان هەیە حەز دەکەن پێشکەشی پەرلەمانی بکەن، ئەگەر رێگە بدەن بە نوێنەرانی ئەو ناوچانە لەو بارەوە راپۆرتێکی کورتتان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی پەرلەمانیش بە پەلە بڕیاری لەسەر بدات و، بە زوویی فریای بکەون و چارەسەری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ و یاسایی ئەنجوومەن و، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، ئەم دانیشتنەمان تەرخان کراوە بۆ تەنها دوو بڕگە، بەڵام ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندی بفەرموون ئەم پێشنیارەش دەکەینە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بڕگەیە وەکو پێشنیارێک ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار وایە کە خاڵی سێیەم لە دانیشتنی ئەمڕۆماندا ئەوەبێ کە باسی کێشەی کەلار و چەمچەماڵ بکرێ،کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەس نییە، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ئدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بە کورتی ڕاپۆرتی وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنتان پێشکەش دەکەم، هەروەها دەربارەی ئەو شتانەی کە لەم ماوە کورتەدا ئەنجامان داوە، من لە ١٩٩٢/٧/٦ دەستم بەکار کرد هەر لە یەکەم ڕۆژدا هەڵسام بە سەردانی ئەو بەشانەی کە سەر بە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنن بەهەر سێ جۆریەوە کە ئەمانیش گواستنەوەی (وشکایی، ئاسمانی، ئاوی) یە لە کوردستاندا تەنها گواستنەوەی وشکایی هەیە وئەویش دامودەزگاکانی لەکوردستاندا نەماوە ڕەت کراوەتەوە فەرمانبەرەکانی دابەش کراون بەسەر بەشی گەیاندندا بە هەر سێ بەشی (تەلەفۆنات، کابیناتی محوری، مایکرۆف، شبکات) و بەشێکی تریش هەیە کە بەشی (کەش ناسی)یە، ئێمە هەڵساین لە یەکەم ڕۆژەوە زانیاریمان کۆکردەوە دەربارەی ئەو بەشانەی کە سەر بە وەزارتەکەمانن، لە ڕۆژی ٨ـ ١٩٩٢/٧/٩ سەردانی بەشەکانمان کرد لە شاری هەولێر، هەروەها لە ڕۆژی ٧/١١ سەردانی شاری سلێمانیم کرد و چاوم بە بەڕێوەبەر و لێپرسراوی بەشەکانی سەر بە وەزارەت کەوت، بە تێروتەسەلی لەو کێشە وگیروگرفتانەم کۆڵیەوە کە لە پێشیاندایە کە پێویستیان بەتێست هەیە، بۆیە لە ڕۆژی ٧/١٣ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان لەگەڵ بەڕێوەبەرو لێپرسراوی بەشەکانی سلێمانی و هەولێر ودهۆک کرد، بۆ ئەوەی ئەو دامودەزگایەی کە لە کار کەوتوون بیانخەینە ئیش، ئەوە بوو یەکەمجار دەستمان کرد بە دامەزراندن و بە ئیش خستنی دامودەزگاکانی پۆستە لە ناو کوردستاندا، یا خود لە ناو شارەکاندا، لە نێوان هەولێر و سلێمانی و دهۆک و قەزا و ناحیەکاندا، هەر لە ڕۆژی ٧/١٩ توانیمان ئەو کارە ئەنجام بدەین و، ئێستا

دامـودەزگـای پۆسـتـە کـەوتوونـەتە کـارو ئیش دەکـەن لە کـوردسـتـاندا، هەروەها پرۆژەیەکـمـان پێشکەش کرد لەسەر چۆنیەتی بەستنی کوردستانی ئازادکراو بە دەرەوەی ولات، بەلام لەبەر چەند گیروگرفتێک نەگەیشتووینەتە ئەنجام.

دەربارەی چوونی پۆستـە ئێمە بۆ ماوەی ٤تا ٥ مانگ پولمان ماوە لەو پولە کۆنانەی کە بەکاری دێنین پێشنیارمان کردووە کە پولێک لە هەرێمی کوردستان دەربچێت بۆ پۆستە و دوایی بڕیاری لەسەر دەدرێت چۆنیەتی ناوەڕۆکی ئەو پولە چۆن بێت، پۆستە ئێستا لە نێوان شارەکاندا ئەم ئیشانەی خوارەوە دەکا:

١ـ ناردنی نامەی ئاسایی مسۆگەر.

٢ـ پارە ناردن بە پۆستە پێی دەلێن(حەوالە).

٣ـ ناردنی رزمە و فرۆشتنی پولی پۆستە.

ئەم هەمـوو ئیشـوکارانە پۆسـتـە پێی هەلدەستێ، هەروەها بایەخێکی زۆرمان داوە بە (صیانە) چاک کـردنی بە دالەکـان، چونکە زۆر تێک چووە بە تایبەت بەدالەی شـاری سلێمـانی و شـاری دهۆک. هەروەها پرۆژەیەکی ترمان لەبەر دەستایە ئەویش چۆنیـەتی گـەیاندنی شـاری هەولێـر بە شاری سلێمانی بە تەل یانی بە تەلەفۆنات شەش خەتی تەلەفۆنی دوو تاقی کردنەوەمان کردووە تا ئێستا یەکێکیان نێوان سەری رەش و هەیبەت سولتان ئەمەیان تا ئێستا سەرکەوتنی هێناوە تاقی کـردنەوەی دووەم نێــوان هەیبــەت ســولــتــان و دەربەندی بازیان ئەوەش لەبەر ئەوەی ویـستگەیەکمان لە دەربەندی بازیان هەبوو هەمـووی تێک چووە هیچی نەماوە پێویستی بەوەیە کە بنایەکە تازە بکرێتەوە پارەیەکیشمان بۆ تەرخان کردووە کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی نیشـان داوە ئێسـتـا دەست بەکارن لەوێوە دەبێ ئەو تاقی کردنەوەش سەرکەوێ بە زووترین کات هەولێر لەگەل شاری سلێمانی بە هێلی تەلەفۆن دەبەسترێتەوە لە قۆناغی یەکەمدا شەش خەتی تەلەفۆنی لە قۆناغی دووەمدا ئەو شەش هێلە دەکەین بە ٦٠ هێل.

دەربارەی تۆڕی مـایکرۆف ئەوە هەمـووی تێک چووە وئەو ریپـیتـەرانەی کـە لە نێـوان هەولێـر و کـەرکـووک و سلێـمـانی و کـەرکـووک نەمـاون و هیچ ئومێـدێکی چاک کـردنەوەی نیـیـە، چونکە کەلوپەلێکی زۆری لێ دزراون.

هەروەها دەربارەی فـراوان کـردنی هێـلـی تەلەفـۆن لەنێـوان شـارەکـاندا لە سـالانی (١٩٨٧-١٩٨٨) پرۆژەیەکی وا هەبوو لە شـاری سلێـمـانی و هەولێـر کـە بەدالەیەکی (١٠) هەزار خـەتی دابمەزرێت وئێـسـتـا بیناکـەشی ئامـادەیە، بەلام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بە سەر عێراقدا هات لە دوای شەڕی کەنداوە پرۆژەیەکە وەستا، بەلام خۆمـان هەول دەدەین بە هاوکاری کۆمـپـانـیـایەکی فـەرەنسی کـە ئەم پرۆژەیە تەواو بکـەین لە مـاوەیەکی کـورتدا، چونکە ئەم بەدالەیەی ئێستا کۆنە وجۆری کرۆزبارە، بەلکو بتوانین بەدالەیەکی ئەلەکترۆنی دابین بکەین.

هەروەها دەربارەی کـێبلاتی مـیحوەری کـە شارەکـان بە ناحیـە و قـەزاکـان بـبەسـترێتـەوە ئەمـە

گیروگرفتێکی تره ئەوەی کێبڵەکان هەر مانگێک دوو مانگ پێش ئێستا خەریکی بردنی بوون لە نێوان ئێرە و قوشتەپە لە نێوان سلێمانی وچەمچەماڵ ئێمە کە ئاگاداری بەرەی کوردستانیمان کرد ئاگاداری لایەنەکانی تریشمان کردووە بە داخەوە نەیانتوانی هیچ بکەن بەشێکی زۆری لەم کێبڵانە دزران، بەدالەی قەزاو ناحیەکان بەشێکیان ئیش دەکەن بەشێکیان ئیش ناکەن، بەڵام ئەوەی کە زۆر تێک چووە شاری دهۆک و قەزاو ناحیەکانیەتی پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە، ئێمە وەزارەتێکین لە سفرەوە دەستمان پێکردووە بینایەمان نەبوو، بەڵام توانیومانە لەو ماوەیە بینایە بە دەست بهێنن، هەروەها گیروگرفتی گواستنەوە لە ناو شارەکاندا زۆرە ئێمە کۆبونەوەمان لەگەڵ شۆفێرەکان کرد کە پابەندی نرخ بکەن پابەندی خەتەکانیان بکەن، بەڵام بەداخەوە رۆژ بە رۆژ سەر بەخۆ نرخ زیاد دەکەن ئەوە بوو دواجار کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ کردن و دراسەیەکمان لە نیقابە داوا کرد لە بارەی نرخی گاز بۆ ئەوەی بتوانین نرخی گەیاندن دیاری بکەین لە ناو شارەکاندا.

خاڵی سێیەم: دابەش کردنی تەلەفۆنات، ئەو ماوەیەکە لەلایەن بەرەی کوردستانی بەڕێزەوە دابەش کراوەتە سەر هاووڵاتییان، ئێستا وەزارەتەکان کە دامەزراون داوای ژمارەمان لێ دەکەن بۆ پێداویستی حکومەت و بۆ پێداویستی تر و، ئەبێت ئەو تەلەفۆنانە لە هاووڵاتیان وەربگیرێتەوە، چونکە مانای نییە کە هەر کۆمیتەیەک، یان رێکخراوێک دوو تا سێ تەلەفۆنیان لایە، چونکە ئەگەر ئەم ژمارانە کەم بکرێتەوە ئەوا کەلێنێکی گەورەی پێویستییەکانی حکومەت پر ئەکاتەوە.

گیروگرفتێکی ترمان هەیە ئەویش نەبوونی جێگا، چونکە زۆربەی زۆری ئەو بینایانەی کەسەر بە وەزارەتەکەمانن ئێستا رێکخراوی حزبی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد بۆ چۆڵ کردنی ئەو بینایانە، بەڵام تا ئێستا چۆڵ نەکراوە.

گیروگرفتێکی تریشمان هەیە ئەویش پارەی تەوفیری ئەو خەڵکە کە لە پۆستە دایانابوو و ئەو پارەیە کاتی خۆی حکومەت رایکێشاوەتەوە، ئێستا هەموو رۆژێ ئەو خەڵکە دێنە سەرمان و داوای پارەکەیان دەکەن ئێمەش هیچ سیولەیەکمان نییە.

کێشەیەکی ترمان هەیە ئەوەیش نەبوونی ئۆتۆمبیلە، هەر لە شاری سلێمانی نزیکەی 27 ئۆتۆمبیل لە کاتی راپەرینەکە بردراوە تا ئێستا هیچی نەگەڕاوەتەوە هەروەها لە شاری هەولێر و لە شاری دهۆکیش ئێمە هیچ ئۆتۆمبیلێکمان نییە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانمان و، هەروەها گیروگرفتێکی ترمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەمانەوێت بەشی (ترددات) دروست بکەین بۆ پەخش کردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆی حکومەت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەر حزبێک هەستاوە بەرنامەی تەلەفزیۆنی، رادیۆی بۆخۆی داناوە، ئەمە بۆتە هۆی دروست بوونی دیل سایت لەلای راستەوە لای چەپی هەموو مەدایەکە ئەگرێتەوە نایەڵێت بەرنامەی حکومەت بەتەواوی پەخشی خۆی بکات، بۆیە پێویستە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، کێشەیەکی زۆری بۆ

دروست کـردووین ئەوەش دەبێت چارەسـەری بکەین ، چونکە ئـەوە دامـەزراندنـی تۆڕی تەلەفـۆن ئیش دەکا لە هەمان کاتدا دەربارەی کـەش ناسی (انواء الجـوي) بێ گومان ئەمە گرنگـیـەکی تایبـەتی خۆی هەیە لە هەموو وڵاتێکدا، بێگومـان ئەم دامـودەزگایەش کـەمـوکـووڕیـیـەکی زۆری هەیە، پێـشـان هەر دامـودەزگـایەک لەمـانە سـەر بە بەغـدا بووە ئێـسـتـا هەمـووی سـەر بە وەزارەتەکـەی خۆمـانە ئەوەش لە داهاتـویەکی نزیکدا بەکـاریان دێنینەوە بۆ ئەوەی سـوودیان لێ وەربگرین ئەمە کورتەی ئەو راپۆرتە بوو دەمویست پێتانی بگەیەنم ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

دەربارەی ئەو راپۆرتەی کە بەڕێز وەزیری گواستنەوە وگەیاندن پێشکەشتانی کرد چ پرسیـارو و پێشنیارێکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پرسیارێکمان هەیە دەربارەی کێبلاتی تەلەفۆنات، کێبڵی سەرەکی لەناو زەویدایە لە پێشدا هەر کەسێک کێبڵی سەرەکی بپچڕاندایە یەکسەر دەدرایە دادگا وسزای دادگاش قەرەبوو(تعویض) بوو کە ئەگەیشتە (٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ )هەزار دینار، بەڵام لەم ماوەیەدا لە شارۆچکەی عەنکاوە کـێـبـڵـێـک پچڕاوە لەلایەن هاووڵاتیـەک کە بە هۆی ئاو راکـێـشـانەوە (٥٠) هێـڵی تەلەفـۆنی پچڕاندووە، ئایا ئەم هاووڵاتیبە بەپێی یاسا ئەبێت پارە بدات بۆ چاککردنەوەی کێبڵەکان، یان دەدرێ بە دادگا؟ ئایا ئەم یاسایە ئێستا ئەچەسپێنرێت لە کوردستاندا یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. عـیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـول:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە راپۆرتەکـەی بەڕێز وەزیری گـواسـتـنەوە وگـەیاندندا دەردەکـەوێ کـە کـارەکـانی ئەوانیش بەشێوەیەکی سەرەکی ئەکەوێتە ئەستۆی حزبەکانەوە وبەتایبەتی سەرکردایەتیی حزبەکان ،ئایا ئێوە داوای هاوکاری ئەوانیشتان کردووە بۆ سەرکەوتنی ئەم ئیشانە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە بارەی هۆی گـواسـتـنەوە وگـەیاندن بە راسـتی گـیـروگرفـتـمـان زۆرە، نرخی گـواستنەوە لە نێـوان شارەکاندا زۆر بەرزە و پێویست وایە ئەگەر بۆتان بکرێت چەند پاسێکی تر دابین بکەن بۆ گواستنەوە، لە بارەی پرۆگرامی کەش ناسی دەبێت ئەم پرۆگرامە لە تەلەفزیۆنەکاندا هەبێت، چونکە لەمەولا زستانە و پێویستمان پێ دەبێت بزانین کەشەکە چۆنە، وشـتـێکی سوودمەندە ئەگەر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز ئەیـاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پرۆژەیەک هەبێت بۆ بەستنەوەی تەلەفۆنات وئامێرەکانی فاکس و ئەو ئامێرانەی کە بۆ پەیوەندیی

کردن بە کاردێن لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیادا، خاڵی دووەم ئەوەیە تا ئێستا دەرکردنی هەر بڕیارێک پابەندبوونی نییە و، لەمەودوا هەر بڕیارێک دەربچێت سزای لەگەڵ نەبێت کەس پابەندی ئەو بڕیارە نابێت، بڕیارەکەش سوودی نامێنێت.
خاڵی سێیەم: پشتگیری وتەکانی بەڕێز مەلا هادی دەکەم، کە چارەسەرێک بۆ کێشەی بردنی کێبلاتی تەلەفۆن دابنرێت لەلایەن کەسانی تایبەتمەندەوە، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بەڕێز وەزیری گواستنەوە و گەیاندن باسی ئەو پارەیەی کرد کە لە پۆستە و رژێمی عێراق دزیویەتی، ئەم بەیانییە هەواڵ گەیشت لە رۆژنامەکانی جیهان کە ئێستا ئەنجوومەنی ئاسایش دانیشتووە دەربارەی مافی مرۆڤ لە عێراقدا سەیر دەکەن بەتایبەتی ئەو تاوانانەی کە لە خەڵکی کراوە، ئێستا هەندێکیان بێ پارە ماونەتەوە ئەمیش بە هۆی بردنی پارەکەیان لە بانکەکانی وڵات لە لایەن رژێمی عێراقەوە، داوا ئەکەین کە ئەم خاڵەش زیاد بکرێت بۆ بەرنامەی کاری ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر خاڵەکانی مافی مرۆڤی عێراقیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی ئەم پرسیارەمان بەروونی بدەنەوە کە ئەو تەلەفۆناتەی دامودەزگاکانی حزبی بەعس، ئێستا حزبەکان بەسەر رێکخراوەکان وپێشمەرگەکانی خۆیان دابەشیان کردووە، ئایا بەشێوەیەکی شایستە دابەشکراون؟.
بە نیسبەت ئەوانەی سیولەیان هەیە ئەمە رەنگە وەزارەتی دارایی و ئابووری بگرێتەوە، چەند لیژنەیەک هاتووە بۆ دروست کردنی پول، هەر چەندە باسیشی کرد، بەڵام بۆمان روون بکاتەوە کە قەبارە و (مواصفات)ی چۆن بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی بەداڵە هەیە کە (١٠٠) خەتی تیایە و چارەسەرکردنی ئەو شکاویەی کە تیایەتی دەبێتە بارسووکی بۆ مووچەی فەرمانبەران، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری گواستنەوە وگەیاندن زۆر بە چاکی خاڵەکانی روونکردنەوە، بەڵام بیری چارەسەرکردنەوەی نەکردووە، هەموو مادەیەکی یاسایی لە بەر دەستایە راستە ئەگەر پاداش وسزا نەبێت شتەکە چارەسەر ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەی هەفتەیەک دەبێت لە ڕێی دەربەندیخان هەندێ کەس بە ئاشکرا کێبلی محورەکان دەبەن و ڕای دەکێشنە دەرەوە، بە ڕای من پێویستە هەوڵێکی بە کۆمەڵ بدرێ بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە چ لە ڕێی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە و چ لە ڕێی وەزارەتی پێشمەرگەوە و چ لە ڕێی وەزارەتی ناوخۆوە، چونکە کورد دەڵێ ئەگەر زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکانمان ئەوەندە بوون، ئەگەر جەنابی وەزیری گواستنەوە وگەیاندن ئامادەیە بۆ وەڵام دانەوە با بفەرمووێ، بەڵام ئەگەر ڕوخسەت بدات دوو شت هەیە پێشتر باسیان ئەکەین بۆ ئەوەی برادەران ئاگاداربن، ئەوانیش ئەمانەن.

دەستدرێژی (پ.ک.ک)ە کە، وا دیارە دوێنێ مەڕوماڵاتێکی زۆری هاووڵاتییانیان بردووە بۆ خواردن و دەستیان بەسەر دا گرتووە، هەروەها بە پێی هەواڵێکی تر لە دەورو بەری ئاکرێ، هەر دوێنێش هەوڵیان داوە کە دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بڕفێنن، ئەمە بۆ زانیاری برایان.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کێبلی ژێر خاکی (عنکاوە)، یا هەر کێبڵێکی تر کە دەدزرێ، بە پێی یاسا ئەو کەسانە دەبێ سزا بدرێن، بەڵام تا ئێستا یاسای وەزارەتەکەمان لەلای ئەنجوومەنی وەزیرانە هەر کاتێ ئەو یاسایە ڕەزامەندی لەسەر نیشان درا ئەو کاتە ئێمە بە پێی یاساکە سزای ئەو کەسانە دەدەین کە هەڵدەستن بەوکارە.

سەبارەت بە بەدالەی دهۆک (دسکی ذاکرە)ی کەمە ئەوە مانگێکە کە لەکار کەوتووە، ئەوا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا شتێکمان بەر دەست کەوێت وەکو پێویستیەکانی خۆمان لە دەرەوە و، ئەو کەموکوورییەی کە هەیانە نووسیویانە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە بێن و بەدالەکە چاک بکەینەوە.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی هاووڵاتییان کە پێشان هەبوو ئێستا داموەزگاکەی هەڵوەشاوەتەوە و دەمێکە لە کوردستان نەماوە و، لە تواناشماندا نییە کە لەو بارە ئابوورییە ناخۆشەی کە ئێمە تێیدا دەژین ئۆتۆمبیل بکڕین، کە سەر بە وەزارەتەکەمان بێت و هەڵسێ بەو ئیشوکارە ئەوەی هەیە سەر بە خەڵکە ئەوانیش لە بەرژەوەندی خۆیان گازوایل گران دەکەن، ناتوانین زاڵ بین بە سەر بارودۆخەکەدا.

دەربارەی دەنگو باسی کەش و هەوا لە تەلەفزیۆن ئەوە شتێکی باشە خۆم پێم ڕاسپاردوون ولە ٧/١٣ کۆبوونەوەم بە بەڕێوبەرایەتیەکانی کەش وهەوا ( انواء الجوي)ی هەموو کوردستان کرد، کە ئەوە هەڵسن بەو کارە لە تەلەفزیۆنەکاندا، بەڵام تا ئێستا لەبەر چەند هۆیەکی فنی

نەیانتوانیوە دەزگاکانیان بە ئیش خەنەوە وئومێد دەکەین کە لە داهاتوودا بەم کارە هەڵسن.
دەربارەی بەستنەوەی فاکس و پەیوەندیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات، چەند پرۆژەیەکی ئەهلی هەبوو کە کێبڵی ئەهلی بێنین و داینێن، چەند هێڵێکیش بە سەتەلایت، یاخود بە مانگی دەسکرد و بە هێڵی تەلەفۆنی بێن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببەستن بە دەرەوە، بەڵام ئەو رۆژە من پەیوەندیم لەگەڵ کردن وا دیارە ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە مام جەلال لە تورکیا بوو بەڵێنیان پێ دابوو کەوا ئێرە بە تۆڕی مایکرۆویفی تورکیەوە ببەستێت، وتیان ئێمە دەترسێین ئەوە بڵێین زۆری تێ دەچێت لەسەرمان و ئەمەش ببەسترێتەوە زەرەر دەکەین جا لەبەر ئەوە چەند هەفتەیەک ئەم پرۆژەیان دوا خستووە، بە نیسبەت پابەند نەکردنی شوفێرەکان بە مەسەلەی نرخەوە، راستە دەبێت هەموو بڕیارێک سزای لەگەڵدا بێت ئێمە کە ئەو شتەمان خستەرووی شوفێرەکان، کۆمپانیای سەفین پابەندی بوون، ئەوانی تر پابەندی نەبوون بە کەیفی خۆیان نرخ دادەنێن و ئەگەر سزا نەبێت پابەندی نابن.
بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە پارەیان هەبووە لە پۆستە و دزراوە، ئەگەر فاکسێک بدرێت بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی شتێکی باشە وابزانم ئەمە ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە داوای لێ بکرێت لێی بکۆڵرێتەوە.
سەبارەت بە کەم کردنەوەی هێڵی تەلەفۆنی لە بەڕێوەبەراتیەکاندا هەر لە کاتی خۆیدا ٥٠٪ کەم کراوەتەوە من ئەمڕۆ هەر گەیاندنی لام بوو، چونکە لیستەیەک کە کاتی خۆی دابەش کراوە و ئەوانەی کە کەم کراونەتەوە و دراوە بە خەڵکی چەند حاڵەتێکە، ئێوە ئێستا ناتوانن هیچ بکەن ، چونکە کراوەتە ناوی ئەو کەسەوە و ئەوانیش فرۆشتویانە بە یەکێکی تر ئەمە گرفتێکی زۆری تێدایە دووسێ قۆناغی بڕیوە، چونکە ئەمە ساڵێک زیاتری بەسەردا تێپەڕیوە، ئێمەش ئەوەی لەبەر دەستماندایە وشایستەی نیبە لێی دەستێنینەوە.
سەبارەت بە پولی مالی گوتم ئێمە هەڵدەستێن بە دروست کردنی پول بە شێوەی چارەکە دیناری و، نیو دینار و تەنها بۆ پۆستە بەکار دێ لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستاندا جا ناوەڕۆکەکەی چ دەبێت، ئایا بۆردومانی هەڵەبجە بێت، یا دیمەنێکی کوردستان بێت، دوایی دەتوانین بڕیاری لەسەر بدەین. دەربارەی بەدالەی کفری ئێستا ئەو ناوچانەی کەسەر بە پارێزگاری کەرکوک و شوێنی تر بوون ئێمە وامان کردووە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنی سلێمانی بن، چونکە بەڕێوەبەرایەتیان نیبە ئێمە سەبارەت بە داهاتەکانیان و مووچەکانیانەوە بە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی سلێمانییەوە جێبەجێی دەکەین.
ئەو کێبڵانەی کە دەدزرێن ئێمە بە بەرەی کوردستانیمان راگەیاندووە و وتمان قەدەغەی کەن، بەڵام وا دیارە دەسەڵاتیان نەبووە و ئەو کەسانەی کە پێی هەڵدەستان هەر پێشمەرگەکانیان بوونە.
هەروەها ئێمە کێشەیەکی تریشمان هەیە ئەویش ئەو وێستگەیە کە لە بازیانە، تا ئێستا دوو

جار تێک دراوە ئەوەش خۆ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی لێیە و شوێنەکەشی بەرزە کەس نایگاتێ تەنها ئەو کەسانەی کە خۆیان پارێزگاری ئەو شوێنە دەکەن.

پرسیارێکی تریش هاتووە دەربارەی یەکێک لە بەڕێوەبەرەکان نارەزایی دەردەبڕن کە کەسێکی باش نییە ودەبێ بگۆڕدرێ، ئێمە تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتیمان دانەمەزراندووە کەی دامانمەزراند ئەو کاتە بەڕێوەبەری تازەش دادەنێن و هەر کەسێکیش شایەنی نەبێت لەو شوێنە دانانرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د. ئیدریس، بەڵام دەربارەی سزادان تاکو ئێستا هیچ دەقێکی یاساییمان نییە، یاخود بڕیارێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەنجومەنی وەزیرانیشمان نییە کە دامودەزگاکانی ئەنجومەنی وەزیران بکات لە سزادانی سەرپێچی کاران قەدەغە بکا، چونکە هەندێ دەقی یاسای عێراقی تاوەکو ئێستا کاری پێ دەکرێ و، ئێوەش دەتوانن پەنایان بۆ بەرن و بەکاری بێنن بۆ سزا دانی ئەو کەسانەی کە سەرپێچی لە بڕیارەکان دەکەن،تاوەکو وەزارەتەکان یاسای سزادان دەردەکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکی تریش هەیە کە زۆر گرنگە ئەویش دیاردەیەکی زۆر ناشرینە وناشارستانیە کە لە تەلەفۆندا بە خەڵکی رادەبوێرن وگاڵتە دەکەن، پێویستە سزایەکیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانرێت وبە قۆناغ بێت لە قۆناغی یەکەمدا با لە(١٠٠ تا ٥٠٠)دینار جەزا بدرێت و(٦) مانگیش تەلەفۆنەکە ببڕدرێت و، ئەگەر دووبارەی کردەوە ئەو بدرێتە دادگاو سزا بدرێت، جا پێویستە بایەخێکی تەواو بدرێتە ئەم کێشەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیارەکە بۆ سزادانی ئەو کەسانەیە کە هاووڵاتییان بێزار دەکەن بە تەلەفۆن، وابزانم پێش ماوەیەکیش وەکو وەزارەت بڕیارێکتان دەرکرد بۆ ئەم جۆرە گرفتانە ئەویش بە بڕینی تەلەفۆن وجەزادانی ئەو جۆرە کەسانە، جا با بزانین کەس پرسیاری نییە، ئەگەر لیژنەی یاسا هیچ پرسیارێکیان هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسایی عێراقدا دەڵێ هەر کەسێک خەڵک بێزار کات بە تەلەفۆن سزای دەدرێت، بەڵام قسەکەی بەڕێز وەزیر دەڵێ سزایەکی توندتری بدرێت، وەکو وتیشی ئێوە پرۆژەی یاساکە پێشکەش بکەن لەرێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و لە پەرلەمانیش دەبێت لیژنەی یاسای قسەی لێ بکات، بۆ ئەوەی سزایەکی توندتر دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە رێزی خەڵک ناگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەکەم، وەزارەت دەتوانێت بڕیارێک دەرکات لە بارەی ئەم بابەتەوە و سەرنجی ئەو خەڵکەش رابکێشێت کە ئەگەر کارێکی وا بکەن بە توندی سزا دەدرێن وئەنجوومەنی نیشتمانیش پشتیوانی ئارامی و ئاسوودەیی خەڵکە، دووەم پرسیارەکەی بەڕێز د.عیزەدین وەڵام نەدرایەوە.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئێمە نووسراوێکمان کردووە لە بارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەوە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە دەمان دەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارم کەکرد فاکس بکرێ بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، چونکە ئەمڕۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنیشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمڕۆ ناوی ئەو کەسانەی کە پارەیان لە پۆستە ولە بانکەکاندا براوە نووسراوە بۆ ئەوەی بە فاکس بدرێت بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئایا دەکرێ ئەمڕۆ ئەو فاکسە لێ بدرێ؟!.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر ئەمڕۆ ناتوانین، چونکە دەبێ (دەفتەری توفیر)ەکان کۆ کەینەوە وبزانین ئەو کەسانەی کە پارەیان نەمامەوە چەندن و پارەکەیان چەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە نابێت ئەم شەو لە گشتِ دەزگاکانی راگەیاندندا بلاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی پارەیان براوە بێن و ناونووس بکرێن؟.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر بکرێ بە برگەیەک و بنێردرێت و دوایی بنوسن لە پاشکۆی روونەوەکەدا بۆتانی رەوانە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە تەخمینی ئەو مەبلەغەمان بەم شێوەیە کردووە،هەولێر نزیکەی (١,٥) ملیۆن دینار هی سلێمانی ملیۆنێک نابێت کەمترە و هی دهۆکیش هەروایە یانی مەبلەغەکە هەر(٢ تا ٣) ملیۆن دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە وەکو پێشنیارێک خراپ نییە ،ئەگەر ئەمشەو فاکسێک بکرێ بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی و بڵێین پارەی هاووڵاتییانەی کە دزراوە لە بانکەکاندا لە سنوری ئەوەندەدایە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها پارەی تەوفیر نییە کە لە بانکەکاندا دزراوە بەڵکو پارەیەکی زۆر لە بانکەکاندا دزراوە، کاتی خۆی لە ئەنجوومەنی وەزیراندا کردمان بە بڕگەیەک وناردمانبۆ .بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە تەخمینێکتان لایە بە ژمارە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا ناتوانم بە راستی بیلێم، بەڵام ئەوەی کە کردوومانە بە ژمارە لامانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەتوانن ئەمشەو تەواوی بکەن.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر ناتوانین ئەم شەو تەواوی کەین، بەڵام بۆ بەیانی دەتوانین ئامادەی کەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەیانیش خراپ نییە ئەگەر فاکسێک بکرێ و پێشنیارەکەی کاک یۆنادم لە جێگای خۆیەتی کە فاکسێک بکرێ بۆ ئەم بابەتە وبەتەخمین شتێک دابنرێ.

ئێستا با بڕۆین بۆ خاڵی دووەم جەنابی وەزیری کاروباری پێشمەرگە ئەگەر شتێکی ئامادە کردووە با بفەرموێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو قسانەی کە کران بۆنی نائومێدی وبێ دەسەڵاتی لێوە دێت، جا من پێشنیار دەکەم ئەو قسانەی کە کران لە تەلەفزیۆنەکان با بڵاو نەکرێتەوە، چونکە بێ ئومێدی بۆ کۆمەڵانی خەڵک پەیدا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا هەندێک راستی تێدایە خراپ نییە ئەگەر خەڵکیش بیزانێ ئەوەیشی مایەوە دەهێڵینەوە بۆ برادەرانی راگەیاندن کە چۆنی بڵاو ئەکەنەوە، ئێمە لەو باوەڕداین کە ئەو جۆرە ڕێبازە پێویستە لە راگەیاندنی ئێمەدا هەبێت.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر بڕیارێک هەبوو کەلیژنەیەک دروست کرا بۆ یەکبونی هێزی پێشمەرگە، ئەو لیژنەیە برادەرانی هەموو لایەنە سیاسیەکانی تێدا بوو رۆژی ٩٢/٨/٤ کۆبوونەوەی لیژنەکە کرا لە هۆڵی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە هەولێر پاش گفتوگۆیەکی زۆر و هەر برادەرێک کە نوێنەرایەتی لایەنێکی سیاسی دەکرد بە درێژی هەڵوێستی خۆیان دەربڕی و لە پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە..

١- دروست کردنی یەکەکانی سەربازی و ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵێ بابەت هەیە کردم بە خاڵی دووەم، لەبەر ئەوەی کێشەی یەکبونی پێشمەرگە گرنگە کردمان بە هەنگاوی یەکەم گفتوگۆی بکرێ بۆ یەکبونی پێشمەرگە بەکۆمەڵ لیژنەکە پاش گفتوگۆ کردنی دوورو درێژ بڕیاری دا لەلایەنە سیاسی یەکان پێشمەرگەی چالاک و بە توانا چەکەوە وەربگرێ سەبارەت بە هەر رێژەیەک لەلایەنە سیاسییەکاندا وەکو هەنگاوی یەکەم وەکو بۆچوون، بیرۆکە بۆ دروست کردنی هێزێکی یەکگرتووی رێک و پێک و بە توانا لە هەر پارێزگاکاندا بۆ پاراستنی ناوچە رزگار کراوەکان لە دوژمن. لیستەکان بە پێ ی ئەم ژمارەی خوارەوە لە پاش وتوویژی زۆر پارتی و یەکێتی لە هەر پارێزگایەک بە (٥٠٠) پێشمەرگەی یەکگرتووەکان واتا حسک و پاسۆک و گەل(٤٠٠) پێشمەرگە، زەحمەت کێشان، حزبی شیوعی(١٠٠) پێشمەرگە ئاسوری یەکان(١٠٠) واتا دەکاتە (١٥٠٠)، یانی لە نێوان هەزارو پێنج سەد (١٥٠٠) تاکو (٢٠٠٠) لە هەر پارێزگایەک وەکو بیرۆکەیەک ئەم پێشمەرگە هەنگاوێک کۆبکرێتەوە بە مەرجێک، مەرجی یەکەم سەرکردایەتی بۆ پێک بهێنێ پێویستە لە هەر پارێزگایەک سەرکردایەتیی پێشمەرگە هەبێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەو هێزانەی کە دروست دەکرێن لە پێشمەرگە. چەند برادەرێکی توندو چالاکی لێ هاتووی پێشمەرگە و چەند ئەفسەرێکیش یارمەتیان بدات و رێک خستنیان بەپێ ی رێکخستنی پێشنیار کراو کە دانراوە.

٢- پێویستە جلوبەرگی تایبەتییان هەبێت و پێویستیەکانی تریان بۆ دابین بکرێ دەبێ نیشانە و دیار کراوی تایبەتی خۆیان هەبێت یارمەتی سەربازی لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەبەر ئەوەی نرخیش هەموو رۆژێ دەگۆڕێ بڕیار درا کە یارمەتی و نەسریە بەم جۆرە بێت:

بۆ هەر پێشمەرگەیەک مانگی «٢٥٠» دینار مووچەو «١٥٠» دینار ئازووقە تەرخان بکرێ، کە لەوانەیە بۆ پێشمەرگەو ئەفسەران سەرئەنجام بکاتە رادەی «٥٠٠» دینار، کە بۆ ئەمڕۆ هەر ئەوە لە توانادایە.

مەسەلەی پێویستەکانی تر هەیە وەکو چەک، یاخود ئەو بەدلانەی کە لەبەری دەکات ئەمیش لیستەیەکی هەیە، بەڵام ئێمە بە مەزندە قائمەکانمان نەکردووە، چونکە وەزارەتی دارایی دەستەبەر

ناکرێ بۆ ئەو بەدلانەی کە لە بەری دەکا، پێویستیەکانی شەڕ سروشتی عبارەتە بەسێ مادە، ئەم مادانە جارێ دواخران تەنها شتی پێویست رەچاو کرا وەکو خواردەمەنی ئێمە نووسیومانە (١٥٠) دینار دووجۆر خواردەمەنی هەیە، خواردەمەنییەک هەیە لە ناو پێشمەرگە پێی دەڵێن سەرەکی ئەویش بریتییە لە (ئارد و برنج و رۆن و شەکرو چای و خوێ) یە لەگەڵ یەک مادەی تر پێی دەڵێن (نیسک ونۆک) لەوانە ئەم (١٠) مادەیە پێویستە و، نرخی ئەم مادانە دەگاتە (١٣٦)هەزار دینار رۆژانەش پێشمەرگە پێویستی بە جۆرە ئازووقەیەکی تر هەیە ئەویش (سەوزە، گۆشت) و شتەکانی تریش کە هەمووی دەگاتە (١٦٢) دینار، بۆ یەک مانگ بۆ یەک پێشمەرگە (١٦٢)ە، بۆ مەسەلەی مووچەش پێشمەرگە، ئێستا ئێمە ژماردمان لەسەر بنەمای (١٥٠) دینار بۆی خەرج بکرێ کە وتمان رێژەی ئەو کەسانەی کە پێشمەرگەی کۆنن، ئەو کەسانەی کە فەرماندەی کۆنن، ئەو کەسانەی کە زۆر دەمێکە ئیشیان کردووە لە پێشمەرگایەتیدا، سالانەی پێشمەرگایەتیان بۆ دەژمێردرێ و پێشمەرگەی تازەش لەسەر بناغەی (١٢٠) دینارمان داناوە بە ناو بێ دەڵێن چۆن تەزەخومی بازار ئەوی تازە (١٥٠) دینار بەرەو ژوور دەبێتەوە وا بزانم دەتوانین هەموو لایەکی رێک بخرێت بەو جۆرە رێژەکەی هەمووی دەگاتە (٩٠٠٠٠٠) هەزار بۆ یەک پێشمەرگە بۆ ئازووقەکەی بۆ مووچەکەی لەیەک ساڵدا و بۆ (٣) ملیۆن بۆ (٦٠٠٠٠٠) هەزارەکە، ئەگەر بێتو برادەران لە لایەنە سیاسییەکان وەکو هەنگاوی یەکەم بتوانن لە هەر لایەنێک ئەم ژمارەمان بدەنی و ژمارەکەی مەبە(١٥٠٠)تاکو (٢٠٠٠) هەزار ئەوەمان بە نەرمی وەرگرت بۆ ئەوەی بزانین لایەنە سیاسییەکان کەمتر، یا زیاتر ئەمەوەردەگرن لەبەر ئەو لەسەر بنەمای (٢) هەزار پێشمەرگە و لە هەر پارێزگایەک دەکاتە (١٥٠٠) تا (١٧٠٠) تا (٢) هەزار، ئەگەر هەر برادەرێک پرسیاری هەیە دەتوانین وەڵامی بدەینەوە. ئەوەیە مەسەلەیە گرنگە کە بوو بە مەسەلەی دووەم کە یەکەکانی رێکخستنە جا لەبەر ئەوە من دەستم لە یەکەی رێکخستنم هەڵگرت کە ئەویش بەتێکرا بڕیارمان دا بە بێ (وحداتي نيزامي) دەتوانرێت ئەو ئیشە بکرێ لەبەر ئەوە دەبێ ئەو یەکانە بەپێی ساڵی لەدایک بوون وەربگیرێن بخرێتە سەنتەری راهێنان بۆ رێکخستنیان. دووەم دەستەبەر کردنی ئازووقە و یارمەتییان بۆ بکرێت، جلوبەرگ و کەلوپەلیان بۆ ئامادە بکرێ، دەبێ میزانیەی تایبەتیان هەبێ و پێویستیەکانی چەک و تەقەمەنیان بۆ بکرێ لەگەڵ پێویستیەکانی پەیوەندیی بە نیشتەجێ بوون وەکو راخەر و بەتانیە و شتەکانی تر ئەم باسەم کرد بە بابەتی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو راپۆرتە کە وەزیری پێشمەرگە پێشکەشی کرد، هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام من هەندێ شت دەبینم پاش وپێشی تیایە، چونکە راستە پێشمەرگە رۆڵێکی نیزامی دروست دەکات، بەڵام ئێمە پابەندێکی ئایدیۆلۆجی وسیاسیمان هەیە، بەلای من باشتر وابوو پێش ئەوەی

که بکرێ به لێکۆڵینەوە و میلاک، بزانین پێشمەرگە کێیە ئەو پێشمەرگە سیاسییە، یا دەبێ زۆر لێکراو، یا خۆبەختش بێ، چونکە بارێکی تایبەتی خۆی هەیە ئەو(٦٠٠٠) لە (٦٠٠٠٠) هەزارە ئەوەکەی تر رێک ناخرێ ئەو(٦٠٠٠) رێکوپێک کرا، با لە راپۆرتی وەزارەتی پێشمەرگەدا دروشمەکانی جێبەجێ بکا. چۆن دروشمەکانی هەموو لایەکمانە یەک لەشکری و فرەچەکدارییە ئەو رووداوانەی کە رۆژانە دەقەومێن لە بنچینەی فرە چەکدارییە لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی پێشمەرگەی ئێمە وەکو زیاتر شتێکی تری لە ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەماندا واژەی بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری کاروباری پێشمەرگە زیاتر لەسەر خاڵی یەکەم دووا، ئەوەش وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە بوو. لەبارەی یەکختنی هێزی پێشمەرگەوە بوو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە راپۆرتەکەی وەزیری کاروباری پێشمەرگە ئەوە هەنگاوی پەلەی گەرەکە ئەوەی کە گرنگەو ئێمە چاوەڕێ دەکەین ئەوەیە کە یاسا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. من پێشنیار دەکەم کە فەرمانێک دەرچێت لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بە هاوکاری هەموو حزبە سیاسییەکان بە تایبەتی هەردوو لایەنی سەرەکی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو دیاردە چەکدارییەی کە هەیە نەمێنێت و، ئەگەر ئەو پێشمەرگانەی کە لە کۆندا پێشمەرگە بوون، یا ئاسایشن ، یاخود بە ئەرک دەردەچن لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە، یا وەزارەتی ناوخۆوە روخسەتیان پێ بدرێت.

با هەردوو حزبی سەرەکی هەر ئێستا ئەمە بکەنە بڕیارێک وبیدەن بە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ کە جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆیە داوای یەکختنی هێزی پێشمەرگە دەکەین بۆ ئەوەی ژمارەی لەشکر زیاد بکرێ ئێستا شەش حەوت جۆر پێشمەرگەمان هەیە من پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا جەنابی وەزیر ئەوەی لەگەڵ برایانی بەرەی کوردستانی بڕیوەتەوە کە ئێمە ئەوەمان دەوێ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی هەموو لایەنەکان لەیەک قەوارەدا بکەین؟ ، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو راپۆرتەی کە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە پێشکەشی کرد، دەبوایە تۆزێک راپۆرتەکە فراوانتر بوایە، چونکە لەوانەیە برادەرانی ئەنجومەن پێویستیان بە روونکردنەوەی زیاتر هەبێت و، ئێمە

وەكو ليژنەی كاروباری پێشمەرگە راپۆرتێكمان بە تێروتەسەلی پێشكەش بە سەرۆكايەتی ئەنجوومەنی نيشتمانی وئەنجوومەنی وەزيران كرد و دانەيەكمانيش پێشكەش بە وەزارەتی پێشمەرگە كرد، لە راستيدا ئەو راپۆرتەی كە پێشان درا لەوانەيە وەكو بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی فەرمووی زياتر لەسەر ئەو خاڵە بوو كە پێشتر بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن پشتگيريان كرد، بەڵام من روون كردنەوەيەكم لەسەر ئەوە بابەتە هەيە، ئەو پێشمەرگانەی كە بڕيارە بدرێتە وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێز وەزيری پێشمەرگە زۆر روونی نەكردۆتەوە ئەمە زياتر بۆ مەسەلەی بەرگری كردنە لە ناوچە ئازاد كراوەكان بەرامبەر بە دوژمن، بڕيار درا جارێ بۆ قۆناغی يەكەم لە هەر پارێزگايەك (١٥٠٠) پێشمەرگەی يەكگرتووی كوردستان وەكو هەنگاوێكی يەكەم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سيروان محەمەد نەورۆڵی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
وەزيری پێشمەرگە باسی (١٥٠٠) پێشمەرگەی كرد بۆ هەر پارێزگايەك ئەو (١٥٠٠) پێشمەرگەيە سەبارەت بە پارتە سياسييەكان هەر يەكە تەشكيلی سەركردايەتی خۆی دەكا، يا وەزارەتی بەرگری، ئەگەر هەر پارتەی خۆی بەڕێوەبردن بكا هەر تێكچوونێك هەبێ لە گرووپی سياسييەوە يانی هيچ نەكراوە پێم وايە ئەگەر سەركردايەتيی ناوەنديی لە وەزارەتدا، سەركردايەتی دامەزراندن بكات. و برادەران پێشنيارێكيان كرد لە بارەی ساڵی لەدايك بوون دروست بكرێت واتا بە پێی ساڵی لەدايك بوون كۆ بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزيز:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
لە دياری كردنی هێزی لايەنەكان، بزووتنەوەی ئيسلامی تيانەبووە و هەروەها پێشنيارێكی ترم هەبوو ئەويش، ئايا بڕێكی پارە دانراوە بۆ تەقەمەنی كە ئەمە بەراستی شتێكی پێويستە بۆ كوردستان، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن حەميد رەحيم:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
ئێمە پێش هەموو شتێك دەبێ گرنگی بدەين بە نەخشەی بەرگری، لەم رۆژانەدا كۆبوونەوەيەك كراوە لەكەركووك يەكێك لە نەفسەرەكان وتويەتی كەگەلی كوردستان بگرينەوە، ئەمە ئەگەر پروپاگەندەش بێ دەبێ ئێمە ئامادەباشی خۆمان وەربگرين وخەتی بەرگری بسپێرين بە وەزارەتی بەرگری، يان وەزارەتی پێشمەرگە، يان بەردی كوردستانی، چونكە ئەم كۆبوونەوەيە مەترسييەكی گەورەی لەسەر ناوچەكە وخەڵكی ناوچەكە هەيە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خەلیل عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک بەڕێز وەزیری پێشمەرگە بەیانێکی دەرکرد کە دەبێ پێشگیری لە دیاردەی چەکداری بکەین کە دیاردەیەکی زۆر ناشرینە لە ناو شارەکاندا، چونکە تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە بازگەکان ماون، بەڵام ئێمە پێویستە لە خۆمانەوە دەست پێبکەین وەکو پارتی ویەکێتی، کە ئەم دیاردەیە لە ناو چەکدارەکانماندا قەدەغە بکەین تاوەکو لایەن وحزبەکانی تر چاومان لێ بکەن و جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دوێنێ باسمان کرد ئەو دیاردە چەکدارییە کە پێویستە لەناو شارکاندا نەمێنێت، چونکە دیاردەیەکی سەلبییە، تەنها ئەو هێزە نیزامییە بمێنێتەوە کەپێویستە بۆ پارێزگاری کوردستان و، هێزێکی لەشکری یەکگرتوو لە کوردستاندا پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئاراستەی وەزیری پێشمەرگەی دەکەم لەم ماوەیە گوایا کەمینی حکومەتی عیراقی هاتوونەتە نزیک شاری هەولێر، ئایا تا چ رادەیەک ئاگاتان لێیەو چیتان ئامادەکردووە کە ئاراستەی پێشمەرگەی بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئاراستەی وەزیری کاروباری پێشمەرگەی دەکەم، ئایا ئەو یەکخستنە کاتی خۆی دانراوە پلە و کاتیشی بۆ دانراوە؟. دووەم ئەوەی کاک بارزان فەرمووی لە بەیاننامەکەی کە وەزیری پێشمەرگە وتی بۆ کشانەوەی پێشمەرگە و چەکدار لە ناو شارکاندا، ئایا کەس بە دەنگییەوە هاتووە بە تایبەتی حزبەکان کە پەیوەندیایین هەیە بە مەسەلەی پێشمەرگەو چەکدار لەناو شارەکاندا؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاردەیەکی ترسناک هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەو رووداوانەی کە روودەدات بەرەی کوردستانی، یاخود وەزارەتی بەرگری لێی بەرپرسیارە؟ لەپاشان داوا لە وەزیری پێشمەرگە ئەکەین کە ئەم کێشەیە یەکلا بکاتەوە وبە بێ گوێدان بەوەی ئەو هێزە لەشکرە، یان بەتالیۆنە، هەروەها کێشەی مووچەی پێشمەرگە یەکلا بکرێتە کە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەیە، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم: گرتنی ساڵی لەدایک بوون من وا بزانم کێشەیەکی ترمان بۆ دروست دەکا لە کوردستاندا هەر لە ئێستەوە رەنگە دووچاری ئەو کێشەیە بین کە کۆمەڵێ کورد بەرە و راکردن بڕۆن ئێمە ئەوەندەمان زیادە هەیە لە پێشمەرگە و لە چەکداران، ئەگەر گرنگی بەوانە بدرێت یەک بخرێت کەم بکرێنە ئەوەیان زیاتر کەڵکی لێ وەردەگرین بەوەی کە کۆمەڵێکی تر بێن بۆ مەیدان کە نەتوانین زاڵ ببین بەسەر هەموویانەوە ،یان ئازووقەی تەواویان بدەینێ.

دووەم: لە بابەتی یەکەی نیزامیەوە لە راپۆرتی وەزیری پێشمەرگەدا باسی ئەوە کرا کە یەکگرتنی هەموو هێزی پێشمەرگە زۆر پێویستە و گرنگی بە لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بدرێ بۆ ئەوەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشدار بێ لەو نیزامە و وردە وردە ئەوانیش کەم کردنەوەی پێبکرێ.

سێیەم : لەگەڵ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی بەڕێزیشدا باسی ئەوە کرا کە هەندێ گیروگرفت دوو چارمان دەبێت، هۆی ئەوەیە کە ئەگەر لایەنێک لە لایەنەکان پێشمەرگەیەک دەربکەن لە سەر خیانەتێک، یا تاوانیک لایەنەکەی تر ئەیقۆزێتەوە، داواتان کرد بڕیارێک دەربکرێ لە ئەنجومەنەوە پابەندی مەکتەب سیاسییەکان بکرێ و داوایەکێش لە وەزارەتی پێشمەرگە بکرێ بۆ هەموو مەکتەبە سیاسییەکان لایەنێک ئەگەر پێشمەرگەیەکی دەرکرد لایەنەکەی تر نابێ وەری بگرێ، ئەمە بکرێ بە بڕیارێک.

چوارەم: پرسیارێکمان هەیە ئەگەر بکرێ وەڵامان بدەنەوە دەربارەی ئەو ئاژاوەی کە لە ماوەی پێشودا لە ناوچەی جەباریدا رووی دا و بووە هۆی هێرشی دوژمن بۆ سەر ناوچەی جەباری بووە هۆی ئاوارە بوونی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک سەرەتای ئەو ئیشە چۆن دەستی پێکرد و چۆن ئەو کارە بەو شێوەیە چەسپا؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئەوەیش ئایا ئەم (٦٠٠٠) پێشمەرگەیە چی بۆ کوردستان دەکا؟ ئەگەر بڵێین پاراستنی کوردستان دەگرێتە دەست بە ئەم (٦٠٠٠) پێشمەرگەیە کوردستان ناپارێزین، بەڵام من وای بۆ دەچم ئەو(٦٠٠٠) هەزار پێشمەرگەیە تەنیا بۆ رێکخستنێکە بۆ ئەوەی کە میللەتەکەمان رازی بکەین، بۆ ئەوەی گوێمان هێناومانە دی، بەڵام میللەت زۆر لە ئێمە باشتر دەزانێ کە (٦٠٠٠) پێشمەرگەی کوردستان چۆن بپارێزن لە ناویشدا سوپایەکی وا هەیە کە دەتوانین هەموو پاراستنی کوردستان بگرێتە ئەستۆ لە بەر ئەوە من داوا لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم ئەم ژمارەیەی کە دانراوە بۆ خەرجیاتی پێشمەرگە زۆر بەکەمی دەزانم و واپەسەندە کە زیاد بکرێ بۆ (٣) ملیۆن با رێژەی پێشمەرگە گەلێ لەوە زیاتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکخستنی هێزی پێشمەرگە کارێکی پیرۆزە و هەنگاوێکە بەرەو سەرکەوتن، ئەگەر ئەو سنووری هەبێت بۆ جێبەجێ کردنی دەبێت لەم بارەوە پلانی تر هەبێت بۆ پێشکەوتنی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی یەکگرتنی و یەکخستنی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە ژمارەی پێشمەرگەکان، بێگومان پێشمەرگە بەرگری لە وڵات دەکات، ئەو پلانەی کە دانراوە بۆ دابین کردنی (٥٠٠) پێشمەرگە لە حزبێک و (٢٠٠) پێشمەرگە لە حزبێکی تر ئەمە بەراستی ژمارەیەکی کەمە، بە راستی هەڵەیە چەند کۆمەڵێکی سەرەتایی هەیە کە پێویستی بە بەرەی کوردستانییەوە وەکو:

**یەکەمیان:** ئەوەیە کێشەی دائرەی تەجنید ئایا هیچ هەنگاوی بۆ نراوە؟.

**دووەم:** یەکخستنی سەرۆکایەتی هێزی پێشمەرگە، تاوەکو بڕیارەکان یەکگرتوو بن.

**سێیەم:** کردنەوەی دەزگای خۆبەخشین.

**چوارەم:** قەدەغەکردنی حزبایەتی لە ناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان.

**پێنجەم:** یاسای چەک (قانونی چەک)دەرکرێ کە زۆر پێویستە.

**شەشەم:** هەر حزبێک ئەگەر ئێمە یاسای پلانێکمان ئامادەکرد، پێویستە چارەسەری هێزی پێشمەرگەی خۆی بکات ئەو چارەسەرەی کە دەنێری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئەو ژمارەیە لەسەر ئەوان دەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێویستی دەزانم لە گەڕەکەکان پاسەوان هەبێت بۆ پاراستن، چونکەدز زۆ ربووە، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو ڕێکخستنانەی کە دەمێنێتەوە پاش یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە، ئایا چارەنووسیان چییە و پابەندی حزبەکان چییە ؟! سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بمانەوێ بە راستی کوردستان بپارێزین و چەند هەنگاوی زیاتر بهاوێژی با لەوەوە دەست پێبکەین هەنگاوی یەکەم هێزی پێشمەرگە یەکبخرێ پاشان کە هێزی پێشمەرگەمان یەکخست دەبێت یاسایەک دانێین بۆ هێزی پێشمەرگە، بۆ پەیوەندیی هێزی پێشمەرگە پاشان ئەو هێزە بە

هێزێکی نیزامی دانێین بتوانین هێزی پێشمەرگە دروست بکەین و، ئێمە پێویستمان بەوەیە کە ئێستا یەک بگرین نەک پێویستمان بەوە هەیە(٦٠٠٠) پێشمەرگە یەک بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــوّ تـوّمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەروّکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە کرد بوو سەبارەت بە دیاری کردنی بۆ هەر لایەک، من پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە ناکەم، ئەم کۆبوونەیەی کە ماوەیەک لەمەوبەر کرا بۆ یەکخستنی پێشمەرگە بوو، بۆ دروست کردنی یەکەیەکی نمونەیی بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو کەسانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون من بەڕێکەوت چاوم بە هەندێکیان کەوت ئیشوکاری پێشمەرگەیان نەکردووە، (مستر هۆشنگ )نوێنەری حزبی گەلی بوو لەوی بەڕێز کاک سەعد نوێنەری حزبی سۆسیالست بووئەوان بۆ شتێکی سیاسی دانیشتبوون، دەڵێن هەموو خەتای یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەگەر ئەوان بیانەوێ دونیا خراپ دەکەن، بیانەوێ چاکی دەکەن، کە چی بۆ یەکێتی نیشتمانیی وەکو ئەوان (٤٠٠) پێشمەرگە دانراوە بۆ پارتیش (٤٠٠)پێشمەرگە دانراوە، من پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز ملازم یونس دەکەم کە لەوێ بووە، برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی جگە لە بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە کادرێکی پێشمەرگەی شارەزا لەوێ نەبووە من پێموایە ئەگەر کاردی تر وەکو کاک یونس لەوێ بووبایە هیچ بە ئەو رێژەیە رازی نەدەبوو، چونکە رەوا نییە، تا ئێستا قسەیەکی خێری بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران نەکردووە ئەوان ئێستا وا دەزانن لە خەتی دژە لایەنی دان وا دەزانن شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئەوان دژە لایەنی یەکەم دەزگای بەڕێوەبردنی کوردستانی بکەن، نازانم چۆن ئەو یەکە نیزامەی نیوەی بدرێتە پارتی و یەکێتی و نیوەی بدرێتە ئەو خەڵکەی کە بڕوای پێ نییە و، ئیشەکان جێبەجێ بکات من پێموایە ئەو یەکە نیزامەیە ئیشوکاری وەزیری کاروباری پێشمەرگە بوو داوای لە پارتی بکردایە (٦٠٠) کەسم بۆ بنێرە، داوای لە یەکێتی بکرادیە(٧٠٠) کەسم بۆ بنێرە ئەم یەکانە بۆ ئیشوکاری خۆی بۆ دەست بەسەرداگرتنی بارودۆخەکە، سوپاس.

**بـــەڕێــــز یـــوّنـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێـز ســـــــەروّکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

با بێینە سەر کێشەی یەکگرتنی لەشکری پێشمەرگە،جگە لەمە کێشەیەکی تری سیاسیمان هەیە نەک تەنها پەیوەندە بە پێشمەرگەوە، بەڵکو بە داراییش وئەم کارەش تەنها وەزارەتی پێشمەرگە ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندە بەگەرانەوەی هەردوو بەرێز کاک مەسعود ومام جەلال، چونکە بەهۆی دواکەوتنیان کۆبوونەوەکە کە بڕیار بوو (٨) ی مانگ بکرێ ، بەڵام بەداخەوە دواکەوت، جا لەم روانگەیەوە پێویستە کە ئەم کێشەیە یەکلا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکان تەواو بوون با بەڕێز وەزیری پێشمەرگە بفەرمووێ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ بە کورتی هەموو خاڵەکان بخەمە چوار چێوەوە..

١ـ دەبێ هەمووومان بزانین کە یەک بوونی پێشمەرگە زۆر زەحمەتە و دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بۆی بچین.

٢ـ تاکو ئێستا پێش پەرلەمان و پاش پەرلەمانیش سەرکردایەتیی پێشمەرگە بە دەست بەرەی کوردستانیەوە بوو، کە حزبەکانی تریش بەشدار بوون لە بەرەی کوردستانیدا لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر جارجار لە رووی سیاسی و سەربازیەوە ئەوانە پشت گوێ بخەین دەبێ ئاکامی تەقدیری هەڵوێستمان بەرامبەر ئەوانە روون بکەینەوە، رەنگە هەندێ لە لایەنەکان نەهاتوون بە دەنگمانەوە من بەدەستی خۆم ئەوراقی هەموویانم برد بۆ بەرەی کوردستانی کە کاک قادر جەباری خۆی دابەشی کرد و یەکێک لەوانە لایەنی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، بێجگە لەوان من دانەیەکی زیادم بە خەتی خۆم نارد بۆ لێپرسراوەکەیان ئەوان کە نەهاتن مەسەلەیەکی سیاسی، یان سەربازی، ئەوە خۆیان بەرپرسیارن لەم خاڵەدا. خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە بەڵێ ئەوە راستە کە ئەوانە بوونیان کەمە، بەڵام لە پێشمەرگایەتیدا مەسەلەی کورد بەم شێوەیە چارەسەر ناکرێت وەکو ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، تا چەکدار بمێنێ ئیشی ئێمە ناڕوا لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ بە وردی لەو مەسەلانە بکۆڵینەوە.

خاڵێکی تریش ئەوەیە کە ئێمە نەمانگوتووە (٦٠٠٠) پێشمەرگە، لیژنەکە گفتوگۆیەکی زۆریان کرد وئەم ژمارەیەیان داناوە و، کاک یونس دەپرسێ بۆ راپۆرتە درێژەکە نەخوێندرایەوە، خوێندنی راپۆرتەکە (١٤) سەعاتی پێ دەچێت، ئێمە وامان بە باش زانیوە کە هێزەکان دابەش کەینە سەر (١٣)میحوەرو(١١) میحوەری سەرەکییە کە لە هێڵی بەرنگار بوونەوەدان لەگەڵ دوژمندا، ئێمە دەتوانین ژمارەی ئەم هێزە لە(٦٠٠٠)زیاتر کەین، بەڵام بۆ هەنگاوی یەکەم با ئەوەندە بێ باشە و، ئەم (٦٠٠٠)پێشمەرگەیە بۆ هەر چوار پارێزگاکەیە کە لە هەر پارێزگایەک (١٥٠٠)پێشمەرگە بەشداری دەکات، ئێمە مەرجی تەمەنمانیش داناوە کە دەبێ تەمەنیان لە (١٨ تا ٢٥) ساڵی بێت، پاشان وشەی تەمەنمان گۆڕی بە وشەی چالاک وبەتوانا و بە چەکەوە بێت ،سەبارەت بە پێشمەرگە کۆنەکانیشەوە دوێنێ یاسایەکمان بۆیان دانا وئەو یاسایە وەکو پرۆژە لامانە وپێشکەشی ئێوەی دەکەین بۆ گفتوگۆ کردن.

بڕیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و دروست کردنی یەکەکانی نیزامیم کرد بە خاڵی دووەم ئەویش لەبەر ئەوەی پەیوەندیی بە(تجنید)ەوە هەیە، هەموو شتێک لەسەر سێ شتی سەرەکی رادەوەستێ ئەوانەش ئەمەن:

یەکەم: توانای مادی، واتا دانانی بوودجە.

دووەم: یەک بوون، یەک بوون نابێ، ئەگەر بیروڕا یەک نەخرێ.

تەقدیری ئێمە بۆ ئەم هێزە (٥٠٠٠٠) هەزار پێشمەرگەیە، بەڵام نەک بۆ قۆناخی ئێستا کە قۆناخی یەکەمە، ئێستا پرۆژیەکمان لەبەر دەستدایە لەم رۆژانە پێشکەشتانی دەکەین، ئەویش لەسەر دروست کردنی لیژنەیەکە بە ناوی رێنمایی کردنی سیاسی (توجیه السیاسي)، هەروەها بەرنامەیەکمان هەیە ئەویش رێنمایی کردن و هۆشیار کردنی پێشمەرگە وخەڵکیش لەسەر مافی مرۆڤ، هەروەها لەو لیژنەیە سەرکردایەتییەکیشمان دەسنیشان کرد لە پێشمەرگەی کۆن وبە توانا، چونکە تا ئێستا بەرەی کوردستانی سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵێکی ترمان ماوە ئەویش خاڵی سێیەم و، ئەو کێشەیەو رووداوە دڵتەزێنەیە کە لە کەلار روویداوەو بەڕێز د. کەمال پێشنیاری کرد.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە لەلایەن ئەو ئەندامە بەڕێزانەوە بوو کە خۆیان لە ناوچەی گەرمیانن حەز دەکەم لەو بارەیەوە روون کردنەوەی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم کێشەکانی چەمچەماڵ و کەلار لە دوو خاڵی سەرەکی کۆ بکەینەوە...

١ـ کێشەی زەویوزار کە لە کاتی خۆی رژێم ناوچەکەی وێران کردووە و جووتیاران دوور کەوتونەتەوە لە زەوییەکانیان کاتێ کە رژێم دەسەڵاتی هەبوو ناوی ناوە بە ناوچەی ئاسایشی ئەمە بۆتە کێشەیەکی سەرەکی بۆ خاوەن موڵکەکان و جووتیارەکان.

٢ـ چەند کەسانێک هەیە کە ئێستا پێشمەرگەن، بەڵام لە کاتی خۆی مستشار بوون، یا ئامیر فەوج بوون، یا مەفرەزەی ئیستخبارات بوون کاری وایان کردووە کە زیانیان بۆ خەڵک بووە دیارە ئەوانەش بیریان لە تۆڵە کردن کردۆتەوە، بەڵام ئەمە راستیەکە کە نایشارینەوە لەبەر ئەوە ئەم هۆیە بۆتە کێشەی سەرەکی جووتیاران ئەمەش بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئاگای لە بابەتەکە هەیە کە برادەران خاوەن موڵکەکانی هەمەوەندو کێشەیەکی دوور و درێژیان هەیە چەند جارێک پێکمان هێنانەوە وبڕیاردرا کە هەمەوەندی بگەڕێتەوە چەمچەماڵ، بەڵام تا ئێستا زەمینە بۆ ئەم مەبەستە خۆش نەکراوە، ئەو هاووڵاتییانەی کە زەرەرمەندن پێکیان بهێنین تا دوای ئەوە تووشی کێشە و گیروگرفت نەبن، بۆیە داواکارین کە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بکرێت ولەم کێشانە بکۆڵرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەم ماوەی پێشوودا سەردانیی گەرمیانم کرد، بەتایبەتیش ناوچەی چەمچەماڵ، بارودۆخی چەمچەماڵ و ژیانی خەڵکەکەی بەڕاستی زۆر سەخت و ئاڵۆزو نالەبارە، کوشتن و دزی و، شەڕی لابەلاو تەسفیەکردنی حیساباتی شەخسی و شەڕی ناو شەقامە قەرەباڵغ و سەرەکییەکانی شار بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانەو، زۆر جاریش خەڵکی بێ تاوان و بێ گوناه لە خوێن و ژیانی خۆیان باجەکەی دەدەن.

لەلایەکی تریشەوە دەوامی دائیرەو قوتابخانەکانی ناو چەمچەماڵ ڕێکوپێک نییە، بەتایبەتی لە نەخۆشخانەی چەمچەماڵدا و چەمچەماڵیش وەک دەزانن شارێکی قەرەباڵغ و هەژار نشینەو، ناشێ و ناکرێ لە ڕووی خزمەتی تەندروستییەوە ئاوا بێ خزمەت بکرێ، نەخۆشخانەی چەمچەماڵ تەنانەت «گڵۆپ»ێکی نییە کە ئێشکگرەکان ئێشکی لە بەردەمدا بگرن، سەیارەی نییە نەخۆشێکی پێ بگوێزێتەوە، هەتا هەندێ لە لەوحەکانی جەمەلۆنکەی سەریشی دزراون.

خەڵکی چەمچەماڵ داوایان دەکرد ئەندامانی پەرلەمان بچن سەردانیان بکەن، داوایان دەکرد حکومەتی هەرێم بەدەنگیانەوە بچێت و کێشەکانیان، پێویستییەکانیان بۆ دابین بکا، بە کوردی و بە کورتی لە چەمچەماڵدا حوکم حوکمی میلیشیایەو دەبێ بە زووترین کات سنووری بۆ دیاری بکرێ.

کێشەی ئاوی خواردنەوەی چەمچەماڵیش کێشەیەکی موزمینی دیکەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی و تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە، ئەوەیشی کە ئێستا کێشەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە ئەوەیە کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی خەڵکی چەمچەماڵ دەکەوێتە بن دەسەڵاتی ڕژێم و ئەوان پیسی دەکەن و، هەر کاتێکیش بیانەوێ دەتوانن بیبڕن، ئەمەش پێویستی بە چارەسەریەکی خێرا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژی(٣٠)ی تەمموز کێشەیەکی ترسناک، لە نێوان دوولایەن لە کەلار بووە هۆی زیانێکی زۆر لە هەردوولادا و بریندار بوونی زیاتر لە سێ هاووڵاتی لەگەڵ پێشمەرگەکان، دیارە ئەمە دوولایەنی ترسناکی هەیە یەکێکیان پەیوەندیی بەوە هەیە کە خەڵکی کەلار لەوانەیە نووشی ئاوارەیی ببنەوە لەبەر ئەم کێشەیە بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکانی دوژمن کەوتنە تۆپ باران کردنی ناوچەی کەلار وناوچەی قۆرە توو دیارە ئەم بارە ئاڵۆزە بە هۆی مەسەلەیەکی سادە و ساکار ڕووی دا، بەڵام لەیەک نەگەیەشتنی یەکێک لەم لایانەنە بووە هۆی ئەوە ئەو شوێنە دروست بێت کە پاشان هەموو لایەنەکانی بەرە و ئەنجوومەنی شاری کەلارو پیاو ماقوڵان و خەڵکێکی زۆر لە ناو شاردا لەگەڵ ئەو دوولایەنە(تفاهم)یان کردو ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێت و، چەند ڕۆژێکیان دانا بۆ

جێبەجێ کردنی ئەو کاروبارانە، بەڵام دیارە لایەک لەو لایانە بە تەواوی کێشایەوە لایەکی تر و هەلومەرجیان بۆ دانابوو کەوا هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران، یا وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دەرچوونی لایەنەکان ئەوانیش بنرێنەوە، بەڵام دیارە جەماوەر و پیاو ماقوڵان باسی ئەوەیان کردبوو کە ڕۆژی (١٠)ی مانگ دەبێ دەرچن، ئەگەر دەرنەچن لەوانەیە بارەکە جارێکی تر دووبارە بێتەوە، لێرەدا ئێمە ئەوە بە چاک دەزانین کەوا لیژنەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی گەرمیان و سنووری پارێزگای کەرکووک بچینە ئەو شوێنانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشانە کە لەو ناوچانە هەیە ئەمە یەک، دوو هەوڵی ئەوە بدرێ کەوا لایەنەکانی بەرە، یا ئەو لایەنانەی کە لە دەرەوەی بەرەن هێزی پێشمەرگەیان لەناو شارەکان ببەنە دەرێ، دووەم ڕێگا لەو خەڵکانە بگرن کە خەریکی تەل بڕین و مس و فافۆن فرۆشتنن، یا کۆیان دەگەنەوە لە شوێنی تردا دەیان فرۆشت و دەیان بەن بۆ ئێران ئەوەش بەوە جێبەجێ دەکرێ کە بە پەلە قایمقامێک دیاری بکرێ بۆ کەلار، چونکە هەموو دامودەزگاکان هەیە تەنها قایمقامەکەی کەمە و هەوڵی ئەوە بدرێ پۆلیس بە هێز بکرێ لە ڕێگای وەزارەتی ناوەخۆوە، ئەگینا ئەوە نەکرێ لەوانەیە بارەکە ئاڵۆزتر و خراپتر بێت، لەلایەکی ترەوە بەڕێز مەلا موحسین خاڵێکی باس کرد ئەویش ئەو شەڕەی کەلارە کە بۆتە هۆی شەڕەگەی ناوچەی جەبارە و خەڵک ئاوارە بکرێ لەلایەنی حکومەتەوە ئەو کێشەیەی جەبارە پەیوەندیی نییە بە مەسەلەی شەڕەگەی کەلارەوە، چونکە ئەو ناوچانە دوورن لە یەکەوە و دوو مەفرەزەی حکومەت بۆ کەمین دەرچوون لە یەکیان داوە و حکومەتی عێراقی بەوەی زانیوە کە پێشمەرگە ئەو کێشەی ئەنجام داوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕژێم هەم ناوچەی جەبارە دەربکا هەم خەڵکی دێهاتەکانی گەلابات و شوێنەکانی تر دەربکا کە زیاتر لە حەفتا خێزان ئێستا لە کفری وا ماون من خۆم یاداشتێکی ئەنجومەنی شاری کفریم داوەتە بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە باسی بابەتێک دەکەن با بابەتەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت تاوەکو ئەو بابەتانەی کەلای ئەندامی پەرلەمان شاراوەیە روون بکرێتەوە ودیاری بێت،چونکە هەندێ شت هەیە دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بەراستی بیزانن ڕووداوێک کە ڕوودەدات ڕاستیەکە بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بەیەکەوە بگەنە بڕیارێکی هاوبەش، چونکە ئێمە لێرە نوێنەری لایەنەکانین، ئەم کێشەیەش پەیوەندیی بە شارێکەوە هەیە، وسەرەتای کێشەکەش لەوەوە دەستی پێکرد، کێشەیەک نێوان مەفرەزەکانی حکومەت و پێشمەرگەدا ڕووی دابوو، هەواڵیشمان ناردبوو بۆ شاری کفری کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام چارەسەر نەکراوە من سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو پێشمەرگانە سەر بەهەر لایەنێک پێش هەموو شتێک دژ بەسەرکردایەتی ئەو لایەنەن و دژ بە خواستی خەڵک دەجولێنەوە.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بە ئاشکرا باسی بکەین لە نێوان برادەرانی یەکێتی و برادەرانی ئیسلامی شەڕێکی دڵتەزێن روویدا بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە (٧٠)کەس، ئەمە بە باوەڕی من خەتای سەرکردایەتیی سیاسی نییە شەڕەکە هەر وەکو دەزانین هەموو لایەنەکان نەک تەنها یەکێتی ، یا ئیسلامی خەڵکانێکیان تیادایە کە سەر بە رژێمن لەوانەیە ئەم شەڕەش دەستێکی رژێمی تیادا بێت، بەراستی پێویست بوو سەرکردایەتیی سیاسی هەردوو لایەن بە پەلە بگەنە مەسەلەکە، یاخود وەزارەتی پێشمەرگە، یا بەرەی کوردستانی ئەگەر ئەمانە وەڵامیان نەداینەوە پێویست بوو پەرلەمان بە پەلە بەشداری بکردایە لەم رووداوە بۆ ئەوەی شەڕەکە گەورەتر نەبوایە، من داوا لە پەرلەمانی بەڕێز دەکەم کەوا لیژنەیەک پێک بهێنن بۆ ئەوەی بتوانین زاڵ بین بەسەر ئەم رووداوانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم کەوا هەموو بەتێکڕا کۆبونەوەیەک بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوچەی گەرمیان وئەو تەنگوچەڵەمانەی کە هەیانە چارەسەر بکرێ وبا تەنها قسەی رووت نەبێت بەڵکو با بە کردەوە بێت و نەک تەنها بۆ ناوچەی گەرمیان، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەمن دەمەوێ بڵێم دوو گرفتی ترە، یەکێکیان کێشەی زەویوزار کە پێویستە چارەسەر بکرێت. کێشەی دووەم یەک لەو مەسەلانە کارگێڕی سەرکرادیەتیی سیاسی باس کرا ئەو رێکخراوانەی کە چەکداری هەیە و لە دەرەوەی بەرەی کوردستانی دەبێت لە هێڵی بەرەنگاربوون لە گەڵ دوژمن دوور خرێنەوە، باشتر وایە کە سەرکردایەتیی سیاسی لێرەدا بمێنێتەوە تا دروست کردنی هێزی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی ناوچەکان دەگرنە ئەستۆ ئەو بڕیارە جارێکی تر گفتوگۆی لێ بکرێ، ئایا باشتر نییە کە ئەو هێزانەی لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا ، یا لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا ئامادە نابن لە ناوچەکانی بەرەنگاری دوور بخرێنەوە؟! ئەوە پێشنیارەکەی منە،سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی جەبارە لەسەر ئۆتۆمبێل نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە ئێران بە ئاشکرا پاڵپشتی لەگەڵ عیراقدا دەکات بۆ تێکدانی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها چەند لایەنێک هەیە کە پاڵپشتی ئەو دوو لایەنە دەکەن بۆ تێکدانی پەرلەمان ودژی پەرلەمان دەوەستن ، نازانم کێ بوو

وتی چوومە چێشتخانەیەک کە پێنج لێپرسراوی پاسداری لێ بوو بێ ئەوەی کەس بزانێ، بێ ئەوەی پەرلەمان بزانێ لە ناو بازاڕدا دەسوڕێنەوە ئەوەیە کێشەکە، یانی لەسەر ئۆتۆمبیل نییە و دەبێ لیژنە هەبێ ئەو بڕیارانە بەکار بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم رووداوە دڵتەزێنانەی کە لە کەلار وچەمچەماڵ روویان داوە هیچی بڕیاری سەرکردایەتی هیچ لایەنێک لە لایەنە شەڕکەرەکانی لەسەر نییەو، نەدەبوایە ئەو لێپرسراوانەی کە لەو شوێنانە بەرپرسیارن بیانهێشتایە ئەم رووداوە وا گەورە بێتەوە وخەڵکیش ئەم زیانە گەورەیەیان لێ بکەوێ، دەبوایە دەستوبرد سنووریان بۆ ئەم کێشەیە دابنایە، هەروەها وەکو بەڕێز وەزیری پێشمەرگەش باسی کرد دەبێ مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بەپارێزرێ وپێشمەرگەو خەڵکیش وشیار بکرێنەوە لەسەر مافی مرۆڤ و، بەتایبەتیش لە گەرمیاندا کە دەبێ مافی مرۆڤ بپارێزرێ، چونکە ساڵەهای ساڵە ئەم ناوچەیە زوڵمی لێ دەکرێ وئەنفال و قوربانی دەدات، هەروەها ناوچەکە لە دوژمنەوە نزیکە بۆیە هەردەم مەیدانی شەڕو بەرەنگاری بووە لەگەڵ دوژمندا و خەڵکەکەی پرد بوونە بۆ جێگاکانی ترو، لە توانایاندا نەماوە لەمە زیاتر زوڵمیان لێبکرێ، دەبێت بایخێکی باش بدەینە ناوچەی گەرمیان، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست نەمان توانیەوە هیچیان بۆ بکەین، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە برادەرانی گەرمیان پێکەوە وەکو گەشتێک بگەڕێن بە ناوچەکەدا ولە ئازاری ئەو خەڵکە بکۆڵنەوە وهەوڵ بدەن کە رۆڵی خۆیان بیبن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان کە دەبێتە جێگای پێزانین وڕێزلێنان، هەروەها داوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێز دەکەین لە گەڵ ڕێکخراوە خێرخوازەکاندا هەوڵی ئەوە بدەن کە یارمەتی بۆ ئەم ناوچەیە پەیدا بکەن.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لیژنەکە زۆر پەلەی لێ بکەین و ئێستا ناوەکان دابنرێت و دەسەڵاتیان دیاری بکەین، یەکەم ئەرک و کاریان ئەوەیە تەنها ئێستا دەچێ بۆ ئاشت بوونەوە و دەبێ رۆڵێکی (طوعي) یان هەبێت و لێکۆڵینەوەی ئاشت بوونەوەکە دەکەن و کێشەی گەورە ئێستا لە کەلارە لەبەر ئەوەی کەلار مەسەلەی عەرزو ئاوی تیا نییە، تایبەت مەندێتیکەیان تەنها ئەمێنێتەوە لەسەر ئاشتبوونەوەی گشتی . کە دەگەڕێنەوە بۆ چەمچەماڵ مەسەلەی یەکەم هەمان شت ئاشتبوونەوەیە ئەم لیژنەیە دەچێت لێکۆڵینەوەی بارەکە دەکات ئاشتبوونەوەیەکی گشتی دەکا لەگەڵ هەمووواندا، ئەگەر ویستیان دەچنە سەر کێشەی زەوی و ئاو ، دەبێ زەوی و ئاو جیا بکرێتەوە لەم مەسەلەیە کێشەکەیان بە رای من دەبێ بە پەلە بڕۆن، چونکە بۆ ئەوەی سنوورێک دانێن بۆ ئەو مەسەلەیە، دەبێ کەسێتی ناودکان و ئەرکەکانیشیان بۆ دیاری بکرێ بۆ ئەوەی بە پەلە بڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیەی کە دەڕوات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە رای من دەبێ توانای مادی پێ بێ، تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و جێگای دەستی دیار بێ کە چی کردووە، واتە شتی مادی پێ بێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوژراوەکان و بریندارەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەم توانایەی نییە، لیژنەکە با بڕوات کێشەکە دەسنیشان بکات کە چییە وچۆن چارەسەر دەکرێ؟،ئەگەر شتێک بوو با ئەو لایەنانە بەرگەی بگرن و لێپرسراویەتی خۆیان بەجێ بهێنن و قەرەبووی ئەو خەڵکە بدەنەوە، ئێستا لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دوژمن دەسنیشان بکرێ و کێشەکە چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەی کە دروست بووە، ئایا لە جەماوەرە، یا لە پیاو ماقولان و، یا لە ئەندامانی ئەنجوومەنە و ئەو لیژنەش دەبێ قەرەبووی ئەو خەڵکە بداتەوە لەو گیروگرفت و زیانانەی کە لێیان کەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە با لە ئەندامانی پەرلەمان پێک بێن و بڕۆن ئیشی خۆیان ببینن.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر کێشەی چەمچەماڵ لە نزیکەوە ئاگاداری زۆر لایەنین وەکو لایەنی مێژوویی و گیروگرفتەکە لەوە دەست پێدەکات لە تاسلوجە تا سنووری زەنگەنە لەو لاوە شوان ئەو ناوچەیە ناوچەی هەمەوەند، هەمەوەند بوون لە دێر زەمانەوە پاراستویانە لە رۆژانێکی دێریندا کە بە گژ رۆم و عەجەمدا چوون و بەگژ ئینگلیز دا چوون و لە ئاوارەیەوە لە سەروی ئەفەریقاوە جارێکی تر گەڕانەتەوە، بەرگرییان کردووە لەگەڵ شێخ مەحمودیشدا ئەو کێشەیە کە شاری چەمچەماڵ ئەو عەشیرەتە دروستی کردووە وتیایدا جێگیر بوونە، من زۆر لام سەیرە کە عەشیرەتێکی وا ئاوارە بکرێ، یا رێی لێ بگیرێ، لە کاتێکدا کە ئێمە لۆمەی رژێم دەکەین کە خەڵکی ئاوارە دەکات، وا بزانم کێشەی ئاوو زەوی دەگەڕێتەوە سەر لایەنەکان، حەق بە دەست کێ بێت کێ خاوەنی ئەو ولکوماڵە بووە و کێ هاتووە بە زۆر ملییە سەریاندا بێت جا حەز دەکەم ئەو لیژنەیە ئاگاداری راستیە مێژووییەکە بێ زۆر بەڵگەش هەیە لەبەر دەستماندایە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم لە بارەیەوە قسەی پێویست کرا، ئێستا هەر من ئەوەندە بە پێویست دەزانم کە زۆر

جێگای شانازییە کە پەرلەمانی کوردستان ئەو ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆی خۆی بە زووترین کات وەفدەکە دروست ببێت لە نوێنەرانی پەرلەمان کە خۆیان لە ناوچەی گەرمیان هاتوون و ئەگەر کەسی تریش تیایاندا بێت وابزانم باشترە و بە زووترین کات بکەونە ڕێگاو کە هاتنەوە دەتوانین بە دوور و درێژی باسی ڕووداوەکان بکەین، بەڵام ئەو ئەرکە پیرۆزە کە بەراستی پێویستە پەلەی لێ بکرێ بۆ ئەوەی ڕووداوی ناخۆش ڕوو نەدات ئەو کاتە برینەکەمان دیسان بکولێتەوە من لەوە زیاترم نییە پێشکەشتانی بکەم و جارێکی تر تکا دەکەم هەر لەم کۆبوونەوە وەفدەکە دەسنیشان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک شت زیاد دەکەم لە برای بەڕێز د.کەمالەوە ئەویش ئەوەیە بۆ پشتگیری کردن لەو برایانەی کە دەڕۆن بۆ گەرمیان داوا لە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب دەکەین هەریەک لە لای خۆی برووسکە بۆ لێپرسراوەکانی خۆیان بکەن کە ئەوپەڕی پشتگیری ئەو نوێنەرانە بکەن کە دەچن بۆ ئەوێ و کارەکانیان بۆ ئاسان دەکەن و هاوکاریان لەگەڵ بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن لە ئیشوکارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بەڕێزان ڕازی بن بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە برووسکەیەک دەکەین بۆ لایەنەکان و داوای ئەو پشتگیرییەیان لێ دەکەین و، حەز دەکەم ڕۆژی چوونی وەفدەکەش دیاری بکرێت، جا ئەگەر دەتانەوێ ئێستا لەگەڵ برادەرانی گەرمیان دانیشن و دەسنیشانی بکەن.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە ڕای من داوا لە حزبەکان بکەین کە هێزێک لەگەڵ وەفدەکە بنێرن بۆ گەرمیان، چونکە هەندێ لە ئەندامان ئۆتۆمبیلیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە خۆمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو پێداویستییانەیان بۆ تەرخان دەکەین وبۆ پارێزگاری کردنیان پۆلیسیان لە گەڵدا دەنێرین، یاخود یەک دوو ئۆتۆمبێیی پۆلیسیان لەگەڵدا دەنێرین بەشێوەیەک کە هەیبەتی ڕەسمی هەبێت.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لیژنەکە هێزێکی بێ لایەنی وەک لیژنەی بڕیاردەر لەگەڵیاندا بێت، کاتێک کێشەکە گەیشتە ئەوەی کەگەورەتر بێتەوە ئەو کاتە ناتوانین بڕیارێکی بنبڕی بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەرکی وەفدەکە دوو ئەرکە:

١- بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بارە.

٢- بۆ ئاشت بوونەوەی لایەنەکانی کێشەکە، ئەگەر لیژنەکەش لە ئەندامانێک پێک بێت کە گەرمیانی نەبن باشترە، با لە لیژنەی یاسا یەک دوو ئەندام لەگەڵ ئەم لیژنەیە بڕوات بۆ یەکلا کردنی مەسەلەکە.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیژنەی کە دەڕوات بۆ ناوبژی و پێک هێنان بێگومان دەبێ بە وردی ڕووداوەکە لە ڕاپۆرتەکەیاندا ڕوون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە با بەڕێز مەلا محەمەد وەکو ئەندامێک لە ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە بکات و هەروەها وەکو وەزیری ئەوقافیش و، وەکو نوێنەری حکومەتیش، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کێشەیە دەشێ لە کێشەی هەموو کوردستان گەورەتر بێت نەوەک تەشەنە بکات و گەورە بێتەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەکە با خەڵکی شارەکانی تریشی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە هەڵبژێرن، بە سیاسی وەری نەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە با لیژنەکە دیاری بکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بزانم برادەرانی پەرلەمان وەکو بێ لایەنن لە ئەنجومەندا، لەبەر ئەوە زیاتر ئەندامەکان یاسایی بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەندامانی گەرمیان دەسنیشان دەکەین، هەروەها دوو ئەندامی لیژنەی یاسایشی لەگەڵدا بێت و ، ئەگەر مەلایەکیشیان لەگەڵدا بێت زۆر باشە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین و مەلا موحسین دووجار لە بڕیارداندا بەشداریان کردووە و ڕۆڵیان هەبووە، ئەگەر دوو ئەندامی تریشی گەرمیانیان لەگەڵدا بێت بەمەرجێ (محاید)بن لە لێکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو ئەندامی تریشمان پێشنیار کرد بۆ ئەم لیژنەیە ئەوانیش ئەم بەڕێزانەن:

١ـ بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد.

٢ـ بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زینەلعابدین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەئامادەین کە بڕۆین، بەڵام با بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی سەرۆکی لیژنەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەو دوو ئەندامەدا، ئەم بەڕێزانەش بۆ ئەندامەتی لیژنەکە دەسنیشان دەکەین ئەوانیش بەڕێز سەلاح دەلۆ و سەلاحەدین حەمید و عەلی عەبدوڵڵا و ئەکبەر حەیدەر ئەمانە بڕۆن بۆ کەلار پاشان بڕۆنە چەمچەماڵ،چونکە چەمچەماڵ کێشەکەی ئاڵۆزترە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەسی تر جگە لە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بەشداری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەکە لە پەرلەمان بێت باشتر و ڕێکوپێک ترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی ئەم کێشەیە ئێمە بە گورجی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لقی سلێمانی کۆبوونەوەیەکمان کرد بە پەلە پەیوەندیمان بە مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کرد ئەوانیش پێشوازیان لێ کردین، بۆ ئەوەی پێکیان بهێنین و لە دوای ئەوان چووین بۆ مەڵبەندی ئیسلامی و هەموو سەرکردەکانیان لەوێ بوون پێشوازیان لێ کردین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەکە لەم ئەندامە بەڕێزانە پێک هات:

١ـ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی.

٢ـ حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی.

٣ـ مەلا محەمد ئەمین عەبدولحەکیم.
٤ـ مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین.
٥ـ سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا.
٦ـ عەلی عەبدوللا ئەحمەد.
٧ـ ئەکبەر حەیدەر موسا.
٨ـ سەلاحەدین ئیبراهیم دەلۆ.

هەروەها بەڕێز شێخ یەحیاش چەند رۆژێکە لەوێیەو ئەویش بۆ هەمان مەبەست چووەو دەتوانن پەیوەندیی پێوە بکەن، ئەمانە ئەندامانی لیژنەکەن و، با بەرەو کەلار بەڕێ کەون و پاشان کە لەوێ تەواوبوون بڕۆن بۆ چەمچەماڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر بە بڕیارێکی کورت ئیشی لیژنەکە دیاری بکرێ، ئایا لەوێ چ بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم پێویست ناکات کە راپۆرت دابڕێژرێت، با پەرلەمان دەسەڵات بدات بە لیژنەکە و هەر شتێک رێککەوتن لەسەری بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەمڕۆ هیچمان نەماو، بەم شێوەیە کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
| سکرتێری ئەنجومەن | جێگری سەرۆک | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

دووشەممە رێكەوتی ١٧/٨/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٧

***کاتژمێر( ١٠ )ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی١٩٩٢/٨/١٧ ، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٢٣ )ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسای دانیشتنەکە چەسپێندرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان وبە ناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١-دەستنیشان کردنی کەسێک بۆ وەزارەتی داد.***

***٢-لێکۆڵینەوە لەگرفتی سەر ژمێرکردنی سەرجەمی کوردستان.***

***٣-گوێ بیست بوونی ئەنجامی کارەکانی لیژنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.***

***٤-خوێندنەوەی راپۆرتی وەفدی ئەنجومەن بۆ M.C.C لە زاخۆ.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خالانەی کە ئەمڕۆ باسی دەکەین هەندێکیان پەیوەندییان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە و، جەنابی سەرۆک وەزیرانیش دیارە هێشتا نەگەیشتووە و دوو خالیش پێویستییان بە روون کردنەوە هەیە لە لایەن ئەوانەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند خالێکم هەیە کە دەمەوێ پێشنیاری بکەم ئەویش:

١ـ ئێمە لەگەڵ دیموکراتیدایین بۆیە پێویستە یاسای ڕۆژنامەگەریمان هەبێت، وئەنجوومەنی وەزیران هەستێت بەدانانی ئەم یاسایە.

٢ـ پشتگیری داواکارییەکەی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت بۆ یارمەتی دانی دەزگای ئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارێک دەرچووە لەسەر گۆڕینی ناوی (طواری) بەناوێکی یاسایی وگونجاوتر، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ ئەم کارە بەماوەیەکی دیاری کراو بە ئەنجام بگەیەنێ.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەمە تەنها دەسەڵات و یاسا نەبێت پێویستی بە توانا هەیە کە ئیشوکارەکانی خۆیان بکەن.

٣ـ حاکمەکـان نارەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە مـانەوەی دادگای باڵای شـۆڕش وهەروەها بەرامبەر بە بەردەوام بوونی حاکمەکانی شۆڕش لە دادگایی کردنی خەڵک.

٤ـ هەندێ وەکـالاتی خـەیاڵی دراوە کـە بەراسـتی جـێی لێکۆڵینەوەیە و پێـویسـتـە هەمـووی هەڵبوەشێنرێتەوە وپاشان دووبارە جارێکی تر بڵاو بکرێتەوە.

٥ـ ئێـمـە دەمـانەوێ ئاسـایش رێکوپێک بکرێ ودەزگـای ئاسـایش بە جـۆرێک بێت کـە زوڵم ونارەزایی خەڵک رەچاو بکات.

٦ـ ئیجرائات وەرگرتنی ئەنجوومەنی وەزیران بەرامبەر بە مەسەلەی ئەو هاووڵاتییە فەڵەستینیە کە لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا کاردەکات.

٧ـ دەربارەی راگرتنی چاپخانەی پەروەردەی ژمارە(٢) و با بزانین هۆی راگرتنەکەی چییە؟، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لێـرە چەند خـاڵێک هەیە، هەندێک لەو خـاڵانە بۆ لێکۆڵینەوەیە وهەندێکی تریش بدرێن بە لیژنەکان و هەندێکیشی راستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە. سەبارەت بە دانانی یاسایەک بۆ راگەیاندن ئەوە پەیوەندیی بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیەودەبێ بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران.

دەبێت دەزگای ئاسایش هاوکاری بکرێ، وبەڕێز وەزیری ناوخۆش هەرچی تێبینیەکی هەیە لەسەر ئەم مـەسەلەیە بادەری ببرێ و، وەکـالەتە خـەیالیـەکـان پەیوەندییـان بە وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە هەیە، جا با بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری تێبینیەکانی خۆی دەربڕێ. مەسەلەی دادگای شۆڕشیش دیسان پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، هەروەها دەستگیر کردنی ئەو کەسانەی کە باس کران. دەربارەی چاپخانەی پەروەردەش، وەزارەتی پەروەردە و ئەنجوومەنی وەزیران بالێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــەمـــەد نەورۆڵی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

من دوو تێبینیم هەیە؛ یەکەمیان نەمانی بڕوای خەڵکییە بە وەزارەتەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان بەپێی پێویست.

خاڵی دووەمیشیان سەبارەت بە بردنی سەیارەیە بۆ ئەودیوی سنوور، داوا دەکەین چارەسەرێک بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ بڕیارێکیان دەرکردووە بۆ قەدەغەکردنی بردنی ئۆتۆمبێل ئامێر بۆ ئێران.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام هیچ شتێک لەمانە جێبەجێ نەکراوە و ،پێشنیار دەکەم کە بڕیارێک وەربگیرێ بۆ قەدەغە کردنی ئەم جۆرە کارانە وجێبەجێش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەتوانرێت لە یەک خاڵدا کۆ بکرێتەوە، کە قەدەغەکردنی ئاودیوکردنی سەیارە و کەرەستەی کارەبایە بۆ ئەو دیو، کاتی خۆی وەزارەتی ناوخۆ شتێکی دەرکردووە، جا بابزانین لەم بارەوە چییان کردووە وچ پێشنیارێکیش هەیە؟.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو ماڵوموڵکانەی کە لە لایەن ڕژێمەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوا لە وەزارەتی داد دەکەین کە لێکۆڵینەوەی قووڵمان بۆ ئامادە بکات سەبارەت بەم ماڵوملکانە، چونکە مەسەلەی دەست بەسەردا گرتنی ئەم خانوو بەرانە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە وبابزانین ئەنجوومەنی وەزیران چ پێشنیارێکیان هەیە؟.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی باسی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرەی کوردستانیەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، هەر شتێک ڕوو بدات یەکسەر هێزی هاوبەش ڕوو دەکەنە بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی پارەیان بۆ سەرف کەن ،کەچی ئەو وەزارەتانە بەتایبەتی وەزارەتی دارایی زیاتر دەبێت پەیوەندیی لەگەڵ ئەو هەموو ئەوشتانە هەبێت، بەڕاستی ئەمە وەزعێکی سەیرە!، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو تێبینیم هەیە لەوانە:

١ـ مەسەلەی سووتەمەنی وپارەی مزەوەر.

٢ـ سەبارەت بە کێشەی ئەو فەلەستینیە کە تەدەخولی لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە لەکاروباری

دادگای هەولێر، ئەمەش دادگا کراوە.

سەبارەت بە مەسەلەی سووتەمەنی ئەوە پیلانی رژێمە و خۆی دایناوە و، هەروەها کارەباکەش زۆر بێ هێزە بە بۆنەی بەکارهێنانی هیتەرەوە، سەبارەت بە مەسەلەی پارەی مزەوەریش کە لە پەرلەمانەوە بریاری مامەڵە پێکردنی دەرچووە ئەوپارەیە زۆر عەمەلی نییە و لەگەڵ پارەکانی تر جیاوازییەکی بۆ دابنرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە پارەی تەزویر بریارێکمان دەرکردووە وئێستاش حەز دەکەین کە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری ئەم مەسەلەیەمان زیاتر بۆ روون بکاتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی داد لە ناو خودی لیژنەی قەزای خۆی دادگای ئاسایش دروست بکات و، زۆرشت هەیە پێویستە چارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم نرخ بۆ ئەو شتانەی کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی دارایی وئابووری هەوڵی دەرکردنی پول بدات، ئەویش بۆ بەکار هێنانی لە مامەڵەی خەڵکیدا و، تاوەکو وەزارەتی داراییش ئەم پولانە دەردەکات قازبەک ترخان بکرێت بۆ ئەم کارە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دابین کردن ودەسنیشان کردنی جێگا و شوێن بۆ وەزارەتەکان تاوەکو بتوانن ئیشوکارەکانیان بەرێکوپێکی بەجێ بگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو مەسەلەیەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری سەرۆک وەزیراندا باس کردووە، وەک بزانم ئەنجوومەنی وەزیران بەم زووانە ئەچنە بینایەی خۆیان وداوامان کردووە لە دەستەی سەرۆکایەتی کە لە ماوەی یەک هەفتەدا ئێرەمان بۆ چۆڵ بکەن، دەزانم فشارێکی زۆرمان لەسەرە بۆئەم مەسەلەیە، ئەوا یەک، دوو وەزارەت لێرە دەوام دەکەن و لەوانەیە لە

بەیانییەوە ئاگاداریان بکەینەوە کە لە ماوەی یەک هەفتەدا جێگە بۆ خۆیان بدۆزنەوە وەهەر وەزارە تێکیش با لەگەڵ وەزارەتێکی تر، یا لەگەڵ ئەودامودەزگایەی کە سەربەوانە چ بەڕێوەبەرایەتی بێ چ جێگایەکی تر بێ جێی خۆی بکاتەوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە:

١ـ دانانی ژمارە بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە سەنەویەیان نییە وبێ ژمارەن بۆ ئەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هی دزین یا هی خەڵکی بێ، یاخود هی دەزگاکانی حکومەت بێ ئاشکرا بن و ئیجرائاتیان بەرامبەر وەربگرێ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە و، هەروەها قەدەغە کردنی دانانی پەردە بۆ ئۆتۆمبیلەکان ئەویش هەر بۆ مەسەلەی پاراستنی ئاسایش.

٢ـ تەجاوزاتی زۆر هەیە لەسەر گوندەکانی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی گوندەکانی ئاشوورییەکان لە بادینان، ئێستا ئێمە شەرمەندەین بەرامبەر بەو خەڵکەی کە لە دەرەوە دێنە ئێرە وەکو چاوپێکەوتن، چونکە خەڵکێکی ئاشووری زۆر ڕۆیشتووە بۆ تورکیا و وڵاتانی تر ولەوێ حزبە سیاسیەکانی کوردستانیان گونهابار کردووە کە گوایە گوندەکانیان داگیر کراوە لەلایەن حزبەکانەوە، هەرچەندە ئەمەش ڕاست نییە.

داوا دەکەم لە ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەنجومەنی وەزیران کە چارەیەکی مەرکەزی بۆ ئەم مەسەلەیە دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری یەکەم، ئەوە ئیشوکاری وەزارەتی ناوخۆیەو پێویست ناکات ئێمە پێی بڵێین. خاڵی دووەم، باوەزارەتی کشتوکاڵ بەهاوکاری لیژنەی کشتوکاڵی پڕۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکەن، لە میانی ئەو پڕۆژەیەشدا گیروگرفتەکان چارەسەر دەکرێ.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە هەر بڕیارێک بدرێت پێویستە پێداویستەکانی ئەو بڕیارە ئامادە بکرێت دوایی بڕیارەکە دەربچێت، ئەگینا سام وهەیبەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەنجومەنی وەزیران و وەزاراتەکان نامێنێ. پرسیاری دووەم ئایا دائیرەی ئاو واتا ئاوو ئاوەڕۆ پەیوەندیی بە چ وەزارەتێکەوە هەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێ کە ئێمە دەپرسین کێ پرسیاری تری هەیە،دەست بەرزبکەنەوە و، ئەوانەی دەستیان

بەرزکردەوە ناویانمان نووسیوە کەچی دوایی هەندێکی تر سوورن لە سەر ئەوەی کە موناقەشە بکەن، تکایە هەر کەسێک دەیەوێ موناقەشە بکات با پێشتر ناوی خۆی تۆمار بکات.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە دەبینین زۆربەی پۆستەکان بە زمانی عەرەبییە، زۆرشت هەیە هەتا ئێستا بەزمانی عەرەبییە بەتایبەتی لە خولی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوا دەکەین کە ببێت بە زمانی کوردی. پێشنیاری دووەمم با ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەلایەن ئەنجوومەنەوە یارمەتی بدرێن نەوەکو لەلایەن حزبەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەیەکمان دانابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بەکار هێنانی زمانی کوردی وەکو زمانێکی رەسمی، داوا دەکەین کە لیژنەکە بە زووترین کات ئیشەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زانیومانە ئەنجوومەنی وەزیران داوایان کردووە کە(٦)خانوو لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرن، ئایا ئەم خانووانە بۆکێیە؟ سەبارەت بەدامەزراندنی جێگری و، یا پارێزگار بۆنموونە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان هیچ ئاگاداریەکم نییە لەسەر دامەزراندنی نەوشیروان وەکو پارێزگاری سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تاوەکو ئێستا نەوشیروان وەکو پارێزگاری سلێمانی دانەمەزراوە ودامەزراندنی وەزیرو پارێزگارەکان لە میانی ئیشوکارەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندایە ئەندامانی پەرلەمانیش مافی خۆیانە کە ئاگاداری ئەو ئیشوکارانە بن.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە کە بۆ چەمچەماڵ لیژنەیەک بنێردرێت بۆ ئەوەی یەک لایی ئەو رووداوە بکاتەوە، تاکو کێشەکە گەورە تر نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەیەک هەبوو و ئێوە ئەندام بوون لەو لیژنەیە و چوون بۆ چەمچەماڵ وبرووسکەیەکتان کرد بۆ سلێمانی و وتتان لەبەر هەندێ گیروگرفت ئەگەڕێینەوە کەچی پرسیار لە من دەکەی لە کاتێکدا کە خۆت ئەندام بوی لە لیژنەکە.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە ئاراستەی وەزارەتی دارایی وئابووری دەکەم، ئایا چییان کردووە سەبارەت بە ئەو سجلاتانەی کە تایبەتن بە (اذن دفع وقبض) ؟سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ، داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەم کە بڕیارێک دەرکا سەبارەت بە قەدەغە کردنی گرتن وئەشکەنجەدانی خەڵک لەلایەن حزبەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ لە پەرلەماندا بڕیارێک بدرێ، کە نابێ هیچ لایەنێک جگە لە حکومەت بەندیخانەی هەبێت، با وەزارەتی ناوخۆش بڕیارێک دەربکا بۆ نەهێشتنی چەک لە بازاڕدا، هەروەها هێزێکی هاوبەشیش لە پارتی ویەکێتی دروست بکرێ بۆ هاوکاری کردنی وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها وەزارەتی دارایی وئابووریش بڕیارێک دەرکات دژ بەو حزبانە کە بازگەی گومرکیان داناوە و، پرسیارێک هاتووە دەربارەی کشانەوەی بارەگای(UN)لە کەلاردا، ئایا هۆیەکەی ئەوەیە کە ماوەکەیان تەواو بووە، یاخود لەبەر ئەو گیروگرفتانەیە کە لە کەلار رووی دا، داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە وەڵامان بداتەوە، هەروەها چەند قوتابیەکیش داوای هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی بچن بۆ دەرەوە، ئێمەش ئەم داواکاریە دەخەینە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاوکاری کردنیان.

**بەڕێز د. محەمەد فۆئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ روون کردنەوەم هەیە حەز دەکەم باسی بکەم، ئەو مەسەلانەی کە لێرە باس دەکرێ، یاخود ئەو پرسیارانەی کە لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکرێ، پێش وەخت ئاراستەیان بکرێت، بەڵکو تووشی سەرسوڕمان نەبن کاتێ کە گوێ بیستی دەبن، هەروەها پێویست ناکات شتی زۆر ورد لێرە باس بکرێ کە پێویست بە باس کردن ناکات و، سەبارەت بە دانانی پارێزگار ، یاخود هەر فەرمانبەرێکی تر هەندێ لەو شتانە باوەڕ ناکەم پێویست بەوە بکات کە لێرە باس بکرێ وئەگەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئاگادار نەبوو مانای ئەوە نییە، هەیبەتی کەم دەبێتەوە، یاخود پەرلەمان بە گشتی هەیبەتی کەم دەبێتەوە هەموو شتێک بە پێی پسپۆڕییە وهەمووی بەپێی ئەو یاسایەیە کە لێرەوە دەردەچێ ولێرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ جا هەر شتێک بە پێچەوانەی ئەو یاسایە بوو حەقە بەرامبەری بوەستن ڕێگای پێ نەدەن.

دەربارەی ئەو ئۆتۆمبیلانە کە بێ ژمارەن دەبێت چارێکیان بۆ دابنرێ و، وەزارەتی ناوخۆش داوا لە گشت حزب ولایەنە سیاسیەکان وخەڵکانی تریش بکات کەوا ئۆتۆمبیلەکانیان تۆمار بکەن بەرامبەر بە برێک پارە وئەو پارەیە دەبێتە دەسکەوتێک بۆ حکومەت وسەرچاوەی ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە دەر دەکەوێت و هاتووچۆشی پێ رێک دەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکانی بەڕێز د. فوئاد لە جێگای خۆیەتی وئێمەش داوا لە ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین کەوا بەپێی ئەو یاسایەی کە دانراوە بۆ چۆنێتی پرسیارکردن و ئاراستەکردنی پرسیار هەڵسوکەوت بکەن و، کاتێ کە دەڵێین کێ پرسیاری هەیە ئەو ئەندامەی کە پرسیاری هەیە لەسەر خاڵەکانی پرۆگرامەکەمان بۆی هەیە بیکات، یاخود هەڵیگرێ بۆ دانیشتنی داهاتوو.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاری پێشوش باسم کرد کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە بەڕێوەبەرایەتی بانکەکاندا کرا ئەویش بە ئامادە بوونی هەندێ لە شارەزایان وپسپۆڕانی زانکۆی سەلاحەدین و نوێنەری بازرگانەکان لە بازاڕدا و لێکۆڵینەویەکیان پێشکەش کرد بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش بریتی بوو لەم خاڵانەی خوارەوە:

١ـ هەموو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان وهەموو هاوولاتییەک پابەند بێ بەوەی کە ئەو پارەیەی لە مامەڵەدایە (العملە الورقیە) کاغەزی بێ، یان ئاسنین بێ پێویستە لەسەری کە وەری گرێ بە مەرجێک یەکێک لە مەرجەکانی دڵنیای (الضوابط الامان)ی وەکو (شبح الخط الامان)، یا (فسفور) یەکێک لەمانەی تیادا بێت، هەروەها سەبارەت بە پارەی دڕاویش ئەگەر دوو پارچە بوو، یا نەختێک دڕابوو کار نەکاتە سەر خەرجکردنی و پێویستە ئەوەش وەربگیرێ.

٢ـ بانکە بازرگانیەکان بۆیان هەیە مامەڵە بە دۆلار بکەن لە هەمان کاتدا مۆڵەتیش دەدرێت بەهەندێ کەس وەکو سەراف بە گوێرەی هەندێ مەرج لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری.

٣ـ بە هەموو جۆرێک مامەڵە بەپارەی عێراقی وبیانی قەدەغەیە وهەرکەسێ بگیرێ ئەو پارەیە دەستی بەسەدا دەگیرێ وئەوکەسەش دەدرێ بە دادگا بۆ ئەوەی سزای خۆی وەرگرێ بە گوێرەی یاسا.

سەبارەت بەوکەسانەی کە دەچن بەرەو ئەو شوێنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمن تەنها بۆیان هەیە (٥) هەزار دینار لەگەڵ خۆیان بەرن وەکو (نقد) لەوە زیاتر بوویان نییە پارە بەرن تەنها ئەگەر هاتوو پێویستی کرد ئەبێ مۆڵەت وەرگرن لە لایەنێکی ئاسایش و هۆیشی هەبێ بۆچی لە (٥) هەزار زیاتر لەگەڵ خۆیان دەبەن.

ئەم خاڵانە بڵاو دەکرێنەوە لە ڕۆژنامەکاندا پاش (٥) ڕۆژ و، ئەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەن

دەدرێن بە دادگا وسزا دەدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک هەبوو سەبارەت بە دیاری کردنی نرخ، ئایا هیچ شتێکتان پێ نیبیە لەم بارەیەوە؟.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دیاری کردنی نرخ هیچم پێ نیبیە، بەڵام وەکو مەسەلەیەکی ئابووری زۆر گرانە ئێستا ئێمە بێین لەکاتێکدا کە شتەکان زۆر کەمن نرخیان لەسەر دانێین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند خاڵێک هەیە ئەمەوێ بیخەمە روو:

١- درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی لیژنەکان ئەگەر بە ئیستسنائیش بێت بۆ هەندێ حاڵەت.

٢- سەبارەت بە ئەو دەزگایانەی کە تا ئێستا خەرجییان لە بەرەوە وەرگرتووە ئێستا لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری رێکەوتوین بۆ ئەوەی کە پارەیان بۆ دابین بکرێت.

٣- سەبارەت بە دادگای شۆڕش ئەبێ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت.

٤- سەبارەت بە ئۆتۆمبیل و تەل وعەموودی کارەبا داوامان لە ئاسایش کردووە کە بۆمانی روون بکەنەوە ئەوشتانە بۆ کوێ ئەڕوا؟!.

٥- تێ هەڵچوون لە کاروباری قەزائی، هەوڵ دەدەین بەپێی توانا دەسکاری کاروباریان نەکرێت.

٦- ئۆتۆمبیلی بێ ژمارە ئەبێ هەمووی ژمارەی بۆ دانرێ و هەمووی چارەسەر دەکرێن و، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە جامیان رەشە ئێمە ئەبێ بڕیارێک دەرکەین بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە و، هەرکەسێ سەرپێچی بکات سزا بدرێت.

٧- مەسەلەی ئاو و ئاوەڕۆکەکان گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە لە ئەنجوومەنی وەزیران و تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجامێک، وتمان بدرێت بە لیژنەی خزمەتگوزاری لە پەرلەمان ئەوان بڕیار بدەن کە سەر بە چ وەزارەتێک بێت.

٨- سەبارەت بە بەندیخانەی حزبەکانەوە، کاتی خۆی بڵاومان کردۆتەوە کە هیچ حزبێک بۆی نیبیە بەندیخانەی هەبێ، ئینجا بەخراپی نازانم ئەگەر پەرلەمانیش نووسراوێک ئاراستەی حزبەکان بکات بۆ ئەوەی کە بەندیخانەکانیان دابخەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشترە قەدەغەکردن، یا نەهێشتنی بەندیخانەکان لەلایەن حزبەکانەوە بکەین بە بڕیارێک لە پەرلەماندا، چونکە زیاتر کاریگەر دەبێت بڕیارێکیشمان لەم بارەیەوە دەرکرد ئەوەش پەیوەندیی بە هەموو لایەکەوە هەیە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت بڕیارێک بدرێت بۆ قەدەغەکردنی بازگەی گومرکی لەلایەن حزبەکانەوە وتەنانەت گومرک دانان لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی بێ وئەو بڕیارەش پێرەو بکرێ لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە، چونکە بۆ نموونە سۆسیالیست سەرپێچی ئەم بڕیارەیان کردووە وگومرکیان بۆ خۆیان داناوە و وەزارەتی ناوخۆش بەتەنها ناتوانێ بەرەنگاری ئەم جۆرە گرفتانە بێت ،پێویستە ئەم جۆرە مەسەلانە لە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی وپەرلەمان باس ولێکۆڵینەوە لەسەر بکرێ.

سەبارەت بەقەدەغە.کردنی چەکدار لەناو شارەکاندا، بڕیاردراوە کە بارەگای پێشمەرگەی حزبەکان لەناوشارەکاندا نەمێنێ وجلوبەرگی تایبەتیش بۆ پۆلیس وهێزی هاوبەش بکرێ کەوا تەنها ئەوان بۆیان هەبێ چەک هەڵگرن وبەجلوبەرگەکانیانەوە دەناسرێن و،جگە لەوانە هەر کەسی سەرپێچی کرد چەک کرێت وئیجرائاتی بەرامبەر وەرگیرێ، سەبارەت بە کشانەوەی بارەگای (un)لە کەلارو ڕانیە وابزانم تەنها لە کۆتایی هاتنی ماوەکەیانە و لەبەر هیچ شتێکی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەتا ئێستا حکومەت پەیوەندیی بە(UN)ەوە نەکردووە، بنکەی سەرەکییان لێرەیە، ئایا هیچ پرسیارێکیان لێ کراوە کە بۆ لەو جێگایانە کشاونەتەوە؟.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تائێستا وەڵامیان بۆ نەهاتووە بەس ئەوەندە ئاگادارین کە کشاونەتەوە لەکەلار ورانیە لە هەمان کاتدا بەیەکەوە کشاونەتەوە هەر بەقسە پێیان وتووین کە داوایان لێ کراوە بکێشنەوە لە مەرکەزەکانیان ئەگەر بەپەسندی دەزانن داوایان لێ دەکەین بۆمانی ڕوون بکەنەوە کە بۆچی کشاونەتەوە؟ ئێمە لیژنەی ئەمنیمان هەیە لەگەڵیاندا هەفتەی جارێک دووجار دادەنیشین وزیاتر باسی مەسەلەی ئاسایش دەکەن، ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بوون کە ئاماژەم بۆی کردووە لای خۆمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند پرسیارێکی تر هەبوو کە پەیوەندییان بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە بەتایبەتی مەسەلەی ڕۆژنامەگەری.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بازگەکان زیاتر باسی گومرکیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە بازگە هەبێت لە نێوان سنوورەکاندا بەتایبەتی لە نێوان ئێران بۆ تورکیادا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێکمان دەرکردووە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە سەبارەت بە بازگەکان، ئەوەیش بە مانەوەی تەنها ئەو بازگە ڕەسمیانە کە وەزارەتی ناوخۆ دەستنیشانیان کردووە و، هەموو حزبەکان ئاگادار کراونەتەوە کە هەر بازگەیەک جگە لە بازگە ڕەسمیەکان دابنرێن ئەوە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە هێزێکی هاوبەش دەنێرن بۆ گرتنی چەکدارەکانی ئەو بازگەیە و دەست بەسەر چەکەکانیاندا دەگیرێ وخۆشیان دەسگیر دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک هەیە دەربارەی ئەوخەڵکە بیانیانەی کە بە زۆری هاتووچۆی کوردستان دەکەن، ئایا هیچ ئیجرائاتێک وەرگیراوە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو خەڵکە بیانیانە کە هاتووچۆی کوردستان دەکەن، دەبێت دەزگای ئاسایش لێیان بکۆڵێتەوە وبزانێ هۆی هاتنیان چییە؟ ئەویش دەبێت خاڵە سنوورییەکان ڕێک بخرێت وماوەیەکی پێ دەوێت، چونکە کارێکی ئاسان نییە. بۆ مەسەلەی داربڕینیش من وەکو بۆچوونی خۆم ڕاستە داربڕین دیاردەیەکی ناشرینە، بەڵام ئەو خەڵکە چاری نییە دەبێت سووتەمەنیەکی هەبێت بۆ خۆ ڕزگارکردن لەسەرمای زستان پێشنیاری من ئەوەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵی ئەوە بدەن کە بەشێوەیەک ڕاگەیاندن خەڵکی تێ بگەیەنن چۆنێتی داربڕین بەبێ ئەوەی زیان بگەیەنێتە دارستانەکان و سوودیش لەم جۆرە بەرنامانە دەبینین بۆ ئەوەی هاواری دەرەوە بکەین کەوا داروودارستان لە کوردستاندا خەریکە نامێنێ تاوەکو چارەیەکمان بۆ بکەن بۆ دابین کردنی سووتەمەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی سەبارەت بە قەدەغەکردن و ئاودیوکردنی ئۆتۆمبیل بۆ ئەودیو؟.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو باسم کرد هەندێ مەسائیل هەیە دەبێ باسی لێ بکرێ، ئایا ئەتوانین ئەمە بفرۆشین. یا ناتوانین بیفرۆشین ئاوا وەڵامی ئەو پرسیارەم داوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان دەستمان کردووە بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکان ئەویش لە دوێنێوە بازگەکانی خۆمانمان لەسەر ڕێگاکان ئاگادار کردۆتەوە کە نەمێنن، ولە ۷/۲۲ سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بڕیاری داوە کە دەور وتەسلیمی دادگای حزبەکان بکەن لەگەڵ لایەنە رەسمیەکان ونازانم هیچ کراوە، یا نە؟ وهەمان شتیش سەبارەت بە بەندیخانەکانی حزبەکان، من پێشنیارەکەم لە ئاسایشەکانی پارێزگاکان دادوەرێکی توێژینەوە(حاکم تحقیق) دانرێ وپاشان لەوێوە کێشەکان رەوانەی دادگای جنایات بکرێ، وهەروەها داوا دەکەم کە بڕیاری گەڕانەوەی خانووبەرەکانی دەرکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە دادگای باڵا هەرچی کێشە هەیە لە بەردەستیان رەوانەی دادگاکانی هەرێمیان کرد، بەڵام دادگـــای (استئنافي) وەری نەگرت ئەویش وتیان تاوەکوو وەزارەتی داد بەتەواوی دادەمەزرێت ئەوکاتە دادگایەکی تایبەتی بۆ دادەمەزرێ، یا ناوی دادگای شۆڕش دەگۆڕن بە ناوێکی تر ودادگای باڵا لەوەتی ئاگادار کراوەتەوە هیچ کێشەیەک وەرناگرێ وکەسیش دەسگیر ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــــــمـــــــەد ســـالار عـــــــەبدولواحـــــــید:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

١- بەتەماین پرۆژەی یاسایەک دابنەین بۆ گشت هۆیەکانی ڕاگەیاندن و جێگای ڤیدیۆو یانەکان و بۆ چارەسەرکردنی تێکدانی زمانی کوردی، دەزگاکانی هەرێم فەرهەنگێکیان داناوە بۆ زارەوە کوردیەکان.

٢-بنەمای هۆیەکانی راگەیاندنی هەرێم دانراوە پشتگیرش کراوین لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

خاڵێکمان هەیە دەربارەی لیژنەکان، بڕیارێکمان هەبوو کە لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو لیژنانە پێداویستیەکانیان بۆمان دەستنیشان بکەن، ئینجا چەند پرسیارێک هاتووە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە تەنها لیژنەی یاسا جیا کراوەتەوە، نازانم لیژنەکانی ترمان چیان کرد، تکایە با لیژنەکان روون کردنەوەیەکمان پێ بدەن.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە هەفتەی رابردوودا کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ وەزیر و ئەندامانی وەزارەتی پەروەردە وئەم پێشنیارانەمان پێشکەش کرد، ئەویش دەربارەی ئەو مامۆستایانە بوو کە لە ١٩٧٤پێشمەرگە بوون ودەر کراون ئەو ساڵانەیان بۆ بەخزمەت حسێب بکرێ بۆ خانەنشینی، هەروەها دەربارەی میلاکی زانکۆ وبە زووترین کات هەیکەلێ دابمەزرێ لە خەڵکێکی شایەستە و، دەربارەی وانەی کوردی لە قوتابخانەکاندا کە دوو وانە بوو زیاد بکرێ بە چوار وانە و بخرێتە ناو ئەزمونەکانی بەکەلۆریاوە، دەربارەی سەفەری قوتابییانیش بۆ دەرەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران داوای وەڵامان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچمان پێ نەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەکان راسپێردراون کە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر میلاکی وەزارەتەکان بکەن، ئەرکی ئەوان لێکۆڵینەوەیە لەسەر پێداویستیەکانی قوتابخانەکان و مەسائیلی تەکنیکی وهەروەها سەبارەت بە ئیشوکاری لیژنەکانی تریش، ئەمە بریاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی بوو بۆ ئیشی لیژنەکان نەوەکو گێڕانەوە، یا دامەزراندن و دەرکردنی فەرمانبەران.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ وەزیری پەروەردە لەسەر ئەمە بوو:

دابین کردنی پێنوس بۆ قوتابییەکان، هەروەها تەباشیرو رەحلە بەتایبەتی بۆ ئە وقوتابخانانەی کە تازە کراونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دەمانەوێ بزانین کراوە، یان نەکراوە؟ و دیارە هەتا ئێستا وەکو لیژنە نەیان کردووە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە لیژنەکان کردوویانە تەنها بە گفتوگۆ کردن مەسەلەکەیان لەگەڵ وەزیرەکاندا باس کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی رەسمی ئەوەیە کە لیژنەکان پاش گەیشتن بە ئەنجام دەیدەنە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەوانیش رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەن ولەوێوە بەرەسمی دەدرێتە وەزارەتەکان بۆ جێبەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارەکە وابوو کە ئەم لیژنانە گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتەکاندا بکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان،

چونکە ئەگەر وابێ پێویست ناکات لیژنە دانێین، بەڵکو هەر بەنووسراوێک ئاراستەی وەزارەتەکانی دەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێویستیەکانی ئابووری ئێمە راپۆرتێکمان بۆ بەڕێزتان ناردبوو کەپێویستمان بە (٦٤٥)ملیۆن دینارە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەکەدا ئەندامان زۆریان ئامادە نەبوون ئومێدوایە لەم رۆژانە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ کۆبوونەوەیەک بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووشت هەیە باسی بکەین ئەویش راپۆرتێکی کورتە و پێشنیاریشی تێدا بوو، هەروەها راپۆرتێکی تریش کە زانکۆی سەلاحەدین ئامادەی کردبوو کەوا زانستگای سلێمانی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کردنەوەی زانکۆی سلێمانی تاوەکو ئێستا ئەو توانایەمان نییە بۆ کردنەوەی ئەم زانکۆیە لەرووی ئابوورییەوە و، هەروەها نەبوونی مامۆستا وجێگا، جا بۆیە ئێمە وای بەباش دەزانین کەوا هەوڵی بۆ بدەین ساڵی ئایندە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کارگوزاریە گشتیەکانی چوار وەزارەت دەگەڕێتەوە وەزارەتی ناوخۆ و، وەزارەتی شارەوانی و، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن و، وەزارەتی پیشەسازی و هەر وەزارەتەو دۆسێیەکی تایبەتیمان بۆ کردۆتەوە لەو رۆژانەش بەراپۆرتێکی دووردرێژ تەواوی پێداویستەکان هەموویان بۆ دەنووسین، دەمانەوێ بپرسین ئایا راپۆرتی کولفەش بکەین، یا ئەو شتانەی کە پێویستن؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتێکمان پێشکەش بە وەزارەتی ئەوقاف کرد وئەوەی کە زۆر پێویست بوو سەرژمێر کردنی گشت مزگەوتی شارو شارۆچکەکان وئەو شتانەی کە زیادن لەپێداویستەکانی مزگەوتەکان

کۆبکرێنەوە و دابەشی سەر مزگەوتەکانی تر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید علی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ناوخۆ ئێستا ڕەشنووسەکەی لەبەر دەستدایە گشت پێداویستیەکانی تۆمار کراوە، لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا پێشکەشتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە لیژنەی ناوخۆ پێوەندییان بە ئێمەوە بکردایە بۆ وەرگرتنی زانیاری، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیان کردووە، ئەو زانیاریانەی کە بۆیان دێت لە ڕێگای وەزارەتەوە بۆیان دێت، یانی خزمەت گوزاری تایبەتی بەکار ناهێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەعید علی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار وایە کە سبەینێ کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێداویستیانەی کە زۆر پەلەن دەبێ دەستنیشان بکرێن وتەخمینی بەتەواوی بکرێ، ودیار بێ کە چەندی پارە پێویستە، دەبێت زۆر ورد بن لەم مەسەلەیەدا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ڕۆشنبیری ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردبوو وهەندێ لە برادەرانیش چوونە بۆ ئەوەی بەیانی لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری دانیشن وهەموو پێداویستەکانیان بخەنە پێش چاو ،سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی تەندروستی دووبەشە بەشی تەندروستی وبەشی کاروباری کۆمەلایەتی، من و د. حەسەن لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی دانیشتین باسی شتی بە پەلەمان کرد کە گرنگترینی ئەو مەسەلانە بوون،

سەبارەت بە نەبوونی دەرمان، ودۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ هێنانی دەرمان لە دەرەوەی کوردستان و، هەروەها گرفتێکی ترمان هاتۆتە پێش ئەویش تەدەروجی توبیە و پزیشکەکان کەئیقامەیان تەواو ئەکەن ئەبێ بچن عەسکەری بکەن، وای لێ هاتووە نەخۆشخانەکان خەریکە چۆڵ دەبێت، ئەوشتانەی کە زۆر بەپەلەیە پێداویستی پزیشکی(معدات الطبیە)بە وشیری منداڵ ئۆتۆمبیلی

فریاگوزاری(اسعاف) ئەم شتانە زۆر پێویستن ودەبێت لە هەموو نەخۆشخانەیەک هەبن ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ محەمەد قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبوایە رۆژی پێنج شەممە بچووباینایە بۆلای بەڕێز وەزیری پیشەسازی، بەڵام وەزیری پیشەسازی سەفەری کرد نەمان توانی بیبینین سبەی، یا دوو سبەی دەتوانین راپۆرتەکە ئامادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەیوەندیی با پەیوەندیی بە وەزارەتی مرۆڤایەتیەوە هەبێ، بەڵام ئێمە دەبێت دۆسییێ بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان دروست کەین و گشت زانیار ییەکیان لەسەر کۆکەینەوە و، هەروەها بزانین کە هەڵبژاردن چۆن دەبێت وپێویستیمان بە دوو وەرگێڕە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا هیچ وەزارەتێکی نییە پەیوەندیی پێوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مـلازم یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنە ناتوانین بە تەنها پێداویستیەکانی پێشمەرگە جێبەجێ بکەین، ئەبێت لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە باسی بکەین بۆ جێبەجێ کردنیان، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ئیشەکانی پەیوەندیی بە دوو وەزارەتەوە هەیە، وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدانە، ئێمە وەکو لیژنە پەیوەندیمان بە وەزارەتی ئەشغالەوە کردو کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵیان کرد وهەرچی پێداویستیانهە بە هەموویمان لە لیستێکدا تۆمار کرد وسەبارەت بە ئەو کەلوپەل ودەزگایانەی کە دزراون، یا لە کار کەوتوون بریار درا کە چاک بکرێنەوە وبخرێنە ئیش و،هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەند جارێک پەیوەندیمان پێیان کردووە، بەڵام جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرە نەبوو، بەڵام مەوعیدمان دیاری کردووە کە بەیانی چاومان پێیان بکەوێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئەوە دەرکەوت کەوا لیژنەکان ئیشەکانیان تەواو نەکردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەوا تەخمینێکی تەواویان هەبێت لەسەر پێداویستەکانیان و داواکارین کەوا پەلەبکەن. ئیشوکاری

ئەو دوو، سێ خاڵەی ترمان مەسەلەی سەرژمێرییە، کاتی خۆی ئێمە بڕیارێکمان دا کەوا سەرژمێری بکرێ، پاشان باسێکی تر کرایەوە کە ئەم مەسەلەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران دوابخرێ، من خۆم حەز ناکەم ئەم مەسەلەیە دوابخرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە با دوابخرێ بۆ ماوەیەکی تر. لەلایەن ئێزگەی یەکگرتنەوە بەشێوەی پرسیار هانی خەڵکیان داوە دەربارەی ئەو «٣٠» زەماڵەیە کە بۆ قوتابیانی هاتووە لە ئیتاڵیاوە ئەمە پێویست بەرەخنە ناکات، هەروەها پێویست بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیش ناکات، باشتر وایە هەوڵ بدرێت لەڕێگای کەناڵەکانی ترەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا قسەبکرێت.

**بەڕێز یەزدان یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو لایەنانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمانن تاوەکو ئێستا بەتەواوی هەڵوێستی خۆیان دیاری نەکردووە کە ئایا وەکو هاودژ رادەوەستن بەرامبەر بە پەرلەمان وئەگەر هاودژیش بوون حەقی خۆیانە کە هەرچی بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت یاسایەک بۆ راگەیاندن و رەخنە گرتنیش هەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو کەسێک رەخنە، یا شتێکی بڵاو کردەوە دژ بە بەرژەوەندی گشتی بوو بتوانرێ بەپێی یاسا دادگایی بکرێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێویستیمان بە دوو یاسایە، یەکێکیان یاسای حزبەکانە ئەوی تریان یاسای رۆژنامەگەری کە ئەو دوویاسایەمان دانا ئەوکات دەتوانین چارەسەری ئەو مەسەلانە بکەین، بەڵام ئێستا هەر هەڵسوکەوتێک بکەین دەنگدانەوەی سلبی دەبێ و، بەنیسبەت ئێمە وا نیشان دەدا کە دژ بە دیموکراتیەتین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ یاسای حزبەکان وراگەیاندن، با ئەوە بدرێت بە لیژنەی یاسا.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ یاسایەک بۆ حزبەکان ویاسایەک بۆ گومرکیش دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە پەیوەندیی بەیاسای حزبەكانەوە هەیە،كە یاسای حزبەكانیش دەرچوو ئەو كاتە مەسەلەی دارایی ئەو حزبانەش بە پێی یاسا یەک لایی دەكرێتەوە، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد پرۆژەی ئەو یاسایانە دارێژن و بیخەنە بەر دەستی پەرلەمان.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە حكومەت پرۆژەكانی ئامادە بكات و بیدات بە ئەنجومەنی نیشتمانیی تاوەكو مناقەشەی لەسەر بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باشە بۆ دەبێت پۆستە لە دامودەزگاكانی هەرێم بە عەرەبی بنووسرێتەوە و بە كوردی نەبێ و، پرسیارێكیشم هەیە ئەویش دەربارەی یارمەتی ئەندامانی ئەنجومەنە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پۆستە بەعەرەبی نییە، بەڵكو بەكوردییە، بەڵام هەندێ دەوائیر بەتایبەتی كاروباری یاسایی زیاتر بەعەرەبی شتەكان دەنووسن، جا ئەوەش وردە وردە چارە سەر ئەكرێ و، هەر وەزارەتێك ئەبێت یەكێكی هەبێت كە ئەو نووسراوانە بە كوردی دارێژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا كەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم كەوا لیژنەی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی یەک خرێن لەگەڵ لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی كەهاتنە ئەنجومەنی نیشتمانیی بەتێرو تەسەلی موناقەشەی بكەن، بۆ ئەوەی پەلە بكرێ لە ئیشەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەنجومەنی وەزیران كە یاسای وەزارەتێک تەواو دەكاو بەرەسمی بۆ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەنێرێ ئەویش دەیدات بە لیژنەی یاسا ولیژنەی یاساش بە تێرو تەسەلی موناقەشەی دەكا وپێشكەشی دەكا وبەشێوەیەكی رەسمی بڕیاری لەسەر وەردەگرێت، ئیتر پێویست ناكات كەوا بچن لەوێ گفتوگۆی بكەن. بۆ مەسەلەی یارمەتی ئەندامانیش وا خەریكین و هەندێ ئیش لەو بارەیەوە كراوە چاوەڕوانی ئەنجامی ئیشەكە ئەكەین، لەم رۆژانەشدا بڕیارێكی لەسەر دەدەین.

بابێینەوە سەر مەسەلەی وەفدەکەمان کە ڕۆیشتن بۆ زاخۆ ئەوەی کەقەول بوو لەگەڵ (m.c.c)کۆبوونەوەیەکیان هەبێ، ئەگەر ئامادەن با شتێکمان بۆ باس بکەن کە سەفەرەکە چۆن بوو ؟چۆن نەبوو ؟ بابفەرموون.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ وەزیری پیشەسازی ڕێک کەوتین کەوا ڕاپۆرتەکە بە هەردوولامانەوە ئامادەکەین وبەڕێز وەزیری پیشەسازی بیخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی وئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی١١/٨/١٩٩٢دا سەفەرمان کرد ئێوارەی هەمان ڕۆژ چاومان بە لێپرساوی M.C.C(مستر ولسن) کەوت لە زاخۆ دوای خۆپێشکەش کردنمان شتەکانمان پێشکەش کردو زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە بە شێوەی سەرژمێرییەک داواکانمان پێشکەش کردووە، وتی لەگەڵ ئەوەشدا چەند نامەیەکم نووسیوە کە ئەم شەو دەبێتە بگەینمە (UN)پێویستە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە هەموو ڕێکخراوەکان ئاگادار بکەینەوە لەبارەی خواردەمەنی و سووتەمەنی و کێشەکانی تری ئێوە بۆ ئەوەی ئەوانیش فشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان بۆ زیاد کردنی یارمەتی دانی میللەتی کورد و، هەروەها یارمەتیەکانی وڵاتانی یەکگرتووی ئەمریکای بۆ خوێندینەوە کە ئەم خاڵانەیە:

١ـ دوو ملیۆن دۆلار بۆ دەرمان وجۆر وناوی دەرمانەکان دانراوە لەوانەیە کە ئێستا ئێوە زۆر پێویستیتان پێی هەیە.

٢ـ دوو ملیۆن و(٨٥٠)هەزار دۆلاری تر دیسان بۆ دەرمان لە ئەمریکاوە هاتووە، هیوامان وایە پێش ئەوەی دەرمانەکان تەواو بن بگەنە کوردستان.

٣ـ هەروەها(١,٥)ملیۆن دۆلار هەیە ئێستا تەرخان کراوە کەوا ملیۆنەک و(٣٠٠)هەزار دۆلاری بۆ خواردەمەنی لەگەڵ(٥٠)تەن چای.

٤-ئێستاش خەریکی دابەش کردنی(٦)هەزار تەن چیمەنتۆن بەسەر دێهاتەکان.

٥ـ(٧٥)هەزار دینار دابین کراوە بۆ کرینی سپیندار.

٦ـ لە وەڵامی داواکانماندا لە بارەی دابین کردنی پێویستیەکانی کارگەکانەوە بە تایبەتی ماددی خام و پارچەی یەدەگەوە کە پێشکەشیمان کرد.

وتی من تەنها ئەفسەرێکم، بەڵام بەڵێنم داوە داواکانتان بگەیەنمە شوێنی خۆی وحەز دەکەم لە شێوەی سەرژمێری بە وردی پێشکەشم بکەن.

٧ـ لەبارەی بەکارهێنانی ئەو دەسمایەی(رصيد ) کە عێراق هەیەتی لە دەرەوە و راگیراوە وادیار بوو وەڵامی وەرنەگرتبوو.

٨ـ هەروەها ئەوەمان روون کردەوە کە حکومەتی عێراقی کاتی کشانەوەی لە کوردستاندا بەڵێنی داوە کە سووتەمەنی وخواردەمەنی دابین بکات بۆکوردستان و داوامان لێ کرد ئەوەش جەختی لەسەر بکاتەوە.

٩ـ لەبارەی گواستنەوەی هێڵی(٣٦)بۆ(٣٤)قسەمان لەگەڵدا کرد دیسان لەوەڵامەکەی دا دەرکەوت کە وەڵامێکی روونی تائێستا بەدەست نەگەیشتووە.

١٠ـ لەبارەی برینی رێگای تورکیاوە، وتی لەگەڵ لێپرسراواندا باسی دەکەین وهەوڵ دەدەین لەئاستێکی بەرزدا لە کێشەکە بدوێین.

١١ـ لەبارەی کردنەوەی هێڵی زاخۆوە کە هەمان موشکیلەیە بەوردی باسمان لەگەڵدا کردن ئەویش دووبارەی ئەوەی کردەوە کە پ.ک.ک هەندێک کاری سلبییان کردوە بۆتە هۆی ئەو رێگا برینە.

١٢ـ لەبارەی سەردانەکەی برادەرانی پارتی ویەکێتی وبەڕێزان کاک مەسعود بارزانی ومام جەلال تاڵەبانی ویستمان لێی بپرسین و بزانین، ئایا هیچ هەواڵێکی پێ خۆشحاڵی هەیە پێمان رابگەیەنێ و لەبارەی ئەمەوە وتی دڵنیابن سەردانەکە سەرکەوتووەو هیوادارین گەلێ شت بۆ گەلی کورد بکرێ.

لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران رۆژی دوای چووین بۆ دیاربەکر بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلەی رێگا برینی خۆراک، بەڵام کە چووین وەفدی ئەنجوومەنی نیشتمانیش بۆ مەسەلەی ئاوارەکان لەوێ بوون ئەوە بوو پێش ئێمە خەریکی قسەکردن بوون لەتەک (سوپر والی) پاشان کە چووینە ژوورەوە دەستی کرد بەقسەکردن و، لە رووی سیاسییەوە باسی برینی رێگاکان وکێشەمان لەگەڵ پ.ک.ک باس کرد، وەڵامی ئەوان ئەوەبوو کە پ.ک.ک دێتە عێراق لەوێ دادەمەزرێن پاشان دێنەوە خاکی تورکیا کردەوەی سەربازی خۆیان دەکەن وبرینی رێگاکەش دوو هۆی هەیە یەکێکیان ئەو ئەوتۆمبیلانەی کە دێن سووتەمەنیان نادەنێ وەکو جاران، دووەم خاوەن ئۆتۆمبیلەکان دەترسن لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکانیان لەلایەن پ.ک.ک بسووتێندرێ، ئەمەو بەڕێز محەمەد تۆفیق وتی: ئێمە دەتوانین لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلەکان لە سنووری خۆمانەوە بیان پارێزین وبەڵێنیش دەدەین دراوسێیەکی باش بین وچی لەسەرشانی ئێمەبێ بۆ کردنەوەی

رێگاکان بەدی بهێنین دوای گفتوگۆیەکی درێژ لەلایەن د.کەمالەوە و بەڕێز محەمەد تۆفیق ـ یشی تیادا بەشدار بوو قسەیان دا بە من لە بارەی سوتەمەنی وخوادەمەنی وهاتنیانەوە لەسەرەتاوە منیش سڵاوەکەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیرانم پێ ڕاگەیاندن سوپاسیانمان کرد بۆ ئەو یارمەتییەی کە هاوپەیمانەکان کردیان کە بۆتە هۆی ئەو بارە دیموکراتییەی ئێستای ئێمە، ئێمەش بە ناوی ئەو میللەتەوە وا ئەنجوومەنی وەزیران هاتووین داوای کردنەوەی سنورتان لێ دەکەین، وداوامان لێ کردن کە کارگەکانمان لەم ڕووەوە وەستاون هیوادارین لە هەمان کاتدا یارمەتیمان بدەن و ئەو کارگانەمان وهەندێ کەلوپەلی تریشمان پێ بگەیەنن. ولە وەڵامەکاندا دەرکەوت کە ئەوانیش هەوڵی ئەوە دەدەن لەئاستێکی بەرزدا لەگەڵ حکومەتی تورکیا باسی کێشەکە بکەن وپێشیان وتین ئەگەر ئەتوانن خۆتان ئۆتۆمبیل بنێرن ئەوا ئێمە لەم ڕووەوە یارمەتیتان دەدەین بۆ ئەوەی خۆتان بتوانن کەلوپەلەکانتان بگوێزنەوە، بەڕاستی لە ئەنجامی سەردانەکەماندا هەندێ سەلبیاتم پێش چاوکەوت ئەویش پێڕەوی نەکردنی پێڕەوی پرۆتۆکۆلە لەلایەن وەفدەکانی ئێمەوە حەز دەکەم بەکورتی تۆزێک لەم ڕووەوە بدوێم.

١ـ ئەو وەفدەی کە دەچێتە دەرەوە پێویستە ئاگای لە پرۆتۆکۆل بێت وپێڕەوی بکات پێش ئەوەی کە بچێتە دەرەوە، ئەگەر بتوانرێ هەندێک لەو کاروبارەی کە پێی سپێردراوە ئاگادار بکرێ لەسەری، بەڵام بەم بۆنەوە ئەگەر کەسانی شارەزا بێن چەند موحازەرەیەک لەم ڕووەوە بدەن بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە و وەزیرەکان لام وابێ سوود بەخش دەبێت.

٢ـ هەر وەفدێک کە چووە دەرەوە ئەبێ ئەوکارەی کە بۆی ئەچێت دیاری بکرێ بەلای منەوە ئەگەر لەسەرەتاوە بنووسرێت وپێی بدرێت زۆر باشترە.

٣ـ لەکاتی وەرگێڕاندا بەڕاستی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە وەرگێڕ(مترجم)ی وامان نەبوو کە بە تەواوی بتوانن مەبەستەکانمان بگەینە ئەو برادەرانەی کەوا قسەمان لەگەڵدا کردن.

دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاگاداری چاو پێکەوتنەکانی ئەندامانی وەفدەکە بێت نەوەکو هەر ئەندامێکی وەفدەکە هەستێ بەروون کردنی بیرو بۆچوونی خۆی، یاخود هەرچی نهێنی هەبێت کەوا بۆ بڵاو کردنەوە ناشێ بڵاوی بکاتەوە، هەروەها دەبێت یەک کەس دەستنیشان بکرێت لەلایەن وەفدەکەوە بۆ قسەکردن و وەفدەکان ڕێک بخرێن پێش ئەوەی بچنە دەرەوە نەوەک دوو وەفد لەیەک کات بۆ یەک مەبەست بڕۆن بۆیەک شوێنیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دوو وەفدە کە ڕۆیشتوونە یەکێکیان ڕۆیشتووە بۆ دابین کردنی سووتەمەنی لەلای M.C.C و، ئەوی تریش بۆ مەسەلەی پەناهەندەکان بە هەڵکەوتیش هەردوو وەفدەکە لەلای(سوپر والی)

یەک دەبینن، دەربارەی وەفدی حکومەت خۆیان دەتوانن وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، راستە وەفد دەبێ سەرۆکی هەبێت وئیشەکەی دیاری کرابێ ونهێنیەکانی بپارێزرێ وپێویستیشە دەسەلاتی ئاخاوتن لە سەرۆکی وەفدەکە، یاخود بە یەکێکی دیاری کراو بدرێت، ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانی پەیوەندیی بە چەند پسپۆڕێکی دپلۆماسیەوە دەکەین بۆ ئەوەی چەند محازەرەیەکمان بدەنێ بۆ فێر بوونی کاری دپلۆماسیەت وپرۆتۆکۆلات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەفدی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ گرفتێکیان نەبوو، ئیشەکەیان دیاری کرا بوو ئەویش بینینی(M.C.C)بوو ویاداشتێکیان ئامادە کردبوو بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکان وسەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەندامانی ئەنجوومەن، لەگەڵ نامەیەک بۆ کۆلۆنێل ولسن، بەلام دوای ئەوە لەوێ گرفت پەیدا بووە، چونکە دوو ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیش لەوێ بوونە وبۆ هەمان مەبەستیش چوونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی ئاوارەکان، پەرلەمان ئەندامانی وەفدەکەی دەسنیشان کرد، بەراستیش نابێ هیچ کەسێک وهیچ لایەنێک خۆی تێکەڵی بە ئیشوکاری هیچ وەفدێکی تر بکات.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو وەفدەی کە چوو بۆ دیتنی (m.c.c)هیچ کێشەیەکیان نەبوو ورێکختنێکی باشیش هەبوو لە نێوانیان وبە ئاکامی ئیجابیش هاتنەوە، ئەگەر هەر گرفتێکیش هەبوو بێ لە تورکیا رووی داوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ سوپەر والی، ئەوەی راستی بێ ئێمە رۆژێک پێشتر مەوعیدمان وەرگرتبوو وهیچ ئاگامان لە مەوعیدەکەی یەکتر نەبوو جا گرنگیەکەی لێرەبوو، سوپاس.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە تێبینیەکانی بەڕێز ئەمین مەولود بۆ لیژنەکان بەراستی ئێمە زۆر بەرێکوپێکی

دەرچووین وئیشەکانی خۆمان ئەنجام دا ونازانم ئەوتێبینییانە لەسەر کێ جێبەجێ دەکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی ئەو راپۆرتەی کە بەڕێز ئەمین مەولود خوێندییەوە هەڵەیەکی گەورە هەبووە هەڵەکەش ئەوەیە کە وەکیلی وەزارەت سەرۆکی وەفدەک بوو کە وەزیر و ئەندامی پەرلەمانیشی تێدابووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وەفدەی کە بریکاری وەزارەت سەرۆکی بووە بە ناوی وەزارەتەوە نەڕۆیشتووە بەڵکو بە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە رۆیشتووە، بەڵام ئەوەی کە بەڕێز ئەمین مەولود باسی دەکات پەیوەندیی بە وەفدەکەی خۆیانەوە هەیە وپەیوەندیی بە هیچ وەفدێکی ترەوە نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ راپۆرتەکەی بەڕێز ئەمین مەولود داین، دەبێت هەر وەفدێک پێش ئەوەی کە بەڕێ کەوێ پێش وەخت ناو وژمارەیان وپێشنیارەکانیان دەسنیشان بکرێ، هەروەها لەپێشنیارەکان باش تێگەیشتبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو مەوزوعە گفتوگۆیەکی زۆر کرا، بەڕێز وەزیری پیشەسازی دەڵێ رەچاوی پرۆتۆکۆل نەکراوە، بەڵام لە راپۆرتەکەی خۆشیدا رەچاوی نەکردووە، چونکە لە ناو پیلانەکەدا دەڵێ سوپەر والی لەگەڵ بەڕێز د.کەمال وبەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم دانیشتوون ئەبوایە بینووسیبایە بەڕێز محەمەدتۆفیق و د.کەمال، چونکە بەڕێز محەمەد تۆفیق وەزیرە بەڕێز د.کەمال وەکیلە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێ کە چاومان بە کۆلۆنێل ولسن کەوت باسی پێداویستیەکانمان کرد لە کوردستاندا بە تایبەتی سوتەمەنی ودەربارەی هێنانی پاڵاوگە بۆ کوردستان و، وتی ئەمە جاری یەکەمە گوێم لێ دەبێت وئەگەر ئەم کارە نەکراوە ئەوە وەکو پێشنیارێک پێشکەشمانی بکەن، دەبێ پرۆژەتان هەبێ وتواناتان هەبێ کە بەشی کوردستان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش لەگەڵ قسەکانی بەڕێز ئەمین مەولوودام لەسەر مەسەلەی پەیوەندیی ولێدان و دەبێ ئاگامان لە مەسەلەی دپلۆماسی و پرۆتۆکولی بێت، هەروەها پابەند بین بەسیاسەتی حکومەتەوە ودەسنیشانی لێپرساوێتی بکرێ. دەربارەی وەفدی پەرلەمانیش لێرە باسمان کرد و ناوەکانیشمان دیاری کرد وهەردوو کتلەکەش ئاگاداری ناوەکانن. ئێستا کاتمان تەواو بووە وبەیانی قسەی لەسەر دەکەین، بەم شێوەیەش دێینە کۆتای دانیشتنی ئەمڕۆمان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٨

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیزئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست، پاش دڵنیابوون لە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای گەورەو میهرەبان و بە ناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

*بەرنامەی کار:*

***١ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ئەو وەفدەی کە چووبوون بۆ تورکیا.***

***٢ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەلار چووبوون.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەر لەوەی بچینە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، تکا دەکەین باپێشنیارو پرسیار بەنوسین بێت، ئەگەر ڕۆژێک پێشتریش پێشکەش بکرێ ئەوە چاکترە.

ئێستاش داوا لە بەڕێز د. کەمال کەرکووکی دەکەین کە ڕاپۆرتێکمان لەبارەی سەفەری وەفدەکەیان پێشکەش بکات کە لەم ڕۆژانە دا سەردانی تورکیایان کرد. فەرموو.

**بەڕیز د.کەمال کەرکووکی/**بریکاری وەزارەتی مرۆڤایەتی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەفدەکەمان بریتی بوو لەم بەڕێزان محەمەد تۆفیق ڕەحیم سەرۆکی وەفد و د. کەمال کەرکرکی ومەئمون نور محەمەد بریفکانی و د. قاسم محەمەد قاسم وشێروان حەیدەری وحەسەن نعمەت، بەڵام دوایی بەڕێز محەمەد تۆفیق نەیتوانی لەبەر کارێکی پێویست ئامادە بێت بۆیە کاک حازم یوسفی ـ مان لەگەڵدا هات. ڕۆژی ١٩٩٢/٨/٨ گەیشتینە دیاربەکرو ڕۆژی ١٩٩٢/٨/ ٩کاتژمێر(١٠)سەرلەبەیانی چوینە بارەگای (UNHCR)و لەگەڵ بەرپرسی دائیرەکە (ڕێکا لۆک) و(جۆن مێشل لویس یود)دا دانیشتین ودوای گفتوگۆیەکی زۆر بۆمان دەرکەوت کە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو هاوکارییەی کە دەیکەن بۆ گەڕانەوەی برا پەنابەرەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١ـ کاتێ دەست بەگەڕانەوەی پەنابەرەکان دەکرێ، ئازووقەی دوو مانگیان پێ دەدەن بەپارەی کاش وبەگەیشتنیان بۆ شوێنی خۆیان ئازووقەی دوومانگی تریان بۆ خەرج دەکرێ، لەدوایدا

(٥٠)دۆلار بەهەر یەکێک دەدرێ کە تەمەنی لە(١٨)ساڵ کەمتر بێت وبە هەر خێزانێک خێمەیەکی پلاستیکی دەدرێتێ تاکو منداڵەکانیان لەبەر گەرما وباران نەبن تاکو خانووکانیان بۆدروست دەکرێ، خانووەکانیش بچووک دەبن رێکخراوی (شیلتەر) بۆیان ئامادەی دەکات و هەتاکو بتوانن جێگای خۆیان بکەنەوە وبتوانن باری خۆیان باشتر بکەن، پێداویستی بیناش ئەدرێتە خێزانەکان ودەبێ خۆیان بەشداربن لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کە هاوکارییان دەکەن، بۆدروست کردنی ئەو خانووانە.

٢ـ ئەوانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر شوێنی دیاری کراوی خۆیان لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە هەیانە بە هاوکاری حکومەتی تورکیا هەتا سنووری ئیبراهیم خەلیل لەوێش بەدواوە لە ڕێی ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە ئەو شوێنەی کە خۆیان دیاری دەکەن بۆیان دەگوێزرێتەوە، کە دەچنە شوێنەکەش هەندێک یارمەتی دیکە دەدرێن وەکو سۆپاو بەتانیە و لەپاشان وەختێ دابەزرێن لە شوێنی خۆبان چ پێویستییان هەبێ پێیان دەدرێ، نوێنەرانی UN ئەوەشیان روون کردەوە کە حکومەتی تورکیاش وتویەتی ئازووقەی سێ مانگی تر بەو پەنابەرانە دەدەن، بۆ ئەوەم مەبەستەش لەگەڵ بەرپرسانی تورکیاش ئەو بابەتەمان باس کرد ئەوانیش جەختیان خستە سەرئەوەی کە مانگێکی تر ١٠٠٪ دەیدەن، بەڵێنیشیان دا، بۆ دوومانگی تریش هەوڵ دەدەن کە لەگەڵ لێپرسراوی بەرزتر قسە دەکەن لەبەر هاتنی زستان یارمەتی پتریشیان بۆ دابین بکەن.

هەروەها وەفدەکەمان بەم شێوەیە سەردانی کەمپی ئاوارەکانی کرد:

لە١٠/٨/١٩٩٢کەمپی دیاربەکر.

لە١١/٨/١٩٩٢کەمپی مووش.

لە١٤/٨/١٩٩٢ کەمپی مێردین.

بە ڕاستی پێشوازییەکی زۆر گەرم کراین لەلایەن جەماوەرەی پەنابەرو بەرپرسانی کەمپەکانەوە، زۆریش شاد بوون بەوەی کە وەفدی پەرلەمانی کوردستان، وەزیری کوردستان کە ئەمڕۆ لە تورکیایە و سەردانی کەمپەکان دەکەن وداوایان لێ دەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ نێو خاکی خۆیان و بۆ کوردستانی ئازاد گراو پێشوازییەکە زۆر گەرموگوڕ بوو و، زۆر هوتافاتیان لێ دەدا وهەندێکیشیان ئەیان وت ئێمە ئامادەین بۆ گەڕانەوە و خۆشی وناخۆشی لەگەڵ میللەتەکەمان ئەبەینە سەر ولە هەموو کەمپێک وتارێکمان پێشکەش کرد، پاشان دوای وتارەکەش دائەنیشتین لەگەڵ ریش سپی و بەرپرسانی کەمپەکە، هەر پرسیارێکیان هەبوو هەموو ئەندامانی وەفدەکە بەشداریان دەکرد لە وەڵام دانەوەیان، بەتایبەتی بەڕێز حازم یوسفی و بەڕێز مەئمون بریفکانی و برادەرانی تریش هەر سەرنجێکیان هەبوایە ئەوانیش، یاخۆیان ئەیان وت، یان بە برادەرانی تر رایان دەگەیاند کە روونی بکەنەوە، وەفدەکەمان چاوی بە بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیاش کەوت لە دیاربەکر ولەگەڵ والی (مووش) و لەگەڵ بریکاری والیش دانیشتین،

لەمیتردینیش لەگەڵ وەکیلی والی دانیشتین، لەهەر کەمپێکیش لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیاش چ مەدەنی وچ پاسەوان کە لە کەمپەکان دانراون ، ئەوانیش دەهاتن دائەنیشتن ئەگەر پرسیارێکمان هەبووایە روونیان دەکردەوە وایان نیشان دەدا کە زۆر هیلاک بوونەو زۆر خزمەتیان کردووە و یارمەتی ئەو پەنابەرانەیان داوە، ئێمەیش بە ناوی ئێوەی بەرێزەوە سوپاسیانمان کردن.

نوێنەری(UNHCR)رووني كردەوە كە رێكخراوی (كاریتاسا)ی سویسری ئاوەدان كردنەوەی خانووەکان توانای خۆی دەخاتە سەر توانای UNبۆ ئەوەی پەنابەرەکان بتوانن ئەو خانووە بچوکانەی پێ جێبەجێ بکەن ، هەروەها گوتیان کە (٣)ملێون (کۆمەدوو)شیان ماوەتەوە، بەڵام ئێستا ناتوانن خەرجی بکەن لەبەر ئەوەی نەوەک هەندێک لەپەناهەندەکان هەر لە تورکیا بمێننەوە، ئەگەرکەسیش نەمایەوە ئەوا هەموو پارەکە لەکوردستاندا خەرج دەکرێت.

کە ئێمە لەلای والی دیار بەکر دانیشتبووین بەرێز محەمەد تۆفیق رەحیم و بەرێزمحەمەد ئەمین هاتن وبەرێز محەمەد تۆفیق ـ یش دوو بابەتی خستە پێش چاو:

١ـ کردنەوەو چاک کردنەوەی رێگەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل.

٢ـ مەسەلەی سەیارە و شۆفێرە تورکەکان لە ناو تورکیادا، تورک خۆیان بیگرنە ئەستۆ ولەکوردستانیشدا حکومەتی هەرێم جێبەجێی بکات، بۆ زیاتر دڵنیای بوونیش پێشنیارمان کرد کە نوێنەرێکی پەرلەمان، یا حکومەتی کوردستان لەسەر سنوور بێت، والی دیار بەکریش گووتی والی(شرناخ)مان بۆ ئەم مەبەستە ئاگادار کردۆتەوە وجارێکی دیکەش قسەی لەگەڵدا دەکەینە و کە تەنسیقتان لەگەڵدا بکات، بۆ رۆژی دواتریش زانیمان کە (٦٠)لۆری بە بارەوە لە تورکیاوە چوونەتە زاخۆ، لەبارەی خودی وەفدەکەشمان حەزدەکەم بزانن کە لە ناوخۆیدا زۆر رێکوپێک بوو لەجێبەجێ کردنی ئەرکە کەشیدا زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەگەر پرسیاری دیکەش هەیە؟ ئێمە ئامادەین بۆ وەڵام دانەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز د. کەمال کەرکوکی، ئێستاش ئەگەر پرسیارتان هەیە فەرموون.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە (١٠٥)ئەندامی پەرلەمانین هەموو پسپۆڕ و شارەزاین بۆ حەسەن نعمەت وحازم یوسفی ـ یان ناردووە کە ئەندامی پەرلەمان نین؟ سوپاس.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وەفدێک لێرە لە پەرلەماندا پێک دێت واتا وەفدێکی پەرلەمانییە بۆ خەڵکی تر دەسەڵاتی

ئەوەیان هەبێت کە ئەندامی وەفدەکە بگۆڕن وچ پێویستە بۆ شوێنێکی وا نوێنەرێکی هەولێر بەڕێز شێروان حەیدەری بنێرن؟ یا یەکێکی تری سلێمانی؟
جگە لەوەش هێنانەوەی ئەو خەڵکە واپێویستە پەلەی لێ بکرێ بۆ ئەوەی بەر لە هاتنی وەرزی زستان جێی خۆیان بگرن، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە وەفدێکی دیکەش بۆهەمان مەبەست بچێت بۆ ئێران بۆ هاندانی هاتنەوەی پەناهەندەکانی ئەوێش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کارەکە پەیوەندیی بە وەزارەتی هاوکاری ومرۆڤایەتییەوە هەیە، راستە بەڕێز د. کەمال کەرکووکی ئەندامی پەرلەمان نییە، بەڵام بریکاری وەزارەتە، هەروەها بۆ برادەرەکانی دیکەش بە پرس و رای کوتلەی پەرلەمانی پاڵێوراون.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناردنی هەندێ کەس لە دەورەوەی پەرلەمان لەگەڵ وەفدێکدا خۆ کارەسات نییە، ئەو وەفدانەی دەچنە دەرەوەی وڵات خۆیان زۆر جار ژمارەیەک پسپۆڕ و شارەزا لەگەڵیاندا دەڕۆن کە لە ژمارەی وەفدەکە زیاترن، جگە لەوەش ئەو برادەرانەی ئێمە پێشتر بەناوی بەرەی کوردستانییەوە زۆر جار چوونەتە تورکیا، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا ئەو وەفدەی پەرلەمان رۆیشتووە بۆ تورکیا کە ئیشەکەیان ئەنجام داوە و راپۆتی وەفدەکەش پێشکەش بە ئەندامانی پەرلەمان کرا، دەمێنێتەوە مەسەلەی شێوەی جێبەجێ کردنی ئەو کارەی کە بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ جێبەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا پێشنیارەکەت بدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران لەم بارەیەوە چ سەرنجێکی هەیە؟.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە ئەرکی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەم جۆرە داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەکەین کە لە ماوەیەکی دیاری کراودا جێبەجێ کردنی جێگیرکردنی پەناهەندەکانی تورکیا ئەنجام بدات. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە بادەست بەرز کاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا. ئێستاش دەچینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان و، گوێ لەو ڕاپۆرتە دەگرین کە ئەو لیژنە پەرلەمانییە کە بۆ لێکۆڵینەوە وچارەسەرکردنی کێشەی کەلار چوو بووە ئەوێ با فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین کە بڕوای خۆتان بە ئێمە داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە، لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە..

١ـ سەعات (٨,٣٠)ی ڕێکەوتی ١٢/١٣ـ١٢/٨/١٩٩٢گەیشتینە کەلار و ڕاستەو خۆ چووینە بارەگای ئەنجومەنی شارەکە کە لەوێ چاوەڕوانمان بوون، دوای گفتوگۆیەکی کورت بڕیاردرا کە بەرنامەکە بەم جۆرە بێت:

أـ سەعات (٨,٥)بەیانی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەن کۆببینەوە.

ب ـ سەعات (١٠,٥)لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی بەرەی کوردستانی کۆبووینەوە.

ج ـ سەعات (٤)ی هەمان ڕۆژ دوای نیوەڕۆ لەگەڵ پیاو ماقوڵان وزانایان و پیاوانی ئایینی وڕۆشنبیران کۆبووینەوە.

د ـ ڕۆژی(١٤)ی مانگ لەگەڵ بەڕێزاندا لێپرسراوانی بزووتنەوەی ئیسلامی کۆبووینەوە.

هـ ـ سەعات (١٠,٥)سەر لەبەیانی هەمان ڕۆژ لەگەڵ لێپرسراوانی یەکێتی نیشتمانی کۆبووینەوە.

٢ـ دوای ئەم هەموو کۆبوونەوە و تووێژێکی تێروتەسەل بۆمان دەرکەوت کە ڕووداوەکە بەم

جۆرەیە.
لە رۆژی ۱۹۹۲/۷/۳۰بۆ پێویستی ناشتنی تەرمی شەهیدێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چەند پێشمەرگەیەکی بەرەی کوردستانی بۆ هێنانی هەندێک شتایگەر کە لەناو وێستگەی کارەبایە و ئێستا جێگای مەشق کردنی بزوتنەوەی ئیسلامییە و ئەوانیش کە بنایەکەیان داگیرکردووە، بەبیانووی ئەوی کە ئەبێت پسوولەیەک لە بەرپرسی بزووتنەوەوە بهێنن نەک لە بەرەی کوردستانیەوە، لەسەر ئەو شتە بەگژ یەکدا ئەچن ولەدوای گفتوگۆیەکی توند و تیژ لە نێوان هەر دوولایەن، پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی تەقە دەکەن و(۲)پێشمەرگەی یەکێتی شەهید دەکەن و یەکێکی تریش بریندار دەکەن، ئەمەش بووە بە هۆی ئەوی کە شەڕ دەست پێ بکات ولە سەعات(۲,٥)وە تا(٥)ی ئێوارەش درێژە دەکێشێت، بەڵام دوایی بە هەوڵ وکۆششی پیاو ماقوڵان ونوێنەرانی لایەنەکان رای دەگرن و هەر دوولا لەسەر ئەو خاڵانە پێک دێن.
أ ـ چۆڵکردنی هەردوو مزگەوت لە بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی.
ب ـ تەسلیم کردنی ئەو تاوانبارانەی کە (۲)پێشمەرگەکەی یەکێتی نیشتمانییان شەهید کردبوو.
ج ـ بژاردنی زیانی هاووڵاتییان لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە.
٣ـ لەبەر ئەوەی بزووتنەوە ئەم خاڵانەی سەرەوەی جێبەجێ نەکرد بۆیە جارێکی تر شەڕ بەتوندی دەستی پێ کردەوە، ئەم جارە بەبێ رەحمانە بە هەموو جۆرە چەکێک لەگشت بارەگاکانی هەردوولا دراو بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەندێ شوێندا لە حاڵەتی بەرگری دا بوو.
٤ـ پاش شەڕی زۆر توند کە بووە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی کۆمەڵێک پێشمەرگەو هاووڵاتییان دیسان هەوڵوتەقەلای زۆر لەلایەن و پیاو ماقوڵان و لێپرسراوانی بەرەی کوردستانییەوە لە ئێوارەی رۆژی ۷/۳۱ شەڕەکە راوەستا و ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوولا لەسەر خاڵەکانی پێشوو پێکهاتنەوە و هەروەها کە دەبێ یەکێتی نیشتیمانی بەشداری لە بژاردنەوەی زیانی هاووڵاتییان بکات.
خۆشبەختانە ئێمە توانیمان هەردوولا پێکەوە لەبارەگای ئەنجومەنی شارەکە کۆبکەینەوە یەکەم جار چووینە بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی و، لە دواییشدا چوینە بارەگای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەکو نیشانەیەکی ئاشتی وتەبایی.
٥ـ زیانەکانیش بەم شێوەی خوارەوەبوون:
شەهیدو بریندار بەم جۆرە بوون:
أـ شەهید(۱۱) پێشمەرگەی بزووتنەوە.
شەهید بوونی(۱۱) پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی.
ب ـ بریندار(۷)بزووتنەوە و(۱٥)یەکێتی و(٤)هاووڵاتی.

ج ـ زیانی هاوولاتییان (١٨٠)مەتری چوارگۆشە جامی شکاو لە ئەنجامی بەکارهێنانی تۆپی (١٦٠)ملیم وهاوەن.

٦ـ لەلایەن ئێمەوە چارەسەرکردنی کێشەکە بەم جۆرەی خوارەوە دەکرێت:

أـ چۆڵ کردنی شارەکان لە هێزی چەکدار بە تایبەتی ئەو ناوچەانەی کە نزیکن لە دوژمن.

ب ـ پەلە کردن لە دامەزراندنی دەزگای ئیدارە و پۆلیس وئاسایش لە کەلار پێش گشت جێگاکانی تر.

ج ـ چۆڵ کردنی گشت مزگەوت وخانووەکانی حکومەت لە هێزی چەکدار بۆ ئەوەی نەبن بە بارەگای چەکدارەکان لەگەڵ رێزو سوپاسماندا. ئامادەشین بۆ وەڵام دانەوەی گشت پرسیارەکان.

هەروەها لیژنەکەمان وا بە باش دەزانێ کە لیژنەیەک دابنرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی دەربەندیخانیش، هەرچەندە ئەوە ئیشی حکومەتەو خاڵی دووەم مامۆستایەکی ئایینی داوا دەکا وەدڵێ لە ماوەی ئەم کێشانە مزگەوتێک تالآن کراوەو داواکاریەکەشی لای ئێمەیە، بەڵام ئەوە ئیشی ئێمە نییە، ئیشی حکومەتە وداوام وایە کە بە زووترین کات ئەم دوو کێشەیە چارە سەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کێشەی کەلار ودەربەندیخان حەز دەکەم بەشێوەی نووسراو ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بکەن لەگەڵ مێژووی رووداوەکە و، لەرووی دانانی پارێزگار وقایمقامەوە ئێمە لاگیری ئێوە دەکەین ولە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی دەکەین، ئەگەر ئەمانەش نەبوون پۆلیس دابنرێ وچەند هەنگاوێکش نراوە بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەرج نییە هەر پارێزگار دابنرێ بۆ ئەو شارانە، بەڵکو وەکیلیش دابنرێ هەر باشە، وەکو پارێزگاری سلێمانی چۆن دانراوە، چونکە ئەم شارانە(٥٠٠)مەتر لە حکومەتەوە دوورن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری تری هەیە؟ تکایە ئەوانەی پرسیاریان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناوەکانیان تۆمار بکەین.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆی شەڕەکە چی بوو لەکوێوە دەستی پێ کرد؟ سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە گوێرەی هەندێ زانیاری (٧٥)کەس شەهید بوون و، چەکی قورسیشی تێدا بەکار براوە بۆیە داوا لەپەرلەمان دەکەم ئیدانەی شەڕەکە بکاو هەڵگیرسێنەرەکەی بدرێتە دادگا تا ببێتە عیبرەت بۆ ئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ دەست پێشخەری لە شەڕەکە دا کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو مزگەوتەکان لە چەکدار چۆڵ بکرێن، چونکە لە چەمچەماڵیش گشت مزگەوتەکان کراون بە بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێن ئەم شەڕەی کەلار لە نێوان یەکێتی نیشتمانی وبزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر خشتە شتایگەر بووە با بزانین ئایا ئەم داوا کردنە بۆ بیانو پێ گرتن بووە یاخود بە ڕاستی داوای ئەم شتە کراوە، دووەم ئایا هەر لایەکیان چەند کەسیان بەشداری ئەم شەڕەی کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا خەڵکی خەریکن دار دەبڕنەوە لە ناو شارەکاندا با ئەو دیاردەیە قەدەغە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دیاردەی داربڕینەوەی ناو شاری هەولێر، داوامان کردووە کە مەفرەزەیەک دەسنیشان بکرێ بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە و، نووسراوێک ئەکەین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە جەخت بکەنە

سەر قەدەغە کردنی داربڕینەوە لەناو شاری هەولێردا.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سـەبارەت بە پرسـیـارەکـەی بەڕێز ئەرسـەلان بایز ئێـمـە لیـژنەیەکی لێکۆڵینەوە بووین، نەک (تحقیق)، ئەگەر(تحقیق)ی قەزائی بکرێ رەنگە زۆر شتی دیکەیش ساغ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وەڵامی پرسـیـارەکەی بەڕێز مەلا هادی دەدەمەوە کە دەڵێ داوا کردنی ئەو شـتـایگەرانە ئایا بە بیـانوو نەبووە؟ وچەند کـەس بە شـدار بووە؟ وابزانم کـاتێ کـە تەرمی شـەهـیـدێک لەوناوە بێ و پێشمەرگەیەک بچێ بۆ شتایگەر هێنان بۆ گۆڕی ئەو شەهیدە نابێتە بیانو پێگرتن و، سەبارەت بەوەی کـە چەند کـەس بەشدار بووە، ئەوە هەردوو لا بەشدارییـان کردووە، جـا هەر یەکـەو چەند هێزی هەبووە بەشداری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سـەبارەت بە پرسـیـارەکـانی بەڕێز مـەلا هادی وا دەگـەیەنێ کە هەر دوولا لەبیـانوو گـەڕاون و، لەوانەیە کە کـابرای بزووتنەوەی ئیـسـلامی شـتـایگەری نەداوە لەوانەیە ئەوەی کە شـەهـید بووە لە یەکـێـتـی خـۆی کـێـشـەکـەی ناوەتەوە، بەڵام ئێـمـە لیـژنەی دەرخـسـتـنی رووداوەکە نەبووین، بەڵکو لیژنەی پەرلەمان بووین، ئەگەر بە ناوی لیژنەی (تحقیق)ی بڕۆشتبایەنایە ئەوە دەردەکەوت کە کام لایەنەیان تاوانبارە وتاوانبارمان دەکرد، سوپاس.

**بەڕێـز عـــــومــــــەر ســـــەید عـــــەلی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم یەکـێـتـی نیـشـتـمانی نەچووە بۆ هێنانی شـتـایگەر، بەڵکو کـەسـێک چووە کـە سـەر بە یەکـێـتـی نیـشـتـمانیـیـە وئەم شەڕەی ناوەتەوە ودەبێت بڵێین ئەو کەسە شەڕەکەی ناوەتەوە نەوەکو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی شتایگەرەکەی نەداوە واتا بزووتنەوەی ئیسلامی نەبووە کە شتایگەرەکەی نەداوە، بەڵکو کەسێک بووە کە پێشمەرگەی ئەوان بووە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نازانین کە کێ کێشەکەی ناوەتەوە، بەڵکو راپۆرتەکمان لەسەر قسەی هەردوولا دارشتووەتەوە وهیچ لایەنێکمان تاوانبار نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتەکە زۆر ئاشکراو روونە وشەڕەکە بەراستی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی وبزووتنەوەی ئیسلامیدا بووە وهیچ لایەنێکی تر تیایدا بەشدار نەبووە، هەروەها هیچ لایەنێک لە راپۆرتەکەدا تاوانبار نەکراوە وئەبێ بلێین شەڕەکە سەر بە چ لایەنێک بووە.

**فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو پرسیارەی بەڕێز ئەرسەلان بایز زۆر لەجێگەی خۆیدا بوو ئەگەر وەفدەکە بۆ( تقصی حقائق)بووایە دەبووایە پرسیاریان کردبایە ئایا دوای ئەو رێککەوتنە کە مۆریان کرد، کام لایەنەیان زۆربەی خاڵەکانی جێبەجێ کردووە؟ برادەرێکیش داوای دادگا کردنی تاوانباری کرد، بەڵام ئەمە ئەرکی وەفدی پەرلەمان نییەکە بۆ ئاشت کردنەوە چووەتە ئەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکە بۆ ئەوە چووە کە ئاو بە ئاگردا بکات، دادگای کردنیش دەبێ پاش تاوانبار کردن بێت، بەڵام ئەمە وا دەکات مەسەلەکە لە نیوە هەڵبوەشێتەوە، ئێمەش ئەمەمان ناوێ بەتایبەتیش وا بەرپرسانی هەردوولا یەکێتی وبزووتنەوە پێکەوە دانیشتوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئێمە دەبێ شەڕ بەگشتی تاوانبار بکەین بۆ ئەوەی جارێکیتر روونەداتەوە لە نێوان هیچ کام لەو لایەنانەدا، هۆیەکەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەکدار لە نێو شارەکاندا کە ئێمە دەڵێین ئەبێ بنبڕ کرێ. دوێنێش پارتی دیموکراتی کوردستان هێزەکانی خۆی لە هەولێر کێشایەوە، هیوادارین لایەنەکانی دیکەش چاویان لێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابووری و ئەمنی لە ناوچەکانی کفری وکەلارو گەرمیان لە رادە بەدەرە، لەوێ کە هێڵی بەرەنگار بوونەوەیە لەگەڵ دوژمن چەندین هێزی چەکدار هەیە کە لە دەرەوەی بەرەی کوردستانی وپەرلەمان وحکومەتی هەرێمن بەتایبەتی هێزی ئیسلامی کە کاتی

خۆی بەرەی کوردستانی بڕیاری دابوو کە لە هێڵی بەرەنگاری دووریان بخاتەوە، بە راستی نازانم بۆ پەلە لەناردنی هێزی پۆلیس بۆناوچەکان ناکەین وپەلە لە رێکخستنی پێشمەرگەدا ناکەین، چونکە باری ئەو ناوچانە زۆر ئاڵۆزن وبەیەک کردەوەی ئەو هێزانە لەوانەیە بتەقێتەوە و رژێم دەست لەخەڵکەکە بکاتەوە بە هەزارانیان لێ ئاوارە ودەربەدەر بکات، بەراستی دەبێ هەردوو لایەنی سەرەکی بەیەکەوە سەرنجی ئەوانە رابکێشن کە ئاژاوە نەکەن، با وا نە کەوێتەوە کە یەکێتی نیشتمانی شەڕ بە بزووتنەوەی ئیسلامی دەفرۆشێ وبەیەک لایەنەی خۆی لە مەسەلەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەی ئێمە هەر بە راستی لیژنە(تقصی الحقائق) بوو کەسیشمان تاوانبار نەکردووە، راپۆرتەکەشمان لایە لەبارەی ئەوەیە کە کێ دەستی پێ کردووە، بەڵام لەبەر بێ کاتی نەمان خوێندەوە باسی قۆناغی یەکەمی شەڕەکەشمان بۆ کردن، قۆناغی دووەمیشی لەسەر ئەوەبووە کە بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو خاڵانەیان جێبەجێ نەکردووە کە نوێنەرانیان ئیمزایان لەسەر کردووە، بەڵام نەش زانراوە کە کێ لەمەدا دەستپێشخەری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی دووەمی شەڕەکە هێزێکی گەورەی حکومەت خۆی ئامادە کردووە و لوولەتۆپەکانی بەرەو ناوچەی ئێمە سوورِاندۆتەوە و، ئامادە بووە بۆ شەڕ و وایان زانی بوو کە خەڵک ئاوارە دەبێ و رادەکەن، جگە لەمەش کە دەڵێین چارەسەری ناوچەی گەرمیان پێش هەمووناوچەیەک بکرێت لەبەر ئەوە نییە کە ناوچەی گەرمیان لەناوچەکانی تری دیکە خۆشترمان دەوێ. نەخێر، بەڵام ئەوی من تێبینیم کردووە ئەوەیە کە خەڵکی گەرمیان هەتا سنووری دەربەندیخان هەست دەکەن غەدریان لێ کراوە و وا هەست دەکەن کە ئازووقە وخواردن وپارە لە سلێمانی وهەولێر زۆرترە، بەڵام خزمەتی ئەوان ناکرێت، ناردنی قایمقام وپۆلیس نیوەچارەسەرییەکی هەبوو و، سەرۆکی ئەنجومەنمان ئاگادارکردۆتەوە، چونکە کێشەی چەمچەماڵ زیاتر کێشەی ئیداری ومولک وتاپۆ و زەوییەو پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە نەک بە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە هەر لەبەر ئەوەش بڕیاری سەرۆکمان وەرگرت، ئینجا گەڕاینەوە ونەچووین بۆ چەمچەماڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین ئەنجامی ئیشوکاری ئەو لیژنەیە بە نووسراوێک ئەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران ئەویش لە رێگەی خۆیەوە ئەیداتە ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی کێشەی

ناوچەی گەرمیان وکەلاروە هەیە، هیوادارین ئەم رووداوە ببێ بە دوا رووداو لە ناوچەکەو، بتوانین گیروگرفتی ئەم ناوچەیە چارەسەر بکەین لە ئایندەدا، چونکە وەکو برایان باسیان کرد ئەو گیروگرفتانە تەنها بە دوو پۆلیس، یان(١٠٠)پۆلیس، یان قائیمقام چار ناکرێ وئەو ناوچەیە لە دەربەندیخان بە خوارەوە کەم تا زۆر بێ بەشن لە زۆر لەو یارمەتیانەی کە دێن هیوادارین کە بە پشتیوانیی ئەنجومەنی وەزیران و بە لێپرسینەوەی ئێوەی بەڕێزی پەرلەمانتار بەتایبەتیش نوێنەرانی ناوچەکە بتوانین خزمەتی ئەو جەماوەرە چەوساوەو دەسکورتە بکەین، کە زۆربەیان پاشماوەی کرداری ئەنفالە ناوزڕاوەکەن و، لە ئەنجامی ئەو کردارەوە، هەموو لە ماڵ و حاڵ و سەروەت و سامان بێبەش بوون و، پێویستییان بە هەموو یارمەتی و دەسگیرۆییەک هەیە.
بەمەش دێینە کۆتایی ئەم دانیشتنەشمان، دانیشتنی داهاتووشمان سبەینێ رێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٩ دەبێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩/٨/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٢٥)

## چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٩

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/١٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٢٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار: بەدوادا چوونی هەندێک کاروبار.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە کۆبوونەوەکانی پێشووەوە هەندێک کاروبار وپرسیاریش مابوونەوە کەپێویستە لە دانیشتنی ئەمڕۆدا بەسەریان بکەینەوە وبڕیاری پێویستیان لەبارەوە بدەین. یەکێک لەوانە مەسەلەی دەسنیشان کردنی وەزیری دادە ،وە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاگادار کراوەینەتەوە کە لەم یەک، دوو ڕۆژەدا دیاری دەکرێ ئەگەر وابو ئەوە ڕێوەڕەسمی دامەزراندنەکەش جێبەجێ دەکەین. هەروەها بریکاری هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و، وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێریش دیاری کراون وئەوانیش لەم ڕۆژانەدا ڕێوەڕەسمی دامەزراندیان جێبەجێ دەکرێ. بۆ دامەزراندنی پارێزگارەکانیش کار کراوە وئەوانیش بەم زووانە دەسنیشان دەکرێن، بە دامەزرانی ئەوانیش ئیتر وەگەڕ کەوتنەوەی ئیدارات لەپارێزگاکاندا ئاسان دەبێ.

بۆ ناردنە دەرەوەی وەفدی پەرلەمانی وپرد بەستن لەگەڵ پەرلەمانەکانی جیهان ودۆستانی گەلی کورد وپەیدا کردنی کۆمەکی سیاسی ومادی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستانیش، ئێمە هەندێک پەیوەندیمان کردووەو چاوەڕوانی داوەتنامەین ومن پێموایە کە دەبێ داوەت بکرێین ئەو جا روو لەم کارە بکەین، ئەوەشی تا ئێستا داوەتیان کردووین پەرلەمانی نەمسایە کە داوەتنامەیان ناردووە، هەروەها لەلایەن پەرلەمانی هۆڵەندیشەوە بەرەسمی بانگهێشت کراوین ولە زۆر لای دیکەشەوە بەڵێنمان پێ دراوە ولەم نزیکانەدا داوەتنامەی دیکەشمان پێ دەگات، سەبارەت بە ئێران و دەوڵەتەکانی تری دراوسێشەوە، ئێمە لەچەند کەناڵێکەوە پەیوەندیمان پێیانەوە کردووە،

بەڵام تائێستا ئەوان هیچ وەڵامێکیان نەبووە وبەرای منیش وایە کە تا ئەوان لێمان نەگێڕنەوە، ئێمە لەوە پتر نەچینە پێشەوە.
تورکیاش تائێستا داوەتی نەکردووین، ئەگەر چی وەفدێک لە پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیرانیش لەو ڕۆژانەی رابوردوودا بەرەسمی سەریان لە تورکیا دا، بەڵام ئەوە بۆ ئەرکێکی دیاری کراوی مرۆڤانە و گێڕانەوەی پەناهەندەکان بوو.
ئێستاش ئەگەر بیرو بۆچوونێک لەسەر ئەم بابەتانە هەیە، فەرموون.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١ـ پشتیوانی لەقسەی بەڕێزتان دەکەم کەدەبێ وەفد لەسەر داوەت وبەپێی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی سەفەری دەرەوە بکەن ولەوێش پێشوازییان لێ بکرێت.
٢ـ پێشنیار دەکەم کە لیژنەی پەیوەندیی لە پەرلەمان پرۆژەی پرۆتۆکۆلێک لەم بارەیەوە ئامادە بکەن، هیچ بە شەرمیش ناشێت ئەگەر داوەتنامەمان بۆهات داوای خەرجی هاتوچۆیش بکەین وەک ئەوەی کە لەگەڵ پەرلەمانی نەمسامان کردو بڕیاریشیان لەسەر دا، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا دیارە بانگهێشت لە پەرلەمانی نەمساوی وهۆڵەندی و ئەڵمانییەوە بۆمان هاتووە، پەرلەمان چاوەڕوان دەکات بانگهێشتی زۆر تری بۆ بێت وەفد بۆ چەند دەوڵەتێک بنێرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە چاوەڕوانی هەندێ بانگهێشتی تریش دەکەین، چونکە هەندێکیان لەو وڵاتانە دیارییان کردووە کێ بچێ وچەند کەس بچن، وا پێدەچێ کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بیەوێ ناوی وەزیری داد رابگەێنێت وئەو بۆشایەش پڕ بکرێتەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردندا ..بابفەرمووێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا پاڵێوراوی وەزارەتی داد ئامادەیە و چاوەڕوانە ئەگەر ناوەکەی پێشکەش بکەین وبڕوای پێ بدرێ ولە بەردەمتان سوێند بخوا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جاوەکو پێشنیارێک لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەگەر لاریتان نەبێت دیخەینە بەرنامەی ئەمرۆمانەوە لەگەڵ پێشنیارەکەدا. کێ لەگەڵ پێشنیارەکەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەس نییە، واتا بە زۆربەی دەنگ پەسەندکرا سوپاس، کەواتە

پێشنیارەکە ئەخەینە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە بۆ سوێندخواردن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێ ڕێگە بدرێت کەبێتە ژوورەوە وەکو گوێگر لێرە دابنیشێ، سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەداین کە پێش بخرێ ،سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش دەڵێین با ئەم خاڵە پێش بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە پێش دەخرێ، چونکە ڕای جەنابی سکرتێریش وایە کە لەگەڵ باسکەدا ئەگونجێ وەدەتوانین شتێکی وابکەین، بەڵام جارێ دروست وایە کە ناوەکەی بووترێ وپاشان ئەگەر سەرنجێک هەبێ، دوایش ئەگەر بڕیارمان دا ئەوسا با بفەرمووێت بێتە ژوورەوە تابڕوای پێ بدرێ و دابنیشێ ئێستاش ئەگەر چ ڕاو بۆچوونێک نییە، با ناوەکەی بگوترێت.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێمە بۆ وەزارەتی دادمان پاڵاوتووە بەڕێز (مەعروف ڕەئوف خدر) سەرۆکی دادگای ئیستئنافی هەرێمی کوردستانە و، لەدایک بووی ١٩٣١و،ساڵی (١٩٥٤ـ ١٩٥٥)لە کۆلیژی ماف دەرچووە و لەوکاتەوە تائێستا لەسلکی داد ئیشی کردووە وگەیشتووەتە پلەی ئێستای و، لەرووی ڕەوشت وزانیاری دیکە و هەمووشتێکی ترەوە ئێمە لێی دڵنیاین، بۆیە بۆ ئەم پایەیە هەڵمان بژاردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاڵێوراو بۆ پایەی وەزیری داد بەڕێز (مەعروف ڕەئوف خدر)ە کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەڵبژێردراوە، تکایە ئەگەر چ تێبینییەکتان هەیە بیڵێن...تکایە جەنابی سکرتێر ناوەکان بنووسە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز(مەعروف ڕەئوف خدر) تێکۆشەرێکی دێرین وخاوەن رابردوویەکی پاکە، بۆیە من بە ناوی

کتلەی پارتییەوە هیچ تێبینییەکی خراپمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەگەر بڕیار نەبوو کە وەزیری داد سەر بزووتنەوەی ئیسلامی بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز (مەعروف رەئوف خدر) وەکو پارێزەرێک من زۆر پێم راست و پاکە و لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز (مەعروف رەئوف خدر) پیاوێکی ناسراوە لە هەولێر وەکو برادەران باسیان کرد باشترین هەڵبژاردەیە بۆ وەزارەتی داد و ئێمە وەکو کتلەی سەوز پشتگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز د. قاسم ، ئەگەر بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران روونکردنەوەیەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا وەک چەند جاری تر باسمان کردووە، برادەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی سووربوون لەسەر ئەوەی کە وەزارەتی داد بدرێتە مامۆستایەکی ئاینی، بەڵام ئێمە بە چاکترمان زانی ئەوپایەیە مرۆڤێکی ئەکادیمی وەری بگرێ، یان دادوەرێک، یان حقوقی بێ لەبەر پێداویستییەکانی وەزارەتی داد خۆی، بۆیە برادەرانی بزووتنەوە رازی نەبوون وهاوبەشیان نەکرد لەوەزارەتداو، ئەم پایەیە تا ئێستاش بەبەتاڵی مایەوە، لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیار درا کە ئەو شوێنە بدرێ بە مرۆڤێکی ناسراوی یاساناس لە هەمان کاتدا بێ لایەنیش بێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەک باوەڕی پێ بکات و، لەسەری رازی بن، جائەم سیفەتانە لەکاک مەعروفدا هەن بۆیە پەسەندمان کرد و هەڵمان بژارد وجارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە ئەکەم کە بەڕێز (مەعروف رەئوف خدر) مرۆڤێکی بێ لایەنە وسەر بە هیچ کتلەیەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە تێبینییەکانی برادەران بوو.. هیچ تێبینییەکی تر هەیە لەسەری؟ ئێستا کێ لەسەری رازیە با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ لە دژە؟ کەس نەبوو.

کەواتە بەڕێز (مەعروف رەئوف خدر) بەتێکڕایی دەنگ پەسەند کرا بۆ وەرگرتنی پۆستی

وەزارەتی داد سوپاستان دەکەین. فەرموو کاک فرەنسۆ چ تێبینییەک هەیە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم دەکەم کە لەکاتی سوێند خواردندا تەلەفزیۆنەکان بێتە ژوورەوە بۆ بڵاو کردنەوەی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، فەرموو کاک د.فوئاد.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سوێندخواردنەکە ئەگەر دەکرێ قورئانێکی پیرۆز ئامادە بکرێ و دەکرێ بانگ بکرێ، چونکە ئێستا هیچ لارییەک لەسەری نییە کە بەشداری کۆبوونەوەکە بکات تا قورئانەکە ئامادە بکرێ ولێی داوا دەکرێ کە سوێند بخوا ئیتر دەتوانین ئیشوکارەکەی خۆمان بەڕێوە ببەین ومنیش حەز دەکەم لە تەلەفزیۆن وێنەی ڕێورەسمەکە بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قورئانی پیرۆز ئامادەیە و سوێندکەشمان ئامادە کردووە وتەلەفزیۆنەکەش ئامادە دەکەین، لەکاتی سوێند خواردنەکەشدا دەبێ هەموومان بەپێوە ڕاوەستین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دەبێ وابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. عیزەدین.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم پێش ئەوەی کە مەرسومەکە بخوێنرێتەوە، لەرووی شەرعییەوە مەرج نییە قورئان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ خاڵی یەکەم جێگای خۆیەتی، خاڵی دووەم کاک د.فوئاد وەڵامی دەداتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە قورئان مەرج نییە هەبێ، بەڵام ئەوە بووە بە باوێک و بە بەشێک لە ڕێوڕەسمی سوێند خواردن وناکرێ ئەمڕۆ ئێمە ئەوە نەکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئەگەر مامۆستایانی ئایینی چ تێبینییەكیان هەیە. فەرموو مامۆستا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

فـەرمووی سـوێند خـواردن پێویست ناكات، بەڵام باو وهەیبـەتی زیاتره باوەكو خۆی بمێنێتـەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەڵێ سـوپاس، ئێمە وەكو خۆی بەجێمان هێشت. .ئەوا ئێسـتـا ڕێوڕەسمی دامەزراندنی بەڕێز وەزیری داد دەست پێدەكات. فەرموو بەڕێز د.فوئاد پێشكەشی بكە..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێمـە لە ئەنجـوومـەنی وەزیراندا پێشنیـار دەكـەین كـە بەڕێز (مـەعروف ڕەئوف خدر) سـەرۆكی دادگای ئیستئنافی هەرێمی كوردستان بكرێت بە وەزیری داد لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراقدا، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

زۆر سـوپاس، لەسـەر پێشـنیـاری سـەرۆكی ئەنجـوومـەنی وەزیران وپەسـەند كـردنی ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی كـوردسـتـان لەكۆبوونەوەی ئەمڕۆدا بڕیار درا كـە بەڕێز (مـەعـروف ڕەئوف خدر) دابمەزرێ بە وەزیری دادی هەرێم ئێستاش با بفەرمووێ بۆ ڕێوڕەسمی سوێند خواردن.

**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر:**

**(سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری یەكێتی گەل وخاكی نیشتمانی كوردستان بكەم..)**

ومن تكايەكم هەیە كـە ئێـمـە پێـویـسـتـیـمـان بە هەمـوتان هەیە بۆ ئەوەی دەسـەڵاتی یاسا دابمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بە ناوی دەسـتـەی سـەرۆكایەتی ئەنجوومـەنی نیـشـتـمـانیی كـوردسـتـان و، بەناوی ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانی كـوردسـتـانەوە پڕ بە دڵ پیـرۆزبایی لە بەڕێز مـەعـروف دەكـەین وهیـوادارین لە ئیشوكارەكانیدا سەركەوتوو بێ و زۆر سوپاسی دەكەین.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئەحـــمـــەد مـــحـــمــــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بە ناوی كـتلەی سـەوزەوە پیـرۆزبایی لە وەزیری داد دەكـەین وئومـێـدەوارین سـەركـەوتووبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆزگە لە پیرۆزبایەکەدا بەڕێز سەعدی وەکالەتی کتلەی پارتیشی دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکەی، من بە ناوی هەمووتانەوە پیرۆزبایییم لێ کردو، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد.

دیارە کە بەڕێز یۆنادمیش مافی خۆبەتی وئەویش دەیەوێ پیرۆزبایی لە بەڕێز وەزیری داد بکا، فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی لیستی ئاشوورییەوە پیرۆزبایی لە مامۆستا مەعروف دەکەین وهیواداریین دەوڵەتی یاسا دابمەزرێ لەکوردستاندا وتایبەتمەندی کەمەنەتەوەکانیش لەدەسەلاتی (قضا) یش لەکوردستان ڕەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بە ناوی هەموومان بەخێرهاتنی وەزیری دادی کرد ئیتر پێویستی بەمە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارین ئەمە لە ئایندەدا دووبارە نەبێتەوە.

خاڵێکی دیکەشمان ئەوەیە کە چەند پرسیارێک ئاراستەمان کرابوو دەربارەی دانانی هێزی پێشمەرگە بۆ وەزارەتی ناوخۆ ولەکاتی خۆیدا لەم بارەیەوە بڕیارێکیشمان هەبوو، جەنابی وەزیری ناوخۆش ڕوونی کردەوە و، ئەم پرسیارە لەلایەن چەند ئەندامێکەوە بۆمان هاتبوو کە کەی ئەو هێزە دادەنرێ؟.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر جار لێرە لەگەڵ شتی کتوپڕدا ڕووبەڕوو دەکرێینەوە، تکایە کە باسی بابەتێک دەکرێ پێشتر ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە دووبارە نەبێتەوە.

دەربارەی پێکەوەنانی هێزێکی پێشمەرگە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئێمە قسەمان لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو حزبی سەرەکیدا کردووە کە خاوەنی دوو گەورەترین هێزی پێشمەرگەن لەکوردستاندا.

بۆ دهۆک لەهەر یەکێک لەو دوو حزبە داوای (٢٥٠) پێشمەرگەمان کردووە، هەمان ژمارەش بۆ پارێزگای کەرکووکیش، بەڵام بۆ هەولێر وسلێمانی بۆ هەریەکێکیان لە هەر یەکێک لەو دوو حزبە

داوای ( ٥٠٠ )پێشمەرگەمان کردووە، کە بەچەک وپێداویستی خۆیانەوە بکرێن بە پۆلیس.
وەڵامەکەش بەم شێوەیە بووە:
پارتی دیموکراتی کوردستان( ٥٠٠ )پێشمەرگەی خۆی بۆ پۆلیس هەولێر و( ٢٨٠ )ی دیکەشی بۆ پارێزگای کەرکووک تەرخان کردووە ولیستی ناوەکانی بۆ ناردووین، بەڵام یەکێتی نیشتمانی وەڵامی نەداوینەتەوە وبۆ سلێمانیش هیچمان بۆ نەهاتووە، دهۆکیش وایان وەڵام داوینەتەوە کە دەبێ پۆلیس بۆ خۆی پۆلیس دابمەزرێنێت، ئێمەش بەنووسراوێکی رەسمی وەڵاممان داونەتەوە وپێمان راگەیاندوون کە ئەوە بەپێی بریاری پەرلەمان وداوای ئەنجوومەنی وەزیرانیشە و،تائێستا چاوەروانی هاریکاریبیان دەکەین. بۆئەوەی ئەوانە لیژنەیەکیشمان دامەزراندووە بۆ ئەوەی پێش دامەزراندن چاویان بەوکەسانە بکەوێ کە بریارە ببنە پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، ئەو تێبینیانەی کە جەنابت فەرمووت ئێمە لە سەرەتای کۆبوونەوەی ئەمرۆماندا باسمان کردو وتمان لەمەو دوا هەر پرسیارێک کە ئاراستەی حکومەت دەکرێ دەبێ پێشتر بدرێتە دەستەی سەرۆکایەتی وپاش لێ ورد بوونەوەی ئەوجا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ و، لەماوەی دیاری کراو لە یاسای ئەنجوومەندا وەڵام دەدرێتەوە پاشان ئاگادار دەکرێنەوە و، ئێمەیش ئاگاداری ئەندامان دەکەین کە فلان رۆژ وەڵامی فلان پرسیار دەدرێتەوە، جگە لەوە ئێمە بەوەشمان زانیوە کە هەردوو حزبی سەرەکی لەسەر بریاری ئەنجوومەنی نیشتمانی وداوای و وەزیری ناوخۆ، بریاریان داوە هێز بۆ هەولێر بنێرن، ویستمان لە راستی ئەو قسەوباسانە دڵنیا بین.

ئێستاش دێینە سەر خاڵی کێشەی قوتابیانی هەڵەبجە کە داوای یارمەتییان کردووە، لەبەر ئەوەی کە خۆمان زانیاری تەواومان لەسەر مەسەلەکە نییە بۆیە داواکەیانمان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کرد، ئەگەر پێویست بکا ئاراستەی خوێندنی باڵاشی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوان چارەی بکەن.

هەروەها دیاردەی کۆچ کردنی هاوولاتییانیش بۆ هەندەران ئەویش بووەتە کێشەیەک، جا ئەوەی کە دیەوێ باس لەم دیاردەیە بکا، با ناوی خۆی بنووسێت وسەرنجی خۆی نیشان بدات ودوای گەلاڵە بوونی هەر بۆچوونێک ئەوە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران ولیژنەی کاروباری ناوخۆی دەکەین. وا دیارە زۆر کەسیش دەیانەوێ قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن. ئێستاش بەڕێز یۆنادم با بفەرمووێت.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەبێ رێز لە مافی مرۆڤ بگرین، مرۆڤ مافی خۆیەتی کە لە کوێ بژێت، مەسەلەی کۆچ کردنی ئەم خەڵکەش پەیوەندیی بە حاڵەتی نە شەر ونە ئاشتی ونەبوونی ئاسایشەوە هەیە، بەڵام

رژێمیش ئەمەی بەهەل قۆزتۆتەوە وخەڵکی سەربەخۆی لە ڕێی زاخۆوە دەنێرێتە ئەوروپا، بە داخەوە بەرەی کوردستانی دهۆکیش بووەتە مەکتەبی(تسفیر) ودەبێ ئەم دیاردەیە سنوورێکی بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک یونادم، با بەڕێز حەسەن حەمید بفەرموێ..

**بەڕێزحەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم کۆچ کردنە لەبەر ئەم هۆیانەیە:

١ــ نەبوونی ئارامی وئاسایش لەکوردستاندا.

٢ــ گرانی.

٣ــ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات دێنەوە دەرەوە دەکەنە بەهەشتی سەرزەمین لەبەر ئەوە هەموو کەسێک حەز دەکا بۆ دەرەوە بچێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە هەمانە دەرچوون بۆ دەرەوەی وڵات بەپلەی یەکەم نەبوونی ئاسایشە، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ ئاسایش دابین بکات و پۆلیس ئیشی خۆی ببینێ ئەوا ئەم کۆچ کردنە نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قەدەغە کردنی چوونە دەرەوە پێویستە بۆ ئەوەی کە کەس نەڕوا وئەوانەی ماڵیشیان لەوێوە بابێنەوە بەتایبەتی ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر لەلاوان بەناوی خوێندنەوە دەچنە دەرەوە کە بۆ خوێندنیش نییە ئەوەی برایان وتیان قسەکانیان تەواوە لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکا با لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە هەندێک لەمانە خۆیان دەڕۆن و هەندێکیان حزبەکان دەیانێرن و زۆر لەوانە کە لە دەرەوەن تا ئێستا من کەمم دیون بەتایبەتی خوێندەوارەکانمان کە دەبێت بێنەوە، بەڵام زۆریان دوو هەفتە یان سێ هەفتە دێن وئامۆژگاری ئێمەش دەکەن وابکەن ودوای ژن دەهێنن ودەڕۆنەوە دیسان لەلایەنی تردود زۆر لە لێپرسراوان کە کەسوکاریان لێرەیە وخۆشیان ئەڕۆن(اقامە) تازە دەکەنەوە بۆیە پێویستە، لیژنە پێک بێت وخەڵکەکە هان بدرێن بۆ هاتنەوە و کەم دەرچوون بە تایبەتی ئەو کادرانەی کە کار لەئاستی خوێندن دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی کە دەچنە دەرەوە، دوو جۆرن هەندێکیان بەرە و رژێم دەچن ئەوانەی تریشیان بەرە و ئەورووپا دەڕۆن، ئەوانەی بەرە و رژێم دەچن لەبەر ئەوەیە کە لە کوردستاندا قاتوقڕی هەیە ونەبوونی وسووتەمەنی بووەتە هۆیەکی سەرەکی کەوا بەرەو رژێمی بەغدا بڕۆن و رژێمیش دەستێکی باڵای هەیە بۆ راکێشانی ئەو تاقمەی کەوا بێ هێزن وبێ توانان، ئەوانی تریشیان کە بەرە و ئەورووپا هی ئەوەیە ئەو برایانەی کە لە دەرەوە دێنەوە پڕوپاگەندەی زۆر دەکەن و، ئەورووپایان بە بەهەشت بۆ ئێمە و گەنجەکانمان نیشان دەدەن وهانیان دەدەن کە بەرەو هەندەران ملّ بنێن، کە بە داخەوە ئەمە دەبێتە هۆی دەرچوونی پارە وپولی ئێرە وزۆربەشیان جگە لەوەی کە هەندێکیان دوچاری رووداوی دڵ تەزێن دەبن، وئەوانی تریش ئەگەر رێی دەرچوونیان دەست نەکەوێ بەبێ پارەیی دەگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو کەس حەقی خۆی هەیە لەکوێ بژێ ئەوە مافی خۆبەتی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێمە هانیان نەدەین، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشای خاڵی سەر سنووری تورکیا بکەین، دەبینین ئەو خەڵکە هەموو لەسەر نامەی سەرکردایەتیی لایەنە سیاسییەکان موعامەلاتیان بۆ دەکرێ، چوونە دەرەوەش تەنها دوو هۆی هەیە:

١ـ لایەنی سیاسی.

٢ـ لایەنی ئابووری.

دەبێ ئەمانەش چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆچ کردن دیارەیەکی سەلبی ناشرینە و، پەیوەندیی بە لاوازی ئیرادەوە هەیە و راکردنە لە واقیع بۆیە دەبێ چوونە دەرەوەی پسپۆڕەکان و(عملة صعبة) قەدەغە بکرێت و،خەڵکەکەش وشیار بکەینەوە لەسەر ئەو بناغەیەی کە سۆزی ئەورووپا ئێستا بۆ کورد لەوانەیە کاتی بێت ودواتر وەکو تورکە ئاوارەکان بچەوسێنرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی داخ وکەسەرە خەڵکی کوردستانی رزگارکراو بڕۆن وبەجێی بهێڵن، جاران ترس وتیرۆر هەبوو، بەڵام ئێستا نەوماوە، بازرگانەکان ئەم بڕیارە هەڵبقۆزنەوە بۆ زیاد کردنی نرخ، چونکە سوودی نییە، دەبێ هانی هەموو کادرو ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبەکان وئەندامانی پەرلەمان

بدرێ کە خێزانەکانیان لە دەرەوە بهێننەوە بەوەش ئەم کۆچ کردنەش کەم دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوانەی کە داوایان کردبوو لەسەر بابەتی ئەوانەی کە دەچنە دەرەوە قسە بکەن، هەموو قسەی خۆیان کرد، ئێستاش دەتوانین پێشنیارەکان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١ــ دیاردەی کۆچ کردن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە قەدەغە بکرێ.

٢ــ لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەک دروست بکرێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز یونادم حوکمێکی زاڵمانەی بە سەر سکرتاریەتی بەرەی دهۆکدا بڕی کە فەرمووی پیشەکەی تەنها بەرێ کردنی خەڵکە، پێموایە سکرتاریەتی بەرە لەدهۆک ئەگەر لە هەموو کارگێری پارێزگاکانی تری کوردستان باشتر کار نەکەن ئەوە هیچ نەبێ وەک ئەوان کاریان کردووە وناوچەی سنووری چالاکی ئەو سکرتاریەتە ناوچەیەکی نموونەییە لەکوردستاندا لە رووی هێمنی ولە رووی ئاسایش ولە هەموو روویکەوە راستە ئەوانەیە سکرتاریەتی بەرە بەشێک لەکارەکانی بەرێ کردنی ئەوکەسانە بێت کە دەچنە دەرەوەی کوردستان، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەوانەش مەکتەبی سیاسیی حزبەکان بۆیان دەنێرن وخۆم بەدەیان برووسکەی سکرتاریەتی بەرەی کوردستانی دهۆک ولیژنەی باڵای بەرە لە دهۆک دەبینم کە ئاراستەی مەکتەبە سیاسیەکانی هەموو لایەکانی ناو بەرەی کوردستانی دەکەن بۆ ئەوەی کە هیچی تر خەڵک نەنێرن، چونکە توانای بەڕێکردنیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووپاتی دەکەمەوە کە هەمیشە بەباشی قسەمان لەسەر بەرەی کوردستانی لە دهۆک کردووە، بەڵام خەڵک کە دەچنە دەرەوەی کوردستان لەوێ بە بیانووی ئەوەوە کە لە کوردستاندا دەچەوسێنرێنەوە داوای پەناهەندەیی دەکەن لەوانە کوردیش هەن وئاشووریش هەن کە بە (لاجیء) وەرناگیرێن ئەگەر بیانوویەک نەدۆزنەوە بۆ خۆیان، بۆ نموونە ئاشووری هەن دەڵێن گوندەکانمان داگیر کراوە ولەم قسانە بۆ خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە وەربگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری پێکهێنانی ئەوەی کە لیژنەیەک دابنرێ بۆ سەیرکردنی ئەو داخوازییانەی کە دێت ئیتر لە پەرلەمانەوە بێ، یان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێ بەرە و رووی ئەو وەزارەتە دەبنەوە کە ناومان ناوە هاریکاری ومرۆڤایەتی وپەیوەندییەکان و، مەسەلەی چوونە دەرەوە مەسەلەیەکی رەها (مطلق) نییە نابێت بڕیاری لەسەر بدەین، ئایا باشە رێ بەخەڵک بدەین کە بچنە دەرەوە، یا

نائەمە مەسەلەیەكی گرنگە و واباشترە كە ڕێگا نەدەین هەموو حاڵەتێك بڕواتە دەرەوە وپێویستە هەرحاڵەتە و بەتەنها دراسە بكرێ ،چونكە هەیە دەچێتە دەرەوە بۆ چارەسەری نەخۆشی و هەیە دەچێت بۆ خوێندن وهەیە بۆ كاروباری پێویست، ئەمانە هەموو داخوازی ئەم لیژنەیەن و پێویستە لێی بكۆڵینەوە وبڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێ ساغ بكرێتەوە كەكێ دەچێتە دەرەوە وكێ نەچێتە دەرەوە بە چ حاڵەتێك بچێتە دەرەوەو بەچ حاڵەتێك نەچێتە دەرەوە، بەلای من ئەوەكاری وەزارەتی ناوخۆیە ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێ تەنها ئەو كۆمیتەیە بتوانێ كاغەزی چوونە دەرەوە بەخەڵك بدات وكەسی تر ئەو مافەی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە لە پەرلەماندا تەنها لیژنە بۆ لێكۆڵینەوەی دیاردەكە پێك دێنین، بەلام جێبەجێ كردنی ئەو ئەركە لەسەر شانی حكومەتی هەرێمە كە دەسەڵاتی جێبەجێ كردنی هەیە ، ئێمە لە لیژنەی یاسا ولیژنەی كاروباری مرۆڤایەتی ولیژنەی ناوخۆ ولە لیژنەی پەیوەندییدا لیژنەیەك بۆ لێكۆڵینەوەی دیاردەكە پێك دێنین، كێ خۆی بۆ ئەم لیژنەیە دەپاڵێوێ باخۆی ناونووس بكات.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوە بوو كە كۆمیتەیەك، یان لایەنێك هەبێت كە ئەو مەسەلەیە بەرە و ڕووی بكرێتەوە، ڕاستە لە هەموو ولاتێك ئەم مەسەلانە لەلایەن دامودەزگای پۆلیس وسەفەر و جنسیە و ، كاروباری ناوخۆوە بڕیاری لەسەر دەدرێ، مەبەستی من ئەوەیە كە لایەنێك هەبێت كە بڕیار لەسەر ئەو داخوازییە بدا كە لە مەسەلەكە بكۆڵێتەوە، ئایا ئەو كەسە مافی ئەوەی هەیە كەوا بچێ بۆ دەرەوە یان نا ؟ ئیتر هەر لایەنێك كەوا بەپێی یاسا دەسەڵاتی ئەوەی كە بەرەوڕووی دەبێتەوە بەلای ئێمەوە هەمووی وەكو یەك وایە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی خەڵك، ئەنجوومەنی وەزیرانی كوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان تەنها لە ڕووی یاسایی وئەمنیەوە لە دیاردەكە دەكۆڵنەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە وایە كە وەزارەتی ناوخۆ پرۆژەیەك پێشكەش بكات لەم بارەیەوە كە چۆن قەدەغە

بکرێ وکەی قەدەغە بکرێ، ئینجا لیژنەی یاسا لە پەرلەماندا لێی بکۆڵێتەوە ئاوها رێک تردەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتە ئێستا دوو پێشنیارمان هەیە یەکێکیان لە پەرلەماندا لیژنەیەک دروستی بکەین وئەوەی تریان ئەوەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان شتێ بکەن، ئێمە پێشنیاری یەکەم ئەخینە پێش چاوتان بۆ ئەوەی لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی نیشتمانی دروست بکرێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە زۆربە لەگەڵ ئەوەدان کە لەپەرلەماندا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەدیاردەی کۆچ کردن پێک بهێنرێت.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لیژنەی خوێندنی باڵاش نوێنەری هەبێ لەم لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ دامەزراندنی ئەم لیژنەیە پێشنیارێک هەیە کە نوێنەری لیژنەی خوێندنی باڵاشی تێدا بێت بەمەش ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە دەبێتە(١٤)کەس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چ پێویست دەکا نوێنەری هەموو لیژنەکانی تیا هەبێ وابزانم لەم سێ چوار لیژنەیە پێک بێ، چونکە چواردەکەس زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کە ماوەتەوە دوو، سێ بابەتە لەوانە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە کە تەواو بووەو دراوەتە لیژنەی یاسا بۆ گفتوگۆ کردنی کە دەبێ بۆ هەفتەی ئایندە ئامادە بێت، هەروەها پرۆژەی پێشنیارێکیش هەیە دەربارەی کردنەوەی کۆلیژی کشتوکاڵ و پزیشکی لە دهۆکدا، ئەویش وەک پرۆژەیەک ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسا کراوەتەوە ودەبێ ئەوانیش بە زووترین کات رای خۆیان بە ئێمە بگەیەنن بۆ ئەوەی ئامادەی کەین بۆ گفتوگۆ کردن.

جارێکی دیکەش تکا دەکەین ئەو برادەرەی کە پرسیار، یاتێبینی هەیە با بەنووسراوێ بۆمانی بنێرێ، ئەوەی خۆمان وەڵامی بدەینەوە ئەوە لێرە وەڵامتان دەدەینەوە، ئەوەشی پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە ئەوا بۆ ئەوانی دەنێرین، ئەوەشی پێویستی بەوەیە کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە دەبێ پێشتر پێمان بگات، ئەگەر پێشنیارێکی بەپەلەشیان هەبوو ئەوە سەرۆکی کوتلەکان بۆیان هەیە بیخەنە پێش چاوو دەبێ زۆربەی ئامادەبووان پەسەندی بکەن ئەوجا دەیخەینە بەرنامەی کاردوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە هیچمان لا نییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم وەزارەتی پێشمەرگە بە زووترین کات هەوڵ بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بدات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئێستا باسی خاڵێک دەکەم کە لەوانەیە لە مێشکی هەرە زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بێت، بەڵام باسیان نەکردووە مەسەلەی ئابووری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی ئەو برادەرەی تەنیا بۆ سەفەری هاتن وگەڕانەوەی نزیکەی(٨٠٠)دینار پارەی بەنزینیان دەوێ، حەز دەکەین سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بیرێک لەوە بکاتەوە، بەڵکو چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بیرمان لەو مەسەلەیە کردۆتەوە ولەم ڕۆژانەدا وەڵامتان دەدەینەوە، ئێمەیش هەستمان پێ کردووە و، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان کێشەی کە تیایا دەژێین، ئەمڕۆ برادەرانی هەردوو کتلە، هەروەها لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بۆ هەندێک خاڵ کۆدەبینەوە و یەکێک لەوخاڵانەی لای خۆمان تۆمارمان کردووە کە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیشدا قسەی لەسەر بکەین ئەم بابەتەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە کۆبوونەوەکانمان لەیەک شەممەوە تا چوارشەممەیە و ئەو دووڕۆژەی لە نێوان چوارشەممە و شەممە دانراوە، ئایا بۆ ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان، یان بۆ ئەوەیە کە لیژنەکان کۆببنەوە؟ چونکە لە ڕۆژانی کۆبوونەوەی پەرلەماندا ناتوانین لەلیژنەکەش کۆببینەوە. بەراستی ئێمە لیژنەی یاسایی ئەمەکێشەکەمانە جا بۆیە ئیشوکارەکانمان زوو تەواو نابێ بۆیە داوا دەکەم هاتووچۆ کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامی پەرلەمان دەبێ ئیشی دیکەی نەبێ ودوای کۆبوونەوەی ئەنجومەن دەبێ بەشداری لەکۆبوونەوەی لیژنەکاندا بکات، چونکە لیژنە هەمیشەییەکان دەبێ کاری خۆیان بکەن، دەنا ئەنجومەن هیچی پێناکرێت. ئەوەشی کە لە کۆبوونەوەی لیژنە دوا دەکەوێ دەبێ ئاگادار

بکرێتەوە، دەبێ بە ئێمەش بگوترێ بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەین لەو بارەیەوە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لەجیێی وشەی (بەڕێز)و (جەناب) کەکوردی نین وشەی (کاک)بۆ پیاو و (خوشک) بۆ ژن بەکار بەرین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئیشوکاری لیژنەکان وەکو جەنابت فەرمووت لەبەر ئەوەی ئێستا هەندێ لە برادەران لەزاخۆن وهەندێکیان لە گەرمیانن زۆر لە لیژنەکان (٨ ـ ٩)کەسن، من پێشنیار دەکەم ژمارەکە کەم بکرێتەوە، بیکەین بە(٤یان ٥) کەس بۆ ئەوەی بتوانین دەوام بکەن وبتوانن ئیشوکاری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەکان بەپێی یاسا دانراون، لێرە بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەن دانراون، ئەو ئەندامەشی کە ئیشوکارەکەی ناکات سەرۆکی لیژنە بۆی هەیە داوا لەدەستەی سەرۆکایەتی بکا بۆ ئەوەی بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ چارەسەر کردنی کێشەی لیژنەکان، با رۆژی سێ شەممە دوای نیوەڕۆ تەرخان بکرێ بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان وهەموو ئامادەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشترە ئەگەر بزانین بەرنامەمان بۆ رۆژی دووشەممەی داهاتوو چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش وەخت بەرنامەکە ئامادە دەکەین کۆمەڵێک شتمان هەیە ئێستا لەبەردەستمانە، هەروەها دەبێ هەندێک یاسا تەواوبن، دووەم کۆمەڵێک پرسیارمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی وڵامان بدەنەوە، پێش وەختیش بە رۆژێک ئێمە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتوو بەکوتلەکان رادەگەێنین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێک دەکەم وەکو خالێک بۆ بەرنامەی رۆژی دووشەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئەندامە تازانەی پەرلەمان کە لە ئەنجامی خۆ کێشانەوەی وەزیرەکاندا لە پەرلەماندا دێنە ناو پەرلەمانەوە،

بۆ سوێند خواردن بانگ بکرێن ئەگەر ئەمە بخرێتە بەرنامەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەسەر هەردوو کتلەکان ماوەتەوە، ئەگەر ئەندامەکان ئامادە بن تا یەک شەممە، ئەوا ئێمە وەکو خاڵێک لە بەرنامەکەدا دایدەنێین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەمیان ئەوەی من بیزانم رۆژی دووشەممە ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆیان هەیە لەوکاتەی کە دیاریتان کردووە، دووەمیش ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو پێشنیارەی بەڕێز کەمال فوئاد کردی ئەوشتە پێویستە بۆ رۆژی دووشەممە ئامادەیی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تریش ئەم مەسەلەیە باس کرا، کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندیی بە کۆبوونەوەی هیچ دەزگایەکی ترەوە نییە، ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیەو لەسەری دەڕۆین، هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیشن ودەبێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا ئامادە بن.ئێستاش دانیشتنی ئەمڕۆمان هاتە کۆتایی وسوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆک** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦)

دووشەمە ریكەوتی٢٤/٨/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٦)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٢٤

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٢٤، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و،بەئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی خولی یەکەمی ئاسایی،ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ پێداچوونەوەی کاروباری لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن.***

***٢ـ پەسەند کردنی داوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامانەی کە لە حکومەتی هەرێمدا پلە و پایەی ئیدارییان وەرگرتووە.***

***٣ـ دامەزراندنی بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری و، وەزارەتی دارایی وئابووری.***

***٤ـ وتووێژێکی کراوە لەسەر یەک لاکردنەوەی هەندێ کاروبار و وەڵام دانەوەی هەندێ پرسیار.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش دێینە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە پێداچوونەوەی کاروباری لیژنەکانی ئەنجوومەنە، فەرموون کێ ڕاوبۆچوونی هەیە باناوی خۆی تۆمار بکات وبەپێی زنجیرە لەم بارەیەوە قسە بکات.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی کارگوزاریە گشتییەکان پەیوەندیی بە چوار وەزارەتەوە هەیە:

١ـ وەزارەتی شارەوانی، ٢ـ وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، ٣ـ بەشێک بەکاروبارەکانی وەزارەتی ناوخۆ، ٤ـ بەشێکلەکارو بارەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە، ئێمە لە لیژنەکەدا راپۆرتێکمان لەبارەی پێداویستەکانەوە ئامادە کردووە ئەگەرچی نرخی هەندێک لە ئامێرە خزمەتگوزارەکان دیاری نەکراوە، هەر ئەمڕۆش راپۆرتەکەتان پێشکەش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ لیژنەیەکی دیکە راپۆرتی خۆیان ئامادە کردووە؟.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە وەکە پەیوەندیی بە دوو وەزارەتەوە هەیە، وەزارەتەکان هیچیان نەیانتوانیوە نرخی ئەو شتانە دابنێن کەپێویستیانە، لیستەکان لامانن،وهەر ماوە جەنابتان ببینن وبەیانی بە دەستتان دەگات، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی پەروەردە دەمێکە پێشنیاری خۆمان پێشکەش بەدەستەی سەرۆکایەتی و وەزارەتی پەروەردە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێداویستیەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ تەواو بووە ئەمڕۆ پێشکەشتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی فەرموو.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەمێکە راپۆرتەکەمان تەواو کردوو، ئەمڕۆ دوای سەعات(١٢)لەگەڵ جەنابی وەزیری رۆشنبیری دادەنیشین و بەیانی پێشکەشی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەیانی زۆر باشە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەکاروباری لیژنەی پێشمەرگەوە تەواو بووە ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ لەگەڵ برادەرانی لیژنەکەدا دادەنیشین وپاشان پێشکەشی جەنابتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەی لیژنەی کاروباری ئەوقاف؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندیمان کرد بە وەزارەتەوە بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکەینەوە بۆ پێداویستەکانی وەزارەتی ئەوقاف بەیانی ئینشاالله تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کاروباری تەکنیکیمان زۆرتر مەبەستە، لیژنەی پیشەسازییمان هەبوو کە زۆر گرنگە بزانین چییان کردووە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامم لەم لیژنەیە و، ئەوەی پێویست بێت کراوە وپەیوەندیی کراوە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازیداو بەڕێز د. فازڵ ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی لە کارەکەیاندا گەیشتوونەتە کوێ؟.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕۆژە ڕاپۆرتێکمان لەبارەی گرفتەکانی تەندروستییەوە پێشکەش بە جەنابتان کرد، بەڵام ڕاپۆرتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەیانی تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتیش لە تەواو بووندایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنسیق کردنی لیژنەی یاساش لەگەڵ وەزارەتی دادا بە زەحمەت نازانین، بەهەر حاڵ ڕاپۆرتەکان هەموو ئامادە کران وخوێندرانەوەو، پێداچوونەوەیەکیان ماوە بۆ ئەوەی هەموو یەک بخرێن وچاپ بکرێن.

وەک لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆشماندا ئاماژەمان بۆ کرد، برادەران لە فراکسیۆنی کەسک داوایان کردووە کە هەندێک لەئەندامان دەست لە کاربکێشنەوە، چونکە پلەی وەزیریی، یا ئیدارییان پێدراوە لەکابینەی حکومەتدا، ئێستاش دەقی داواکەتان پێشکەش دەکەین.

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی پێشکەشە:**

**سلاوێکی گەرم**

لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا نامەی خۆکێشانەوەی بەڕێزان د.سەلاحەدین حەفید زادە وئەندازیار محەمەد تۆفیق ڕەحیم و مامۆستا شێرکۆ بێکەس تان پێشکەش دەکەین هیواداریین ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر داخوازییەکەیان ولە شوێنی ئەوان بەڕێزان خوشکە نەسرین مستەفا مەزهەر و د. فایەق گوڵپی و پارێزەر حازم یوسفی، دابنێین بە ئەندام لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا لەگەڵ ڕێز وسلاوی گەرمدا.

جا ئەمەش ئیستقالەی ئەو سێ ئەندامەیە پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بفەرموون:

**١ـ زۆر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

سڵاوێکی گەرم، لەبەر ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پۆستی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە من سپێردراوەولە هەمان کاتدا ئەندامی پەرلەمانم و ناتوانم هەردوو ئەرکەکان بەیەکەوە جێبەجێ بکەم، تکایە رازی بن کە ئەم نامەیەم بە خۆکێشانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ حساب بکرێ لەگەڵ رێزدا.

**د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە**
**١٩٩٢/٨/١**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.سەلاحەدین داوای دەست کێشانەوە دەکا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی لەبەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دارایی وئابووری تکایە ئەگەر موافقەت دەفەرموون دەست بەرزبکەنەوە؟.. زۆر سوپاس کێ دژە؟ کەس.. خۆکێشانەوەی بەڕێز د.سەلاحەدین حەفید زادە بەتێکڕای دەنگ پەسندکرا لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە.

**٢ـ زۆر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

سڵاوێکی گەرم، لەبەر ئەوەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پۆستی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاریم پێ سپێردراوە و، لە هەمان کاتدا ئەندامی پەرلەمانم و ناتوانم هەردوو ئەرکەکە بەیەکەوە جێبەجێ بکەم لەبەر ئەوە تکایە رەزامەندی بفەرموون ئەم نامەیە بە خۆکێشانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆم حساب بکەن ئیتر هەر بژین.

**محەمەد تۆفیق رەحیم**
**١٩٩٢/٨/١**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی داوای دەست کێشانەوە دەکات لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە هۆی کاروباری وەزارەتەوە، تکایە کێ لەگەڵ ئەم داوایەدایە بادەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس. کێ لە دژە..؟ کەس نییە، کەواتە بەتێکڕایی دەنگ دەست کێشانەوەی بەڕێز محەمەد تۆفیق پەسەندکرا لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە.

**٣ـ بۆ زۆر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم، لەبەر ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا پۆستی وەزارەتی رۆشنبیریم پێ سپێردراوە و، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی پەرلەمانم بۆیە داوای دەس کێشانەوە دەکەم.

**شێرکۆ بێکەس**
**وەزیری رۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراق**
**لە ١٩٩٢/٨/١**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێرکۆ بێکەس داوای دەست کێشانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکات بە هۆی ئەوەی کە کاروباری وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرتووە..کێ لەگەڵ دەست کێشانەوەکەدایە؟.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکرای دەنگ داواکە پەسەند کرا.

هەروەها فراکسیۆنی سەوز پێشنیار دەکا کە بەڕێزان خوشکە نەسرین مستەفا مەزهەرو، د.فایق گوڵپی و حازم یوسفی لە جێی ئەو بەڕێزانە بکرێن بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟.. کێ دژە..کەس دژ نییە..کەواتە هەر سێ ئەو بەڕێزە لەسەر فراکسیۆنی کەسک بوون بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و پیرۆزبایییان لێ دەکەین.

ئێستاش دەچینەوە سەر خاڵەکانی ترو، مەسەلەی چۆڵ کردنی خانووەکان نزیک بووەتەوە.. فەرموون کێ لەم بارەیەوە سەرنجی هەیە؟.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خانوویەکیان بۆ من چۆڵ کردووە، بەڵام خانووەکە چۆڵ کراوە هەمووی کاول کراوە چ پلاکی کارەبای هەیە، مەغسەلەکان هەتا محەجەرەی سەر دەرگاکەی کراوەتەوە و بردوویانە واتە ئەگەر هەمووخانووەکان بەم شێوەیە چۆڵ بکرێت ئەمە مانەی ئەوەیە زۆر زیان بە ئێمە دەکەوێت لەبەر ئەوە وابزانم هەر چۆڵ نەکردنی باش ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکەی، ئەمە یەکەم و، دووەم خانوویەکی دیکەش حاکمێکی شۆرشی تێدا بووە، کاتێک چۆڵی کردووە بەداخەوە هەتا شووشەی پەنجەرەکانیشی بردبوو، ئەی خانووەکەی ئێوە کێی تیابوو؟

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشمەرگەی تیا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئەنجوومەنی وەزیران بەتایبەتی لەو برادەرانەی کە سەرپەرشتی ئەم مەسەلەیە دەکەن داوا دەکەین کە پێش وەخت هێزێک دابنرێت بۆ ئەوەی پێش ئەوەی کە خانووەکان چۆڵ بکرێن

جەردێک بکرێن و بزانرێ چیيان تێدايە، ياخود چيیان تێدا بووە. ئێستاش دەچينە سەر مەسەلەی سوێندخواردنی ئەندامە نوێيەکانی پەرلەمان، ئەگەر ئامادەن با بێنە ژوورەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووانيان ئامادەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز د. فايەق و خوشکە نەسرين دەکەين وهيواداربن هاتنيان بۆ ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستانی ببێتە مايەی چالاکی وکاريگەريی زياتر بۆ خزمەت کردنی ميللەتی کورد، جارێکی تر بە ناوی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ دەکەين وداوای سەرکەوتن وخۆش بەختيتان بۆ دەکەين، جا ئەگەر ئامادەن ڕێوڕەسمی سوێند خواردنەکە تەواو بکەين.

ئەمڕۆ ٨/٢٤ بڕيار درا لەسەر ئەوەی کە دەست کێشانەوەی بەڕێزان(د.سەلاحەدين حەفيد) وئەندازيار محەمەد تۆفيق ڕەحيم و، مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەسەر داخوازيی خۆيان وپەسندکردنی کتلەی سەوزو بەتێکڕای دەنگ لە ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستاندا پەسەند بکرێن و بەپێی مادەی(٤٤) لەياسای ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستاندا و لەسەر نووسراوی کتلەی سەوز بۆ ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستان بەڕێزان خوشکە نەسرين مستەفا مەزهەر، وپارێزەر حازم يوسفی و، د. فايەق گوڵپی، ببن بە ئەندامی ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستان لە جێگەی ئەو بەڕێزانە کە خۆيان کێشايەوە بۆ کاروباری وەزارەت، ئێستاش بەپێی ياسای ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستان بەڕێزان خوشکە نەسرين و د. فايەق و، پارێزەر حازم يوسفی، بابفەرموون بۆ سوێند خواردن.

**هەرسێ ئەندامە بەڕێزەکە سوێنديان خواردو مەراسيمی سوێند خواردن تەواو بوو.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەگەرمی پيرۆزبايی لە هەرسێ ئەندامی ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستان دەکەين، هيواداربن ئەندامێتييان لە ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستاندا ببێتە مايەی چالاکی وببنە مايەی ئەوەی کە ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستان بە ئەندامێتی ئەم سێ بەڕێزە کاروباری خۆيان وەکو پێويست ئەنجام بدەن، هەروەها بە ناوی ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستانيشەوە سوپاسی بەڕێزان سەلاحەدين حەفيد زادە و، محەمەد تۆفيق و شێرکۆ بێکەس دەکەين وەکو ئەندامێکی چالاک لە ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستاندا دەوری دياری کراويان هەبوو و ئێستاکەش لە ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی کوردستاندا هەر يەکە پۆستی وەزارەتێکی وەرگرتووە هيوای سەرکەوتنيان بۆ دەخوازين وسوپاسيان دەکەين.

ئێستاش با بێينەوە سەر بەرنامەی خۆمان، ئەو برايانەی کە پرسيار، ياخود پێشنياريان هەبوو و

هەندێکیان بەنووسین بۆمان هاتووەو هەندێکیان ناوی خۆیان نووسیوە، ئەتوانن کاتێک کەناویان دەخوێنرێتەوە، پرسیارەکانی خۆیان بخوێننەوە.

**بەڕێز یوسف جەمیل خورشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە خانووەکانی هەردوو ئەنجوومەن، بڕیار وابوو لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەک دەسنیشان بکرێ بۆ سەرپەرشتی چۆڵ کردنی ئەم خانووانە وپێویستیشە ئەم خانووانە دوایی چۆڵ کردنی بە گوێرەی هەردوو کتلەکە دابەش بکرێ بە سەریاندا و، پێشنیاریش دەکەم کە هەر لیژنەیەک ژوورێکی بۆ چۆڵ بکرێ بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانیان، چونکە ئێستا لەبەر نەبوونی جێگا ناتوانن بە رێکی ئیشوکارەکانیان بەرێوەبەرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ خانووەکان ئەوە ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە نەوەک ئیشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، هەروەها بۆ چاک کردنی خانووەکان ئێمە لیژنەیەکمان دروست کرد کەوا ئەو کارانە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەم کە لیستی حسابات بکەین بۆ ئەو پارەیەی کە سەرفمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە لەگەڵ حساباتدا ئیشوکاری خۆتان جێبەجێ بکەن، بەڵام ئێوە بەردەوام بن وابزانم ئێستاکە هەر چواردە لیژنەکەش ژووری خۆیان هەیە بە ئەساسەوە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی گشتیی خانەنشینی هەرێمی کوردستان (مدیرية العامة للتقاعد في الاقليم الكوردستان) دەکەم، بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی ئەو خەڵکانەی کە خانەنشین دەبن، یاخود خانەنشین، وپێشنیاری دووەم سەبارەت بەتەلەفونات ئەو هێڵانەی کە دەدرێتە وەزیرەکان با ژمارەکانیان نهێنی بێ وخەڵکی بە کەیفی خۆیان نەتوانن تەلەفون بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکان بەجێن، بەڵام هەر پێشنیارێک بۆ ئەوەی ئەنجوومەن بڕیارێکی بۆ دەرکات پێویستە لای کەمی (١٠) ئەندام ئیمزای لەسەر بکات بۆ ئەوەی ببێت بە رەسمی، جا دەبێت پێشنیارەکانت ئاراستەی لیژنە تایبەتییەکان بکەین.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو خاڵمان هەبوو پێشکەشمان کردبوو وەکو پێشنیارێک نووسراوە وئیمزا کراوە لەلایەن (١٠)

ئەندامەوە ئەگەردەتوانن بیخەنە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە:
پێشناری یەکەم: ئێمە وەکو ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە پێشنیار دەکەین بڕیارێک بدرێت کە هیچ وزارەتێک بۆی نەبێت هیچ مەبلغێک دەسنیشان بکات بۆ هیچ لایەنێک تەنها ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان نەبێت لەبەر ئەوە میزانیەی گشتی دانەنراوە وپەسەند نەکراوە تەنها وەزارەتیش وەزارەتی دارایی وئابوورییە کە بۆی هەیە پارە تەحویل بکاو وپارەش تەحویل دەکا بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. وئەنجوومەنی وەزیران تاوەکو ئێستا هیچ میزانیەیەکی نییە بۆ خۆی وبۆ وەزارەتەکان وهەتاکو ئێستا میزانیەکە نەسالانە و نە نیو سالانەیە وئەمە هەموارکردنی دەوێت ونازانم لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکیان نییە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو ملیۆن دینار تەرخان کرا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەلام هیچ وەزارەتێ بۆی نییە پارەترخان بکات بۆ هیچ لایەنێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئەگەر وەکو پێشنیارێک بدرێت بەلیژنەی یاسا، ئەم لیژنەیە سیغەیەکی یاسایی بۆ دابین بکات کەوا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیارێک بدات کە هیچ وەزارەتێک بۆی نەبێ مولەتی خەرج کردن بە هیچ لایەنێک بدات، یاخود ئەودەسەلاتەی کە لە پێشان داوایانە لێیانی بکێشێتەوە. داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد کەوا مەبلەغێک تەحویلی ئەنجوومەنی نیشتمانی بکات، بەلام وادیاربوو هەندێ لە وەزیرە بەڕێزەکان داوایان کردبوو بزانن ئەو پارەیە چۆن سەرف کراوە، ئەوە لە دەسەلاتی وەزیرەکاندا نییە کەوا موناقەشەی داخوازیەکانی ئەنجوومەن بکەن. دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری دوو ملیۆنیان دابوو، بەلام لەبەر مەسەلەی گومرک کرا بە یەک ملیۆن، هەروەها پێویستیمان بە مەبلەغێک پارە هەیە بۆ کڕینی شت بۆ ژووری لیژنەکان وچاک کردنی خانووی ئەندامەکان کە خراپ کراون، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تاوەکو سووتەمەنی کەم بێ دیاردەی دار بڕین هەر دەمێنێ، بەلام قەدەغەکردنی لە دەوروبەری شارەکان ئاسانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر نالەباری باردۆخی ئەمڕۆی کوردستان بەتایبەتی دیاردەی کوشتن جا بۆیە ئەم چەند پێشنیارەم هەیە.

١ـ نەهێشتنی دیاردەی چەکداری لەناو شارەکاندا.
٢ـ گێڕانەوەی یاسا و، قەدەغە کردنی دادگاکردن لە کۆمیتەکاندا.
٣ـ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵ بکرێت وبەیانێک بڵاو بکرێتەوە ئەبێت پێشمەرگە حزبەکان پابەند بن بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە وتەمەن رەچاوە بکرێ لە وەرگرتنی پ.م ئەویش لە (١٨تا ٣٠) بێت ومیزانیە بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە تەرخان بکرێ، هەروەها پێشمەرگە بەبێ چەک هاتووچۆی شارەکان بکەن.
دانانی لیژنەیەک بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی گەرمیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی د.کەمال باسی کرد تاوەکو ئێستا لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هێز یەک نەخراوە ئەویش لەبەر نەبوونی میزانیەیەی پێویست، داوامان لە وەزیری دارایی وئابووری کرد کە میزانیەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دابین بکات، ئەویش وەڵامی دایەوە کە تەنها (٣)ملیۆن دیناریان هەیە بۆ هەموو وەزارەتەکان کە بەشی هیچ ناکات، بۆ دامەزراندنی پارێزگارو قائیمقام وپۆلیس دەسەڵاتمان داوە بە وەزارەتی ناوخۆ وپرسیار لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەین کە لەو بارەیەوە چیان کردوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک ئارد خراپ بووە و دەیسووتێنن داوا دەکەین لە پەرلەمان لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە وبا بزانین ئەم ئاردە بۆ دابەش نەکرا وبۆ خراپ بووە و بە زووترین کات سزای یاسایی رێکخراوەکان دەربکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئارد لە سنووری دهۆکدا خراپ بووەو بەتەمان بیسووتێنن و کێ تاوانبارە لە خراپ بوونی ئەو ئاردە و بۆ دابەش نەکراوە؟ با بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە مەسەلانە وەزارەتەکان ئیشی خۆیان ببینن، (١٠٠)فەردە ئارد خراپ بووە بەتەئکید کەسانێک لەو کارە بەرپرسن و دەبێ بەپێی یاسا حیسابیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها یاسایی رێکخراوەکان هەیە باس کراوە ودراوە بە لیژنەی یاسا کە هەموارو موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وجەماوەر دەمانەوێ بزانین کە لەسەر ئەم مەسەلەیە چ گفتوگۆیەک دەرکرێ، چونکە تا ئێستا

هیچ جۆرە گفتوگۆیەکمان نەدیوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

حەز دەکەی وەکو پێشنیارێک بیدە بە لیژنە تاوەکو دیراسەی بکرێ.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کاتی خۆی لە دهۆک و سێمێل خانووەکانی زراعە بە موزایەدە بە عەرەبەکان فرۆشراوە و، ئێستا هەواڵیان بۆ ناردوون کە نیوەی قیستەکانیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

یەک، دوو بڕیارمان هەیە لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە وئەم پێشنیارەش تازەیە، با لیژنەی پسپۆڕ دیراسەی بکات وبڕیاری لەسەر بدات.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

باری چەمچەماڵ زۆر ناخۆشە، چونکە کۆمەڵێک مین دانراوە ودەتەقێتەوە هەر ڕۆژێک کۆمەڵێک خەڵک دەکوژێ، هیوادارم لیژنەیەک دەستنیشان بکرێ لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە وناوخۆوە وسەردانی ناوچەکە بکەن و، ئیدارات بە زووی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بۆ گەڕانەوەی ئیدارات بۆ ئەو ناوچانە، واخەریکین و(انشاءالله) بە زووترین کات دەگەینە ئەنجام. سەبارەت بە دروست بوونی لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگەوە ئێمە وەکو پێشنیارێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەین با ئەوان لە لای خۆیانەوە بڕیارێکی لەسەر دەربکەن.

**بەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی تاوەکو ئێستا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئیداری ناو شارەکان لە دەستی بەرەی کوردستانییە ئەویش لەبەر نەبوونی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بە تەواوی لە شارەکاندا دانەمەزراوە و، خەڵک نازانێ روو لەکوێ بکات بۆ دۆزینەوەی چارە بۆ گرفتەکانیان جاداوا لە ئەنجومەنی نیشتمانی وحکومەتی هەرێم دەکەم کەوا پەلە بکەن بۆ دامەزراندنی دەزگا ئیداریەکان لە ناو شارەکاندا و، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئیداری شارەکان لە بەرە بسێنرێتەوە تەنها ئیشی بەرە ئەوە بێت پەیوەندیی نێوان حزبەکان خۆش کات وپەیوەندیی حزبەکان لەگەڵ حکومەت وئەنجومەنی نیشتمانیی رێک بخات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و، دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، بەڕاستی هیچ پاساوێک بۆ مانەوەی هەندێک دەسەڵاتی یاسادانان و، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی بەرەی کوردستانی نەماوە.

داوا لە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانیش دەکەین کە بە پێڕەو و پرۆگرامەکانی بەرەی کوردستانیدا بچنەوەو، ئەو بەندانەی لێ هەڵبگرنەوە کە لەگەڵ واقیعی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیراندا ناگونجێت، دەنا دەسەڵاتێکی دوو لایەنەی یاسادانان و جێبەجێ کردن لە کوردستاندا دێنە کایەوە، کە ببێتە مایەی نائارامی و فەوزا.

پەرلەمان نەیوتووە بەرەی کوردستانی نەمێنێ وەکو هەندێ لایەن دەیڵێن، پەرلەمان دەڵێ با بەرەی کوردستانی بمێنێ و بەهێزتریش بکرێ، بەڵام نابێ لە کوردستاندا دوو سەرچاوەی شەرعییەت و دەسەڵات هەبێ.

هەن دەڵێن با سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی بمێنێ و رۆڵی (مجلس قيادة الثورة) بگێڕێ، بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ناوەدا ئەزموونێکی تاڵیان هەیەو، ناتوانن دەسەڵاتێکی ئاوا بەسەر پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە قبوڵ بکەن.

پێشنیارێکی دیکە هەیە دەڵێ: با بەرەی کوردستانی بمێنێ و وەکو (مجلس الشيوخ) هەڵسوکەوت بکا. ئەمەش پەسەند نییە، (مجلس الشيوخ)یش دەبێ لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە پێک بهێنرێت، بەڵام بەرەی کوردستانی ئەو مەرجەی تێدا نییە.

کەسانێکی دیکەش هەن دەڵێن با بەرەی کوردستانی وەکو (شەرعیەتی شۆڕشگێڕی) لە کوردستاندا بمێنێت و رۆڵ بگێڕێ، ئەمەش هەر نادروست و ناشارستانییەو، مادام پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو هەبێت، شەرعییەتی شۆڕشگێڕی نا شەرعییە.

بەرەی کوردستانیش پێویستی قۆناغێکی دیاری کراوە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو، دەسکەوتەکانیشی لە بەرچاون و، هێشتاش زۆر ئەرک و فرمانی ماون کە دەتوانێ لەگەڵ بوونی پەرلەمانی هەڵبژێردراوو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەبێ گیروگرفت جێبەجێیان بکات.

ئێستاش لیژنەیەک پێک هاتووە لە(پ.د.ک)و(ی.ن.ک)بۆ دروست کردنی بەرنامە وپێڕەو پرۆگرامێکی تازە بۆ پتەوکردنی بەرەی کوردستانی و، نەهێشتنی بەرەی کوردستانی نە داوای پارتییە ونە یەکێتی ونەنیشە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیشە.

هەروەها هیواداریین کە بە زووترین کات ئەم ئاڵوگۆڕە بکرێت و، ئەو پارێزگار و دەزگا حکومیانە کە دادەمەزرێن بەرێکوپێکی رۆڵی خۆیان ببینن. ئێمە قەت دەرگامان لە رووی راگەیاندنیش دانەخستووە وهەرچی کراوە ونەکراوە لەتەلەفزیۆن ورادیۆ وڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە بۆ خەڵکی.

**بەڕێز پەریخان مـەحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرای من گەر بێت و هەموو دانیشتنەکانی ئەنجوومەن لە تەلەفزیۆن پەخش بکرێت باشترە بۆ ئەوەی خەڵکی بە چاوی خۆیان هەموو شتێک ببینن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کاتی خۆی یەک، دوو دانیشتنمان بە عەرەبی لە تەلەفزیۆنەوە پەخش کرد. ئێمە لاریمان نییە لەوەی کە دانیشتنەکانی پەرلەمان پەخش بکرێن وخەڵک بزانێ چی دەکەین وچی ناکەین و هەرکاتێ زانیمان پێویست دەکات کە دانیشتنەکە پەخش بکرێ پەخشی دەکەین، بەڵام ئەوە بە باشتر دەزانم کەوا لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانەی کە لە پەرلەماندا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ نەدوەی تەلەفزیۆنیش ببەستریّ وچەند ئەندامێکی ئەنجوومەن هەستن بەروون کردنەوەی ئەو مەسەلەیە وبڕیارو وپێشنیارەکانی ئەنجوومەن باس بکەن.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد رەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ڕووداوی تیرۆرکردنی خەڵکی زۆر بووە لە کوردستاندا بەتایبەتی کەسانی رۆشنبیری کورد وئەندامـانی (un)وئەمە دیاردەیەکی ترسناکە کە دەستی تابووری پێنجەمە، یاخود دەستی موخابەراتی عێراقییە جا داوا دەکەین کەوا سنوورێک دانرێ بۆ ئەم دیاردەیە تاوەکو زیاتر تەشەنە نەکات و، وەزارەتی ناوخۆ بە زووترین کات ئیجرائات وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەم دیاردەیە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتەکانی تریش هەندێ شـتـیـان بەدەستەوەیە، بابزانین ئەوان چی دەکەن!.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـید ئەحـمـەد یعـقـوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

با ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوا بکەن لە جەمعیاتی سەداقەی کوردی ئەڵمانیا، یاخود کوردی فەرەنسی، یان کوردی ئەنگلیزی و هەروەها مەکتەبی پەیوەندیەکانمان لە ئەوروپا وڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەوانە پارێزەری باشی تیادایە کەوا بتوانن هاوکاریمان کەن بۆ ئەوەی داوا لەو کۆمپانیانە بکەن کە چەکی کیمیاویان بە عێراق فرۆشت وکوردیان پێ کیمیا باران کرد قەرەبوومان بدەنێ بۆ ئەوەی بەو پارەیە بتوانین ئەو شوێنانەی کە چەکی کیمیاوی ئەوان وێرانی کرد ئاوەدانی کەینەوە، چونکە بەیاسایی خۆشیان فرۆشتنی چەکی کیمیاوی قەدەغەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
من بەش بەحاڵی خۆم هیچ زانیارییەکی تەواوم نییە، ئەگەر شتێکی وا هەیە پرسیار لە وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی بکەین کە بزانین بەڵکو ئەوان شتێکیان هەبێت.
**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ مەسەلەی قەرەبوو وەرگرتن لەو کۆمپانیانەی کە چەکی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتوە وچاککردن وئاوەدانکردنەوەی ئەو شارانە کەوا کیمیا باران کراون بەپارەی ئەو قەرەبووە، گەر ئەو ڕێکخراوانە بزانن بەڵگەی تەواویان بەدەستەوەیە وسەرکەوتوون لەو کێشەیە بە بێ دوودڵی پشت گیریمان لێ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر ئێمە تەکلیفی لیژنەی پەیوەندیی بکەین بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی کە بە دوای ئەو مەسەلەیەدا بچن و، هەر شتێکیش هاتە پێشەوە ئاگاداری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بکەن.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە کوردستاندا چەندین سەرچاوەی کانزا هەیە بەتایبەتی نەوت و خوێ، ئەویش لە خانەقین وچیای سورغ گەر بێت سوودی لێ وەرگرین خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دەرهێنانی نەوت لە چیای سورغ و ئەو جێگانە عەمەلی نەبوو، بۆیە لە کاتی خۆیشیدا سوودیان لێ وەرنەگرت، بەڵام ئێوە ئەم پێشنیارە بەنووسین ڕەوانە بکەن، بەڵکو ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە ناو بازاڕدا زۆر بەبێ شەرمانە وبەبێ ترس چەک دەفرۆشرێت ودەکڕێت، دەبێت سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنرێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم پێشنیارەمان بەنووسین بۆ ڕەوانەکەن تاوەکو ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من سەبارەت بە گەڕانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو پێشمەرگانەن کە خزمەتیان زۆرە لە پێشمەرگایەتیدا هەیە وبڕیارێکیان بۆ دەربکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر پلەو وەزیفەی خۆیان و ئەم ساڵانەی پێشمەرگایەتیان بۆ بە خزمەت حسێب بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا پرۆژەیەکی وا هەیە، کە رەچاوی ساڵانی خزمەت بۆ ئەو پێشمەرگانە بکرێت.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەر نەبوونی سەیارەو توانای باش دەزگای ئاسایش ناتوانن ئەرکەکانیان بە رێکی بەجێ بگەیەنن، جا پێشنیار دەکەم کە لە لایەن هەردوو حزبە سەرەکییەکەوە پارتی ویەکێتی چەند مەفرەزەیەک بە ئۆتۆمبێلەوە بدەن بە دەزگای ئاسایش و وزارەتی دارایی وئابووریش مەبلەغێکیان بۆ تەرخان بکات بۆ ئەوەی چەند ئۆتۆمبایێک بکڕن و توانای خۆیانی پێ بەهێز کەن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا پەرلەمانی کوردستان پەیوەندیی بکات بە پەرلەمانی ئێرانەوە سەبارەت بە ئەو دیلە کوردانەی کە لە شەڕی کەنداودا دیل کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی ئەو دیلە کوردانە کە لە ئێران ماونەتەوە لە(خاچی سوور) نووسراوە وئەمە پەیوەندیی بە لیژنەی پەیوەندیی وکاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک جەنابت روونت کردەوە کەوا پەرلەمانی کوردستان داوای لە پەرلەمانی ئێران کرد بۆ ئەوەی وەفدێک بنێرن بۆ ئێران سەبارەت بە دیلەکان، بەڵام ئێران نە بە پەرلەمان دانیناوە و نە بە ئەنجوومەنی وەزیرانیش جابۆیە ئومێدمان بڕیوە لەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە کە هەموو رێکخراوەکان کە هاتوونە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان یەکگرن

و ڕێک بکەون بۆ ئەوەی ناوچە بەناوچە دەست بکەن بە ئاوەدانکردن وگەشەپێدانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپاردەیەکی وا هەیە کەوا هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی وا هەمووی ڕێک بخەن کە پەیوەندیی بە وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی و پرۆژەی ئەوانەوە هەبێ، هەروەها تەنسیقێک لە نێوان ڕێکخراوەکان و وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێکردن و وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتیشدا بکرێت بۆ ئەو مەبەستە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێت هەفتەی جارێک بەو بڕیارانەدا بچینەوە وبزانین کامی بەجێ هێنراوە وکامی بەجێ نەهێنراوە، وبزانین چی جێبەجێ کراو چی جێبەجێ نەکراوە وبۆ جێبەجێ نەکراوە وکێ بەر پرسیارە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا باسمان کرد کە هەردوو لایەنە سەرەکییەکە کۆبوونەوەی خۆیان کردووەو هەندێ بڕیاریان لەو بارەیەوە داوەو، ئەوە چەن جاریشە بەڕێز سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە دێنە ئێرە و وەزعەکە باس دەکەن وباسمانیش کردووە کە ئێستاکە هەندێ بڕیارو هەندێ شت جێبەجێ نەکراوە، بەڵام ئەوە گرنگ نییە کە مرۆڤ تەنها بڕیار بدات، گرنگ ئەوەیە جێبەجێ کردنی لەگەڵدا بێت، توانای جێبەجێ کردنیش بە ڕۆژێک ودوو ڕۆژ ئامادە ناکرێت، کە بڕیاری شتێ دەدرێت کاتێکی زۆری دەوێ هەتا جێگیر دەبێ، ئەگەر بێینە سەر لایەنی یاسایش ئەوا ئەو بڕیارە جێبەجێ ناکرێ هەتاکو بڵاو نەکرێتەوە، ئەو ڕۆژە برادەران وتیان یاساکانی ئێمە جێبەجێ ناکرێ، چونکە تاکو ئێستا لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو نەکراوەتەوە، هەر بڕیارێک وەر دەگیرێت ئێمە قەناعەتمان بەو بڕیارە هەیەو بۆ جێبەجێ کردن دەیدەین بە ئەنجومەنی وەزیران لەوێ وەزارەتی تایبەتی هەیە، لەبیر مەکەن ئەوانیش پێویستیان بەکۆمەڵێک پێداویستی جێبەجێ کردن هەیەو هەمووشمان دەزانین ئەو پێداویستانە هێشتاکە زۆری ماوە ئامادە بکرێت کە یەکێ لەوانە توانای مادییە، یەکێکی تر لەوانە نەبوونی یەک هەڵوێستی بەرامبەر بەو بابەتانە، خەڵکێکی تریش لە دەرەوەی ئەم هۆڵە هەن، بەداخەوە لەوەیە بەرهەڵستی هەندێ شتی ئێمەش بکەن، بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی کە بڕیار درا گومرکی تایبەتی نەمێنێ، لایەنە سیاسییەکان هەندێکیان ئەو ڕۆژە چوون گمرکی تایبەتی خۆیان دانا، باشە چار چییە بیکەین بەشەڕی ناوخۆ؟!..، ئەنجومەنی وەزیرانی ئێمە دەبێ هەوڵ بدات بە هێمنی شتەکە چارەسەر بکات، بەڕاستی دەزانم هەمووی لە خەمخۆرییەوەیە وپێویستییە، بەڵام دەبێ ڕەچاوی توانای خۆمانیش

بکەین، ئێمە چاوپێخشانەوەیەکی بڕیارەکانی خۆمانیش بکەین باشە، ئێمە لەهەر کۆبوونەوەیەکدا زۆرجار دێینەوە سەر ئەو بڕیارانە بۆ ئەوەی بزانین کە چی نەکراوە وچی کراوە!، جا هیوادارم لە خۆمانەوە دەستی پێبکەین جاریٚ ئەو بڕیارانەی کە خۆمان ئەیدەین وەکو لیژانی پەرلەمان ئێمە ئەوانە زوو جێبەجێ بکەین، ئەنجوومەنی وەزیرانیش وا خەریکن دوێنێ بڕیاریان داوە کە لە ماوەی(٣)ڕۆژی تردا ئەو هێزی پێشمەرگەیە ئامادە بکرێ و، لەبەر دەستی وەزارەتی ناوخۆدا بێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئێمە لێرەدا داومانە، ئەوانیش هەندێ شتی تایبەتی خۆیانیان هەیە وەکو حکومەت کە دەبێ جێبەجێ بکرێت، جا هیوادارم ئەنجام بدرێت، هیوادارین ئەم بەدواداچوونە بەردەوام بێت و، حەز دەکەین کەراستی بخرێتە پێش چاوی ئەندامان چ بە شێوەی پرسیار بێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران چ بەشێوەی بانگ کردنیان بێ بۆ ئێرە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ دڵنیاکردنەوەی بەڕێز سیروان نەورۆلی بڵێم کەوا یەکێک لە ڕێکخراوە ئەڵمانیەکان ئەو ئەرکەی خستۆتە سەرشانی خۆی و(کانی ئاشقان) لە هەڵەبجە ئاوەدان دەکاتەوە، ئەم مەسەلەیەش لە پێش وەزارەتی ئەشغاڵ ونیشتەجێکردندایە، سوپاس.

**بەڕێز نەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو هەردوو ئەنجوومەنەکە پێویستیمان بە پاڵپشتی مادی هەیە وداوا دەکەین کە هەردوو حزبە سەرەکییەکە (پ.د.ک)و(ی.ن.ک) یارمەتی پەرلەمان وحکومەت بدەن. بۆ نموونە هێزی پۆلیسی کوردستان تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە دووشتی مادی پێویستە یەکەم: مەسەلەی ئالیات وچەک.دووەمیش: مەسەلەی پارە ودابین کردنی مووچە.

ئەگەر حزبەکان هاوکاریان بکەن دەتوانین ئیشەکانمان بە باش تر بەڕێوە ببەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران واخەریکن هەندێ شت دەکەن سەبارەت بە دابین کردنی ئامێرو ئۆتۆمبیل، با ئەم چەند ڕۆژەش چاوەڕوان بین بزانین چی دەکەن.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جێبەجێ نەکردنی ئەم بڕیارانە لەبەر نەبوونی ئیجرائاتە بەرامبەر بەو کەسانەی کە سەر پێچی لە بڕیارەکان دەکەن گەر بێت و هێزێکی هاوبەش دابنرێت لە هەر شارو (٥٠٠)پێشمەرگە بێنین بۆ

ئەوەی بتوانین بڕیارەکان جێبەجێ بکەین، هەروەها بازگەکان بەتەواوی هەڵگیرێت وهێزی هاوبەشیش جێیان بگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لەماوەی ئەم(٣)ڕۆژەدا دەبێت ئەو هێزە هاوبەشە پێک بێنن ولە ژێر دەسەلاتی وەزارەتی دارایی وئابووریدا بێت و، دەبێت لە هەولێر و سلێمانی (١٠٠٠)پێشمەرگە وەرگیرێت و (٥٠٠) پێشمەرگەش لە کەرکووک و دهۆک.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیارەکە دەڵێت هێزی هاوبەش، چونکە (طواریء) وهێزی هاوبەش هەمووی یەکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نەخێر، ئەمانە هەمووی دەبێت لە ژێر خزمەتی وەزارەتی ناوخۆدا بێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
داوا لە راگەیاندنی هەر دوو حزبەکە دەکەم کە هەر کۆبوونەوەیەک دەکرێت با لە دەزگا راگەیاندنەکاندا رەنگ دانەوەی هەبێت و، هەروەها ئەو حزبانەی تریش کە بەشداری ئەنجومەنی نیشتمانیی دەکەن، دەبێ ئەوانیش رابکێشین بۆ ئەوەی پشتگیری خۆیان نیشان بدەن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی وئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بە حزبی زەحمەتکێشانەوە هەیە، ئێمە لەناو کتلەی سەوزداین ئامادەین بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە رووی راگەیاندن و لە رووی سیاسی وعەسکەری بکەین وئێمە بە مەسەلەیەکی زۆر گەورەی دەزانین، ئایا لە بەرەی کوردستانیدا بێت، یان لە ئەنجومەنی وەزیران بێت، یا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بێت،سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیوادارم لیژنەکان بەردەوام بن لەسەر ئیشوکاری خۆیان مەسەلەکەش هەر ئەوە نییە کە تەنها لە دانیشتنەکاندا یەکتر ببینین، بەڵکو دەبێ پێکەوە دانیشن و ئیشوکاری خۆیان بکەن، چونکە

سبەی ئاکامان دەویت، ئیستا ماوە دەدەین بە لیژنەکان بۆ ئەوەی ئیشوکاری خۆیان تەواو بکەن، چونکە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن ئەندامن لە لیژنەکاندا.

بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆشمان کۆتایی پێ دێنین و دوو شەممەی سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانیش دانیشتنی داهاتوومان هەر لێرە دەبێ، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧)

دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧)

## کۆبوونەوەی یەکەم/ دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ وەڵامی وەزارەتەکان بۆ پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان***
***٢ـ خۆپیشاندانەکەی (پ. ک. ک) لە هەولێر.***
***٣ـ گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی پەروەردە.***
***٤ـ بەسەرکردنەوەی مەسەلەی بوودجەی حکومەتی هەرێم.***
***٥ـ تازە بابەت.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم خاڵانە بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان پێک دێنن، ئێستاش فەرموون با دەست پێ بکەین.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبینین نرخ لە بازاردا لەوپەڕی بەرزبوونەوەدایە، وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێت لەم بارەیەوە چاودێری وپشکنین بکا، دەزگای ئاسایشیش لە وەزارەتی ناوخۆ دەبێ پشتیوانیان بکەن بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە ئیحتکار، یا یاری بەنرخ دەکەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەنجوومەن رازی بێت پێشنیارەکە دەخەینە گفتوگۆوە.

**بەرێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوا خاڵ لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا تازە بابەتە، ئێمە خۆمان هەڵگرتووە کە هاتینە سەر تازە بابەت

زۆر شت هەیە کە روونی بکەینەوە، هەمان خاڵ کە بەڕێز سەعدی خستیە روو ئێمە بەنووسین ئامادەمان کردبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو هەمیشە پێشنیار دەبێ بەپێی پێڕەو بێ، ئێمە کۆمەڵێک، خاڵمان هەیە، هەر کتلەیەکیش ئەگەر پێشنیاری هەبێت دەیخوێنێتەوەو ئەگەر لەلایەن زۆربەی ئەندامانەوە پەسند کرا ئەوا پێشنیارەکەی دەخەینە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە.

ئێستاش بابێینە سەر خاڵی یەکەم و بەپێی پسپۆریی کۆمەڵێک پرسیارمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد بوو، بەڵام تەنها وەڵامی وەزارەتی تەندروستیمان بۆ هاتۆتەوە. ئێستاش (٨) پرسیارمان لەبەردەستدایە.

پرسیاری یەکەم: پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوەیەک هەیە بۆ دانانی نرخ بۆ خواردەمەنی و پێویستییەکان، پرسیارەکە بێگومان ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوە. جا نازانم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو (٨) پرسیارە بەسەر یەکەوە وەڵام دەداتەوە، یا پرسیار بە پرسیار؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پرسیارانە شەشیان دابەش کراوە بەسەر وەزیرەکاندا، هەر وەزیرێکیش بەپێی پسپۆریی خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، بەڵام پرسیاری سێیەم و چوارەم خۆم وەڵامیان دەدەمەوە. بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووریش بەسەفەر چووە، ئێستا بەڕێز کەمال موفتی ئیشوکارەکەی بەڕێوە دەبات، دیارە تێکەڵچوونێک دروست بووە ئەگینا دەبوایە لێرە بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری دووەم: بۆچی تاکو ئێستا نووسراوە رەسمییەکانی نێو فەرمانگەکانی کوردستان بەزمانی عەرەبییە؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە هەموو وەزارەتەکاندا وانییە، لە زۆر وەزارەتدا نووسراوی رەسمی بە کوردی دەنووسرێ، ئێمە ئەمەمان پێ خۆشە، بەڵام یەک لەبارەی خۆم من هەندێ جار هەیە شتەکان دووبارە دەکەمەوە دەڵێم تێی نەگەیشتووین نازانم مەبەستەکەی چییە؟ دەبێ بزانین دارشتنی کوردی چییە؟ جا بۆیە ئێمە لە کۆبوونەوەی خۆماندا وامان بەباش زانی لە هەر وەزارەتێکدا بزانین کێ کوردی باش دەزانێ یاخود هەندێ کەسی تازە دابمەزرێنین لە وەزارەتەکاندا بۆ ئەوەی ئەوانە سەرپەرشتی نووسراوە نێردراوەکان بکەن.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەی تریش دەڵێین راستە ئێمە تەسەروفمان بە (٦) خانووی فەرمانبەرانی زانکۆوە کردووەو، یەکێک لە خانووەکانمان هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی بیکەین بە بارەگای وەزارەتی هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی، بەڵام دوایی کە دیتمان لە ناو ماڵاندایەو بۆ ئیشێکی وەها دەست نادات وازمان لەو بیرۆکەیە هێناو خانووەکەش بەپێی رێنماییەکان دەدرێتە فەرمانبەرێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری سێیەم: لەبارەی ئیجرائات وەرگرتن دژ بەوانەی کە ئامێرو ئامراز دەرباز دەکەن بۆ ئەو دیو سنوور، وا دیارە ئەمەش پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیەو، بەڕێز وەزیری ناوخۆش لێرە نییە؟.

**بەڕێز د. محمد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە وەزیری ناوخۆ ئیشوکاری هەبێ، ئەگینا پێویست بوو لێرە ئامادە بێ بۆئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. راستە بڕیار دراوە کە ئەو شتانە ئاودیوی سنوور نەکرێ، بەڵام بڕیار شتێکەو جێبەجێ کردنیشی شتێکی ترە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە هەردوو لایەن داوای (٥٠٠) پێشمەرگەیان کرد لە هەولێر بەچەکەوە کە لە ژێر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆدابن و، بیانکات بە پۆلیس، بەڵام بە کردەوە تا ئێستا باری سنوورەکە بە تەواوی دیاری نەکراوە. بێگومان هەندێ سەرپێچیش هەر هەیە تەنانەت وەزارەتی دارایی پێشنیارێکی هەبوو کە دەڵێ دەبێ ئێمە شتەکان بەچاوێکی عەمەلی تەماشا بکەین ئەک هەر بە قسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری چوارەم: سەبارەت بەئۆتۆمبێلی هاتوچۆ کردن بوو لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم پرسیارە پێشتر وەڵام درایەوە.

پرسیاری پێنجەم: دەربارەی سەرژمێرکردنەکەیە، کە کاتی خۆی بڕیارمان لەسەر دابوو، پێش ماوەیەک داوا لە ئەنجومەنی وەزیران کرا کە کار بۆ جێبەجێ کردنی بکات. نازانین چی بۆ کراوە؟.

**بەڕێز د. محمد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەو بڕیارە ئێمە لەلای خۆمانەوە جێبەجێمان کردووە، هەردوو لیژنەکەمان داناوە، لیژنەی یەکەم بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیرانە، ئەوی تر کە هونەرییە دامانناوە کە بە سەرۆکایەتی یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان بێت، بڕیارەکەش دڵەش کراوەو دەبوایە وێنەیەکی

بە ئێوەش گەیشتبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێ یەکێک لە ئەندامی پەرلەمان سەرپەرشتی لیژنەکەی تر بکات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وتمان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییدا باسی دەکەین بۆ ئەوەی یەکێک دەست نیشان بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری شەشەم: لە بنکەکانی تەندروستی (توقە) و (ئالانە) و(بالیسان)ەوە داوای دەرمانی پێویست و مووچەی فەرمانبەران دەکەن، کە لەلایەن ڕێکخراوی (KRO)وە دروست کراون. پرسیارەکە ئەوە بوو کە بۆ پێداویستیەکانی ئەو بنکانە دابین نەکراون؟ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتیش لە وەلامەکەیاندا ئەوەیان نیشان داوە کە لە (٩)ی مانگی/٧ وە ئەو بنکانەیان وەرگرتووە.

دیارە ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە پرسیارەکەی کردبوو زۆر لە مەسەلەکە نەکۆڵیبووەوە، بۆیە داوا دەکەین کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەتەواوەتی لە هەموو لایەنێکی ئەو مەسەلانە وردببنەوە کە دەیانخەنە پێش چاو.

دەمینێتەوە هەردوو پرسیاری (١-٢) کە پەیوەندییان بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، یەکێکیان مەسەلەی نرخەو، ئەوەی دیکەش پەیوەندیی بە فەرمانی خەرج وسەرفەوە هەیەو گوایە ئەو کارانە تا ئێستا چاوەڕوانی وەلامی وەزارەتی دارایی دەکەن.

خاڵی دووەمیش لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە کە (پەکەکە) لە هەولێر نایانەوە. هەرچەندە وەزارەتی ناوخۆ وەکو زانیاری دەربارەی ئەوبابەتە شتێکیان نووسیوە، بەلام وەزیری ناوخۆ لێرە نییە، بۆیە داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکمان پێشکەش بکات ئەگەر زانیاری تازەی پێیە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتەشی کە هاتووە مەسەلەکە بریتییە لەوەی کە کۆمەڵەیەکی (٦٠- ٧٠) کەسی، سەعات (٣٠ر٤)ی ڕۆژی ٨/٢٦ لەنزیک (شێخەڵلا) کۆبوونەتەوەو پیلانی خۆپیشاندانێکیان ڕێکخستووە بۆ پشتگیری ئەو شەڕەی کە لەکوردستانی تورکیادا پێش ماوەیەک ڕوویدا. ڕۆژێک پێشتریش بەیانێکیان لەو بارەیەوە بلاوکردۆتەوە، بۆیە بەتایبەتی (شێخەڵلا)شیان هەڵبژاردووە بۆ ئەنجامدانی پیلانەکە، چونکە قەرەباڵغترین شوێنی شاری هەولێرە بەتایبەتی لەو کات و ساتەدا. دەزگای ئاسایشی پایتەختیش هەولی داوە خۆی بپارێزێ لەو مەسەلەیە، بەلام بەپێی ڕاپۆرتی ئاسایش ئەوان بە هەندێ دروشم و هوتاف ئیستیفزازیان کردوون وهەولیان دابوو کە پێشمەرگەی ئاسایش بۆ نانەوەی ئاشبووبیەک

رابكێشن، بەڵام دیارە ئارامی خۆیان راگرتووەو هەوڵیان داوە لەو قەرەباڵغەیەدا شتێكی خراپ روو نەدات.
خۆپیشاندان ئەگەر بە شێوەیەكی ئاشتیانە بكرێ و هیچ گرفتێك دروست نەبێت، ئەوە شتێكی ئاسایی دەبێ، بەڵام بە پێی راپۆرتەكەی ئاسایش ئافرەتێك لە خۆپیشاندەران دەمانچەیەك لە جانتاكەی دەستیەوە هەڵدەكێشێت و یەكێك لە پێشمەرگەكانی ئاسایش شەهید دەكات و، پێشمەرگەیەكی دیكەش بریندار دەكات. ئەمەش هێزی ئاسایشی ناچار كردووە كە بەرگری لە خۆی بكات و هەندێك كەسی گومان لێكراو لە خۆپیشاندەران دەستگیر بكات و هەتا رۆژی ٢٧/٧یش ژمارەی دەستگیركراوەكان گەیشتونەتە (١٨) كەس، لێكۆڵینەوە تا ئێستاش بەردەوامە. ئەگەر زانیاری زیاتریش لەم بارەیەوە لەبەردەستی بەڕێز سەرۆكی حكومەتدایە با بفەرمووێت پێشكەش بە پەرلەمانی بكات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ئاگادارم تا دوێنێ ئێوارە شتێكی تازە نەبوو، لێكۆڵینەوەكەش بەردەوامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبارەی ئەم بابەتەوە تەنها ئەوەندە هەیە.. ئینجا چ تێبینیەك، چ پرسیارێك هەیە بیكەن؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوا دەكەین بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئامادەبێت و روونكردنەوەیەك بدات و بزانین سەبارەت بەو ئیشە چی كردووە؟!، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزیری ناوخۆ لێرە نییە، ئەگەر دەتەوێ با بریكاری وەزارەت ئامادە بێت.. بابەتەكە روونكردنەوەیەكی زیاتری پێویستە، یان مەسەلەكە دەهێڵینەوە تا جەنابی وەزیر دێتەوە.
دەمێنێتەوە خاڵی سێیەم برگە (أ) كە كاتی خۆی بریارێكمان لەسەری هەبوو گوتمان هەندێ یاساو بریار هەن كە لەلایەن حكومەتی ناوەندییەوە دەرچوون، بەڵام بۆ ئەمرۆی كوردستان دەست نادەن و زیان بە هاوولاتییان و ئەزموونەكەمان دەگەیەنن و نابێ پێرەوییان لێ بكرێ.
هەروەها ماوەیەك لەمەوبەر بریار درا كە كاركردن بەو بریارانەش رابگیرێ كە لەدوای راپەرینەوە بەپێی ئەو یاسایانە دراون. لیژنەی یاسا لەگەڵ چەند ئەندامێكی تری پەرلەمان پرۆژەی بریارێكیان لەم بارەیەوە ئامادە كردووە كە ئێستا دەیخەینە بەرچاو، پرۆژەكەش بەزمانی عەرەبییە بۆ ئەوەی تووشی لێكدانەوەی جیا جیا نەبێت لە كاتی جێبەجێ كردنیدا.

**دەقی پرۆژەی بریارەکە:**

«الى السيد رئيس المجلس الوطني المحترم»

استنادا الى المادة (٥٣) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ نتقدم الى هيئة الرئاسة بمشروع قرار حول شرعية نفاذ قوانين و قرارات وانظمة وتعليمات سلطات الحكومة المركزية ضمن اقليم كوردستان، راجين عرضه على اللجنة القانونية ومن ثم على المجلس الوطني الكوردستاني، مع جزيل الشكر.

پاش دیتنی پرۆژەکە لەلایەن لیژنەی یاساوە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرا کە ئێستا بۆ گفتوگۆ دەیخەینە پێش چاوی بەڕێزتان:

(استنادا الى احكام الفقرة (١) من مادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني الكوردستاني ما يلي:

١- على كافة الوزارات وهيئات اقليم كوردستان الغير مرتبطة بوزارة، دراسة القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات الصادرة عن سلطات الحكومة المركزية و تحديد ما لا يتمشى منها مع مصلحة شعب كوردستان وعرضها على المجلس الوطني ليعيد النظر في مشروعية سريان احكامها داخل الاقليم من عدمه.

٢- لا يعمل باحكام القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات الصادرة، او التي ستصدر عن سلطات الحكومة المركزية بعد سحب الادارات الحكومية لاقليم كوردستان في ١٦/١٠/١٩٩١، الا بعد إقرار مشروعية سريانها في الاقليم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٣- على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار،

ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. محەممەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیەم زۆر پێ باشە، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە پێویستە ئەو یاساو بریارانە یەک بەیەک هەڵبەسەنگێندرێن، چونکە هەموویان زیانبەخش نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چ تێبینی دیکەیان نییە با پرۆژەکە بۆ بریار لەسەردان بخەینە دەنگدانەوە، کێ پرۆژەکەی پەسندە؟ .. با دەست بەرز بکاتەوە. زۆر سوپاس.. کێ دژە؟ کەس نییە..کەواتە بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

ئێستاش دەچینە سەر مەسەلەی تەرخان کردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەبێ ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکەی ئامادە بکات و پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بکات، ئەنجومەنیش پاش گفتوگۆ لەسەر کردن بڕیاری لەسەر بدات، ئەم مەسەلەیە

ئێستا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە هەندێ لە وەزارەتەکاندا بەبێ بوودجەی باوەڕ پێدراو پارە خەرج دەکرێت، ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لەم بارەیەوە پێشنیارێکیان پێشکەش کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی.**

ئێمە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە لە خوارەوە مۆرمان کردووە، پێشنیار دەکەین بڕیار بدرێ کە هیچ وەزارەتێک بۆی نەبێ هیچ مەبلەغێک دیاری بکات بۆ هیچ لایەنێک پێش ئەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەسەر دەربچێت، لەبەر ئەوەی هێشتا بودجەی گشتی دانەنراوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

(١١) لەئەندامان ئیمزایان کردووەو، وەکو پێشنیارێک پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنیان کردووە، ئێمەش وا خستمانە بەردەم دانیشتنی ئەنجوومەن ئەگەر تێبینیتان لەسەر نییە با بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. محمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا حەزم دەکرد کە بابەتەکە باس کرا بەڕێز وەزیری دارایی خۆی لێرە بوایە، چونکە ئەو راستەوخۆ لەم مەسەلانە بەرپرسیارە و دەیتوانی بە فراوانی باسی لەسەر بکات، بەڵام بەم شێوەیە دەمەوێ پیشانی بەڕێزتانی بدەم کە ئێمە ئەو توانایەمان نییەو ئەگەر سنوورێک دانەنرێ ئەوا رۆژانە پارە رادەکێشرێ وخەرج دەکرێ، بۆ نموونە کە وەزیرێک پێویستی بە (١٠) هەزار دینارە بۆ ئەوەی کاروباری وەزارەتەکەی خۆی پێ بەڕێوە ببات دامانناوە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری لێ بدرێت و ئەو دەسەڵاتە بە کەسی دیکە نەدراوە، نە وەزیرو نە سەرۆک وەزیرانیش بە تەنها ئەو دەسەڵاتەیان نییە. ئەو توانایەی ئێمە هەمانە توانایەکەی زۆر ساکارەو تەنانەت چەندین وەزارەتیشمان هەن کە شوێنیان نییەو، بۆ ئاوەدانکردنەوەی بارەگای وەزارەتەکانیان پێویستیان بە برە پارەیەکی کەم هەیە کەچی بۆمان دابین ناکرێ.

هەموو وەزارەتەکانیش بوودجەی خۆیان پێشکەش کردووە، بەڵام تا ئێستاکە پەسەند نەکراوە، چونکە داوامان کردووە دووبارە چاوێکی پێدا بخێشیننەوەو، بارودۆخی ئابووری ئەمڕۆی کوردستانی تێدا رەچاو بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەکە پەیوەندیی بە بنەمایەکی یاساییەوە هەیەو، دەبێ هەر وەزارەتێک کە پارە خەرج دەکات بە پرسی ئەنجوومەنی وەزیران خەرجی بکات، ئەویش دەبێ بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەسەر وەربگرێ.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مەبەستمان ئەوەیە کە شەرعیبەت بە خەرج کردنەکە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال موفـتی/وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

حەزدەکەم ئەوانەی کە پێشنیارەکەیان پێشکەش کردووە، هەندێ روون کردنەوەمان پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەندێ لە وەزارەتەکـان بوودجەکـانیـان ئامـادەیەو، ئەوانی تریش دەتوانن تا هەفـتـەیەکی تر بوودجەی خۆیان ئامادە بکەن ئەگەر داوایان لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەم پێشنیارە، ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش بڕیارێکی لەسەر بدەن.

ئەمەش پێشنیارێکی ترە کە ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووەو ئێستا پێشکەشتانی دەکەین:

«ئێمە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە لە خوارەوە مۆرمان کردووە پێشنیار دەکەین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیارێک بدات بۆ ئەوەی هیچ وەزارەتێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان مافی ئەوەی نەبێت کە مۆڵەتی کارکردن بە هیچ حزبێک یا هیچ کۆمەڵەیەک بدات پێش ئەوەی یاسای حزب و ڕێکخراوەکان دەرچێت .

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

داڕشتنی ئەو یاسایە کێشەیەکی زۆری ناوەتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن بە سەربەستی کاری خۆیان بکەن و، لە هەمان کاتدا سنوورێکیش بۆ بازگە ئەو نا یاساییانەشیان دابنرێ کە لە ڕێگا گشتییەکاندا دایاننناون، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیزەدین مـــوســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تێبینیەکم لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێ کە پێشنیارەکان پێشکەش دەکرێ ناوەکانیشیان لەگەڵیدا بخوێندرێتەوە، چونکە لەوانەیە هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی یاسای تێدابێت تاوەکو بزانین ئەوانە هەست بەرپرسیارێتی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ لە ناو ئەوانەی كە پێشنیاریان كردووە دوو ئەندامی لیژنەی یاسایان تێدا هەیە.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوا دەكەم دامەزراندنی فەرمانبەرمانبەران بە شێوەی پەیوەندی بەستن (تعاقد) رابگیرێ تاوەكو یاسای وەزارەت پەسند دەكرێت، چونكە تاكو ئێستا هیچ یاسایەك نییە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران، سوپاس.

**بەڕێز د. محمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو وەزارەتانەی كە تا ئێستا یاسایان پەسند نەكراوە، ئێمە كار بە یاساكانی حكومەتی ناوەندی دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تا ئێستا ئێمە بریارمان نەداوە كە یاساكانی عێراقی بەكار نەهێنین، تەنها ئەوانە نەبێ كە لە پەرلەمانی كوردستان بڕیاری لەسەرداوە،چونكە لەوانەیە هەموو یاساكان بە (١٠)ساڵیش تەواو نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێ بە پەلە یاسای حزب و كۆمەڵەكان دەربكەین، تاكو هەر حزبێك نەركەكانی خۆی بزانێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبارەی تێبینییەكانی بەڕێز سەید حەسەن راستە، ئێمە بریارێكمان داوە هەرچی یاسا ئیستسناكانی بەعس كە دژ بە میللەتی كوردن هەمووی رای بگرین، بەڵام باشتر ئەوەیە لیژنەی یاسا خۆی لیستەیەكمان بۆ بكات تیایدا دەسنیشانی یاسا راگیراوەكان و ئەوانی كاری پێ دەكرێ بكات و، چونكە دەبێ ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ وەڵامی جەنابت وای بۆ دەچم عەمەلی تر ئەوەیە كە هەر وەزارەتێك خۆی دەزانێ چ یاسایەك بۆ ئەو گونجاوترەو پەسندە.

**بەڕێز د.عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رێگادان بە رێكخراو بۆ نموونە ئێستا بڵێین خەریكی سەندیكای رۆژنامەگەریی كوردستان،

ئەمە وەزارەتی رۆشنبیری ریگای داوە بەلای منەوە ئەمە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە.
دووەم بۆ دانانی یاسای رۆژنامەنووسی، لیژنەیەک دروست بووە بەناوی لیژنەی خۆ ئامادەکردن خۆیان دروست کردووە یاسای دادەنێن رۆژنامەنووسیان داناوەو کردوویانە بەسێ بەشەوە، ئەمە دەبێ یاسایەک هەبێ کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دایبنێت نەک وەزارەتێک پێی هەڵبستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە بەم جۆرەیە داوا دەکەن کە ئەم پرۆژەیە رابگیرێ تاوەکو یاساکە دەردەچێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە نەمێنێ کە هەر چوار، پێنج کەس کۆدەبنەوەو پەیرەوێکی ناخۆ بۆ خۆیان دادەنێن و، خانوویێک دەگرن و، سکرتێرێک دادەمەزرێنن، دێن لە پەرلەمان و لە ئەنجوومەنی وەزیران و لە وەزارەتی پەیوەندیداریشدا داوای پارە دەکەن و، دەبێ ئەمە چارە بکرێت.

**بەڕێز د. محمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ روونکردنەوەم هەیە سەبارەت بە سەندیکای رۆژنامەنووسان، یەکەم جار ئەوان موراجەعەی وەزارەتی رۆشنبیرییان کرد، چونکە سەندیکاکانی رۆژنامەنووس و هونەرمەندان وایانزانیبوو پەیوەندیان بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیە، بەڵام لەوێ ئاگادارکرانەوە کە ئەوان راستە سەر بەوەزارەتن، بەڵام مۆڵەت پێدانیان لە زمنی دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆیەدایە.
دووەم: سەبارەت بە مەسەلەی دامەزراندن بە عەقد، ئێمە بریارێکمان هەیە کە لەلای خۆمانەوە کە وەک هەنگاوێک بۆ یەکخستنی راگەیاندن لەکوردستاندا، تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەمان هەبێ، ئەمەش بێگومان پێویستی بە دامەزراندنی چەند کارمەندێکە کە بەشێوەی (عقد) دایان دەمەزرێنین، چونکی ئەوان ئامادە نین کارەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و بێن بە (١٥٠-١٦٠) دینار لای ئێمە دابمەزرێن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای کۆمەڵەکان دەرچووەو، ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی مۆڵەتدانی هەیە دیارە، بەڵام وەزارەتێکی تر کە دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە مۆڵەتی بە هەندێ کۆمەڵە داوەو، بەپێی ئەم مۆڵەتە کۆمەڵەکان ئێستا بارەگایان کردۆتەوە. هەرچەندە ئەم وەزارەتە ئاگادار کراوەتەوە کە ئەمە کاری ئەو نییە، بەڵام ئەو تا ئێستا ئاگاداری کۆمەڵەکانی نەکرۆتەوە کە بچن بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەت وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە روونەو، داوا دەکات مۆڵەت نەدرێت بە هیچ رێکخراوێک تاوەکو یاسای کۆمەڵەکان پەسند دەکرێ، ئەوانەی تا ئێستا مۆڵەتیشان وەرگرتووە لێیان بسەندرێتەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەلیژنەی یاسا هەلَسێ بە دانانی پرۆژەی یاسای کۆمەلَەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای کۆمەلَەکان دەبێت یەک یاسا بێت. هەر کۆمەلَێکیش کە پێڕەوی ناوخۆی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات، ئەوە وەزارەت خۆی سەربەستە کە چۆن لێی دەکۆلَێتەوە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوە بوو لیژنەی یاسا هەلَستێ بە دەستنیشان کردنی ئەو یاسایانەی دژ بە گەلی کوردە، تاکوە ئێمە کاری پێ نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران با لیژنەیەک پێکبهێنێ بۆ دەستنیشان کردنی ئەو بڕیارانەی کە لەگەلَ بەرژەوەندی میللەتی کورد ناگونجێن، بۆ ئەوەی ئێمەش لێرە لێی بکۆلَینەوەو بڕیاری هەلَوەشانەوەی بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی بڕیارێکمان هەبوو کە ئەندامانی پەرلەمان دەبێ یارمەتی وەربگرن، چونکە وابزانم لە ٥/١٩ هەلَبژاردن ئەنجام درا، لە ٦/٤ یشەوە ئێمە بەرەسمی دەوام دەکەین و هەتا ئێستاکە ئەندامانی پەرلەمان هیچ یارمەتییەکیان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ تەرخان نەکراوەو، بۆ ئەمەش دەستەی سەرۆکایەتی لەگەلَ چەند پسپۆڕێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆبوونەوەو، ئەم پرۆژەی بڕیارەیان پێشکەش کرد:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

ئێمە ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە مۆرمان کردووە ئەم پێشنیارەتان پێشکەش دەکەین دەربارەی یارمەتیدانی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان. کە ئەمە دەقی پرۆژەکەیەتی و بە عەرەبی نووسراوە:

«استنادا الى احكام فقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني الكوردستاني قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ (        )ما يلي:

١- تحديد رواتب رئيس وزراء والوزراء ووكلاء الوزراء و ذوي الدرجات الخاصة بما يماثلها للوزارات العراقية وحسب القوانين المتبعة وعلى ضوء ما جاء بقرار اللجنة الوزارية المشكلة استنادا الى الفقرة الثانية من محضر مجلس الوزراء المنعقد بتاريخ ١٩٩٢/٨/٣ العدد-٦-»

٢- تحديد رواتب السادة اعضاء المجلس الوطني الكوردستاني بمبلغ لا يزيد عن اعلى راتب في الوزارات اقليم الكوردستان.

ئەمە ئەم بڕیارە بوو کە ئەنجوومەنی وەزیران پەسندی کردووەو. ئەم برگەیە (اعلى الراتب في وزارة اقليم كوردستان)،لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری لەسەر دراوە کە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران نیوەی ئەم مووچەیە وەربگرن، لەبەر بارودۆخی ئابووری ئەمڕۆی کوردستان، ئینجا پێشنیارەکە لێرە ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمانیش هەر نیوەی یارمەتیەکە وەربگرن لەبەر هەمان هۆ، ئەگەر هیچ تێبینی نییە؟، با هەر کوتلیەک ئەندامێک دەستنیشان بکات بۆ نوێنەرایەتی ئەو لیژنەیەی کە پێک دەهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پالێوراوی ئێمە بۆ ئەو لیژنەیە کاک جەمیل عەبدی سندی یە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ئابووری لە پەرلەماندا هەیە با هەر ئەو لیژنەیە، یان یەکێک لە ئەندامەکانی بەو کارە هەڵبستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەگەڵیاندا بێت باشترە، بۆ ئەوەی بە (٣-٤) کەس هەر ئەمڕۆ داڕشتنی بڕیارەکە تەواو بکەن بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆین. ئێستاش پڕۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم پڕۆژەدایە بادەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

هەندێک پێشنیاری تر بەنووسین هاتۆتە ئێرە لەبەر ئەوەی لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا نییە دەیخەینە بەرنامەی کاری ڕۆژانی داهاتووو، ئاگادار دەکرێینەوە. ئێستا یەک خاڵی سەرەکی ماوە ئەویش (یاسای وەزارەتی پەروەردە)یە.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی پەروەدە گوتیان «هیچ کاتێک ئاگایان لەم پڕۆژەیە نەبووە» گوایا ماوەیان نەبووە سەیری بکەن. بەرای من دەبوایە یەک دوو ئەندامی ئەنجوومەنیان لەگەڵدا بووایە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هیچ دانەیەکم لەو پڕۆژەیە نەهاتۆتە بەردەست ونەمدیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەرەتاوە وا باوە کە پڕۆژەیەک دەدرێ بە لیژنەی یاسا دەدرێ بە لیژنەی بەرامبەریشی بۆ دیراسەکردنی. ئێستاکە بەداخەوە گلەییێکی زۆرم هەیە لە لیژنەکانمان کە پابەند نین بە دەوام کردن و، ئامادە نابن لە کۆبوونەوەی لیژنەکانیاندا، ئێمە ناچارین ئەو ئەندامانەی کە ئامادە نابن بە پێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن سزایان بدەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەین سەرۆکایەتی ئەنجومەن پەلە بکات لە دیاری کردنی ژوور بۆ هەموو لیژنە هەمیشەییەکان، چونکە تاکو ئێستا ئەندامانی لیژنەکان شوێنی دانیشتنیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٨-٩) ژوور ئامادەیە بۆ لیژنانەکان و، لیژنەیەک دانراوە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی.
وابزانم کێشە ژوور نییە، بەڵکو دەوام نەکردنی ئەندامەکانە، هەندێ لە لیژنەکان دوای دەوامی ڕەسمی بە ئێوارە دێن کۆبوونەوە دەکەن، بەراستی ئەوە حەق نییە، چونکی ئەمە خەرجی بۆ ئێمە زیاد دەکات، بۆیە باشترە ئەندامانی لیژنەکان بەیانیان دەوامی خۆیان بکەن بە تایبەتی لەو ڕۆژانەی کە کۆبوونەوەی پەرلەمان نییە.
سەرۆک ئەنجومەن وەزیران پێشنیارێکی هەیە، داوا دەکات کە یاسای ژمارە (٩٠)ی کشتوکاڵ بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی داهاتووەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لەم پێشنیارە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاساش هەمان ڕایان هەیە کە یاسای ژمارە (٩٠) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئایندەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم پەلە بکرێ لە پەسندکردنی یاسای کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان. جا هیوادارم پڕۆژەی ئەم یاسایە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ ئامادە بکرێ و لە کۆبوونەوە نزیکەکانی داهاتوودا بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش ئەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین و، هیواداریین پەلەی لێ بکەن، چونکە بەراستی یاسای حزب و کۆمەڵەکان یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەم بارودۆخە لەسەر ئەنجومەنی

وەزیران یا وەزارەتی ناوخۆش دەزانن کە چۆن پێویستە رەفتار لەگەڵ ئەو جۆرە کارانەدا بکەن، ئێمەش لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی حەقە شێوەیەکی روونمان هەبێت لەکار کردندا.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مانگێک زیاترە یاسای وەزارەتی پەروەردە لەلایەن ئێمەو پسپۆرانی پەروەردەوە ئامادە کراوەو، پاش ئەوە دراوەتە لیژنەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئەوانیش دیراسەتیان کردووەو، هەندێک گۆڕینیان تیادا کردووەو، ئینجا بە شێوەیەکی رەسمی پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە، لیژنەی یاسای پەرلەمانیش پاش لێکۆڵینەوەی هەندێک گۆڕانکاری خستوتە سەری کە زیاتر روونکردنەوەن نەک گۆڕانکاری.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێ بۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و هەروەها چالاکیی قوتابخانەکان (النشاط المدرسی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا یاساکە دەخوێندرێتەوەو پاشان بڕگە بە بڕگە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری پەروەدە پرسیاری کرد کام پرۆژە دەخرێتە گفتوگۆوە، ئەوەی وەزارەتی پەروەردە کە لەلایەن راوێژکارە یاساییەکانەوە هەندێ گۆڕانکاری خراوەتە سەر، یان ئەوەی لیژنەی یاسا ئامادەی کردووە؟ پێویستە ئەوە دەستنیشان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح عەفور رەمەزان/وەزیزی پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو باسم کرد ئەو پرۆژەیەی ئێمە کە پێشکەش کراوە تەنها لیژنە یاسایی پەرلەمان هەندێ روونکردنەوەی تیادا کردووە نەک گۆڕانکاری، لەبەر ئەوە ئێمە لاریمان نییە لەسەر ئەوەی هەر کامێکیان بخرێتە گفتوگۆوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەی پەروەردە سەیری ئەم پرۆژەیە بکات و، بەراوردی بکات لەگەڵ پێڕەوی وەزارەتی پەروردەی عێراقیدا پێش ئەوەی بخرێتە روو، ئەگەر هەرچی تێبینیش هەیە لەسەری پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان محـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەپێی پێڕەو ئەندامانی لیژنەی یاسا دێنە سەر مینەسە دادەنیشن، ئینجا یاساکە دەخرێتە رووو گفتوگۆ دەکرێ، بەراستی ئێمە لە لیژنەی یاسا تەنیا ئیشوکارمان ئەوە نییە کە یاسا دابنێین، بەڵکو دەبێ روونیشی بکەینەوە کە ئەو یاسایانە چۆن جێبەجێ دەکرێ، بۆ ئەمەش پێویستمان بەکات هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غـەفـور رەمـەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی بە پەسندی نازانم کە پرۆژەکە دوابخرێ، چونکە هیچ شتێکی ئەوتۆی تیادا نییە گفتوگۆیەکی زۆری پێویست بێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەپێی پێڕەو دەبێ لیژنەی پەروەدەش راپۆرتێکمان دەربارەی ئەو پرۆژەیە بۆ ئامادە بکات و، پاشان دانەیەکی بدات بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیر ئەحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بڕیاری لیژنەی پەروەردە ئەوەیە کە پرۆژەکە دوا بخرێ بۆ بەیانی، تاوەکو ماوەمان هەبێ بە دورو درێژی گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەراستیدا لیژنەی پەروەردە مافی ئەوەی نییە ماوەی پێ بدرێ، چونکە ئەندامانی ئەو لیژنەیە دەوامی خۆیان بە رێکی ناکەن و، ناشکرێ ئێمە چاوەڕوانی ئەندامان بین تاوەکو رۆژی کۆبوونەوە ئامادە بن ، ئینجا گفتوگۆی بابەتەکە بکەین.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیر ئەحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمەی ئەندامان کە دانیشتووی شاری هەولێرین لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسادا بەشداریمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مەسەلەی پابەندبوون بە دەوام پەیوەندی بە شارەکانەوە نییە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەبێ بەرێکی دەوامی خۆیان بکەن.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

تەنیا ویستم ئەوە روون بکەمەوە کە ئەمە پرۆژەی ئەندامێکی لیژنەی پەروەردەیەو، داویەتی بە کتلەی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕۆژی چوارشەممە کۆبوونەوەمان هەبوو، دەبێ ڕۆژێک پێش کووبەنەوەی پەرلەمان ئاگادارمان بکەنەوە کە گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکەی ئێمە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان دەوام ناکەن ئێمە چۆن ئاگادریان بکەینەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەی بەڕێز د. کەمال، ئێمە لە دەقەکانی یاسای ناوەندیی (قانون مرکزی) تەنیا ئەو دامودەزگایانەمان لابردووە کە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕۆژانی داهاتوودا پڕۆژەی یاسای هەموو وەزارەتەکان ئامادە دەبێت، دەبێ لیژنە پەیوەندارەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەرگرتنی ئەم یاسایانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە پڕۆژەی یاساکانی بۆمانی ڕەوانە دەکەن بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بێت، چونکە ئێمە گرفتی ئامێری کۆپیکردنمان هەیە.

**بەڕێز د. محمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پڕۆژەی کە ئێمە ڕەوانەی دەکەین لەلایەن لیژنەکان پاش لێکۆڵینەوەو، گۆڕانکاری دێتە سەرو، جارێکی تر چاپ دەکرێتەوە، ئەمەش خەرجییەکی زۆری تێدەچێ بەبێ ئەوەی سوودی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەندێ پەرلەمانەکاندا وا باوە، هەر وەزارەتێک کە پڕۆژەیەک ئامادە دەکات بە گوێرەی ژمارەی ئەندامان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکات و، پاش تەواو بوونی گفتوگۆ لەلایەن لیژنەکانەوە ئەو گۆڕانکاریانەی دێتە سەری لە هەمان دانە ئیزافە دەکرێ، دوای ئەوەی یاساکە پەسند دەکرێت دووبارە بۆ دوا جار دەدرێتەوە چاپ.

پێشنیارێک هەیە ئەو پڕۆژەیە بخرێتە بەرنامەی کاری بەیانییەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ دژە؟.. کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسندکرا.

هیوادارین ئەندامانی لیژنەی پەروەردە بەیانی کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و، تاکو کاتژمێر (١٠) راپۆرتەکەیان ئامادە بکەن.

خاڵێکمان لە بەرنامەی ئەمڕۆ دواخستبوو تاوەکو بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ ئامادە دەبێت. ئەویش دەربارەی هەڵوێستی (P.K.K)ەو رووداوەکانی ئەم دوایەی شاری هەولێرە، ئێمە بۆ بەڕێزان باسمان کرد کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە راپۆرتێکمان وەرگرتووە لە بارەی ئەو رووداوەی (١٩٩٢/٦/٢٦)تاوەکو (١٩٩٢/٨/٢٧)، ئینجا با بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بفەرمووێ بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتەکەی وەزارەت.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف/ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رۆژی (٢٦) بەیانیی ئەندامێکی پەرلەمان بەناوی تارق جامباز ئەم راپۆرتەی بۆ هێنام کە بریتییە لە داخوازیەک دەڵێ کە ئەمە دەقەکەیەتی «السيد وزير الداخلية المحترم نحن جماهير مدينة اربيل قررنا القيام بمسيرة سلمية اعتبارا من موقع شيخ الله حتى مبنى محافظة اربيل في ساعة (١٧,٣٠) من اربعاء (١٩٩٢/٨/٢٦) لاستنكار جريمة النظام الفاشي التركي وذلك بأبادة اطفال و نساء شعبنا الكردي العزل في محافظة شرناخ مؤخراً نرجو تأمين الحماية اللازمة لهم، ونأمل مشاركة سيادتكم شخصيا في هذة المناسبة التأريخية القومية مع جزيل شكر جماهير محافظة اربيل تاريخ ٨/٢٥ ». بەڕێز تارق لای من دانیشتبوو تەنیا بەڕێوەبەری ئاسایش تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: وا بلاوکرایەوە وتم بەڵێ لامە منیش وەلامم دایەو ئەوە تەکلیفی منیان کردووە لە وەزارەتی ناوخۆ ئایا ئێوە رازین؟ ئەو کاتە بەڕێز وەزیر ناوخۆ لەوەزارەت نەبوو، وەڵامم دایەوە وتیم؛ نەخێر ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ رازی نین، چونکە ئەمە زیان بە میللەتەکەی ئێمە دەگەیەنێ و، قۆناغی ئێمە قۆناغێکی ناسکەو، رێگای عێراق و ئێرانمان لێ گیراوە تەنیا یەک رێگامان بە دەستەوەیە ئەویش تورکیایە. پێش هەفتەیەک تورکیا رێی گرتبوو بازاڕ شڵەژا بوو کیلۆی رۆن ببوو بە (٢٥) دینار کیلۆی شەکر ببوو بە (١٥) دینار، ئەمە شتێکی زۆر خراپەو دژی ئێمەیە ئەگەر وا بڕوا لە بەرژەوەندی ئێمە نییە خزمەتی رژێم دەکات و، دەیانەوێ تەوقەکە لە ملی میللەتەکەی ئێمە تەسکتر بکەنەوە. ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ زۆر پێمان ناخۆشەو لەگەڵیدا نین، ئەگەر بۆ کوردی دەکەن و ئەگەر دژی کوردی دەکەن ئارەزووی خۆتانە، هیچ دەنگی نەکردو رۆیشت.

پاشان من دیسان تەلەفۆنم بۆ بەڕێوەبەری ئاسایش کردەوە،وەلامیان دامەوە کە ماوەیەکە دەوامی نەکردووە. منیش پێیانم گوت هەوڵ بدەن قسەی خۆشیان لەگەڵدا بکەن و نەهێڵێن ئاژاوە لە پێش پارێزگا رووبدات و، ئەگەر شتێکیان لەسەر ئێوە وت ئێوە بەرگە بگرن هیچ ئاڵۆزیەک روونەدات بۆ ئەوەی دوژمن سوودی لێ وەرنەگرێت. ئەوان گوتیان بەسەرچاو زۆر چاکە. ئێوارە ئەوان لە کاتی دیاری کراودا ئامادەیی خۆیان وەرگرتبوو، ئاسایش چووبوون و پۆلیس و رێزیان لێ گرتبوون ئەوان هەندێ کاری ئیستفزازیان کردبوو، بەلام ئاسایش و پۆلیس زۆر بەوردی بە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا

کردبوون.  هەر لە بازاڕی شێخەڵڵاوە یەکێک لە خۆپیشاندەران دەمانچەیەکی لەبەر پشتێنی دەبێت و هەڵیدەکشێ ئەوانیش دەیانەوێ بیگرن و دەمانچەکەی لێ بستێنن ئەویش دەمانچەکەی لەدەست دەردەچێت هاولاتییەک شەهید دەبێ و، کە هاوولاتییەکە شەهید دەبێ ئەو دوو، سێ کە دەگرن دەیانبەنە ئاسایش لەوێ بەندیان دەکەن. خۆپیشاندەران بەرەو کوێ دەڕۆن ئەوانیش لەگەڵیان دەڕۆن تا دەگەنە پێش پارێزگاو، ئاسایش لەوێ دەمێنێتەوە خۆپیشاندەران داوایان لێ دەکەن ئەو (١٣) کەسەمان بۆ بەردەن ، گوتیان  ئێوە خۆپیشاندانی خۆتان کرد جونی خۆتان داو ئیستفزازی خۆتان کردو رای خۆتان دەربڕی، بەڵام ئەو سێ چوار  کەسەی کە گیراون لەبەر ئەوە نەگیراون کە خۆپیشاندەرن، ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بێ ئەوا ئێوەش دەگرین، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە  ئەوانە کۆمەڵێکن تاوانیان کردووە لە دادگا داوا بکەن  بەریان بدات. وردە وردە خەڵک لێیان دەکشێتەوە، کاتێک هاوولاتییەک کوژرا ئەوانی تر دەکشێنەوە و لەو کاتەدا بەڕێز (عەزیز عەقراوی) دەچێت لەوێ بە بەڕێوەبەری ئاسایش دەڵێ من دەمەوێ بێم ئەو (٤) کەسەی کە گیراون بەریان بدەیت، ئەویش پێی دەڵێ بۆ هاتووی بەناوی کێ قسە دەکەی، ئەویش وەڵامدەداتەوە  دەڵێ «من نوێنەری ئەوانم و بەناوی ئەوان قسە دەکەم». بەڕێوەبەری ئاساییشیش گوتی ئێمە ئەوانمان بە تاوانی خۆپیشاندان  نەگرتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوولاتییەکیان کوشتووە گیراون، ئێمە دەیاندەین بە دادگایەکی شارستانی، بەڵام ئێمە تکامان لە بەڕێزتە وەک پیاوێکی کوردپەرست پێمان خۆشە تۆ بەو خەڵکە بڵێی بڵاوەی لێ بکەن بە قناعەتی تۆ ئەمە لە بەرژەوەندی کوردە. گوتی بەڵێ من کابرایەکی عێراقیم و سەبارەت من حکومی کوردستان هەمووی وەکو یەکە بەڵام ئێمە نکوڵی لەو کۆمەڵ کوژیە دەکەین کە لەوێ روویداوە، مەسەلەی کۆمەڵکوژی ئێمەش پێی نارازین، گوتمان بەڵام ئەوەی ئێوە دەیکەن لە بەرژەوەندی رژێم دایە، ئێوە وا دەکەن ئێمە تووشی کارەساتێکی زۆر گەورە ببین. بەهەر حاڵ  کە چوویتە دەرەوە بە خۆپیشاندەران بڵێ پەرتەی لێ بکەن ئێمەش بەڵێنتان پێ دەدەین کە ئەو چوار کەسە دەدەین بە دادگایەکی شارستانی بۆ دادگایی کردنیان و،با پارێزەریش بۆ خۆیان بگرن ئەو رۆژەی من تاکو شەوێ پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاساییش هەبوو، تاکو هیچ کارەساتێک روونەدات و کەس ئەزیەت نەدات. پاشان ئەو هاتبووە دەرەوە قسەی لەگەڵ خۆپیشاندەران نەکردبوو یەکسەر رۆیشتبوو کاتێک خاڵە عەزیز دەڕوا ئافرەتێک دەمانچەی هەڵدەکشێت و، تەقە لە دوو پێشمەرگەی ئاسایش دەکات و شەهیدیان دەکات، سێ چوار کەسیش بریندار  بوون لەهەموو لایەک پێشمەرگە دەیکەن بەتەقە بەمە منالێک و ئافرەتێک شەهیدکران و، بارەکە ناخۆشتر بوو و خۆشم چوومە لایان پێشم گوتن کە حاڵ و مسەلەکە وابووە یانی ئافرەتەکە کە لەناو جانتا دەمانچەی هەڵکێشا بوو لەسەر رێنمایی ئێوە هەرگیر ئەوە نەبووە ئێمە دەستیان لێ بوەشێنین بە کورتیەکەی هەر ئەمە بوو. پاش ئەوەی ئەوانەی کە گیران گیران و ئەوانەی رۆیشتن قوتار بوون و ئەنجامی لێکۆڵینەوەش تەواو بوو ئێستا وەزیری ناوخۆ پەیوەندی بە ئێمە کردو، ئێمەش وەڵامان دانەوە وتمان بیانگرن و بیاندەن بە دادگای شارستانی ئەوانەی تاوانی کوشتنیان

کردووه به مادەی (٤٠٦) حکوم بدرێن، ئەوانەی کەسیشیان نەکشتووه به مادده‌ی گێره شێوێنی بیان دەنه دادگاو دادگاش دەسەڵاتی خۆبەتی هەتا ئێستا (٢٣) کەس گیراون وا بزانم دووانیان بەربوونه ئەوانی تر هەر ماون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە روونکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ بوو. کێ تێبینی و پرسیاری هەیە لەم بارەیەوە؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز جێگری وەزیری ناوخۆ دەکەم، ئایا ئەو خەڵکانەی کە گیراون تەنیا خەڵکی کوردستانی عێراقن، یان هی کوردستانی تورکیاو ئێران و سوریاش لەگەڵدایەو ژمارەیان چەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران با تێبینییەکان لای خۆیان تۆمار بکەن، چونکە بێ گومان زۆر شت دووبارە دەبێتەوە.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆپیشاندان بە شێوەی دیموکراتی بەم شێوەیە نییە، بەڵکو چەند کەسێک هەڵدەستن بە پێشکەش کردنی داخوزایەک بۆ لایەنی پەیوەندیدارو داوای خۆپیشاندان دەکات، بەڵام ئەوەی ئەم رۆژە روویداوە گێرەوشێوێنی بوو، نەک خۆپیشاندان، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ باسی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (تارق جامباز)ی کرد، کە گوایە ئەو نامەیە لە رێگەی ئەوەوە پێی گەیشتووە. داوا دەکەم بەڕێز تارق مەسەلەکە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دەکەم بۆ ئەم روونکردنەوەیە، دیارە ئەگەر زوو پەلە بکەین لە دانانی یاسای حزبەکان باشترە، چونکە وەکو دەزانین ئێستا کۆمەڵێک حزبی سەیر هەیە لە وڵاتدا چەند کەسێکن، شتێک چاپ دەکەن، شتێک دەڵێن، ئەگەر ئەوە بە شێوەیەکی دیموکراتی رێگەیان بدرێتێ دەتوانن زیاتر شتەکە ئاشکرا بکەن، باشتریش لە رێبازەکانیان دەگەین و ئەو دەستانەی لە دەرەوەشن کە بەداخەوە دەستی رژێمی بەغداش لە زۆر کاردایە رێگایان لێ

دەگرین و ، بۆ ئەم مەسەلەیە بۆ گەلێ مەسەلەی تر ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەکەی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ زۆر باش بوو ، بەڵام دوو پرسیارم هەیە:

یەکەم: ئەندامێکی پەرلەمان چووە داواکاری پێش کردووە، ئایا بە چ حەقێک چووەو ، ئەویش هاوبەش بووە؟.

دووەم: (عەزیز عەقراوی) تەنیا بە تۆمەتی ئەوە بەندکراوە کە داوای بەردانی چەند کەسێکی کردووە، یاخود هابەش بووە لە تاوانکردن؟ ئەگەر تەنیا بۆ بەردانی ئەو کەسانە گیراوە داوا دەکەم کە بەربدرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو دنیادا وا باوە تەنیا ڕێگە بە حزب و ڕێکخراوە مۆڵەت پێدراوەکان دەدرێت خۆپیشاندان بکەن، لەبەر ئەوە من داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەم تەنیا مۆڵەت بەو حزبانە بدات خۆپیشان بکەن کە مۆڵەتی یاساییان هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید/ بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک تارق جامباز باش دەزانی هەڵوێستی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و قسە حەقەکانی مام جەلال بەرامبەر بە (P.K.K) چییە؟ ، بەڵام کاتێک کە بەڕێز تارق بە بریکاری وەزارەتی ڕاگەیاندووە ، ئایا بریکاری وەزارەت ئاگاداری کوتلەکەی خۆی کردۆتەوە؟ ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەین لە بڕیارەکانی دیموکراتی لە کوردستان دەبێ ڕێگا لە حزبەکان و ڕێکخراوەکان بگرین. پێویستە وەزارەتی ناوخۆ بە زووترین کات یاسای حزبەکان دەربکات و ، تیایدا پەیڕەوو ڕێنمایی بۆ خۆپیشاندان دیاری بکات، بەم شێوەیەش هیچ کەسێک ناتوانێ لەلای خۆیەوە شتێکی وا بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە دەربارەی مەسەلەی شرناخ ئایا لەوێ چی قەوماوەو؟ ، ئەو کەسانەی لەگەڵ عەزیز عەقراوی ئەو خۆپیشاندانەیان کردوە چ لایەنێکن و ژمارەیان چەندە؟ ، هەروەها ئەو کچەی کە دوو کەسی شەهید کردووە ڕابووردووی سیاسی چییە؟. بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێمە تەنیا ڕێگە بەخۆپیشاندانی ئاشتیانە بدەین و ، دەبێ دژ بە خۆپیشاندانی توندوتیژی وابوەستین.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک لە بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دەکەم، ئایا وەزارەتی ناوخۆ لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەمانەی ئەم خۆپیشاندانەیان کردووە لە حزبیکی کوردیدا دان؟، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێک دەبینین لە موسڵدا بارەگای (P.K.K) هەیە بەستراوە بە تورکیا، بۆ ئەم بارەگایە لە هەولێر و لە دهۆک نییە؟، ئەگەر یەکێک دوو پێشمەرگە بکوژێ ئایا مەبەستی ئەو چییە؟ بێگومان مەبەستی تێکدانی حکومەتی کوردستانە، هەروەها من پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە لە دهۆک هاتوونەو بوونەتە هۆی ئاژاوەنانەوە پێویستە سزا بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە کە ئێمە لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی حزبی (P.K.K) نین، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بەڕێز (تارق جامباز) خۆی بە ئەندامێکی پەرلەمان دەزانێ چۆن داواکاری بەناوی ئەوان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات؟ ئەو پەیوەندی چییە بەو حزبەوە وچۆن پشتگیری ئەوان دەکات؟ تکایە هەڵوێستی پەرلەمان لەم بارەیەوە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف/ بریکاری وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم خۆشە وەڵامەکان هەموو پرسیارەکان بدەمەوە. پێشەکی سەبارەت بەکوردستان هەموو دەزانین ئێستاکە ئازادی و هێمنی هەیە هەرچەندە ویستویانە هەندێ خۆپیشاندان بکەن، لەڕاستیدا ئێمە یاسایەکمان نییە ڕێگا لە خۆپیشاندان بگرێت و،ئەو بارودۆخەی ئێستا لەکوردستانی عیراقدا داهاتووە وەکو بارودۆخی هیچ لایەکی تر نییە، ئێمە چ ئەنجومەنی نیشتمانیی، چ ئەنجومەنی وەزیران لەو بارەیەوە یاسایەکمان نییە، بۆیە خەڵک بە ئارەزووی خۆیان ڕێک دەکەون و خۆپیشان دەکەن و، قسەش دەکەن و، جنێویشمان پێ دەدەن، شتیشمان بۆ هەڵدەبەستن. تا ئێستا بەرەی کوردستانی لەسەر حوکم بووە پێش ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی و ئەنجومەنی وەزیران دابمەزرێن ڕێگای لەکەس نەگرتووەو، ئێستاش وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەن کار دەکات.

ئێستاش دێمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان:

سەبارە بەو پرسیارەی کە دەڵێ چەندیان خەڵکی کوردستانی عێراقن وە ، ندیان خەڵکی

کوردستانی تورکیا و ئێرانن؟ بەپێی ئەو زانیارایانەی کە بەتەلەفۆن بۆم هاتووە چواریان وابزانم خەڵکی سوریان و دووانیشیان خەڵکی تورکیان ئەوانی تریش خەڵکی کوردستانی عێراقن و خەڵکی هەولێرن.

بۆ مەسەلەی رێگادانیشیان ئێمە وەڵامی بەڕێز (تارق)مان داوە کە د.رۆژ لێرە نییەو منیش وەکو بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانە نیم.

خاڵی سێ یەم: مەسەلەی بەردانی (عەزیز عەقراوی)یەو، لەدوێنێوە پاڵەپەستۆیەکی زۆر هەیە لەسەر من و بەڕێز وەزیری ناوخۆ کەوا بەربدرێ و، ئێمە بەتاوانبارمان دانەناوە، بەڵام ئەو خۆی وەکو نوێنەری ئەوان قسەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یان وەکو ئەنجوومەنی وەزیران دژی خۆپیشاندان نین. خۆمان خەباتمان کردووە ماوەی (١٥-٣٠) ساڵ بۆ بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراتی هەوڵمان داوە شان بەشانی ئازادی و دیموکراتی بوەستێین، بەڵام خۆپیشاندان دەبێ بۆ مەبەستێکی چاک وسوودبەخش بێ وسوودی حکومەتی کوردستانی تێدا بێت نەک زیانی، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف/ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برادەرانی ئاسایش ئێمەیان ئاگادار کردەوە دەڵێن پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوەکان بۆمان دەرکەوتووە کە دووانیان خۆپیشاندەر نەبوونە لەبەرئەوە بەریانداون، ئەوانەی ماونەتەوە دراون بە دادگا، نەئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی بەردانمان هەیە، نە ئاسایش دەسەڵاتی بەردانیان هەیە، چونکە بڕیاری دادگا لە بڕیاری هەموو لایەنێک رەواترەو، ئەمانەش هەموویان بە مادەی (٤٠٦) نەگیراون و لە تواناش دا نییە کە بە کەفالەت بەربن، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدوکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەترسییەکە لەوەدا نییە کەوا خەڵکی هاتوون خۆپیشاندانیان کردووەو،یا پەلاماری چەند کەسانێکیان داوە بوونەتە هۆی کوشتنی چەند کەسێک، بەڵکو مەترسی یەکە لەوەدایە کە ئەمانە لە ژێرەوەدا پەیوەندیان لەگەڵ دامودەزگا سیخوڕیەکانی ناوچەکەدا هەیە کە ئەمڕۆ خەریکی ئاژاوەن لە کوردستانداو ئەوانەی کەوا هانیانداون (P.K.K)و ئەوانەن و، هیچ گومان نییە لەوەدا ئەوانە دەیانەوێ ئەم ئەزموونە دیموکراتییەمان لەناوبەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا هەڵسوکەوتی وەزارەتی ناوخۆ بەرامبەر ئەو خۆپیشاندانە زۆر بەشێوەیەکی رێکوپێک و

یاسایی بووە، لەوانەیە لە مێژووی وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی دەوروبەر بێ هاوتا بێ بەرامبەر بەخۆپیشاندانێک بەم شێوەیە بکرێ کە دروشمەکانی راستەوخۆ دژ بە ئێمە بووە.

سەبارەت بە مەسەلەی (P.K.K) دەمەوێ چەند خاڵێک هەیە روونی بکەمەوە لەوانەیە هەندێ کەس هەبێ جۆرەک سۆزێکی هەبێت بەرامبەر بە (P.K.K)و، وابزانێ ئەوانەش هێزێکی کوردستانین، بەڵام لەوانەیە هەڵسوکەوتەکانیان تۆزێک ملهوڕی تیادا بێت، بەراستی مەسەلەی (P.K.K)ە دەبێ لە رووی فەلسەفییەوە سەیری بکەین. (P.K.K) ئێستا چییە؟ وە رێبازی چییە؟ (P.K.K) جیاوازییەکانی خۆی نابینێ، لەگەڵ تورکیا، جیاوازی خۆی ئێستا لەگەڵ حزبەکانی کوردستان لەناو کوردستانی عێراقدا دەبینێ، ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەندێ دەستکەوت هەیە کە هی میللەتی کوردە وەک ئەوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە، دەیەوێ ئیداراتی خۆی رێکوپێک بکات پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە هەیەو، مەسەلەی کوردستانی عێراق لە دەرەوە جێگای گرینگی پێدانێکی زۆرە، (P.K.K) بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ ئاژاوەمان بۆ دروست بکەن و، ئەگەر مەسەلە بۆچوونێکی کوردیە وەکو (عەزیز عەقراوی) گوتوویەتی خۆ وابزانم ئەو برادەرانەی پاسۆک گەلێگ لە مێژتر لەوان بیرو بۆچوونیان هەیە دەربارەی یەکێتیی خاکی کوردستان و ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەن هیچ گرفتێکمان لەگەڵیاندا نییە، بەڵکو حەزمان دەکرد نوێنەریشیان هەبا لە پەرلەمان و لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر مەسەلە مارکسەیەتە لەناو ئەنجومەنە خەڵکمان هەن فەلسەفەو بیرو بۆچوونی مارکسیان تەبەنا کردووە، بەڵام (P.K.K)ە شتێکی تایبەتییە، جیاوازی سەرەکی خۆی ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەدا دەبینێ بۆیە دەبێ لە مامەڵەکردنمان لەگەڵیاندا ئەمانە رەچاو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە دەزگاکانی راگەیاندن روون بکرێتەوە کە ئەوانە گێرەشێوێنن و، دژ بە پەرلەمانن و، من پرسیار دەکەم کە ئایا کاتی کیمابارانی هەڵەبجەو دۆڵی خۆشناوەتی ئەوانە هیچ خۆپیشاندانیان کرد بەرامبەر بەم کارەساتە؟، ئێستا هاتوون دژ بە ئەنجومەنی نیشتمانیی و حکومەتی کوردستان خۆپیشاندان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف/ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی جاری یەکەم هاوولاتییەکەی کوشتووە لێپرسراویانە ناوی (کمال)ە خەڵکی سووریایە، ئەوەی دەمانچەکەی لە پشتی پێشمەرگە دەرهێناوە ئەوە نەکوژراوە، گیراوەو، ئەندامی (P.K.K)ەیە، هەروەها ئەو ژنەی کە دوو پێشمەرگەی شەهید کردووە دەمانچەی لەنا جانتاکەی دەرهێناوە خەڵکی سووریایە و منداڵێکی بچووکی لەگەڵدا بووە، بەداخەوە منداڵەکەش کوژراوە، ئینجا ئەوە دوور نییە بەدەستی بەعسی عێراقیی یان بەعسی سووری کرابێ و ئەو

بابەتەش ئەگەری زۆر هەیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە رۆحی توندووتیژی یان نەرم ونیانی وەزارەتی ناوخۆ پێم خۆش بوو شتەک بزانین وەزارەتی ناوخۆ لایەنی جێبەجێ کردنە ئێمە رێنمایی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وەردەگرین، جا ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆدا باوەڕمان بە گرتن وئازاردان و کوشتن نییەو، وا پەروەردەکراوین لەناو حزبە کوردستانیەکاندا، ئێمە باوەڕمان بە دیموکراتیەت و ئازادی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتێک ئەو داواکاریەم گەیشتە دەست، بە پێویستم زانی کە بەپەلە بیگەیەنمە وەزارەتی ناوخۆو ئاگاداریان بکەمەوە، ئێوە دەزانن من لەو ئەنجوومەنەدا سوێندم خواردووە کە خیانەت نەکەم، بەراستی وام هەست نەکرد کە گومانم لێ بکرێ و، بەڵکو دەبێ بەرگریم لێ بکرێ، لە کتلەی کەسک، چونکە ئەوانم ئاگادارکردەوە بەناوی جەماوەری هەولێر شتەکە نووسرابوو نەوەک بەناوی (P.K.K)ەوە، ئەوەی بیەوێ لێرە گیرەشێوێنی دروست بکات من لەگەڵدا نیم و داواکاریەکەم پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ کرد، بەڵام کاک سەعید دەڵێ گوایە من هابەشی ئەوانم، نەخێر من لەگەڵ ئەوان نیمە، بەڵکو وەکو کابرایەکی کوردی سەربەخۆ پێم خۆشە لە هەموو جێگەیەک کورد رزگار بێ و کار لە کوردستانی خۆمان نەکات و زیان لە حکوومەتی کوردستان نەداو، بەڵکو کابرایەک کاغەزەکەی دا بە من و نایناسم کێ بوو، بۆ ئەوەی بڵێم کە رێکخەر بووەو، من وەکو ناوبژیکەرێک گەیاندوومە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزت ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری شاری هەولێریت، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێیت ئەو کەسەی کە داواکاریەکەی پێشکەش کردووە نەمناسیوە کێیە؟ ئینجا داوکاریەکەشت هێناوەو پێشکەشی بەرزترین دەسەڵات کە ئەویش وەزارەتی ناوخۆیە. باشە دەکرێ هەر هاووڵاتییەک لە شەقامدا بێت کاغەزێک بدات بە ئەندام پەرلەمانێک و، ئەویش پێشکەشی دەسەڵاتی بکات؟!.

**بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر کاغەزەکەم پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ نەکردبایە کێشەکە گەورەتر دەبوو، خۆپیشاندانەکەش دەکراو، ئاسایشیش لەمەسەلەکە ئاگادار نەدەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داواکاری خۆپیشاندان دەبێ پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکرێ، نەوەک ئەندام پەرلەمان.

**بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەم ئەمە بە نیازێکی خراپ وەرنەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە نیاز خراپیی نییە، بەڕێزت وەکو ئەندامی پەرلەمان دەڵێیت من هاوبەش نیم لەگەڵیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوکاریەکەت بۆیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆکر دووە، ئەمە دوو شتە کە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن. **بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو داوایەم پێشکەش کرد، بە وەزارەتی ناوخۆ تاکو ئاگاداربن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان «بەگشتی قسە دەکەم» بەسادەیی شت وەرنەگرن، نابێ هەر یەکێک بیەوێت بابەتێک بڵاوبکاتەوە، یاخود داواکاریی خۆپیشاندان پێشکەش بکات بێت و بیدات بە ئەندام پەرلەمانێک، ئەویش بە سادەیی بچێت پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆی بکات، بەراستی ئەمە کارێکی ناپەسەندە.

**بەڕێز تارق محەمەد سەعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەسادەیی شت وەرناگرم.. هەواڵەکەم بۆیان گەیاند، بۆ ئەوەی ئاگادار بن و ئیجرائاتی خۆیان وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من ئەوەیە کە گفتوگۆکردن لێرەدا نامانگەیەنێتە ئەنجام، بۆیە پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەچەند ئەندام پەرلەمانێک بەهاوبەشی لەگەڵ بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێز (تارق جامباز)، چونکە ئەویش ئەندامی پەرلەمانەو حەسانەی تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕێز (تارق جامباز)م بەوە تاوانبار نەکردووە کە ئەندامی ئەو حزبەیە، بەڵکو تەنها پرسیاری ئەوەم کرد ئایا پەیوەندی ئەو بە مەسەلەکە چییەو، بۆچی داوکارییەکەی پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، کەوای نیشاندا (P.K.K)ە جیاوازیە بنەڕەتییەکەی لەگەڵ کوردی عێراقدا دەبینێ، راستە ئەوان بەرواڵەت وا نیشان دەدەن، بەڵام بنەڕەتی مەسەلەکە وەکو دکتۆر کەمال فوئاد فەرمووی پەیوەندیی بە هەموو

دەزگا سیخوڕیەکانی ناوچەکەوە هەیە، ئەوان وای لێدەکەن کە ئەم جیاوزایە دروست ببێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەو بڕوایەدام ئەمە کاغەزێکی پاڵەپەستۆی حکومەتی عێراقیە و لەلایەن موخابەراتی عێراقیەوە کراوە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئیجرائات بەرامبەر (P.K.K) وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران و،وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە ئیجرائاتی یاسایی وەربگرن و، هیوادارین عەدالەت لە کوردستان بسەپێت و چیتر گێرە شوێنیان نەتوانن ئەم بارودۆخە تێک بدەن.

سەبارەت بە مەسەلەکەش ئێمە تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکمان نیبەو، چاوەڕوانی ئەنجامی دادگاین، تەنیا تەئکید لە هەنگاوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەینەوەو پشتگیری لە ئیجرائاتەکانی ئەوان دەکەین، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن چیتر ماوە بەو جۆرە کارانە نەدرێت نەوەک بارودۆخی کوردستان بشوێنن و دوژمانی ئێمەش سوودی لێ وەربگرن.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٢٧)

## کۆبوونەوەی دووەم / بەیانی سێ شەممە/ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش بەدەست پێکردنی کۆبوونەوەی دووەم درێژە بەدانیشتنی ژمارە (٢٧)ی دوێنێمان دەدەین، لەسەرتاوە بە پرۆژی لیژنەی پەروەردە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، هەرچەندە ئێمە گلەییمان لە لیژنەکان هەیە، چونکە لەکاتی دیاری کراودا ئیشەکانیان بەجێ ناگەیەنن، ئێمە حەز ناکەین رخنەیان لێ بگرین و، بەپێی پێڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی ئەنجوومەن رەفتاریان لەگەڵدا بکەین، چونکە ئێوە نوێنەری ئەم میللەتەن جێگای بڕوای حزبەکانتانن و، ئێمەش لەسەر ئەو بنەڕەتەو رەفتارتان لەگەڵ دەکەین و، ئەگەر بەم شێوەیە ئیشوکار بکەن ئیشەکان بەپێی پێویست ناڕوات و، ئێمە نامانەوێت شەرمەندەی ئەم میللەتە بین، لەبەرئەوە داوا لە هەموو لیژنەکان دەکەین کە ئیشوکارەکانیان لەکاتی خۆیدا بەرێکی جێبەجێ بکەن و، هەرچەندە ئێمە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنمان هەیە، بەڵام ئەگەر پێویستی بە هەموارکردن هەیە با لیژنەی یاسا کۆببێتەوەو لەم بابەتە بکۆڵێتەوە.

ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە، ئەندامانی لیژنەی یاسا ئەگەر ئامادەن با کەرەم بکەن بۆ ئێرە. وەکو ئاگادارن ئێمە یاساکە مادە بە مادە دەخوێنینەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و پاشان دەیخەینە دەنگدانەوەو، دوای پەسند کردنی یاساکە ئاراستەی وەزارەتی پەیوەندیدار دەکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە پرۆژەی یاسای وەزارەتی پەروەردەیە کە لیژنەی یاسا ئامادەی کردووە،بەڕێز وەزیری پەروەردەو ئەندامانی لیژنەی پەروەردە دەتوانن تێبینیەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.

«بسم الله الرحمن الرحيم»

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استنادا الى الفقرة (١) من المادة (٥٦)من قانون المجلس الوطني (  )لكردستان العراق رقم (١)لسنة ١٩٩٢, ...

قرر المجلس لجلستة المنعقدة بتأريخ كذا(   )..اصدار القانون الأتي..
رقم القانون(     )لسنة ١٩٩٢قانون وزارة التربية
المادة الأولى..يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها...
الوزارة – وزارة التربية
الوزير – وزير التربية
وكيل الوزارة – وكيل وزارة التربية
الديوان – ديوان وزارة التربية
الأقليم – اقليم كوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ماوە هەبێ ئەم دەقە دەخەینە دەنگدانەوە، کەس تێبینی لەسەر ئەم مادەیە نییە؟. کێ لەگەڵ ئەم مادەیەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە. سوپاستان دەکەین. کێ لەدژە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

المادة الثانية:

١- الوزير هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وممارسة اشرافها والرقابة على فعالياتها وتصدرعنه القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها من النواحي القانونية والأدارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين والأنظمة والتعليمات النافذة الأخرى وهو المسؤول أمام مجلس الوزراء بأعتبارهِ عضواً متضامنا فيهِ..

٢-للوزارة وكيل يتولى ممارسة مهامة التي يوكل اليها الوزير..

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆرینەی دەنگ ئەم مادەیە پەسند کرا.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم سەبارەت بە زمانی کوردیە، ئێمە دەبێ لە ناو پەرلەمان رەسەنایەتی زمانی کوردی بپارێزین و، هەوڵبدەین دەقەکانی یاسا بەزمانی کوردی بێت.
دووەم: دەربارەی مادەی دووەم، پێشنیار دەکەم کە لیژنەی یاسا دەقێکی یەکگرتوو دابڕێژێ بۆ هەمــوو وەزارەتەکـان، نەوەک هەمــوو جـار بێین بڵـێین لە فـلان وەزارەت وەزیر دەسـەڵاتی بەو شێوەیەو بریکاری وەزارەت دەسەڵاتی بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دکتۆر ئێمە دەنگمان لەسەر ئەم مادەیە داو تەواو بوو لەیاسایەکی تر ئەگەر ناکۆکیت هەبوو دەتوانی بەرهەڵستی بکەیت.
بۆ مەسەلەی زمانی کوردی، جاری یەکەم لیژنەی یاسا لەو باوەڕەدا بوو کە زۆر زاراوەی یاسایی هەیە هێشتا وەرنەگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی، لەبەر ئەوە ئێمە یاساکان بە زمانی عەرەبی دادەنێین، کەی توانرا هەموو دەقەکان وەربگێڕدرێ ئەوکاتە ئێمەش یاسا بەکوردی دادەڕێژین.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
المادة الثالثة: مهمة الوزارة :
١- تمكين الناشئين في تطوير الشخصيات بالجوانب الجسمية والفكرية والخلقية والروحيةكافة
٢- توفير فرصة المعرفةللكبار والأهتمام بتدريبهم مايؤدي الى توسيع ثقافاتهم والأرتفاع بمستويات انتاجهم وتحسين حياتهم عامة على اساليب التربية الوظيفية والتربية المستديمة المتكاملة.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی هەیە لەسەر مادە سێ..؟
**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادە (٣) تاکو مادە (١٩) هەمووی روونکردنەوەیە، بە پێی نیزام وەزیر دەتوانێ لەوەزارەتدا ڕێنمایی دەربکات و، ئەم روونکردنەوانەی تیادا بکات، بۆیە دەتوانرێ ئەم برگانەی کە لەم مادانەدا هاتوون لابرێن، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەی سێ وچوار کە نووسراوە روونکردنەوە نییە، بەڵکو هەمووی یاساییەو گرنگە، چونکە باسی ئەرکەکانی وەزارەت دەکات. روون کردنەوە لەپێڕەوی ناوخۆ تەنیا دەکرێ، بەڵام ئەمە یاسایە لام باشترە کە بەو شێوەیە بێت، سوپاس.
**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو مادەیە پێویست ناکات هێمایەک بێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو نەخوێندەوارandا، سوپاس.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر بەڕێزت سەبر بگریت، مادەیەکی تر هەیە دوای ئەوە دێت تایبەتە بە نەهێشتنی

نەخوێندەواری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆ لەسەر ئەم مادەیە تەواو بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ دژە؟.. بە تێکرای دەنگ ئەم مادەیە پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة الرابعة: تتخذ الوزارة للنهوض بمهمتها ما يلي:

١- وضع السياسات التربوية المتعلقة بميادين اعمالها على ان تكون مستمدة من طبيعة المجتمع الكوردستاني ومن حاجاته ومتطلبات تقدمه ويراعى فيه الخصوصية القومية للأقليات القومية بما فيها التركمان والأشوريين والعرب وغيرهم وأن تكون قائمة على مبدأ تكافؤ الفرص مؤدية الى نظام التعليم ..

ئەم برگەیە لەمادەی چواردایە؟

٢- ضمان توافر الموارد البشرية والمادية ومتطلبات الفنية والتنظيمية اللازمة لتنفيذ خطط التربية وتقويمها..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ مادەی چوارەم چ تێبینی هەیە لەسەری؟

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە، ئێمە وەک دەزانین کە رژێمی فاشیستی بەعس لەساڵی (١٩٧٠) بریاری دا کە خوێندن بکرێ بە کوردی لە هەندێ شوێن کە وشەی (کورد) هەر بەکار نەدەهات بەتایبەتی لەناوچەی بادینان و کەرکووکدا، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە ئەمە لەیاسادا بێت نەوەکو لە رێنمایی دەقەکەش بەم شێوەیە بێت (الدراسة باللغة الكوردية في كوردستان، ويراعى الاقليات القومية في كوردستان) بۆ ئەوەی دەقێکی یاسایی هەبێ بۆ خوێندن بە زمانی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ دەقێکی یاسایی نییە بۆ خوێندن بەزمانی کوردی بۆیە با ئەمە برگەیەکی بۆ زیاد بکرێ و، ببێ بە برگە (٣).

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەوەم هەبوو کە (دراسة باللغة الكوردية) دەکەین، دووەم غیر مستمدە یا مستمدەیە. .سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە دوو پێشنیار هەیە: یەکەم تەئکید بکرێ لەوەی کە خوێندن بەزمانی کوردی بێت.

دووەم: سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووکیش، بکرێت بە بڕگەیەکی تازەو وەکو رستەیەک زیاد بکرێت.

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارانە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوەی کاک دکتۆر فەرمووی راستە، بەلام ئێمە کە دەلێین (وضع السياسات التربوية متعلقة بميادين اعمالها على ان تكون مستمدة من طبيعة المجتمع الكوردستاني)..چی مستمدە وەرگرێ واتا ئێمە ئەگەر دراسەت بەکوردی نەخوێنرێت بەقەناعەتی منیش یاسا بۆ بنەرەتیەکان دەدەنرێت جزئیات بۆ نیزام دادەنرێ واتا ناتوانین مەسەلەن بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی وەزیر ئێمە دەسەلاتمان داوەتێ وەلە دەسەلاتی تایبەتی سەرپەرشتی دروستی کا بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەتی کە بۆ پرۆگرامی دراسەی کوردی کە سەرپەرشتی لەسەر ئەو شتە بکات کە ئەمانە نی یە لەوبڕگەیە بەس وابزانم ئەوانەی پری دەکاتەوە «على ان تكون مستمده لطبيعه مجتمع كوردستانى» شتێکی زۆر باشە..سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕگەیە (ان تكون مستمدة ومنطلقة من المجتمع كوردستاني)، دەکرێت ئێمە مێژووی کورد بنووسین بەزمانی عەرەبییش؟، ئێمە دەتوانین وانەیەک بکەین بەزمانی کوردی، بەرای من ئەم رستەیە زیادە، چونکە ئەمە بڕگەیەکی جێبەجێ کردنە واتا (تنفيذى)یەو، لە راستیدا ئەمەش ئیشی قانونیەکانە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تتخذ الوزارة للنهوض بمهماتها بمايلي:

١- وضع السياسات التربوية المتعلقة بميادين اعمالها على ان تكون مستمدة من طبيعة المجتمع الكورستاني ومن حاجاته ومتطلبات تقدمه.

لەپێش (وتكون الدراسة باللغة الكوردية في كافة المراحل وتثبت ويراعى فيها الخصوصية قومية للأقليات)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوە هەبێ ئەمە دەکەین بە بڕگە (٣) بۆ ئەوەی قەرەبووی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یاسایەکمان هەیە لە ئەنجومەندا کە زمانی کوردی کردووە بە زمانی رەسمی لە کوردستاندا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بنەڕەتدا ئایینی نەتەوەیی لە دەستوردا باس دەکرێ، بەڵام ئێمە دەستورمان نییە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەمە لێرە تەنیا وەکو بڕگەیەک بێت (لتكون اللغة الكوردية لغة رسمية في جميع مراحل الدراسات)، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەستوورمان نییە، لەبەر ئەوە دەبێ هەموو وەزارەتەکان کۆ بکرێن ئەمە یەک. دووەم پێشنیار دەکەم ناوی کەمە نەتەوایەتییەکان روون بکرێتەوەو، پێناسە بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە هەموو جارێک دووبارەی نەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە بڕگەیەکی سەربەخۆ زیاد بکرێ کە زمانی کوردی زمانی رەسمی بێت..کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵی نییە؟ ..بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا..

پێشنیاری دووەم ئەوەیە کە یەک پێشەکی بۆ هەموو یاسایەکان دابنرێت.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة تتولى الوزارة لتحقيق اغراضها ما يلي:

١- ضمان اعداد المعلمين والمدرسين والمشرفين التربويين والمسئوولين عن ادارة التعليم والأشراف عليه واعادة تدريبهم اثناء الخدمة وتمكينهم من النمو المهني ودعم منزلتهم.

٢-تكوين الأجهزة الأدارية والفنية اللازمة لتخطيط التعليم واداراته والأشراف التربوي عليه في الوزارة ومحافظات اقليم كوردستان العراق.

٣- تهيئة مناهج الدراسة الأبتدائية والثانوية والمهنية وتعليم الكبار ووسائلها وكتب الدراسة واساليب التقويم والأمتحانات، تحقيقا للسياسةالتربوية والخطط المترتبة عليها وتطوير الجميع ذلك استنادا الى البحوث العلمية والدراسات.

٤- العناية بالتربية الدينية والخلقية وتيسيرالفرص لممارسة الفرائض وتمثل اساليب السلوك القائم على التسامح والتعاون والصدق والأخلاص في الأقوال والأعمال مع مراعاة الخصوصية للأقليات الدينية في الأقليم.

٥-العناية بالتربية الرياضية وتيسير فرص المرور المتكاملة لأعضاء الجسم والعناية بحواسهم وانسجام حركات الممارسة عامة.

٦-ضمان انشاء وادارة المدارس الحكومية على اختلاف درجاتها وانواعها.

٧-الأشراف على المدارس الأهلية وتوجيهها في تربية الناشئة تبعا للسياسة التربوية واغراضها.

٨-انشاء المعاهد ومراكز تعليم الكبار وتدريبهم وفقاً للأساليب التربوية الوظيفية.

٩-العناية بالصحة المدرسية وتغذية الطلاب والعمل على تمكينهم الأنتفاع من التوجيه التربوي والمهني ومن الخدمات الأجتماعيةالمناسبة لنموهم ورفاهيتهم والأستفادة من اوقات فراغهم.

١٠-العناية بالأبنية المدرسيةوالمساهمة في وضع النماذج الصالحة وضمان توفره بوضع الخطط اللازمة لأنشاءها.

١١-العناية بالبحوث التربوية،وباجراء التجارب والأستفادة من نتائجها في تطوير النظام التعليمية وزيادة كفاءته.

١٢-توفيق العلاقات الثقافية بالتعاون مع المنضمات الدولية المعنية بالشؤون التربوية وخاصة منظمة الأمم المتحدة للتربية والعلم والثقافة(اليونسكو) وتطوير المستوى الثقافي والعلمي والتربوي للأقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماده(٥)برگە برگە دێینە سەری، پاشان تێبینی لیژنەی پەروەردەو برادەران دەخەینە بەرچاو،ماده (٥) برگەی (١)، ئایا كەس تێبینی هەیە لە سەری؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم برگەیە (ضمان إعداد المعلمين) تەنها بۆ هاتووە یاخود بۆ (مؤنث)یشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم مەسەلەیە لە یاسادا بە رەهایی هاتووەو، هەردووكی دەگرێتەوە.

**بەڕێزمەلا محەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قورئاندا دەڵێ «والدان وقمران» مەبەستی دایک وباوکە، کەواتە (مدرسين) مەبەستی (مذكر ومؤنثه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە یەک، کێ لەگەڵە ئەم دەقـەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟..کەس. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

بڕگە(٢) هیچ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ نییە. کەواتە ئەمەش دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ بڕگە (٢)ە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی خوێندنی پیشەیی کرا واتا ئامادەیی پیشەسازی و کشتوکاڵ، پاشان (ثانوی المهنی) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا پاش (ثانوية)وشەی (المهنية) زیاد بکرێ. کەس نارەزایی هەیە لەسەر ئەم زیادەیە؟ کەس نارەزایی نییە. واتە وشەی (المهنية) زیاد دەکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (المهنی) پاشان لە پێڕەو بە درێژی باس دەکرێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرەتایی ودواناوەندی، دواناوەندی پیشەییش دەگرێتەوە، لەبەرئەوە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی دواناوەندی یە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەکمان هەیە بەدرێژی باسی پیشەیی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی پەروەردە با بێتە سەر منەسەکە دابیشێ، بۆ ئەوەی تێبینییەکانی خۆیان لێرە پێشکەش بکەن، ئەوە باشترە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة(١٤) فقرة(١) (تعتبر المناهج وخطط الدراسة وشروط القبول والأدارة والأنضباط والأمتحانات والشهادات لأنواع التعليم بمرحلتيه المنصوص عليهما في هذا القانون بنظم خاصة تعد الوزارة لوئحها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (١٤)بڕگە (١) [لأنواع التعليم و.رحلتية المنصوص علية في هذا القانون)

ئەگەر(المهنية)ش زیاد بکەین هیچ گرفتێک دروست نابێت.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکم هەیە بۆ ئەوەی پیشەیی باس بکرێت (فتح المدارس المهنية، الصناعة، التجارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەبڕگە( ٢و٣) تەنها ناکۆکیەک هەیە لەسەری، ئایا زیاد بکرێت یا زیاد نەکرێت؟.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم زیاد بکرێت، چونکە هەر یەکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆی هەیە زیاتر تەشەنەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بڕگەی (العناية بالتربية الأسلامية والخلقية والدينية) بکرێت بە (مع مراعاة بالخصوصيات الدينية)، چونکە دەبێ لەلایەنی زمانەوانیەوە کۆ بێت واتا (خصوصيات) نەک (خصوصيه)، لەبەرئەوەی هەر ئایینێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێت (مع مراعاة الخصوصية الدينية للأقليات) دیاری دەکات، ئەگەر هەردووکی بە کۆ بێت گرنگ نییە، ئەمە بۆ لیژنەی دارشتن دەهێڵینەوە پاشان لەرووی رێزمانی عەرەبییەوە هەندێ جار وشە بە هەڵە دێت.

پێشنیارەکە ئەوەیەکە وشەیەک زیاد بکرێ لەسەر (العناية بالتربية الدينية).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پەروەردەی ئایینی ناوێکی زۆر گشتی یە هەمووشتێک دەگرێتەوە بێگومان مەبەستمان ئایینی ئیسلامە، ئەوەی لیژنەی یاسا دایرشتووە هیچ کەموکورییی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێناسەکە لەرووی یاساییەوە ئایینە بەشێوەیەکی گشتی، ئیسلامە بەتایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایینی ئێمەش ئیسلامە، ئێمە جارێکی تریش گفتوگۆی ئەمەمان کرد.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لەجێگەی (دینیة)، (اسلامیة) دابنرێت، چونکە خاڵێک هەیە (مراعاة خصوصیات دینیة ) ئەوە سەلماندمان کە دەبێ ئیسلامیە زیاد بێت خاڵەکەش (العنایة بالتربیة الأسلامیة) نەک (الدین الأسلامي)، واتا بەم شێوەیە بێت (العنایة بالتربیة الأسلامیة مع مراعاة الخصوصیة الدینیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیاری تر هاتووە یەکێک دەڵێت (دینیة اسلامیة)،یەکێکی تر دەڵێت (دینی) هەڵگرین بیکەن بە (ئیسلامی).

**بەڕێز حەمەن عەبدوکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە یاسا دادەنێین یاسایەک دانانێین تەنیا بۆ ئیسلام، ئیسلامیش قەدەغەی دینەکانی تری نەکردووە کە دەڵێین (الدینیە) واتای (الأسلامیة، المسیحیة، الزردشتیة) یاسا بە بە گشتی دێت (تخصیص)ناکرێت، لەبەر ئەوە ئایینی زۆر فراوانترەو بۆ ئەوەی لەپاشەڕۆژیش گیروگرفتمان نەیەتە پێش پێشنیار دەکەم هەر وشەی (ئایینی) بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران وا پێدەچێ گومانیان لەوەدا هەیە کە ئایینی ئیسلامی، «ئایینی رەسمی» ئەو وڵاتە بێت، چونکە زۆر تەئکید لەسەر وشەی (ئیسلامی) دەکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە تەسەوف بنەمایەک هەیە دەڵێ (الشک اساس الیقین)، لێرەدا وابزانم قسەی برادەران لەو بنەمایەوە هاتووە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەڕووی یاساوە لاریمان نییە کە ئیسلامی نابێ لابرێت، ئێمە حەز دەکەین پێکەوە داڕشتنی بنەڕەتی ماددەکە بکەین لابردنی بەتاڵی تێدا نەبێت، وشەکە پڕ بەپڕی مانی خۆبەتی هەبێت، ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف بڕیارمان داوە کە ئیسلامی بێت، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، لە ڕاستیدا ئێستا ئەو تێبینیەمان بەجێ هێشت کە (العنایة بالتربیة الدینیة)بۆ ئەوە زیاد بکرێ، پاشان لە بڕگەی کۆتایی(مع مراعاة خصوصیة دینیة) دووجار (دینی)ی هاتووە لەسەر ئەوە (دینی)یەی کامیان مەبەستە ، لەبەرئەوە ئەوەی مامۆستاله جێگای خۆیەتی.

**بەڕێز د. ناسح غـــەفـــور ڕەمـــەزان:**

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

بەرای من بۆ ئەوەی گرفتەكە نەمێنێتەوە ،ئەگەر هەر( مع مراعاة خصوصية دينية لأقليات الدينية في اقليم) ئەم بڕگەیە هەر تیایدا نەبێت فراوانتر دەبێت وبەبێ گرفت دەبێ، چونكە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

العناية بالتربية الدينية والخلقية...

**بەڕێز د. ناسح غـــەفـــور ڕەمـــەزان:**

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

هەر (مع مراعاة خصوصية دينية للأقليات الدينية في اقليم) ئەوە نەمێنێ باشترە، چونكە شتەكە دەبێتە گشتی.

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەمەپێشنیارێكی ترە ئێستا وارێككەوتین كەیەكێك لەم (دینی)یانە هەڵگرین، لەبەر ئەوەی دووبارە دەبێتەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیرمحەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیار دەكەم (مراعاة دينية)كە لەگەڵ (خصوصيات للأقليات الدينية) لاببرێن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

بەڵێ ئەوە گرفت نییە، پاشان لە داڕشتن چاك دەكرێتەوە.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زەینەلعـابدین:**

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیار دەكەم یەكێك لە مامۆستایانی ئایینی وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ لیژنەی داڕشتندا بەشدار بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەوە پاشان لەداڕشتندا دەیخەینە بەرچاو، بڕگە چوار یەكێ لەودینینانە نامێنێت (مع مـراعـاة خصوصيات دينية للأقليات الدينية).

كێ لەگەڵ ئەم دەقەیە، چونكە ماوەیەكە گفتوگۆی لەسەر دەكەین.

**بەڕێز نەجـمـەدین عـزیز ئیـســمـاعـیل:**

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیارێك هەیە( مع مراعاة للأقليات دينية) پێشنیارێكی دروست وگشتییە هەموو لایەك دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە لەجێگای خۆیەتی، چونكە كەمەنەتەوایەتی زیاد كرا باسی (توركمان وئاشووری وعەرەب) كرا باسی كەمە نەتەوەیی ئایینی نەكرا، سوپاس .

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو چۆن باسی زمانمان كرد هەروەهاش هی هەرێمیش ئایینی ئیسلامە وشەی سەرەوە باسی ئیسلام دەكات، بەڵام ئەوەی خوارەوە پێویستە بكرێتەوە یەک، نەک دوو (الخصوصیه الدینیه للأقلیات) دەبێت بكرێت بە (الخصوصیه للأقلیات) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام وایە با دەقەكە بەو شێوە بێ (العنایة بالتربیة الدینیة والخلقیة والفنیة واتاحة الفرص لممارسة الفرائض وتمثیل اسالیب سلوك القائم علی التسامح والتعاون والصدق والأخلاص في احترام الأعمال مع مراعاة الخصوصیةالدینیة للأقلیات في الأقلیم) ئەو (دینیة للأقلیات) لابرێت و بكرێتەوە (مع مراعاة الخلقیة للأقلیات الدینیة في الأقلیم )

ئێستا دەقەكە چەسپێنرا كێ لەگەڵ ئەم دەقەی تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ دەست بەرز كرایەوە .. سوپاستان دەكەین..كێ لەگەڵ نی یە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

(بڕگە-٥-) هیچ تێبینی هەیە لەسەری؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە لەشوێنێک باسی هونەرو وەرزش بكرێ وەكو (العنایة بالتربیة الریاضیة والفنیة)ی تیایدا نییە، نازانم لەهیچ خاڵێكی تر هێناویانە.. واتا وشەی (للفنیة) گرنگی دان بەهونەر-یشە نەک هەر بەوەرزش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی سكرتێرەڵێ بۆ باسی رووداو دەكات؟.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شەرحەكە زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(وتسیر الفرص المتكاملة) ئەو دەقە بەسە.

**بەڕێز حــازم ئەحـــمـەد مـەحــمـود یوسـفی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــوومــەن.**

پێشـنیـار دەکەم دەقـەکە بەو شـێـوەیە بێت (العنایة بالتربیة الریاضیة والفنیة في کافة مراحل الدراسة)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیـد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــووەمــەن.**

(العنایة بالتربیة الریاضیة والفنیة) (فنییە) شتی تر دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کــەمــال جــەلال غــەریب:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــووەمــەن.**

وشەی (فنیة) بڵاوە لامان کە گوترا (التربیە الریاضیە والفنیە) هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــووەمــەن:**

کەسی تر تێبینی هەیە؟ ئێستا ئەو پێشنیارە هەیە:

زیاد کردنی وشەی( هونەر) پاشی( وەرزش) (لکافةمراحل الدراسة) هیچ تێـبـیـنـیـەکتان نییە؟
پێشـنیـاری یەکەم (الفنیـة) زیاد بکرێت، تکایە کێ لەگەڵ ئەم پێشـنیـارەیە دەست بەرز بکاتەوە؟
دەست بەرزکرایەوە سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

کەواتە دەبێ دوایی (فنیة لکافة مراحل الدراسة)، زیادبکرێت.

**بەڕێز ئەحــمـەد تاهیــر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــووەمــەن.**

ئەگەر باسی وەرزش کراوە بەتەنها بەپێی زانیاری وایە دەبێت باسی هونەریش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــووەمــەن:**

بۆ هەردووکـیـانە (العنایة بالتربیة الریاضیة والفنیة لکافة المراحل الدراسیة) مـادام برگـەکـە پێویست ناکات، ئەوە یاساییەکان دەڵێن پێویست ناکات بە (کافة مراحل الدراسة). لیـژنەی پەروەردە هیچ تێـبـینیـەکی هەیە لەسەر (العنایة بالتـربیـة الریاضیـة والفنیـة لکافة المراحل الدراسیة)؟ .. دیارە تێبینیان لەسەر نییە.

کێ لەگەڵ ئەو دەقەبە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

برگە (٦)چ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ کەس تێبینی نییە؟.

**بەڕێز حــازم ئەحــمـەد مـەحــمـود یوسـفی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجــووەمــەن.**

بەڕای من برگـەی (٦و٧) بکەن بەیەک، ئەوە زیادەیە، چونکە ئەوە نیشـان دەدا (المــدارس الحکومیة علی کافة المدارس والأشراف علی المدارس)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لەوانەیە یەک تێبینی هەبێت منیش لەجیاتی یاساییەکان دەیخوێنمەوە، بۆمادە(٥) برگە (٦)دەبێ (مدارسی اهلی) بگرێتەوە.

بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ باسێکی قوتابخانەی تایبەتی نەکراوە، هەروەها باسی ئەو قوتابیە زیرەکانە نەکراوە کە ئاستیان باشە وەکو ئەوەی لەبەغداش هەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

مەبەستت بۆقوتابی زیرەک قوتابخانە هەبێ، وەک چۆن بۆ قوتابی کەم ئەندام هەیە، ئەوە شتێکی باشە، تکایە ئەگەر هەر تێبینییەک هەیە لای خۆتان بینووسن.

بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێرە باسی قوتابخانە کراوە، بەڵام دەڵێ : (دور المعلمين والمعلمات) ئەوە باسی نەکراوە چونکە بەڕاستی پەیمانگای مامۆستایانی کچانمان هەیە، سوپاس .

بەڕێز کەمال جەلال غەریب:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای من (مداسی حکومی) هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای من کاک کەمال خۆی وەڵامەکە ئەداتەوە بەو پێیەی کە سەرۆکی لیژنەکەیە، سوپاس.

بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بەو برگەیەی تایبەتە بە قوتابی زیرەک، بۆچی دانەندراوە،بەراستی قوتابخانە نموونییەکانی بەغدا کە منداڵی بەڕێوەبەرو منداڵی بەڕێوەبەرە گشتییەکان منداڵە دەوڵەمەندەکانی بەغداد حاڵەتی تایبەتی وەردەگرن، ئێمە دژی ئەوە بووین کە ئەو کۆمیتە دروست بکەین هەوڵی بدەین ئیسپاتی بکەین لەسەر وەسایلی پەروەردە باتەسبیتی بکەین، بۆ قوتابخانەکانی کوردستان بەیەک چاو سەیری هەموو قوتابییەکان بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وابزانم کورە قوتابی هەژاریش هەن کە زۆر زیرەک، لەوانەی کە نمرەی بەرزیان هەیە نەوانەیە قوتابی زۆر هەژاریشیان تێدا بێت.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو قوتابیانەی کە بە یەک جار وانەکەی دەرخ دەکات، بەڕای من ئەوانە جیا بکرێنەوە، چونکە دەبن بەڕێگر بۆ قوتابیەکانی تر،کە هەم خۆی سوود وەردەگرێ هەم قوتابی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی ئەمانە لە قوتابخانە هۆبەیان بۆ دەکرایەوە وەکو هۆبەی (أوب..)، بەرای من شتێکی وا بکرێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئەیاد گوتی ئێمە لیژنەی یاسایی کۆکین لەسەر ئەوەی ئیمتیازێک نەدەین بە هەندێ چین و، ئەوەمان بەجێهێشت بۆ ئەوەی بەڕێز وەزیر ئازاد بێ لە وەزارەت ئەم شتانە دروست بکات و، مەرج نییە هەموو شتێک هەر دەبێ لە یاسادا بێت، بەڵام ئەگەر ڕاشتان وایە ئەمە وەکو مادەیەک زیاد بکەین ئەوە شتێکی ترە، ئەگەر نا ئەوە بەجێ دێڵین بۆ سیاسەتی وەزیر خۆی نیزامێک بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من قوتابخانەی نموونەیی بۆ قوتابییە لێهاتووەکان شتێکی باشە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە بۆ کۆمەڵگای ئەوروپی لەوانەیە زۆر بەجێ بێت، بەڵام دەبێ ئێمە لەبیرمان نەچێت کە کۆمەڵگای ئێمە چۆنە، بێ گومان ئەمە ئیستغلال دەکرێت ئەم ئیستغلالەش لە قازانجی ئێمەو پەروەردەدا نابێت، لەبەر ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم بەشتێکی باشی نازانم لەو بارودۆخەی ئێمەدا، ئەگەر هۆبە بکرێتەوە ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێی فەحسی پزیشکیی قوتابی زیرەک دەردەکەوێت، ئینجا لەسەر ئەم بنەمایە با قوتابیە زیرەکەکان دەست نیشان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کردنەوەی ئەو جۆرە قوتابخانانە لە کۆمەڵێک وەکو کۆمەڵی ئێمە گرفت دروست دەکات بۆ نموونە:

لە شوێنێکی وەکو هەولێر قوتابخانەیەک لەو بابەتە بکرێتەوە یەکێکی هەژار لەوانەیە زۆر زەحمەت بێت هەموو ڕۆژێ بگاتە ئەو قوتابخانەیەو بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ لەشوێنێکی وابێت کە هەموو هاوولاتییەک بتوانێ بگاتە ئەو قوتابخانەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قوتابی هەژاریش بن دەبێ دەرماڵەیان بۆ دابنرێ و،جل وبەرگ بۆیان تەرخان بکرێت، هەروەکو د. ناسح دەڵێ لەسەر ئەو لیژنەیە رادەوەستێ کە هەڵیاندەبژێرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من نازانم ئەوە (على اختلاف درجاتها وانواعها) ئەم (انواعها یادرجاتها) ئەوە ناگرێتەوە؟ ئەو دەقە کافی نییە؟ (ضمان انشاء وادارة المدارس الحكومية على اختلاف درجاتها وانواعها). یەک جۆر لەو قوتابخانانە بێت، «ذوی الكفاءات» یان «ذوی المواهب» ئەوە بۆ لیژنەی یاسا دەهێڵینەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم یاسایە بۆ دەوڵەتێکی ئارام و خاوەن ئابوورییەکی ڕێکوپێک دانانێین، ئێمە دەبێ ڕەچاوی زۆر شت بکەین و، لێرەش لە یاساکە ماوەیەکی زۆری داوە (المدارس بانواعها)، ئەوجا وەزارەت بە پێی پێرەو دەتوانێ ئەو قوتابخانانە دروست بکات، ئەمە یەک. دوو ئێمە دەبێت ڕەچاوی باری ئابووری ئێستای کوردستان بکەین و، لە دوا ڕۆژ کە بارودۆخ چاک بوو دەتوانین یاسا بۆ ئەم جۆرە قوتابخانانە دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز هێرۆخان خاوەنی پێشنیارەکەیە، ئایا ڕازیە تەنها (بأنواعها) بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر ئەوەندەی ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە یاساییەکان ماوە دەدەن، دەڵێن ببێ بە (انواعها) ئەوسا ئەشێ لەژێر ئەو بڕگەیە قوتابخانەی تایبەتیش هەبێت و، ئەگەر یاسایەکی تایبەتی هەبێ ئەو کاتە با وەزارەتی پەروەردە پێشکەشی بکات، مادام وایە بڕگە(٦) هیچ تێبینی لەسەر نییە؟

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆئەوەی دەسەلات زیاتر بدرێتە وەزارەت، بەلام مەرج نییە (مدارسی تجریبی) ئیستغلال بکرێت لە لیژنەی یاسایی، بەلام ئەگەر بکرێت بەو شێوەیە(للوزارة الصلاحية بفتح المدارس خاصة عند الضرورة)، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەوە لەدەسەلاتی وەزارەتە پێویست ناکات ئێمە بلێین ئەوە لەدەسەلاتی ئەو دایە(فتح المدارس بأختلاف درجاتها وانواعها) ئەوە روونە..کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییەی؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا..

چ تێبینی یەک هەیە لەسەر بڕگە (٧) یا لیژنەی پەروەردە، تێبینی خۆی بلێ:

**بەڕێز کـەمـال جـەلال غـەریب:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لیژنەی پەروەردە ویستمان ئەو بڕگەیەش زیاد بکەین لەگەڵ (٧)دا (تشجيع الموظفين وجمعيات على انشاء المدارس الأهلية المختلطة بكافة بمراحلها على ان تكون تحت اشراف وزارة التربية وتوجيهها في التربية الناشئة تعيد للسياسة التربوية الوافية)، داوا دەکەین ئەم دەقە رەزامەندی لەسەر وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

(الأشراف على المدارس الأهلية)، باشە کۆمەڵەو وئەوانە ئەهلی نین؟.

**بەڕێز کـەمـال جـەلال غـەریب:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەبێ خۆیان بیکەنەوە جەمعیات خۆی دەبێ قوتابخانەی ئەهلی بێت، سوپاس.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەبێ سەرپەرشتی لەسەر قوتابخانەی ئەهلی بەتایبەتی (مدارس الأهلية الأغلبية ومدارس اقليات ومذاهب) ئەو شتانە هەبێ، دەڵێ (وفق السياسات التربية) بەرای من ئەو ماددەیە لە کۆنەوە ماوە، تا نەختێ ئازادی هەبێ لەرووی رەواڵەتەوەو دەستێوەردان لەئیشوکاری ئەو قوتابخانە تایبەتیانە کەمتر بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم ئەوە لە سیاسەتی گشتی پەروەردەدایەو، لە بڕگە یەکدا دیاری کراوە.

بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مەبەست لە قوتابخانەی ئەهلی چی یە؟ ئایا سەرەتایی وناوەندی ودواناوەندییە؟.

بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مەبەستمان هەموویەتی.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

قوتابخانەی ئەهلی هەر سێ قۆناغەکە دەگرێتەوە، واتا تۆ لەگەڵ ئەوە نیت کە قوتابخانەی ئەهلی هەبێت.

بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەمە تەنها باسی (جمعیات) دەکات، ئێمە مەبەستمان لە (جمعیات) نقابەیە، (نقابەی معلمین) قوتابخانە دەکاتەوە، ئەویش دەڵێن (الأشراف وتشجيع الجمعيات والمدارس الأهلية وتوجيهها لتربية الناشئة)، سوپاس.

بەڕێز عومەر عەلی حسێن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارە ئەم برگەیە، هەندێ قوتابخانەی تەبشیری هەیە، نازانم لێرە جێی دەبێتەوە؟ یان نا؟، ئایا دەرسی ئینگلیزی ،فەرەنسی وانەیە..سوپاس.

بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە قوتابخانە ئەهلیەکان هانبدرێن، چونکە توانای داراییمان باش نییەو، زۆربەی قوتابخانەکانمان بە خۆڕایین، لەبەر ئەوە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە (الاشراف على المدارس الاهلية)، سوپاس.

بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قوتابخانە ئەهلیەکان تەنیا بیناکردنی لەلایەن خەڵکی تر دەبێت، بەڵام سەرپەرشتی کردنی و خوێندن تایبەت دەبێت بە پەروەردە، سوپاس.

بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حسن بامەرنی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیار دەکەم قوتابخانەی ئەهلی ئەوەیە کە خوێندن تیایدا بە پارەیە؟، لە هەموو دونیادا بۆ ئەو قوتابخانانە باشترین مامۆستاو ئامێری دێنن، بەم شێوەیە جیاوازی چینایەتی دروست دەبێ،

چونکە هەندێک کەس توانای مادیان هەیە دەتوانن بخوێنن، هەندێکی تریش بێ بەش دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە بابەتی قوتابخانەی ئەهلی و حکومی، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا دەژین حەز دەکەم روونتر بێت لەلای برادەران. لەیاساکانی ئێمەدا هیچ شتێکی وانییە هەموو شتێک کاتی بێت ، لەبەر ئەوە دەبێ تۆزێک ئاگامان لەو جۆرە دەسەڵاتانە بێت.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا زۆربەی قوتابخانە ئەهلیەکان هی دیانانە قوتابخانەی (ئەرمن) هەیە، قوتابخانەی (مەسیح) هەیە لە کنیسەی دهۆک ئەوانە قوتابخانەیان هەیە تیایدا زمان و ئایینی خۆیان دەخوێنن، بەڵام تاکو ئێستا قوتابخانەی ئەهلی سەر بەحکومەت نییە، لەبەر ئەوە ئەو دەقە زۆر رێکەو، با قوتابخانەی ئەهلی لەژێر چاودێری پەروەردە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەقەی کە هاتووە باشەو، هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانە ئەهلیانە کە دادەمەزرێ خەڵکی بۆی روون دەبێتەوە چ بابەتێکە؟ بۆیە ئەو قوتابیانە دەنێرێتەوە ئەوێ، ئایا لەبەر ئەوەی لە خوێندن دواکەوتون، یان لە قوتابخانەکان دواکەوتون وبەباشی نەڕۆیشتوون، هەندێک بەپێچەوانەوە، هەندێک لەبەر ئەوەی بەرۆژ کار ئەکەن و بەشەو دەبێ بخوێنن ، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیەی کەنوسراوە وابزانم روون و ئاشکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەی دکتۆر کەمال لە جێگای خۆیەتی قوتابخانەی ئەهلی ئەو واتایە هەڵدەگرێ. لە راستیدا وەکو گوتمان ئێستا ئێمە لە تواناماندا نییە هەموو شتێ دابین بکەین لەم وڵاتەدا.
زۆر لە برادەران لەوانەیە لێرەش قوتابخانەی ئەهلی بکرابایەوە هەر نەیانتوانیبا بخوێنن، لەبەر باری سیاسی یا باری ژیان. هیچ روونکردنەوەیەکی تر هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەتی عێراق قوتابخانەی ئەهلی لابردووەو، لەکوردستاندا قوتابخانەی ئەهلی نییە، دەبێت ئێمە بڵێین (فتح المدارس الأهلية او انشاء دوائر الأشراف عليها).

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێنە دوو لق، یەکێکیان ئەو قوتابخانانەی کە جەمعیاتەکان دەیکەنەوەو وەکو

(نقابەی معلمین) کە خۆیان سەرپەرشتی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، لقی دووەم ئەو قوتابخانانەی کە دەوڵەمەندەکان بیانەیەکەی دروست دەکەن، پاشان دێتەوە ژێر سەرپەرشتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیەکم هەیە، لەوانەیە دوایی هەر حزبێک یان ڕێکخراوێک هەڵبستن بە کردنەوەی قوتابخانەیەکی ئەهلی.

**بەڕێز عدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوەم بدەن وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەمەوە بەکورتی:

ئەوەی کاک دکتۆر کەمال فەرمووی وەکو (اصاب کبد الحقیقة) واتا لێرە مەبەستی قوتابخانەی ئەهلیە.

سەبارەت بە تێبینی بەڕێز پەریخان، ئێمە مەبەستمان لەو قوتابخانانە جیاوازی چینایەتی نیبە، بەڵکو لەوانەیە یەکێک کاتی خۆی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات لەبەر هەر هۆیەک بووبێ، ئێستا ماوەی خوێندنی دەبێ لەم قوتابخانە ئەهلیانە مەرجیش نیبە دەوڵەمەند بێت، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە نابێ هەر لایەنە خراپییەکەی بگرین.

وەزیری ئەشغال کاک یونادم کەدەڵێ (سیاسەتی تعلیم)، وابزانم دەقەکە زۆر روونە دەڵێن (اشراف ضمن سیاسة العامة) بەڕای من هەر لایەنێک هەبێت.

ئەوەی هێرۆ خانیش فەرمووی ئێمە مەبەستمان لێرە لەو دەقە بینا کردن نیبە لەوانەیە هەندێک کەس بینا بگرێت، بەڵام ئەمە ماوە دەدات بەو کەسانەی خوێندنیان تەواو نەکردووە، ئێستا بخوێنن.

سەبارەت مەسەلەی حزب و نقابەکان کە بەڕێزتان فەرمووتان، کاتێک ئێمە کە یاسای حزب و کۆمەڵەکان دادەنێین، ئەوە ئەو کاتە لە پێڕەوی ناوخۆی ئەو ڕێکخراوانە دێت، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ دەقەکەدا کە دەڵێ «اغراضها» تائیرە زۆر باشە. لەکوردستان هەندێ دێرمان هەیە کاتی خۆی صدام (مصادەرەی) کردوون پێشنیار دەکەم بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«واغراضها» وابزانم لەسەرەتاوە دیاری کراوە کە وەزارەتی پەروەردە چییە؟، ئەوەش دووپات دەکەینەوە مەسەلەی (وبناء علی روح التسامح والتعایش القومي) وابزانم (اغراضه)کە زۆر روون دەبێتەوە ئێستا وەکو دەقی برگە (٧)..کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی هەشت چی تێ بینییەک هەبە لەسەری؟نییە مانای وایە دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ بڕگە (٨)ە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە نەهاتووە کە باسی «محو الأمية» ی تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وابزانم جارێ نەهاتووە، وابزانم لیژنەی پەروەردە تێبینییەکی تری هەیە.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەر لە بنەڕەتدا هەر نەهاتووە.
(انشاء المعاهد ومراكز لتقديم الكبار ومحو الأمية)،جا ئێمە مرۆڤێکی گەورە بێنین فێری خوێندەواری بکەین، ئەی بۆ منالداڵێکی نەخوێندەوار فێری خوێندەواری نەبێت، خۆی ئەمە جۆرێکە لە نەهێشتنی نەخوێندەواری (محو الأميه لتعليم الكبار)، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە بێت (انشاءالمعاهد ومراكز لتعليم الكبار ومحو الأمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر (محو الأمية) لە هیچ شوێنێک نەهاتووە، با لیژنەی یاسا بیکات بە بڕگە (٨)و، دەقەکەی دابڕێژێ.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(محوالأمية) بە زۆرە یان هەر کەس بەکیفی خۆبەتی، ئەگەر بە زۆری بێ سەرناگرێ، چونکە حکومەتی بەعس نەیتوانێ لەمەدا سەرکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یاسا دادەنێین و، ئەگەر خواکردی و توانا هەبوو ئەوە جێ بەجێ دەبێت، ئێمە بادەقێکی یاساییمان هەبێت ، لەبەر ئەوەی زۆر پێویستە بۆ کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز عومەر علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بنکەکان پێش پەیمانگاکان بێ (المراكز و المعاهد)، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

التربية الوظيفية مەبەستی چییە لە (الوظيفية )؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(وتدريبهم وفق اساليب التربية الوظيفية)

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەزیادە هاتووە ئەو وشەیە زیادە خۆی (وطنیە) بووە، بووەتە وظیفیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقەکە روونە (انشاء المعاهد ومراكز تعليم الكبار وتدريبهم وفقا للأساليب التربية الوظيفية) وابزانم (الوظیفیە) لایەنی سکرتێریش دووپات دەکاتەوە، روونکردنەوەکە ئەوەیە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم «وظیفیە یا وطنیە »هەردووکی لاببەین بیکەین بە (متبعە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاکیدەکە لێرەیەو (تربیە وظیفیە) بابەتەکە هەڵە نییە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تأهیلی وظیفیە واتە (وظیفیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە برگەی(٨)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تەنها ئەو یەک دوو تێبینیەی (معاهد کبار (وتعلیم محو امیة) بۆ زیاد بکرێ.

دوو تێبینی هەیە دەبێ لیژنەی دارشتن رەچاوی بکەن ١ـ (مراکز) پێش (معاهد)بێ، ئەگەر چ گرفتێکی تر نەبێت. ٢ـ (محو الامیة)ش ئەگەر باسی نەهاتووە ئەوا دەبێ لە برگەیەکی تر زیاد بکرێت.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس الوطني.**

أقترح وضع فقرة خاصة بمحو الأمية، شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

يعني نفرد فقرة خاصة لمحو الأمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەیەکی بەجیا بۆ (محو امیە)بێت. وتا ئەم دەقە تەنها رەچاوی (مراکزو معاهد) بکرێت لە دارشتندا. کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە سوپاستان دەکەین؟.. کێ لەلەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

تەنها ئەو تێبینییەم هەیە بۆ تثبیتی میلاک برگەی نۆ ئەگەر کەس تێبینی نییە؟. لیژنەی پەروەردە تێبینییەکیان هەیە.

**بەڕێز د.کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستمان لێرە برگەیەک زیاد بکرێت بۆسەری بلێین..(والأستعانة بالمنظمات الأنسانية لهذا الغرض).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم برگەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

برگە (١٠)چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ لیژنەی پەروەردە داوایان کردووە ئێستا زیاد بکرێت.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اضافة الفقرة التالية (وتشجيع المواطنين على المساهمة في انشاء الأبنية المدرسية) مادام بۆمان نەکرا داینێین ئاگادارم لێرە دایدەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیارێکە، هانی هاوولاتییان بدرێت بۆ دروست کردنی قوتابخانە، وابزانم ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆدا نییە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان قوتابخانەی نموونەییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(العناية) روونە..(العناية بالأبنية المدرسية والمساهمة بوضع النماذج الصالحة وضمان توفرها بوضع الخطط اللازمة لأنشاءها). زۆر قوتابخانە لەڕووی تەندروستییەوە چاک نییە، ئەگەر تەماشای بکەی (وضع نماذج صالحة) روونە.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم پەیوەندی بە کەرولاڵەکانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەم برگەیە تەواو بکەین چ تێ بینییەک هەیە لەسەر برگەی (١٠)؟.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رام ئەوەیە بە زنجیرە بێت، چونکە لەبرگەی(٨) ئێمە باسی ئەهلی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا زنجیرەکە بگۆڕین؟ ئەوە بمێنێتەوە بۆ لیژنەی داڕشتن ئەگەر تێبینییەک نییە؟.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنی جوانی وپاکی قوتابخانە باس نەکراوە، پێویستە لێرە دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جۆرە شتانە دوایی لەپێڕەوی ناوخۆدا دێت، مەسەلەی ڕێکخستن وپاک کردنەوەی قوتابخانە لە زمنی بودجەی وەزارەت دەبێت،یاسا تەنیا شتی بنەڕەتی دادەنێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو برگەی(٩-١٠) ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە: (العناية بالصحة المدرسية) پاکی دەگرێتەوە، خاڵی یەک دەڵێ: (العناية بالأبنية المدرسية والمساهمة بوضع النماذج الصالحة)، ئەوەش رووی جوانی یدەگرێتەوە.

**بەڕێز عدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەندروستی قوتابخانەکان، ئێمە مەبەستمان لێرە لایەنی پزیشکییەو، لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە ئەوەمان داناوە بۆ «الأبنيــة»، چونکە زۆربەی قوتابخانەکان کە تەماشا دەکەی وادەزانی بەندیخانەیە پەنجەرەکانی لە ئاسمانە. ئیتر ئەم مامۆستاو قوتابییانە کە ئەمانەوێ لەسەر نموونەی ئەهلی دابنرێت، جوانتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من ئەگەر قوتابخانە پیس بێت، ئارەزووی وانە وتنەوەی تیادا نامێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دیارە هەر بینا دەگرێتەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لێکدانەوەیەکی ئیجابی برگەکان بکەین (العناية بالصحة المدرسية)،تەندروستی قوتابخانەکان و|بزانم هەمووی ئەگرێتەوە و پاکی بەشێکە لە (العناية بالأبنية المدرسية).

**بەڕێز د.فایق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە دەبێت گرنگی بدرێتە مێژوو وزمان وئەدەبیاتی کوردی، دەبێ بڵێین (العناية بالتأريخ والأداب الكردية في مراحل الموسطة والأعدادية)، سوپاس.

**بەڕێز حەمەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برگە سێ تەماشا بکەین (تهيئة المناهج الدراسية الأبتدائية والثانوية والمهنية وتعليم الكبارو وسائلها وكتب الدراسة فيها واساليب التقويم والأمتحانات فيها للسياسة التربوية والخطط المترتبة عليها) وابزانم هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چواریش برگە یەک هەمان وەڵامی تێدایە. تەئکیدی لەسەر دەکەین، چونکە (مهم السياسة التربوية فن مجتمع الكوردستاني) پاشان لە تفاسيل دێت.

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵی نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

برگە(١١)هیچ تێ بینییەک هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم زیادەیەک بکرێت لە کۆتایی برگە (١١) «العناية بالبحوث التربوية والأشراف على التجارب والأستفادة من نتائجها في نظام التعليم وزيادة كفاءة وتطوير المكتبات المدرسية.»، چونکە کتێبخانەی قوتابخانەکان زۆر بە سوودن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الأهتمام ..تەواوترە «الأهتمام بالمكتبات المدرسية» پێشنیارەکە ئەوەیە برگە(١) بخرێتە دوای ئەو مادەیە، ئەویش «الأهتمام بالمكتبة المدرسيةوتطويرها» چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن پێشکەوتنی پەیوەندی نییە؟..دەڵێن (تطوير فى نظام التعليم) چۆن لێکۆڵینەوە لەسەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من کتێبخانەکان زۆریان تالان کراون، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان برگەیەکی تایبەتی هەبێت،لەبەر ئەوەی لەهیچ شوێنێک باسی کتێبخانە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (١٢)پەیوەندی رۆشنبیرییە، بێگومان کتێبخانەش پەیوەندی بەرۆشنبیری هەیە، دەتوانین لەدوای بڕگە(١٢) بۆی زیادبکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ دەکەم کە بکرێتە بڕگەیەکی تایبەت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە تێبینییەکی تر نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت دەربارەی کتێبخانەکان، با لیژنەی دارشتن بڕگەیەکمان بۆ زیاد بکات، واتە بڕگە (١١)دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

فقرە (١٢)چ تێ بینییەک هەیە لەسەری؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (بالتعاون)زیادەیە لە جیاتی (توثیق العلاقات الثقافیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(توثيق العلاقات الثقافية بالتعاون مع المنظمات الدولية بشؤون التربية)، وشەی (بالتعاون) زیادەیە ئەوە لیژنەی یاساییش رایان وایە، مادام ئەم بڕگەیەش وەک خۆی دەمێنێتەوە، تەنها (بالتعاون) لادەبرێ.

دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیە؟ .. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا..

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاساکە باسی کەم ئەندام نەکراوە، ئەوەی کەڕولاڵ و کەم ئەقڵن دەبێ بڕگەیەکیان بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی (١٣) إلأعتناء بالمكتبات المدرسية وتطويرها .

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العناية بتطوير المكتبات المدرسية واغناءها بالكتب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(العنايه والتطوير)وتەتوير بەرفراوانترە .

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی رعايە اجتماعيە وصحيەكە..؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قوتابخانە کتێبخانەی هەبێت ئەوازانیمان پێڕەوی ناوخۆ چی دەڵێت بابزانین پەروەردی ئێمە وەکو مەبدەئێکی گشتی تەئییدی ئەوە دەکەن کە دەبێت کتێبخانە هەبێت وەچاودێری بکرێت، دەقەکەی لەوەیە خراپ نەبێت.

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری دانانی بەندێکی تر دەکەین،( توثيق العلاقة بين البيت والمدرسة بمختلف الأساليب الشائعة)..سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بڕگەیەک زیاد بکرێت لەو بابەتەوە «الأقليات القومية واللغة الكردية الأمية في تلك المدارس»، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماددە (٤)بخوێننەوە،برگە (١) وابزانم ئەم بڕگەیە کافییە بۆ ئەم مەبەستە (وضع الاساسيات التربوية المتعلقة بميادين اعمالها على ان تكون مستمدا من طبيعة المجتمع الكوردستاني ومن حاجاتة ومتطلبات تقدمه ويراعى فيها الخصوصية القومية للأقليات بما فية التركمان والأشوريين والعرب وغيرهم خصوصية قومية)، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە لەسیاسەتی فێرکردن (تكون لغه التعليم)..لەماددە چوار بڕگەیەک زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردووە بەم شێوەیە بێت،(استحداث المديرية العامة للأقليات القومية).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕاستی هیچ جێگایەک نییە باسی زمانی کوردی ونەتەوەی کوردی تیاکرابێت، باسی کەمەنەتەوایەتیەکانی تری لێ نەکرابێ، ئێمە نەک خۆمان لەم بابەتەپاراستووە بەڵکو حەزمان لێ بووە هەر شوێنێ هەبێ بتوانێ باسیان لێ بکرێت و، ئێمە باسی مافی نەتەوایەتی تورکمان ئاشوریمان لە زۆر جێگا کردووە، هەرچی تر باس بکرێت لەم بارەیەوە زیادەیە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بابزانم ئەگەر چەسپاندنی لەجێگایەکی ترگرفت دروست ناکات، چونکە وەکو کەمینە ئێمە چەسپاندوومانە بەڵام دووبارە کردنەوە لەیاسادا جوان نییە، بەڵام ئەگەر دووبارە بوونەوەکە گیانی لێبووردنی نەتەوەی کورد دووپات بکاتەوە ئەو شتێکی ترە.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دووبارەکردنەوە لەیاسا ڕێک نییە، سوپاس.
**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادەی چوار وابزانم برگەیەکمان زیادکرد (تكون الدراسة باللغة الكوردية)، ڕای منیش لەگەڵ ڕای برادەرانە کەدەبێ مافی ڕۆشنبیری برادەرە ئاشورییەکانمان بپارێزرێت، پێشنیار دەکەم ئەمە تەسبیت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وەکو مەبدەء لە مێژە لەسەر ئەم بابەتە ڕێککەوتووین، هیچ گرفتێک نییە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر دەقێکی ئاشکرا هەبێت ئەوە دووپات بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەی کەمە نەتەوایەتییەکانی لێیە لە قوتابخانەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام خوێندنی زمانی کوردی ئیلزامی بێت تیایدا.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
زمانی کوردی زمانێکی ئیلزامییە بۆ فێرکردن ئەوە کە منداڵ دەتوانێت زمانی دایکی بگرێت هەتا قۆناخی سەرەتایی و بۆی هەیە زمانی خۆی بخوێنێ، منیش تەئکیدی ئەوە دەکەم کە برگەیەکی یاسایی هەبێت بۆ ئەم بابەتە بۆ ئەوەی ئیجتهاد لە ئیشەکانماندا نەکرێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
باشە وەکو ئێستا پێشنیارێک هەبوو پێش ئێستا وتیان ئەگەر دەقێکی کورت هەبێ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت (تکون الدراسة في المدارس الأبتدائية للأقليات قومية بلغاتهم وتكون لغة كوردية إلزامية فيها)، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام (وتدريس لغه الأم) و زمانەکەی خۆشی لە ناوەندی و دواناوەندی بخوێن وەکو ئینگلیزی، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برا یاساییەکانمان بتوانن دەقێکمان بۆ دابنێن کە بەم شێوەیە بێت،(المديرية العامة للدراسة الكوردية. واتا بەڕێوەبەرایەتیەک بکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە (تتولي شؤون دراسة قوميات ملاحظة الأدب وتعريفه) ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەڕێزان رازی بن ئێمە لاریمان نییە دارشتنەکەی زیاد بکەین، بەڵام یەک تێبینی بچووکم هەیە پێش ئێستا کاک فرەنسۆ وتی برایانی ئیسلامی زۆر تەئکید دەکەن لەسەر ئیسلامیەت وەک بڵێی گومانیان لێی هەبێ،سەبارەت بە مافەکانی برا ئاشووریەکان ئەوانیش وەزیریان هەیە لەگەڵ ئێمە نوێنەریان هەیە باوەڕ ناکەم گومانیان لەخۆیان هەبێ ئەوەندە سوورن لەسەر ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم مامۆستایان تەنها مەبەستم لەسەر سووربوونیانە لەسەر زمانی کوردی وەکو بڵێی بەگومان بن لێی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سووربوونەکە بۆ ئەوەیە ئێمە لەوانەیە هەتا ئێستا پەیوەندی مەرکەزیمان دیاری نەکردووە، ئەگەر پەیوەندی مەرکەزیمان دیار کرد ئەو کاتە دیسان هەر دەبێ تەئکیدی لێ بکەین، پێشنیارەکە بەم شێوەیە (تكون الدراسة في المدارس الأبتدائية للأقليات القومية بلغاتهم ،وتكون اللغة الكوردية الزامية فيها).

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو بابەتە لیژنەی پەروەردەو لیژنە یاسایی لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی پەروەردە سیغەیەکی بۆ بدۆزنەوەو، بۆ ئەوەی زیادی بکەین و برگەیەکی تازەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (٥) پێویستی بە برگەیەک هەیە زیاد بکرێت، دەربارەی (اقلیات)ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە؟.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی با دایبرێژێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەیەک زیاد دەکەین لەسەر مادەی(٥). کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یوسف یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەسەر مادەی چوارم بمایەوە باشتر بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە خرایە دەنگدانەوەو گوێمان لێرە برگەیەک زیاد دەکرێت بۆ سەر ئەم مادانە.

مادەی(٦) بریتییە لە (٦) برگە.

برگەی یەکەم چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ لیژنەی پەروەردەش نیانە مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ برگە یەکە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

برگەی (٢) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە (٢)«مستوي دراسةالأعدادية دراسية صفتين الأكاديمية والمهنية» کاتی خۆی خوێندنی پیشەیی سەر بە بەغداد بوو «مجلس العام للتعليم المهني»، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەمانەوێ کورت بێت و مەرجی تیادا نەبێ یانی ئەوە. بابڵێین بەو شێوەیە بێت (مرحلة التعليم الثانوي والمهني)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە (المهني) ثانوی نییە؟ ئەوە ئاشکرایە کە گوتت (ثانوی) هەمووی دەگرێتەوە.

بڕگە (٢) ئەگەر چ تێ بینی یەک نییە لەسەری دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نی یە؟..بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

بڕگە(٣)ئەمە باخچەی ساوایان ئەگەر ئێستا تێبینییەک هەیە.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم زنجیرە بگۆڕین، لەبەر ئەوەی باخچەی ساوایان پێش قوتابخانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ زنجیرەکە بگۆڕدرێ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارە لەگەڵ ئەو دەقەی کە هاتووە ناگونجێت، چونکە دەڵێت (ينتظم التعليم العام للناشئين في مرحلتين رئيتين) کە ئەو قۆناغەش باس کراوەو، ئەوە روونکردنەوەیەکی ترە پەیوەندی بەوە نییە، ئەوە دەڵێت بەو شێوەیە بێت یەک: (تكون رياض الأطفال سابقة لمرحلة الأبتدائي ومدة لها) دوو: (ينظم التعليم العام الناشئين مرحلتين)، بەڕای من جێگەی خۆی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هەر دەبێت مادەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت پەیوەندی بەوەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارکم هەیە باخچەی ساوایان و (حضانەی) منداڵانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یاشوێنێکی ترە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم گوتیان سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی بووە.

**بەڕێز عـەدنان مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مادام وایە برگەی سێ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر هیچ تێبینیەک نەبێ؟.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

باسی دابەشکردنی وانەکانی خوێندنی سەرەتایی و محازەرات نەکراوە، هەروەها کرێی محازەرات دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەمە ئیشوکاری ناوخۆی وەزارەتی پەروەردەیە.

**بەڕێز عـەدنان مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی ئەمە لە یاساکە هەمانە.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم مەسەلەی وانە وتنەوە پەیوەندی بە پێڕەوی ناوخۆوە هەیەو، پەیڕەوی ناوخۆش دەرناچێت تاکو یاسا دەرنەچێت، ئێمە ئێستا گفتوگۆی یاسا دەکەین، بەڵام پێڕەوی ناوخۆ سەربە وەزارەتە.

**بەڕێز د.ناسح غـەفـور رەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێڕەوی ناوخۆ لێرە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت ئەوە لەئەنجوومەنی وەزیراندا باس دەکرێت و. برادەران هەر پێشنیارێکیان هەبێت دەتوانن پێشکەشمانی بکەن دوایی لە وەزارەت گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـەفـان عـوسـمـان نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دراسەی ئەوەمان کردووەو خاڵ بەخاڵ مناقشەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

باشە کە هاتینە سەر ئەم مادەیە باسی ئەوە دەکەین.

ئێستا ئێمە کۆکین لەسەر مادە (٦) کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

مـادە (٦) کێ لەگـەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کـرایەوە.. سـوپاسـتـان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا دێینە سەر مادە (٧).

**بەڕێز عدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة السابعة : مدة الدراسة الأبتدائية ست سنوات، ومدة الدراسة الثانوية ست سنوات ثلاث منها للدراسة المتوسطة والثلاث منها للدراسة الأعدادية بالتتابع، ولوزارة التربية ان تستحدث مدارس ابتدائية ذات مدة اقصر لمن هم في سن التعليم الأبتدائي ممن تخلفوا عن هذا التعليم الى سن (١٠-١٥)، ويجوز ان يقتصر المدرسة الواحدة على جزء من مرحلة تعليمية كما يجوز ان تشتمل على اكثر من مرحلة واحدة مراعاة لأعمار الطلاب والظروف البيئية والمقتضيات الأقتصادية للتعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٧)؟.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەتەمەنی وەرگرتنی قوتابی لەقوتابخانەدا باس نەکراوە. ئێستا لەعێراقدا (٥.٥) بەڕای من بکرێت بەشەش ساڵ، چونکە منداڵ لەم قۆناغە هێشتا توانای مێشکی تەواو نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (١١) (تؤسس الوزارة وتدير رياض الأطفال لمن هم دون سن السادسة بواسطة الأدارة المحلية) واتا تەمەنی فێرکردنی سەرەتایی کراوە بە(٦)ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١/٣١ ئەو ساڵەی کە دەبێت بەشەش ساڵ لێ ی داوا دەکرێ کەواتە کە ببێت بە ساڵی تەواو بەڕای من باشترە. .سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە خاڵی (١١-١٥) بگوێزرێتەوە بۆلای (لتعليم الكبار) کە باسمان کرد پێش ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەقە ئەو بابەتە لە لیژنەی پەروەردە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوودی لێوە وەرگیرێت، حەق نییە لیژنەی پەروەردە ببێتە یەکەم دژایەتیکەری، چونکە ڕاپۆرتێکتان هەیە دەبێ لەوێ یەکلا بکرێتەوە، بەلام ئەگەر تێبینییەک هەبوو قەیناکات ئێوە لیژنەی پەروەردەن و ئەمە کاری ئێوەیە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسمان کردووە لە(١٠-١٦)ساڵ پێ ی دەوترێت «الیافعین» ئەم قوتابخانەیە لەهەموو پارێزگایەک هەیە ئەوانە کاتی خۆی دەیانخوێند لە قۆناغی یافعین دواکەوتن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دوو برگەیە یەکێکیان کە ببێتە(٦)ساڵ ئەمە زۆر تەواوە واتا بۆ ئەوەی ئەو منداڵە نموزەجی تەواوی هەبێت ئەویتریان ئەم (١٠-١٥). ساڵە قوتابخانەیەکی تایبەتی دەوێت پەیوەندی نییە بەوەوە جاری وایە پێی دەڵێن قوتابخانەی « الیافعین» واتا بۆ ئەوانەی هەرزەکارن دەبێت لەقۆناغێکی تایبەتیدا پرۆگرامێکی تایبەتیان بۆ دادەنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر مادده (٨.٧.٦) چ تێبینییەکتان نییە بابێینەوە سەر مادەکەی خۆمان پێشنیارەکەی خوشکە نەسرین ئەوەیە دیاری کردنی تەمەنی خوێندن بکرێت بە(٦)ساڵ با جارێ ئەم پێشنیارە گفتوگۆ بکرێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەی خوێندن تا(٦)ساڵەو، قانونی عێراقیش هەر هەمان ماوەی داناوە، واتا تا ١/٣١ بەڕائی من هەروەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوەی تەمەنی ٥,٥ وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی نابێتە (٥) ساڵ شەش مانگ، چونکە خوێندن لە مانگی (١٠) دەست پێ دەکات و، هەتا ١٢/٣١ماوە هەیە، واتا منداڵەکە دەبێتە (٦) ساڵ و دوومانگ، ئێمە حسابی بەرواری لە دایک بوون ناکەین، بەڵکو حسابی ئەوە دەکەین کەی دەوام دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە جیهاندا ئەم نیزامە چۆنە ئێمەش لەسەری بڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم چوار مانگە بە قەدەر چوار ساڵ هەیە لەئاستی (٦)ساڵیدا نییە، ئەمە تەنها عێراق دایناوە ئەوەش لەبەرژەوەندی منالی پیاوە گەورەکاندا دەبێ و، لە ١/٣١ئیستغلال بکرێت تاقوتابی بەپێیی تەمەنی خۆی بێت واسیتەی تیا نەبێت، سوپاس

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم (٦) ساڵ و دوومانگ ئەو جیاوازی نییە ئەگەر دوومانگ حەقی نەدەینێ ئەوەی لە فەرەنسا مەعلومە لە ٥,٥ساڵ تا شەش بۆ غەدری لێ دەکەین و،(١٠)مانگ دوای دەخەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسا دەبێ شەش ساڵی تەواو کرد بێت، با ئێمەش هەر بەو شێوەیەی لێ بکەین کە قوتابی دەبێ تەمەنی شەش ساڵی تەواو کردبێت، ئەوکاتە لە قوتابخانە وەربگیرێت و، ئەگەر بەروارەکەشی دابنرێت ئەوەباشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارە بەمەسەلەی پێشخشتنی ساڵی خوێندن بۆ سێ مانگ من روونکردنەوەیەکم هەیە، ئەگەر خوێندن دوا بکەوێت بۆ ئەو ماوەیە، خوێندن تا مانگی (٧-٨) دەمێنێت، ئەوکاتە منداڵ ناتوانێ دەوام بکات لەبەر ئەوەی گەرمایەو، ئەم لایەنە رەچاو کراوە، بۆیە بەڕای من لەمانگی (٦)دراسە تەواو ببێت، چونکە مانگی (٧-٨) زۆر گەرمن، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوەیە منالی کۆمەڵگای ئەوروپی لەگەڵ منالی کۆمەڵگای ئێمە زۆر جیاوازی هەیە، چونکە منالی ئێمە تەنها کوڵانی هەیە، بەڵام کۆمەڵگای ئەوروپی جۆرەها شتی هەیە بۆ منداڵەکەی، سوپاس.

**بەڕێز فائق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەساسێکی یاسایی وزانستیانەیە،لەبەر ئەوەی لەم تەمەنە خانەکانی مێشکی منداڵان لە(٦) ساڵی یەوە ئیستیعابی ئەو بابەتانە دەکات کە پێی دەدرێ، لەبەر ئەوە لە ڕووی زانستیەوە پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا دەڵێن بەم جۆرەیە، (سن القبول في الدراسة الأبتدائية تمام السادسة من عمر، ومدة الدراسة ٦سنوات). واتا مادە حەوت بەم جۆرە دەبێت (سن القبول في الدراسة الأبتدائية تمام السادسة من العمر ومدة الدراسة ست سنوات).

لێرە دکتۆر کەمال تێبینیەکی هەبوو کە بەروارەکەی دەستنیشان بکرێ،ئەمە گرفتەکی پەروەردەییە کە بەروار دیاری بکرێ و، لە وەزارەت تەسبیت دەکرێ.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێــمــە ناتوانین بەرواریک دیاری بکەین بۆ ڕۆژی لەدایک بوونی منداڵان، لەبەر ئەوەی منداڵەکانی ئێمە دایکەکانیان بەرواری لە دایک بوونیان وادەدەنێن ئەو ساڵەی ئەنفال لەدایک بووە، یان ئەو ساڵەی ڕامان کرد چووینە ئێران، یان ئەو ساڵەی هەڵەبجە کیمیا باران کرا، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە نیزامی عێراقیدا قوتابی لەتەمەنی شەش ساڵیەوە لە خوێندن وەردەگیرێ و، سەرەتای ساڵی خوێندن لە ۹/۱۵وە دەست پێ دەکات، ئەو منداڵەی کە لە ۹/۱۵ لە دایک بووە وەردەگیرێ، بەڵام چوار مانگیش مۆڵەت دراوە تا ۱/۳۱ش لە دایک بووبێ وەردەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەســـرین مــــســـــتـــەفـــا مـــەزهەر:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە دەبێت ئەم بابەتە بدەین بە دکتۆرەکانیش بزانین رایان چیبە؟ چونکە ئەمانە هەمووی ڕێک وپێکە ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سەبارەت بە بابەتی دیاری کردنی تەمەنی یاسایی وەرگرتن لە قوتابخانەدا، با لیژنەی پەروەردەو لیژنەی تەندروستی کۆبوونەوەیەک بکەن بۆ داڕشتنی برگەیەکی تایبەت بەم مەسەلەیەو، هەر ئەمڕۆ ئەنجامەکەشمان پێ بدەن، بۆ ئەوەی بیدەین بە لیژنەی داڕشتن بۆ ئەوەی دوا داڕشتنی بۆ بکات.

**بەڕێز کـــــەمـــــاڵ جـــــەلال غــــەریب:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشـنـیـار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئێمە لە جیهان وەرمان گرتووە خۆمان نەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز نەســـرین مــــســـــتـــەفـــا مـــەزهەر:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بەتەمەنی قوتابی کە لەناوەندی وەردەگیرێ ئەویش بادیاری بکەین، چونکە هی کوڕ جیاوازە لەگەڵ کچان، پێشانیش نیزامێک هەبوو بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز هێـــرۆ ئـیـــبـــراهـیم ئـەحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

عێراق یاسایەکی هەیە بۆ قوتابخانەکان، بۆ نموونە لەبەغدا منداڵ هەیە دەتوانێ بە(٥) ساڵی

بچێت بۆ قوتابخانە، بەڵام لەکوردستان دەتوانێ لە(٧)ساڵی، دەبێت قانوونەکە یەک بێت لەعێراقدا، چونکە لەشەش ساڵی باشترەو، ئێمە بەیانی لە دایک بوونمان نییە، هەر هاوولاتییەک دەتوانێ بڵێ بزرمان کردووەو، دەچێ جارێکی تر بەیان ولادەیەک دەردەکات بەو بەروارەی کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە بچێ بۆ دەوام، سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پێشتر بەم شێوەیە بوو (یمكن دراسة في مدارس ابتدائية لمن يكمل السنة السادسة اويكملونه في كانون الأول في هذا العام)، بەڵام ماوەیەک بە مانگ یارمەتی هەیە تا ١/٣١، پێشنیار دەکەم ئەمە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر مەبەستم ئەوە بوو کەوا ئەو ساڵە شەش تەواو بکات واتا ئەو مانگی (٩)یە کە دایان ناوە شتێکی باشە، چونکە مانگی چوونە قوتابخانەیەو،ئەو ساڵەش درێژ بکرێتەوە بڵێین هی ئەم ساڵ هی١٩٨٦وەربگرێت هی١٩٨٧وەرنەگیرێت تاکۆتایی ساڵ باشە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدلکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها با تەمەنی چوونە قوتابخانە دیاری بکرێ وهی ناوەندی ئەوانی تر هیچی دیاری نەکرێ، چونکە یەکێک ئەگەر بیەوێت بخوێنێت بۆ ئێمە رێگای لێ بگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەمانەوێ لەکاروانی شارستانیەتی گەلان دوانەکەوین، هیچ گەلێک نییە تەمەنی خوێندن دیاری بکات، لەولاتاندا خەڵک دەتوانن هەتا هەتایە بخوێنن، چونکە دەسنیشان نەکراوە هەتاوەکو بۆ زانکۆ وبۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوە باوەڕناکەم دیاری بکرێت، ئەگەر نەیتوانی بخوێنێ بۆ قوتابخانەی ئێواران هەیە دەتوانێ لەئێواران بخوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کوڕەوە هەمیشە لای ئێمە دیاری دەکرێ، چونکە لەم ڕووەوە تائێستا ئێمە پێشمەرگەمان هەیە، لەوانەیە ماوەیەکی تر ئێمە کوڕەکان رابکێشین بۆ سەربازی و ئەو کاتە نیزامەکە بەسەر کوڕوکچا دەسەپێ، لەبەر ئەوە دەبێ قۆناغ و تەمەن جیا بکەنەوە،ئەوانی تر ئێواران بخوێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەتا ئێستاکە ئەوەمان نەکردو کە ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆین، لەبەر ئەوە هەندێ یاسا هەیە ئێمە دەبێت ڕەچاوی شتی تریش بکەین لەگەڵیاندا.

بۆئەم مادەیە یەک دوو تێبینی هەیە دەربارەی تەمەنی چوونە قوتابخانە کە دەبێ شەش ساڵ تەواو بکات و،هەروەها منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کە لە هیچ شوێنێک نییە لە جیهاندا قوتابی لە تەمەنی (١٨-١٩) ساڵی بچێت لە خوێندنی ناوەندی بخوێنێت. ئەمە مەسەلەیەکی پەروەردەیەو بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە بابەتانە دوو ڕێگا هەیە:

ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوەو دەستکاری نەکەین جگە لەو دەستکارییەی کە کۆک بووین لەسەری کە ئەویش دیاری کردنی تەمەنی دەست پێکردنی خوێندنی سەرەتاییە. ئەمە یەک. دوو یان لیژنەکانی پەروەردەو یاساو تەندروستی بە هاوبەشی بڕیارێک بدەن لەو بارەیەوە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە زۆربەی شتەکان لەنیزامی عێراقیدا وەرگیراون، کەواتە ئێمەش دەبێت وابڵێین کە گفتوگۆی لەسەر ناکەین کە سەرەتایی (٦)ساڵەو دواناوەندی (٦)ساڵە، کاتی خۆی دواناوەندی (٥) ساڵ بوو، دوایی کرا بە شەش ساڵ، لە زۆر وڵاتدا بەهەر قۆناغەوە (١٠)ساڵە ئێمە ئەوەمان نەگۆڕیوە، پێشنیار دەکەم یا لە دەستوورو نیزامی عێراقی نەچینەوە دەرەوە یان لەسەر ئەم نیزامە بڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو مادەیەدا تەنها ئەو تێبینییە هەیە کە دیاری کردنی تەمەنی (٦) ساڵیە، ئەوانی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..

کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

(المادة الثامنة)

١-التعليم الأبتدائي عام وموحد للجميع، ويمكن الأطفال من اكتساب ادوات المعرفة الأساسية واسس الثقافة.

٢-التعليم الثانوي يتيح للناشئين اكتشاف قابلياتهم وميولهم وتنميتها والتوسع في الثقافة والتدرج في الحصول على مزيد من التخصص في ميادين المعرفة والتدريب على تطبيقاتها تأهيلا للحياة العلمية ومواصلة للدراسات العالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە هەشت دووبڕگەیە، بڕگەی یەک چ تێ بینییەک هەیە لەسەری؟ نییە؟.

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.
کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. .برگە(٢)چ تێبینییەک هەیە؟.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەمە زیاد بکرێ (العناية بالمتفوقين والمعجزين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا(العنايه بالمتميزين) زیاد بکرێ؟ دراسه بکرێت بە(دراسة العالية والعناية بالمتميزين).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە(حصول على مزيد من التخصص) لێرە متميزينيش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ومن مواصلة الدراسة العالية للمتفوقين)جیاوازی نییە، (متميز)و(متفوق).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (العنايه بالمتفوقين ) زیاد بکرێت..

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس المحترم.**

ماينسجم مع صياغه الفقره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(التعليم الثانوي للناشئين واكتشاف قابليتها وتنميتها وتوسيع ثقافتها والتدرج في الحصول على مزيد من التخصص في ميادين المعرفة والتدريب على استفادتها تأهيلا للحياة العلمية ولمواصلة الدراسة العالية مع الأهتمام بالمتفوقين)
کێ لەگەڵ ئەودەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.
کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

(المادة التاسعة)
تنشيء الوزارة من الصفوف والمدارس للمعوقين مما يكفل الرعاية وفق الأساليب العلمية الحديثة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی چەند جارێ وتمان مەسەلەی کەم ئەندامەکان ئەم برگەیە بەسە..چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەم مادديە؟.

**بەڕێز کـــــەمــــــال جــــەلال غــــــەریب:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

پرسیارێکم هەیە دەربارەی کەم ئەندامەکان ، ئایا ئەمانە سەر بەتەندروستین یان سەربە وەزارەتی پەروەردەن؟ لەوانەیە هەردوولا گرنگی بدەن بەکەم ئەندامەکان جا نازانم جەنابت ڕات چییە ؟ سەربە تەندروستی یە یا سەربە وەزارەتی پەروەردەیە؟.

**بەڕێز د. حـــەمـــە نەجم حـــەمـــە فـــەرەج جـاف:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆک ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

سەبارەت بە کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە«الأهتمام بالمعوقین» .

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

مادەکە چەسپاوە ئایا پێویست دەکا هیچی بۆ زیاد بکەین؟.

**بەڕێز کـــــەمــــــال جــــەلال غــــــەریب:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

کـەواتە دەبێ بڵـێین (بالتـعاون مع وزارة الصحة)،..چونکە هەندێ شت هەیە پەیوەندی بە تەندروسـتی وە هەیە وپەروەردە بەتەنیـا بۆی نەکـراوە، لەبەر ئەوە بەهاوبەشی هەردوو لا بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مــەحـــمــود عــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

سەبارەت بە«رعایە الاجتماعیە»وە کۆمەڵێک بەشی هەیە، «متخلفین وصم وبکم»هەیە، بەڵام مامۆستاکان کەدەرسیان پێ دەڵێنەوە کەسەرپەرشتیان دەکەن، لەوەزارەتی پەروەردەوەن، واتە ئەو ئامێرو بینایانە سەربە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

مامۆستاکان سەربە وەزارەتی پەروەردەن ،کەواتە هیچ گرفتێک نییە ،

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتان دەکەین.

کێ لەگەڵی نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عـــەدنان مـحـــەمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

( المادة العاشرة)

١-التعليم في مرحلتي الأبتدائية والثانوية بانواعه المختلفة مجاني في المدارس الرسمية وكذلك في المعاهد المراكز الرسمية المنصوص عليها في المادة الثانية عشرة من هذا القانون.

٢-التعليم في مرحلة الدراسة الأبتدائية الزامي .

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

چ تێ بینی یەک هەیە لەسەر برگە یەک مادده (١٠)؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەوروپادا خوێندنی ناوەندیش هەر ئیلزامییە، واتا تاکو تەمەنی (١٥) ساڵی خوێندن بە زۆریە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە عێراقدا چەندە؟

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەعێراقدا سەرەتایی تا دووساڵ وابزانم ئەوەش دەگەڕێتەو بۆ سەرەتای (تطبیقی الزامی) لەسەر ناوەندی تەکالیفی زۆرە هەتاوەکو حکومەت بۆ ئەو پرۆژەیە زۆری خەرج کردو بەتەواویش ئەنجامی نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە (١)، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لەدەقەکە هاتووە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

برگە (٢) ،کێ لەگەڵ ئەوەدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

مادە (١٠) هەمووی وەکو خۆی کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

(المادة الحادية عشرة)

١- تؤسس الوزارة وتدير رياض الأطفال لمن دون سن السادسة بواسطة الأدارة المحلية..

٢-تنظم شؤون القبول والدراسة رياض الأطفال وتحدد اجور التي تستوفيها وللأعفاء منها...

٣- تشرف الوزارة على رياض الأطفال الأهلية وفق نظام خاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١١)برگە (١) چ تێبینیەک هەیە ؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ناوخۆ لە خوێندنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان ئیزدواجیەتی زیادەو، وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی فێرکردنە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من لێرە دەبێ تەمەنی باخچەی ساوایان دیاری بکەین کەوا لەشەش سالْ کەمترە، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێی نیزامِ منداڵ لە تەمەنی (٤-٥) ساڵی لە باخچەی ساوایان وەردەگیرێ، تا کەمێک لەشەش ساڵ کەمتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەزۆر وڵاتاندا لە مەسەلەی باخچەی ساوایان، شارەوانیش دەور دەبینێ.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆت دەزانی کە (ادارە محلی) رێک کەوتنیان لەسەر کردووە، بەڵام ئێمە وەزارەتی خۆمانمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکی ئیداریم هەیەو پەیوەندی بە یاساشەوە هەیە، ئەوەی بەڕێز جەمیل باسی کرد بابەتەکە باسی پسپۆڕی نییە، چونکە لایەنی گشتی بەرەو لامەرکەزی دەبێت، بەڵام ئیدارەی ئەنجوومەن گشتی یەو، ئیدارەی ناوخۆی تیادا نییەو،خۆی ئیدارەی ناوخۆ لێپرسراوە لە خەرجی و بینانکردن و هەموو شتێکی تر. بابەتەکە جیاوازی پسپۆڕی نییە جۆرە لامەرکەزیەکە بۆ ئەو ناوچەیەو ئیجرائێکی گشتییە لە یاسای ئیداری وابزانم مەسەلەکە زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەقوتابخانە سەرەتایەکانیش سەربە ئیدارەی ناوخۆن لەو رووەوە هەر باخچەی ساوایان نییە، بەڵکو مووچەی مامۆستاکان و خەرجی قوتابخانەکان و هەرچی شتێک بێت هەمووی سەر بە ئیدارەی ناوخۆیە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو جیا بکرێتەوە ئەوی تریش جیا دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جارێ جیای نەکەینەوە باشترە. پێشنیارێکی واهەبێ لەپەروەردە، کەواتە برگە (١) وەکو دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو برگەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. برگە(٢) کێ ی دژە؟..

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەکرێی ئۆتۆمبیل و شتی تریش نەمابوو ئێستاکە بەمنالآن بلێین کرێ بێن مانای وایە باخچەی ساوایان دادەخەین لەبەر ئەوە مەسەلەی کرێی تیا نەبێت..سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت دیاری کردنی کرێی تیا نەبێت.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ مەبەستم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە بۆ هەڵگرتنی کرێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..

لەبڕگەی (٢)(تنظم شؤون قبول الدراسة في رياض الأطفال وتحديد الأجور)، دەڵێ ئێستاکە نرخ هەڵگیراوە و داوا دەکەن کە ئەو دێڕەی (تحديد الاجور التي تستوفيها) نەمێنێ.

**بەڕێز سەعید عەلی خان عەبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە دەساڵ پێش ئێستاوە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان جارێکی تر دەیخەینە پێش چاوتان کە دیاری کردنی کرێ هەڵگیرێت لەو بڕگەیە. کێ لەگەڵ ئەوەیە نەمێنێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

بڕگە (٣) چ تێبینییەک هەیە؟ نییە؟.کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگە (٣) وەربگیرێ؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١١) پاش ئەو دەستکارییە کە کردمان، کێ لەگەڵ ئەو دەقەدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. سوپاستان دەکەین ..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕێ دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا کاتژمێر یەکە، ئێوارە دانیشتنێکمان هەیە بۆ تەواو کردنی ئەم یاسایە، بەڵام پێشنیارێک هەیە دەربارەی بابەتی یارمەتیدانی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەش ئێمە کاتی خۆی داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد، ئاگاداری وەزارەتی دارایی وئابووری بکەنەوە کە بڕێک پارە رەوانەی حسابی ئەنجوومەن بکەن، کەچی هەتا ئەمڕۆش رەوانەیان نەکردووەو تەئکیدی لێ بکەنەوە هۆکەی چی بوو؟، ئەگەر لەوەزارەتی دارایی لە بارەی ئەم بابەتە روونکردنەوەیەکمان بۆ هات ئەمڕۆ ئەوە پاش نیوەڕۆ ئاگادارتان دەکەینەوە کەچی یە؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان جێگەو ڕێگەیان لەهەولێر نییە ماوەیەکە کە تەنیا بەیانیان دانیشتن هەیە ئومێدەوارم کە ئێواران دانیشتن نەبێت، لەبەر ئەوەی زۆر کەس جێگای نییە نازانێ بچێ بۆ کوێ لەبەر ئەوە تکا دەکەین ئەگەر دانیشتنی بەیانیان درێژیش بێت زۆر هەتا سەعات (٢و٣) قەیناکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوبرادەرەی لەدەرەوەی هەولێرە لەهەرکوێش بێت زۆر زۆر سەعاتێک دوور دەکەوێتەوە خۆ ناچێتەوە بۆ سلێمانی یا دهۆک وبۆ ڕۆژی دووەم بگەڕێتەوە؟! ئێمەش هەتا کاتژمێر (٥) دادەنیشین، واتا (٤) کاتژمێرمان بەدەستەوەیە بەچوار سەعاتەکەش دەتوانێ نان بخوات و پشوو بدات.

سەبارەت بە گیرگرفتی شوێن ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بریارێکمان هەیە بۆ چۆڵ کردنی خانووەکانی پەرلەمان، بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران تاوەکو ئێستا ئەم بریارەی جێبەجێ نەکردووە، لەبەر ئەوە ئێمە جارێکی تر تەئکیدیان لێ دەکەینەوە کە بەزووترین کات ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەن.

**بەڕێز حەمەد ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە ناکرێت بەدوو کەس لێرە ژوورێکمان بدەنێ بۆ مانەوەمان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئێستا بیرێکی وامان هەیەو، ژوورەکان چۆڵە، بەڵام ئێمەش توانامان نییە پڕی بکەینەوەو جگە لەوە ئەمانە ژووری ئیشکردنن، لەبەر ئەمانە ئەوە چارەسەری کێشەی ئێمە ناکات، بۆیە ئەم خانووانەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەن دەبێ چۆڵ بکرێن.

**بەڕێز فوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم دانیشتن لە بەیانیەوە تاکو کاتژمێر (٣)ی ئێوارە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئێمە کاتی خۆی بریارێکمان دا کە دانیشتنەکانی ئێوارە لە نێوان کاتژمێر (٤-٥) بکرێ، ئێمە ناتوانین هەموو جارێک ئەم نیزامە بگۆڕین هەر جاری بە کەیفی ئەندامێک بێت، ئێستا ئێمە زۆر یاسامان لەبەر دەستە کە ئامادەن و، بەم زووانەش وەزارەتەکانی تریش یاساکانیان تەواو دەبێت و ئاراستەی ئێمەی دەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ لەم ماوەیەدا دانیشتن زۆر بکەین ئەگەر دەتانەوێ کۆبوونەوە لە کاتژمێر ٢ یان ٣ بکەین ئێمە لاریمان نییە.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کاتژمێر(٣) دانیشتن بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

ئێـمـە لاریمان نیـیـە، ئێـوە کـەی بڕیار دەدەن ئێـمـە لەخـزمـەتاین،بەڵام کـاتی خـۆی بە دەنگدان کاتژمێری (٥) پەسند کرا.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە بەیانیان هەتا سەعات (٣) دانیشتن بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

بەڵام لە بەیانیەوە تاکو کاتژمێر (٣)ی ئێـوارە، مرۆڤ مـاندوو دەبێ و پێـویستی بە پشـوودان دەبێت ئەمە یەک، دووەم، کە مێشک ماندوو بوو حەق نیبە ئێمە بڕیار لەسەر یاسا بدەین.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

ئەگەر کاتژمێر (٩)ی بەیانی بێت هەتا کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ زۆ باشە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

مانای وایە ئێمە دەبێ ئێواران دانـیشتن نەکەین، بەراستی ئەمە ناکرێت، چونکە ئێمە (١٥) یاسامان لەبەردەستدایەو، پێشنیارێکی زۆریش هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ بەردەوام بین لەسەر دانیشتن، بەڵام دیاری کردنی کاتەکە لە دەست ئێوە دایە.

**بەڕێز د. عـــیـزەدین مـــســـتـەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەمڕۆ سەعات چوار بێینەوە ئەو وەختە خەڵکەکەش نانیان خواردووە ونەختێک وابزانم بڕیارەکـان لەواقـیع نزیک تر دەبێت جا ئەو کـاتە بڕیار دەدەین لەسـەر کۆبوونەوەکانی داهاتوومان .

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە مانگی دووهەفتە بەبەردەوامی، واتا بەیانی ودوای نیوەڕۆکە بەبەردەوامی کۆبوونەوە هەبێت دوو هەفتەش پشوودان بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

دوو بڕیاری سەرەکیمان هەبەو، هەتا ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران جێ بەجێی نەکردووەو، ئێمە دووجار تەکـیدیشمان لێ کردووە کە خانووەکانمان بۆ چۆڵ بکرێت بۆ ئەندامانی ئەنجـوومـەنی

نیشتیمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمە بڕیارێکە دراوە وتەواو بووەو ئاگادار کراون کە ۲۱ی مانگ دوا ڕۆژە.

سەبارەت بە مەسەلەی یارمەتیدان، داوامان کردووە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە مەبلەغێکی پارە ڕەوانە بکەن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەندێ یارمەتی ئەندامانی ئەنجوومەن بدەین.

بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ ئەگەر هیچ پێشنیارێکی تر نییە، ئەوا کاتژمێر (٤)ی ئێوار کۆ دەبینەوە، بەم شێوەیە کۆبوونەوەی دووەمیش کۆتایی هات.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٧)

## كۆبوونەوەی سێیەم/ئێوارەی سێ شەممە/ ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/١

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەكۆبوونەوەی سێیەمیشدا درێژە بە گفتوگۆكردنی بەرنامەی كارەكانی دانیشتنی ژمارە (٢٧) دەدەین، لەكۆبوونەوەی دووەمیشدا ئەوە بوو كە ماددە یانزەمان تەواو كردو ئێستا گفتوگۆ لەسەر ماددە (١٢) دەكەین.

**بەڕێز عدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة الثانية عشرة:

تفتح الوزارة معاهد ومراكز تدريبية ودورات تجارية وزراعية وصناعية وفنية وفق متطلبات التنمية .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیەك هەیە لەسەر ماددەی(١٢)؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها زیادكردنێكی بچوكم هەیە، ئەگەر بخرێتە سەری، چونكە ئەویش پێویستی بەڕوون كردنەوە هەیە، ئەو قوتابییانەی كە شەشیان تەواو كردووە لە پەیمانگاو كۆلیژەكان وەرنەگیراون و بۆشایەكی زۆریان بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی ئەو بۆشایە پڕ بكرێتەوەو ئەو كێشەش نەمێنێت ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیارێكمان وەرگرت كە خولێكی تایبەتیان بۆ بكەینەوە وەكو بۆ ماوەی ساڵێك،لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم ئەم بڕگەیە (تفتح الوزارة معاهد ومراكز تدريبية وتجارية وصناعية وفنية اخري وفق متطلبات التنمية) واتا وشەی (تربوی) زیاد بكرێت.

بۆ ساڵی ئایندەش ئێمە دەتوانین نزیكەی (١٠٠٠) قوتابخانەی سەرەتایی بكەینەوەو، مامۆستای بۆ ئامادە بكەین. ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیارمان داوە خولێكی یەك ساڵی بكەینەوە، بەڵام ئەو وشەیەش زیاد بكرێت ئەم كێشەیەش چارەسەر دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەیە، مەسەلەیەكی ئیستثنائیە واتا یاسایەكی تایبەتە دەبێت وزارەت بڕیار وەربگرێت بۆ ئەو ساڵەو ڕێنمایی پێ دەربكات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوانەی کە سالآنی پێشوو دانەمەزراون و لە مال دانیشتوون لە کۆلیژیش وەرنەگیراون و، ئەوانیش مافیان هەیە جا نازانم کە ئایا موافقەت دەکرێت یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کاتی دامەزراندن نییە، جارێ باسی ئەم ماددەیە دەکەین؟

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم پێشنیارەکەی دکتۆر مەبەستی لەوەیە کەوا ئێمەدەستەی فێرکردن بۆ سەرەتایی ئامادە بکەین، چونکە بۆشاییەکی زۆر هەیە تەنانەت هەتا ئەگەر دەرچووانیش هەبن ئەو بۆشاییانە پڕ ناکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێکمان هەیە کە ئایا دەرچووانی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بەشی فێرکردنی سەرەتایی ناکەن؟، ئەگەر بەم مەبەستە ئەم خولە دەکرێتەوە ئەمە شتێکی باشە، ئەگەر نا من پێشنیار دەکەم ئەم خولە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە ئەوە نییە کە بەشی ناکات، بەلآم کێشەیەکی گەورە هەیە ئێستا بۆشایەک پەیدا بووە ئەم بۆشایە ئێستا بەوە چارەسەر دەکرێت ئەمەش پێویستی بەبڕیارێکی پەرلەمان هەیە، چونکە ئێمە ئەو بڕیارەمان داوە ،بەلآم پێویستی بە پەسند کردن هەیە لەلایەن پەرلەمانەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو دوو وشەیە زیاد بکرێت و، ئەوەش مانای ئەوە نییە ئێمە هەموو سالێک دەیکەینەوە، بەلآم لە کاتی پێویستیدا دەیکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە زۆر روونە هەتاوەکو خولی پیشەسازی و بازرگانی مەرج نییە هەموو سالێک بکرێتەوە، لەبەر ئەوە بوونی لە قانووندا هیچ زیان نادات، بەلکو قازانجیشی هەیە، لەبەرئەوە وابزانم ئەوە هەر گفتوگۆی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە بە بەردەوام دەورات هەبێت، ئەگەر پێویستی بوو دەیکەینەوە، کەواتە باتەئهیلیەکەشی لەگەلدا بێت بۆ ئەوەی کەناوە.. ناوە هەبێت، واتا مەرج نییە ئەو خولانە هەمیشەیی بێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئهیلیە هەمووی دەگرێتەوە، (دەورە تأهیلیە) تەواو دەبێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەدرێت بە لیژنەی دارشتن پاشان لیژنە دایدەرێژێتەوە، گرنگ ئەوەیە ئێمە مەبەستەکەی تێبگەین.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بە دارشتنێکی تازە بێت (للوزارة فتح دورات تدريبية تأهيلية عند الحاجة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسراوە «وفقا لمتطلبات التنمية» وابزانم روونە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئایا زیادی بکەین، یان نەکەین؟، کەواتە بیکەین بە دەورات (تأهلية فنية).

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێت بە (تربوية تأهيلية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بوو بە (تأهيلية)

کێ لەگەڵ ئەوەیە (تربوية) زیاد بکرێت، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..
سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟.. بەزۆربەی مادەی (١٢)پەسەند کرا.
تەنها ماوە (تربوية، تأهيلية) کامی رێکتر ئەوەیان دابنێین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة..

لاتقل مدة العام الدراسي لمرحلتي التعليم عامة عن (٣٢) اسبوعا عدا العطل كما لاتقل ساعات الدراسية الأسبوعية عن(٣٠) ثلاثين ساعة ويجوز تغيير ذلك بقرار من وزير التربية عند الأقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده (١٣).

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەسەر ئەو مادەیە روونکردنەوەیەکی زیاترم نوسیووە (یکون عدد حصص المعلم في الدراسة الأبتدائیة(٢٤) حصة، و(٢٢)حصة في المدارس المتووسطة، و(٢٠)حصة في المدارس الأعدادیة).
واتا دیاری کراوە، بەپێی موحازەرات بەروونکردنەوە نوسراوە (٣٢) وانە بەس، سوپاس.

**بەڕێز د. فائق محەمەد گوڵپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێشنیار دەکەم لە وەزیرو وەزارەتدا دابنرێت بۆ (یجوز تغییر ذلك بقرار من وزارة التربیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان (وەزیر)و (وەزارەت)، لەبەر ئەوەی وەزیر نوێنەرایەتی وەزارەت دەکات، ئەوە گرفتێکی تەکنیکییەو، دەبێت تەفاسیل لە پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتدا پاشان دیاری بکرێت.

**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وانە لە قوتابخانەکاندا بە کاتژمێر ناگوترێتەوە، چونکە قوتابخانەکان دوو دەوامیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
شتێکی ئاساییە ژمارەی وانەکان بکرێت بە (٣٠)، لەبەر ئەوەی ئێستا لەبەر کەمی بینایە هەندێ قوتابخانە سێ دەوامیان هەیە لە رۆژێکدا، سوپاس.

**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پرسیار دەکەم ئایا (٣٠) کاتژمێر وانە دەوترێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە، ئەو نیزامەی ئەوان دایدەنێن لەسەر حسابی هەندێ وانەی ترە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەفـــان عـــوســــمـــان نەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن.**

سەبارەت ئەو وانانەی کە بۆ قوتابخانەکان دانراوە بۆ ئاگاداری (٣٣) وانەیە، نەک (٣٠) وانە دەوترێتەوە لەدەوامی سیانی و، لە دەوامی دووانی ٣٠ وانە دەوترێتەوە، لەبەر ئەوە ئەمە جێی خۆیەتی (٣٠) وانە تەواوە، بەڵام لە هەندێ شوێندا بەنیسبەت مامۆستای سەرەتایی (٢٦) و مامۆستای ناوەندی (٢٤) وانەیە، بەڵام ئەمەی ئێستا دەوترێتەوە (٣٠) وانەیە ئێستا هەموو هۆبەیەک لە هەفتەیەکدا (٣٢) وانەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێـــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن:**

ئەمە دەچەسپێت و، ئەگەر هاتوو وەزارەتی پەروەردە زانی کەمە یا زۆرە ئەو کاتە با پێشنیار بکەن یاساکە هەمواربکرێتەوە.

**بەڕێز عـــەفـــان عـــوســــمـــان نەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن.**

لەعێراق گشتی وایە، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــــســــتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەمە شتێکی جیهانییە ناتوانین دەسکاری بکەین، یان لە قوتابخانەیەک لە وانەی سێ بەمەوە بڵێین بڕۆنەوە دەبێت وەکو خۆی دابنرێت،

**بەڕێـــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن:**

ئەمە دەچەسپێت، ئەگەر شتێک پێویستی بە گۆڕانکاری هەبێ دوایی با پێشنیار بکرێ لەلایەن وەزارەتەوە، ئێستا مادە (١٣) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشــبـــەندیی:**

المادة الرابعة عشرة:

١- تقرر المناهج وخطط الدراسة وشروط القبول والأدارة والأنضباط والأمتحانات والشهادات لأنواع التعليم بمرحلتيه المنصوص عليهما في هذا القانون، بنظم خاصة تعد الوزارة لوائحها.

٢-للوزارة ان تجري تجارب في بعض المدارس تتناول تنظيماتها ومناهجها ووسائل تعليمها واساليب امتحاناتها للأستفادة من النتائج المتحصلة وتعميمها..

**بەڕێـــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــوومـــــــەن:**

مادده (١٤) دوو برگەیە، برگەی یەکەم هیچ تێبینی یەک هەیە لەسەری؟ نییە؟ کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ برگـە(١)دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست

بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
برگەی (٢)کەس تێبینی هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ «تقرر مناهج قبول الدراسە» مەبەستی کێیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە برگەی یەک تەواو بوو.

برگەی (٢) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ برگە (٢)ە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

مادە (١٤) کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە ؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

١- يشترط في من يعين للتدريس بالمدارس الأبتدائية ان يكون معدا اعدادا تربويا لهذا الغرض.

٢- يشترط في من يعين للتدريس في المدارس المتوسطة والأعدادية ان يكون متخرجا في احدى الكليات على ان يكون متخصصا في احدى ميادين الدراسة الثانوية ومعدا اعدادا تربويا لهذا الغرض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٥)برگە (١) هیچ تێبینیەک هەیە لەسەری؟ .

**بەڕێز عەبدلخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەبرگەی یەکەم، پێویستە بۆ فێرکردنی سەرەتایی مامۆستاکان دەرچووی پەیمانگی مامۆستایان بن، چونکە لەسەرەتای فێربوونی منداڵان دەبێت باشترین مامۆستا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە زمانی ئاشووری ئێمە کێشەیەکمان هەیە، چونکە مامۆستایان نییەو، ئایا ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە پێشدا بەم شێوەیە بوو(يشترط ان يكون خريج دور المعلمين او المعلمات او معاهد المعلمات) پاشان بوو بە (ان يكون معدا اعدادا تربويا)، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی (تدريس) بۆ دەرچووی کۆلیژەکان هاتووە پێویستە شتێک بگوترێت کە لەگەڵ سەرەتایی بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێ (اعداداً تربويًا) ئەوە تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە دەرچووی (دار المعلمين) و (معهدی المعلمين) دەگرێتەوە، هەروەها دەرچووی ئامادەیی دەگرێتەوە کە دەور دەبینین لەبەر بۆشای جاری واهەیە دەرچووی ئامادەیی خولێکیان بۆ ماوەی ساڵێک بۆ دەکەنەوە دەبن بە مامۆستا.

سەبارەت بە زمانی ئاشووریش ئەمە گرفتێکە، چونکە ئێمە مامۆستای پسپۆڕمان نییە بۆ ئەوەی زمانی ئاشووری بڵێنەوە، تەنیا رێگە ئەوەیە ئێمە بە مامۆستای (محاضر) ئەو گرفتە چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم مامۆستا کەمال هەمووی روون کردەوە، بەڵام سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک یونادم کە یەکێ زمان بزانێ یەکسەر بە مامۆستادابمەزرێ، ئەوە ئەگەر لەیاسا دابنرێت دەبێتەوە هەڵەیەکی یاسایی مانای وایە هەر بەم شێوەیە دەڕوات، بەڵام وەکو (محاضر) ئێمە دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم برگەکە بەم شێوەیە بێت (يشترط في من يعين في التعليم) لەباتی (التدريس المعلم يعلم والمدرس يدرس)، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەو پێناسەیە کە تێیدایە دەبێت زاراوەی (اعدادی تربوی) روون بکرێتەوە لە یاساکەدا تابزانین مەبەستی چییە لە زاراوەی (اعدادی تربوی)؟، چونکە دیاری نەکراوە مەبەستەکەی چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

بڕگە (١) کێی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..

کێی لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

بڕگە (٢) هیچ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ نییە کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێی لەگەڵ بڕگە(٢)ە تکایە دەست بەرز کرایەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..

کێی لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. مادە (١٥)کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە..؟ .. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە؟

بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

المادة السادسة عشرة:

١- تتولى وزارة التربية تدريب العاملين في التعليم ووضع الخطط والبرامج اللازمة بالتعاون مع الجهات المختصة..

٢- للوزارة اقامة دورات ادارية وفنية ومهنية لمنتسبيها حسب الحاجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەدە (١٦) هەندێ تێبینی لەسەر بڕگەی (٢)هەیە، «للوزارة اقامة دورات تدريبية وفنية والمهنية لمنتسبيها حسب الحاجة» ئەمە لەمادەدە (١٣)، باس کرا، ئایا هیچ تێبینیەکی تر هەیە لەسەر مادە (١٦)؟.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئیداریش زیاد بکرێت واتا ببێت بە(للوزارة فتح دورات تدريبية ادارية فنية والمهنية في الوزارة) لەبەر ئەوەی وەزارەت پێویستی بە ئیدارەش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم جیاوازییان هەیە یەکێکیان وەزارەتی پەروەردە خولی ئیداری بۆ کارمەندانی خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی تر خولی مامۆستایانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی (ئیداری)ش زیاد دەکرێت لە پێش (فنیە)، ئێستا مادە (١٦) پاش ئەوەی ئەو وشەیەمان بۆ زیاد کرد ئایا هیچ تێبینی یەکی تر نییە؟نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێی لەگەڵ مادە (١٦)یە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة السابعة عشرة:

يعتمد تحويل المشمول بهذا القانون على التخصيصات الواردة ضمن الميزانية العامة للأقليم .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٧) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ نییە. ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێی لەگەڵ ئەم مادەیەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة الثامنة عشرة:

لا تؤسس أو تقام مدرسة أهلية أو أجنبية أو روضة للأطفال إلا بأجازة خطية وفق الشروط التي تصفها الوزارة وعند تجديد أجازة المدرسية يراعى توافر الشروط المنصوص عليها في ألأنظمة والتعليمات التي تصدرها الوزارة بهذا الشأن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

مادە (١٨) هیچ تێبینیەک هەیە لەسەری؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە.

مادە (١٨) کێی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة التاسعة عشرة:

تحدد بنظام خاص تضعه الوزارة مناهج وخطط الدراسة وشروط القبول والأدارة والعمل الأنظباط والأمتحانات في المدارس الأهلية والأجنبية والأشراف الفني عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٩)کەسی تێبینی نییە لەسەری؟ نییە.

مادە (١٩) کێی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (تشکیلات)، خۆی خوێندن لە بادینان بە زمانی عەرەبییە، ئەگەر قوتابخانەیەک لە قۆناغی دواناوەندی خوێندنیان ببێتە کوردی گرفت دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە لە قۆناغی یەکەمەوە خوێندنی کوردی دەستنیشان بکرێ تاکو دوایی لەسەری بڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز د. عـيـزەدين مـسـتـەفـا رەسـول:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

وەزارەت خۆی پلانێكی بۆ دادەنێت لەوانەیە بگاتە ساڵێک بۆ ئەوە لەوانەیە بەکەمتر یا زۆرتر ئەوە وەزارەت بەپێی توانای خۆی دەیكات، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

ئەگەر مادە (١٩) بخوێننەوە وابزانم لە یاساكەدا بە روونی هاتووە.

المادة العشرون: تشكيلات الوزارة تتألف الوزارة:

١- تشكيلات مركز الوزارة.

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٢٠)؟

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهـیـر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

پێشنیار دەكەم لە جیاتی (مركز الوزارة) بكرێتەوە (دیوان الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

وشەی مەركەز ساناترە لەدیوان .دیوان یەک بەڕێوەبەرایەتی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن:**

بابزانین وەزارەتەكانی تریش چۆنە؟.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

لەناوخۆدا هێشتا هیچیان نییەو، لەبەر ئەوە پشتگیری رایەكەی د. ناسح دەكەم (مركز) وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس مـحـەمـەد سـەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

لە پرۆژەی وەزارەتی پێشمەرگەدا (دیوان )هاتووە.

**بەڕێز ئـازاد فـەتاح رەشـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن.**

پێشنیار دەكەم وشەی (مركز) هەڵبگیرێت، تەنیا (تشكيلات الوزارة) بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن:**

لە مادە (١)دا تەنها (دیوان الوزارة) دانراوە، بەڵام لێرەدا كراوە بە مەركەز.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بکرێ بە(تشکیلات الوزارة)، مرکزو دیوان نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادده(٢١)خالی (٣)دیوان الوزارە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری رایەکەی د. ناسح دەکەم، لەبەر ئەوەی مەرکەز فراوانترە لەدیوان و، دیوان بەشێکە لە مەرکەز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێستا روونە تەشکیلاتی مەرکەز لەگەڵ دیوانا. کێ لەگەڵ مادەی (٢٠)ە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

المادة الحادية والعشرون:

تتكون تشكيلات الوزارة من:

١- مكتب الوزير.

٢- مكتب وكيل الوزير.

٣- ديوان الوزارة.

٤- مكتب العلاقات الثقافية.

٥- المديرية العامة للشؤون الأدارية والمالية.

٦- المديرية العامة للتعليم.

٧- المديرية العامة للتقويم والأمتحانات.

٨- المديرية العامة للتخطيط والمناهج.

٩- مديرية مطبعة وزارة التربية للأقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تەشکیلاتی مەرکەزی وەزارەتەکەیەو، روونە ئەگەر زیادەیەک هەیە یان تێبینییەک هەیە لەسەری، فەرموون؟.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەشی حەوتەمدا، لەبەر ئەوەی هێشتا وەزارەتی خوێندنی باڵامان نییەتازەش (تعادل شهادە)

دانراوەو، تەنگ وچەڵەمەی ناوەندیمان زۆرە دەبێ وەزارەتی پەروەردە خۆیان لەبەشی (المديرية العامة للتقويم والأمتحانان وتعادل الشهادات) لیژنەی (تعادل الشهادە) بۆ شەهادەی ناوەندی وئامادەیی دابنێین بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لەئێراندا خوێندویانە، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئێمە وابزانم برادەران پێشنیاریان کردووە کە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەبێت بۆفێرکردنی زمانی کەمەنەتەوییەکان، سەرپەرشتی بکات لەسەر خوێندنی زمانی ئاشووری و تورکمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتێکی واپێشنیار کراوە.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە وامان پێشنیار کردووە (استحداث المديرية العامة للأقليات القومية لشؤون التعليم)، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتیەش بکرێتەوە پێویست ناکات بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتیەک بێت ئەو بەڕێوەبەرایەتیەش لە زمنی خوێندنی گشتی بێت، چونکە بەڕێوەبەرایەتیەکمان دەوێت (مديريە تعليم عام )پێویستە لە زمنی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بێت نەک بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ(مکافحەی امیە) هەبێ جا ئەوە نازانم دەبێتە بەشێک لە(مديرية تعليم عامة)، یاخود بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی خۆی دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر روخسەت هەبێت با ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بخوێنمەوە، تاوەکو ئەندامانی بەڕێز بزانن(مديرية تعليم عامة) چی دەگرێتەوە؟.. (مديرية تعليم عامة) لەلای ئێمە (تعليم ابتدائي، روضة الأطفال ومحو الأمية)و هەروەها (مديرية تعليم الثانوي ، مديرية تعليم مهني، مديرية المعاهد، مديرية تربية رياضية، مديرية النشاط المدرسي، مديرية وسائل التعليم والمختبرات وهدايا المدرسية، مديرية اشراف التربوي)، ئەمانە هەمووی لە زمنی (مديرية تعليم عامة) دەبن، سوپاس.

بەڕێز ئیـــبــراهیم ســەعـــیـــد مــحــەمــەد:
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.
ئێمە نابێ چاو لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی ببڕین، لەبەر نالەباری باری ئابووری کوردستان، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم بکرێتەوە، سوپاس.
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:
بۆ نموونە هەردوو برگە (٨،٧)بکرێن بەیەک و، برگە(٩)ش هەڵبگیرێ ئەگەر بکرێ.
بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.
پێشنیار دەکەم بەڕێز وەزیری پەروەردە لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان سەبارەت ئەم بابەتە چ پێشنیارێکیان هەیە با ئامادەی بکەن و، بیدەن بە ئێمە، تاوەکو ئێمە لە لیژنەی یاساییدا بیخەینە چوارچێوەیەکی یاسایی، سوپاس.
بەڕێز نەســرین مــســتــەفــا مــەزهەر:
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.
سەبارەت ئەو بەڕێوەبەرایەتانەوە، (بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتایی و ناوەندی)، ئەو کەسەی کە دەبێت بە بەڕێوەبەر دەبێت مرۆڤێکی پسپۆڕ بێت، لەبەر ئەوەی هەر فەرمانبەرێک ناتوانێت بەم ئیشوکارانە هەڵبستێت، سوپاس.

بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:
راستە، بەڵام ئەگەر وتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەبێت سێ چوار بەڕێوەبەری گشتی تریش لەخوارەوە هەبێت، بەڵام ئەگەر دووسێ یەکمان کرد بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوە بەڕێوەبەرە گشتتییە بچوکەکانیش بزر دەبن لەوناوە شت شت رادەکێشێ.

بەڕێز نەســرین مــســتــەفــا مــەزهەر:
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.
من ناڵێم (مدیر عام )دەڵێم بەڕێوەبەرێک، ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بێت جیاوازی چییە؟ ئەویش مووچە وەردەگرێت و، ئەو شوێنانەش هەر دەبێ لێپرسراوێکی بۆ دابنرێت، سوپاس.
بەڕێز ئەحــمــەد تاهـیـر نەقــشــبــەندیی:
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.
پێویستە (المديرية العامة لاعداد وتدريب المعلمين والمدرسين) زیاد بکرێت، سوپاس.
بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:
واتا ئەوە زیاد بکەین، لەکاتێکدا پێویستە ئێوە داوای کەم کردنەوە بکەن.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کە باست کرد ئێستا چوار پارێزگایە هەر پارێزگایێ دەبێت هۆبەی ئیدارەی خۆی هەبێت و، فێرکردنی سریانی دەبێ ئەم سێ چوارە سەربە (مدیریەی عامە) بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، لە هەرچوار پارێزگادا دەبێت هەبێت، چونکە زەرووریە، بەڵام لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران هێشتا کەمی کردۆتەوە. دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانیش لەمە زیاتر کەم ناکرێتەوە، بە قەناعەتی منیش ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە لە زمنی (المديرية العامة للشؤون الإدارية والمالية) نەبێت لە برگەی (د)وە لە زمنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت لەبەرئەوەی (مديرية تتبع الوزارة).

سەبارەت بە نووسینگەکانیش دەبێت نووسینگەی پەیوەندییەکانی رۆشنبیری هەبێ، ئەوەمان لە نیزامدا روونکردۆتەوەو، ئەگەر دەشتانەوێ بۆتانی دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماوەتەوە ئەو پێشنیارەی کە برگەکانی (٧-٨) بکرێن بەیەک بەڕێوەبەرایەتی، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچیان پەیوەندیان بە یەکەوە نییە، هەر یەکەی لە بوارێکە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بن، دەتوانرێت بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی، یان بەش، یان هۆبە، بەم شێوەیەش میلاکاتی کەم دەکرێتەوەو، هەروەها ئەو شتانە کە ئەوان مەبەستیانە هەمووی جێبەجێ دەبێت.

سەبارەت بە مەسەلەی بەشە ناوخۆییەکان پێشنیار دەکەم ئەمەش بەڕێوەبەرایەتی بۆ بکرێتەوە، چونکە ئێمە زۆر قوتابی هەزارمان هەیە کە لەزانکۆدا دەوام دەکەن و لەشوێنی دوورەوە هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مديريە ثانويەكان واقسامی داخلی) سەربە بەڕێوەبەرایەتییە ناوەندیەکانن وفەرمانبەرێکیش بۆ بەشی ناوخۆ هەیە، ئەگەر دەتانەوێ بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ بکەینەوە ئەوا تێکەڵی دەکەین لەگەڵ (شؤون ادراى و مالى)، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو پێشنیارەی ئێمە گووتمان بەڕێز وەزیری پەروەردە لەگەڵ لیژنەی پەروەردە ئەوەمان بدەنێ، یان بەرای ئێمە(٣-٤-٥) بکرێت بەیەک بەڕێوەبەرایەتی (دیوان وزارە مکتب عـلاقـە) وایە، (عامە لشؤون الأدارە والمالیە)، ئەوە پێشنیاری بەڕێز وەزیری پەروەردە دەبێت بەیەک بڕگە وەکو یەک بکرێت یان نیو بەو شێوەیە پێشنیارێکمان بدەنێ، سوپاس

**بەڕێــز حــــەمـــــیـــــد ســــەلیم مــــیــــران:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرای من (مديرية الشؤون الأدارية والمالية) ببەسترێت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز کـــــــەمــــــال جـــــەلال غـــــــەریب:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرای من کۆبوونەوەیەک بکەین کورتیشی دەکەین ودایدەڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەک دەکەین، لەگەڵ وەزیری پەروەردەو لیژنەی پەروەردەو سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ئەو داڕشتنە بکەین.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشـــــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة الثانية والعشرون:

١- يحدد بنظام الهيكل الأداري لمركز الوزارة وتشكيلاتها..

٢-للوزير اومن يخولة تشكيل لجان مؤقتة لتنفيذ مهام محددة.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ماددەی (٢٢) تکایە هیچ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ نییە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. مـادە (٢٢) بڕگە (١) کێی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..سوپاستـان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

بڕگە (٢)ئەگەر تێبینییەک نییە لەسەری دیخەینە دەنگدانەوە.

بڕگە (٢) کێی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەو؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..

مادە (٢٢) هەمووی پێکەوە، کێی لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەردرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون :

للوزير ان يخول بعضاً من صلاحياتهِ لوكيل الوزارة أو الرؤساء الدوائر الرئيسية في الوزارة.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک تێبینی بچوکم هەیە، ئەگەر لە یاساکە(عدا صلاحياته الشخصيه اوغير قابله للتحويل) زیاد بکرێ واتا بە یاسا بۆی دیاری دەکرێت، چونکە هەندی جار گرفت دروستی دەکات و، دوا راش بۆ ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

ئەوە روونە (للوزير ان يخول) زۆری لێ ناکرێ، وەزیر ئازادەو دەتوانێ دەسەلاتی خۆی نەدات بەکەس. ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێی لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..

کێی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون :

يعتبر هذا القانون نافذا من تأريخ تصديقة واصداره من قبل المجلس الوطني الكوردستاني.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ماددەی(٢٤)؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە ببێتە (ينفذ القانون من تأريخ نشرهِ في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز حازم دەڵێت ڕاستە شتێکی یاساییەو، یاسا دەبێ بڵاو بکرێتەوە، ئینجا پەسند بکرێت،بەڵام ئێمە بڵاوکراوەمان نییەو ناشتوانین یاساکە ڕاگرین لەبەر ئەوەی یاسا دەبێ جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا بێ بڵاوکردنەوە وابزانم کەموکووڕیی تێدا دەبێ، بەڵام ئێمە نابێ بڵێین دەزگای بڵاوکردنەوەمان نییە ئێمە دەتوانین بڵاوکراوە دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە کەموکوڕییمان هەیە، هەروەها ئێمە بڵاوکراوەیەکمان هەیە لەبەر نەبوونی چاپخانە ناتوانین چاپی بکەین، لەبەر ئەوە ئەم برگەیە زیادە (ینشر هذا القانون في الجريدة الرسمية) ئێمە کەی رۆژنامەی رەسمیمان هەبوو ئەو کاتە ئەوە دەکەین.

**بەڕێز محمد سعيد ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی کە ئەوە لە هەموو یاساکاندا هاتووەو، کە یاسا دەبێ بڵاو بکرێتەوە، پێشنیار دەکەم ئێمە لە دەزگاکانی راگەیاندن یاساکە بڵاوبکەینەوەو، کەی ئێمە رۆژنامەی رەسمیمان هەبوو لەوێ بڵاوی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رۆژنامەی رەسمی ئەنجوومەن ئێستا لەژێر چاپدایەو، هەرچی یاسامان هەیە ئێستا دەرچووە ژمارەیەکیش چاپ کراوە، وابزانم هەرچی یاسای تر هەیە ئەویش لە ژمارە دوو بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر یاسا لە دەزگاکانی تر بڵاوبکرێتەوە نابێتە رەسمی، چونکە دەقەکە روونە(ينشر في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی رۆژنامەی رەسمی و رۆژنامەی مولتەزم جیاوازە، رۆژنامەی مولتەزم ئەوەیە لە پایتەختی هەر وڵاتێک دەردەچێت و سەربە چاپخانەی حکومەتەو لەژێر چاودێری وەزیری رۆشنبیریدایەو، رووداوەکانی حکومەت تیایدا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام مەرج نییە ناوەڕۆکەکەی لە (١٠٠٪) راست بێت، لەبەر ئەوە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن و بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەجێ ی خۆیەتی رۆژنامە هەیە، بەڵام رۆژنامەی رەسمی ملتزم نییە کە تایبەت بەدەوڵەت بێ، ناوەڕۆکەکەی راست بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لەسەر ئەوە راوەستاوین کە رۆژنامەی رەسمیمان پەسند نەکردووە، ئێمە یاساکانمان هەمووی پەسند کردووەو، لێرە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستانەوە کە کاریان پێدەکەین.

ئێستا یاسای وەزارەتی پەروەردە گفتوگۆی تەواو بوو، تەنها یەک گرفت ماوەتەوە ئەویش (بەڕێوەبەرایەتییەکانە) پاشان لیژنەی یاسا با دایبرێژێتەوەو بیچەسپێنێ، ئێستاش ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە ئەوا یاساکە هەمووی پێکەوە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لەپێش (الأسباب الموجبة) بنوسرێ، (رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا یاساکە هەمووی تەواو بوو دەیخەینە دەنگدانەوە.

یاسای وەزارەتی پەروەردە کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەو دەسکاریانەوە پەسەند بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ یاسای وەزارەتی پەروەردە پەسند کرا.

لە بەرنامەی کاری ئەمرۆماندا دووخاڵی تر ماوە. ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەم یاسای ژمارە (٩٠)ە، با بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بفەرمووێت پێشنیاری خۆی پێشکەش بکات.

**بەڕێز قادر عزیز حەمەد ئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ من داوام لە وەزیرە بەڕێزەکان کرد کە یاسای ژمارە (٩٠)پێشنیار بکەن بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بوو بە خاڵێک لەبەرنامەی کاری ئەمرۆ، چونکە بەراستی وەرزەکە خەریکە بەسەر دەچێ و، تا ئێستا بارەکە هەر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە ئێمە لە وەزارەت دەستمان بەستراوە لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەکمان نییە کاری پێ بکەین.

لەبەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری کوردستان پێشنیار دەکەین کە تاوەکو دانانی یاسایەکی تازە کار بە یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥بکرێت وەئێمە داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی وبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە ڕەزامەندیان لەسەر ئەو پێشنیارە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ داوای لێ کردم کە ڕایەک بدەین لەسەر یاسای ژمارە (٩٠)ساڵی ١٩٧٥ئێمە وەکو یاسا بەتێکڕایی لامان پەسەند نییەو، هەندێ تێبینی خۆمان هەیە لەسەر یاساکەو تێبینییەکانی خۆمان بە نووسین پێشکەش بەڕێزتان کردووە هەندێ لە ئەندامان کە دراسەی یاساکەیان کردبوو بە شێوەی پێشنیار، کە (١٠)کەس مۆریان کردووە پێشکەش بە بەڕێزتان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمەو پێش وەزیری کشتوکاڵ ڕێنمایی دەرکردووە، سەبارەت بە چەسپاندنی مادەکەی (٥،٨) و، بڕیار (٣٦٤)و، بڕیار(١٥٧١)و، یاسای ژمارە(٤٥) من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ڕێنماییانە یەکەم ڕاگرتنی یاسا بە ڕێنماییەک ناکرێت، چونکە یاسا لە ڕێنمایی گەورەترە، خاڵی دووەم پێویست بوو بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئەو پێشنیارەی یان ڕێنماییەکەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کردبایەو، بۆ ئەوەی لەوێ بڕیاری لەسەر بدرایە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ نەژادی مادە (٩٠) بۆ ئەندامان باس بکات، چونکە هەندێ کەس هەیە نازانێ یاسای ژمارە (٩٠) چییەو، ناشکرێ ئێمە یاسایەک بڕیاری لەسەر بدەین بە بێ ئەوەی بزانین ناوەڕۆکەکەی چییە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی گفتوگۆی بەرنامەی وەزارەتدا وابزانم دەنگ لەسەر ئەوەدرا کەتا یاسایەکی تازەی کشتوکاڵ دادەنێین یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥کاری پێ بکرێ، بەڵام لەوێ دووبڕگەی لێ ئیستثنا کرابوو کە بڕگەی (٥،٨)ە. بەڵام یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ئێستا جێبەجێ کردن یجیایە لەگەڵ ساڵی (١٩٧٥)دا، چونکە ساڵی ١٩٧٥لە بارودۆخێکدا بووکە جووتیار دەسەڵاتی بەسەر زەویا نەبووە لەبەر ئەوە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی نوێنەری جووتیارانی کوردستان کە یاسای ژمارە (٩٠)ساڵی ١٩٧٥ کاری پێ بکرێ تا بەزوویی و بەپەلە یاسایەکی تایبەتی بۆ کشتوکاڵ لەکوردستاندا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە کێشەی کشتوکاڵ کێشەیەکی ئەوەندە ئاسان نییەو، ئێمە هەر دەست لێدانێکمان لەکێشەی کشتوکاڵ، وابزانم تووشی هەڵدێرێکی زۆر گەورەمان دەکات کە بە ئاسانی چارەی ناکرێت و، بەتایبەتی قانوونی (٩٠)کە ساڵی ١٩٧٥ دانراوە واتا (١٧)ساڵە مافی موکتەسەبی لەسەر هەیەو شکایەتی لەسەر هەیەو، ئێمە ئەگەر نیازمان وایە یاسا دابنێین بۆ حکومەتی کوردستان بۆ کێشەی کشتوکاڵ، با یاسایەک دابنێین ئەگەر نا یاسای ژمارە(٩٠) پڕ بەپێستیەتی وەکو بەڕێزان باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە (٩٠) لای ئێمە هەیە، ئەگەر دەتانەوێت ئەو تێبینیانەی ئێمە کردوومانە بۆ ئەندامانی بەڕێز دەیخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی زەوی لەکوردستاندا کێشەیەکی گەورەیە کاتی زۆری دەوێت و، من پێشنیار دەکەم ئیلتزام بکرێ بە یاسای ژمارە (٩٠)، چونکە وەرزی کشتوکاڵ نزیک بووەو، دەبێ چارەسەر بکرێت هەروەها کێشەی ئاغاو جووتیاریش لەبەر ئەوە پشتگیری لەو یاسایە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتو هەموو لایەنەکانی لەیەک بدرێتەوە دەبێ یاسایەک هەبێ بۆ دیاری کردنی ئەو بابەتەو ، ئێمەش بڕیارێکمان هەیە کە یاساکانی عێراقی پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، تا یاسای تری لە جێگادا دادەنرێت بەمەرجێ ئەو شتانە دەسکاری بکەین کە لەڕووی سیاسیەوە بە مەبەستی ناکۆک کردنی کۆمەڵگای کوردەواری دەرچوون، وەکو ئیجرائاتێکی سیاسی سەبارەت بەیاسای ژمارە (٩٠)دەتوانین لە هەمان چوارچێوە جێگای بکەینەوە، ئەویش یەکێکە لەو قانوونانەی لەعێراقدا دەرچووەو ، دەتوانین سوودی لی وەربگرین تەنیا ئەو بڕگانەی لێ کەم بکەینەوە کە دژ بەگەلی کوردو کۆمەڵگای کوردەواری دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەد ئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەڵامی قسەکەی کاک شێروان، ئێمە لەسەر ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی وسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕێنماییمان دەرکردووەو ، تائێستا وەڵامان بۆ نەهاتۆتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین کە یاسای ژمارە (٩٠) کاری پێ بکرێت تاکو یاسایەکی تازە بڕیاری لەسەر دەدەرێت.

یاسای ژمارە (٩٠) لە (١٦) مادە پێک هاتووە، ئێمەش پێمان وایە کە یاساکە کەموکووڕیی تێدایە، ڕاستە دەتوانرێ هەندێکی بە ڕێنمایی چارەسەر بکەین، بەڵام تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە یاسایەک دابنرێت بۆیە پێشنیار دەکەم کە هەر لەسەر ئەم یاسایە بڕۆین.

ئەگەر ڕاتان لەسەرە ئێستا یاسای ژمارە (٩٠) دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ یاسای ژمارە (٩٠) ئەو پێشنیارەی کە هاتووەو ، لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە ئێستاکە هەیە، پێشنیار دەکەین کە بدرێ بە لیژنەی یاسا ولیژنەی کشتوکاڵ وئەوانیش وەکو هەموو لیژنەکانی تر ڕاپۆرتێکمان بۆ ئامادە بکەن بەپەلە، بۆ ئەوەی بیخەینە پێش چاوی بەڕێزان و ، پاشان ئەو هەموارکردنانەی کە پێویستە بەرامبەر ئەو پێشنیارانەی کە هەیە لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیانە دەخرێتە سەری.

بەداخەوە یەک مانگە یاساکە دراوە بەئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام هیچی بۆ نەکراوە، هەروەها مەسەلەی دامەزراندنی پارێزگاکان کە تەنیا پێویستی بە فەرمانێکی دیوان هەیە، کەچی ئەوە هەفتەیەکە دوا دەخرێ، سەبارەت بەو بابەتە دوو نامەمان لە هەردوو کتلەشەوە بۆ هاتووە، هیوادارم کە ئەم بیرۆقراتیەتە کەم بکرێتەوە، لەمەودوا ئیشوکاردکان زوو ئەنجام بدرێن.

ئێستا ئەو پێشنیارانەی کەبۆمان هاتوون دەیدەین بە لیژنەی کشتوکاڵ و یاسا بۆ ئەوەی لێی بکۆڵنەوەو ڕاپۆرتێکمان لەسەر بۆ ئامادە بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم ئەو ناوانە کە دەینوسن بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە دەستی بەرز کردۆتەوە بزانێ کە ناوی نووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کە ناوەکان دەنووسین دەڵێین کەسی تر هەیە قسە بکات؟، بەڵام پاشان برادەران لەناکاو دەستی خۆیان بەرزدەکەنەوە و، کەسی تر قسە ناکات دەیانەوێ قسە بکەن. ئێمە چەند جاریش دووپاتمان کردۆتەوە کە تەنها ئەوانە مافی قسەکردنیان هەیە کە پێشتر ناویان دەنووسرێ.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم کە ئەوە هەمیشە بکرێ بۆ ئەوەی کەس گلەیی نەمێنێ.
سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێزتان کە دیراسەی ئەو تێبینیانە بکرێت کە پێشکەش کراون هەروەها ئەو پێشنیارەی لە لایەن وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری یەوە کراوە، ئەو مەسەلەیە بخرێتە بەردەمی لیژنەکانی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێکی بەپەلە ئامادە بکاو پێشکەشمان بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لێی بکۆڵینەوە لەو بارەیەو بڕیاری لەسەر بدەین، ئەگینا بەو شێوەیەی لەم کۆبوونەوەیەدا بڕۆین باوەڕ ناکەم بگەینە ئەنجامێک و وتووێژەکانمان زۆر درێژە دەکێشێ، ئینجا داوا دەکەم کە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوەو کۆتایی بە دانیشتن بهێنین و کاتی دانیشتنی داهاتوو دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانەوە پێشنیار دەدرێ بەلیژنە، چونکە یاساکە تاکو ئێستا پەسند نەکراوەو، دەنگدانیش لەسەر پێشنیارەکە یاسایی نابێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بەهەڵە وتم ئەو پێشنیارەی دواخستنە مەبەستم لەوە بوو کە بیخەینە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە لیژنەی یاسایی و، لیژنەی کشتوکاڵ و، وەزیری کشتوکاڵ داوای چەند کەسانێکی پسپۆڕ لە مەسەلەی کشتوکاڵ بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ لیژنەکەدا دابنیشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە پێی پێڕەو ئێوە لەلیژنەی یاساو كشتوكاڵ، دەتوانن پسپۆڕ بێنن وراوێژیان لەگەڵدا بكەن.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو جارێك دەڵێین كە كارەكە بە پەلەیە، بەڵام چەند هەفتەیەك دەخایەنێ و تەواوی ناكەین، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم كە كاتیان بۆ دیاری بكرێ و، بڵێین لە هەفتەی داهاتوو گفتوگۆی لەسەر دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من زۆر دڵنیام لەوەی لیژنەی یاسایی خۆمان لە راستیدا زیاد لەپێویست خۆیان ماندوو دەكەن، هەر شتێكیشمان پێداون پێش وەخت ئەنجامیان داوە، بەڵام بەپێی یاسا ئەوان حەقی (١٠) رۆژیان هەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان یاسای ساڵی ١٩٧٥یاسایەكی ئیستثنائیە تایبەت هاتووە بۆ كوردستان، ئەو یاسایە ئەگەر تۆزێك عەدالەتی تیادا بوایە بۆ هەموو عیراق دەبوو، یان بە تایبەتی بۆ ناوچە عەرەبییەكان دەبوو. ئەوەی كە سەرسامی كردووم قسەكەی بەڕێز وەزیری كشتوكاڵە كەدەڵێ یاسایەكی عادیلانەیە من دەڵێم چ عەدالەت تێدا نییە، لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێ ئەم یاسایە بگۆڕێ وپسپۆڕی ئێمە یاسایەكی نوێمان بۆ دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو جەنابی وەزیری كشتوكاڵ باسی كرد ئەمە ١٩٩١دا یەكێ لەداواكاریەكانی وەفدی وتووێژ بوو لەگەڵ رژێمدا كە دەبێت یاسای ژمارە (٩٠) ببێت بەو یاسایەی كە كێشەی كشتوكاڵی لەكوردستاندا پێ چارەسەر بكەین و، هەموو لەسەر گرنگی ئەوە كۆكین و، وابزانم كاتی خۆی و ئێستاش هەندێ پێشنیار هەیە، بەڕێزیشت ئەگەر هەر تێبینییەكت لەو بارەیەوە هەبێ باسی دەكەین.

ئێمە بڕیارێكمان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی هەیە ئەو یاسایانەی كە ناگونجێن لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستاندا بە ئیستثنائی لە قەڵەمی دەدەین، ئەگەر برگەیەكیش هەیە لەم یاسایەدا ئەو تێبینی خۆت بدە لیژنەی یاساو لیژنەی كشتوكاڵ بۆ ئەوەی گفتوگۆی بكەن و، ئەگەر پێویستی بەهەر گۆڕانكارییەكیش هەبوو ئەوە تەماشای دەكەین وپاشان بزانین پسپۆڕەكانی ئێمە لە ئەنجومەن ودەرەوەی ئەنجومەن چ تێبینییەك دەردەبڕن ئەوە لەبەر چاوی دەگرین، لەبەر ئەوە دەبێ ئەم مادەیە هەڵگرین لە مناقەشەی ئەمڕۆمان، وەكو بەڕێز دكتۆر كەمال فەرمووی و، دوایبخەین تا لیژنە پسپۆڕەكانی پەرلەمان دیراسەتی دەكەن.

ئێستاش ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵی نییە؟ ..کەواتە بەزۆربەی دەنگ دواخرا.

خاڵی دووەم سەبارەت بە سەفەری وەفدی پەرلەمانی کوردستانە بۆ دەرەوەی وەڵات، لە راستیدا ئێمە دوو داوەت نامەمان لەدەرەوە بۆ سەرۆکایەتی بۆ هاتووە، لەبەر ئەوە پێشنیارێک هەیە کە وەفدێک پێک بێت لە چوار ئەندامی پەرلەمان، داوا لە هەردوو فراکسیۆنی زەردو سەوزو لیستی مۆر دەکەین کە نوێنەری خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەم وەفدە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پالێوراوی ئێمە بۆئەم سەفەرە بەڕێز د. حەمە نەجم جافە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک ئێمە وا پێشنیار دەکەین کە ژمارەی ئەندامانی وەفدەکە بکرێت بە (٥ )کەس، لەبەر ئەوەی دەبێ دوو ئەندام لە فراکسیۆنی زەرد بێ و دوو ئەندام لە فراکسیۆنی کەسک و ئەندامێکی لیستی مۆر بێت، پاش ئەوە ئێمە بەیانی ناوی پالێوراوی فراکسیۆنی خۆمان پیشکەش بە بەڕێزتان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوەت نامەکە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کراوە، هەروەها داوا کراوە چەند کەسێکی تریشی لەگەڵدا بێت. مەسەلەکە مەسەلەی فراکسیۆنی سەوزو زەرد نییە،لە راستیدا حەز ناکەم بابەتەکە بەم شێوەیە باس بکرێت، بەڵام لەدەستەی سەرۆکایەتی وامان بە بەرژەوەندیی زانی کە بیکەن بەچوار لە کوتلەی سەوز یەکێک لەکوتلەی زەردیەکێک لەبرا مەسیحیەکانیش یەکێک، ناشبێت بیکەین بە پێنج و شەش، چونکە داوەتنامەکە سنووردارەو ژمارەیان دیاری کردووە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاری کردنی ژمارەکە بەدەست کێیە؟ ئەوان گووتویانە دەبێت (٥ )کەس بێت، یا گووتویانە ژمارەیەک دیاری بکەن، ئەگەر ژمارەکە کەوتۆتە دەستی خۆمان ئەوە ئێمە بڕیار بدەین( ٥ )کەس بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان دیاریان کردووە کە لە سنووری سێ کەس بن، بەڵام ئێمە سێ، چوارەکەمان گووت کە بەڕێز سەرۆکی وەزیرانیش لەیەکێ لە موقاتەعەکانی ئەڵمانیا بانگهێشت کراون لەلایەن سەرۆک

وەزیرانی ئەوانەوە، کە قسەمان لەگەڵ بەڕێز دکتۆر فوئادیش کرد بەڵام دیارە بارودۆخی ئێستا یارمەتیمان نادات، بۆیە ئێمە دامان نابوو بەڕێز د. فوئادیش لەگەڵ ئەم وەفدەدا بەیەکەوە بڕۆین، بەڵام گرفتەکە ئەوە بوو تەنها لەیەک موقاتەعە سەرۆک وەزیرانی ئێمە دەعەوت کرابوو بۆ نموونە بۆ نەمسا، لە راستیدا داوەت نامەکە تەنها بەناوی منەوە هاتووە و ژمارەکەش دیاری کراوە وناشکرێت ئێمە ژمارەکە زیاد بکەین چونکە دوایی تووشی شەرمەزاری دێین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەلایەن ئەوان دیاری کرابێ ئەوە شتێکی ترە ناتوانین لەخۆمانەوە ژمارەی بۆ زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی سێ کەس دیاری کراوە ئێمە دەیکەین بە چوار، ژمارەی وەفدەکە کەمتر بێ باشترە باوەکو ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران نەکەین بۆ کونفرانسێک لەهۆڵەندەدا سێ وەزیرو یەک بریکاری وەزارەتمان ناردو بۆ باردۆخێکی وا وبۆ زرووفێکی وائێوە دەزانن چەند بارێکی ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام وایە ئێمە سبەینێ لە بیرۆکەی خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان وەکو کات تەواو بوو، بەڵام لەدوێنێوە دوو پێشنیارمان هەبوو، کەچی هەتا ئێستا ماوەمان نەبووە باسیان بکەین.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیستی ئاشووری بەڕێز (فرەنسیس شابۆ) نوێنەری ئێمەیە بۆ ئەو وەفدە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە ئیمزا کراوە لەلایەن (١٠-١٢) ئەندامەوە، دەڵێ:

(نحن الموقعين ادناه اعضاء المجلس الوطني الكوردستاني

من الضروري والمصلحة جعل اجتماعات المجلس اسبوعين في الشهر على ان تستمر الجلسات من يوم السبت الى يوم الخميس وذلك لفسح مجال لنا بتكملة اشغالنا الضرورية المتعلقة بحياة الجماهير في مقاطعاتنا الأنتخابية والظروف الأستثنائية الراهنة من حيث ارتفاع اسعار البنزين، فعلى سبيل المثال تكلفنا سفرة واحدة ذهابا وايابا حوالي الف دينار ثمن البنزين فقط ناهيك عن صعوبة الطريق وتكاليف المعيشة لمعظم اعضاء المجلس الساكنين خارج مدينة اربيل مع

فائق التقدير وملاحظة اقتراحنا هذا وشكرا.

ئەو ئەندامانەی کە ئیمزایان کردووە دە دووانزە ئەندامانی ئەنجوومەنن، پێشنیارێکی دیکەیشی هەیە کە دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بەردەوام بێت، ئەویش وەکو پێشنیارێک کێ تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕەخنە گیرا لەوەی کەوا بۆچی بەزمانی عەرەبی داڕێژراوە. ئێمە دەتوانین مەسەلەکە وا لێ بکەین وهەفتەیەک دەوام، بەڵام ئەگەر بێت وسەرۆکایەتی ئەنجوومەن مەسەلەکە وابگونجێت کە ئیشەکان لە هەفتەیەکدا کۆبکاتەوەو لەهەفتەکەی تر ماوە بدات واتا بێ ئەوەی کەوا بیکەین بە یاسا بڕیار یا شتێکی وا جا ئەوە بۆخۆتانی بەجێ دەهێڵین ئەگەر بتوانن جێبەجێی بکەن وابزانم جێگای ڕەزامەندی زۆربەی زۆری ئەندامانە بەتایبەتی ئەوانەی کەوا لەدەرەوەی هەولێرەوە دێن بۆ ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەش بەهەمان شێوە دوو پێشنیارە وابزانم لە هەردوو فراکسیۆنەوەیە و،هەمان داواکاریان هەیە، جا بەش بە حاڵی خۆمان لەوە لاریمان نییە کە بیکەن بە هەفتەیەک نە هەفتەیەک لەبەر ئەو ئێمەش گرفتمان زۆرە، بەڵام ئەوەیە کە ئێستا ماوەمان کەمە و شتەکانیش بە پەلەن وکۆمەڵێک یاسامان لە پێشە کەدەبێ گفتوگۆیان لەسەر بکەین وەکو یاسای پێشمەرگەو یاسای وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن ئەوانی تریش.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەیەکە ئامادەیە و لە ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی ئێمەش بخوێنرێتەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی پێشنیارەکەی ئێوەش هەمان شت نەبوو؟ باشە دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە کە مەسەلەی خانوو ومەسەلەی هاتووچۆ چارەسەر بکرێت، باشترە لەوەی کە ئێمە دانیشتنەکان بکەینە هەفتە نا هەفتەیەک، چونکە ئێمە مەسەلەی کۆبوونەوەمان نییە، مەسەلەی لیژنەمان هەیە بەراستی خەڵکی زۆر بە پەلەیە لەسەر شتەکان، پێموایە شەو ڕۆژ گرێ بدەین بەیەکەوە هێشتا هەر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە پرسیار لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە ئایا چییان کرد بۆ ئەو خانووانە، ئەوە ماوەی سێ مانگە ئەو مەسەلەیە دەخولێتەوە لە نێوانماندا وتاوەکو ئێستا نەمان توانیوە هیچ بکەن، وەکو کاک فرەنسۆیش وتی ئێمە چۆن دەتوانین کێشەی میللەتێک چارەسەر بکەین ئەگەر نەتوانین چارەسەری (٢٠-٣٠)خانوو بکەین بۆ ئەندامانی خۆمان؟!.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو ئەو خانووانە ئەوانەی کە لەو خانووانەدان ئاگادار کراون لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە چۆڵی کەن و ماوەشی بۆ دانراوە، بەڵام هەتاکو ئێستا بەشێکی کەم نەبێت چۆڵیان کردووە بۆئەوەی ئەو خانووانە چۆڵ بکرێت ئەمە پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لەلایەن ئەوانەی کە لە خانووەکاندان وشتەکەش ئاسان نییە بە هێزی پۆلیس، یا هێزی تر بچنە سەریان دەریان بکەین، چونکە زۆربەیان لە لێپرسراوانی حزبەکانن کە ئەم پەرلەمانە پێک دەهێنن و ئەنجوومەنی وەزیران پێک دەهێنن و بڕیارمان داوە کە لیژنەیەک پێک بهێنین بۆ دابەش کردنی ئەم خانووانە ئەویش بۆ ئەوەی بە رێکوپێکی دابەش بکرێت لە نێوان ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەندا، وپێشنیارەکەشم هەر ئەوەیە کە بەناوی پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران داوا لە هەردوو حزب بکرێ کە لە ئاستی سەرکردایەتی ئاگاداری ئەو ئەندام ولێپرسراوانەی خۆیان بکەن کە ئەو خانووانە چۆڵ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خانووەکانی ئەنجوومەن لە لایەن لێپرسراوو پێشمەرگەوە داگیر نەکراوە، بەڵکو لە لایەن بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانەوە داگیر کراوە، ئەوانەی کە بەرپرسی پێشمەرگەن ئەوانە جێگا و رێگایان نییە، بۆیە لەو خانووانەدان ، بەڵام زۆرکەم لەوانەی کە پێشتر بەواسیتە هاتونەتە ناو ئەو خانووانەو خانوویەکی تریان لە هەولێردا نەبێت، با ئەو ئەندامانەی کە خانوویەکی تریان هەیە بچنە ناوی تاوکو ئەم خانووانە چۆڵ دەبن، هەروەها هەر خانوویەک کە چۆڵ کرا با یەک سەر بدرێت بە ئەندامێک نەوەکو چاوەڕوان بین تاوەکو دوایین خانوو چۆڵ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە هەر ئەو خەڵکەی کە لە ناو ئەم ئەنجوومەنەدایە هەست بەو معاناتە ئەکات کە ئەو خەڵکە هەیانە ئەگینا هەردوو کوتلەی پارتی و یەکێتی لە کۆبونەوەی دووقۆڵی خۆیاندا دووپاتیان لەوە کردووە کە دەبێت ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن، حزبەکان ناتوانن وئەنجوومەنی وەزیرانیش ناتوانن ئەی کێ دەتوانێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم خانووانە (١٠٦) خانووە یەكێكان (تملیك )كراوە،، بە بۆچوونی ئێمە ئەو (تملیك)ەش شەرعی نییە، یان دەبێ هەر (١٠٦)كە (تملیك) بكرێ، یان دەبێ یەكێكی تر ئیستسناء نەكرێت، كە دیارە ئەوە شتی تێدایە، ئێستا ئەو خانووانەی كە پێشمەرگەی تێدایە زۆر كەمن، ئەبێ چارەسەرێكی ئەو بابەتە بكەین، یا وازی لێ بێنین، یا ئەبێ چارەسەرێكی تەواوی بۆ بدۆزینەوە، یا دەبێ لایەنێك هەبێت ئەم بڕیارە جێبەجێ بكات.

دەبێ وابكەین كە ئەم خانووانە چۆڵ بكرێت، هەموو لایەكیش لایەنی خۆی هەیە و ئاگاداری كردووە، بەشێك دەرچوونە، بەشێكیش واخەریكە دەردەچن، بەڵام نابێ لەوە زیاتر درێژە بكێشێت.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی چۆڵی نەكات بەسەریا بدەین، سوپاس.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو خەڵكانەی كە سەر بە حزبەكانن ئێستا كەم كەس هەیە بێ لایەن بێت، هەرچی ئەوانەی دائیراكانیش كە هاتوونەتە ناوی وەرەقەی حزبێكیان پێیە بە رای من لێپرسراوەكانی خۆمان هەمووی خانوویان هەیە لە هەولێردا و خانووی خۆیان داوە بەكرێ و خۆشیان چوونە لەوێ خانووێكیان داگیر كردووە وئەندامانی پەرلەمانیش لە ئوتێلەكاندا دەخەون و بە پێشنیاری من لێپرسراوەكانی خۆمان لە پێشانا دەركەین لەو وخانووانە، پاشان ئەو خەڵكانەی كە لە رێگای ئەو لێپرسراوانەوە هاتوونەتە ناو ئەو خانووانە دەركەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەیەك دروست بكەین لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ چۆڵ كردن و بەدواداچوونەوەی كێشەی ئەم خانووانە، چونكە ئەوە ماوەیەكە ئێمە بەم ئیشەوە خەریكین وهیچمان بە هیچ نەكردووە.

**بەڕێز یونادم یوسف كنا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پاش دروست كردنی ئەو لیژنەیە دەبێت بكەوینە هەوڵی ئەوەی كە ئەو خانووانە چاك بكەینەوە و هەر خانووەی (٢٠تا ٣٠)هەزار دیناری پێویستە بۆ چاك كردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز فرنسو توما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان كردبوو لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەك پێك بێنن بۆ جردی خانووەكان بچێت

پێش ئەوەی چۆڵ بکرێن تەسبیتی شتی ناو خانووەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارمان بۆ رەوانە کردووە، بەڵام وەڵام نییە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەکو خۆی بیهێڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیار دراوە و لیژنەش دروست بووە، بەڵام هەموو شت هەر وەک خۆی ماوەتەوە ..

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک لای د. کەمال هەبوو ئێمەش پشتگیری دەکەین بایەکەم ئیشی پارێزگار ئەوە بێت ئەو خانووانە چۆڵ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیشی پارێزگار نییە، واتا پارێزگار بەرپرس نییە، ئەو خانووانە سەربە ئەنجوومەنی وەزیران وئیترەیە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با هەردوو لایەنەکە بە کادیرەکانی خۆیان بڵێن بچنە دەرەوە، بەڵام بەمەرجێک هەردوو لایەنەکە کرێی خانووی ساڵێکیان بۆ بدەن بۆ ئەوەی کە بچن لە شوێنێکی تر خانوو بگرن، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من چۆڵ کردنی ئەم خانووانە بە قۆناخ بێت باشترە، یەکەم قۆناخ با ئەو کەسانە دەرکرێن کە لە کاتی رژێمەوە ئەم خانووانەیان پێ دراوە وقۆناخی دووەم ئەو کەسانە بگرێتەوە کە پاش راپەڕینەکە هاتوونەتە ناو ئەم خانووانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاکام هەر دەگەڕێینەوە بۆ هەمان بڕیار کە داومانە، ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ ئەو کارە ئەنجام بدات ،ئەو لیژنەیەش کە دروست کراوە دەبێ لەهەر کوتلەیەک یەکێکی لەگەڵدا بێت جا تکا دەکەم ئەمڕۆ هەر کوتلەیەو یەکێکمان بۆ دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی دەست بەئیشوکاری خۆیان بکەن و بڕیارەکە جێبەجێی بکەن بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەش چارەسەر بکەین.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێداچوونەوەیەکی بچکۆلەم هەیە لە رووی یاساییەوە، ئەنجومەنی وەزیران تەنیا ئەوەی پێ دەکرێت کە ئەو خەڵکە ئاگادار کات ماوەیەکی دیاری کراویان بۆ دابنێت دوای ئەوە هیچ چارەیەکیان نامێنێت جگە لەوەی پۆلیس بنێرێتە سەریان وپێیان بڵێین بابە ماڵەکە چۆڵ کەن، ئایا ڕێگەی ئەوەمان دەدەن؟، ئایا ئەوامان پێدەکرێت؟ ئەوەی کە ئێمە پێمان دەکرێ ئەوەیە کە لێپرسراوەکانی خۆمان پێش هەموو کەسێکی تر بکەینە دەرەوە، ئەو کاتە زۆر ئاسان دەبێت کە فەرمانبەرەکان دەرکرێن، بابەتەکە هەر بەو دوو هەنگاوە چارەسەر دەکرێت و، ئەگەر هەر دەرنەچوون دەزگای جێبەجێ کردن دەنێرمە سەریان بە زۆر دەریان کات، ئەگەر ئەوەشم پێ نەکرا دەبێ ڕێگایەکی تر بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کادیرانەی پارتی و یەکێتی کە لەو خانووانەدان هیچ کامێکیان فەقیر نین زۆر دەوڵەمەندیشن پێشمەرگەی واهەیە ئێستا جێنشین نییە کە لە هەولێر بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری ئێمە بۆ ئەو لیژنەیە بەڕێز ملازم یونس ڕۆژبەیانییە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری ئێمەش بۆ ئەو کۆمیتەیە بەڕێز شەوکەت حاجی موشیرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سبەی دەستی پێ بکەن، بەڵکو هەردوولا توانای خۆیان بەکار بخەن تاوەکو ئەو کێشەیەش چارەسەر بێ، دووەم، سەبارەت بە مەسەلەی یارمەتی ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانمان کردەوە بۆ ئەوەی بتوانین شتێک یارمەتی بۆ ئەندامانی پەرلەمان دابین بکەین.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ پرسیارم کرد، بۆیە تا ئێستا دواکەوتووە ئەنجومەنی وەزیران تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

نێوان ئێمەو وەزارەتی دارایی تەنها چەند مەترێکە، کە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەی ئێمە ئەوەندەی خایاندووە، ئایا ئیشوکاری هاوولاتییەکی دەست کورت چۆن بەڕێوە دەچێ، نابێت ئێمە

بەو شێوەیە ئیش بکەین، دەبێت بە خۆتانا بچنەوە و بە جدی تر ئیش بکەن، ئەگەر کەموکورییەکەش لە ئیدارەی وەزارەت و ئەنجوومەنی وەزیرانە با بیگۆڕن و بەهێزی بکەن، چونکە مەعقول نییە بڕیارێک لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییدا (١٥) ڕۆژ بخایەنێت، ئەوە چەند جارێکیشە کە ئێمە داوا دەکەین بەڵێن دەدەن، بەڵام جێبەجێشی ناکەن، جا هیوادارین کە تۆزێک بە گورتر ئیش بکەن، ئەگینا ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ یاساو بەگوێرەی یاسا ڕەفتارتان لەگەڵدا بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم نەک سبەی ئاگادارمان بکەنەوە سبەی پارەمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی شتێک بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی خەرج بکرێت پێش ئەوەی پشوو دەست پێبکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوێنێ بەڕێز د.فوئاد ئاگاداری کردین ئەو مەبلەغەی کە وەریان گرتووە لە سنووری چەند ملیۆنێکی لەو (٢٥)یەیە کە پێی دەڵێن (بەتانی)، ئێمە دوو کێشەمان هەیە بڕیارێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانمان هەیە کە وتومانە دەبێ ئەو پارەیە خەرج بکرێت هەتا ئێستا ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێمە بەرامبەر ئەو کێشەیە یەک ئیجرائی ئەنجام نەداوە، هۆیەکەی چییە؟! ئەو (٢٥)یە لە بازاڕدا ناڕوات ئەو بڕیارەی کە دامان بۆ جێبەجێ نابێت، ئەولایەنانەی کە وەری ناگرن بۆ ئیجرائاتیان لەگەڵ ناکەن؟ ئەوەتا ئێستا لە نزیکەی(١٠٠٠) پێشمەرگە لە ژێر خزمەتی وەزارەتی ناوخۆدایە ئەو ئیجرائاتانە بۆناکرێت؟ دەبێ بڕیارێک بدەین، کە موتابەعەی ئەم کێشەیە بکەین ومن ئەوە وەکو پێشنیارێک دەیدەم بەهەردوو لیژنەی ناوخۆو لیژنەی ئابووری کە بەدوای ئەم بابەتەدا بچنەوە و، ئەگەر ئەنجام نەدرێت ناچارین جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆمان.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە ئەو مەبلغەی کە گوایە دەڵێن «٢٥» دیناریی بەتانییە مەبلەغێکی زۆرە، یەک ملیۆن و(٢)ملیۆن نییە بە پێی ئەو زانیاریەی کە بۆمان هاتووە گوایە لەگومرکی دهۆکەوە بەو شێوەیە هاتووە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بە ڕەسمی بۆمان ڕوون بکاتەوە بزانین بۆ لە گومرکی دهۆک گۆڕیویانە کە خۆی پارەی (٥ و ١٠)ی بووە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری لەسەر درا ڕێنمایی پێ دەرچوو لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕیارێکی وا جێبەجێ کردنی ئاسان نییە ،خۆی بڕیاری ئابووری دەبێت زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بە قوڵی بێت، حیسابی ئەوە بکرێت ئایا ئەم بڕیارە جێبەجێ دەبێت، یان جێبەجێ نابێت هەموو لێکدانەوەکەی ئێمە ئەوەبوو ممکینە لەبەر

مانیشی هەر هەمان شت بوو ، هەروەها لە جێگاکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم ئەم جیاوازیە نییە لە نێوان پارەکەدا تەنها ئەم جیاوازیە لە لای خۆماندا هەیە، کە بڕیارەکەش دەرچوو د.ابەش کرا بەسەر هەموو فەرمانگە و لە تەلەفزیۆن خوێنرایەوە بڕیارەکە ورێنماییش چووە بۆپۆلیسی هەموو شوێنێک کە هێز بەکار بێت، ئەگەر هاتوو یەکێک شکاتی کرد بڵێ فلان کەس پارەی وەرنەگرت، یانفلان لایەن وەری نەگرتووە ئەو کاتە ئیجرائاتی بەرامبەر بکرێت، بەڵام تائێستا شکات لەکەس نەکراوە، ئێمە لەراستیدا تەوقعی ئەوە بکەین کە بڕیارێکمان دەرکرد دەبێ یەکسەر بتوانین جێبەجێی بکەین لەراستیدا ئێمە داوای ناکەین، ئەگەر جێبەجێ نەکرا لەوانەیە کەموکوڕییەکە تەنها ئەنجوومەنی وەزیران نەبێت، یا پەرلەمان و میللەتیش نەبێت ،بەڵکو هۆی زۆر تری هەیە کە لەبەر چاوی ئێمە نییە، ئەمە لەلایەک ، ئەو پارەیە کە لە دهۆکەوە هاتووە خۆی پرسیارمان کردووە دەربارەی بابەتی پارەکان کە هاتووە دەبوو لێکۆڵینەوەیەک لە بانکەکان بکەن. دەبێ ئێمە شتێکی وا بکەین کە ئەو پارانە لە بانکەکاندا نەیەتە گۆڕان، چونکە ئەو پارانە هەمووی بە بێ پسولە وەردەگیرێت و تەسلیم دەکرێت.

ئێمە رێنومایمان داوە بە وەزارەتی دارای ومن لەگەڵ بریکاری وەزارەتی داراییش قسەم کردووە کە بەدواداچوونەوەی ئەو مەسەلانە لە بانکەکان ئەو لایەنانەی کەوا دەیدەنێ بزانین ئەم مەسەلەیەی بەتانیانە چییە؟.

لەم ماوەیەدا گومرکی ئیبراهیم خەلیل کز وبێ هێز بوو ئەویش لەبەر بڕینی رێگاکە جا بۆیە ئێمەش پارەمان نەبوو کە ئیشوکارەکانی پێ ببەین بەرێوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەناوی ئەوەوە کە لە ناوچەی دهۆکم هەندێ روون کردنەوەم هەیە، سەبارەت بە رێگاکەوە ئەوە نزیکەی (٣٥)رۆژ دەبێت کە گیراوە لە بەرواری(٧/١٥وە تا ٨/٢٠) دوای ئەم بەرواره رێگاکە کرایەوە، ئەمە یەک.

سەبارەت بە پارەی (٢٥)یشەوە، ئەگەر لە بانکەکان گۆڕابێت ئەوە لەوانەیە، بەڵام ئەوە هەر لە گومرکی زاخۆ ئەو پارەیە وەردەگرن، چونکە برادەرانی ئێمە کە لەگومرکن ناتوانن وەری نەگرن، چونکە خەڵکەکە دەڵێن ئێوە بڕیار دەدەن ودەڵێن هەموو پارەیەک دەڕوات و،لە بەرواری(٨/٢٣)وە گومرکی زاخۆ باش ئیش دەکات وپارەیەکی باش هەیە بۆ زانیاری بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ممکینە ئێمە لێرە تۆزێک ناکۆکی لە نێوانماندا هەبێت، چونکە ئەو داهاتە تازەیە بەقەناعەتی من تا ئێستا نەگەیشتووەتە بانکی دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو بابەتە حەز دەکەن دوایی بەرەقەمیش پێتانی دەدەم ..جا ئەگەر گەیشتبێ ئەوان وا بڵێن ئەوە نازانم بە رای من تەئکیدی تر بکرێتەوە لە وەزارەتی دارایی کە ئەو فەرمانگانە پابەند بکرێن کە پارەکان وەربگرن، ئەگەر وەری نەگرن ئیجرائات بەرامبەر بە بەڕێوەبەرو ژمێریار وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر لە دەزگای ڕاگەیاندنەکاندا ئەو بڕیارانە بڵاوبکەنەوە کە لە ئێمەوە، یاخود لە وەزارەتی ناوخۆو داراییەوە دەردەچێت، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە هان بدرێت بۆ وەرگرتنی ئەو جۆرە پارانە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من جارێکی تر بە ڕەسمی دووپات بکرێتەوە کەوا ئاگادار بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من بەنیسبەت ئەوانەی کە پارە دەگۆڕنەوە نەک هەر یاسایەک دەرچێت کەوا وەربگیرێت، ئەوانەش کە پارە دەگۆڕنەوە، پارەی کۆن، ئەوانەش ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت، کەوا پارەی(٢٥)دیناری بەتانی بە(١٨)دینار دەگۆڕن و(٥)دیناری بە(٣)دینار ونیو دەکڕن باشە، ئەگەر ناڕوات بۆچی بە(٣.٥)وەری دەگرن، واتا دەیکڕن ورەوانەی بەغدای دەکەن لەبەر ئەوە ئیجرائات لەگەڵ ئەوانەشدا بکرێ، ئەوانەش بگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوانەی کە پارە دەگۆڕنەوە، بڕیارێکمان دەرکردووە کە پارە گۆڕینەوە قەدەغەیە،واتا مامەڵە لەگەڵ دەراوە کردن قەدەغەیە، دەتوانن بەشێوەیەکی ڕەسمی داوای ئیجازات بکەن، ئیجازەیان پێ بدرێت بەپێی ڕێنمایی ئەم ڕێنماییانەش بڵاو کراوەتەوەو، لەئێزگە و تەلەفزیۆنیش بڵاوکراوەتەوە، لەمەو دوا پاش ماوەیەکی دیاری کراو هەرکەسێک بچێ بیەوێ پارە لەسەرچاوە بگۆڕێتەوە، ئەگەر ئیجازەی نەبێت دەیگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە زۆری هەر باسی گومرکی ئیبراهیم خەلیل دەکرێت، ئایا هەولێر و سلێمانیش گومرک و داهاتی نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەولێر و سلێمانی گومرکی چی هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بەپێی دوا زانیاری ئێمە ئەوەبوو کە تازە دەستیان پێکردووە سێ چوار ڕۆژە تەسلیمی دەکەن کە لە(٥٪)بەناوی بەرەی کوردستان و لە(٥٪)بەناوی وەزارەتی ئابووری ودارایییە..
پارەکە تەنها(٥و١٠)ی بوو جا نازانم کە ئێستا گۆڕابێت وەکو دەڵێن، سوپاس.

**بەڕێز حەمەد حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپارە وەرگرتنەوە یاسا هەبێت، چونکە دائیرەکانی سلێمانی زۆربەیان (٢٥)بەتانی وەرناگرن، (٥ و ١٠)یی دراو وەرناگرن، کە هەندێ دراوێ وەرناگیرێت، ئەو ژمێریارەی کە وەری ناگرێت، سزا بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەک (٢٥)ی وەرناگیرێت، بەڵکو(٥و ١٠)یش کە پارچە لەزگەیەکی پێوە بێت وەری ناگرن، هەندێ فەرمانگە هەیە دەڵێن ئێمە پێمان نەگەیشتووە کە ئەم جۆرە پارانە وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەوەی کەمن ئاگادارم، گومرکی سلێمانی وهەولێر هەرچی کۆ دەکرێتەوە، دەدرێت بە بانک لەسەر حیسابی وەزارەتی دارایی لە دەرچوونی بریارەکە گرفت نەبوو لەوبارەوە بەس وەزارەتی دارایی دەیەوێ لە هەموو شتێک گومرک وەرگرێ، بەڵام ئێمە نامانەوێ هەندێ شت هەیە وەکو ئامێرو دەزگای پزشکی نەچێتە دەرەوە ، بەڵام مەبەستی ئەوان تەنها پارە کۆکردنەوەیە و، ئێمەش دەمانەوێ شت کۆبکەینەوە ، ئەم مەسەلەیە دەبێت باس بکرێت و، بریارێکی تر وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیواداریـن پەلەی لێ بکەن وبگاتە ئێرە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەفتەی پێشوودا دوو پرسیارم هەبوو ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ وئاودێریم کردبوو ، وەڵامیان نەهاتەوە، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ ئێستا ئاراستەی بکەم، یەکەم بەنیسبەت گەنمەوە بریار وابوو لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووریدا بریارێک بدەن بە کڕینی گەنم بۆ جووتیارەکان، نازانم ئەو

بابەتە بەچی گەیشت؟.

دووەم سەبارەت بە پەینیی کیمیاوی پاش (١٠ـ١٥)رۆژی کە کشتوکاڵ دەست پێدەکات، ئەگەر ئەمساڵ پەین نەبێت کشتوکاڵ ناکرێت، نازانم وەزارەتی کشتوکاڵ چ پلانێکی داناوە بۆ بابەتی پەینی کیمیاوی.

سێیەم بەنیسبەت حەشەرەی کیسەڵە کە جووتیارەکان ئاگاداریان کردین لەناوچەی هەریر و بەڕانەتی و ناوچەی دەشتی هەولێردا بڵاو بۆتەوە، ئەوە لەناو زەوی گەرای کردووە، لەوانەیە ئەو ساڵ بەرهەم نەبێت، ئایا پەیوەندیتان کردووە بەهیچ رێکخراوێک بۆ پەیدا کردنی دەرمان بۆ نەهێشتنی ئەم حەشەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەد ئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی گەنم لەگەڵ وەزارەی دارایی کۆبووینەوە پلانێکمان دانا بۆکڕینی گەنم، بۆ مەسەلەی چاک کردنی سایلو و، گواستنەوەی فەرمانبەران و نرخی گەنیشمان دیاری کردووە، بەڵام ئەو مەبلەغەی کە پێویستمان بوو بەڕاستی (١٠٠)ملیۆن دینار بوو کە بتوانین گەنمی پێ بکڕین بۆماوەی دوومانگ یەدەگ بۆ هەولێر و سلێمانی و، ئەگەر لەو(١٠٠)ملیۆنە مەبلەغێکی کەممان بدەنێ ئێمە دەست بەکڕینی گەنمە بکەین. بە راستی تا ئێستا ئەو پارەیەمان نەدراوەتێ تا ئێستاش دەست نەکراوە بەکڕینی گەنمەکە تەنها کێشەمان مەسەلەی پارەیە و، ئێستاش هەرکاتێ پارەمان بدەنێ ئێمە ئامادەین دەست پێبکەین.

مەسەلەی پەینی کیمیاوی بە راستی ئێمەش دەزانین پاریش پەین نەدراوە، ئێستا کێشەیەکی گەورەمان هەیە بەتایبەتی بۆ ئەو وەرزەی دادێ و، ئەگەر پەین نەبێت بەرهەم نابێت و ئێمە زۆر هەوڵمان داوە لە رێگەی رێکخراوەکان و، بازرگانەکان پەینی کیمیاوی دابین بکەین بۆ جووتیاران. سەبارەت ئەو بابەتە لەلایەن بازرگانەکانەوە دووسێ عەرزمان بۆ هاتووە کە هەمووی لە ٢٠٠٠ هەزار کەمتری تێ دەچێ، لەبەر ئەوە تاکو ئێستا بڕیارمان نەداوە بیکڕین، چونکە جووتیاری کورد بەو نرخە پێی ناکرێت.

بۆ مەسەلەی کڕینی (مبیدات) ئێمە پێویستمان بە (٦)ملیۆن دینار هەیەو، ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانن ئەم برە پارەیە تەرخان بکەن و، گوتیان ئێمە زۆر پارەمان لەمەسەلەی ئەو وەفدانەی کەچوونەتە دەرەوەی وڵات سەرف کردووە. لە راستیدا ئەمەیە گیروگرفتی وەزارەتی ئێمە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە کە پەیوەندیی بەوەزارەتی دارایی وئابووری و، وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە. بڕیار وابوو گەنم لە جووتیاران بکڕین، بەڵام تا ئێستا نەکراوەو، ئایا وەزارەت نیازی نییە بیکڕێت؟.

جووتیاران پێویستیان به پاره هەیه بۆ ئەوەی کشتوکاڵی ساڵی نوێ بکەن، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم یان وەزارەت گەنمەکه بکڕێت، یان ڕێگه به جووتیاران بدرێت گەنمەکەی خۆیان بفرۆشن، سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جووتیارەکان پابەندیان به بڕیاری پەرلەمان کردووەو، گەنمی خۆیان لێره هێشتۆتەوه نەچۆته دەرەوەی کوردستان، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕژێمیش بڕیارێکی دەرکردووه ئەوەی گەنم نەداته سایلۆیەکانی لەماوەی (١٥)ڕۆژ سزا دەدەرێت، لەبەر ئەوه لێرەدا د بێ چارەسەرێک بۆجووتیارەکان بدۆزنەوه، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ماوەیەک دیاری بکرێت بۆ کڕینی گەنم له جووتیاران، ئەگەر لەو ماوەیەدا پاره پەیدا نەبوو گەنم له جووتیار بکڕن ئەوا با جووتیاران ئازاد بن له فرۆشتنی گەنمەکەیان، سوپاس.

**بەڕێز عومەر عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم داوا له ئاشەوانەکانی هەموو شارەکانی کوردستان بکرێت، ئەگەر له توانایاندایه گەنم بکڕن له جووتیاران، بۆئەوەی سوودی لێ ببینین، سوپاس.

**بەڕێز ئە د تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم جووتیارەکان که بەگشتی گەنم بفرۆشنه هاوولاتییان و بۆ ئەوەی زەخیره دابنێن و، هەروەها بەشی تۆ کردنیش هەڵبگرن، ئەوەی دەمێنێتەوه بیفرۆشنه حکومەتی هەرێم به ئەقسات، پارەکه بەش بەش بیاندرێتێ، بەرای من ئەوه باشتره لەوەی گەنمی کوردستان بڕواته دەرەوه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆزگه ئەو باوەڕیه دەبوو له نێوان جووتیاران و وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێریدا و، گەنمەکەش پێشکەش به وەزارەتی کشتوکاڵ دەکرا، بەڵام ئێمه ئەگەر توانای مادیمان نەبێت زەحمەته وەزیری کشتوکاڵیش بتوانێ ئەوه بکات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەم کێشەیه تەنها تایبەت نییه به وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری. لەبەر ئەوه

پێشنیار دەکەم داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ کە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە دابنێن، چونکە خاوەن گەنمەکانیش گرفتی مادیان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا ئەمە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە. داوا دەکەین دەسەلات بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەم بڕیارە هەڵوەشێنێتەوەو، واتا ئێمە دەتوانین بکڕین بەزووترین کات ئەو کاتە ماوە بدەین کە بچێتە خوارەوە یابۆ هەر کڕیارێک کە دەبێت بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر بتوانێت لەوبارەیەو ئاماژە بۆ بڕیارێکی پێشتر بکات کە پێش ئێستا وەرمان گرتووە بۆئەوەی دەسەلات بە ئەنجوومەنی وەزیران بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە بەپێ ی ئەو توانایەی کە هەیانە.

بەرنامەی ئەمڕۆمان تەواو بوو، سەبارەت بە یاسای وەزارەتی پەروەردە، ئێستا ماوەتەوە ئەو بڕیارەی کە هەردوو لیژنەی پەروەردەو یاسا لەگەڵ وەزارەت کە رێککەوتوون لەسەری. بەو شێوەیە واتا مادە (٢١) هەڵوەشاوەتەوەو، هەروەها بڕگە (٣)و (٩) هەڵوەشێنراوەتەوەو، بەم شێوەیەی لێهاتووە:

١ــ مكتب السيد الوزير.

٢ــ مكتب وكيل الوزير.

٣ــ مكتب العلاقات الثقافية.

٤ــ المديرية العامة للشؤون الأدارية والمالية.

٥ــ المديرية العامة للتعليم.

٦ــ المديرية العامة للتقديم والأمتحانات.

٧ــ المديرية العامة للمناهج والتخطيط التربوي.

کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە سەبارەت بە تعادلی شەهادات کە (المدير العامة للتقويم والأمتحانات وتعديل الشهادات)ش دابنرێت، چونکە ئەوەش پێویستە و تەعادولی شەهادەیش ئێستا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە لە زمنی بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکانە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مكتب وكيل الوزير) بە هەڵە هاتووە، ڕاستیەکەی (مكتب وكيل الوزارة) یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەمە ڕاستە، پاشان لیژنەی یاسا لە دارشتندا با تێبینی ئەوە بکات.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی لیژنەی پەروەردە، لەگەڵ وەزیری پەروەردەش پێشنیارێکیان هەبوو دەبارەی (تعليمي اقليات)، من دووپاتی دەکەم کە بەڕێوەبەرایەتیەک هەبێت بۆ (فێرکردنی کەمە نەتەوایەتیەکان)، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە زمنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبەرایەتیەک هەبێت بۆ ئەم مەبەستە بەناوی (مدريه الأقليات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕیارە خراوەتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هیچی لەسەر زیاد بکرێت.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت (تكون لغة الأقليات القومية لغة التعليم في المرحلة الأبتدائية في المناطق التي تسكن مع الأكراد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنی ئایندە بەیانی کاتژمێر (١٠)یە ، هەفتەی داهاتوویش گفتوگۆ لەسەر دوو یاسا دەکەین، بەڵام بۆ بەیانی حەزمان کرد بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئاگادار بکەین کە سبەی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسایەک دەکرێ دەربارەی (قەدەغەکردنی دەرچوونی ئامێرو ئۆتۆمبیل بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان)، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت ئەم بابەتە هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا چەند پرسیارێک هاتووە کە پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆوە هەیە ئێستا وەڵامی هەموویان دەدەمەوە.

سەبارەت بە مەسەلەی بردنی ئامێرو ئۆتۆمبیل بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان پرسیار دەکەن ئایا چی کراوە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، ئەو ئامێرانەی کەوا هەوڵ دراوە بەرێگەی قاچاغ و بێ گومرک کردنیان بچێتە دەرەوە، لە هەندێ شوێنی هەولێر و سلێمانیدا ئێمە هەندێکمان گرتووەو ئیجرائاتیش بەرامبەر قاچاغچییەکان وەرگیراوە. ئەمە یەک.
دوو: ئەم کارە پێویستی بە بڕیارێکی پەرلەمان هەیەو، بۆ ئەوەی بەپێی یاسا گومرگ کردنی ئەم جۆرە ئامێرانە قەدەغە بکرێ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە بەیانی بە پەلە بڕیارێکی وا دەربکەین لە ئەنجومەنی نیشتمانییدا بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە ئاسانی ئیجرائاتی خۆمان وەربگرین.
پرسیارێکی تر کراوە دەربارەی تۆمارکردنی ژمارەی ماشینەکانی کە سەر بە فەرمانگەی هاتوچۆکردنن لە هەرێمی کوردستاندا.
لەراستیدا مەسەلەی ئەم ماشینانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
کاتی خۆی کۆمپانیای گشتی ئۆتۆمبیل و هەروەها هێنانی تایبەتی (استیراد شخصی) هەبووەو، هەر لایەنێک بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێی درابوو شتی دەکردو، پۆلیسی هاتووچۆ، ئەو کاتە سەنەوی و شتی بۆ دەردەکردن لەهەر پارێزگایەکدا بە جیا.
لە کاتی ڕاپەڕیندا ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیل بێ ژمارە ماونەتەوە لە کوردستانداو، زۆربەیان ئۆتۆمبیلی فەرمانگە رەسمیەکانن ئێستاکە لەلای بەرەی کوردستانی و حزبەکانن، بێجگە لە هەندێ ئۆتۆمبیلی بیانی کە لەدەرەوە دێن بۆ کوردستان و، لێرە ژمارەکەی لێ دەکرێتەوەو، هەروەها ئەوانەی بە ریگەی قاچاغ لە بەغداوە دێنە ناو کوردستان.
بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە، ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیراندا، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا هەردوو لامان ڕێککەوتین کە رەسم گومرگی لەسەر ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە لابرێت و، ئەوەی ئێستا بێ ژمارەن، گومرگێکی نوێی لەسەر دابنرێت کە ئەو گومرگەش لە (١٠٪ - ٢٠٪) قیمەتی ئۆتۆمبیلەکە بێت و، لە فەرمانگەی هاتووچۆ ژمارەیان پێ بدرێ.
بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین چارەسەی ئەو مەسەلەیە بکەین و، سەبارەت بە ئۆتۆمبیلی حزبەکان ئێمە لە هەر شارێک ژمارەیەکی دیاری کراویان بۆ دادەنێین. ئەو کاتە هەر حزبێک خۆی بەرپرسە بەرامبەر بە هەر گیروگرفتێک کە روودەدات، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**
دەربارەی ئەم بابەتە (قەدەغەکردنی دەرچوونی ئامێرو ئۆتۆمبیل) یا لیژنەی دارشتن، یان ئێوە خۆتان شتێکمان بۆ ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کاری بەیانییەوە.
**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**
پرسیار دەکەم ئێمە یاسایەکی ئیستثنائیمان هەبوو کە تا ئێستا نەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بۆچی باسی زیندانییەکان نەکرا؟، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
خاڵەکانی بەرنامەی کاری بەیانی بەم شێوەی خوارەوەیە:
١ ـ وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی تەشکیلاتی پارێزگاکان و، تەشکیلاتی ئیداری بەتایبەتی پارێزگارو وقائیمقامەکان، ئەمانە بەیانی لە بەرنامەی کاردا باس دەکرێن و، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەمڕۆ ئاگادار کراوین و، دەڵێن پارێزگارەکان سیانیان ئامادەن بۆ سوێند خواردن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەمرەکە نەگەیشتوەتە دەستمان. بەراستی دەبێ پەلە بکەین لەم بابەتەو ئیدارەکان تەواو بکەین و، چیتر ئەم مەسەلایە دوا نەخەین.
٢ ـ بڕیارێکمان پێویستە دەربارەی ئەو قەزاو یەکە ئیداریانەی کە کاتی خۆی هەڵوشێندرانەتەوە کاتی، پێویستە ئەوەش گفتوگۆی لەسەر بکرێ و، بڕیاری لەسەر بدرێ.
٣ ـ وەزارەتی ناوخۆ زۆر بەپەلەن لەوەی بڕیارێک دەربکەین دەربارەی دەسەڵات پێدانیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن هەندێک ئیشوکار بکەن. ئێمەش داوامان لێ کردن کە خۆیان پرۆژەیەک ئامادە بکەن، بەڵام هەتا ئێستا هیچ شتێک نەگەیشتۆتە دەستمان.
٤ ـ دەربارەی مەسەلەی بەندیخانەکان، لە راستیدا لە ناو خەڵکەدا هەندێک قسە هەیە کەوا مامەڵە لە ناو بەندیخانەکاندا نامرۆڤانەیەو، خەڵکی ئەشکەنجە دەدەرێن و بەخۆڕایی دەگیرێن، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان داوا دەکەین بچن سەردانی ئەم بەندیخانانە بکەن، بۆ ئەوەی راستیەکان ببینن و راپۆرتێکمان بۆ ئامادە بکەن، چونکە هەموو قسەیەک کەدەکرێت مەرج نییە راست بێت. بۆیە ئێمە ئەم خاڵەشمان خستە بەرنامەی کاری بەیانییەوە.
ئەمە بوو بەرنامەی کاری بەیانی. هیواداربن بەڕێزان سەرۆک ئەونجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆی بەڕێز ئامادە بن لە دانیشتنی بەیانی.
**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
دوێنێ پێشنیارێکم هەبوو دەربارەی مەسەلەی (احتکاری مواد غذائی) لەلایەن هەندێک هاووڵاتی بۆ ئەوەی نرخ بەرزبێتەوە، داوا دەکەم ئەم بابەتەش بخرێتە بەرنامەی کاری بەیانی، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
کاتی خۆی پرسیارمان کرد دەربارەی ئەم بابەتەو، گووتیان بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لێرە

نیبه ، لەبەر ئەوە ئەم مەسەلەیەمان دواخست، ئەگەر بەیانی بریکاری وەزارەتی دارایی ئامادە بوو لەو بارەیەوە پرسیاری لێ دەکەین .

**بەڕێز سـەعـدی ئەحـمـد مـحـمـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەنی.**

من وێنەی شەخسیم هەیە لەسەر ئەم بابەتە وەزارەتی دارایی وئابووری دەڵێن ئێمە ناتوانین ئیجرائات وەربگرین، چونکە وەزارەتی ناوخۆ هاوکاریمان ناکات.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی هات. بەیانی کاتژمێر (١٠) دانیشتن هەیە.

| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆک | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق |

# یاسای وەزارەتی پەروەردە

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١ – وەزارەت: وەزارەتی پەروەردە

٢ – وەزیر: وەزیری پەروەردە

٣ – بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی پەروەردە

٤ – دیوان: دیوانی وەزارەتی پەروەردە

٥ – هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق

٦ – کەمایەتییەکان: ئاشوورییەکان و تورکمان وعەرەب و ئەوانی تر.

**ماددەی دووەم:**

١ –وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە کارەکانیداو سەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکییەکانی دەکاو هەر لەمیشەوە ئەو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندی یان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانییەوە لەرووی یاسایی و بەڕێوەبردن وهونەرییەوە هەیە، لە چوارچێوەی ئەم یاسایەو یاساو پەیڕەوو ڕێنماییە ڕەچاوکراوەکانی تردا. هەر وەکو لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا بەرپرسە، بەو مانایەی کە ئەندامێکی هاوبەشێتی.

٢ – وەزارەت بریکارێکی دەبێ کە ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێیانی دەسپێرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

ئەرکی وەزارەت:

١ –توانا خستنە بەری نەوجەوانان لە پەرەپێدانی کەسایەتییاندا لە گشت رووەکانی جەستەیی و ڕۆشنبیری وگیانییەوە.

٢ –رەخساندنی هەلی زانستی وەرگرتن بۆ گەورەکان و بەشداری کردن لە راهێنانیاندا بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی فراوانکردنی ڕۆشنبیرییان و رادەی بەرهەمیان بەرزبکاتەوەو ژیانی گشتییان لەسەر رێوشوێنی پەروەردەی فەرمانکاری و پەروەردەی درێژخایەن چاکتر بکا.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەی، ئەم کارانە دەکا:

١ –دانانی ئەو سیاسەتە پەروەردەییەیانەی پەیوەندییان بە مەیدانەکانییەوە هەیە، بەمەرجێک کە لە سروشتی کۆمەڵگای کوردستان لە پێویستییەکانی و خواستەکانی پێشکەوتنییەوە وەرگیرابن و دەشبێ تایبەتمەندێتیی نەتەوایەتیی کەمایەتییەکانیانی تێدا لەبەرچاو بگیرێ، هەر وەکو دەبێ وەهاش لەسەر بنچینەی هەلی چوون یەکی دارێژرابن کەببنە مایەی کیفایەتی

سیستەمی فێرکاری.

٢- مسۆگەر ردنی توانای ئادەمیزادی و مادی خواستەکانی هونەری و ڕێکوپێکیی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکانی پەروەردەو هەڵسەنگاندنیان.

٣- کردنی زمانی کوردی بەزمانی خوێندن لە گشت پلەکانیدا.

٤- کردنی زمانی کەمایەتییەکان بەزمانی فێرکردن لە پلەی سەرەتاییدا بۆ کوڕو کاڵانیان لەو ناوچانەدا کە تیایاندا نیشتەجێن. بەمەرجێ فێرکردنی زمانی کوردی تیایاندا ئیلزامی بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەت بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی ئەم کارانە دەکا:

١- مسۆگەرکردنی ئامادەکردنی مامۆستایانی سەرەتایی و ئامادەیی و سەرپەرشت کارانی پەروەردەو بەرپرسیارانی بەڕێوەبردنی خوێندن و سەرپەرشتی کردن و. سەر لەنوێ ڕاهێنانیان لەکاتی خزمەتیانداو توانا خستنەبەریان بۆ گەشەسەندنی پیشەیی و زانستی و پشتگیری کردنی پایەو پلەیان.

٢- پێکهێنانی دامودەزگای ئیداری و هونەریی پێویست بۆ نەخشەدانان بۆ خوێندن و بەڕێوەبردنی و سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی لە وەزارەت و پارێزگاکانی هەرێمدا.

٣- ئامادەکردنی بەرنامەی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و پیشەیی و فێرکردنی تەمەنداران و ڕێوشوێن و کتێبی خوێندن وشێوازەکانی هەڵسەنگاندن وتاقیکردنەوە، بۆ بەدی هێنانی سیاسەتی پەروەردەیی وئەو نەخشانەی لێی دەوەشێنەوە، بۆ گەشەپێدانی هەموو ئەوانەش پشت بەستن بە تۆژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوە.

٤- بایەخدان بە پەروەردەی ئایینی و ڕەوشتی و ئاسان کردنی هەلومەرجی بەجێ هێنانی فەریزەکان و چەسپاندنی شێوەکانی ڕەفتاری دارێژراو لەسەر بناغەی لێبوردن و هاریکاری و ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی لەقسەو لەکرداردا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی کەمایەتییە ئایینییەکان لە هەرێمدا.

٥- بایەخدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری لە گشت پلەکانی خوێندندا.

٦- مسۆگەرکردنی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی قوتابخانەی حکومەتی بە هەموو پلەو جۆرەکانیەوە.

٧- سەرپەرشتی کردنی قوتابخانە ئەهلییەکان و ڕێنمایی کردنیان بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەپێی سیاسەتی پەروەردەیی و ئامانجەکانی.

٨- کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی.

٩- دامەزراندنی مەڵبەندو پەیمانگا بۆ فێرکردنی تەمەنداران وراهێنانیان بەپێی شێوازەکانی پەروەردەی وەزیفی.

١٠- بایەخدان بە تەندروستیی قوتابخانەیی وخۆراکدان بە قوتابی یان و هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە ڕێنمایی پەروەردەیی و پیشەیی و لەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانە

وەربگرن کە بۆ گەشەکردن و خۆشگوزەرانییان لە بارن و سوودیش لەوەختی دەست بەتاڵییان ببینن.

١١- بایەخدان بە خانووبەرەی قوتابخانەکان و بەشداری کردن لە دانانی نموونەی باش و مسۆگەرکردنیان بە دانانی نەخشەی پێویست بۆ دروستکردنیان.

١٢- بایەخدان بە تۆژینەوەی پەروەردەیی و سازدانی تاقیکردنەوەو سوود بینین لە ئەنجامەکانیان بەرێگای پەرەپێدانی نیزامی خوێندن و زیادکردنی توانای.

١٣- بایەخدان بە کتێبخانەی قوتابخانەکان وگەشەپێدانیان.

١٤- پتەوکردنی پەیوەندیی رۆشنبیری لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندارەکان بەکاروباری پەروەردەوە، بەتایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە پەروەردەو زانستی و رۆشنبیری «یونیسکۆ»، بۆ پەرەپێدانی رادەی رۆشنبیری و زانستی و پەروەردەیی لە هەرێمدا بە ئامانجی پەروەردەکردنی نەوە نوێیەکانی بەگیانی برایەتی و خۆشەویستی لەناو گەلاندا.

**ماددەی شەشەم:**

١- فێرکردنی گشتیی نەوجەوانان لەم دوو پلە سەرەکییەدا خۆی دەنوێنێ:

أ - پلەی فێرکردنی سەرەتایی.

ب- پلەی فێرکردنی ئامادەیی.

٢-پلەی فێرکردنی ئامادەیی دابەش دەکرێتە سەر دوو ئاست:

أ - ئاستی خوێندنی ناوەندیی.

ب- ئاستی خوێندنی ئامادەیی.

٣- باخچەی منداڵان پێش پلەی فێرکردنی سەرەتایی دێو رێ خۆشکەرە بۆی.

**ماددەی حەوتەم:**

ماوەی خوێندنی سەرەتایی شەش ساڵە. ماوەی خوێندنی ئامادەییش شەش ساڵە. سێی بۆ خوێندنی ناوەندیی، سێیەکەی تریش بۆ خوێندنی ئامادەیی یەک لەدوای یەک. هەروەکو وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە قوتابخانەی سەرەتایی، کە ماوەی کەمتر بێ بۆ ئەوانە بکاتەوە کە لەتەمەنی خوێندنی سەرەتاییدان و لێی دواکەوتوون «تەمەن ١٠-١٥» دەشگونجێ یەک قوتابخانە تەنها بەشێک لەپلەیەکی خوێندن بگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

١-خوێندنی سەرەتایی گشتی و یەک جۆر دەبێ بۆ هەموان و توانا وەبەر منداڵان دەخا تاهۆیە سەرەکیەکانی زانست و بنچینەکانی رۆشنبیریی فێر بێن.

٢-خوێندنی ئامادەیی رێ بۆ نەوجەوانان خۆش دەکا کە بەهرەو ئارەزووی خۆیان دەستنیشان بکەن و پەرەیان پێ بدەن ول ە رۆشنبیریدا قووڵ ببنەوەو پلە بەپلە پسپۆرایەتی لەبوارەکانی

زانست وەربگرن وراهێنان لە سەر جێبەجێ کردنیان بکەن تا بەکردەوە لە ژیاندا بەکاریان بهێن و درێژە بە خوێندنی بالاّ بدەن، لەگەڵ بایەخ دانێکی تایبەتیدا بەبالاّ دەستەکان.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەت پۆل و قوتابخانە بۆ کەم- ئەندامان(المعوقین)ئەکاتەوە بەشێوەیەک کە بەگوێرەی شێوازی زانستیی نوێ چاودێری بکرێن.

**ماددەی دەیەم:**

١- فێرکردن لەپلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی بەجۆرە جیاوازەکانیانەوە لە قوتابخانە رەسمییەکاندا بە خۆڕایین، هەروەکو لەپەیمانگاو ئەو مەڵبەندە رەسمییانەشدا کە لە ماددە دووانزدەی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٢- فێرکردن لەپلەی خوێندنی سەرەتاییدا ئیلزامی یە.

**ماددەی یانزدەیەم:**

١-وەزارەت لە رێگەی بەڕێوەبەرێتی ناوخۆیی یەوە «الادارة المحلیــة» باخچەی ساوایان بۆ ئەوانە تەمەنیان کەمترە لە شەش ساڵە دەکاتەوەو بەڕێوەی دەبا.

٢- کاروباری وەرگرتن وخوێندن لە باخچەی ساوایاندا رێک دەخا.

٣- بەپێ پێرەوێکی تایبەت سەرپەرشتی باخچەی ساوایانی ئەهلی دەکا.

**ماددەی دووانزدەیەم:**

وەزارەت پەیمانگاو مەڵبەندی راهێنان و خولی پەروەردەیی پێگەیاندن و بازرگانیی و کشتوکاڵیی و پیشەسازیی و هونەریی تر بەگوێرەی داخوازییەکانی گەشەسەندن دەکاتەوە.

**ماددەی سیانزدەیەم:**

ماوەی ساڵی خوێندنی هەردوو پلەی فێرکردن لە٣٢هەفتە جگە لە پشووەکان کەمتر نی یە.هەروەکو سەعاتەکانی خوێندنیش لە هەفتەدا لە«٣٠»سەعات کەمتر نییە. دەگونجێ لەکاتی پێویستیدا وەزیری پەروەردە ئەمە بە بڕیارێک بگۆڕێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

١-پرۆگرام ونەخشەی خوێندن و مەرجەکانی وەرگرتن و بەڕێوەبردن وزەبت کردنی ئەزموونەکان وباوەڕ نامە بۆ جۆرەکانی خوێندن بە هەردوو پلەکانیەوە کە لەم یاسایەدا کراون بەپێی چەند پێرەوێکی تایبەت دادەنێ کە وەزارەت رووونووسەکانیان «لائحة» ئامادە دەکا.

٢-وەزارەت بۆی هەیە تاقیمانە لە هەندێ قوتابخانە دا بکا کە رێکخستن و پرۆگرام و هۆیەکانی فێرکردن و شێوازی ئەزموونەکان بگرێتەوە، تا سوود لە ئەنجامە وەدەست هاتووەکانی وەربگرێ و بلاّوی بکاتەوە.

**ماددەی پانزدەیەم:**

١-مەرج ئەوەی بۆ فێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا دادەمەزرێ کە بەشێوەیەکی پەروەردەیی

بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابێ.

٢-مەرجە ئەوەی بۆ دەرس وتنەوە لە قوتابخانە ناوەندیی و ئامادەییەکاندا دادەمەزرێ دەرچووی یەکێ لە کۆلیژەکان بێ و پسپۆڕ بێ لە یەکێ لە بوارەکانی خوێندنی ئامادەییداو بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابێ.

**ماددەی شانزدەیەم:**

١-وەزارەتی پەروەردە کارمەندی فێرکردنی رادەهێنێ بەهاوکاری لایەنە پسپۆڕەکان نەخشەو بەرنامەی پێویست دادەنێ.

٢-وەزارەت بۆی هەیە خولی بەڕێوەبردن و هونەریی و پیشەیی بەپێی پێویست بۆ کارمەندانی بکاتەوە.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەو خەرجی فێرکردنەی ئەم یاسایە دەی گرێتەوە پشت بەو تەرخان کراوانە دەبەستێ کە لە بوودجەی گشتیی هەرێمدا هاتووە.

**ماددەی هەژدەیەم:**

هیچ قوتابخانەیەکی ئەهلی وبیانی و باخچەی ساوایان دانامەزرێ و دانانرێ بەبێ ئیجازەی نووسراوو، ئەو مەوجانەی کە وەزارەت دایدەنێ و لەکاتی تازەکردنەوەی ئیجازەی قوتابخانەکەشدا ئەو مەرجانە رەچاو دەکرێن کەلەو پەیرەو ورێنماییانەدا هەن کە وەزارەت لەم بارەیەوە دەریان دەکا.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

بەپێی پەیرەوێکی تایبەتی کە وەزارەت دایدەنێ بەرنامەو نەخشەکانی خوێندن مەرجەکانی وەرگرتن و بەڕێوە بردن وئیشوکارو ئینزیبات و ئەزموونەکانی قوتابخانە ئەهلی و بیانییەکان دادەنرێ و سەرپەرشتی هونەرییان دەکرێ.

## پێکهاتووەکانی وەزارەت:

**ماددەی بیستەم:**

وەزارەت پێکدێ لە:

١-دەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت.

٢-بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

دەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت بریتین لە:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکاری وەزیر.

٣- نووسینگەی پەیوەندییەکانی رۆشنبیری.
٤-بەرێوەبەرایەتی گشتی ی فێرکردن.
٥-بەرێوەبەرایەتی گشتیی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان.
٦-بەرێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان.

**ماددەی بیست ودووەم:**

١- بەپەیرەوێک هەیکەلی ئیداریی مەڵبەندی وەزارەت دەزگاکانی دیاری دەکرێ.
٢-وەزیر یا ئەوەی کە رایدەسپێرێ بۆی هەیە لیژنەی کاتیی بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ ئەرکی دیاری کراو پێک بهێنێ.

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

وەزیر بۆی هەیە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت یا سەرۆکی فەرمانگە سەرەکییەکانی وەزارەت بسپێرێ.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڕیاردانی و دەرچوونیەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە کاری پێدەکرێ.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لە سەر وەزیری پسپۆرو وەزارەتە پەیوەندددارەکانە حوکمەکانی جێبەجێ بکەن.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان:

بۆ بلاو کردنەوەی زانیاریی و زانست تا نەوەی نوێی ورياو رۆشنبیر لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بخولقێ و پێداویستییە پێویستەکانی ئەم ئامانجە وەدی بێت ئاستی لێهاتوویی ئەنجامدانی کارکەرانی کەرتی پەروەردە بەرزبکرێتەوەو پشت بە تیۆری زانستیی سەمتە راست و رەوانەکانی پەروەردەیی بەسترێ و شێوازی نەخشە یشانی پەروەردەیی بۆ دیاری کردنی ئامانجەکان دیاری بکرێ و کامە پێشترە دیار بکرێ و پەرە بەکردەوەی پەروەردەیی جۆریی وجۆنێتی بدرێ. ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٢٨)

## چوارشەممە ریکەوتی ١٩٩٢/٩/٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٢٨)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٢٨ )خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە کاروباری ئیدارات لە پارێزگاکاندا.***

***٢ـ دامەزراندنەوەی ئیدارەکانی ئەو قەزاو ناحیانە کە لەلایەن ڕژێمەوە هەڵوەشێندراونەتەوە.***

***٣ـ پێک هێنانی لیژنەیەک بۆ سەردانی کردنی بەندنخانەکان.***

***٤ـ قەدەغەکردنی ناردنە دەرەوەی ئامراز و مەکینە بۆ دەرەوەی وڵات.***

***٥ـ قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بە پارە لە فەرمانگەکاندا.***

***٦ـ چارەسەرکردنی مەسەلەی سووتەمەنی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر کتلەیەک پێشنیارێکیان هەیە بۆ بەرنامەی کاری ئەمڕۆ با بفەرموون، ئەگەر پەسەند کرا ئەوە دەیخەینە پرۆگرامەوە، ئەگەریش نا لەسەر بەرنامەی ئەمڕۆی خۆمان بەردەوام دەبین.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە لەبارەی خاڵی دووەم دانانەوەی تەشکیلاتی ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هەڵوەشێندرابوونەوە من ئەمە بەکارێکی لە ڕادە بەدەری تێ دەگەم کە ڕژێم بەرانبەر بەکوردی کردووە و ئێمە بڕیارێکمان هەیە هەرکارێکی ئیستسنائی، یان نا یاسایی دژ بە مەسەلەی کورد کرابێت پەسەند نەکرێت، لەوانەیە پێویست نەکات ئەم خاڵە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بریارێکمان لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستاندا هەیە، ئەگەر بەباشمان زانیی ئەوە جێبەجێ ئەکەین، ئەگەر نا بریاری ترمان هەیە دەربارەی ئەو یاسا ئیستسنائیییانەی کە لەگەڵ بارودۆخی ئێمەدا ناگونجێن، ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆیان هەیە پێشنیار بکەن بۆهەڵوەشاندنەوەیان.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆنەی هاتنی بەڕێز وەزیری دادەوە ئێمە پێشنیار دەکەین باسی بەندیخانەو ئاسایش بکرێت بەندیخانەی حزبەکان، چ حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی، چ حزبەکانی دەورەوەی بەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ دا هەیە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند پێشناریێکم هەیە کە ئەویش:

١ـ بۆ مەسەلەی قەزاو ناحیەکان کۆمیتەیەک ئامادە بکرێت بۆ نووسینەوەی ناوی قەزاو ناحیەکان.

٢ـ مەسەلەی بەندیخانەکان ئەبێ چارەسەر بکرێت.

٣ـ مەسەلەی یاری کردن بەنرخ و (احتكار) کردنی بازار، ئەگەر بخرێتە بەرنامەی کارەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١ـ بەنیسبەت مەسەلەی قەزاو ناحیەکانەوە بریار وایە ئەمڕۆ سەرۆک وەزیران و هەرسێ پارێزگارەکە ئامادە بن، ئەتوانن بەتێرو تەسەلی باسی لێ بکەین.

٢ـ بەنیسبەت بەندیخانەی حزبەکانەوە، لیژنەیەک پێک دێنین لە ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی سەردانی ئەو بەندیخانانە بکەن، هەروەها لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆش دەبێ دراسەتێکی ئەم بابەتە بکەن بۆ ئەوەی هەموو یەک جور بۆچوونمان هەبێت لەسەر ئەو بابەتە.

٣ـ بەنیسبەت مەسەلەی (نرخ)، پرۆژەیەک ئامادەیە لە بارەی ئەم بابەتەوە، ئەگەر ساوە هەبوو ئەیخوێنینەوە و، ئەگەر پەسەند کرا ئەیکەین بە بریار.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش چەسپاندنی هێڵی (٣٢)ی خوارووی عێراق بارودۆخی عێراق زیاتر تێک چووە، پێشنیار

دەکەم گفتوگۆی باری عێراق بکەین و، هەروەها کارێکی زۆر سلبی کردووەتە سەر ناوچەکانی کەرکووک ئێستا خەریکە وەجبەی یەکەمی راکراوە سەربازە شیعەکان دەگەنە هەولێر وناوچەکانی تر، هەروەها خەڵکێکی زۆر ناونوس کراون و گیراون لەوناوچانەی کە حکومەت لێی دەسەڵات دارە دەریان دەکەن، جا لێرە بە هەر مەبەستێک بێت مافی ئەوە هەیە بزانرێت لەوێ چی روو ئەدات وئێمە بۆ ئەم مەسەلەیە چیمان ئامادە کردووە؟ دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ وەرگرتنی ئەم ئاوارانە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو پێشنیارێک باسی لەسەر دەکەین، ئەگەر بەڕێزان رایان لەسەر بێت.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من پێویست ناکات باسی ئەو مەسەلەیە بکرێت، چونکە هێڵی (٣٢) لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە چەسپێنراوە بۆ پاراستنی شیعەکان، ئینجا وەکو پشتگیری یەک وابزانم پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە دوابخرێت تاهەموو حزبەکان لەناو خۆیان گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەر ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەو سەربازانەی کە بەرەو کوردستان هاتن بۆ خۆ تەسلیم کردن رووبەرووی دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکانیان بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەمە لە ئەنجوومەنی وەزیران باسی لێ بکرێ و ئەوان بۆچوونێکی تەواو بدەن بە ئێمە لەدوایی دا، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکەی خۆم رادەکێشمەوە لەجیاتی ئەوە باسی مەسەلەی سووتەمەنی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە پێشنیاری سووتەمەنی بخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە سووتەمەنی بخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆوە با دەست بەرز بکاتەوە؟ ..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا وخرایە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆبوونەوەی دوێنێدا وادیارە هەندێ گلەیی هەبووە دەربارەی هەندێ لەئیشەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وحەزم کرد بتوانم ئەمڕۆ لەم بابەتەدا وەڵامیان بدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گلەییەکەمان دەربارەی دەرچوونی فەرمانی ئیداری پارێزگارەکانە کە دوێنێ (٢)سەعات چاوەڕوانی بووین، بەڵام نەگەیشتە دەستمان پارێزگارە بەڕێزەکان نەیانتوانی سوێندی یاسایی بخۆن لە پەرلەماندا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە دوولایەنی هەیە:

١ــ مەسەلەی ڕۆتین لە وەزارەتەکاندا کە فەرمانبەرەکان بە ئەقلیەتی جاران کاردەکەن.

٢ــ من دوێنێ تا سەعات (١٢) میوانم هەبوو کە بە ڕەسمیی داوای دیتینیان کردبووم.

وسەبارەت بە پارێزگارەکانەوە ئەمانە ناوەکانیانە:

١ـ بەڕێز جەمال عەبدول — پارێزگاری سلێمانی

٢ــ بەڕێز عەبدولمهیمن بارزانی — پارێزگاری هەولێر

٣ــ بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب — پارێزگاری دهۆک

سەبارەت بە کەرکوکە ئێمە پاڵێوراوێکمان هەبوو ئێستا ئەو پەشیمان بۆتەوە لەبەر ئەوە (٢ــ٣) ڕۆژی تر ناوەکەتان بۆ ڕەوانە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارین پارێزگاری کەرکووک دوا نەخرێت پەلە بکرێت لە دامەزراندنی، چونکە باری ئاسایشی ئەو ناوچانەی کە سەر بەکەرکووکن زۆر خراپە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو یاسا ئیستسنائییەی وەزارەتی ناوخۆ ڕەشنووسێکمان(مسودة) ئامادە کردووە لە لەدواییدا درا بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، لەوێ درا بە ڕاوێژکارەکان، دوای سێ ڕۆژ

بەدواداچوونەوە لە بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکە کە ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، بەڵام تا ئێستا ڕەوانە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەمان کێشە هاتۆتە پێشەوە بەنیسبەت وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن و وەزارەتی پەروەردەش کە ئەوان پرۆژەیان ئامادە کردووە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردووە، بەڵام لای ئەوان ڕاگیراوە، ئێمە پرسیارێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین ئەو پرۆژانە چییان لێ هات؟، بەڕاستی ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران بە لێهاتوویی دەزگای ئیدارییاندا بچنەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا لە بەڕێز کەمال موفتی وەزیری پێشمەرگە دەکەم کە ناوی ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی کە داوای پارەیان لێ کردووە بەر اشکاوی ڕایان بگەیەنێت ئەمە یەک، دووەم پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ بانکەکان لێبکۆڵێتەوە کە ئایا ئەو پارانەی لە گومرک دێن لەبانکەکان دەگۆڕێن، یان هەر لەوێ هاوردراون؟، چونکە قسە زۆرە گوایە لەبانکەکاندا پارە دەگۆڕدرێت، پارەی باش بەپارەی بەتانی بەپارەی ئیستنساخ، داوا دەکەم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو بانکەکان لێبکۆڵێتەوە و بزانن ئایا ڕاستە پارە دەگۆڕنەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پرسیاری یەکەمەوە من وتم هەندێ برادەر داوای پارەیان کردووە، بەڵام ئێمە وەڵاممان نەداونەتێ لەبەر ئەوە پێویست ناکات تەشەنە بەو بابەتە بکرێت و ناوبهێنرێت، مەسەلەی دووەم ئێستا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە هەیە، داوا کراوە کە پارەکەی ئیبراهیم خەلیل بەدۆلار وەربگیرێت، هەروەها ئەو لیژنەیە چاودێری لەسەر بانکەکان داناوە بۆ ئەوەی دەستکاری ئیشەکانی بانک نەکرێت. ئەمێنێتەوە سەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوراقدا، ئەبێ بە وردی بێ لە لایەنی ئیداری و لایەنی سیاسییەوە، هەروەها بازرگانەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە ڕووخاندنی ئابووری کوردستاندا، بازاڕ بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان هەڵ ئەسوڕێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پارانەی کە هەن هی کۆنن کەمیان تازەیە و لەگومرک، کاتی خۆ کەپارەکان وەرگیراوە کە لە بازاڕدا دەڕوات، بەڵام کە لەگومرک ماوەتەوە تاوەکو هاتووە لەم بەینە دەسکاری کراوە بەتایبەتی لەماوەی پێشوو نەک ئێستا مەسەلەن هەر لێپرسراوێک بڕێک پارەی هەبوو ئەیگۆڕیتەوە لە ڕێگای نوێنەرانیانەوە ئەو بڕە گۆڕدراوەتەوە لە هەموو حزبەکان ئەمە کراوە هەندێکیش لەو پارانە تەبیعی ئەمەیە کە لە ئەنجامی دەست کردن پارەکان هی ئەو نییە کە بڕوا لەو پارەیە کە هەمیشە

دەگەڕێتەوە بۆ بانک وەی تر لەباتی دەدا ئێستا هەوڵ وتەقەلا دەدرێ بۆ ئەوەی لە وەزارەتی دارایی بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەو پارانە بگۆڕدرێتەوە بە ئەوەی کە پێی دەڵێن بلۆک، چونکە چاری ترمان نییە زیاتریش بەهۆی مانەوە وەرەنگە تێک چوو بێت، ئێمە تووشی گرفتێکی تر هاتووین هەر لێرە رەخنە لە وەزیری گواستنەوە وگەیاندن گیرا کە پارەی تەلەفۆنات کە ئەو پارانەی دەڕوات پارەی تر وەرناگرێت لەدائیرەکان ئێستا لەبەر ئەوەی خۆمان بڕیارمان داوە دەبێ هەمووپارەیەک بڕوا، لە دائیرەکاندا خەڵک ئەو پارە دێنێت تەسلیمی دەکات دەبێ وەربگیرێت، چونکە خۆمان زانیاریمان وەرگرتووە، بەڵام لەدەرەوە جێبەجێ نەکراوە بۆ ؟ چونکە ئەو هێزەمان نەبووە کە بتوانین بەپێ زانیاری جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامادەکردنی پرۆژەیەک کراوە بۆ پارەی بەتانی پێشکەشی ئێوە کرا، هەوڵ بدرێ چارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێ سنوورێک دابنرێت بۆ یاری کردن بەپارە، ئەویش بەوەی کە هەر پارەیەک لەهەر سەرچاوەیەک بێت رەوانەی بانک کرا جۆری پارەکە دیاری بکرێت چەندی (٢٥)یە و چەندی(١٠) یە هتد.. و وێنەیەکی بدرێتە وەزارەتی دارایی وئابووری، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروا بۆ ئاگاداری ئەمرۆ نامەی بەڕێز د. سەلاح هاتووە لە زاخۆ کە داهاتی گومرک بەم شێوەیە بوو:

لە٨/٢٥ ــــ ١,٧١٤,٠٠٠دینار

لە٨/٢٦ ــــ ٢,١٠٠,٠٠٠دینار

لە٨/٢٧ ــــ ٢,٠٩١,٠٠٠دینار= ٥,٨١٦,٠٠٠ تا ٢٩ ی مانگ

و لە٨/٤ تا ٨/٣٠ پێرێ (١٤) ملیۆن دینار بووە لە ئیبراهیم خەلیل لەم (١٤) ملیۆنە ٥ملیۆن بەرە بردوویەتی باقیەکەی کە ئێستا ماوەتەوە کە (٩) ملیۆن ماوە لەوانە پارەی هەمە چەشنەیە کاتێ کە د. سەلاح جەختی خستۆتە سەر کە بتوانین دۆلار وەربگرین، یان بە لیرەی تورکی بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پارە مامەڵەی پێبکەین، ئێمە چاوەڕوانین بۆ یەک دووڕۆژ کە بەشێک لەو پارانە بێت بۆ ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

دوای روون کـردنەوەکـەی بەڕێز سـەرۆک وەزیـران من پێـشنیـارەکـەم دەکـێـشـمـەوە، چونکە لە فەرمانگەکاندا ئەو پارە وەردەگیرێ ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکەین، ئێـسـتـا پرسـیـارێک لەلایەن بەڕێز د.کـەمـالەوە هاتووە کە ئاراستەی لیژنەی یاسا کراوەو دەڵێ:

ئایا بریکاری وەزارەت ئەبێ ئەندامی پەرلەمان بێت؟.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

نابێ بریکاری وەزارەت ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

منیش دەڵێم نابێت بۆیە دەبێ هەموویان ئیستقالە بکەن.

خاڵی دووەم دامەزراندنەوەی ئەو قەزاو ناحیـانەیە کە لەلایەن رژێمەوە هەڵوەشێندرابوونەوە، بۆ ئەمەش دوێنێ شتێکمان حازر کردووە ئەگەر رەزامەندیتان لەسەر نیشاندا ئەوا ئەیکەین بەبڕیار.

قرر المجلس الوطني الكوردستاني مايلي :

١ـ استحداث كافة الوحدات الملغاة في كافة أنحاء كوردستان من قبل الحكومة المركزية بعد ١١/٣/١٩٧٤ وبحدودها الأدارية النافذة آنذاك.

٢ـ يخول المجلس الوزراء كافة كل حسب اختصاصه وصلاحيته تحديد موعد اسبقية اعادة الدوائر الفرعية للوحدات الأدارية المشمولة بهذا القرار وفق ظروف وتوفر مستلزمات كل منها ومقتضيات المصلحة العامة .

٣ـ على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

٤ـ يعتبر القرار نافذا من تأريخ صدوره وينشر في وسائل الأعلام في اقليم كوردستان.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من تێبینییەکم هەیە ئەویش بەرواری پێش ئەوە، عەقرە ـ سنجار لە ١٩٧٠ دانرا بوو، لەبەر ئەوە ئێمە بەرواری ١١/٩/١٩٦١ بکەین بۆ ئەوەی بەتە لەبەر ئەوەی بناغەی هەبێت، چونکە لەساڵی ١٩٥٨ پارتە کوردییەکان دانیان بە شۆڕشی ١٤ی تەمموز داناو میللەتیش لە شۆڕش دەرچوو، ئینجا یان ١٩٥٨ بێت، یان ١٩٦١ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ جەنابی سکرتێر باسی ئەو بەروارەمان کرد بۆیە وتمان پاشان کە پێشکەشی دەکەین لەگەڵ لیژنەی یاسادا باسێکی ئەوە خاڵە دەکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی ئەکەین کە لە ماوەی چەند رۆژێکدا بەوردی هەموو ئەو ناوانە پێشکەش بکات (ناوی قەزاو ناحیەکان)، چونکە دارشتنەوەی پرۆژەکە گشتییە و تایبەتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. کەمال وتی هەڵەی زمانیی بوو، چونکە ١٩٦١/٩/١١ نییە، بەڵکو ١٩٦١/١١/٩ یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ راستە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی سێیەم پەیوەندیی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە و، بە وەزارەتی ناوخۆیشەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی چوارەم دەربارەی پێک هێنانی لیژنەیەکە لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی سەردانی بەندیخانەکان بکەن و لەنزیکەوە ئاگاداری گوزەرانی بەند کراوەکان بن، هەروەها خاچی سووریش پرسیاریان کردووە دەربارەی ئەو بابەتە، پرۆژەکە وایە کە لیژنەیەکی پەرلەمان دراسەیەکی ئەوبابەتەمان بۆ بکەن و لەنزیکەوە بزانن وەزعی بەندییەکان چۆنە بۆ ئەوەی ئێمەش بە بڕیارێک پشتگیری حکومەتی هەرێم بکەین.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ٣ هەفتە پێشنیاری (٨) خاڵمان کرد بۆ وەزیر تەندروستی یەکێک لەوانە دەربارەی خۆراکی بەندکراوەکان بوو و،داوامان لێ کرد سەردانی بەندیخانەکان بکات، بەڵام وەڵامان تا ئێستا وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی ئەو پرسیارانە دوێنێ دراوەتەوە و ئێمە ئەینێرین بۆ لیژنەی تەندروستی و، هەرچی تێبینییەک هەبوو ئەوان ئاگادار بکەنەوە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەندکراوی وا هەیە ماوەی ساڵێکە لە ژوورەوەیە، من پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی یاسایی تایبەت لەم مەسەلانە بکۆڵێتەوە و بە هاوکاری لەگەڵ دادگای مەدەنیدا بۆ دەسنیشان کردنی جۆر تاوانەکان، چونکە پەیوەندیی هەیە بەئاسایشی سیاسییەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دووجۆر بەندیخانەمان هەیە : یەکێکیان هی ئاسایشە وسەر بەحکومەتە، وئێمە ئاگادارین کە زۆر خەڵکی بێ تاوان ئەکرێتە ژوورەوە بێ ئەوەی کە دادوەر تاوانباری بکات، لەبەر ئەوە ئەبێ چەند لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە پەرلەماندا هەر لیژنەیەک بۆ شارێک بڕوات ئاگاداری وەزعەکە بن لەنزیکەوە، دووەم جۆر بەندیخانەی بەرەییە کە ئێمە لە٧/٢٢ بڕیارمان دابوو لە بەرەی کوردستانیدا ئەم بەندیخانەیە دابخرێت وبەرەسمی بدرێتەوە بە لایەنی پەیوەندار، بەڵام ئەوا بۆ دوو مانگ دەڕوات کە هێشتا وەزیری داد وەڵامی بۆ نەناردووین، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من دروست کردنی لیژنەیەکی پەرلەمانی کە سەردانی بەندیخانەکان بکات راست نییە، من پێشنیار دەکەم کە ئێمە داوا بکەین لە ئەنجوومەنی وەزیران بە رێگای وەزارەتی دادەوە ئەو کارە بکرێ، چونکە ئەگەر یاسایەک دابنرێ بۆ بەندیخانەکان ئەمە لەمیانی کاروباری ئێمەدایە، بەڵام ئەوی ترمن بەڕاستی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ مبرڕێک نادۆزمەوە بۆ ئەوەی کە لەبەندیخانەکان دا رووەدات دوای دروست بوونی پەرلەمان و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد. ئەگەر ئەمانە بەئیشوکاری خۆیان هەڵسن مافی مرۆڤ پێشێل ناکرێت لەو بەندیخانانە، هەروەها من لەگەڵ رای ئەو برادەرادا نیم کە دەڵێ ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە، بەڵکو ئیشی ئەندامی پەرلەمان ئەوەیە کە پشکنین بکات و لێکۆڵینەوە لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز فرەنسۆ، ئێمە ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆمان کردوە کە بێن زیندانەکانمان لی وەربگرن و بەنامەی رەسمی ئەم ئاگادارییەمان رەوانەیان کردووە و لەسەر داوای خۆیان، بەڵام تا ئێستا وەڵامان وەرنەگرتووە.

سەبارەت بە وەزعی زیندانەکانەوە لە سلێمانی خاچی سوور (صليب الأحمر) سەردانی کردن وزۆر سوپاسیان کردین کە وەزعی تەندروستی و خواردنیان باش بووە، سوپاس.

**بەڕێزد. قــاسم مــحــمــەد قــاسم:**

**بەڕێـز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

نەک تەنها بۆ سلێمانی لیژنە بڕوات، بەڵکو ئەبێ بۆ دهۆکیش بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.عــیــزەدین مــســتــەفــا رەســول:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

من پێشنیار دەکەم کە لیژنە پەرلەمانییەکە لەگەڵ بەڕێز وەزیری داد سەردانی گشت بەندیخانەکان بکەن لە گشت شارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە شێوەی لێکۆڵینەوە بە ڕێکی دەڕوات بۆ ئەوەی بەراستی بەبین بە نموونەی دەوڵەتێکی دادپەروەری ، سوپاس.

**بەڕێز د. حــســەن حــســێن بەفــری:**

**بەڕێـز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

من پشتگیری قسەکانی بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە دەکەم، پێش ماوەیەک چەند کەسانێک لە لایەن حزبێکەوە دەسگیر کراون وبێ سەروشوێن کراون وتەنها گوناهیان ئەوەیە کە کۆن ڕەفیقی حزبی بوونە و وەزارەتی ناوخۆش هیچ ئاگاداریەکی لەسەر ئەم کارە نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن:**

پێشنیارەکە ئەمێنێتەوە وەکو خۆی، ئەرکی وەزارەت خۆیەتی سەردانی بەندیخانەکانی بکات، یەکێک لە ئیشوکارەکانی وەزیری دادیشە کە ئەو شتانە بکات، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە پەرلەمانەوە هەیە ئەوەیەکە ئەندامانی ئەو لیژنەیە لەپەرلەماندا دەسنیشان بکەین بۆ ئەو ئیشە.

**بەڕێز مــەعــروف ڕەئوف خــضــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

لیژنەیەک هەیە بە سەرۆکایەتی دادوەری لێکۆڵینەوە و(نائب مدعي عام )و پۆلیس، بەدایم ئەو لیژنەیە هەیە لەناو بەندیخانەکاندا ڕاپۆتیش پێشکەش دەکەن، بەڵام زانیاریمان نییە، ئایا جێی تر هەیە کە خەڵکی لێ بەند دەکرێت، یابانگ دەکرێ بەشێوەیەکی نایاسایانە ئەوەی کە بەند دەکرێ لای ئێمە تەئکید دەبێ بڕیاری قازیی لێکۆڵینەوە، ئەویش قازی (طعن) یانی هەرکەسێک بگرێ، ئەگەر زانی بێ یاسایە ئەتوانێ داواکاری پێشکەش بکات (تەمیز)ی بکات (طعن)ی لێ بکات هەڵدەوەشێتەوە بواری ئێمە ئاوایە، ئەگەر شکایەتەک هەبێ لەو بابەتە ئێمە ئامادەین چاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حــســەن عــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

بە ڕای من دوو ئیشە:

یەکەم: هیچ لایەنێک بۆی نییە خەڵک بگرێ تەنها حکومەت نەبێ.

دووەم: ئەوانەی کە دەگیرێن ئەبێ رەفتاری مرۆڤایەتییان لەگەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەردانی بەندیخانەمان کرد و بۆ ئەوەی باری ژیانی بەندکراوەکان باشتر بکرێت و نەخۆش و برسی نەبن و، بەزووترین کات دادگایی بکرێن و، کێشەکانیان یەکلایی بکرێتەوە، پێشنیارمان کردبوو کە بەندیخانەی گشتی لە هەولێر هەبێ و سەر بە حکومەتی هەرێم بێت، بەلام تا ئێستا وەلام نەدراینەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گلەیی ئێمە زیاتر لەسەر ئەو کەسانەیە کە (تەوقیف) دەکرێن و هیچ تاوانێکیان بەرەسمی ئاراستە ناکرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە داوای پێکهێنانی ئەو لیژنە پەرلەمانییە دەکەین، چونکە ئێستا ئەو لیژنەیە لە وەزارەتی داد هەیە، بەلام ناتوانن وەکو پێویست ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنن، چونکە هێزی چەکداریان نییە و کەس حسابیان بۆ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برایانی یاسایی دەپرسیم ئایا هیچ یاسایەک هەیە رێگا بدات کە هەرکەسێک لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئازارو ئەشکەنجە بدرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یوجد لحد الان اشخاص مفقودین ومصیرهم مجهول نطلب من هذة اللجنة البرلمانیة بن یضغط علی جمیع الاحزاب داخل وخارج البرلمان بأیبان مصیر هولاء المفقودین والمسجونین لدیهم، شکراً.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من چەند مانگێک دوای راپەڕین پاشا گەردانی بوو و بەرەی کوردستانی دەستی بە رێکخستن نەکردبوو، لەبەر ئەوە ئەگەر هەر کەموکوڕییەکیش هەبوو بێت دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسا، هەتا بەرەی کوردستانی ئیدارەی شارەکانی گرتە دەستەوە، هەر لێکۆڵینەوەیەک بکرێت دەربارەی ئەو ماوەیە لەوانەیە زەرەر بگەیەنێت بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، چونکە

لەوماوەیەدا زۆرکەس بێ سەرو شوێن بوون، ئایا بەغەرەزی شەخسی، یا بە هەر هۆیەکی ترەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە دووبەشە:

١ـ دروست کردنی لیژنەیەک بۆسەردانی بەندیخانەکان.

٢ـ پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەندیخانەکانی حزبەکان و بۆ ئەوەی تەنها حکومەت بەندیخانەی هەبێت کە بە پێی یاسا جموجۆڵ بکات.

بۆ ناوی ئەندامانی لیژنەکەش پێشنیارێک هەیە بەو شێوەیەیەو ئەڵێ: تکایە ئەندامانی لیژنەکە لەو ئەندامانە بن کە لە رێکخراوی مافی مرۆڤ کاردەکەن و لە پەرلەمانیشدا ئەندامن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی داهاتوودا هەر کتلەیەک (٣) یان(٤) ناو و بۆ نوێنەرانی هەر پارێزگارێک ناوێک پێشکەشی جەنابتان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەلامانەوە ئەوە گرنگە کە ئەو کۆمیتەیە پێک بێت ئیتر کە لە کێ پێک دێت وچۆن پێک دێت ئەوە گرنگ نییە، تەنها لە خەڵکانی شارەزار ولێهاتوو پێک بێت و، پێشنیاریش دەکەم کە هەر دەستەی سەرۆکایەتی خۆتان ئەندامانی ئەو لیژنەیە دەسنیشان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن خۆیان چەند کەسانێکی پسپۆڕ لە هەردوو کتلەکە دەسنیشان بکەن بۆ ئەم لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر لەم دانیشتنەدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەکە دەدەین و، قسە لەسەر ئەوەش دەکەین کە لیژنەیەکی گشتی بێت، یا بۆ هەر پارێزگایەک لیژنەیەکی تایبەتی پێکبهێنین؟ پێمان خۆشە کە خوشکانیش خۆیان بۆ ئەندامەتی ئەم لیژنەیە هەڵبژێرن، چونکە ئەوان لەم مەسەلانەدا وردترن، راپۆرتی لیژنەکەش دەبێ پشتیوانیی لە حکومەتی هەرێم بکات.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا باشترە کۆمیتەیەکی گشتی پێک بێت لە ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام واباشە کە خەڵکی هەموو پارێزاکانی تیا بێ ئەوانەی کە خۆیان حەزدەکەن با خۆیان بپاڵێون، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیار دەکەم :
١ـ نووسراوێک بنووسرێت بۆ حزبەکان بۆ ئاسان کردنی کاری لیژنەکە.
٢- لەناو لیژنەکان (مودەعی عام)ی تیابێت بۆ ئەوەی شێوەیەکی رەسمی بەئیشەکە بدات، سوپاس.
**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە سێ جۆر بەندمان هەیە:
١ـ بەندی سەربە دادگاکان (حکومەت).
٢ـ بەندی سەر بە پارتەکان.
٣ـ بەندی سەر بە بەرە.
بۆ یەکەم جۆر ئێمە ناتوانین دەست لەکارەکانیان تێکەڵ بکەین، چونکە ئەوان لیژنەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە و، بۆ دووەم جۆر ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە ئەندامانی لیژنەکە دەسەڵاتێکی زۆریان هەبێ لەناو حزبەکانی خۆیان بۆ ئەوەی رێگەیان پێبدرێ وتەنها بۆ جۆری سێیەم ئێمە ئەتوانین، چونکە دەسەڵاتی بەرە سەر بە پەرلەمانە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەمە دەست تێوەردان نییە، پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ هەرجێگایەک بیەوێت بینێرێت، ئەگەر ئێوەی بەڕێز بڕیار بدەن لەگەڵ ئەوەشدا من پرسیارێک لە لیژنەی یاسا دەکەم، ئایا ئەگەر لیژنەیەکی پەرلەمانی بڕوات ئەو بەندیخانانە بپشکنێت، ئیتر ئەو بەندیخانانە چ ئاسایی بێت و چ بەندیخانەی تر بێت کە خەڵکی تێدا گیرا بێت، ئایا ئەمە دەستێوەردانی دەسەڵاتی قەزاییە یان نەء؟.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر بۆ مەبەستێکی گشتی بێت و بەرژەوەندی گشتی تیا بێت ئەمە دەستێوەردان نییە، بەڵام ئەگەر بۆ بەردانی مەوقوفێک بێت ئەمە دەست تێوەردانە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من ئەڵێم چوار لیژنە پێک بهێنرێت وابزانم ئیشەکە ئاسان دەبێت و گرنگی زیاتر پێدەدرێ لەکاتی لیژنەکە کە رۆیشت بزانێت چەند تاوانبار هەیە ومادەی تاوانبارەکە چییە ماوەکەی چەندە کە گیراوە، وەهەروەها تێبینی باری تەندروستی و خواردن بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەکە هاوبەش بێت، یاهەر پارێزگایەک لیژنەیەکی تایبەتی هەبێت؟.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من چوار لیژنە دروست کرێت بۆ هەر چوار پارێزگاکە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من چوار لیژنە هەبێت بۆ هەر چوار پارێزگاکە وفورمێک دابنێ ئەم خالانەی تیابێ:

١ـ باری خواردەمەنی ئەو گیراوانە.

٢ـ حوکمی بەندەکە .

٣ـ چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیان .

٤ـ چەندە گیراون، بە رای من دەستێوەردان نیبیە لەکاری قەزائی ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لیژنەکان سەردانی بەندیخانەکانی پارتەکان نەکەن، چونکە ئەمە مانای ئەوەیە کە دانمان ناوە بەو بەندانە، هەروەها حەزدەکەم لە بریارەکەدا تەئکید بکرێتەوە لەسەر گرنگی دەسەڵاتی پەرلەمان کە دەڵێ:(الرقابة على اعمال السلطة التنفيذية تشكيل لجان لأجراء تحقيق في أي امور تأديبية) ئەو رێگەیە لەم مادەیە بێ( ٣ـ٢ ) دەسەڵاتی ئەمەمان دەداتێ کە بچین لیژنەکە پێک بهێنین، هەروەها با لیژنەکانیش ئەوەندە زۆر نەبن نەتوانن ئیشوکارەکانیان بەڕێوە بەرن، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من با چوار لیژنە بێت بۆ هەر پارێزگایەک، لیژنەیەک دانبێن تاوەکو لە ماوەیەکی کورتدا کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ئەویش، لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، یان ئەنجوومەنی وەزیرانەوە،یا وەزارەتی دادەوە با بانگەوازێک بکرێت بۆ هەموو حزبەکان هەر کەسێکی گیراوی ون کراویان لاهەیە چارەنووسی دیاری بکات، ئەگەر هەر لایەنێک ، یا حزبێک ئەو کەسانەی کە

لایان گیروان چارەنووسیان دیاری نەکەن، ئەوە وەزارەتی داد بڕیارێکیان بۆ دەرکات بۆ گرتنی ئەو لایەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەمەش ئەبێت قسە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بکەین، پاشان بزانین رای ئەوان چییە لەم بارەیەوە.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من بۆ هەر پارێزگایەک لیژنەیەک دانێن پاشان با لێرە یەک بگرن و خاڵی ئیش کردنیان وبەرنامەی خۆیان دارێژن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان دەگەڕێینەوە و دەڵێین ئایا بڕیاری پێکهێنانی یەک لیژنەیەک بدەین کەنوێنەری هەرچوار پارێزگاکەی تیابێ و پاشان ئیشەکە دابەش بکەین، یاهەر لەسەرەتاوە چوار لیژنە دەسنیشان بکەین؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من چوار لیژنە بن و لەو چوار لیژنەیە لیژنەیەکی سەرەکی پێک بهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رام لەسەرە، بەڵام واباشە ئەو کۆمیتەیەی کە ئەچێ بۆ سلێمانی ونوێنەری هەولێرو دهۆک وکەرکووکی لەگەڵدا بێت، هەروەها بۆ شارەکانی تریش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە چوار پارێزگامان هەیە بۆ ئەوەی لیژنەکان لە(٥) کەس پێک بێن مانای وایە (٢٠) کەسمان پێویستە، بۆ ئەوەی رۆژی یەک شەممە بۆ هەر پارێزگایەک پێنج کەس بڕوات، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟کەس، کەواتە بەتێکرای دەنگ پەسەندکرا، ئەمەش ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەن کە لە لیژنەکان پێک دەهێنن:

١ـ ئەیاد حاجی نامق مەجید.

٢ـ حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی.

٣ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە.

٤ـ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی.

٥ـ کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی.

٦ـ د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف.

٧ـ مەلا هادی خضر کوێخا.
٨ـ ئازاد رەشید میران.
٩ـ سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی.
١٠ـ د. فایەق محەمەد.
١١ـ فرەنسۆ تۆما هەربری.
١٢ـ د. عیزەدین مستەفا رەسول.
١٣ـ ئەکرەم عزەت نەجیب.
١٤ـ ئەکبەر حەیدەر موسا.
١٥ـ شەوکەت حاجی موشیر.
١٦ـ سەعید عەلی خان سلیڤانی.
١٧ـ نەهلە محەمەد سەعدوڵلا.
١٨ـ مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش ئەچینە خاڵی (٤)ەم کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە قەدەغەکردنی ئاودیوکردنی مەکینەو ئامرازی تر بۆ دەرەوەی وڵات و، پرۆژەیەک دوێنێ بۆ ئەم مەبەستە حازر کرا ئەگەر ڕەزامەندیی دەفەرموون ئەوا دەیخوێنمەوە.

استنادا الى احكام ـ من المادة ٥٦ قانون رقم ـ لسنة ١٩٩١ قرر المجلس الوطني الكردستاني مايلي:

١ـ يمنع تصدير المكائن والمركبات وكافة انواع الأجهزة للدول المجاورة.
٢ـ تصادر الأموال المشمولة بهذا القرار اذا قام حائزها بمحاولة تهريبها الى الدول المجاورة.
٣ـ لمجلس الوزراء حق التصرف بالأموال المصادرة بموجب هذا القرار وفق مقتضيات المصلحة العامة.
٤ـ يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة كل شخص قام بتهريب اموال مشمولة بهذا القرار بعد صدوره او اشتراك في عملية التهريب اوساهم فيها بأي شكل كان.
٥ـ على مجلس وزراء كوردستان تنفيذ هذا القرار.
٦ـ يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ صدوره وينشر في وسائل الأعلام في الأقليم.

تەنها شتێکیش کە بخرێتە سەر ئەم بڕیارە ئەوەیە کە ئەوانەی ئێستا گیراون، ئایا ئەم بڕیارە دەیان گرێتەوە، یان نەء؟.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوێم لە وشەی (تصدير) بوو وابزانم (تهريب) باشترە، چونکە (تصدير) ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەکە پەسەندی کرد ئەو کاتە خۆمان دەسکاری دەکەین و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک تر دایدەڕێژینەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (تهریب المكائن) واباشترە پێناسەیەکی تەواو بکرێت، هەتا روون تر بێتەوە چی قەدەغەیە وچی قەدەغە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەکینە بەهەموو جۆرەکانی و بە هەموو مولحەقاتێوە قەدەغەیەو، پاشان لیژنەی یاسا شتەکان دەست نیشان دەکات.

**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامێری ئەلکترۆنی هەیە کە زۆر گرنگە وحەساسە وەک ئامێری پزیشکی با ئەوانەش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەمە (كافة إنواع الأجهزة) دەگرێتەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من زیاتر ورد بکرێتەوە، چونکە بۆ نموونە رادیۆش ئامێرە، سوپاس.

**بەڕێزعەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە:

١ـ لەبارەی سزاکە بەلای منەوە کەمە بەنیسبەت ئەو کەسەی (تهریب) بکات.

٢ـ حەزدەکەم دەقێکی بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر هاتوو هەر یاسایەک لەگەڵ ئەم یاسایەدا یەکببڕن (تعارض)بکات ئەمە جێبەجێ بکرێت، چونکە مادەی یاساییمان هەیە لەگەڵئەمە دژە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەلحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە پێشمەرگەکانی ناو شار رۆژانە رێنماییان بدرێتێ کەکاری پێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووسێ تێبینیم هەیە ئەویش یەکەمیان لە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت هەق کارپێکردنی هەبێ دووەمیان (فرض الغرامة تعادل سعر المادة المهربة)، سێیەمیان (اخلاء السبيل )ناکرێ تا جەزا نەدات، سوپاس. .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئەبێ لە لیژنەی یاسادا چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو جارێک من دووبارەی دەکەمەوە کە هەر پرۆژەیەک ،یا یاسایەک یا پێشنیارێک کە لێرە دەخوێندرێتەوە با بەکوردی بێ، دووەم بۆ جێبەجێ نەکردنی بڕیار با سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داوا لە حزبەکانی ناو ودەرەوەی بەرەی کوردستانی بکەن کە یارمەتیمان بدەن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان پێش ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی پیشەسازی سەرژمێرییەکی ئەو دەزگایانە بکات کە سەر بە حکومەتی هەرێمن وسوود لەوە وەربگرێت کە جاری وا هەیە لەو جۆرە دەزگایانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دێت بۆکوردستان بۆ ئاودیو کردنی بۆ ئیران، ئەگەر ئێمە بتوانین بیکڕین ئیشی پێبکەین ئەمە ئەبێ بە هاندەرێک بۆ هێنانی ئەو دەزگایانە و، سوودی لێ وەردەگیرێت وەکو فشارێک لەسەرحکومەت بەرامبەر بەو ئابلۆوقەی کە ئەو خستوویەتییە سەر ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیم هەیە ئەویش ئەو یاسایانەی کە وا ئەمانە دەگرێتەوە بە عەرەبیەکەی (من یقوم بذلك) (فعل مضارع)ە وبەکوردییەکەی هەڵسێ بەوکارە کەواتە ئەو کەسانەی کە پێشتر شتیان لێ گیراوە نایان گرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاکو ئێستا ئێمە رۆژنامەیەکی رەسمیمان نییە بڕیارەکانی خۆمانی تێدا بلاوبکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە تاوەکو ئێستا ئێمە رۆژنامەی رەسمی تایبەتیمان نییە بە پەرلەمانەوە، بەڵام تاوەکو

ڕۆژنامەی ڕەسمیمان دەبێت لە ڕۆژنامەی حزبەکاندا بڕیارەکانمان بڵاو دەکەینەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە سزادانی ئەو کەسانەی کە ئامێرو شتی ئەلکترۆنی بە قاچاخ دەبەنە دەرەوەی کوردستان سزایەکی زۆر توندیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی یاسا دەکەین کە بەزووترین کات ئەم دەقە دابڕێژنەوە بۆ ئەوەی بتوانین بڕیاری لەسەر بدەین.

ئێستاش دێینە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان کە قەدەغەکردنی مامەڵەکردنە بەپارەوە لەناو دائیرەکاندا لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە وئەم پرۆژەیەشمان ئامادە کردووە.

استنادا الى احكام الفقرة( ) من المادة٥٦ من قانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق مايلي:

١ـ يمنع منعا باتا موظفي الدوائر المالية والمؤسسات والموظفين العاملين في المجال المالي والحسابي لدوائر اقليم كوردستان العراق من التعامل بتجارة الأوراق النقدية الوطنية والأجنبية مباشرة او بواسطة.

٢ـ يعاقب بالحبس مد لاتقل عن سنة كل موظف خالف هذا القرار.

٣ـ يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر كل موظف يعمل في احدى الدوائر المالية او المؤسسات التجارية لأقليم كوردستان العراق شجع او ساهم اوعمل على تداول عملة وطنية لاقل من قيمتها القانونية.

٤ـ على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

٥ـ يعتبر القرار نافذا من تأريخ صدوره ونشره في وسائل الأعلام في الأقليم.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو فەرمانبەرەی وا ئەکات ساڵێکیش لەسەر کارەکەی دوربخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەگشتی قەدەغەمان کردووە، سەبارەت بە فەرمانبەرە ئەتوانین سزاکەی توند تر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەلەسەر ئەوەیە کە هەندێ فەرمانبەری بانکەکان وگومرک مامەڵە لەگەڵ ئەو شتە دەکەن، لەبەر

ئەوە پێویستی بەتوندییەکی تایبەتی هەیە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەقە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە فەرمانگەی مالی کاردەکەن سزاکەیان توند تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وەکو پرۆژەیەک، ئەگەر تێبینی تر نییە ئەیدەین بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دایبڕێژنەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کێشەی سووتەمەنی چەند کێشەیەکی لابەلای لێ بۆتەوە وەک:

١ـ بڕینی دارو درەختی شارو باخ ودارستانەکان.

٢ـ مەسەلەی بەکار هێنانی هیتەر لەلایەن خەڵکەوە کەوا بۆ سێیەمین جار بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر وسلێمانی و دهۆکیش سەردانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە دەکەن وئاگاداریان دەکەنەوە کە بازاڕی هیتەری کارەبا زۆر کەم بکەنەوە، هەزارەها هاتۆتە شار بۆ ئەوەی بتوانین لەزستانی ئەم ساڵدا لە ڕێی ئەوانەوە خۆیان گەرم بکەنەوە، ئەگەر ئەوە راست بێت سووتەمەنی پەیدا نەکرێت و ئەو هیتەرانە بکەونە گڕ باوەڕ ناکەم ئێمە بتوانین تامانگی (١١) زیاتر کارەبامان هەبێ، چونکە محەویلەکان توانایان نییە ئەو کارەبایەی کە هەمانە تەحەمولی ئەوهیتەرانە ناکات وئەو مەسەلەیە لەهەموو مەسەلەکان جدی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەو بابەتە تا ئێستا هیچ لایەنێک بەڵێنیان پێ نەداوین کە سووتەمەنیمان بۆدابین بکات و، ئێمە هەر ئەو موزەکەرەیەمان ناردووە بۆ (M.C.C) ئەوان بەڵێنیان داوە ئەوەی کە لەسەریانە بیکەن، ئێمە پرسیارێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین و بانگەوازمان حازر کردووە هەروەها بەراوردێکمان کردووە بۆ ئەوەی بزانین پێشتر چەند سووتەمەنی هاتووە بۆ کوردستان و ئێستاش چەند دێت، مەسەلەی خواردەمەنیش بڕیارمانداوە کە جەردێکمان بۆ پێویستییەکان بکرێ بۆ ئەوەی بزانین پێشان چەند هاتووە، ئێستا چەند دێت، و چەندمان پێویست دەبێت؟.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم حکومەتی عێراق ناردوویەتی بەشوێن بایەکانی نەوتی شارەکانی کوردستان، مەبەستم کۆمپانیای نەوتی عێراقی ناردوویەتی بەشوێنیاندا کە بێن قسەیان لەگەڵدا بکەن، بەشی شارەکانی کوردستانی عێراق وەربگرن، جا من داوا دەکەم لە ئەنجومەنی نیشتمانیی، یا لە

ئەنجوومەنی وەزیران راپۆرتێک لەرێگەی ولاتە هاوپەیمانەکانەوە بنێرێت، یاخود نوێنەری(UN) لەدانیشتنەکەدا بەشدار بێت کە ئەم بەشە لە رێگەی (UN)ەوە بمان دەنێ، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر عێراق بە قسەی (UN)بکات و ئەم شتەمان بۆ بکاتەوە باشە، نازانم ئەو برادەرانەی کە لەگەڵ(M.C.C) قسەیان کردبوو دەربارەی ئەم بابەتە قسەیان لەگەڵدا کربوون، یان نە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەم بابەتەمان کرد لەگەڵ (UN) دا کاتی کشانەوەی حکومەت لەشارەکاندا، بەڵام ئەوان وتیان ئەمە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، بەڵکو بەدەست ئەنجوومەنی ئاسایشە و ئێمەش موزەکەرەیەکمان لە رێگەی (M.C.C)یەوە ناردووە و دەنگێک هەیە کە ئەو موزەکەرەیە رەوانەی حکومەتی عێراق کراوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە هەرچی بڵێین تازە نییە لەسەر موعاناتی میللەتی کورد ولەسەر بە دەست نەکەوتنی سووتەمەنی، ئێمە هیچ شتێکی تازەمان نییە کەباسی بکەین، جا ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران داوا بکەن کە ئەوان هەوڵی بۆ بدەن،چونکە ئەوە ئیشوکاری ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم هیچ ئاگادارییەکتان هەیە دەربارەی مەسەلەی سەردار پشدەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کابرایە هیچی پێ نییە، جاری پێشوو هاتبووەوە باسی لە دەرهێنانی نەوتی کوردستان ئەکرد، بەڵام ئەم جارە کە ئێمەش دیتمان باسی لە دەرمان و خواردەمەنی ئەکرد، پێمان وت تۆ لە بواری نەوت کار ئەکەی، یا بەقاڵی؟!.. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو کابرایە شتێکی پێیە، با لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا باسی بکات، بەڵام لەو باوەڕشدام کە قۆڵ بڕەو بەس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو شاحینانەی کە دەڕوات بۆ تورکیا (١٠ـ١٢)٪ سووتەمەنی لێ وەردەگیرێت لەگومرکی ئیبراهیم خەلیل، دەمانەوێ بزانین ئەو گازوایلە چی لێ دێت، چونکە شارۆچکەیەکی وەک هەڵەبجە کە ئێمەی بەدنیا ناساند وابۆ یەک هەفتە ئەڕوات لەبەرنەبوونی گاز کارەبای نییە، داواکارم کە ئاوڕێکی لێ بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە نابێ پشت بەکەس ببەستین ئەبێ خۆمان بە ڕێگەیەکی مەشروعی بێت، یا نامەشروعی سووتەمەنی پەیدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە (M.C.C)ئەوان هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام جارێکی تریش لێیان دووبارەی دەکەینەوە.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەسێک هەیە لە ڕێگەی فایدەوە بەنزین و نەوت دێنێت بۆ هەولێر خۆی لەوێ پەیوەندیی هەیە لەگەڵ (حسێن کامیل)دا سەرۆک وەزیرانیشم ئاگادار کردەوە لەو مەسەلەیە وابزانم ئەمە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەی وەزارەتی دارایی وئابووری وەڵامی داوەتەوە بەنووسراوی رەسمی کە نرخی زۆر گرانە و نایکڕێت، بەڵام پێشنیار دەکەم هەر بیکڕێت بۆ ئەوەی سووتەمەنی بهێنن(عرض) لەبازاڕدا زیاد بکات ئەوکاتە نرخەکەش هەرزان تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رۆژانە (٥٠٠)هەزار بەرمیل نەوت دەچێتە تورکیاوە، من پرسیار دەکەم کە رای پەرلەمان چییە بەرانبەر بەوەی کە ئازووقە دەچێتە موسڵ ؟ ئەوەش پەیوەندیی بەو ئازووقەو هەیە کە لە تورکیاوە دچێتە موسڵ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش ئەم پرسیارە ئاراستەی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی دەکەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێز حازم یوسفی دەڵێ رۆژی (٥٠٠)بەرمیل نەوت دەڕواتە تورکیاو ئەگەر بێتو لەو (٥٠٠)بەرسیلە (١٠ تا ١٥)٪ گومرگی لێ وەربگیرێت ئەوا داهاتێکی زۆری دەبێت حەز دەکەم لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
ئەگەر ئەو ئاماژەیەی بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر بەنووسین پێشکەشی حکومەتی هەرێمی بکات وبزانین، ئایا وای لێ دەکەن کێ مەسئووله ، سوپاس.

**بەڕێز حــازم ئەحـمـــەد مـــەحـمـــود یوسـفی:**
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
من وەکو ئەندامێکی بەرەی کوردستانی دهۆک دڵنیبیام کە گازوایل وەرگیراوە لە جیاتی گومرک و خەزنیش کراوە پێش ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی بووە، بەڵام ئێستا لە لە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**
ئێمە ئەم خاڵانە لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیراندا باس دەکەین و، ئەگەر گەیشتینە ئەنجامێک ئەوا لەدانیشتنی داهاتوودا ئاگادارتان دەکەینەوە.

**بەڕێز د. عــیــزەدین مــســتــەفــا رەســول:**
**بەڕێـزســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
ئەگەر هەفتەی داهاتوو باسی پرۆژەی خوێندنی باڵا بکرێت باشە، چونکە ساڵی خوێندن زۆری نەماوە دەست پێبکاتەوەو هێشتا هیچمان نەکردووە، سوپاس.
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**
سەبارەت بە یارمەتی ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرۆژەیە ئامادەیە:
الی رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق
استنادا الی قرار المرقم ( )بتأريخ ٨/٣١ تشكيل لجنة تحديد رواتب السادة اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق واشارة لماجاء في هذا الأجتماع لمجلس وزراء اقليم كوردستان العراق المنعقد بتأريخ ٨/٣ الفقرة٢ منه فقد اجتمعت الجنة المشكلة لهذه الغاية بتأريخ ٩/٢ وبعد التداول والتمعن في الظروف الأقتصادية لكوردستان العراق اخذت اعتبار رواتب السادة اعضاء مجلس الوزراء ونائب المجلس ومايستحقونه من مخصصات اضافية الی رواتبهم وارتأت اللجنة مايلي:
١- ان لايزيد راتب كل عضو عن اعلی راتب يتقاضاه السادة اعضاء مجلس الوزراء الا بنسبة٢٪ للسادة اعضاء المجلس الوطني الكوردستاني ، واختيار عدم التبرع او تبرع بكل اوجزء من الراتب الذي يستحقونه طبعا لضروفهم الخاصة وارتفاع مستوی المعيشة بشكل عام واخذ مصلحة الأقليم بالاعتبار بشكل عام.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە جێی ڕێزە کە مووچەی ئەندامانی پەرلەمان لە هەموو فەرمانبەرێکی تر زیاتر بێت، ئەمەش لەهەموو جیهاندا پێڕەو کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر قسەو تێبینی ترتان نییە، ئەوا سوپاسی لیژنەکە دەکەین کە ئەم بنەمایەیان ڕەچاوکردووە و ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە با دەست بەرزبکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێی لە دژە؟ دیارە کەس نییە. کەواتا بە تێکڕای دەنگ بڕیار لەسەر پرۆژەکە درا. سوپاستان دەکەین و بەم شێوەیەش دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٢٩)

دووشەمە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٢٩)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٧

کاتژمێری (١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٧ ، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و ، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و ، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا ، کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)ی خولی ئاسای یەکەمی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.
سەرەتا ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنرا و ، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دانیشتنەکەی بە ناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان و ، بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ـ وتارێک لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانی ـ ەوە بەبۆنەی گەڕانەوەی بەڕێزیان لە دەرەوی وەڵاتەوە.

٢ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی تایبەت بە مەسەلەی تەقینەوەکان و T.N.Tئانەوە لە پایتەخت.

٣ـ بەسەرکردنەوە و ڕێکخستنی کاروباری لیژنەکان.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی وهەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەین و ، ئێستاش با بەڕێز کاک مەسعود بارزانی بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارە بە نرخەکەی بە بۆنەی گەڕانەوەی بەڕێزیان لە سەفەری دەرەوی کوردستان.

## وتارە بەنرخەکەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی:

برای بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.
بەرای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.
خوشک وبرایانی خۆشەویست، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.
زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم کە ئەو شەرەفەتان پێ داین وئەو هەلەتان بۆ رەخساندین، کە بۆ یەکەمین جار لەپەرلەمانی کوردستاندا، کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کورد و کوردستان و، بەرهەمی رەنجی گەلی کوردستانە، کە بەرهەمی خۆراگری گەلی کوردستانە، ئامادەبین و

بتوانین ئەمڕۆ لە شاری هەولێری خۆشەویستدا بە خزمەتتان بگەین وباسی سەفەرێکی مێژوویتان بۆ بکەین، ئەو سەفەرەی کە تیایدا زۆر چاک تێگەیشتین کە کێشەی گەلی کورد گەیشتۆتە چ قۆناخێک ، ئەو سەفەرەی کە توانیمان بەهۆیەوە دەردوئێش وئازاری گەلی کوردیش بەجیهان رابگەیەنین.

بەڕێزان.. ئەمڕۆ لە دەرەوەی وڵات بە چاوێکی تر تەماشای خەڵکی کوردستان ئەکەن، ئەمڕۆ بە چاوێکی پڕ رێزوە تەماشای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەن، تەماشای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە بەرهەمی شەرعیی ئیرادەی میللەتی کوردن و، بە هەڵبژاردنێکی ئازادانە هاتووەتە کایەوە.

پێشتریش سەفەرمان کردووە، ئەمجارەش سەفەرمان کرد، هەستمان بە جیاوازیەکی یەکجار گەورە کرد، بۆمان دەرکەوت کە ئێستا بە چ چاوێکی رێزەوە تەماشای میللەتی کورد دەکەن، ئەو میللەتەی کە لە هەل ومەرجێکی یەکجار سەخت وناخۆشدا توانی ئەزمونێکی دیموکراسی سەربخات و بە ئەنجام بگەیەنێ.

وڵاتانی تریش هەن کە ساڵەهای ساڵ کیانیان هەبووە و دەوڵەتیان هەبووە، بەڵام هەر کە گەیشتنە قوناغی رزگاری ئیتر خۆبەخۆ بەربوونە گیانی یەکتری و وڵاتەکەی خۆیان ئەوەنەی تر کاول و ویران کرد، بەڵام ئێمە ئەو تاقیکردنەوەیەمان نەبووە، هەرچەندە هەمیشەش ژێردەست وچەوساوە بووینە، بەڵام هەر کە کەمترین هەلمان بۆ هاتەپێش بە دانپیانانی هەموو جیهان چاکترین وخاوێن ترین هەڵبژادرنمان ئەنجامدا.

بۆیە مافی هەموو کوردێکە کە ئەمڕۆ زۆر بە شانازییەوە بڵێ، ئێمە بڕوامان بە دیموکراتییە و کە هەلیشمان بۆ هاتە پێش دیوکراتیەتمان جێبەجێش کرد. سەفەرەکەمان هەروەکو بەڕێزتان ئەزانن، لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو بۆ وەفدێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کە تیایدا زۆر تەئکید لە ئامادە بوونی برای خۆشەویستم(مام جەلال) ومنیش کرابووەوە، ئێمەش هەستمان بەوە کرد کە کێشەکەی گەلی عێراق بەگشتی وکێشەی گەلی کورد بەتایبەتی گەیشتۆتە قوناغێکی یەکجار زۆر ناسک، بۆیە بەپێویستمان زانی کە بە دەنگ ئەم بانگهێتشتنەوە بچین.

بەرنامەی سەفەرەکەمان وا بوو کە یەکەم جار بۆ ئەمریکا بچین، پاشان بۆ بەریتانیا، دواییش بۆ فەرەنسا و، پاشان بۆ چەند وڵاتێکی تریش.

لە واشنتۆن، لە وەزارەتی دەرەوەدا بە رەسمی چاومان بە بەڕێز(جیمس بیکەر)وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کەوت، پاشان لەگەڵ جەنرال (سکوکرافت) دانیشتین، کە راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی(مستشار الأمن القومي) سەرۆکی ئەمریکایە، ئەنجا لەگەڵ سەرکردەی زۆرینەکانی کۆنگریسدا دانیشتین، پاشان چاومان بە سەرکردەی کەمینەی حزبی کۆماری کەوت لە کۆنگرسی ئەمریکی، پاشان لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگریسدا کۆبووینەوە،

هەروەها کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیشمان بەست. ئێرەش ـ پەرلەمان ـ جێگەیەکی زۆر سروشتییە بۆ ئەوەی کە لە هەموو شتێک ئاگادار بن، بۆیە ئیجازەم بدەن ئەوەندەی کە بە بیرمدا دێتەوە بەپێویستی دەزانم لە بارەی ئاکامەکانی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانە ئاگادارتان بکەمەوە، چونکە ئەمە شتێکی جا رەنووسییەو، ئەبێ ئێوە لێی ئاگادارین بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بەرنامەی بۆ دابنێین.

لەو کۆبوونەوانەدا زۆر بە دوورو درێژی باسی بارودۆخی عێراق وکوردستان کرا. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پاش پێشوازیی لێکردن و پاش بە خێرهاتنێکی گەرمی وەفدەکە، وتی: ئێمە بۆیە داوامان کردووە کە لەگەڵ ئێوەدا دانیشین بۆ ئەوەی ئێوە لە سیاسەتی ئەمریکا ئاگادار بن و، ئێمەش گوێمان لەڕای ئێوە بێت. سیاسەتی ئەمریکاش دەربارەی عێراق و پاشە رۆژی عێراق ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک ئێمە لەگەڵ ئەو رژێمەی ئێستای بەغدادا رێک ناکەوین و، هیچ شک و شوبهەشتان نەبێت، ئێمە بە هیچ شێوەیەک نە رێک دەکەوین و نە مساوەمەش لەسەر ئەم شتانە دەکەین، پێشمان خۆشە کە یارمەتی عێراق بدەین.

بەڕێزان.. ئێوەش ئەزانن کە تاکو ئێستا لە ئەمریکا سیاسەتێکی روون بەرانبەر بەعێراق نەبوو، هەروەها بەرانبەر بەکێشەی میللەتی کوردو، بەرانبەر بە ئایندەی عێراقیش سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بوو کە ئەبێ ئەم رژێمەی ئێستا بڕوات و نەمێنێ، واتا تەئکیدیان لە لابردنی سەدام دەکردەوە، بەڵام بۆ ئایندەی عێراق هەرگیز باسی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەبێ چۆن بێ، هەرچەندە ئەوە لە تێڕوانینی ئێمەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە گۆڕانکاری هەر بەتەنها لە پێناوی گۆڕانکاریدا بۆ خۆی گرنگییەکی تێدا نییەو، ئەگەر ئێمە لە ئایندەی عێراق دڵنیا نەبین کە بۆ ئێمە خێرێکی تیادایە، ئیتر بۆ خۆمان تووشی کارەساتی تر بکەینەوە؟!.

هەروەها سەبارەت بە کێشەی گەلی کوردیشەوە هەمیشە ئەوەیان دووپات ئەکردەوە کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و کێشەیەکی ئینسانییە، ئێمەش دەمانگوت راستە کێشەیەکی ئینسانییە، بەڵام هۆیەکی سیاسی لە پشتەوەیەو بە ئامانجی سیاسیش لە دژی گەلەکەمان دەکرێ.

ئەم جارەش لەوێ ئەوەندەی کە پێمان کرا، چ بە من و چ مام جەلالیش هەوڵمان دا کە ئێش و ئازاری میللەتی کورد بۆ ئەمریکییەکان روون بکەینەوە.

هەروەها سەبارەت بە کێشەی میللەتی کوردو ئایندەی عێراقیش داوای هەڵوێستێکی روونمان لە ئیدارەی ئەمریکی کرد و، خۆشبەختانە لەسەر زۆر شتیش رێککەوتین. بە بۆچوونی ئێمە ئێستا هەڵوێستی بەرپرسان لە ئەمریکا لەگەڵ بۆچوونی ئێمە و بەرژەوەندیی میللەتی ئێمەدا ئەگونجێ. بەنسبەت ئایندەی عێراقیشەوە ئێمە عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی تەعەددیمان دەوێت، کە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد بۆچوونی عادیلانە و ئاشتیانەی هەبێت.

ئەمریکیەکان سەبارەت بە کێشەی میللەتەکەمان گوتیان بەڵێ کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییەو لەمەودواش بە شێوەیەکی سیاسی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام لە چوارچێوەی عێراقدا. تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خۆی لەو بارەیەوە گوتی: ئەم سیغەیەی کۆنگرەی ڤیینا زۆر ممتازە و وشەی (ئیکسی لانت)ی بەکار هێنا، ئێمەش پێمان وت سیغەکە سیغەیەکی گشتییە و مافی چارەنووس نابێ قەیدی لەسەر هەبێت، چونکە صیغەکە ئەڵێت: (حق تقرير المصير دون الانفصال)، دیاریشە کە نابێ ئێمە لەسەر ساغ کردنەوەی مافی چارەنووسی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی ئایندەی عێراقدا تووشی کێشە ببین، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی هیچ گۆڕانێک بەسەر ڕژێمی عێراقدا بێت، دەبێ ئێمە لەسەر سیغەکە ڕێکبکەوین، ئەگینا ئەگەر ئەوە بکەوێتە پاش هەر گۆڕانکاریەک، ئەوسا هەر کەسێک بەکەیفی خۆی تەفسیری بۆ ئەکات وکۆتایشی پێ نایەت وتووشی کارەساتێکی تر ئەبێتەوە.
باسی باری ناخۆشی ژیانی خەڵکی کوردستان و هەموو عێراقیش کرا، ئەمریکیەکان زۆر باش لە ئازارو ناخۆشیەکانی گەلی کوردستان و عێراق ئاگادارن و زانیاری تەواویشیان لەو بارەوە هەبوو.
داوای گۆڕینی هێڵی (٣٦)مان کرد بۆ هێڵی(٣٥)، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان هەمووی بەر ناوچەی (پرۆفایت کۆمفۆرت) بکەوێت، هەروەها داوای دابین کردنی پاراستنی شیعەکانی خوارووی عێراقیشمان کرد، بەرپرسانی ئەمریکیش بەڵێنی دیراسەت کردنی ئەو داواو پێشنیارانەی ئێمەیان دا و گوتیان ئەوەی لە توانایان دا بێت لەو بارەیەوە دەیکەن.
بۆ مەمسەلەی هێڵی(٣٢)و دابین کردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ شیعەکانی خوارووی عێراق و گۆڕینی هێڵی (٣٦)یش بە هێڵی (٣٥)،پەیمانییان نەدا کە بۆمان جێبەجێ ئەکەن، بەڵام نەشیان گوت کە نایکەن، وتیان دیراسەتی هەردوو حاڵەتەکە ئەکەین و، وا یەکەمیان دەسیان پێکردووە و، ئەوی تریشیان لەوانەیە جێبەجێ بکرێت.
بەنیسبەت باری ئابووری کوردستانیشەوە چەند پێشنیارێکمان هەبوو، بەرپرسانی ئەمریکی وتیان هەمووی دیراسەی ئەکەین، چونکە ئەمە پەیوەندیی بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە هەیە و هەندێ کۆسپی یاسایی دەکەوێتە پێش، لەبەر ئەوە دەبێ پرس بە ئەنجومەنی ئاسایش بکرێ وکامە ڕێگا لە رووی ئابوورییەوە بۆ کوردستان باش بێ ئەوە پەسند ئەکەین و یارمەتیتان ئەدەین، چونکە ئێمە دەزانین کە باری ژیانی ئەو خەڵکە خراپە.
پێشمان وتن ئەم ئەزمونە دیموکراتیەی کە ئێستا واخەریکە لە کوردستاندا خۆی ئەگرێ موهەددەدە بەتێک چوون، تەنها لەبەر هۆی ئابووری ئەگینا هیچ هۆیەکی تر نییە باری ئێمە تێک بدات. چونکە ئێمە میللەتێکی تەمبەڵ نین، بەڵام ئەوە ماوەی (٣٠)ساڵە وڵاتی ئێمە وێران دەکرێ، (٧٠)ساڵیشە کە بە سیاسەتێکی مدروس باری ئابووری کوردستان پشت گوێ دەخرێت و، نزیکەی (٢٠)ساڵیشە ئەوەی هەمان بوو بەپێی بەرنامە وێران دەکرێ، لەبەر ئەوە

پێویستمان بە هەوڵێکی ئیستسنائی و بە یارمەتیکی ئیستسنائی هەیە، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حاڵەتێکی ئەوتۆ کە بتوانین پشت بە خۆمان ببەستین.
پێمان گوتن ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندمان هەیە و ئەتوانین خۆمان بژێنین، بەڵام ئێستا لە وڵاتێکی وێران کراودا ئەژین. وەڵامی ئەوانیش ئەوەبوو کە وتیان ئێمە ناتوانین ئابڵوقە لەسەر کوردستان هەڵگرین، چونکە بەپێی یاسا بەشێکە لە عێراق، بەڵام ئامادەین ئەو مەوادانەی کە پێویستن بۆ کوردستانیان ئیستسنائی بکەین.
ئێمە لە ئەمریکاوە داوامان لە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمیش کرد کە لیستێکمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی بیدەینە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تاوەکو ئەوانیش لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا بڕیارێکی لەسەر بدەن. لیستەکە گەیشت وتەسلیممان کرد، ئومێدیش زۆرە کە لەم ڕۆژانەدا جێبەجێ بکرێ، چونکە هەستمان کرد بەراستی ئەمجارە جدیەتێکی زۆر هەیەو مەسەلە هەر قسە نییە.
بەنیسبەت پارێزگاری کردنی هەرێمی کوردستانیشەوە بەرپرسانی ئەمریکا وتیان : هەتاکو میللەتی کورد پێویستی بەپارێزگاری کردن هەبێ و، هەتاوەکو چارەیەکی سیاسیش بۆ کێشەی گەلی کورد ئەدۆزینەوە بێگومان ئەوا دەبێ پارێزگاری کردنی هەرێمی کودرستان هەر بەردەوام بێت.
وەک ئاگاداریشن لە ناوەڕاستی مانگی حوزیرانی ئەم ساڵدا کۆنگرەی(ڤیەننا )ش بەسترا و، پارتی ویەکێتیش هەردووکیان بەشدارییان تیادا کرد، کە بە رای من کارێکی باش بوو، چونکە ئەم کۆنگریە لەلایەن ئەمریکاو ئەورووپاوە پشتگیری لێ کراوە، هەرچەندە لەوانەشە کە بە تەواوەتی ئامادەیی بۆ نەکرابێ و، هەموو لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی وەکو پێویست پەیوەندییان پێوە نەکرا بێ بۆ ئامادە بوون تیایدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بە کۆنگرەی ڤیەننادا نراوە و ئێستا وەکو نوێنەرایەتی عێراق هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ئەکەن.
لەو کۆنگریەشدا بڕیاری باش وەرگیراوە، یەکێک لەوانە بڕیارێکە سەبارەت بە میللەتی کورد ومافە ڕەواکانی، کە ئەڵێ(*مافی چارەنووسی هەیە بە مەرجێک لە عێراق جیا نەبێتەوە* )، ئێمە ئەوەمان بە هەڵێکی باش زانی کە داکۆکی لەسەر ئەم گۆڕانە گەورەیە بکەین و سوودی لێ ببینین لە ڕووی سیاسیەوە.
ئەگەر لە بیرتان بێ دوای گەڕانەوەم لە سەفەرەکەی بەهاری ئەم ساڵ ، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی وسەرکردایەتی بەرەی کوردستانیشدا وتم : من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە، ئەگەر ئێمە لەگەڵ حکومەتێکی عێراقی، یاخود لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا بگەینە سیغەیەکی باشتر وپێشکەوتووتر و زیاتر لە سیغەی حوکمی زاتی و، لایەنەکانی دەرەوە لارییان لێ نابێ، ئەوا دەبێ بیر لە سیغەیەکی نوێ بۆ چارەسەر کردنی پاشە ڕۆژی کێشەی میللەتەکەمان بکەینەوە، کە بەراستیش لە دوای سەردانەکەی ئەم جارەمانەوە بۆ ئەمریکا ، هەروا کەوتەوە.

بێگومان لەوەش ئاگادارن کە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی عەرەبی هەموویان وەکو یەک نین و، هەموویان بەیەک چاو تەماشای کێشەی کورد ناکەن و، هەموویان وەکو یەک بڕوایان بە مافی ئێمە نییە، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی هەر گۆڕانێک لە سیستەمی حوکمی عێراقدا روودات دەبێت ئێمە ئەم سیغە نوێیەی چارەسەری کێشەکەمان دیاری بکەین.
لەم سەفەرەدا من ومام جەلال لەگەڵ ئەمریکایەکان و فەرەنسیەکان وبەریتانییەکان ونوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیشدا موناقەشەی ئەم مەسەلەیەمان کرد و، وتمان مادام وایە ئێمەش دەمانەوێ پێش وەختە و بەر لە هەموو گۆڕانکاریەک دەبێ سیغەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە رێگا لە هەموو کێشەیەکی داهاتوو بگرین کە لەوانەیە لە دوارۆژدا بێتە سەر رێگامان.
بەڕێزان.. بە بۆچوونی ئێمەش باشترین سیغەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رەوای گەلی کورد لەم قۆناغەدا (فیدرالییەتە).
بەڵام ئەوەش لە دەسەلاتی شەخسیی ئێمەدا نییە و، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و، پەرلەمان دەبێت بڕیاری لەسەر بدات.
پێش هەڵبژاردنیش سەبارەت بە زۆر مەسەلەی چارەنووساز لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە زۆر جار پرسیار کراوە، بەڵام من رام هەر ئەوە بووە، کە تا هەڵبژاردن هەموو لایەن و هەموو حزبێک حەقی خۆی بووە بڵێ من ئەم دروشمە، یا ئەوی تر هەڵئەگرم و ئەیگۆڕم، یا نایگۆڕم، بەڵام ئیمڕۆ مادام پەرلەمانێک هەیە کە میللەتی کورد هەڵیبژاردووە، ئەوا بۆ مەسەلەیەکی وا چارەنووساز دەبێ پەرلەمان بڕیار بدا.
بە بۆچوونی ئێمەش ئیستا هەلومەرجەکە زۆر زۆر لەبارە و، ئەتوانم وەکو مژدەیەک بە ئێوەی رابگەینم وتکاتان لێ بکەم کە ئێوە بڕیار لەسەر سیغەی(فیدرالیەت)بدەن و بۆ لەمەودوا دروشمی مەرکەزیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد وکوردستانی عێراق ببێ بە( فیدرالی).
کە ئەمە باسەمان لە لای ئەمریکیەکان کرد، پاش چەند رۆژێک جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست لە لیدوانێکدا رایگەیاند و وتی : یەکەم، ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەرلەمان وحکومەتی کوردستاندا ئەکەین، چونکە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون و، ئەوە لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدا پێچەوانە نییە.
دووەم، ئێمە باشترین سیغەی حوکم بۆ پاشە رۆژی عێراق لە فیدرالییەتدا دەبینین، ئەمەش لەگەڵ سەروەریی یەکێتی نیشتمانی عێراقیدا هاودژ ناکەوێتەوە، چونکە ئەمریکا وئەڵمانیاش فیدراڵین، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ئەو سیغەیە بۆ عێراقیش شتێکی باشە دەبێ.
دیارە ئەمەش لە رووی سیاسییەوە گۆڕانێکی یەکجار زۆر گەورەیە.
ئەو دۆستانە بەهاری رابوردوو بۆ یەکەم جار وتیان ئێمە تەئیدی حوکمی زاتی ئەکەین، ئەگینا پێشتر تەئیدی حکومی زاتیشیان نە ئەکرد، واتا هەڵوێست و بڕیارێکی دیاری کراویان

سەبارەت بە کیشەکەمان نەبوو و، پیریان لەوە نەکردبووەوە کە دەبێ حەقی میللەتی کورد چی بێت؟!.

کەواتا ئەم گۆڕانکارییە لە بەهارەوە تاکو ئێستا گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆر گەورەیە، هەر چەندە تا ئەم کاتەش هیچ لایەنێک ئامادەیی ئەوەیان نیشان نەداوە کە لە چوارچێوەی عێراق دەرچین، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندێ دەسکەوتی گەورەتر و زیاتر وەدەست بهێنین لە چوارچیوەی عێراقدا هەر باشە و هیچ ئعترازێکمان لەسەر نەبوو.

بۆچوونی دیکەش هەبوو، بەڵام بەراستی ئێمە ناتوانین بەتەنیا بڕیار لەسەر هەموو شتێک بدەین و، بڵێین وائەکەین ،یا وا ناکەین، بەراستی دەبێ هەموو هۆکارەکانی تریش ڕەچاو بکەین و، ئیمڕۆش وەکو ئەبینین هەموو هەلومەرجێک لەبارە و لە بەرژەوەندیی میللەتی کورددایە و کێشەی میللەتی کورد چووەتە قۆناغێکی ترو، ئاسۆیەکی یەکجار زۆر ڕووناکمان لەپێشە. تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانیش کە من لێم پرسی و وتم: پاشە ڕۆژی کورد چۆن دەبینی؟ ئەو لە وەڵامدا وتی: پاشە ڕۆژی کورد ئەمڕۆ بەدەست خۆتانەوەیە و ئێوە خۆتان دیاری ئەکەن و، ئەمڕۆ چی بنچینەیەکی بۆ دائەنێن پاشە ڕۆژ ئەوەتان بۆ دێنێ. کەواتە ئەمە مەسئولیەتێکی مێژووییە و، لەسەرشانی پەرلەمان ولەسەر شانی حکومەتی هەرێم ولەسەرشانی حزبەکانە کە ئەبێ بەهەموو هێزو توانایەکیانەوە هەموو سەربازی پەرلەمان وحکومەتی خۆمان بین، ئەبێ هەمومان بۆچوونمان وابێ، کە سەرکەوتنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێم سەرکەوتنی خۆمانە، بەراستی ئەوەی وابیر نەکاتەوە ئەبێ بزانێ کە ئایندەی میللەتی کورد لە دەست ئەدات وئەو فرسەتەی کە لە پێشە لە دەستی دەدات و، ئەمەش خیانەتێکی گەورەیە لەکورد وکوردستان. لەبەر ئەوە سەرکەوتنی پەرلەمان و سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنی کورد و سەرکەوتنی کوردستان و، دابین کردنی ئایندەیەکی ڕووناکە بۆ خەڵکی کوردستان. ئەوەشی کە کۆسپ دەخاتە ڕێگەی بەرەوپێش چوونی پەرلەمان وحکومەت بەراستی خیانەت لە رابوردووی کورد و خیانەتە لە ئایندەی کورد دەکات.

حەز دەکەم ئەوەش بزانن کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەندێکیان زۆر زۆر لاگیرمان بوون، هەندێکیشیان هێشتا دوو دڵن، بەڵام زۆربەیان ڕازین لەسەر ئەمەو، لەوانەشە ماوەیەکی تر وەفدێکی ئۆپۆزسیۆنیش بێن بۆ ئێرە بۆ موناقەشە کردنی مەسەلەی سیغەی ئایندەی میللەتی کورد.

هەمان ئەم خاڵانەی کە لە ئەمریکادا باس کران، لە بەریتانیا ولە فەڕەنساشدا باس کرانەوە، هەڵوێستی ئەوانیش سەبارەتیان تا رادەیەک وەکو یەک بوو، تەنانەت ئەتوانم بڵێم هەڵوێستی فەرەنسا هێشتا پێشکەوتووتریش بوو، بۆ فەرەنسا هەر من ومام جەلال چووین، سەرۆک (میتران )و وەزیری دەرەوەی کاروباری مرۆڤایەتی (برنارد کۆشنەر)یشمان بینی، ئەوەی کە لەگەڵ (مدام میتران)دا هاتبوونە پەرلەمانی کوردستان. لەوێش زۆر بەکراوەیی و، زۆر

بەگرنگی باسی کێشەی گەلی کوردی کرد و، سۆزێکی زۆری پێشان داو دوو، سێ جار وتی: میللەتی کورد میللەتێکی زۆر زۆر مەزنە و، لەبەر ئەوە ئەبێ هەموو مافێکی پێبدرێ. هەروەها وتیشی کە ئێمە ناتوانین تەماشاچی بین ئەگەر جارێکی تر میللەتی کورد تووشی کارەساتێکی تر بێتەوە، بۆیە ئەبێ بە ئاسوودەیی و، بە خۆشی و، سەربەستی بژێت، ئەو زوڵمەیشی کە لێی کراوە نابێ جارێکی تر دووبارە بێتەوە.

لە دەرەوەی کوردستان رۆژنامەنووسان سەبارەت بە ئایندەی کێشەی کورد وباشە رۆژی عێراق پرسیاریان لە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کرد و، ئەوە بوو کە سەبارەت بە کێشەی میللەتی کورد و، فیدراڵییەت پرسیاریان لێکرد ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەوە بۆ کورد خۆیان هێڵراوەتەوە، هەرچی ئەوان بیکەن ئێمە رازین.

هەڵوێستی بەریتانیاش ئەتوانم بڵێم هەر هەمان هەڵوێستە و، بەشێوەیەکی گشتیش ئەوەی من لە ئەوروپا و لە ئەمریکا تێبینیم کرد ئەوەیە کە پلان بۆ ئەوە دادەڕێژرێت کە ئیتر دەبێ لە ناوچەکەدا مافی مرۆڤ رێزی لێبگیرێ و، دیموکراتیەت بچەسپێ و،نابێ لەمەودوا بەپێی میزاجی ئەم حاکم، یا ئەویتر خەڵک بچەوسێنرێتەوە، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی گەورەیە و بە بۆچوونی من ئێمە ئەتوانین زۆر چاک سوودی لێوە وەرگرین، ئەگەر خۆمان لە خۆمانی تێک نەدەین.

ئێستاش پاش ئەوەی دەرکەوت کە جدیەتێکی زۆر هەیە و بارێکی تازە هاتووەتە پێش بە بەرژەوەندمان زانی کە من سەفەرێکی سوریاش بکەم، هەر لەو ماوەیەدا مام جەلالیش سەفەری کرد بۆ ئەڵمانیا. بڕیاریش وا بوو کە پاشان لە تورکیا یەکتری بگرین.

لە سوریا لەگەڵ حکومەتی سووریا ولەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا قسەمان کردو پێمان وتن کە ئێمە وەکو کورد قەت پێمان خۆش نییە کە بۆچوونێک لە لای ئێوە دروست ببێ کە گوایە ئێمە گۆڕەپانی عەربی پشتگوێ دەخەین، یاخود نامانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵ گۆڕەپانی عەرەبیدا هەبێ وتوندوتۆڵ بێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر زۆرمان پێ خۆشە وحەز ئەکەین پەیوەندیی دۆستانەو وبرایانەمان هەر بەردەوام بێ لەگەڵ عەرەبدا، ئەگەر( سوء تفاهم)ێکیش دروست بووبێ لەبەر ئەو بارودۆخەی کە هاتووتە پێش، ئێمە ئامادەین هەر روونکردنەوەیەک کە پێویست بکات بۆتان بکەین و رێز لەرای ئێوەش بگرین، دیارە ئەوانیش زۆرگرنگیان بەم دڵنیای کردنەوەیەی ئێمە داو زۆریان پێ خۆش بوو، لە دوایشدا وا رێککەوتین کە هەموو لایەک توانای خۆمان بۆ ئەوە خەرج کەین کە لایەنەکانی کۆنگرەی (ڤیەننا) لەگەڵ ئەوانەی کە لە دەرەوەی کۆنگرەی (ڤیەننا)شدا بوون لە نێوان خۆماندا پێک بێین و هەنگاوێک بەرەو یەکبوون بنەین بۆ ئەوەی هەموو ئۆپۆزسیۆن یەک بگرێ، چونکە بە راستی بۆ دەرەوەش شتێکی وا زۆر پێویستە، واتا یەکێتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەبەر زۆر هۆ پێویستە بۆ ئەوەی دۆستانمان بتوانن بە شێوەیەکی سروشتی هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکەن.بڕیارە ئەوانیش واتا

لایەنەکانی دەرەوی کۆنگرەی (ڤیەننا) بڕیارە ئەمڕۆ لە نێوان خۆیاندا دانیشن و، بڕیاری خۆیان بدەن ونوێنەری خۆیان دەسنیشان بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشداربووانی کۆنگرەی (ڤیەننا)دا لەسەر ئەو شتانە ڕێک بکەون کە لە توانادایە.
بە راستی ئەمڕۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد جێگای شیاوی خۆی گرتووە وتوانیویەتی ببێتە محوەر، چونکە پەیوەندیان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا باشە و، ئێمە خۆمان بەشداریمان لە کۆنگرەی ڤیەنّنادا کرد، لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی کۆنگرەی ڤیەنناشدا پەیوەندیمان باش ودۆستانەیە و ئەتوانین دەورێکی وا ببینین کە هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆبکەینەوە، ئەمەش دیسان گرنگی وەزعی کوردستان وگرنگی رۆڵی خەڵکی کوردستان پێشان ئەدات.
حکومەتی سوریاش زۆریان مەبەست بوو خۆیان وا پێشان بدەن کە پێیان خۆشە ئەو پەیوەندییانە بەردەوام بێت و، بە چاوێکی پڕ ڕێزەوە تەماشای خەباتی میللەتی کورد ئەکەن. ئەگەرێکی زۆریش هەیە کە بوارێکی زیاتر بۆ پەیوەندیی بازرگانی وئابووری لەگەڵ سوریادا بکرێتەوە، واتا بەڵێنی ئەوەش دراوە کە هاتووچۆ لە سنووری هەردوو لادا باشتر بکرێتەوە وبواری بازراگانی زیاتر بدرێ، ئومێدەواریشین کە ئەوە تارادەیەک یارمەتیمان بدا بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لەو گیروگرفتانەی کە هەن.
پاش ئەوەش لەگەڵ مام جەلال لە تورکیادا یەکترمان گرتەوە و لەگەڵ لێپرسراوەکانی تورکیاشدا قسەیەکی زۆرمان کرد، ئەوان وایان پێشاندا کە پێیان خۆشە پەیوەندیی بازرگانی وئابوورییان لەگەڵ ئێمەدا هەبێ، بەڵام کێشەی هەرە گەورە وبنەرەتیی، وەکو ئەوان باسیان ئەکرد کێشەی P.K.Kیە، سەرۆک وەزیرانی تورکیا وتی: ئێمە لەوە ئەترسین سەرئەنجام ببێ بە شەڕی کورد و تورک، چونکە ئێستا ئەگەر ئامارێک بکرێ بۆ ئەو کوردانەی کە لە رۆژهەڵاتی تورکیا، واتا لەکوردستانەوە کۆچیان بۆ رۆژئاوای تورکیا کردوە، یان بۆ کەناری دەریای رەش چوون، رەنگە ئەو ئاوارانە زیاتر بن لەو کوردانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ماونەتەوە، ئێستا جەوێکی وا لە تورکیادا دروست بووە کە لە هەرکوێیەک کوردێک تورکێک ببینێ بە دوژمنی خۆی بزانێ، یا بەپێچەوانەشەوە هەر راستە، ئەمەش شتێکی زۆر زۆر خراپە، شەڕەکەش ئەگەر ببێ بە شەڕی دوو میللەت، ئەوا کارەساتێک کە لە هەموو شتێک ناخۆشترو خراپترە.
هەروەها چەند خاڵێکی تریشمان لەگەڵیاندا باس کرد وئەوان وتیان کە ئێمە ئەزانین لە ئێران و، لە سوریا و لای ئێوەش (پەکەکە) هەن، وتیان ئێران وسوریا دوو دەوڵەتن و ئێمە زۆر ڕێگە و کەناڵمان لەگەڵیاندا هەیە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیەیان لەگەڵدا باس بکەین، یان هەڵوێستیان بەرامبەر وەربگرین، ئەگەر لەگەڵیاندا بە ئەنجامێکی لەبار نەگەیشتین، بەڵام بەنیسبەت ئێمەی کورد وتی: حکومەتی عێراق لە کوردستاندا حاکم نییە و، ئێوە لە ناوچەکەدا حاکمن و، ئێستا لە ناو تورکیا، لە زۆر دامودەزگاکانیدا ئەم پرسیار ئەکرێ، ئایا ئەگەر تورکیا بواری بە هێزی

هاوپەیمانان نەدابایە ئەو ناوچە ئارامییە بۆ کوردستان دروست بکەن، ئایا ئێستا ئەو ناوچە ئارامە سنوورییە بۆ P.K.K ئەبوو بە بنکە؟!.
بەرپرسانی تورکیا وتیان لەبەر ئەوەش ئێمە لەوە ئەترسین کە ئەو فشارەی ناوخۆی تورکیا تا رادەیەکی زۆر کێشە بۆ ئێوەش دروست بکات.
هەروەها گوتیان ئێوە کەیفی خۆتانە حەز ئەکەن قەناعەت بە(پەکەکە) بکەن با هەموویان بێنەوە ناو خاکی تورکیا، یا بچنە ئێران، یا سوریا، بۆ ئەوەی لەکۆڵ ئێوە(کوردی عێراق) ببنەوە، یا ئەوەتا ئێمە تەدەخولی سەربازی لە ناوچەی ئارامی کوردستان ئەکەین و ئێوە بکشێنەوە وهیچ گرفتێک نامێنێ، چونکە بەم شێوەیەی ئێستا مەسئولیەتەکە لە سەر ئێوەیە و لەوانەشە پاشە رۆژ ئێمە نەتوانین ئەم وەزعەی کە ئێستا هەیە بیبەینە سەر.
ئنجا بەراستی بەپێی ئەو هەموو بەڵگە و وموستەمەکانەی کە بەدەستەوەن دەردەکەوێ کە ئەرکیP.K.K ئەوەیە ئەم ئەزمونە دیموکراتیەی ئێمە تێک بدات. ئەوەش قەیدی ناکات کە بگەنە رادەی ئەوەی کە بەیانمان لەسەر دەربکەن وجنێومان پێ بدەن ئەوە موشکیلە نییە، با لە قامیشلی ئاهەنگ بکەن و(دمیە) دروست بکەن وبڵێن ئەمە هی جەلالە وئەمە هی مەسعودە، با رەوانەی دادگامان بکەن وئیعدامیشمان بکەن، ئەوەش هەر موشکیلە نییە، بەس بێن بارودۆخی خەڵکی کوردستان تێک بدەن، ئەوە بەراستی ئەبێ توزێ لەسەری راوەستین.
جا بەرای من ئەبێ پەرلەمان وحکومەت لەسەر ئەم کێشەیە بڕیارێک بدەن، بە راستی ئێمە قەت لەگەڵ ئەوەشدا نین کە لەگەڵ هیچ هێزێکی کوردستانیدا تووشی گرفت ببین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە هیچ شێوەیەک رێگا نادەین کە ئەم ئەزمونە دیموکراتیە تێک بدەن، بۆ خەڵکێکیش کە بۆخۆیان نییە، بەڵکو بەقسەی دوژمنانی کوردە هەوڵی لەبار بردنی ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی ئێمە دەدەن.
حزبی تری کوردستانی ئێران، حزبی تری کوردستانی تورکیا هەن، کە دان بە دەسەڵاتی شەرعی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەنێن و، ئامادەن گوێ لە رێنمایەکانمان بگرن، بەڵامP.K.K وای بۆ ئەچێ کە هەموو خەڵک خائنە و، کوردستان تەنها هی خۆیانە، نە دان بە دەسەڵاتی کەسدا و، نە دان بە شەرعیەتی کەسدا ئەنێن و، نە ئامادەشن گوێ لە رێنمایی کەس بگرن و، بوونەتە هۆی ئەوە کە (٤٠٠ـ٥٠٠)گوندی سەر سنووری ئاوەدان نەکرێنەوە. ئەبێ داوای ئەوەیان لێ بکرێت کە وەکو رێکخستنێکی سیاسی، وەکو حزبی دیموکراتی ئێران، وەکو حزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، وەکو حزبە کوردستانیەکانی تر، لە کوردستاندا بە تەنها کاری سیاسی بکەن، با بێن هەر جنێومان پێ بدەن. با بێن لە ئێزگاکانی ئێمە خۆمانەوە جنێومان پێ بدەن، هەر قەبوڵمانە، بەڵام با شەش مانگ، ساڵێک مەجالمان پێ بدەن، با بزانین ئەم ئەزموونە چی لێ دێ، پاشان چی ئەکەن بابیکەن.
ئەگەر ئەوەش ناکەن با بۆ خۆیان بچنەوە بۆ کوردستانی تورکیا، چونکە ئەو سنوورەی کە دانراوە

بەپێی یاسا ئێستا ئێمە لێی بەرپرسیارین، واتا لەم بەری سنوور لە ناو خاکی کوردستانی عێراق هەرچیەک رووبدات ئێمە لێی بەرپرسیارین، بەڵام ئەوەی کە لەودیوی سنوور روودەدا ئێمە لێی بەرپرسیار نیین، واتا (پەکەکە) دەتوانن بچنە ئەو بەری سنووری ئەوسا کەیفی خۆیانە هەرچییەک دەکەن، یاخود با بێن لە کوردستانی عێراق وەکو رێکخستنێکی سیاسی لەو شوێنە دانیشن کە بۆیان دادەنرێت و خەریکی رێکخستنی سیاسی خۆیان بن، وەکو تریش لە ناو خاکی تورکیادا چی دەکەن ئەوە کەیفی خۆیانە.

یا ئەوەتا ئەبێ ئێمە ناوچەکە بۆ ئەوان جێ بهێڵین وئەبێ ئامادە بن بۆ هەرچییەک کە دێتە پێشیان، چونکە مەسەلەکە گیشتۆتە رادەیەک کە ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا وهەموو ئەوروپا لە ئێمە راست بوونەتەوە و، دەبێت وەڵامێکی ئیجابیان بدەینەوە، چونکە ئێستا بۆچوونێکی خراپیان سەبارەت بە ئێمە لەلا دروست بووە و دەڵێن: ئێمە ئەو ناوچەی ئارامەمان بۆ کوردی عێراق زامن کردووە، کەچی ئێوە (پەکەکە)شتان لەگەڵ خۆتاندا شەریک کردۆتەوە و، ئەم کێشانەی سەر سنووریش لەوە دەکەونەوە.

بە راستی مرۆڤیش بە یەکێک دڵی دەکرێتەوە و حەز دەکا و دەتوانێ خزمەتی بکات کە ئەویش لە کاتی خۆیدا بارودۆخی بەرامبەرەکەی لەبەر چاو بگرێ، یاخود هیچ نەبێ بڵێ سوپاس.

بەڵام ئەوە شەش ساڵە ئێمە خزمەتی ئەوان دەکەین، ئەگەر نانێکمان هەبوایە لەگەڵیاندا بەشمان دەکرد، لە دوایشدا تەماشامان کرد وا خەریکن لە دژی ئێمە پیلان دەگێرن. بەنیسبەت یەکێتی وهەموو حزبەکانی تریش هەر هەمان شت. ئەمەشمان لەبەر ئەوە نییە کە بڵێین با ئەوانیش شتێکمان بۆ بکەن، بۆ ئەوەشمان نییە کە بەبیریان بهێنینەوە، بەڵام با بزانن کە خەڵکی تریش مافی ژیانیان هەیە.

ئێمە ئەوە نزیکەی (٧٠)ساڵە شەڕی دیکتاتۆریەت دەکەین و، مومکین نییە پاش ئەو هەموو قوربانییە و ئەم هەموو خوێنەی کە داومانە خەڵکێکی تر بێن و دان بە دەسەڵاتی ئێمەدا نەنێن و، بێن بە زۆر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن، بە چی حەقێک داوای ئەوەمان لێ دەکەن؟.

لەبەر هەموو ئەمانە دەبێ ئەم کێشەیەی کە(پەکەکە) ناویتیەوە دەبێ بە راستی و بەجدی لە مەوزوعەکە بکۆڵرێتەوە وبڕیاری پێویستی لەسەر بدرێت.

بە راستی (پەکەکە) ئەگەر دەیانەوێ لە کوردستانی عێراقدا بمێننەوە دەبێ بە تەنیا چالاکیی سیاسی خۆیان بکەن. یا ئەوەتا دەبێ بچنەوە تورکیا ولەوێ چالاکیی سەربازیی بکەن، کە گۆڕەپانی راستەقینەی چالاکیی خۆیانە، بەڵام بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا بەرپایان کردووە بەراستی بەتێک چوونی ئەم ئەزموونەی ئێمە تەواو دەبێ.

بەڕێزان:

بەراستی ئیمڕۆ هەلێکی وا بۆ میللەتی کورد هاتۆتە پێش کە لە مێژوودا رووی نەداوە و، ئەگەر ئەم هەلەشمان لە دەست دا، ئەوسا هەر خوا ئەزانێ میللەتی کورد بۆ چەندین ساڵی تر تووشی نائومێدی ومال وێرانی ئەبێ، هەڵگرتنی ئەم مەسئولیەتە مێژووییەش ئەکەوێتە سەرشانی هەموو کوردێک، بەتایبەتیش سەرشانی ئەم دوو هێزە سەرەکییەی کوردستان کە ئەمڕۆ لەگەڵ چەند لایەنێکی تری هاوپیمان وبرادا یەکەم پەرلەمانی کوردستان پێک دێنن.

هیچ گومانیشمان لەوەدا نییە کە ئەگەر سبەینێ سەرکەوتن بە دەست هات و بە قوناخێکی پێشکەوتوتر گەیشتین ئەوا مافی خۆمانە کە هەموو کوردێک پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە لە خۆی و لەئێمە بکات، بەڵام ئەگەر تووشی شکستیش هاتین ئەوا مافی هەموو کوردێکە کە بە هەمان شێوە تاوانی ئەو شکستیە بداتە پاڵ ئێمە. لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو حەقەشمان پێ بدەن کە بەلای کەمە بیروباوەڕی خۆمان و پێشنیاری خۆمان بۆ پارێزگری کردن و سەرخستنی ئەزمونەکەمان پێشکەش بە پەرلەمان بکەین.

بەراستی ئێمە هەڵبژاردنمان هەر بۆ ئەوە نەبوو کە بڵێین هەڵبژاردنیان کردووە، مەبەست لە هەڵبژاردن ئەوە بوو کە پەرلەمانێکمان هەبێ، حکومەتێکمان هەبێ، یاسا سەروەر بێ، پەرلەمانمان بۆ ئەوەبوو کە حوکمی میلیشیا نەمێنێ، کە ئەبێ نەشمێنێ، چونکە ئەگەر تاقە حزبێک، یان دووحزب، یان سێ حزب بە مانەوەی میلیشیا وەزعییان باش بوو، بەڵام هەموو میللەتی کورد وەزعی خراپ بوو، نازانم ئەوسا چۆن ویژدان ئەوە قەبوڵ دەکات؟!.

من کابرایەکم بینی کە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە هاتبوو، دوو هەفتە لێرە مابوو و من لە گەڕانەوەدا بینیم و، وابزانم هەندێ لە برادەرانی تریشی بینیبوو، ئەو کابرایە پێی وتم : پێش ئەوەی پەرلەمان وحکومەتتان هەبێ من هاتبوومە کوردستان، ئەوسا لە رووی ئاسایشەوە بارودۆخی کوردستان لە ئێستا باشتر بوو.

بەراستی ئەمە شتێکی زۆر ناخۆش وخرابیشە، راستە هەندێ شتیش هەن کە بەدەستی ئێمە نیین، وەکو سوتەمەنی کە بوون ونەبوونی بەدەستی ئێمە نییە و، ئەوەی لە دەستمان دێ ئەوەیە کە هەوڵی پەیدا کردنی بدەین، بەڵام بەراستی لە رووی ئاسایشەوە کارەکە بە دەستی خۆمانە و، زۆرشتی تریش هەن کە دەبێ بڕیار و یاسایان بۆ دابنرێ و رێکبخرێن.

بە راستی زۆر ناخۆشە لەلایەک وا پێشانی دنیا بدەین کە لە هەلومەرجێکی وا ناخۆشدا دەتوانین ئەزمونێکی وا بە زەحمەت ئەنجام بدەین، کەچی لەلایەک ترەوە وێنەی نا ئارامی ونەبوونی ئاسایش بەگەلانی دنیاو دۆستانمان نیشان بدەین، کە کاریگەریەکی یەکجار خراپی لەسەرمان دەبێ. کە لە دەرەوەش بووین رۆژانە موتابەعەی کاروباری ئێرەمان دەکرد و، ئاگادار بووین لەوەی کە چەندین کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتیدا بەستراون، بەوەو بەو رێککەوتنانەش زۆر خۆشحاڵ بووین کە هەردوو لا لەسەری پێکهاتوون،

بۆیە ئێمەش لە دەرەوە و پاش ئەوەی سەفەرەکەمان تەواو کرد و گوێمان لە رای هەموو ئەو بەرپرسانەی ئەو دەوڵەتانە گرت، کە زۆریان دۆستی راستەقینەی میللەتی کوردن وخەڵکێکی زۆری دیکەش کە کوردیان خۆش ئەوێ، من ومام جەلالیش گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەبێ هەنگاوی عەمەلی بهاوێژین و، نابێ بهێڵێن ئەم بارودۆخە هەر ئاوها بەردەوام بێ، ئەگینا ئەرکەکەمان بۆ ناچێتە سەر و، خەڵکی تر لێمان قبوڵ ناکەن. بۆیە جگە لەو رێککەوتنانەی کە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب لێرە لە کوردستان بڕیاریان لەسەر دابوو، ئێمەش ـ من و مام جەلال ـ لەسەر ئەم خالانەی لای خوارەوە رێککەوتین و، ئەگەر ئیجازە بدەن بۆتان ئەخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئاگادار بن کە ئێمە لەسەرچی رێککەوتووین، داواتان لێ دەکەین کە ئێوەش یارمەتیمان بدەن و، ئێمەش بەراستی و بە هەموو شێوەیەک ئامادەین کە لە خزمەتی ئەم پەرلەمانەو ئەو حکومەتەدا بین، چونکە سەرکەوتنی پەرلەمان وسەرکەوتنی حکومەت سەرکەوتنی میللەتی کوردە.

من بەش بەحاڵی خۆمان وەکو پارتی دەڵێم، ئەگەر وەزعی پەرلەمان بەوە باش دەبێ کە پارتی لێی دەربچێ، ئەوا لەم ساتەوە ئێمە لێی دەردەچین، بەمەرجێ سەرکەوتنی گەلەکەمانی تیادا بێ و ئەم هەلە بە خۆڕایی لە دەست میللەتی کورد دەرنەچێ.

ئەویشی کە بۆچوونی وابێ کە بەسەر نەکەوتنی پەرلەمان و، بە سەرنەکەوتنی حکومەتی هەرێم، یا بە سەرنەکەوتنی وەزارەتێک وەزعی خۆی باشتر ئەبێ، ئەوە غەدرێکی گەورە یەکەم لەخۆی و، ئینجا لە گەلی کوردستان وئەزمونەکەی دەکا، هەموو کەسێک و میللەتی کوردیش ئەبێ ئەم راستییە بزانن و لە هەمان کاتیشدا کاری پێ بکەن و، بۆ بکەن،

پەرلەمان و حکومەتیش دەبێ ئەرک و دەسەڵاتی خۆیان بە راستی و بەدروستی بە جێ بێنن و، کۆسپ لەسەر رێگای خۆیاندا نەهێڵن و، هەموو کەس و لایەنێکیش لەمەو دوا نابێ کۆسپ لە رێی کاروباری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا دروست بکەن، چونکە ئەوە یاری کردنە بە چارەنووسی خۆمان.

ئەمەش دەقی ئەو رێککەوتنەیە کە لە پێناوی رزگاریی ودیموکراسی ومافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان و، بەدەست هێنانی هەموو مافە رەواکانی تری سیاسی وکۆمەلایەتی و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان مۆرمان کردووە، کە بۆ ئەم قۆناخە لە شێوەی( فیدراڵی )دا خۆی دەنوێنێ.

من ومام جەلال لەسەر ئەوە پیک هاتین داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین کە بناغەی هاوکارییەکی هەتا سەر و، ئیستراتیجی بۆ هەر دوولا دابڕێژین، هەردووکیشمان لەسەر ئەوە پێک هاتین کە بۆ ئێستا و بە پەلە پێویستیمان بە ئەنجام دانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە هەیە:

١ـ بەگەڕ خستنی پەرلەمان وحکومەت و، بە تەواوی دەستەلاتدارکردنیان بۆ حوکمڕانیی کوردستانی عێراق و، بەڕێوە بردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکەکە و، بەدیهێنانی

**هەموو ئەرک و فەرمانەکانیان.**

**٢ـ یەکخستنی پێشمەرگەی کوردستان لەیەک تاکە هێزی رێکوپێکی هەڵبژاردەی باوەڕ پێ کراودا.**

**٣ـ یەکخستنی دەزگاکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە وراگەیاندن ودارایی وهەموو دەزگاکانی تر.**

**٤ـ یەکخستنی هەڵوێست بە وتە و بە کردەوە لە راگەیاندن و لە رەفتار و کرداردا بەرانبەر بە P.K.K و هەموو حزبەکانی تری کوردستانیش.**

**٥ـ هاوکاریی تەواو لە پەیوەندییەکانی دەرەوەو لە ناو دەوڵەتاندا و، لەگەڵ کۆمپانیەکانی بێگانەدا کە دەیانەوێ لە کوردستاندا کار بکەن.**

**٦ـ رێگە نەدان بە هیچ حزب وتاقمێک کە کۆسپ بخەنە سەر رێگەی پەرلەمان وحکومەت لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و گومرک وئیدارە ودەزگا جیاجیاکانی تردا.**

**٧ـ دابین کردنی هەموو ماف وئازادییە دیموکراتییەکانی بیروڕا و رێکخستن ومان گرتن و خۆ پیشاندان و هەڵبژاردن و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەریی و فەرهەنگیی بۆ هەموو هێزو حزب وهاووڵاتیەکی کوردستان بە کورد و تورکمان وئاشوریشەوە.**

| ئیمزا<br>مام جەلال تاڵەبانی | ئیمزا<br>کاک مەسعود بارزانی |
| --- | --- |

ئیتر زۆر سوپاستان دەکەم وهیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی ئەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخانە و، بۆ ئەو رێنمایانەیان، حەزیش دەکەم بەم بۆنەیەوە جارێکی تر دووپاتی بکەینەوە کە پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزتان دڵنیا ئەکات کە لە چوارچێوەی ئەو گۆڕان کاریانەدا کە روویان داوەو روو دەدەن، درێخی لە هیچ هەڵوێستێکدا ناکات کە بۆ وەدی هێنانی مافە رەواکانی گەلی کوردستان و، چەسپاندنی ئەزمونەکەی پێویست بێ.

بە راستی بتەوکردنی گیانی برایەتی وتێکوشان لەپێناو بەرەو پێشەوە چوونی ئەزموونەکەمان و، ئەو هەنگاوە پیرۆزەی کە بەڕێزتان لەگەڵ بەڕێز مام جەلالدا ناوتانە، بە هەموو گەلانی جیهانی نیشان دا کە گەلی کورد چ گەلێکی شارستانییە و سەرکردایەتی جوڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد چ هەستێکی بەرزی بەرانبەر بەم قۆناخە ناسک ومێژوویە هەیە.

ئێمە جارێکی تر بە ناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە بەڵێنتان پی ئەدەین کە هەوڵ بدەین ئەوەی لە

تواناادا بێت بۆ هاوکاری وگەشەپێدانی ئیشوکارەکانمان لەپەرلەماندا درێخی لێ نەکەین.
ئێمەش وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان خۆش حاڵین کە جەخت لەسەر پتەوکردنی گیانی تەبایی وبرایەتی لە نێوان ئەو لایانانەدا بکرێ، کە لە پەرلەمانی کوردستاندا شەرەفی نوێنەرایەتی راستەقینەی میللەتی کوردیان وەرگرتووە، هەستیش دەکەین کە ئەو گیانی تەبایی وبەرایەتیەی کە لە ناو لایەنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا هەیە رۆژ بە رۆژ لە پەرەپێدان و پتەو بووندایە، باوەڕ بکەن زۆر جاریش نازانم ئەوەی کە قسە، یا پێشنیار دەکات سەر بە چ فراکسیۆن ولایەنێکە.
هەرچەندە ماوەیەکی کەمیشە کە پەرلەمان کەوتۆتە سەر کاری خۆی، بەڵام وەکو کوردیش ئەڵێ(مانگی چواردە سەر لە ئێوارە دیارە)و، ئەو گیانی برایەتی و تەباییەی کە لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە وهەستمان پێکردووە رۆژ لەگەڵ رۆژدا زیاتر پشتی پێ دەبەسترێ و، بە تەئکید بە پشتگیری ولایەنگیری هەموو لایەک (إنشاءالله)بە ئەمانجی دوایی خۆیشی دەگات.
جارێکی تریش بە ناوی هەردوو ئەنجومەنەوە بەخێر هاتنتان ئەکەین و بە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەناوی هەموومانەوە بەخێرهاتنی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کرد، بێگومان ئەو سەردانەی ئەمڕۆی کاک مەسعود و، ئەو وتارە بەنرخەی کە پێشکەشی کرد، ئەوە هاندەرێکی تازەیە بۆ ئەوەی ئێمەش زیاتر و بە تەوژمێکی ترەوە بتوانین ئیشوکارەکانمان بەڕێوە ببەین، ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستاندا گرفتمان زۆرە کە بەشی هەرە زۆری ئابوورییە و بە شێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ وەزعی ئاسایش لەکوردستاندا، لەو ماوەیەشدا توانیمانە هەنگاوی باش بهاوێین بۆ ئەوەی بتوانین باری ئاسایشی کوردستان رابگرین ئەو جۆرە پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە هەبوون نەمێنن، لەم رووەوە هەنگاوەکانمان بەرەوپێش دەڕوات وهیوامان وایە کە لە ماوەیەکی کورتدا بتوانین بەسەر ئەو وەزعە ناهەموارەی کە هەبوو زاڵ بین.
بەنیسبەت بارە سیاسیەکەش بەراستی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی هەواڵی خۆشی بۆ هێناین و، ئێمەش هاتینە ئەو قەناعەتەی کە ئاسۆی کوردستان ئاسۆیەکی روونە و سەرکەوتن هەر بۆ خۆمان و میللەتەکەمانە و، مەسەلەی گۆڕینی دروشمیش ئەویش هەنگاوێکی زۆر لەپێش و پێشکەوتووترە، ئەمەش لە رووی سیاسیەوە مەسەلەی کورد جارێکی تر هەنگاوێکی تر بەرەوپێشەوە دەبات، بەم بۆنەیەشەوە ئێمە لەلای خۆمانەوە و لەبەردەم بەڕێزتان و لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بەڵێن دەدەین کە هەموو کاتێ خۆمان تەرخان بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین کە پێشکەشتان کردبوو.

بێگومان هاوکاری وپشتگریی جەنابتان بۆ ئێمە دەبێتە هۆیەکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو بەرنامەیەی کە لێرەدا پێشکەش کرا و، بە ناوی ئەنجوومەنی وەزیرانیشەوە زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەین و ئومێدەوارین کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە زوو و زوو و زۆر و زۆر بێ بۆ ئەوەی هەمیشە لە نێوان ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیران وسەرکردەکانی میللەتی کورددا هەمئاهەنگی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا داوا لە پەیامنێرانی ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان دەکەین، کە بە روخسەتی خۆیان هۆڵەکە بەجێ بهێڵن، نەوەک بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پرسیاری تایبەتیان لە بەڕێز کاک مەسعود بارزانی هەبێت، و سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٣٠)

**سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٨**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٠)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٨

سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبونی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆک و، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٣٠) خولی ئاسایی یەکەمی سالّی یەکەمی خۆی سازادا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و سکرتێری ئەنجوومەن رادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپاند و، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان وبەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ـ وەلامی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی دامەزراندنی سەرۆکی کارگێرییەکانی هەرێمەکە.

٢ـ دانانەوەی تەشکیلاتی ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەلایەن ڕژێمەوە هەلوەشێنرابوونەوە.

٣ـ وەلامی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی پێدانی دەسەلاتی(استسنائی) بە وەزارەتی ناوخۆ تا ئیشوکارەکانی خۆیان ئەنجام بدات.

٤ـ پێکهێنانی لیژنەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ سەردانی بەندیخانەکانی هەرێم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە حالّی گیراوەکان ئاگادار بن.

٥ـ گفتوگۆکردنی پرۆژەی بڕیارێک بۆ قەدەغەکردنی ناردنە دەرەوەی ئامێرو خودەرەوەکان بۆ ولاتانی دراوسێ و دەست بەسەردا گرتنی ئەوانەی کە بەقاچاغ دەردەکرێن.

٦ـ گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری قەدەغەکردنی فەرمانبەرانی دارایی وژمێریاری کە بازرگانی بە دراووەوە ئەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لاریتان نەبێت ئەوا بەر لەوەی بچینە سەر خالّەکانی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، باس لەو هەولّە دەکەین کە بۆ تەقاندنەوەی هۆلی میدیا درا لەم یەک، دوو ڕۆژەداوریگەش بەتەلەفزیۆنەکان بدرێت کە بێنە ژورەوە، ئێستاش جەنابی وەزیری ناوخۆو بەرێوەبەری ئاسایش و بەرێوەبەری پۆلیس لێرەن، بەم خالّە دەست پێدەکەین ئەگەر وەزیری ناوخۆ هیچ روون کردنەوەیەکی نییە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاردەکەم کە ڕێگە بە تەلەفزیۆنەکان نەدرێت بێنە ژوورەوە، چونکە کێشەکە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری ئاسایش دەکرێت، ئەمەش نهێنی تیایە لەوانەیە زەرەر لەکارەکانیان بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێمە ئەوەی بە قازانجی خەڵکەکەی ئەزانین بڵاوی دەکەینەوە وئەوی تر با قەدەغە بکرێت، هەروەها بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری ئاسایش ئەتوانن ئیشارەتمان پێ بدەن کە چی بڵاو بکرێتەوە چی بڵاو نەکرێتەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڵاونەکرێتەوەو پاشان کە ئێمە دەگەینە ئەنجام ئەو ئەنجامە بڵاو بکرێتەوە بەپوختی بۆ خەڵکی، وەکو مژدەیەکیش بەخەڵک ڕابگەیەنرێت کە تاوانبارەکان دەستگیرکراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتەکان پێشتر بڵاوکراونەتەوەو بەرپرسانی ئاسایش پێشتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا کردووە .

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکەی ئێمە ئەوەیە کە چییان کردووە دوای ئەوەی کە هەواڵەکەیان بۆ هاتووە، چۆن ڕەفتاریان کردووە؟ تائێستا چیان کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوانیش هەرئەوە باس دەکەن کە دوێنێ لەتەلەفزیۆنی کوردستان باسیان کردووە، لەبەر ئەوە باوەڕ ناکەم کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبێت، هەروەها ئەوشتە ئەوان لێی بەرپرسن نەک ئێمە، بەڵام بڕیار بڕیاری ئێوەیە وئازادن.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر شت لە لێکۆڵینەوەدا ماوە پێم باشە بڵاونەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەکە دەدەینە دەست وەزارەتی ناوخۆ با بزانین خۆیان ڕاییان چییە؟.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێرە پەرلەمانە ڕا ڕای ئێمەیە وابزانم ئێمەش بە هەردوو فراکسیۆنەوە ڕازی نین لەسەر ئەوەی کە بڵاو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئێمە لاریمان نییە کە شتەکان بڵاوبکرێتەوە تا ئەو رادەی کە بەڕێوەبەری ئاسایش روونکردنەوەکانی تەواودەکات، بەڵام پرسیار و وەڵامەکان ئەتوانرێت بڵاو نەکرێتەوە، بەڵام ئەوەش گرنگە کە خەڵک بزانێت چ پۆلیس وچ ئاسایش وچ وەزارەتی ناوخۆ لەکارکردنێکی بەردەوامدایە و لێپرسینەوەش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێ ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە مشاوەرەیەک لەسەر ئەم بابەتە بکەین، بەڵام ئەنجامی کۆتایمان بۆ ئێوە داناوە ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەمان بە بەرژەوەندی زانی کە بەشێک لەم رون کردنەوەیە، یا ئەو قسانەی کە کاربەدەستان ئەیکەن بگات بەخەڵکیش، دوای ئەوە کە ئەگاتە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەوسا ئەیکەین بەکۆبوونەوەیەکی داخراو، ئەگەر ئێوەش چۆن رایەکی ترتان هەیە ئەوا ئێمە لاریمان نییە.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە کۆبوونەوەکە کراوە بێت، بەڵام بێ دەنگی بپارێزن بە مانای ئەوەی وای دەربڕین کە لە پەرلەماندا پێشتر گفتوگۆی وا کراوە، سوپاس .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە هەرلەسەرەتاوە ئەم بابەتە بڵاونەکرایەتەوە تاماوەی (٢٠)رۆژێک بۆ ئەوەی بتوانرێ لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر بکرێت و، ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان هەیە دەستگیر بکرانایە، بە رای من پەلەکراوە لە بڵاوکردنەوەی دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارمان دا پێشنیارەکەی بەڕێزان کاک سەعدی وکاک فرەنسۆ بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکەی خۆم دووبارە دەکەمەوە بە قەناعەتی وەزارەتی ناوخۆ وپۆلیسی هەولێر هیچ لارییەک نییە، ئەگەر هەندێ لەو پرسیارانەی کە لێرە ئەکرێن بڵابکرێنەوە، ئەگەر ناشتانەوێ بڵاوی بکەنەوە ئەوە پەیوەندیی بە خۆتانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێ ئێمە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ وئاسایشدا کرد لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆمان گەیشتینە ئەم

ئەنجامە، بۆیە بڕیارەمان دا کە بەشێکی بڵاوبکرێتەوە.

ئێستاش لەسەر ئەو مەسەلەیە دەستەی سەرۆکایەتی ناچارە کە بیخاتە دەنگدانەوە، ئەگەر کاک فرەنسۆ و کاک سەعدی سوورین لەسەر رایەکەی خۆیان.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە ئەم مەسەلەیەمان لە فراکسیۆنی خۆماندا باس کردووە و فراکسیۆنی پارتی منی دەسنیشان کردوە کە لێرەدا باسی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وپۆلیسدا قسەمان کردووە وبڕیارمان داوە کە دانیشتنی ئەمڕۆ کراوە بێت، ئەگەر ئێوەش سوورن لەسەر ئەوەی کە کراوە نەبێت ئەوە ناچارین مەسەلەکە بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە رێککەوتوین لە فراکسیۆن کەوا قسەکانمان بڵاونەکرێتە، ئەگەر تەنها قسەکانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ وبەڕێوەبەری پۆلیس بڵاوبکرێتەوە ئەوە ئێمە لاریمان نییە، بەڵام قسەکانی ئێمە، ئێمە خۆمان لێی بەرپرسیارین وئێمە خۆمان بڕیار دەدەین کە بڵاوبکرێتەوە، یاخود نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەلایەن ئاسایش و پۆلیسەوە عەرزێک لەسەر دۆزینەوەی نهێنی تاوانەکەی هۆڵی میدیا بکرێت، ئەوەی ئاشکرایە بڵاو بکرێتەوەو مافیان پێ بدەین چۆن بووەو چی بووە باسی بکەن، ئەگەر هاتیشە سەر پرسیار و وەڵام ئەوسا ئەیکەین بە کۆبوونەوەی داخراو..کێ لەگەڵە ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز خورشید شێرە (لێپرسراوی ئاسایش):**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

حەزدەکەم پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتە سەرەکییەکەوە هەستی خۆم دەربڕم کە ئاواتی خۆم و هاوڕێکانم هاتە دی ئەویش ئەوەبوو کە لە پەرلەمانی کوردستاندا راوەستاوم وبتوانم بەسەربەرزی قسە بکەم.

بەڕێزان لە رۆژی١٩٩٢/٩/٣دا تەقینەوەیەک رووی دا لەلای دائیرەی کارەبا بەرازیلییەکی سپی بۆمبێکی فڕێ دا شەش کەسی بریندار کرد، تارادەیەک دوێنێ هەندێ زانیاری گەیشتنە ئێمە لەوانەیە بگەینە ئەنجام، یەکێک سەربەلایەنێکی سیاسی بووە، وەعدیشیان داو تەسلیمی ئێمەی بکەن.

بۆمبی دووەم لە مانگی سوور(هیلال أحمر) دانرابوو، خەبەریان دایە من بە رێکەوت جەنابی

بەڕێوەبەری پۆلیس لەلام بوو، هەردووکمان پێکەوە چووینە شوێنی ڕووداوەکە، مەفرەزەی ئاسیش گەیشتبووە ئەوێ. ئەویش یەکێک لە برادەرانی ئاسایش هەستی پێ کردبوو مەفرەزەکە گەیشتبوو بۆمبەکەی هەڵگرتبوو، ئێمە هەرلەوێ بووین کە هاتینەوە بۆ پارێزگا هەواڵی پارێزگار بدەین بە جیهاز بەمنیان وت وەزیری ناوخۆ تۆی دەوێت، هەروەها پێیان وتم بۆمبێکیش لەناو هۆڵی میدیایە، منیش پەیوەندییم بە بەڕێوەبەری پۆلیس کرد کە لە من دابڕابوو، وتم تکایە بگە هۆڵی میدیا جەنابی وەزیری ناوخۆ داوای منی کردووە دەچم بۆ وەزارەت.

یەکسەر گەیشتبووە هۆڵی میدیا ومەفرەزەشی ناردبوو تابزانێ مەسەلەکە چ بووە. کە چووبوو شتەکە چۆنیان بیستبوو وابوو، (٤٠)کیلۆ TNT ، بارووت، ژمارەیەک غازی خنکێنەر دانرابوو بەشێوەیەکی هونەری وزۆر کارامە، ئاشکرا کرا، یەکێک لە باوەڕ پێکراوەکانی ئێمە خەبەری دایە من منیش فەرمانم دایە مەفرەزەکان وئاگادارم کردنەوە.

لێکۆڵینەوە بەردەوامە راستی ڕووداوەکەش بەو شێوەیە بووە(ئێمە سێ ڕۆژە تەحقیق دەکەین، پەنجەرەیەک لەپشتەوەی هۆڵەکە هەیە، ئەلەمنیۆمی دوو فەردەیە ئەو پەنجەرەیە ماوەیەکی زۆرە شکاوە چاک نەکراوەتەوە بەپێی دۆزینەوەی ئێمە و ئەفسەری تەحقیق ئەم چالاکییە سێ چوار کەس کردوویانە، لەپەنجەرەکەی پشتەوە چوونەتە ژوورەوە لە هەمان پەنجەرەوە هاتوونەتە دەرێ وجێ پێیان دیارە، هەتا دەسنیشانی وێنەی پێڵاوەکانیشکمان کردووە، بەڵام لە هەمان ڕۆژدا ڕۆژی دووی مانگ بزووتنەوەی ئیسلامی کۆڕیان هەبوو سەعات (١٠) داوایان لە بەرپرسیاری هۆڵ کردووە کە کلیلەکانیان بداتێ، کلیلەکەیان لێ سەندووە، وتویان ئێوە سەعات چەند ئاهەنگتان هەیە؟ ئەوانیش وتویانە سەعات(٣,٣٠) وتوویەتی کەواتە من لێرە دەبم، وتویانە نەخێر نابێ لێرە بی ئێمە خۆمان هونەرکارمان هەیە خۆمان شارەزاییمان هەیە ئێوە بڕۆنەوە، بەرپرساری هۆڵ ڕۆیشتۆتەوە سەعات (٣) هاتووەتەوە وسەعات(٥,٣٠) ئاهەنگ دەستی پێکردووە. لەماوەی ئەو سێ چوار سەعاتە (١١,٥تا ٣) کە بە تەنها جەماعەتی بزووتنەویە ئیسلامی لەوێ بوون، دووکەس کەکلیلەکەیان لە بەڕێوەبەر هۆڵەکە وەرگرتووە وئەوان لەوێ بوون هەردوکیان گرتوون تەحقیق لەگەڵیاندا بەردەوامە، بەڕێوەبەری هۆڵەکە و پێنج فەرمانبەری ترمان گرتووە کە بەرپرسیاری ئەو هۆڵەن، دووپاسەوانمان گرتووە، لە هەمان ڕۆژ کە ئاهانگەکە سەعات(٥,٣٠) دەستی پێکردووە تا(٨) و لەپاش هەشت ئەوان ڕۆیشتوون، لەپاشان کلیلەکەیان داوەتە بەپرسیاری هۆڵەکە، بەڵام لەکاتی ئەوان لەوێ بوون پێش ئەوەی ئاهەنگ دەست پێبکات جەماعەتی پارێزگاران هاتوون، کە لەوانە(نەجم عومەر ئاغا، نەجات جەوهەر، بورهان خۆشناو) کەسێکی تریشیان لەگەڵ بووە دیار نییە.

ئەوانە هاتوون وتوویانە بۆ هاتوون؟نەجم عومر ئاغا وتوویەتی ئاهەنگمان هەیە بیرەوەریمان هەیە، هاتووین کەموکورییەکانی هۆڵەکەتان بزانین وپیوانەی پەردەی شانۆی هۆڵەکەش بکەین بۆ ئەوەی بزانین پەردەشتان بۆ بکڕینەوە هۆڵەکەشتان بۆ چاک بکەینەوە لەسەر مەسرەفی خۆمان.

هەستاون بەسانتیمەتر هۆڵەکەیان پێواوە، پەردەکەیان پێواوە، سەعاتێک لەوێ ماونەتەوە و ڕۆیشتوون.
ئەم چالاکییە بەو شەو کراوە لەپاش سەعات(٨,٣٠) کە هۆڵیان بەجێ هێشتووە تابەیانی کە ئێمە چووین گەچەکەمان دیت دەستمان لێدا دیمان تەڕە و ئەو شانۆیەیان شکاندوەوە دارتاشیان لەگەڵ بووە کارەباچییان لەگەڵ بووە، کەسانی شارەزا کردوویەتی ، دەرگای شانۆکەیان شکاندووە بۆمباکەیان لێ داناوە پاشان بە ڕێگایەکی هونەری هێناویانە لەگەڵ بینایەکە، خەتی کارەباشی لەگەڵە، لەگەڵ ئەوەی کە خەتەکەشیان بڕیوە ئەو جێگایانەی کە زانیوبانە ئاشکرا دەبێت گەچیان لێ داوە، پاشانیر دوویانە ئەولای پەنجەرەکە بینیمان دەرنەفیزێکی لێ بووە بەوە دیوارەکەیان دڕیوە بردوویانەتە ئەو دیو لەوەوپێش دیواریان بۆ شکاندووە، ئەوجار چووەتە سەرکاشییەکە پاشان ئەویشیان هەڵکەندووە، دوایی کاشیەکەیان داناوەتەوە هەتا گەیشتووەتە ناو باخچەکە لە خاکی ئەو دیودا وایەریان بەجێ هێشتووە، ئەو دوو وایەرانەی کە بەجێ ماوە لەوانەیە بەڕێوەبەری پۆلیس لە من باشتر ئەزانێ، چونکە پسپۆڕە، ئەگەر دوایی بۆتانی باسی بکات، بۆ ئەوە نەبووە تەوقیتی بکەن، بۆ ئەوە بووە لە حاڵەتێک دا بتوانن بەپاتری بیتەقێنن کە پێویست بوو لە حاڵەتێکی تردا دەتوانن تەوقیتی پێوە ببەستن، بەجێیان هێشتووە.
ئەمە ئەسڵی ڕووداوەکەیە، لێکۆڵینەوەش لای ئێمە بەردەوامە وتائێستاش هەرخۆم سەرپەرشتی دەکەم، دوێنێ تاسەعات(١١,٣٠)لەسەر لێکۆڵینەوەبەر دەوام بووم تائێستا وەکو پێویست نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە سەرە باسێکی ڕووداوەکە بوو، دوای ئەمەش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، کێ پرسیاری هەیە؟.

**بەڕێز یونس محمد سلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەو باوەڕپێکراوەی کە بەڕێز بەڕێبەری ئاسایش باسی کرد هیچ پەیوەندیەکی هەبووە بە ڕووداوەکە وچۆن هەواڵەکەی زانیوە؟ سوپاس.

**بەڕێز کمال جلال غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێز و پێزانینم بۆ پۆلیس و ئاسایش، بەڵام هیچ ئامادە باشییەک هەیە بۆ دوا ڕۆژ، چونکە ئەمە یەکەم جار نییە بۆمبی کاتی وتەقەمەنی دابنرێ، جا لەبەر ئەوە ئاسایش وپۆلیس کە ئامێری دۆزینەوەیان هەیە ئەبێ ئامادەباشی خۆی وەرگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ـ کێ بووئەو تەقەمەنییەی دۆزییەوە و ئاشکرای کرد؟

٢ـ بۆ چاوەڕوان نەکرا کەوا ئەو تەقەمەنییانە هەڵبگیرێت وەی بێ سوود دابنرێ لەجێی تاوەکو تاونباران بێنەوە سەرجێگای تاوانەکەیان؟.

٣ـ بۆ چی تا ئێستا وتە بێژێکی سەربازیمان نییە بە ناوی وەزیری ناوخۆوە قسە بکات بۆ ئەوەی قسەکردنەکان لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە یەک بێت؟.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو هەوڵ وتەقەللایەی دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش جێی ڕێزی ئێمەن، بەڵام بەشەوان درێغی هەیە، چونکە ئێمە لە ئوتێل هێرش دابەزیوبن شەوێکیان خەبەرمان بۆ هات ئۆتۆمبێلێک لەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە بەردەمی ئوتێلەکەدا وەستاوە TNT ی تێدایە، بەڵام بەداخەوە نەمان توانی کەسمان دەسکەوێت نە لە پۆلیس ونە لە ئاسایش بۆ ئەوەی بەئەرکی خۆیان هەڵسن، تاوەکو خۆمان ڕۆیشتینە خوارەوە وبە پێشمەرگەکان ئۆتۆمبیلەکانمان دور خستەوە، سوپاس.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١ـ ئایا ئاگاداری ئەوە هەن کە لە ڕۆژنامە بڵاو کرابووەوە کە لە ٩/٣دا کۆنگرە دەگیرێ، ئایا شتی ئاشکرا دەسگیر بووە؟

٢ـ ئایا بەڕێوەبەری ئاسایش ئاگادارە زۆر کەس هاتووچۆی مووسڵ دەکەن بە بەردەوامی؟ سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاسایشی نەتەویی ناو پەرلەمان کە شتێکی زۆرگرنگە، بەرای من ئەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن و وەزارەتی ناوخۆدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە لە ئەندامانی پەرلەمان زیاتر هیچ کەسێکی تری لێ نەبێت، چونکە پەیوەندیی هەیە بە ئاسایشی وڵاتەکە، لەوانەیە زۆر شت بڕواتە دەرەوە ، لەوانەیە برادەران لەکاتی پرسیارکردندا بەبێ هەست هەندێ شت بوترێت کە پێویست نییە بوترێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا بەڕێزت پێشنیاری ئەوە دەکەی کە بۆ پرسیارو وەڵام تەنها ئەندامانی پەرلەمان ایرە بن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ، بە تەنها ئەندامانی پەرلەمان ئەو مافەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا / سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابێینە سەر بەرنامەی کاری ئەمرۆمان بەخوێندنەوەی ئەم پرۆژەیە دەستی پێدەکەین:

١ـ امتناع عن بيع المادة الغذائية او خزنها دون عرض كميات منها للبيع في المحل المخصص او انكار وجود التخزين منها.
٢ـ الحكم بالحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات مع مصادرة جميع المواد الغذائية الرئيسية التي يمتلكها او يحوزها او يخفي المادة الغذائية الرئيسية ويزيد سعرها الأعتيادي زيادة فاحشة دون ان يصاحبها زيادة فعلية في التكاليف تبرر ذلك.
٣ـ يخول قضاة التحقيق في اقليم كوردستان صلاحية البت في الدعاوي الناشئة عن تطبيق هذا القرار ويكون الحكم الصادر فيها خاضعا للتميز امام محكمة الجنايات المختصة خلال سبعة ايام من تأريخ صدورة حضورا او من تأريخ تبليغه انصدر غيابا.
٤ـ تسلم المواد الغذائية المصادرة بموجب هذا القرار الى دائرة المواد الغذائية المختصة بعد اكتساب الدرجة الباتة ويضاف الى مخزونها ويوزع على المواطنين بموجب الحصص المستحقة لهم وبالسعر المعمول به رسميا.
٥ـ يعمل بهذا القرار لمدة سنة اعتبارا من تأريخ تصديقه من قبل المجلس الوطني ولايعمل بأي نص يتعارض مع احكامه.
٦ـ على مجلس الوزراء لأقليم كوردستان تنفيذ ذلك.
٧ـ ينفذ القرار بعد ثلاثة ايام من تأريخ نشره في وسائل الأعلام المحلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمە پێشنیارێک بوو، ئەگەر تێبینییەک هەیە پاشان بدرێت بەلیژنەی یاسا، ئەمە بەشی یەکەم بوو. بەڵام بەشی دووەم:ئەو بڕیارە بوو کە پێش ئێستاکە لەسەر پارە دامان، بەڵام تا ئێستا لە هەولێر پارەی چاپ وەرناگیرێت، جا دەبێ جەخت لەسەر بڕیارەکە بکەینەوە، ئەگەر هەر پێشنیارێک هەیە فەرموون؟.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نرخی کارپێکراو کێ دیاری دەکات؟ ئێمە فرۆشگای مەرکەزیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە (امني اقتصادي)مان هەبێ، بە مانای ئەوەی کەسانێکی نەناسراو خۆیان ئاشکرا نەکەن ولە ناو بازارەکاندا بگەڕێن بۆ دەسنیشان کردنی ئەوانەی کە سەرپێچی ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەم سەیتەرەیەک لەسەر نرخی خواردەمەنی دابنرێ، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ من لەگەڵ ئەوە نیم قانوونێ، یا پڕۆژەیەک حازر کرا بێت وبخوێنرێتەوە و من دەنگی لەسەر بدەم، بە رای من

واباشتر بوو ئەو پێشنیارە بخرێتە گفتوگۆوە نەک حازر کرابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێ شتێک ئامادە بکرێت و وەکو پێشنیارێک پێشکەش بە لیژنەی یاسا بکرێت وئەوانیش گفتوگۆی لەسەر دەکەن وئێمەش قسەی لەسەر بکەین، ئینجا ئێمە گەلەییمان هەیە لە هەندێ لە لیژنەکان لەبەر ئەوەی کە تائێستا یەک راپۆتمان پێنەگەیشتووە نە لیژنەی ئابووری و نە لە لیژنەی ناوخۆوە،کە بیکەین بە وەرەقەیەکی ئیش .

سەبارەت بە مەسەلەی پارەش لە سلێمانی هەندێ لێپرسینەوە کراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی پەرلەمان و ئێمە وا بۆی دەچین کە شتێکی باش بووە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر نارەزایی خۆم دەردەبڕم وداوادەکەم کە نرخی بەنزین یەکخرێ، ئەگەر لە شێوەی یاسایەکیش بێت بدرێت بە لیژنەی دارایی ئەوان داینێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو پرۆژەیە وەکو بڕیارێک، یا یاسایەک دەبێت، پەیوەندیی بە لیژنەی ئابوورییەوە هەیە، پەیوەندیی بە لیژنەی یاساوە هەیە، پاشان هەردوو لیژنەکە مناقەشەی ئەو موزوعە ئەکەن وگوێتان لە راپۆرتەکەی ئەبێت، چی کەموکورتیەک هەبێ دووپاتی دەکەمەوە هەرچی تێبینییەک هەیە بدرێ بەو دوو لیژنەیە.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەیەکی چاودێری ئابووری بەهێز دابنرێ لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کەلوپەلی خۆراک، لەکوردستاندا ، چاودێری ئەوانە بکرێت کە وەری ناگرن چ بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک وەری ناگرێت، ئەگەر زانیمان بەڕێوبەری فەرمانگەی کارەبایە، با ژمارەی پارەکە بنوسێ لەلای خۆی وبڵێ من وەری ناگرم، بەم شێوەیە بۆ ئەوەی ئێمە بیدەین بە بەڕێوەبەری پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی ئابووری ئەوەی کە مامۆستا محەمەد ئەمین ئاماژەی بۆ کرد شتێکی باشە بۆ ئەوەی کاروبار بە رێکی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بازاڕدا کۆمەڵێک کەس هەن کە پارەی ئاسن وکاغەزیان پێیە وبە نیوە نرخ ئەیگۆڕنەوە، ئەگەر بێتو هەڵمەتێک ببەین وهەموویان بگرین، چونکە ئەوانە سەر بە بازرگانە گەورەکانن، ئەگەر

(٣ـ٤)يك لەوانە بگرين وئيجرائاتيان لەگەڵ بكرێت باشە.

دووەم: پێويستە ئەوەی وەزارەتی دارايی فرۆشگايەكی ناوەندیی دابنێت تا دەوڵەمەندەكان بە نرخی گونجاو ئەو فرۆشگايە شت بكڕێ وبە نرخێكی لەبار بيفرۆشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

باری ئابووری بەو ئاسانيیە چارەسەر ناكرێ، ئەويش چاك نابێت بەم دووشتە نەبێت:

١ـ هێز، يا گرنگتر پاڵپشتی دارايی.

٢ـ گيروگرفتی بەنزين، هيچ چارەيەكی نييە ، نە وەزارەت و نە ليژنەی ئابووری چارەی ناكات، چونكە هەمووی لەرێی قاچاغەوە دێت، ئەوەی دەشی هێنێ زۆرقوربانی دەدات تاچەند ليترێك، يا بەرميلێك بەنزين دێنێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـدی ئەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەكو بەڕێزت فەرمووت ئەوە پێشنيارێكە پێشكەش بە ليژنەی ياسا دەكرێ، بەڵام پێش ئەوەی كە ليژنەی ياسا لايەنە ياسايەكە لێك بداتەوە، پێويستە رەچاوی لايەنە عەمەلەيەكەشی بكەين، بۆ ئەم مەسەلەيە، ئەگەر ليژنەی ياسا پەيوەندیی لەگەڵ دەزگای چاودێری و پشكنينی وەزارەتی دارايی وئابووريدا بكات و، بزانێ لە رووی عەمەليیەوە چی پێويستە بيكەن، بۆ ئەوەی ئێمە تووشی ئەوە نەبين هەر بڕيار بدەين ونەتوانين جێبەجێ بكەين، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەريری:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من تەنها باسی ئەوە دەكەم كە لە هەولێر پارە وەرناگيرێ، دەبێ وەزيری ناوخۆ خۆی سەرپەرشتی ئەم دياردەيە بكات و، داوا لە پارێزگار وبەڕێوەبەری ئاسايش وپۆليسی هەولێر بكات كە ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن ئەمە يەكەم.

دووەم : ئێمە هەر رووداوێك رووبدات بانگی پارێزگارو بەڕێوەبەری ئاسايش وپۆليس ناكەين ئێمە بانگی وەزيری ناوخۆ دەكەين كە بێت ئەو رووداوەمان بۆ روون بكاتەوە و، هەروەها سەبارەت بە ئەو دامودەزگاكانی تريش، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو مەسەلەيە دوو لايەنە، لايەنی يەكەم: سەرۆك وەزيران بۆی هەيە هەر فەرمانبەرێك بە چاكی بزانێت لەگەڵ خۆيدا بۆ روونكردنەوە بيهێنێت بۆ ئێرە، ئەمە هەقی خۆيەتی.

دووەم: ئێمە پرسيارەكەمان يەكسەر ئاراستە كرد، بەڵام داوا لەئەندامانی پەرلەمان دەكەم كە لەمەو بەدوا هەر پرسيارێكيان هەيە پێشتر رەوانەی سەرۆكايەتی ئەنجومەنی بكەن تاوەكو ئێمەش ديراسەی بكەين و رەوانەی ئەنجوومەنی وەزيرانی بكەين، چونكە ئەوە شێوەيەكی ياسايی نييە كە

ئێمە لێرە یەکسەر پرسیار بدەین بەدەست سەرۆک وەزیرانەوە وەڵاممان بداتەوە.
کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان وەکو خاڵ تەواو بوو، کە بەرنامەش تەواو بوو لەوانەیە هەندێ پرسیارمان هەیە لە لیژنەی یاسا، هیچ شتێکمان لاهەیە بۆ دانیشتنی ئاینده.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسایی دووپێشنارمان هەیە:

١ـ یاسای ئەنجوومەن هەموار بکرێ ئەویش هەر ئەندامێکی پەرلەمان تێبینییەکانی خۆیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، یاخود ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەن.

٢ـ یاسای وەزارەتی پێشمەرگەمان لەبەر دەستدایە وانشاء الله بەم زووانە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە هەمواركردنی یاسای ئەنجوومەن، هەر ئەندامێکی پەرلەمان چ تێبینییەکی هەیە لەسەری، باپێش بەرواری ٩/١٥ ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە ماوە دیاری کراوەکەی خۆمان دەمان توانی پرۆژی یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەتان پێشکەش بکەین، بەڵام هەندی گرفتمان هاتە پێش ئەوەیش ئێمە حەز دەکەین لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە کۆببینەوە، بەڵام برادەرانی لیژنەکە زۆربەیان لەسەفەرن وئامادە نین، هەروەها سەبارەت بە لیژنەی یاساش کە زۆربەی ئەندامەکان لە سەفەرن ولێرە نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوا لە بەرپرسیارانی لیژنەکان دەکەین کەوا لە ئامادە نەبوونی ئەندامانی لیژنەکانی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە، تاوەکو ئێمەش لەگەڵ فراکسیۆنەکەیدا قسە بکەین، گەر هەر بەردەوامیش بێت لەسەر دەوام نەکردن، ئەوا ناچارین پێڕەوەی ناوخۆی لەسەر جێبەجێ بکەین.
لێپرسراوانی لیژنەکان لەگەڵ جێگری بەرپرسەکان دەبێ ئەوان ئاگایان لەهاتن ونەهاتنی ئەندامانی پەرلەمان بێت.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر داوای لیژنەی یاسا هەرکاتێک ویستیان کۆبوونەوەمان لەگەڵدا بکەن وەکو لیژنەی پێشمەرگە ئێمە ئامادەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەمەودوا نابێت هەر بڕیارێک کە دەرچێت دەبێ ئیمزای ئەندامانی ئەو لیژنانەی پێوە بێت کە

پەیوەندییان پێوە هەیە، چونکە ئەوە چەند جارێکە ئەندامانی لیژنەکان خۆیان موناقەشە لەسەر ئەو دەکەنەوە کە خۆیان پێشتر گفتوگۆیان لەسەر کردووەو بڕیاریشیان لەسەریان داوە..

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وایە کە هەر گرفتێک ،یاخود کێشەیەک هەبێت ئەبێت وەزارەتی پەیوەندار لەو بارەیەوە چارەسەری بکات نەوەک گەورەو بچووک لێرە باسی بکرێ و، هەر ئەندامێکی پەرلەمان کێشەیەکی هەیە باپێشکەشی وەزارەتەکانی بکات کە پەیوەندییان پێوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ڕێزم هەیە بۆ هەمووتان، بۆ هەمووو بەیەکەوە، ئەوە ئەندامی پەرلەمان نییە کە تەنها هەویەیەکی پەرلەمانی لەگیرفاندا بێت، نەخێر ئەمە ئیشی ئێمە لەوە گەورەترە، بە راستی ئەبێ ئێمە لەناو جەرگەی ڕووداوەکان دابین، لەگەڵ ئێش وئازاری ئەو خەڵکەدا بین، ئەندامی پەرلەمان نوێنەری ئەو خەڵکەیە لەناوچەیەکی دیاریکراوو، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی دەبێ بەرپرسیارەکانیان ببینێت، حزبەکان ببینێ، خەڵک ببینێ، کۆڕ ببەستێ، رای پەرلەمان و، بڕیارەکانی پەرلەمان بگەیەنێت بە خەڵک.

ڕێزم هەیە، بەڵام هەندێ جار کە گفتوگۆ تەواو ئەبێت ئەوجا هەندێک دەست بەرز ئەکەنەوەو حەزدەکەن مداخلە بکەن، جاتکا دەکەم بەوەدا بچنەوەو لیژنەکان دەبێ تەواو بن، چ لەئیش کردن دا، چ لەیەکلاکردنەوەی ئەوبابەتانەدا، دەبێ بیکەن بەپڕۆژەی یاسا، بەپێی ئەو بابەتە ئەبێت ڕۆحی بەدوادا چوون هەبێت، بەدەستەی سەرۆکایەتی ناکرێت هەموو ڕۆژ یەخەی ئەو وەزیرەو ئەو وەزیری تر بگرێت، چونکە ئیشی ئێمە نییە، ئەرکی ئێمە لەپێڕەوی ناوخۆدا دیاری کراوە، هیوادارم تۆزێک قۆڵی هیمەتی لێ هەڵکەن، تۆزێک بەزەییمان بە بارودۆخەکەدا بێتەوە، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین وڕۆژی دووشەممە کۆ دەبینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
| سکرتێری ئەنجومەن | جێگری سەرۆک | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣١)

دووشەمە ڕێکەوتی ١٤/٩/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣١)

## دووشەممەڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١٤

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٣١)ی خولی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***پاش ئەوەی ڕادەی یاسای دانیشتنەکە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێندرا، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ دەرکردنی بڕیارێک بۆ پێکهێنانی زانکۆ لەپارێزگای دهۆکدا.***

***٢ـ وەڵامی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دەربارەی ئەو ئاردەی کە لە دهۆک خراپ بووە.***

***٣ـ بەرچاو خستنی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە.***

***٤ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ لێکۆڵینەوەی سووتەمەنی چاوەڕوانی لیژنەکە دەکەین، بۆ یاسای پێشمەرگە ئەمڕۆ پێمان ناکرێ، چونکە پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ لە بەردەستە و وا چاوەڕوان دەکرێ کە بۆ سبەینێ کاتژمێری (٤) ئێوارە تەواو بێت، ئێمە ئیشمان یاسا دانانە ولیژنەی یاساش ئێستا ئیشیان زۆرە پێویستە دوو کەسی تریان بۆ زیاد بکەین، هەندێ جار لە لیژنەی تریشدا بەشداری دەکەن.

لیژنەکانی تر وەک پێویستە دەوام ناکەن، پێویستە لێپرسراوی لیژنەکان پەیوەندیی بە جێگری سەرۆکەوە بکەن بۆ دانانی بەرنامەی کاری خۆیان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ شت هەیە دەبێ پەلەی لێ بکرێ، وەکو پەیدا کردنی تۆو و، کە ئێستا کاتی چاندنیەتی ومەسەلەی پەین و (مبیدات)یش بەپەلە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی پەیدا کردنی تۆو و(مبیدات)زۆر پێویستە، بەڵام نوێیە، وەزیری کشتوکاڵ

وئاودێری ئاگاداری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە کە پارە نییە بۆ کڕینی تۆو و(مبیدات)وکاتی تۆوچاندن بەسەر دەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕۆتینە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە، بەڵکو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەو میزانییە دادەنێ، بۆیە پێش وەخت بۆ ڕاکێشانی هەر پارەیەک لە وەزارەتی داراییەوە دەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی لەسەر بێت.

**فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەیەک پێش ئێستا باسی کڕینی گەنمان کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدراوە، خەڵکێک هەیە ناتوانێ تۆو وپەین بۆ خۆی پەیدا بکات، جا ئێمە دەتوانین لەو خەڵکە گەنم بکڕین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارانە کە دێنە پێشەوە دەتوانین لە تازە بابەتدا جێگایان بکەینەو، چونکە بەرنامەی کارمان ئەمڕۆ کورتە بەتایبەتی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە کە دواخرا، لە فراکسیۆنی ئێمەشەوە دوو پێشنیار هەیە:

١ـ کڕینەوەی تووتن بڕیاری حکومەت ئەبێ چی بێ؟.

٢ـ ئەو وەفدەی کە چوو بوون بۆ کۆنفرانسی هوڵەندا با ڕاپۆرتەکەیان پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ پێشنیارمان هەیە، یەکەمیان سەبارەت بە دابین کردنی تۆو وپەین و، دووەم سەبارەت بە کڕینی تووتنە، سێیەمیشیان ڕاپۆرتی وەفدی حکومەتە کە چووبوو بۆ هۆڵەندا، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارانەدایە با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەس نییە، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

سەبارەت بەکردنەوەی دانیشگا لە سلێمانی ودهۆکدا، ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندا نییە، تاوەکو بڕیاری دامەزراندن و کردنەوەی بدات، زانکۆی سلێمانی بەیاسایەکی(مجلس القیادة الثـورة)هەڵوەشاوەتەوە، واتا دەبێت ئەنجومەنی نیشتمانیی بڕیارێ بدات کە یاسای هەڵوەشانەوەی زانکۆی سلێمانی لە لایەن (مجلس القیادة الثورة)ەوە هەڵبوەشێنێتەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە داوا بکرێ ئەو گفتوگۆیانە ڕانەگەیەندرێ ونەچێتە ناو ڕۆتینەوە، چونکە پەیوەندیی بە وەرگرتنی قوتابییانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبوایە زووتر بیرمان لێ بکردایەتەوە کە ئەو بڕیارە ڕاگیرایە بۆ ئەوەی لیژنەی یاسای ئەنجوومەن بەپێی یاسا بڕیاری لەسەر دابایە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر بڕیارێک پێویستی بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەبێت، پێویستە سبەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من وشەی (ڕاگرتن) لە جێگای خۆیدا نییە، ئەگەر وشەیەکی تر لە جێگای بەکار بێنن باشترە، با بیروڕای یاسا ناسەکانیش ببیسین و بزانین چی دەڵێن؟، ئەگەر بەپێی یاسا دەتوانین ئەو دوو زانکۆیە دابمەزرێنین، ئەوە بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆک وەزیران بڕیاری دامەزراندنی ئەو دوو زانکۆیە دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە نابێ لەسەر ئارەزوو بڕۆین، یاسامان هەیە ودەبێت لەسەر یاسا بڕۆین، ئێمە هەڵوێست بەلامانەوە گرنگە، بە پێی یاسا هەڵوەشاندنەوەی یاسا ودانانی لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیراندا نییە، ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیدایە، پێش ئەوەش بڕیارێکمان هەیە کە بژاردەی ئەو بڕیارانە بکرێن کە ناگونجێن، دەبێ پەلە نەکەین لە وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕیارانە، هەرچەندە هەموومان پێمان خۆشە کە زانکۆی سلێمانی بکرێتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە جەنابت فەرمووت هەمان رای لیژنەی یاسایە، نابێ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی وا پەلەی لێ بکرێ، دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر بکەین و، نووسراێکمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردبوو کە بڕیاری کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، ڕاستە ئێمە بە پێویستی دەزانین کە زانکۆ سلێمانی بکرێتەوە، بەڵام دەبێت لە پەرلەمانەوە بڕیارەکە دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی سلێمانیم، بەڵام ئایا بڕیاری کردنەوەی زانکۆ لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، یاخود لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە؟ من بەرگری لە دەسەڵاتی پەرلەمان دەکەم، ئەوە دەسەڵاتی پەرلەمانە کە بڕیاری کردنەوەی زانکۆ بدات، نەوەکو دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەهاسەبارەت بە زانکۆی دهۆکیش.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زانکۆی سلێمانی لە بنەڕەتدا هەبووە، بەڵام بە بڕیارێکی (مجلس القیادة الثورة) هەڵوەشاتەوە و خراوەتە سەر زانکۆی سەلاحەدین و، ئێستا من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان بڕیاری گەڕانەوەی زانکۆی سلێمانی بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چۆن دەبێ بڕیار بدەین ورایگەیەنین وپاشان هەڵیبوەشێنینەوە و، یا ئەگەر بڕیارەکە یاسایی بوو ئەوە پەسەندی بکەین؟!، ئەمە تێکەڵچوونی دەسەڵاتە وپێویستە هەر لەسەرەتاوە روو نەدات.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گەورەتری ئەرکی پەرلەمان چاودێری میللییە (رقابة الشعبیة)لە سەر حکومەت ئەمە جیاوازی دەسەڵاتە، دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئەویش ئایا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی (مجلس القیادة الثورة)لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یەکە یەکە دێتە ئێرەو هەڵدەوەشێتەوە، یاخود ئەنجوومەنی وەزیران لە رێگای خۆیانەوە هەڵیدەوەشێننەوە، بەڵام بەو زەقیە نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە دەبێ ئەو بڕیارە هەڵوەشێنینەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران دەریان کردووە ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە نامانەوێ زانکۆ بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە زانکۆی سلێمانی دەکەینەوە، بەڵام دەبێت بڕیارەکە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیەوە بێت نەوەکو لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، چونکە ئەمە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، پەرلەمان دەبێ ئەو بڕیارە هەڵەیە چاک بکاتەوە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رەنگە ئەنجوومەنی وەزیران نەزانن دەسەڵاتی خۆیان چییە!، ئەگەر بێت وئەنجوومەنی نیشتمانی بڕیارێکی جیاواز دەربکات، بەڵام مەبەست وناوەڕۆکی بڕیارەکە کردنەوەی زانکۆی سلێمانی ودهۆک بێت بەوشێوەیە دەتوانین ئەو هەڵەیەی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێ داپۆشین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە سابیقەیەکی یاساییە و لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە، نەک ئەنجوومەنی وەزیران، راستە تازەین وهەڵە دەکەین، بەڵام جدییەت دۆستایەتی پتەو تر دەکا، بۆ ئەوەی دیموکراتیەت بەکار بێنین و دوایی تووشی رەخنەش نەبین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با چاوەڕوانی لیژنەی یاسای بین وبزانین ئەوان چ داڕشتنەوەیەکی یاسایمان بۆ دەرئەکەن، پاشان لێرە بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆک وەزیران بڕیار لەسەر کردنەوەی زانکۆی سلێمانی ئەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە هەندێ شت هێشتا روون نییە، ئەمە دەسەلاتی پەرلەمانە، نەک دەسەلاتی حکومەت، بۆ ئەوان نییە یاسا هەڵبوەشێننەوە، ئێمە بەرگری لە دەسەلاتی خەڵک ئەکەین، کردەوەی باشیش هەر دەبێ لە چوارچێوەی یاسادا بێت، یاساش دەبێ لیژنەی یاسای پەرلەمان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوللا دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چی مەسەلەی کردنەوەی زانکۆی سلێمانی وا بە حەساسیەتەوە وەردەگرن؟، بە سۆزەوە سەیری کردنەوەی زانکۆیەک مەکەن، بەڵکو دەبێت زۆر بە جدی ترەوە سەیری مەسەلەکە بکەین و بە پێی یاسا ئەم زانکۆیە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با راگرتنی بڕیارەکە رانەگەیەندرێ، چونکە لەیەک نەگەیشتنی هەر دوو ئەنجومەن نیشان دەدات وهەروەها ئاگانەبوونی ئەنجومەنی وەزیران لە یاسا نیشاندەدات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ یەکلا کردنەوەی بابەتەکە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی دەردەچێ بەچەند بڕگەیەک:

١ـ إلغاء قرار مجلس وزراء المرقم( ) .

٢ـ إلغاء قرار مجلس قيادة ثورة.

٣ـ اعادة تشكيل جامعة السيمانية.

٤ـ تشكيل جامعة في دهوك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هیچ لاریمان لەو سێ برگەیە نییە، تەنها خاڵی یەکەم نەبێ، ئەوەش دەبێ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبوەشێتەوە، کە یاسایی نییە دەنا هیچ ناکۆکیمان لەسەر ئەو خاڵانە نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەو بنەمایە ئەو بڕیارەیان دەرکردووە کەوا ئەنجومەنی

نیشتمانی هەرچی بڕیارێک دژ بە بەرژەوەندیی میللەتی کورد بووە هەڵیوەشاندوەتەوە، جا بۆیە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەستاون بەهەڵوەشاندنی بڕیاری هەڵگرتنی زانکۆ لە سلێمانیدا، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانن لەلای خۆیانەوە هیچ بڕیارێک دەرکەن کە پەیوەندیی بە یاساوە هەبێت، با مەسەلەکە بۆیەک دوو ڕۆژێک ڕانەگیرێت، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوە ڕابگیرێت، چونکە هەر شتێک یاسایی نەبێت دەبێت هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بەڕێزان لە دەستەی سەرۆکایەتیدا هەندێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکەن، وابزانم گفتوگۆکانی تر هەمووی زیادەن، ئەگەر یاسایی بێ ئەڵێین لەبەر ئەو هۆیە یاسایەدایە، ئەگەر یاساییش نەبوو ئەڵێین لەبەر ئەو هۆیە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش ئەم یاسایە تەنها بۆ ئەوە ڕائەگرین کە لیژنەی یاسایی پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر وەربگرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕیارە بدرێت بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر وەربگرێت با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ دەبێ بڕیارەکە بدرێت بە لیژنەی یاسایی.

پێمخۆش بوو ئەندامانی پەرلەمان خۆیان لەسەر ئەم بڕیارە بەگژ دەستەی سەرۆکایەتیدا بچن ، هیوادارم بۆ ئاینده ئەندامانی پەرلەمان بڵێن ئەمە بەشی ئێمەیە وبەشێوەیەکی جددی تر موتابەعەی ئیشوکارەکانیان بکەن، چونکە دەبێ لەم هۆڵەدا هیچ شێوە دەمارگیرەیەکمان نەبێت، تەنها ڕوحیەتی کوردایەتی وچەسپاندنی یاسا و بەرگری کردن لە مافی میللەت لە بەرچاو بگیرێ، چونکە میللەت ئێمەی ئەم مافە وئەم ڕوایەی بە ئێمە داوە و ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی ئێمە نییە ، وەکو شەخس، بەڵکو هی میللەتە و، هەرشتێک بوو ئەبێ ئێمە بێ هیچ دەمارگیریەک بەرگری لە ڕاستی بکەین وحکومەتیش حکومەتی خۆمانە، ئەگەر ئێمە بەدوای ئیشوکاری ئەوان نەکەوین، ئەگەر ئێمە پێیان نەڵێین لێرەدا ڕابوەستن کەسێکی تر نییە ئەوەیان پێ بڵێت.

هەروەها سەبارەت بە کردنەوەی زانکۆی دهۆک، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ ڕازیە لە سەر دامەزراندنی زانکۆی دهۆک با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەس نییە، کەواتە بە تێکڕای دەنگ دامەزراندنی زانکۆی دهۆک پەسەند کرا.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا زانستگای دهۆک ناوی (مەلا مستەفا بارزان)ی لێ بنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.جــــەلال شـــــەفــــیق عــــەلی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

داوا دەکەم کەوا لە دووشار یەک کۆلیژ نەکرێتەوە بابەپێی پێویست کۆلیژەکان بکرێنەوە، بۆ نموونە بادوو کۆلیژی کشتوکاڵ لەکوردستاندا نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عــیــزەدین مــســتــەفــا رەســول:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

کردنەوەی ئەم کۆلیژانە لە زانکۆی دهۆکدا بە بڕیارێک دەرچووە ئەویش پاش کۆبوونەوەی لیژنەی خوێندنی باڵا ولیژنەی یاسایی لەبەر ئەم چەند هۆیە بوو:

١ـ لەبەر نالەباری بارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر زەحمەتە کەوا قوتابی لە دهۆکەوە بێت لە سلێمانیدا بخوێنێت.

٢ـ ژمارەیەک قوتابی کوردستانی تورکیا وسوریا هەن کەوا حەز دەکەن بێن لێرە لە کوردستانی عێراقدا بخوێنن ودهۆکیشیان پێ باشترە بۆ خوێندن تاوەکو هەولێر وسلێمانی.

٣ـ پاش بە دوادا چوون ولێکۆڵینەوەدا زانیمان کەوا لە دهۆکدا تاقیگە ونەخۆشخانە وجێگا بۆ کۆلیژەکە و کەوادری فێرکردنیان تەواوە ودەتوانن هەردوو کۆلیژی(کشتوکاڵ وپزیشکی) بەتەواوی بکرێنەوە ودەرسی تیا بخوێنرێت، هەروەها ئێمە حەز دەکەین کەوا ناوی زانکۆی دهۆک بنەین(ئەحمەدی خانی)، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

سەبارەت بەناوی زانستگاکەوە دەیخەینە دەنگدانەوە هەر چ ناوێک دەنگی زۆری هێنا ئێمە پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

زۆر سوپاسی ئەندامانی ئەنجومەن دەکەین کەوا بڕیاری دامەزراندنی زانکۆی دهۆکیان دا، ئەمە دەبێتە مزگێنیەکی زۆر گەورە بۆ دانیشتوانی شاری دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز گـەلاوێژ عـەبدولجـبـار مـەجـیـد:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

پیرۆزبایی لەسلێمانی ودهۆک دەکەین، بەڵام قوتابی کەرکووک هەیە کەشەشیان تەواو کردووە دەیانەوێ لە کوردستاندا بخوێنن بۆ ئەوانە چی نەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

جا ئەوە وەکو پێشنیارێک پێشکەش بکەن، تاوەکو ئێمەش رووبەرووی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەینەوە.

**بەڕێز فەوزیە عەزیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە خۆمان ولە خەڵکی دهۆک و سلێمانی خۆشەویست دەکەین، بەڵام دەبێ هەردوو زانکۆ بارودۆخی قوتابیانی کەرکوک وگەرمیانیش لەبەرچاو بگرن و، مەرج نییە هەموو کۆلیژەکانی زانکۆی سلێمانی لە ناو خودی شاری سلێمانیدا بن، کە هەقە هەندێک لە کۆلیژەکانی بەرێتە چەمچەماڵ وکەلار و بازیان ودەربەندیخانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستکردنەوەیەک لەسەر ئەم پرسیارە بکەین، ئایا زانکۆی سلێمانی ناتوانێت هەندێ لەپەیمانگاکانی خۆی لە دەربەندیخان، یا لە چەمچەماڵ، یا لە کەلاردا بکاتەوە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەین کەوا کۆمەڵە پەیمانگایەک لە دەربەندیخان و چەمچەماڵ بکرێتەو سەربە یەکێک لە زانکۆکان بن بەتایبەتی زانکۆی سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ پرۆژە ڕەوانەی لیژنەی یاسایی کراوە پێویستی بەوەیە لەگەڵ لیژنەی ئابووری دابنیشین لەبەر ئەوەی هەندێکیان لەسولەیمانین وهەندێکیان لە دهۆک نایان ناسین، پرسیاری یەکەم ئەو بەرێزانە کێن ولەگەڵمان دابنیشن؟، پرسیاری دووەم سەبارەت بە زانکۆی سلێمانی ئایا ئێمە کەی وەکو لیژنەی یاسایی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین وبیخەینە قاڵبێکی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان سەرۆکی لیژنەکان پەیوەندیی بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنەوە بکەن بۆ پابەندبوونی ئەندامانی لیژنەکان بە دەوام کردنیان وئامادە بوونیان لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا ودارشتنی بەرنامەیەک بۆ ئیشوکاری لیژنەکان، دووەمیش چەند پەلەی لێ بکرێت باشترە و، ئەگەر بۆ کۆبوونەوەی ئاینده حازر بێت شتێکی زۆر باشە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت زانکۆی سلێمانییەوە هیچ ئەوەلیاتێکمان لە لا نییە، وەکو لیژنەی یاسا جا داوا دەکەین ئەو ئەوەلییاتانە بێنە بەردەستمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەکە بریتیە لە (٣) بابەت، یەکەم:

١ـ هەرچی یاسایەک لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتی کورد ناگونجێ هەڵبگیردرێت وبدرێت بە

ئەنجوومەنی نیشتمانی تا بڕیارێکی لەسەر بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی.

٢ـ بڕیارێک دەرچووە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ کردنەوەی دانیشگای سلێمانی، ئەو بڕیارە هەیە پێش وەخت پرسیارەکە لەئێمەوە بوو، ئێوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بڕیارە بکەن، ئایا یاساییە، یا یاسایی نییە؟.

خاڵی دووەم: کاتی خۆی لەسەر ئەو ئاردەی کە سووتێندراوە، یا خراپ کراوە لە ناوچەی زاخۆ پرسیارێک کرابوو، ئێمەش بەنووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی تەندروستیمان کردبوو ئێستا وەڵامەکەی هاتۆتەوە، پاش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئاردە بە رای ئەوان گوایا کاتی خۆی کە هاتووە ئەو شاحینانە باران لێی داون و ئاردەکە تەڕ بووە فەحسیان کردووە بینویانە کە ئەم ئاردە خراپە و بۆ خواردن نابێت، بۆیە بڕیاریان داوە کە بیسووتێنن، ئەوە ناوەڕۆکی ئەو نووسراوەیە کە بەڕێز د.کەمال شاکر وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئێمەی ناردۆتەوە، نووسراوەکەی رەوانەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی وتەندروستی دەکەین تا دیراسەی بکەن.

خاڵی سێیەم: پێشنیارێک هەیە سەبارەت بە پەیدا کردنی تۆو بۆ کشتوکاڵ بۆجووتیارەکان بۆ ئەمساڵ، بە رای من، ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە، ئێمە وەکو پرسیارێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەین تا ئەوان لێی بکۆڵنەوە و بزانن وەزارەتی کشتوکاڵ لەو بارەیەوە چییان کردووە و خۆیان بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئامادەکەن.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا لەگەڵ رێکخراوی (فاو)قسە بکەن بۆ کردنەوەی لقێک لە کوردستاندا بۆ ئەوەی بتوانن راستەوخۆ هاوکاری کشتوکاڵ بکەن بۆ دابین کردنی تۆو و پەین بۆ جووتیارەکان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێک لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، ئایا چ پلانێکیان داناوە بۆ ئەوەی خوێندن لە قوتابخانەکان بگۆڕن لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی؟ سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی لیژنەی پەروەدەوە کاتی خۆی کە پێشنیارەکانمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز و وەزیری پەروەردە کرد یەکێک لەبەندەکانی ئەم بابەتە گۆڕانکاری لەئیدارات وسەرپەرشتی قوتابخانەکاندا، هەروەها خوێندن بکرێت بە کوردی لەگشت قوتابخانەکانی هەولێر وسلێمانی ولە دهۆکیشدا لەیەکی سەرەتایەوە دەست بکرێت بەگۆڕینی خوێندن لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە پێشنیارمان کردووە وجێبەجێ کردنەکەی لەسەر شانی وەزارەتی پەروەردەیە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم ئاراستەی وەزیری شارەوانی کردبوو سەبارەت بە پاک کردنەوەی دیوارەکان لە دروشم و وێنەی سەدام و، هەروەها ئەو جیداریانە کە لە ناوشارەکاندا بۆ سەدام دروست کراوە، ئایا وەزارەتی شارەوانی هیچی بۆ لادانی ئەو جیداریانە ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیار لە حکومەتی کوردستان دەکەم کەوا چییان کردووە بۆ چاک کردنەوەی ئەو ڕێگایەی نێوان دهۆک و هەولێر؟ سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قوتابییانەی کە لە ئێراندا ئاوارەبوون وئێستا گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان گرفتیان زۆرە، تاقی کردنەوەیان پێدەکەن ولەشوێنەکانی خۆیان، یا پۆلێک دایان دەبەزێن و، ئەو قوتابیانە حەز دەکەن کە لە خانەی مامۆستایان، یا لە ئامادەیی پیشەسازی، یا کشتوکاڵی بخوێنن و، پێشنیار دەکەم کە چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەرامبەر بکردنەوەی(تعادل) شەهادەدا ئێوە چی لێ ئەزانن؟.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

- لیژنەیەک پێک بێ وتاقیکردنەوەیان پێ بکرێتەوە و پۆلێک دابەزێنرێن وبۆ ئامادەیی پیشەسازی وکشتوکاڵیش ئێمە وەرمان گرتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئاراستەی وەزیری پەروەردە دەکەین، ئایا ئەو لیژنەیەی کە دایان نابوو چی کردووە بۆ وەرگرتنی ئەو قوتابییە ئاوارانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە و دەیانەوێ لێرە بخوێنن ؟.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک ئاراستەی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم کە ناوی شەقام وگەڕەکەکان کە زۆربەیان ئێستاش بە ناوی رژێمی بەعسە وبە ناوی سەدامەوە ماونەتەوە بگۆڕێن و بکرێن بە ناوی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویستە خاڵ بەخاڵ گفتوگۆ لەسەر شت بکەین، چونکە ئەمە واناکری ئێستا بابێینە سەر

مەسەلەی پەروەردە. چەند پێشنیارێک کرا وپێویستە ئەم پێشنیارانە بڕیار لەسەر بدرێت، چونکە مەسەلەی پەروەردە زۆر گرنگە و، دەبێ بە زووی ئیشەکانیان جێبەجێ بکرێ و، چارەسەریان بکەین، ئێستاش با بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو پرسیارانەیان لێ بکەین، با دەست بەرزبکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ لەگەڵ ئەوەدان کە پرسیارەکان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێن.

**بەڕێز فــــرەنـســـۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پاک کردنەوەی دیوارەکان لەو درووشمانە تەنها با ئیشی وەزارەتی شارەوانی نەبێت، ئێمە لێرەوە با دەست کەین بەپاک کردنەوەی دیوارەکان وهانی خەڵکیش بدەین کە دیوارەکان پاک کەنەوە تەنانەت لە دروشمەکانی پارتی ویەکێتیش، هەروەها ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیارێک دەربکات بۆ ئەو جیدارییانە و، ماوەیەکیش دیاری بکەن بۆ کەسوکاری شەهیدەکان کە خۆیان ئەو جیدارییانە تێک دەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـدی ئەحـــمـــەد مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دوو پێشنیارم هەیە:

١ــ با لەگەڵ زمانی کوردیدا زمانی تورکیش لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت.

٢ــ لە هەر شارێکدا با هۆڵێک بکرێتەوە بەناوی هۆڵی شەهید و وێنەو ژیاننامەی شەهیدەکانی ئەو شارەی تێدا هەڵواسرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سەبارەت بە پێشنیاری ناو گۆڕینی شەقام وگەڕەکەکان، با لیژنەی کلتوری لەگەڵ لیژنەی خزمەت گوزاری کۆبوونەوەیەکی لەسەر بکەن، وەکو پێشنیار پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی بکەن وئێمەش ئاراستەی وەزارەتی پەیوەنداری دەکەین و، سەبارەت بە وێنەی سەر دیوارەکانیش بڕیارێک پێشتر لەم بارەیەوە دەرچووە .

**بەڕێز فــــرەنـســـۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکیئـەنجـــــوومـــــەن.**

زۆربەی قوتابخانەکانیش پێویستیان بەناو گۆڕین هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سەبارەت بە گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان بالیژنەی کلتور پێشنیارێکمان ئاراستە بکەن وئێمەش ئێوەی لێ ئاگادار دەکەینەو، بۆ پاک کردنەوەی دیوارەکانیش بڕیارێکمان هەیە و، ئەگەر دەشتانەوێ جەختی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، ئەوە نووسراوێکیان ئاراستە دەکەین و پرسیاریان لێ دەکەین.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کرێکاران وەزعیان خراپە ویاسای کار(قانون العمل) جێبەجێ ناکرێ وبژاقی سەندیکای کرێکاران لە کار کەوتووە، جا بۆیە پرسیار لە بەڕێز وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم کە چییان کردوە لەو بارەیەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین.

**بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاردەی دار برین زۆر تەشەنەی کردووە و مەترسی یەکی زۆر هەیە لەوەی کە، ئەگەر ئەم دیاردەکە هەروا بەردەوام بێت، ئەوە لە کوردستاندا دارستان نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە داربڕین ئەنجومەنی وەزیران بانگەوازێکیان لەو بارەیەوە بڵاو کردەوە و دەبێ بەتوندی چاودێری داربڕینەوە بکەن و هەرکەسێک بەو تاوانەوە بگیرێ دەبێ سزای یاسایی بدەن.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز د.قاسم ئێمە وەکو لیژنەی ئەشغال ئەو مەسەلەیەمان ڕووبەرووی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن کردووە، بەڵام وەڵامی ئەوان ئەوەی کە ئەو ڕێگایە پارەیەکی زۆری دەوێت بۆیە ڕاگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە ڕێگای نێوان هەولێر ـ دهۆک، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە خەریکی ئەو مەسەلەین و، ئەم پرسیارەی بەڕێز د.قاسم ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ وەڵام دانەوەی.

پرسیارێکی ترمانیش هەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی ئەندامی پەرلەمان بۆ سەردانی ڕێکخراو فەرمانگەکان.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرۆژی ٨/٢١ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ناوچەی کفری هەندێ کەلوپەلیان دابەش کردووە بەسەر خەڵکی هەژاردا و،بەڕێز ئەندامی پەرلەمان سەلاحەدین حەمید لەگەڵ یەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی شاری کفری چوونەتە سەریان بەشێوەیەکی ناشیاو ڕەفتاریان کردووە هەتا گەیشتوونەتە ڕادەیەک دەستیان بردۆتە سەر سجلاتی ئافرەتان و تێکیان داوە و هەندێ قسەی ناخۆشیان کردووە، ئایا لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هەیە کە ئەندامی پەرلەمان بچێتە سەر

ڕێکخراو و فەرمانگەکان، یا ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە ئەو چەشنە کردەوانە بکات؟ ئەمە مەردودێکی زۆر ناشیرینی هەیە بۆ پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان ودەبێ ڕێ لە دووبارە کردنەوەی بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین حەمید عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەکە وانییە، ڕووبەرووی من نەبووە، بەڵکو پەیوەندیی بەکەسانێکی ترەوە هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە لەسەرەتاوە وا بووە کە ئەو شتانە گەیشتۆتە ئافرەتانی کفری وئافرەتانیش داوایان لە (ی.ن.ک) کردووە کە ناوی خێزانە هەژارەکانیان بدەنێ، بەڵام یەکێتی ناوەکانیان نەداونەتێ، دوای ئەوە بەرەو بزووتنەوەی ئیسلامی ڕۆیشتوون ئەوانیش لستێکی (٢٥٠)کەسیان هەبووە(٥٠)یان لێ دەرکردووە کەسەر بەخۆیان بوونە و ئەوی تریان دەدەنەوە دەست، ئەوانیش لستێکیان بۆ کردوون، بە ڕێکوپێکی دابەش کراوە، پاشان ئەم برادەرانە چوونەو داوایان لە یەکێتی ئافرەتان کردووە کە خێزانی هەژاریان هەیە کارتیان بۆ بکەن، ئەوانیش کارتیان بۆ(٤٠)ماڵ کردووە، بەڵام ئەوان نەچوون ئەو ماڵانەی کە کارتیان بۆ کراوە ئاگادار بکەنەوە، بەڵکو هەموو خەڵکی شارەکەیان وروژاندوەتەیەکا و بە هەموویان وەتوە کە یەکێتی ئافرەتان جلی بۆتان هێناوە، بەڵام نایدەن بە کەس تەنها کەسانی خۆیان نەبێت و بووە بەهەرا، یەکێتی ئافرەتانیش چەندیان توانیوە لە جلوبەرگەکان دابەشی کەن دابەشیان کردووە و بەڕێز سەلاحەدین حەمید جەنابی کە چووە بۆ ئەوێ توورە بووە و شەقی لە مێزەکە هەڵداوە کەبە داخەوە ئەمە هەڵسوکەوتی ئەندامی پەرلەمان نییە، من بۆ مافی خۆمان پێم ناخۆشە ودۆسێی بەردەستی یەکێک لەئافرەتەکانی دڕاندووە وجنێویشی پێ داون، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئەگەر ناوزڕاندنی ئەندامێکی پەرلەمان سزاکەی چییە، دوو ئەندامی پەرلەمان قسە دەکەن وباسی ئەندامێکی تر دەکەن کە ڕەوشتێکی زۆر نابەجێ کردووە ئەویش دەڵێ من لەوێ نەبووم، کەرامەتی ئەندامێکی پەرلەمان لەو دوو ڕاییە دژ بەیەکە چۆن دەپارێزرێت؟ کە شتێکی واش ڕوودەدات پێویستە لە کۆبوونەوەی فراکسیۆندا، یا لە دەرەوەی پەرلەماندا باس بکرێت، چونکە ئێمە دەمان توانی لە دەرەوەی پەرلەمان قسەی لەسەر بکەین و،ئەگەر کاک سەلاحیش شتێکی وای کردبێ ئەجرائاتمان بەرامبەری وەردەگرت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ لەم مەسەلەیە بکۆڵرێتەوە ولیژنەی یاسای یا دوو کەسیان بڕۆن بۆ کفری بزانن کاک سەلاح

ئەو کردەوەیەی لێ وەشاوەتەوە، یا نە؟، ئەگەر وابێ ئەوسا بە پێی پێڕەوی ناوخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەین. ئەندامی پەرلەمانیش هەتاشتێکی لەسەر تەئکید نەبێت ناتوانین هیچ شتێکی بەرانبەر بکەین، چونکە کاک سەلاح ئەڵێ من لەوێ نەبووم ، ئەگەر چووبێت و بەو شێوەیەی کەباسی دەکەن ڕەفتاری کردبێت ئەوا ئەوە شتێکی نەگونجاوە، چونکە ئەندامی پەرلەمان هەقی نییە شتی وابکات و ،ئەگەر نەچووبێتیش بۆچی تاوانبار بکرێت؟.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا لە لیژنەی یاساو لیژنەی پێشمەرگە دەکەین کە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە بەردەستیانە پەلەی لێ بکەن و تەواوی بکەن، تاوەکو بتوانین بڕیاری لەسەر بدەین وکۆتایی پێ بهێنین، وابزانم ئەو کارە دەمێکە تەواو بووە تەنها ماوەتەوە سەر ئەوەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانی بڕیاری لەسەر بدات، بە گرنگی دەزانین کە بەیانی ئەو مەسەلەیە بڵاو بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەین کە کۆبوونەوی سبەینێ لەکات ژمێر(٣)ی پاش نیوەڕۆ ببەسترێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم شێوەیە کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاستان دەکەین ، بەڵام حەز دەکەین لەگەڵ هەر دوو فراکسیۆنەکەدا یەکتر ببینین بۆ هەندێ شتی پێویست.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆک** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣٢)

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٣٢)

دانیشتنی ئاسایی ژماره (٣٢)ی خولی یەكەمی ساڵی یەكەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، بڕیار بوو ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/١٥ ببەسترێت، بەڵام بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن، لەبەر پڕ نەبوونەوەی ڕادەی یاسایی، نەبەسترا.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
سكرتێری ئەنجوومەن

نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا
جێگری سەرۆك

جوهر نامق سالم
سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣٣)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٢

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٢

ڕۆژی سێ شەممە ١٩٩٢/٩/٢٢ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی ژمارە(٣٣)ی خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست.

سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێندراو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان وبەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ـ خوێندنەوەی ئەو نامەیەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئاراستەی خاتوو میترانی کردووە.

٢ـ بەرچاو خستنی پێشنیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ سەرژمێر کردنی ئاوارەکانی کەرکوک و گەرمیان لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی وهەولێردا ودیاری کردنی ئەو وەزارەتەی کە کاروباریان رادەپەڕێنی.

٣ـ بەرچاو خستنی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە.

٤ـ تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەم ماوەیەدا، ڕووداوێکی دڵتەزێن لە بەرلین ڕوویدا، ئەویش شەهید بوونی برای تێکۆشەر سەرکردەی لێ هاتوو د. سەعید کە بە (سادق شەرەف کەندی)بەناو بانگ بوو، بەم بۆنەیەوە پێشەکی داواتان لێ دەکەم، کە دەقیقەیەک ڕاوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدی سەرکردە سادق شەرەف کەندی سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی ئێران، بەم بۆنەشەوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەیانێکی دەرکردو برووسکەی ماتەمینیشمان ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد، ئەو تاوانەشمان مەحکووم کرد و، لەو بڕوایەداین کە بەشەهید بوونی کەڵەپیاوی سەرکردەی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد ئەبێتە مایەی ئەوەی کە خەبات وکوردایەتیمان بەتینتر بێت و، یەکێتی و تەبایی نێوان حزب و لایەنەکانی کوردستان تۆکمەترو پتەوتر بێت و، زیاتر لەسەر خەبات و داوای ڕەوامان سوور بین. پاش دانیشتنەکەی ئەمڕۆشمان

دەقی برووسکەی نارەزاییەکەتان بۆ دەخوێنینەوە.

ئێستاش دێینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی هەندێ پرسیاریان هەیە، داوا دەکەین کە جێگایەک بۆ پرسیارەکانیان دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە خاڵی تازەبابەتدا جێگای ئەو پرسیارانە دەکەینەوە، بەڵام پرسیارەکانیش با بەنووسین بن بە تایبەتی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی فراکسیۆنی سەوزیش بە هەمان شێوە پرسیاریان هەیە و، داوای بەڕێز وەزیری پیشەسازی دەکەن بۆ پرسیار لێ کردنی، ئەوە بوو بۆ دووشەممە داوای کرا، بەڵام دووشەممە کۆبوونەوە نەکرا، جا نازانم ئەمڕۆ بەڕێزی بانگ کراوە، یا نە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئەمڕۆ کەسمان بانگ نەکردووە، ئەو خاڵانەی کە ئەبێ ئەمڕۆ باسی لێوە بکرێت، هەندێکیان بەپەلەن، هەندێکیشیان زۆر دواکەوتوونە، سەبارەت بە پرسیارەکان ئێمە ئەو پرسیارانەمان هەمووی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە و، ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە پێشکەش بە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەنەوە و بە پێی یاساش تا حەوت ڕۆژی تر بۆیان هەیە وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام بانگکردنی وەزیری پیشەسازی مەسەلەیەکی گرنگە، پێویستە زوو لێی بکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پێی یاسا دەبێت تا حەوت ڕۆژی تر چاوەڕێ بکەین، چونکە ئەوە مافی خۆیانە پاش ئەو حەوت ڕۆژە ئێمە جارێکی تر لێیان بپێچینەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدانیشتنی ڕابوردوودا باسی شتێک کرا کە بە رای من زۆر گرنگە ئەوەیش کێشەی کرینی

گەنم، یا رازی بوون لەسەر ناردنیەتی، داوامان کرد لەبەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری و وەزیری دارایی و ئابووری، چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە، ئەوەش شتەکی زۆر بەپەلەیە، هەروەها مەسەلەی پەیداکردنی پەینی کیمیاوی بۆ کشتوکاڵ، چونکە ئێستا وەرزێتی و، ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەکرێت پاشان سوودی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بابەتە پاشان باسی لێوە دەکەین، لیژنەی یاسا وەڵامی ئەو پێشنیارە دەداتەوە کە پێیانمان داوە سەبارەت بەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) سەبارەت بە هەڵگرتنی دانشگای سلێمانی، ئەمەش وەڵامەکەیانە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت/ وەڵام**

**لیژنەی یاسا بەهەموو ئەندامەکانیەوە لە ڕۆژی ۱۹۹۲/۹/۱۹دا کۆبوونەوە، دوای لێکۆڵینەوە وگفتوگۆیەکی دوورودرێژ سەبارەت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی زانستگای سلێمانی لیژنەکەمان ئەم بڕیارەی دا:**

**یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٤)ی ڕۆژی ۱۹۹۲/۹/۷ کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دراوە.**

**دووەم: پێشنیار کردنی بڕیاری گەڕاندنەوەی زانستگای سلێمانی، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن پێشکەش بکرێت.**

ئەمە بڕیاری لیژنەی یاسایە، واتا ئەو بڕیارەی کە ئەنجوومەنی وەزیران داویەتی وەکو لە دانیشتنەکانی تردا باسمان کرد، هەڵدەوەشێندرێتەوە، ئەگەر چ پێشنیارێک، یاخود تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە فەرموون، چونکە ئەوە بڕیاری لیژنەی یاسایە و، دەقی ئەو بڕیارەی کە هەڵوەشاوەتەوە ئەمەیە:

(بناء علي ماجاء بقرار مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق بجلسته المرقم ( ) في( ) المتضمن تخويله لنا في المسائل المتعلقة بالتعليم العالي والبحث العلمي في الاقليم كافة قررنا مايلي:

اعادة تأسيس الجامعة في الوقت الحاضر على كليتي الطب والزراعة والطب البيطري على ان ينظر في اضافة كليات واقسام اخرى اليها مستقبلا وفقا لحاجة والامكانيات المتوفر، ثالثا على وزارات الاقليم اتخاذ مايلزم لتسهيل تنفيذ هذا القرار. رابعا تتولى جامعة صلاح الدين اتخاذ

اجراءات لتنفيذ هذا القرار لحين تشكيل التسهيل الاداري والتنظيمي، وتعيين الادارات لجامعة المستحدثة.

**التوقيع /د . فؤاد معصوم**

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم ئەکرد کەوا کۆمیتەی یاسا ئەو مەسەلەیەیان باشتر بۆ روون بکاتەوە، بزانین بۆچی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران هەڵوەشاوەتەوە، چونکە لەکۆبوونەوەی پێشوودا باسمان کرد کەوا لەبەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران کە لێرەدا بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوەی تیا بوو کە زانستگای سلێمانی دابمەزرێننەوە، نازانم چی پاڵی بەکۆمیتەی یاساوە ناوە کەبڕیارەکە بەم شێوەیە دابڕێژێ وەکو ئێستا کە پێشکەشیان کرد؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا لیژنەی یاسا وەڵام دەداتەوە، یا نا؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت ئەم بڕیارەوە لەرووی یاساییەوە ئاڵوگۆڕمان تیا کردووە، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئاگادارن لەسەریشی رێککەوتوون، بەشی یەکەمان کرد،بەشی دووەمیشمان کرد، کەبڕیارمان دا، بەپێی ئەوەی کە دەسەڵات لای ئەنجوومەنی نیشتمانییە و، بڕیارێکی وامان ئامادە کرد کە بڕیاری (مجلس قيادة الثورة) هەڵبوەشێنێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە بابەتەکە بەو شێوەیە بێت کە پێشکەشمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بڕیارەی کە لای ئێمەیە هەر بەو شێوەیەیە کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گرفتی ئێمە لە لیژنەی یاسا ئەوە بوو کە دەقێکی یاسایمان لەبەر دەستدا نەبوو کە بۆ ئەم کارە پشتی پێ ببەستین .

مەسەلەی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانیش کاتی خۆی لەسەر بڕیارێکی (مجلس قياده الثوره) بووە کە ئێمە (تجميد)کردنیمان بە رەوا زانی ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی کە لێرە باسی کردنەوەی زانستگای سلێمانی کرا، ناکۆکیەکەمان لەسەر کردنەوەکەی نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەوە بوو کە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی «مجلس قیادە الثورە»و، دامەزراندنی زانستگا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، نەک ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرچاوەی یاسادانانەو، یاسای ژمارە (١) ئەومافەی داوەتێ.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەکە ناکۆکی لە نێوان دوو دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرنامەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانی پێ پەسەند بووە، و لەبەرنامەکەدا بۆی هەیە، کە زانستگا بکاتەوە، ئەوان پێموایە لە توانایان هەیە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن و زانستگای سلێمانی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە بڕیارێکمان هەیە لەسەر ئەو یاسایانەی کە لە عێراقدا کاریان پێدەکرێ بۆ ئەوەی بژارە بکرێت و هەر یاسایەک لەگەڵ بارودۆخی کوردستان نەگونجێ ئەوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی، یا ڕاگرتنی دەدات، تا ئەو کاتەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵێ ڕاستە ناکۆکیەکە لە نێوان دوو دەسەڵاتدایە، دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە لایەنێکی یاسادانانە وئەنجوومەنی وەزیران کە لایەنی جێبەجێ کردنە، لە سنووری دەسەڵاتی خۆی دەرچووە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران جەوهەری کارەکەیان دەرخست، کە ئێمە لەبەرشتێکی شکلی ،یا یاسای، کە ئایا کردنەوەی زانستگایەک لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، یا ئەنجوومەنی وەزیرانە، دێین مەسەلەیەکی گەورە ئەکەین بە قوربانی ئەوە، ئەگەر ئەو حەماسەت و خوێن گەرمیەی خەڵکی سلێمانی ئەبینرا بۆ کردنەوەی زانستگای سلێمانی ، چاومان لەو شکلیاتە ئەپۆشی بەبێ دەنگیش چاک ئەکرا، لەبەر ئەوە تکام وایە کە هەرناتەبای یەک کە هەیە چارەی بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی، ئەم جۆرە ناکۆکییە ڕوو نەداتەوە لە دەسەڵاتدا، کە لیژنەی یاسا خۆی کردوویەتی، ئەبێ ئێمەش ئەو مافە بدەین بە خاوەن چارەی یاسایی، بەڵام مەسەلەی زانستگای سلێمانی هەر ئەمڕۆ لەگەڵیان ببڕێتەوە، چونکە کارێکی گەورەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕێزمان هەیە بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی یاسا بەرگری لە مافی ڕەوای پەرلەمان كردووە ومافێكی ئاسایی پەرلەمانی چەسپاندووە، ئێمە نابێ گەرمەی حەماسەتا ئەرك و دەسەلاتی خۆمان لەبیر بكەین، ئێمە نوێنەری ئەو خەلكەین، ئەو خەلكە رازی نابێت كە دەسەلاتەكانی تێكەل بكرێن. جگە لەوە ئێوە خۆتان ڕێككەوتوون لەسەر هەلوەشاندنەوەی یاساكەو، دەنگتان لەسەری داوە. هەروەها ئەم بابەتە بچوك نییەو، پەیوەندیی بە دیموكراتیەتەوە هەیە، پەیوەندیی بەیاساوە هەیەو، نابێت دەسەلاتی جێبەجێ كردن لە دەسەلاتی خۆی لابدات، هەر كاتێكیش لای دا دەبێت پێی بلێین ئەمە لە دەسەلاتی ئێوەدا نییە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لای من پینە و پەڕۆیە، سوپاس

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەداخەوە لەكۆبوونەوەیەكی تریشدا ئەو مەسەلەیە باسكرا، لەبەر هەندێ ئیشوكار ئاگادار نەبووم، مەسەلەی كردنەوەی زانكۆی سلێمانی، یان گەڕانەوەی زانكۆی سلێمانی ئێمەپشتمان بە دوو بنەما بەستووە:

یەكەم :ئێمە لێرەیە بڕیارێكمان هەیە بۆهەلوەشاندنەوەی هەموو بڕیارێك كە ڕاستەوخۆ دژ بەكورد دەركراوە، لەهەر بوارێكدا بێت، بواری بەشەری، ئەرزی، ڕۆشنبیری بێت، وابزانم یەك لە نموونە مێژووییەكان گواستنەوە، یان هەلوەشاندنەوەی زانكۆی سلێمانی بوو.

دووەم: ئێمە لێرەدا بەرنامەی وەزارەمان پێشكەش كرد، لە بەرنامەی وەزاریدا گفتوگۆیەكی زۆر كرا هەندێك دەیان گوت كە دەبێ ئێستا بڕیارەكە بدرێت، بێ ئەوی حیساب بكرێ كە بڕیارەكە ممكینە، یان نەء، بەلام وترا دەبێت زانكۆی سلێمانی دەبێت بۆ ئەم سال بكرێتەوە وقوتابییانی ئەم سال لێی وەربگیرێت.

ئێستا هەموومان هەول دەدەین گوندەكانی سەر سنوور ئاوەدان بكەینەوە، باشە چ بڕیارێك لێرە دەرچووە بلێ ئەوە بیست كیلۆمەترێكە دانرابوو بە بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) ئێمە هەلمانوەشاندۆتەوە. دەبێ كاتێك لێرە محاسەبە بكرێین كە سەرپێچی دەقێكی یاسایی بكەین كە لێرەوە دەرچووبێ، بەلام موحاسەبە نەكرێین لەسەر یاسایەك كەلە بەغداوە(مجلس القیادة الثورة)دژ بە میللەتی كورد دەری كردبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک دکتۆر، بەکورتی وەڵامی پرسیارەکانی تۆ دەدەمەوە، پاشان دێمەوە سەر مەسەلەکەوە دەڵێم:

١. ئەم بابەتە پێشتر گفتوگۆی لەسەر کراوەو پەرلەمان بڕیارێکی دیاری کراویشی لەسەر داوە.

٢. من لایەندار نیم و وەک بەشێک لە بەڕێوەبردنی کاروباری پەرلەمان ئەرکی منە بابەت و پێشنیارو پرسیارەکان ئاراستە بکەم و بیانخەمە پێش چاو.

٣. کەس لە ئەنجومەنی نیشتمانیی نەیوتووە زانستگای سلێمانی نەکرێتەوە، بەڵکو وتراوە ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران نییە.

٤. ئێمە ساغ کردنەوەی مەسەلەکەمان بە لیژنەی یاسا سپارد، لیژنەش دەڵێ ئەو کارەی ئەنجومەنی وەزیران یاسایی نییەو، ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو هەمووتان ئەزانن لێک نزیک بوونەوەی هەردوو کتلەکە چ لەناو پەرلەمان و چ لەدەرەوەی پەرلەمان سەرئەنجامێکی زۆر باشی بووە، بەراستی حەقە هەر بەو ڕوحیەتەوە قسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(القانون سید الاحکام) هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە یاسا دەوری خۆی ببینێ، پەرلەمان تەنها جێگای بڕیارو یاسادانانە، کە بڕیارێک دەردەچێ لە پەرلەماندا تەنها بەناوی میللەتی کورد دەردەچێ، من موتەئەکیدم کە ئیشەکە هەندێ سەلبیاتی تیادا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوە ئەبێ شت لەسەرەتاوە بەدروستی بڕوات بەڕێوە دەبێ بابەتەکە بە دڵێکی فراوان وەرگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆی ئێمە تەنها لەسەر ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانە کە، ئایا یاساییە، یاخود یاسای نییە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز د.عیزەدین کە فەرمووی لیژنەی یاسا (پینە و پەڕۆیان کردووە)ئێمە لیژنەی یاسا لە دانیشتنەکانماندا هەرگیز بیری شتی لابەلامان نەکرۆتەوە تەنها لە ڕووی یاسایەوە دەڕوانینە بابەتەکانمان، ئێمە ئەندامانی لیژنەی یاسای پێکەوە هەوڵمان

داوه وپێشمان زۆر خۆشه بووه كه زانستگای سلێمانی بكرێتەوه و، تەنها لە رووی یاسایەوه رەتمان كردۆتەوه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایه كه بابەتێكی یاسایی، یا مەسەلەی دەسەلات باس دەكرێ، با موجامەلەی یەكتری نەكەین، ئەگەر وای لێ هات نابێت هیچ شتێك موناقەشه بكرێ، بڕیارێك دراوه ئەو بڕیاره بە بۆچوونی من و لیژنەی یاسا ئەم بڕیاره لە دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیراندا نییه، گفتوگۆكه پەیوەندیی بە تەبابیوە نییه.

**بەڕیز د. جەلال شەفیق غەریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كردنەوەی زانكۆی سلێمانی وابزانم بۆ هەموو كوردێك رەد ئیعتبارێكه نەك تەنیا بۆ زانكۆكه، یان شاری سلێمانی وتەحەدیەكی قورسه بەسەر رژێمی بەعسەوه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەسەلەی كردنەوەی زانكۆی سلێمانی لێره رەت نەكراوەتەوه، گفتوگۆی ئێمه تەنها لەسەر ئەوەیه كه ئایا ئەم مەسەله یاساییه، یا یاسایی نییه؟ ئیتر بۆ مەسەلەكه دەخەنه قالبی حزبایەتی و دەمارگیروه؟! هەر كەسێكیش ئەگەر پروپاگەندەی حزبایەتی هەیه با لە خاڵی تازەبابەتدا باسی بكات.

**بەڕێزحەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمه لەكاتێكدا دەژین كه یەك بوونەوەی نێوان كوردانه، ئێمه بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) رادەگرین، ئەوانەی پەیوەندییان بەلادانی زانكۆی سلێمانی هەیه، بەڵام ئەوانەی كەپەیوەندیی بە ئیستحداثی زانكۆی سەلاحەدینەوه هەیه، ئەوانه ئیشی پێدەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با دەقی بڕیارەكەی لیژنەی یاساش بخەینه پێش چاو

**لیژنەی یاسا ژماره (٢٢) رۆژی ١٩٩٢/٩/٢١:**

یەكەم: لیژنەی یاسا بەهەموو ئەندامەكانییەوه لە رۆژی ١٩٩٢/٩/١٩دا كۆبوونەوه، دوای لێكۆڵینەوه وگفتوگۆیەكی دوورو درێژ سەبارەت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی زانستگای سلێمانی لیژنەكه ئەم بڕیارەی دا:

١ـ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژماره (٤) ی رۆژی ١٩٩٢/٩/٧، كه لە ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستانی عێراقەوه دراوه.

٢ـ پێشنیار كردنی بڕیاری گەڕاندنەوەی زانستگای سلێمانی بەپێی پێڕەوی ناوخۆی

ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێشکەش بکرێت.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوجا ئەو بڕیارە بڕیارێکی تری لەگەڵەدایە کە بڕیاری ژمارە (١٢٢٧)ـەو رابگیرێت، واتا تەنها راگرتنی ئەو بڕیارە بکرێت کە زانکۆی سلێمانی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەشی یەکەم، گفتوگۆ کردنی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەشی دووەمیش بڕیاری گەڕاندنەوەی زانستگای سلێمانیە، کە دەبێ بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێشکەش بکرێت، واتا یان ئەبێ ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری بکەن، یان دەبێ (١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشنیاری بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەجیاتی ئەوە بڕیارمان دا بڕیاری ژمارە (١٢٢٧) هەڵبوەشێتەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە هەڵوەشاندنەوەی زانکۆی سلێمانییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە ئێستا بڕگە بە بڕگە دێینە سەر خاڵەکان وگفتوگۆیان لەسەر دەکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فۆاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا هەموو بڕیارەکانی (مجلس القیادة الثورة) بە یاسا دادەنێین یان نە؟ کە وەڵامی ئەوەمان دایەوە ئەوکاتە دەتوانین بڕیار لەسەر ئەو بابەتە بدەین، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەویاسایەی کە ئێستا ئێمە بەکاری دەهێنین، بڕیارەکانی یاسای عێراقییە، عێراق بڕیاری خۆی بە یاسا دادەنێت وبۆ ئێمە بە یاسا دەژمێردرێت، تەنها ئەوەی لە دوای ١٩٩١/١٠/٢٣ کە حکومەت دەزگاکانی خۆی کێشاوەتەوە ئەوانە هەمووی هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەو یاسایانەوە، یا ئەو بڕیارانەوە کە لەلایەن بەناو (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی

شۆڕشەوە) دەرچوو من حەز دەکەم لەوبارەیەوە بدوێم، کە هیچ نییە لە بڕگەی یەکەمدا کەوا وەرگیراوە بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران هەڵبوەشێتەوە، لەکاتێکدا ئەنجوومەنی وەزیران بەرنامەی خۆی جێبەجێ کردووە، کە لە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بڕیاری لەسەردراوە، من هیچ حیکمەتێک نابینم لەو بۆچوونەدا، حەزیش دەکەم بەراستی لیژنەی یاسا ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە وئەم بڕیارە بۆ هەڵدەوەشێنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابەتی بەرنامەی حکومەت، ئێمە ناچارین دیسان موناقەشەی بکەینەوە، چونکە زۆر بڕگە لەو بەرنامەیە پێویستی بە یاساو بڕیاری پەرلەمان هەیە، بۆیە هەر بەرنامەیەک پەسەند کرا مانای ئەوە نییە وەکو یاسا، یا وەکو بڕیار لێرە موناقەشە ناکرێت.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بنەمای بڕیاری لیژنەی یاسا لەسەر دوو خاڵی سەرەکییە، یەکەم: ئەگەر هاتوو یاسای ئەنجوومەنی وەزیران لێی بکۆڵێینەوە تەدقیقی بکەین، هیچ دەسەڵاتێک نابینین کە بدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی زانستگایەک بکاتەوە .

دووەم پرۆگرامی وەزارەت هاتووە دەڵێ: (هەوڵدان بۆ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی) ئەوە هەوڵدان نییە، ئەوە بڕیارە، ئەو ئەرکەش دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت بڕیار لەسەر کردنەوەی زانکۆ بدات کە ئەویش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلە هەر ئەم دوو دەزگایەیە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان ودەسەڵاتی کامیان، ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، ئەوەی تریش دەسەڵاتی یاسادانانە، لەکۆبوونەوەکانی رابووردوومانداا، لەوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسندکراوە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر دا، لەسەر بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران لە هەمووکارێکیان لەو بەرنامەی کە هەیە ئەگەڕێنەوە بۆ لیژنەی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی، یا بە رەهایی(مطلق)ی هەموو شتێک دەتوانن جێبەجێ بکەن؟، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا چ تێبینیەکی هەیە دەربارەی ئەم پرسیارە؟.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

من لەگەڵ خاڵی یەکەمی پرۆژەی لیژنەی یاسادام کە ئەبێ بڕیارەکە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مــــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

کاتێ ئەو بڕیارەماندایە لیژنەی یاسا هەموومان سوور بووین لەسەر ئەوەی کە ئەو زانستگایە بکرێتەوە، کەواتە ئەوەمان لێنەپرسیوون، ئایا زانستگای سلێمانی بکرێتەوە، یان نە؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

بڕیارێکە دراوە ولیژنەی یاسا دراسەتی کردووە، ئێمە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانین لێرە هەر بڕیارێک بدرێت بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەدرێ.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمــەد مـــحـــمــەد یوسـفی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەوە کۆتایی پێبێت و، ئەو بڕیارە بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی یاسا، بۆمان روون بکەنەوە بنەما یاسایەکەی ئەم پێشنیارە چییە؟ چونکە ئێمە لێرە دوو سێ دەقمان هەیە، لەلایەکەوە بڕیارێک دەرچووە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە ئەڵێ هەموو بڕیارو یاسایەک کە دەرچووە لەلایەن حکومەتی بەغداوە دەبێت بێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدرێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، بەرنامەی وەزاری ئەنجوومەنی وەزیران لێرە پەسەند کراوە لەوێ ئاماژەیەک هەیە هەر چەندە ئاماژەکە رەنگە رەها(مطلق) بێت، بەڵام ئاماژەکە هەیە، کە ئەڵێ (العمل على تأسيس جامعة السليمانية)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسا با پێمان بڵێن بنەما یاسایەکەی چییە؟ ئایا روون کردنەوە هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز حـــەســـــەن حـــەمــــیــــد رەحـــیـم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

من شارەزای یاسانیم، بەڵام هەر بەو یاسایە ئێستا زانکۆی سلێمانی بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

بەنیسبەت بڕیارەکە حەز دەکەم بزانم، ئەگەر بڕیارەکە وەکو یاسا هەڵوەشێتەوە ئەوە پێویستە هەموو زانکۆکان بگەڕێنەوە بەهەموو دەزگاکانییەوە، ئەگەر هەڵنەوەشاوەتەوە ئەوە بەپێی ئەو دەقە یاسایانەی کە هەیە بڕیار وەردەگرین، سوپاس.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێكم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئایا ئەتواندرێت وەكو راگیراوە ئەم بڕیارە ئیزن بدرێت كە بڕوات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دیسان دەگەڕێمەوە سەر بەندی یەكەم لەو ژمارە كە لەلایەن لیژنەی یاساوە كراوە، من وەك ئەندامێكی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەتەنگ ناوبانگی نیشتمانیەوەم، لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی بڕیارێكی وا بدرێ بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێكی باش كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دراوە، ئەوە بەلای منەوە كارێكی زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەندامانی لیژنەی یاسا، وەكو ئەندامانی تر جێگای بڕوای پەرلەمانن ولەبەر ئەوە وابزانم ئەو شتەی بە ئێمە سپێردراوە پێشەكی دوور لە رەوشت وهەموو شتێكی تر، ئێمە هەموومان سوێندمان خواردووە، هەمووشمان شانازی بەم سوێندخواردنە دەكەین، ئێمە دەمانەوێ دەوڵەتی یاسا دابنێین وابزانم نە لە یاسای نیشتمانیی و نە لە پرۆگرامی پەرلەماندا هیچ شتێكی وای تیادا نییە، ئەگەر لیژنەی یاسای گرفتێكی وا بوو لایەنێكی قەزائی بێ تەماشای بكات، ئێمە ئەو كەسانەی داوامان لێ دەكەن كە سەنەدێكی یاسای بدۆزنەوە بۆ بڕیاری خۆمان با ئەوان سەنەدێكی یاسای بۆ ئێمە بدۆزنەوە كە بە پێچەوانەی بڕیارەكەی ئێمە بێ، ئەو كاتە تاكو بڵێین ئێمە هەڵەمان كردووە وبە پەسەند كرنێكی دەسنووس پێشكەشی دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو بڕیارێك باش نییە، بەڵكو تەنها ئەو بڕیارانەی كە رێگای یاسایی دەگرنە بەر هەر ئەوانە پەسەند وباشن، ئەگەر ئەو بوارە بدرێت بە ئەنجومەنی وەزیران بەكەیفی خۆیان هەرشتێ بەباش بزانن، بڕیاری لەسەر دەربكەن و جێبەجێی بكەن، ئیتر ئەنجومەنی نیشتمانیی كاری چییە؟!.. ئەی بنەمای لێك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بۆ چییە؟!. ئێمە كارەكەمان بە لیژنەی یاسا سپاردووەو، ئەوانیش ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران بە نایاسایی دەزانن، ئیتر ئەم مشومڕە بۆ چی بكەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی رەوشتی رژێمی عێراق وایە كە پەرلەمانی نەبووە، هەموو دەسەڵاتێكی (حصر) كردۆتە

دەستی خۆی، ئەوجا خۆشی دەڵێ هەر بڕیارەکی دەری دەکەین لە هێزی یاسایە،ئەنجوومەنی وەزیران چۆن مافی هەیە کە پەیمانگایەک بکاتەوە، هەر واش مافی کردنەوەی زانکۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەق نییە تۆ بەم شێوە هەوڵ بدەیت شت باس بکەیت، هیچ بڕیارێک نەهاتووە بۆ جەنابت لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە کە داوا بکات یاسای (مجلس قيادة الثورة) جێبەجێ بکەی، ئێمە بەهەمان زبان بە جەنابت دەڵێین ئەنجوومەنی وەزیران تەجاوزی دەسەڵاتی خۆی کردووە، چونکە مافی هەڵوەشاندنەوەی هیچ بڕیارێکی نییە، زانستگای سلێمانی، یا هەر دانیشگایەکی تر یاسای تایبەتی خۆی هەیە، ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی ئەو نیزامەی کە لێرە هەموومان لەسەری ڕێککەوتوین ئەبوایە داوای بکردایە ئەو بڕیارەی کە بۆ (غلق) کردنی زانستگای سلێمانی دراوە هەڵبوەشێتەوە و بەپێی پەیڕەو داوای کردنەوەی زانستگای سلێمانی بکردایەتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئەگەر کردنەوەی زانستگا لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئایا بۆچ بۆ کردنەوەی یەک دوو کۆلیژ لەدهۆک داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرا کە بڕیاری لەسەر بدرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فۆاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە داوامان نەکردووە، ئێمە داوای ئەوەمان کردووە، چونکە کاتێ کە داوای دەکەین بزانین کە توانا هەیە، دەستەیەکمان داناوە کە بچێت بزانی تەماشای بارودۆخی دهۆک بکات، ئایا دەتوانن یان نە؟ خانوو نییە مامۆستا ممکینە پەیدا نەبێت؟ قەت داوای ئەوەمان نەکردووە، بەڵام لەبەرنامەکەماندایە، بڕیارمان داوە هەوڵی بۆ بدەین ئەوەیەک، دووەم ئێمە جیاوازی یاسایمان نەکردووە، کردنەوەی زانکۆ بڕیارێکی ئیدارییە، بڕیارێکی یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ بارودۆخ و بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا ناگونجێ، بڕیارێکمان لە پەرلەماندا داوەو، دەبێ هەموو بژارە بکرێت، مەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بڕیارە ڕەت بکاتەوە، کە دەسەڵاتی ئەوەی نییە!.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من زۆر گفتوگۆی لەسەر کراوە، وا دەردەکەوێ گلەیی هەیە لە بنەڕەتی بابەتەگە بە رای من ئەبوایە لیژنەی یاسا ئە وبڕیارەی گە دایناوە، یان ئەو پێشنیارەی کەپێشکەشیان کردووە بەم جۆرە بوایە، ئێمە تەئییدی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ کردنەوەی زانستگای سلێمانی، گلەییەک ئەگەر هەبێت لە بەشی دووەمدا کە ئەبوایەپشت بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی ببەستین بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی ئێمەرەت کردنەوەی بڕیاری کردنەوەی زانکۆی سلێمانی نییە، مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین یاسایەک بە هەڵە پەسەند بکەین، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە دەسەڵاتیاندا نییە کە ئەو بڕیارە دەرکەن، جا ئێمە چۆن ئەتوانین ئەو بڕیارە هەڵەیە پەسەند بکەین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بڕگەی یەکەم جارێ دوا بخەین بڕیار لەسەر شتەکانی تر بدەین، چونکە ئەو بڕیارەی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دراوە بڕیارێکی ئیدارییە، بڕیارێکی یاسایی نییە بۆ دروست کردنی زانکۆ کە هیچ پێویستی بە یاسا نییە، هەرکەسێک دەتوانێت زانکۆ دروست بکات داوای ئیجازە بکات، جا بۆ ئەوەی مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز نەبێت با بڕیاردان لەسەر بڕگەی یەکەم دوابخرێ تا وەکو بەباشی لێی بکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان ئەگەڕێینەوە بۆ ئەو بابەتە، ئێمە گفتوگۆی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ودەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران دەگەین، ئێمە بۆیە ئەوە دوو دانیشتنە گفتوگۆی لەسەر ئەو مەسەلەیە دەگەین، چونکە تاوەکو ئێستا زۆر لە ئەندامە بەڕێزەکان نەیان توانیوە جیاوازی لە نێوان کردنەوەی زانستگای سلێمانی و دەسەڵاتی یاسادانانندا بکەن، جا بۆیە دەبێت باش بزانن کە ئەنجوومەنی وەزیران ئەرکی جێبەجێ کردنە و بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە یاسا دابنێت، ئەمە ئیش و دەسەڵاتی ئەو نییە، من تێناگەم بۆچی ئێمە گلەیی لە بڕیارێک نەگەین کە لە جێگای خۆیدا نییە، تەجاوزی مافی پەرلەمانی کردووە، بۆ خەڵک لەوە نیگەران نەبێت؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەنجوومەنی وەزیران حەقی نییە یاسا دابنێت، حەقیشی نییە یاسا هەڵبوەشێتەوە من

لەگەڵ جەنابتم، بەڵام پرسیارەکەم لە بەڕێزانی لیژنەی یاسا ئەوەیە، کردنەوەی زانکۆ بڕیارێکی ئیدارییە، یاخود بڕیارێکی یاساییە، ئەگەر یاساییە بۆیە حەز دەکەم نەک بۆ ئەوە لەرۆژانی داهاتووشدا ئەوشتانەمان تووش دێت، بەڵام چەند پەیمانگایەکمان کردۆتەوە بۆ کەس باسی نەکردووە و بڕیاری وەزیر ئەو پەیمانگایانە کراوەتەوە، ئەگەر بڕیارەکە ئیدارییە ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە ومافی خۆمانە، ئەگەر بڕیارەکە یاساییە لە چ روانگەیەکەوە یاساییە؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم لە لیژنەی یاسای، چونکە بابەتەکە یاساییە و منیش یاساییم بۆیە وەڵام دەدەمەوە، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کردنەوەی پەیمانگا و زانکۆ، زانکۆ کەسایەتیەکی مەعنەوی(شخصية المعنوية) خۆی هەیە، پەیمانگاش کەسایەتیەکی مەعنەوی خۆی نییە، وابزانم برادەرانی یاسا ئاگادارن لە (مبادئ القانون وقواعد القانون )و دەستووری وئیداری شتەکی بنەمای هەیە،کە هەر دەزگایەک بکرێتەوە وکەسایەتی مەعنەوی خۆی هەبێت دەبێت بە یاسا تازە(احداث) بکرێتەوە، جا کردنەوەی زانکۆش کە کەسایەتی مەعنەوی خۆی هەیە دەبێت بە یاسا بکرێتەوە، ئەمە رای یاسایی منە، جا نازانم رای ئەندامانی لیژنەی یاسایی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کەسایەتی مەعنەوی(شخصية المعنوية)، فەرمانگای شارەوانی کەسایەتی مەعنەوی هەیە، بەڵام کەسایەتی مەعنەوی کار ناکاتە سەر قەزییەکە ولە هیچ دەقێک نەهاتووە کە پەرلەمان زانکۆ دادەنێن، یا وەزارەت دایدەنێت گرفتەکە ئەوە نییە، لێرە گرفتەکە ئەوە کە ئایا ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هەیە، یا نا؟، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام هەمووی پێکەوە دوابخرێ، یان خاڵ بەخاڵ بەتەنیا دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆچی دوای بخەین؟هۆی چییە؟، ئەگەر لیژنەی یاسای ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان تەسەور دەکات ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران یاسایی نییە ئیتر ئێمە دوای بخەین، ئەوە دووسێ دانیشتنە ئێمە لەسەر ئەم بابەتەین، تێناگەم بۆ ئەمە دواخەین، بڕیارێک دراوەو لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئێمە دەڵێن ئەم بڕیارە یاسایی نییە، داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکەن،پ

ێشنیاریان کردووە کە دەست بکرێت بەئیشوکار بۆ دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، ئەمە دووشتی لەیەک جیاوازن، ئێمە دوایخەین دیسان دەبێت گفتوگۆیەکی تری لەسەر بکەین، ئەگەر لایەنێکی قەزائی بەرزتر هەیە شکاتی لابکەین قەیناکە، بەڵام دەبێ هەر لێرەدا ئەم مەسەلەیە ساغ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

( سلطەی قضائی) دەسەڵاتی سێیەمە، جا بۆیە ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دادگای (استئناف) بۆ پرسیار کردن ورا وەرگرتنیان، تاوەکو بزانین ئایا ئەم بڕیارەی کە ئێمە داومانە بۆ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی یاساییە، یا نا؟ وئایا کردنەوەی زانکۆی سلێمانی بڕیارێکی ئیدارییە، یا بڕیارێکی یاساییە، ئەگەر یاساییە ئەوە مافی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، ئەگەر بڕیارێکی ئیدارییە ئەوە مافی خۆمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لێرە ئەو موناقەشەیە ناکەین، ئێمە موناقەشەی ئەوە دەکەین ئەنجوومەنی وەزیران لە دەسەڵاتی خۆی لایداوە، لێرە بڕیارێکمان داوە، هەر یاسایەک لە یاسای عێراق بژارە دەکرێت، ئەگەر هاتوو نەگونجێ لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا، ئەنجوومەنی وەزیران، یان ئەو لایەنەی کە پەیوەندیی پێوەیە، ئەیخەنە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەری ئەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ نەتان کرد؟ پشتتان بە هیچ بڕیارێک نەبەستووە هاتوونە بڕیارێکی تازەتان بۆی دەرکردووە، ئەمە دەسەڵاتی ئێوە نییە، لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش دەڵێن ئەوە دەسەڵاتی ئێوە نییە.

**بەڕێز عومەر سەید علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرنامەکەی ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند کراوە لە بەرنامەکەدا ئەڵێ هەوڵدان بۆ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی هەوڵدان چییە؟ هەوڵدان گەڕانە بە دوای مامۆستایان، بە دوای جێگاو پێداویستی کردنەوەی زانکۆ، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران ئەمەیان کردووە، یان نا؟ ئایا لیژنەی یاسا بەو هەوڵدانە رازییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە بڕیارمان دا بڕیارێکی یاسایی بوو، هەولدان وبیناپەیداکردن وپارەکۆکردنەوە ئەو هەمووی چالاکییە هەموو شتێکی موباحەسەیە لە میانی ئەو هەوڵدانەیە بەس، ئەو هەوڵدانە بۆ

ئەوەیە کە زانکۆی سلێمانی بخەینە قالبی یاساییەوە وئێمە نالێین ئەوە هەوڵدان نییە، یان ئەوە ڕێی پێنەدراوە، ئەمەیەک، دووەمین پرۆگرامی وەزاری پرۆگرامێکی سیاسییە پەسەند کراوە، مانای ئەوە نییە دەسەڵاتی یاساییە ، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پرسیاری کرد، سەبارەت بە زانکۆی سلێمانی،پرسیارەکەی من بەو شێوەیە بوو، زانکۆی سلێمانی چ دەسەڵاتێک دایمەزراندووە؟ کێ دەسەڵاتی پێداوە؟ لێرەدا دامەزراندنی زانکۆ هەمووی بە ڕێورەسمی کۆماری دەبێت و ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی یاسا دانانی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوکاتەی کە لە عێراقدا بڕیارێک دەردەچێ لە (مجلس قيادة الثورة) لەوێ لەسەر بنەمای تێکەڵاوی دەسەڵات نەک جیاوازی دەسەڵات(فصل السلطات)، ئەگەر بڕیاری کردنەوەی زانکۆیەک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەغدا دەربچێت لای ئەودایە، بەڵام (مجلس القيادة الثورة) لەوێ دەسەڵاتی جیا نەکراوەتەوە جێبەجێ کردن و یاسادان هەمووی یەکە، ئەوەیەک دووەم دیسان دەگەڕێمەوە، ئێمە بڕیارەکەمان داوە وەک بڕیارێکی ئیداری کە ئەوە مافی خۆمانە، ئێمە یاسامان دانەناوە پێویستمان بە دانانی یاسا نییە بۆ؟ چونکە یاسای کۆمەڵەکان هەیە و، ئەوەی پێویستمانە ئێستاکە دەمانەوێت هەموار بکرێت ڕەنگە یەک دوو ڕۆژی دیکە پێشکەشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێزی بکەین، ئێمە ڕەزامەندی ئێوەمان وەرگرتووە، بەڵام بۆتە ڕەزامەندییەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام بۆتە ڕەزامەندییەکی ئاشکرا دیسان ئەوە کێشەی ئێمە نییە، ئێمە لێرە چونکە ئەو دەستوورەمان وەرگرت و جێبەجێمان کرد. لیژنەی یاسایش لە نێوان خۆباندا ڕێک ناکەون، ئایا بڕیارەکە خۆی کردنەوەی زانکۆیە، بە چییەوە بەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من دیسان تەئکید دەکەمەوە پێویست ناکات ئێمە تووشی مشتومڕ ببین، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەیت بابەتی باس نییە، موشکیلەی ئێمە دوو شتە، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکردووە ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی ئەو نییە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارماندا بڕاری یاسا بکەین ئەویش هەتا یاسا دادەنێین بڕاری یاسا بکەین بۆ؟ چونکە وتمان تا یاساکان دادەنێین کاتی پێدەوێت، هەر وەزارەتێک یاساکەی خۆی دێنێ کە لە بەغدا دەرکراوە و بڕاری دەکات، چونکە بڕیاری ئیداری بە یاسا دانانێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەکەم جەنابت بانگ نەکراوی بۆ ئێرە بۆ لێپرسینەوە، ئەمە موناقەشەی لیژنەی یاسا یە کە ئێمە بڕیارمان لەسەر داوە حەز دەکەم روون بێت لە لاتان، خاڵی دووەم هەر بەقسەی خۆت کە ئێستا فەرمووت، ئەو وەزارەتانە یاسای خۆیان موناقەشە دەکەن وبڕاری دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا بگونجێت، ئەوە یاسایە کە (مجلس قیادة الثورة) پەسەندی کردووە، ئەوە نێوان من وتۆ نییە کاک دکتۆر، نەخێر دەستەی سەرۆکایەتی لێرە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوەیە، کە ئەو بڕیارەی لێرە دەدرێت بیپارێزین وپێڕەوی ناوخۆ جێبەجێ بکەین، پێڕەوی ناوخۆش ئەو مافە بە ئێمە ئەدات.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر قسەکراوە لەو بارەیەوە، یا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە، ئەگەر بخرێتە دەنگ دانەوە وەکو بڕیارەکە چۆن هاتووە، بەراستی ئێمە لە دەنگدانیدا بەشدار نابین، دەنگدانێک بڵێت هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی باش کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دراوە، با ئەو مەسەلەیە لە نێوان هەر دووکتلەدا چارەسەر بکرێت وجێبەجێ بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەسەڵاتی منە، کە ئیدارەی دانیشتنەکان ئەکەم، هەروەها ڕێگە لەو هەڵەیە دەگرم کە زۆر بە ئاشکرا لەم جێگا پیرۆزەدا بە پێش چاوی هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە بڕیارێکتان داوە کە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیراندا نییە .

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گفتوگۆی ئەو بابەتە هەر لە سەرەتاوە تێکەڵاو کرا، بە رای من ئەو بابەتە، بابەتێک نییە کە بەو ئاسانییە دەنگی لەسەر بدەین، یان نەیدەین من پێموایە بابەتی تر بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەم پێشنیارە با بڕیاری لەسەر بدەین، ئایا هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر پێشنیارەکەی کاک سەعدی؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەم بۆ ئەوەی دوابخرێ بۆ دانیشتنێکی تر، سوپاس.

واتا ئەم پێشنیارە دوابخرێت بۆ دانیشتنی ئاینده، ئێستا دیخەینە دەنگدانەوە.كێ پشتگیری لەم پێشنیارە دەكات با دەست بەرز بكاتەوە؟..دەست بەرز كرایەوە.. كێ دژە؟كەس نییە، كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

خاڵی دووەمی بەرنامەی كاری دانیشتنەكەمان بەرچاوختنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ئەو بێگانانەیە كە لە گەڵ رێكخراوەكانی نەتەوەیەكگرتووەكاندا، یارێكخراوە مرۆڤایەتیەكان لەكوردستاندا ئیش دەكەن، وەكو پێشنیارێک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داواكراوە كە بڕیارێک دەركەین دەربارەی پارێزگاریی كردنی گیانی ئەوانەی كە لە گەڵ نەتەوەیەكگرتووەكان ئیش دەكەن یان لەگەڵ ئەوانەی كە كاروباری مرۆڤایەتی دەكەن بڕیارەكەش بەم شێوەیەیە:

(قرار)

**بناءاً على مقتضيات مصلحة شعب كوردستان واستنادا الى فقرة (١) من المادة ( ٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس بجلسته المؤرخة في(١٩٩٢/٩/٢١) اصدار القانون الاتي:**

## قانون رقم (٦)لسنة ١٩٩٢ قانون حماية الاجانب والعاملين مع منظمات الامم المتحدة والمنظمات الانسانية في اقليم كوردستان العراق:

**المادة الاولى:**

**أ- يعاقب بالاعدام كل من قتل عمدا شخصا اجنبيا او احد العاملين مع منظمات الامم المتحدة والمنظمات الانسانية العاملة في الاقليم كوردستان العراق.**

**ب - تراعى العقوبات المقررة في احكام قانون العقوبات العراقي وتعديلاته رقم (١١) لسنة ١٩٦٩ بخصوص الحالات غير لواردة في فقرة( أ )من هذا القانون.**

المادة الثانية:

لاتطبق احكام فقرة (أ )من المادة الاولي من هذا القانون على الجاني اذا كان للمجني عليه دور في وقوع الجريمة وتطبق بحقه العقوبات الواردة في القوانين المرعية.

المادة الثالثة:

تسري هذا القانون على كافة القضايا التي لم تكتسب درجة الثبات.

المادة الرابعة:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ تصديقه وصدوره من المجلس الوطني لكوردستان العراق.**

المادة السادسة:

**ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.**

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو مەسەلە هەیە لەگەڵاڵە کردنی پرۆژەی بڕیارەکە، هەر پێموایە هەڵەیە، یەکیان ئەوەی لەسەر وەزعی فلان شت دەیکەین بە بڕیار وبدەینە لیژنەی یاسای پێش ئەوەی بەنووسراوێ پێشکەشی فراکسیۆنەکان کرابێ، بەلای کەم بۆ ئەوەی دراسە بکرێت، بۆ خزمەتی بڕیارەکەیە نەک بۆ ئەوەی ڕەت بکرێتەوە، هی دووەم پێموایە بڕیاری بچووک، یا گەورە بۆ ئەوەی بتوانین گفتوگۆی بکەین، بەلای کەمەوە ڕۆژێک پێشتر بدرێت بەفراکسیۆنەکان و لیژنەی تایبەتی لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە و، ئەگەر بزانن کەموکووڕیی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین گفتوگۆی بکەین من ئێستا بەم شێوەیە ناتوانم گفتوگۆ بکەم، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەمویست ئاماژە بەو خاڵەیە بدەم، کە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی پێویستە بەرنامەی کار دوو ڕۆژ پێشتر بگاتە دەستی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی، تکا دەکەم لەمەودوا ئەو خاڵە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ڕێکخراوە بیانیەکان کراوە و باسی ڕۆژنامەنووس وئەوانەی کە لە تەلەفزیۆنەکان کار دەکەن نەکراوە کە ئەوانیش بۆ کورد بە کەڵکن، لەبەر ئەوە باشترەوایە کە ئەوانیشی بخرێتە سەر، سوپاس

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لەو عامیلانەی کە لەگەڵیاندا کار دەکەن بیانی نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەڕگەی «أ»دا (يعاقب كل من قتل شخصا اجنبيا او احد العاملين مع المنظمات)لێرەدا «احد العاملين»ئەوە تەگرێتەوە کە (احد العاملين مع منظمات الامم المتحدة او احدى المنظمات

الانسانية العاملة في اقليم كوردستان). جا ئێستاكە مادام وای لێهات دوای دەخەین، ئەگەر هیچ پێشنیارێکی تر نییە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە، خاڵێکی تر وەکو مادە بخرێتە سەری، ئەویش هەڵبژاردنی خەڵک بۆ ئیش کردن کە لەو رێکخراوانەدا با لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بێت و، حکومەت خەڵک دەسنیشان کات بۆ ئیش کردن لەو رێکخراوانە و، ئەبێت ئەو رێکخراوانەش پابەندی ئەم خاڵە بکەن بۆ پاراستنی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت، یا دوای دەخەن؟ ئەگەر گفتوگۆی لەسەر دەکەن با پرۆژەکە بەسەر ئەندامەکاندا بڵاو بکەینەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا پێشکەش کران لەسەر پرۆژەکە هەمووی باش ورێکوپێک بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەکە ئێستا بە چاپ کراوی لەبەر دەستماندا نییە، تاوکو برگە بە برگە بیخینە بەر لێکۆڵینەوەو باسەوە و بریاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرهیچ تێبینیەکی ترتان نییە ئەوە ئەم پرۆژەبە دوادەخەین بۆ دانیشتنی ئایندەمان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە دوابخرێ با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟کەس نییە، کەواتە بە تێکرای دەنگ پرۆژەکە دواخرا.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان پرۆژەی گەڕانەوەی هەموو ئەو یەکە ئیدارییانەی کە لە ١٩٧٤/٣/١١ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لەهەرێمی کوردستاندا هەڵوەشاوەتەوە، لەدانیشتنێکی تریشدا باسمان کردوو دامان بە لیژنەی یاساو، ئەم بریارەی لەسەر پێشنیار کردووە:

(استنادا الى احكام فقرة «أ» من المادة «٥٦» من قانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق مايلي:

١ـ اعادة كافة الوحدات الادارية الملغاة في اقليم كوردستان من قبل الحكومة المركزية بعد تأريخ ١٩٧٤/٣/١١ وبحدودها الادارية النافذة انذاك. على الوزارات تنفيذ هذا القرار، يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ تصديقه وصدوره في مجلس الوطني لكوردستان العراق، ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ووسائل الاعلام في اقليم كوردستان).

جا ئەگەر ئەمە پێویستی بە بڵاوکردنەوە و دەنگدان هەیە، ئەوە دوای دەخەین بۆ دانیشتنی ئایندەمان.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٩٧٤/٣/١١ بکرێت بە ١٩٦١/٩/١١، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحمود فندی عەبدوللادێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەک تەنیا باسی رووداوەکانی ئەو ناوچانە بکەین کە رژێم هەڵیوەشاندوە، بەڵکو رووداوی ئەو ناوچانەش کە پێویستە باس بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیەش دوابخرێت بۆ دانیشتنی ئایندە، تاکو دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامانماندا با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێی لەگەڵ نییە؟ کەمینەن..کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پەسەندی بکەین؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، کەواتە بوو بە بریار.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واپێشنیار دەکەم کە ناحیەی مەیدان بخرێتە سەر قەزای کەلارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران بریارێکمان هەیە، کەپاشان لەسەری ئاگادارتان دەکەینەوە ئەویش کە سمود بخرێتە سەر قەزای کفری و باوەنوریش بخرێتە سەر قەزای کەلار، چونکە کفری ئێستا هیچی لەسەر نییە تەنها سەرقەڵا نەبێت، سەرقەڵاش هیچی وای نییە ئەوکاتە هاوکێشەکە رێک دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سمود وکەلار یەکە تەنیا ناوی ئۆردوگاکەی (سمود )ە ئەوە پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوە دەچێت کە بریارەکە کەموکووریی تیادا بێت، چونکە زۆر لە یەکەی ئیداری کرا،پێویستە ئەوانە هەڵبوەشێنرێنەوە، ئەوانەی تازە کراوە دەبێ نەمێنن، لەبەر ئەوە دەبێ لە دەقەکەدا باسی لێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر شتێکی نوێ هەیە با پێشنیار بکرێ.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وتوویێژی پاردا داوا لەحکومەت کرا کە پارێزگایەکی تازە بەناوی پارێزگای (گەرمیان) دابمەزرێن کە کەلارو کفری و خانەقین وتوزی تیا بێت، من دەڵێم با مەندەلیشی تیا بێت و، لە هەولێریش چۆمان وقەڵادزێ وئەو ناوچانە ببن بە پارێزگایەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەمە حکومەت وئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری بکەن.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەم بڕیارە وا دیارە بڕیارێکی دیاری کراوە وبە هۆیەکی تایبەتیەوە دانراوە، کە یەکەی ئیداری هەڵوەشاوەتەوە لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە ئێمە بیگەڕێنینەوە، بەڵام کە پارێزگاری تازە دابمەزرێنین، ئەوە ئیشی حکومەتە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەی کە جەنابت باست کرد کە باوەنوور بخرێتە سەر کەلار و سمود بخرێتە سەر کفری، بەڵام ئەوە بابەتەکەی من نەبوو من مەبەستم مەیدان وقۆرەتوو بوو، کە ئێستا مەیدان بەتەواوی ئاوەدانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کاتی خۆی بڕیارێکمان هەبوو دەربارەی وەزارەتی دارایی وبڕیارەکەش بەو شێوەیە بوو کە خەرجکردنی هەر مەبلەغێک بۆ هەر وەزارەتێک دەبێت بڕیاری ئەنجومەنی پێ وەربگیرێ، پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی وەزیران میزانیەی گشتی هەرێم پێشکەش بکەن بە ئەنجومەنی نیشتمانیی، بۆ پەسند کردنی و، داواش دەکەین کە هیچ مەبلەغێک لەلایەن هیچ وەزارەتێکەوە خەرج نەکرێت بێ رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، چونکە لەگەڵ یاسای ناوخۆی ئەنجومەندا ناسازێت.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانیەی ئەو چەند مانگەی کە ماوە حازر کراوە، ئەو نوسخەیە کە لە گەڵ خۆم هێناومە ئێستا

رەنگە بەرەسمی گەیشتبێتە نووسینگەکان، هەروەها لەوانەیە دوو رۆژی تر میزانیەی ١٩٩٣ ئامادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێت لەسەر ئەو بنەمایە وەزارەتی دارایی بۆ هیچ وەزارەتێک پارە خەرج بکات، تاوەکو رەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەسەر وەرنەگرێت.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موچەش نەدرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دەبێت موچەش نەدرێت، جەنابتان وەکو ئەنجوومەنی وەزیران داوا بکەن، کە لە دانیشتنی سبەینێدا رەزامەندی لەسەر نیشان بدرێت.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە بەڵێنمان بەمامۆستایان داوە موچەیەکی قەرزیان بدەینەوە، میزانیەکە بۆ کۆبوونەوەی ئایندە ئامادە دەبێت، هیوادارم بڕیارەکە بەو شێوە نەبێت، ئەگینا هەموو ئیشەکان رادەوەستێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

میزانیەکە بەرەسمی پێشکەش دەکەن وەدەیدەین بە لیژنەی ئابووری دراسەی بکات، ئەگەر وەزارەتیش دەیانەوێ مووچەیەک خەرج بکات، با بەنووسراوێکی ئەنجوومەنی وەزیران بیخەنە پێش چاوی پەرلەمان، تاوەکو بڕیاری لەسەر بدەین.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارەمان بەرەسمی پێنەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەتانەوێ مووچەیەک بدەن دەبێت داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر خەرج کردنی ئەو پارەیە بدات، ئەمە شتێکی یاساییە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەسمی ئاگادار نەکراوینەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

من پرسیار دەكەم، ئایا یاسا وا نالێ؟.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڵێ یاسا وا دەڵێ، بەڵام مووچە شتێكی چەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران میزانیەی هەبووە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێستا لەبەر ئەوەی وەزارەتەكەمان نەچەسپاوە پێش سێ رۆژ بڕیار دراوە، وەزارەتی پێشمەرگە هەموو حساباتی میزانیەی ئێمەی گۆڕیوە لە نوێ میزانیەكی دیكەمان داناوە، چونكە وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە هیچ ئەو مەسەلەی لەپێش نەبوو ئێستا دوای ئەوەی ئەو بڕیارە درا كە بەرەسمی نەگەیشتۆتە ئەنجوومەنی وەزیران، میزانیەكەی ئێستا ئیشەكەی ئێمەی دواخست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێوە لێی بەرپرسیارن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

جا بۆیە ئێستا پێم باشە كە رەزامەندی لەسەر خەرج كردنی مووچەكە بكرێت وبڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە كاتی خۆی بەڵێنمان بە مامۆستایان دابوو بۆ ئەو پارەیەی كە ماوەتەوە بۆیان خەرج بكرێت، حەق وایە بڕیارێك بدەین كە بۆ مامۆستایان ئەو مووچەیە خەرج بكرێت وچەندیش پێویستە بۆیان خەرج بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێمە نەمان گوتووە یارمەتی نەدرێت بەمامۆستایان، بەندێكی یاسایی ئەویش ئەوەیە كە وەزارات داوای پارە دەكەن دەبێ رەزامەندی وەربگرن بۆ پەسەند كردنی ئەو مەبلەغە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە، ئەمەش مەكەنە بابەتەی زانستگای سلێمانی.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە تا ئێستا پێویستی بەوە نەکردووە، پەرلەمان داوای یەک ملیۆنی کرد پێویستی بەوە نەکرد کە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدەین، لێرەش بڕیاری لەسەر نەدرا هەر یەکسەر مەبلەغەکەمان ڕەوانە کرد، خۆ ئەم پارەیەش بزر نابێت ،یا لایەنێکی تر نایبات، ئەو مووچەیە و هەمووی چەسپاوە، واتا شتەکە یاسایی بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاسا دەڵێ کاتێ کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوای مەبلەغێک دەکات بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نییە کە بڕیاری لەسەر بدا یا نەء ئەمەیەک، دووەمیش یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەڵێت دەوڵەت، حکومەت دەبێت میزانیەی هەبێت، وەزارەت ئەبێت میزانیەی هەبێت.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەیەکە ئێمە ڕاپۆرتی بوودجەمان ئامادە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سێ هەزار پێشمەرگەمان کرد بە پۆلیس وئەوەش بودجەی دەوێت، ڕاپۆرتەکەمان دوا کەوت وپێشکەشمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پەیوەندیی بە پیشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەوە نییە، یاسایەک جێبەجێ بکرێت، یان بەندێک جێبەجێ بکرێت و، هەر کاتێک شتێکی زیادە هاتە پێش و میزانیەکە بەشی نەکرد دیسان داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەن کە بوودجەیەکی بۆ دیاری بکات، ئەوە بەندێکی یاساییە ودەبێ ئێمە جەختی لەسەر بکەین، مانای ئەوەش نییە کە ئێمە دژی ئەوەین کە ئەو پارەیە خەرج بکرێت، ئەبێت میزانیەی وەزارەت و میزانیەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند بکرێت، بەڵام کاتێ کە ئەنجومەنی وەزیران داوای مەبلەغێک دەکات هەرچەندێک بوو دەبێت پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام بوودجە چ کاتیی بێت، چ هەمیشەی بێت، ئەبێ پەسەند بکرێت.

خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەشمان بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر ڕازین دوای دەخەین بۆ دانیشتنی ئایندە.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئاگادار نەکراوین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتێ کە بڕیارمان دا بەڕێزتان لێرە بوون وئاگاتان لێ بوو ، ئەگەر ئاگاتانیش لێی نەبێت ئێمە یاسایەکمان هەیە وئەنجوومەنی وەزیران دەبێت ئەو یاسایە جێبەجێ بکات.

دێینەوە سەر یاسای پێشمەرگە، ئەگەر رازین دوای دەخەین بۆ دانیشتنی ئاینده، چونکه ماوەکەمان کەمە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە یاسای پێشمەرگە دوابخرێ بۆ دانیشتنی ئاینده؟ با دەست بەرزکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتا بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا و یاسای وەزارەتی پێشمەرگە دوادەخرێت بۆ دانیشتنی ئاینده.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ لە بەرنامەی کاردا ئەو خاڵە رەچاو بکرێت، کە ئەو بابەتەی زۆر گرنگە لە پێشەوە دانرێت و، بابەتەکانی تری کە گرنگیان کەمترە لە پاشەوە دابنرێن، جا گفتوگۆ کردنی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە گرنگە دەبوایە لە پێشەوە دابنرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتێ کە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا بەرنامەی کار دادەنێین، دەزانین کە کام بابەت لە بەرژەوەندیدایەو لە خاڵی یەکەم دایدەنێین وکامی لە خاڵەکانی پاشەوەدا دادەنێین، بۆیە کاتێ کە دێینە ئێرە پرسیار دەکەین لە هەردوو کتلەکە بۆ ئەو بابەتە، پاشان بەقەناعەتی دەستەی سەرۆکایەتی جیاکردنەوەی یاسا زۆر گرنگە، بۆیە خستمانە یەکەم خاڵەوە و، تازە بابەتمان خستە خاڵی شەشەمەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەک لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کێشەیەکی گەورەمان لە کارگەی چیمەنتۆ بینی، ئەویش ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا نازانین بە چ شێوەیەک نرخ لەسەر چیمەنتۆ دانراوە؟ لە وەزارەتی پیشەسازی و وزەوە ئەم نرخە دانراوە، یان لە کارگەی چیمەنتۆوە؟! چونکە جیاوازی لە نرخی چیمەنتۆدا لەکاتی فرۆشتنی دا لە نێوان هاوولاتییان و رێکخراوەکاندا هەیە، پێشنیار دەکەم کە نرخی چیمەنتۆ دیاری بکرێت وئەم جیاوازیە نەمێنێ لە نێوان هاوولاتییان و رێکخراوەکاندا، یاخود بە هاوولاتییانی نەفرۆشن تەنها بۆ ئەو رێکخراوانە دانرێت کە هەڵدەستن بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەمە تێبینی یەکەمم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە وەکو پرسیارێک بەنوسین پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکە، تاوەکو

ئێمەش ئاراستەی وەزارەتی پیشەسازی و وزەی بکەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی دووەم مەسەلەی هەولێرە، وەکو هەموومان دەزانین کە هەولێر پایتەختەو لە هەموو جێگایەکی تر زیاتر پێویستی بە پۆلیس وئاسایش هەیە، جا بۆیە داوا دەکەین کە بە زووترین کات بوودجەی پارێزگاری هەولێر دابین بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن هەستن بە ئیشوکاری خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو بابەتانە کە باسکران، ئەگەر ئەکرێت بە شێوەی پرسیار بۆمانی داڕێژن، تاوەکو ئێمەش ئاراستەی حکومەتی بکەین، کە وەڵامەکەشمان وەرگرت ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز مەلامحمود فندی عەبدوڵلا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای شانازییە کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاد کراودا بتوانین بە ئازادی پێشوازی لە ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بکەین، بەڵام من پێشنیار دەکەم کە داوا لە ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بکرێت کە بە تەواوی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە کێشە نەتەوەی کورد دیاری بکەن و، دان بە مافی رەوای میللەتی کورد بنێن، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم رۆژانەدا لە ئێزگەکانی راگەیاندنی جیهاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە (فرانسوا میتران) لە نەخۆشخانە بووە، پێشنیار دەکەم کە بە ناوی پەرلەمانەوە نامەیەکی ئاراستە بکەن بۆ رێزلێنان لێ بەرامبەر بەو کارە مرۆیانەی کە بەرامبەر بە میللەتی کورد کردویەتی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەگەر لە تواناد‌ا هەیە لە هەموو گەڕەکەکاندا سەمونخانەیەک بکرێتەوە بۆ هەژارانی شاری هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاتوچۆیەکی زۆر دەکرێت لە نێوان ئێران و هەڵەبجەو شوێنە سنووریەکانی تر، تاوەکو وای لێهاتووە بارێکی نائارامی دروست کردووە لە کوردستاندا، جا پێشنیار دەکەم کە ئەو شوێنانەی

که هاتوچۆی لێوە دەکرێ داخرێت ویەک دوو جێگا دەسنیشان بکرێت بۆ هاتووچۆ کردن و، ئەو کەسانەی کە هاتووچۆ دەکەن ناونووس بکرێن، دووەم ئەو دێهاتانەی کەگەڕاونەتەوە بەتایبەتی لە ناوچەی هەڵەبجە دێی وا هەیە (٧٠)ماڵە کەچی نە قوتابخانە ونە نەخۆشخانەی نییە، جا هەوڵ بدرێت کە ئەم دوو شتەیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی نە گەڕێنەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکان ئەوە بڕیارێکمان هەیە و، ئەوە لە میانی ئیشوکارەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندایە و، ئەگەر دەتوانن بە نووسراوێ بۆمان رەوانە بکەن، تاوەکو ئێمەش ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەین.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی (تفرغ) و (استقاله) ئەوانەی کە فەرمانبەرن لە فەرمانگەکاندا پرسیارمان کرد هێشتا هیچ وەڵامێکمان پێ نەگەیشتووە ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم پرۆژەیەکمان کاتی خۆی مۆر کرد بەناوی دەپازدە ئەندام لەبارەی دانانی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، ئێستا کاتی هاتووە کە ئەو دەستوورە دابنرێت، هەروەها من دوو پێشنیاریشم هەیە:

١- ئەگەر دەکرێت لە دانیشتنی ئایندەدا بەڕێز وەزیری تەندروستی ئاگادار بکرێتەوە کە ئامادە بێت بۆ ئەوەی مەسەلەی بڵاوبوونی نەخۆشی لە کوردستاندا بۆمان روون بکاتەوە، هەروەها سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە سارەدەمەنی دەفرۆشن دەبنە هۆی ئەوەی کە نرخی شەکر بەرزببێتەوە، هەروەها نەخۆشیش بڵاوبێتەوە و، پێویستە کە ئەم دیاردەیە قەدەغە بکرێت.

٢- پاقلاوە وکێک فرۆشەکان، بڕێکی زۆر لە ئاردو شەکرو رۆن بەکار دێنن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەرز بوونی نرخی ئەم شتانە لە بازاڕدا و، دەبێت ئەم دیاردەیەش چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی (تفرغ) ئەوە لەلای لیژنەی یاسایە کە هەندێ هەموارکردنی پێویست بوو بڕیارە لە ١٥ی مانگ تەواوی بکەن وبماندەنێ، سەبارەت بە مەسەلەی دەستووریش ئەوەیش دراوە بەلیژنەی یاسا و خەریکی لێکۆڵینەوەن پاشان وەڵاممان دەدەنەوە و، ئەو پێشنیارەش کە داوا دەکەن بەڕێز وەزیری تەندروستی بانگ بکرێت بۆ ئێرە ئەوە بە نووسین بماندەنێ، تاوەکو ئێمەش ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیران بکەینەوە بۆ ئاگادار کردنەوەی بەڕێز وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەرواری ١٩٩٢/٩/٨دا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دروست کردنی لیژنەیەکی دا کە هەستێت بۆ بەدواداچوون ولێکۆڵینەوەی خانووەکانی هەردوو ئەنجومەن و، پاشان لیژنەکە هەستاین بە دروست کردنی لیژنەیەکی ترو، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو کۆتاییان بە ئیشوکارەکانی خۆیان هێناو ڕاپۆرتێکی پوختیان ئامادە کردووە، کۆیی ئەم خانووانە(١٠٥)خانووە وبەم شێوەیە دابەش کراوە:(١٠) خانووی برایانی یەکێتی نیشتمانیی تیادایە و، (٥)خانووی برایانی پارتی دیموکراتی تیادایە و،(٧) خانووی برایانی یەکگرتووی تیادایە و،(٣)خانووی برایانی حزبی شیوعی تیادایە و،(٢)خانووی بەرەی کوردستانی تیادایەو، (٢)خانووی تریشی پارێزگاری هەولێر و، (٦)خانووی ئەنجومەنی وەزیران و،(٢)خانووی ئەندامانی پەرلەمان و، (٤)خانووی پزیشکان و،(٤)خانووی مامۆستایانی دانیشگای سەلاحەدین و،(٥٥)یشی لەلایەن فەرمانبەرانەوە گیراوە و،(٤)خانووشی بەتاڵە وکەسی تیادا نییە، کاتی چاوپێکەوتی لیژنەکە لەگەڵ ماڵەکاندا وا دەردەکەوت کە پێیان خۆش نییە دەربچن و، بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانییشە کە ئەنجومەنی وەزیران هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم خانووانەیان داگیر کردووە، ئاگادار بکرێنەوەو ئەو خەڵکانەی کە پاش ڕاپەڕینەکە هاتوونەتە ناو ئەم خانووانە ئاگادار کراونەتەوە، بەڵام ئەوانەی کە هەر لە پێشەوە لەوێ بوونە ئاگادار نەکراون و، دوا بڕیار چییە بۆ ئەوەی ئێمە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ماوە و ئیشی ئەوانە بەراستی.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی کە دەربارەی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دووایین هاتینە سەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لاپەڕە (٢١)ی مادە (١٣) دەربارەی کاروباری پێشمەرگە لەوکارانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیبیان بە پێشمەرگە ویەکختنی هێزەکانیانەوە هەیە، دووەم من ئێستا پێشنیارێکم کرد کەهەندێ ڕستەی بۆ زیاد بکرێ ئەویش کۆکردنی سوپایەکی ڕێکوپێک وبڕیاری لەسەردرا لێرە کە ئەوەی بۆزیاد بکرێ ئێستا چاپ کراوە ئەوەی تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە کاتی گفتوگۆ کردنی یاسای پێشمەرگە باس دەکرێت، لیژنەی یاسا چ زانیارییەکیان هەیە دەربارەی ئەم بابەتە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەی موناقەشەی پرۆژەکەمان کرد لەوکاتەدا چ گۆڕانێک بەسەر پرۆژەکەدا بێت بەرای پەرلەمان ئێمەش وا دەیگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پێشمەرگە ئەوەی چارەسەر کردووە، بەڵام هەندێ شت هەیە کە پێڕەوی ناوخۆ باسی نەکردووە ، یا ئەوەتا لە کاتی چاپکردندا دەستی لێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئێمەش بە دەقەکەدا بچینەوە وبزانین چۆنە ؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.فوئاد دەرگایەکی باشی کردەوە کە قسەی لەسەر بکەم، چونکە هیچ شتێک بۆ سوودی حزب وحزبایەتیمان نەکردووە، بۆ ئەم مەسەلەیە بەکورتی باسی هەندێک نموونە دەکەم، لەو دوومانگەی دوایی دا لە هەموو کاتێک زیاتر هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەیەک نزیکتر بۆتەوە لەو دوومانگەدا، برادەرانی یەکێتی زۆر هەوڵیان داوە کەهەموو شتەک بۆ سوودی حزبایەتی خۆیان بەکاربهێنن، باشترین نموونەش ئەوەیە، هاتنی دەزگای کارگەی جگەرە پێشی نزیکی (١٠) مانگ ئێمە وەک بەرەی کوردستانی وەک کارگێری سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی (٢٠٠) هەزار دۆلار بۆ بەڕێز(سەرچڵ قەزاز) ناردراوە وپارەکە بە ناوی کاک سەرچڵ لەبانک دانراوە ولەوانەشە کە سوودی لێ وەربگرێ، کاتێ کە شتەکانیش هاتوونە برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی، ئەگەر هەڵوێستی هاوبەشیان هەبوایە، لە گشت دەزگا راگەیاندنەکاندا بڵاویان نەدەکردەوە کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەتاکە لایەنە هەوڵی بۆ ئەم کارە داوە، بەڵکو دەبوو بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەیان بڵاو بکردایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەعدی ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆیە داوا دەکەین بەڕێز وەزیری پیشەسازی بێت بۆ ئێرە بۆ ئەوەی کە مەسەلەی چیمەنتۆ

مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و بەتایبەتی ئەگەر بێتو مەسەلەی نرخ ببێتە هۆی راونانی رێکخراوە مرۆڤایەتیەکان بۆ دەورلەوەی کوردستان، پێویستە ئەو بابەتە لێی بکۆڵرێتەوە.
مەسەلەیەکی تریش هەیە لەوبابەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان چوو لە دیانا کارگەی دەستو پێی کردەوە کە لە ئەڵمانیاوە هاتبوون، هەمووکەس دەزانێت کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیەو بێ ئەوەی کە ئەندامێکی تری لەحکومەتی ولە فراکسیۆنەکی تر بیات، ئێمە نەهاوارمان لێ هەڵسا و، نە وتمان ئەو کارگەی کردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

پێشنیار دەکەم کە نارەزای خۆمان بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان دەربڕین بەرامبەر بەو کارە نا مرۆڤایەنیەی کە رژێم دەیکات دژ بە برا عەرەبە شیعەکانی باشووری عێراق کە دەیانهێنێتە سەر سنوور و دەیان کوژێ.
مەسەلەیەکی تریش هەیە ئەویش ئەو مندالانەی کە لە پاشماوەی ئەنفالەکان، یا پێشمەرگەکان بە جێ ماون ولە ماڵی خاڵکانی تر بەخێو کراون، ئەو کاتە رژێم ناچاری ئەو ماڵانەی دەکرد کە نابێت کەس ئەو جۆرە مندالانە بە خۆیانەوە بگرن، ئەوانیش ناچار دەبوون ناسنامەیان لەسەر خۆیان بۆ دەربکەن، ئێستا ئەو مندالانە زۆربەیان کەسوکاری راستەقینەی خۆیان هاتوونەتەوە، با لیژنەی یاسا چارێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەم مەسەلەیە وەکو پێشنیارێک بماندەنێ بۆ ئەوەی ئێمەش بیدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران تاوەکو لێی بکۆڵێنەوە.

**بەڕێز ئەرســـەلان بایز ئیـــســـمـــاعـــیل:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بەوەی کە یەکێتی نیشتمانیی لە راگەیاندنەکانی خۆیدا وتویەتی یەکێتی هەوڵی پەیداکردنی کەلوپەلی کارگەی جگەرە داوە، راستە ئەوە وتراوە، چونکە هەموو حزبێک مافی خۆیەتی کە لە دەزگای راگەیاندنەکانی خۆیدا پروپاگەندە بۆ خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز فـــەوزیە عـــیـــزەدین رەشـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بە ئاوارەکانی کەرکووک وگەرمیان وئەنفالەکان هەر حزبێک وبۆ خۆی کومەڵێک رێکخراوو کۆمەڵەی دروست کردووە کە هیچیان بۆ ئەو ئاوارەو ئەنفالانە نەکردووە، پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەک لە پەرلەمان ، یا لە حکومەت دابنرێت بۆ خزمەت کردنی ئەو خەڵکە ئاوارەو

بێ دەرەتانانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارانە بە نووسین بماندەنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا قسەی لێ بکەین.

**بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکمان لە لیژنەی پەروەردە ئامادە کردووە وهەندێکیش لە ئەندامانی پەرلەمان بەشداری ئیمزاکردنیان کردووە، جا نازانم بیخوێنمەوە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوەڕۆکی پێشنیارەکە چیبە؟.

**بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر باری قوتابخانەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پێشنیار بۆمانی رەوانە بکە، تاوەکو بیدەین بە وەزارەتی پەروەردە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارێزگاری دهۆک لە هەفتەیەکدا سێ رۆژی بۆ بینینی هاوولاتییان تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی کە لە نزیکەوە بزانێ گیروگرفتی خەڵکی چیبە؟، جا پێشنیار دەکەم کە ئەم شتە لە پارێزگاکانی تریش بکرێت.

کێشەی خانەنشینەکان کە ئێستا هیچ مانگانەیەکیان پێ نادرێت و ناچار بوونە کە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئیشوکارەکانی خۆیان، با پەرلەمان ئەو کێشەیەش بەرچاو بخات بۆ چارەسەر کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەکو پێشنیارێک بە نووسین بماندەرێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی ئەو شوقانەش با چارەسەر بکرێت کە لە کاتی رژێمدا بە موزایەدە فرۆشراوە و هەندێکیانیش تۆمار کراون، کاتێ کە رژێم ئیداراتی خۆی لە کوردستان کێشایەوە ئەو مەسەلەیە هەروا بە هەڵپەسراوی ماوەتەوە، جا داوا لە پەرلەمانی بەڕێز دەکەین کە چارەیەک بۆ

ئەم مەسەلەیەش بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەش ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کاتی خۆیدا پێشنیارێکمان کردووە، کە ئاوارەکانی کەرکووک جێگایەکیان بۆ تەرخان بکرێت هەموویانی تیادا کۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت هاوکاریان بکرێت و، ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەش دێن بێن بیان بینن، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە لە دانیشتنێکی تردا بڕیار درا کە ئاوارەکانی کەرکووک هەموو لەیەک شوێندا کۆبکرێتەوە، بەڵام من زیاتر مەبەستم ئەو کەسانەیە کە لە ئەنفال کراوەکان بەجێ ماون، ئەوانەش تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، ئەوانیش ڕاستە لە کردەوەی ناوزڕاوی ئەنفال ڕزگاریان بووە، بەڵام ئێستا بەدەیان گرفتی یاسایی و ئەحوالی مەدەنی و مەسەلەی میرات و دەست کورتی و لانەوازیی دەوری تەنیون و ژیانێکی کۆڵلە مەرگی دەژین.

لە چەمچەماڵ و کفری و کەلار ئێستا پتر لە «٥٠٠» منداڵ ناونووس کراون، کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترەو، لە کاتی ئەنفال کردنی ئەندامانی خێزانەکانیاندا بەرێکەوت لە ماڵ نەبوون و ڕزگاریان بووە، ئەمانە تیایاندا هەن کە لەلای خزمی پلە سێ و چوار گیرساونەتەوە، ئەوانیش لەبەر دەست کورتی تەنانەت کەسابەتی ناشەرعیشیان پێ دەکەن، ئەم منداڵانە دەبێ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە سەرپەرشتی بکرێت، بخرێنە بەر خوێندن، خەرجییان بکێشرێت، هەتا وایان لێ بێ بتوانن ژیان و کاروباری خۆیان هەڵبسوڕێنن و، لە دەسەڵاتی خەڵکی ڕزگاریان بێت.

جگە لەمانە بەسەدان و بگرە پتریش ئافرەت هەن کە لەبەر ئەنفال کردنی مێردو براو کەسوکاریان ئێستا سەریان لێ شێواوەو ناتوانن و نازانن چۆن کاروبارو ژیان و ماڵ و سامانی خێزانەکانیان بپارێزن و بەڕێوەبەرن، هەشن کە لەبەر دەست کورتی ناچارن کەسابەتی گران و زەحمەت بکەن کە لە ئافرەت ناوەشێتەوە، هەشیانە بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەیان ناچارن ڕۆژانە لە چەمچەماڵ و سمودەوە بچن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم و لەوێ لە کێڵگەکاندا کاربکەن، ڕێگەو بانیش بەو زەحمەتییە کە دەیزانین، ئافرەتی پیرو پەککەوتەو بەتەمەنیش هەن کە تەنانەت ئەوەشیان پێ ناکرێ و زۆر بەزەحمەت دەژین، ئەمە جگە لە کێشەکانی میرات و شووکردن و نەمانی

موستەمسەکاتی یاساییان وەکو تەسکەرەو جنسیێی عێراقی و تاپۆو ئەوراقی رەسمی دیکەیان، لەبەر ئەو هۆیانە ئێستا هەن ناتوانن منالیان بخەنە قوتابخانە، ناتوانن بۆ کاری پێویستیش هاتووچۆی شاران بکەن.

ئەمانەو دەیان حالەتی تاک تاکیش هەن کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێن و حکومەتی هەرێم لەسەریێتی یارمەتی ئەم لە ئەنفال بەجێ ماوانە بدات هەتا ژیانیان ئاسایی دەبێتەوەو، تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبنەوە، لە هەموو ئەرکە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم ئەوەیە، کە هەوڵ بۆ ساغ کردنەوەی چارەنووسی کەسوکارە ئەنفال کراوەکانیان بدات، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان راپۆرتێک بداتە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بۆ ئەوەی ئەوانیش پشتگیریمان بکەن بۆ داواکردنی سووتەمەنی بۆ هاوولاتییان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەندامانەی کە لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقیدا ئامادە دەبن ، مەسەلەی سووتەمەنی باس بکەن، بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆمان دێنین، سبەی کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی دانشتین ئایندەمان دەبەستین و زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**